
قوتووی عەتار

ستیڤان شەمزینی

# قوتووی عەتار

مشتێک لە خەرواری وتارە رۆژنامەوانییەکانم
٢٠٠٤–٢٠١٧

بەرگی یەکەم
٢٠١٨




نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
نرخ: ١٠,٠٠٠

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٩٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

## پێشەکی

ئەم کتێبە بریتییە لە هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی وتارە رۆژنامەوانییەکانم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٧. هەڵبەتە من نزیکەی بیست ساڵ لە تەمەنی خۆمم لە بواری کاری رۆژنامەوانی و راگەیاندندا گوزەراندووە، لەو بیست ساڵەدا دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوو هەزار ئەرتیکڵی رۆژنامەوانیم هەبووە، ئەوەی لێرەدا و لە میانی دوو بەرگدا دەیخوێننەوە، بەشێکی زۆرە «نەک هەمووی» لە وتارە رۆژنامەوانییەکانم لە ماوەی ئەو سیانزە ساڵەدا. هەڵبەتە ئەرشیفی پێش ساڵی ٢٠٠٤ی بابەتەکانم بە تەواوەتی فەوتاوە، بۆیە ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە لە رووی کاتی بڵاوکردنەوەوە دەکەونە دوای ئەو ساڵە تا کۆتایی ساڵی رابردوو. دەمەوێ ئەوەش بڵێم زۆر وتاری رۆژنامەوانی گرنگم فەوتاون بە تایبەت ئەوانەی لە سەرەتای دوو هەزارەکانەوە بۆ ماڵپەڕە کوردییەکان نوسیوومن، یان پێش ئەوەی ببمە خاوەنی کۆمپیوتەر نوسیوومن و نەمتوانیوە ئەرشیفیان بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە بیست وتارم بە پێویست نەزانی لەم دوو بەرگەدا هەبن، نەک لەبەرئەوەی لە ناوەڕۆکی وتارەکان پەشیمانم، بەڵکو بە هۆکاری ئەوەی بە شیاوم نەزانیون لەم کتێبەدا هەبن.

بەهەرحاڵ، من لە ماوەی بیست ساڵی کاری رۆژنامەوانیدا، کە دە ساڵ وەک سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤار کارم کردووە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١١ سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤاری «نێوەند» بووم، پاشتریش لە نێوان ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ سەرنووسەری گۆڤاری «شەپۆل» بووم، زیاتر لە چوار سەد وتاری رۆژنامەوانیم نوسیوە کە دەتوانم بڵێم لەم دوو بەرگە و لە چەند کتێبێکی پێشووتردا، هەشتا دەر سەدیان چاپ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی زیاتر لە هەزار راپۆرت و ستۆری و ئینتەرڤیۆ و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیم، ئەوانیش

لە سەروەختی خۆیاندا لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە. پەسندانی خۆم نییە ئەگەر بڵێم خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەم لە کاری رۆژنامەوانی کوردییدا لەم بیست ساڵەی رابردوودا. جگە لەمەش دەمەوێت ئاماژە بدەم بەوەی هەندێک لە نووسینەکانم بە ناوی خواستراوەوە نووسراون بەتایبەت ئەوانەی لە رۆژنامە و گۆڤاری «نێوەند» و گۆڤاری «شەپۆل» کە خۆم سەرنووسەریان بووم بڵاو بوونەتەوە، فاکتۆرەکەش تەنیا بۆ ئەو پرنسیپە دەگەڕێتەوە نەمویستووە لە ژمارەیەکدا ناوم دووبارە ببێتەوە، بۆیە هەمیشە چەند ناوێکی خوستراوی دیاریکراوم بەکارهێناوە، لە نموونەی «هۆزان» و «کوردە ئەحمەد» و «باوکی تاڤێن» و «جوامێر». تەنانەت ماوەی حەوت ساڵ گۆشەیەکی بەردەوامم هەبووە چ لە رۆژنامەی نێوەند، چ لە گۆڤارەکە، بە ناوی «پانۆراما» ئەم گۆشەیەش بە ناوی خوازراوی «جوامێر»ەوە دەمنووسی.

لێرەشدا هەلێک دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی بڵێم، ئەم وتارانەی پاشخانەی کاری رۆژنامەوانی منن، قۆناغەکانی هەڵکشانی ئاستی نووسین و گۆڕانکاریی لە تێفکرین و روانگەکانمی بە روونی تێدا دەردەکەوێت. هەر چۆنێک بێت شانازیی بەو رابردووەوە دەکەم، بە تایبەت لە کاتی ئامادەکاریی ئەو وتارانە بۆ ئەم کتێبە، هەستم بە پێشکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی خۆم کرد چ لە رووی فیکرییەوە، چ لە رووی بەرزبوونەوەی راددەی رۆشنبیرییەوە، هەر بۆیە هەندێک جار لە نێو ئەم کتێبەدا، خوێنەر بەر برێک لە پارادۆکس و لێکدژیی دەکەوێت. لەلایەکی تریشەوە دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو ناوە «قوتووی عەتار» بۆ کتێبەکە، پەیوەستە بەو فرەچەشنییەی لەوتارەکاندا هەیە، ئەمەش هەروەک دوکانی عەتارەکان وایە، کە لەنێو قوتووەکانیاندا چەندان بابەتی جۆراوجۆر دەستدەکەون بۆ کڕیار. لەم کتێبەشدا چەندان ئەرتیکلی جیاواز و دوور لە یەکتر خراونەتە بەر دەستی خوێنەر.

ستیڤان شەمزینی
سوێد – ستۆکهۆڵم / یانیوەری ٢٠١٨




# بەشی یەکەم
# سیاسەت

# وەهمی ریفۆرم و راپۆرتی چوار حزبەکە

خەریکە نزیک دەبینەوە لە هەژدە ساڵی تەواو بەسەر راپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستان لە ئاداری ساڵی ١٩٩١، کە لە ئاکامدا و پاش ساڵێک بووە هۆی دروستبوونی یەکەمین حکومەتی خۆبەڕێوەبەریی لە باشووری کوردستاندا، دیارە هەر لە سەرەتاوە ئەم دەسەڵاتە ئیداریی و سیاسییەی باشووری کوردستان دەرگیری کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ بووە و رۆژ لە دوای رۆژ، بە یارمەتی بارودۆخی شێواوی ناوخۆ قەیرانەکان قووڵتر بوونەتەوە، تا دەگات بەوەی ئەمڕۆ گەندەڵی و کەموکورتییە ئیدارییەکان بوون بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر پاشەڕۆژی ئەزموونەکە. رەنگبێ هۆکارەکانی خوڵقانی ئەم قەیرانە قووڵانە زۆر بن و پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی هەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین نەبوونی ئەزموون لەبواری ئیدارە و زاڵبوونی کەشێکی حزبی بەسەر کۆی کایەکانی بەڕێوەبردن و شەڕی براکان «براکوژیی»، لە سەرەکیترین ئەو ئامرازانەن بەرپرسیارن لەم دۆخە تەژی لە کەموکورتییەی ئەمڕۆکە لە ئارادایە. ئەو بارەی لەکوردستان هەیە زۆر لە مێژە پێویستی ئەوەی هێناوەتە پێشەوە، پرۆسێسی ریفۆرم لە سەرجەم کایەکانی بەڕێوەبردن و ژیانی رامیارییدا لە کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام هەتا ئێستا ریفۆرم وەک هەڵمەتێکی سەرتاسەریی نیشتمانیی بە مەبەستی پاکژکردنەوەی بواری ئیدارە و رامیاریی لە کوردستان هەرجارە بە بیانوو و پاساوێکەوە دوا دەخرێت، هەر دواخستنێکیش جیا لەوەی درێژە دەدات بە تەمەنی گەندەڵی، برینەکان زێدەتر قووڵ و بەسوێ دەکات، تا ئەو جێگەیەی گەندەڵی دەبێتە لوویەکی سەرەتانیی چارەسەرنەکراو.

## پڕۆژەکەی تاڵەبانی و ئەگەرەکانی جێبەجێبوونی

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەقی پڕۆژەیەکی بڵاوکردەوە، وەک نەخشەی ڕێگا بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە. پڕۆژەکەی مام جەلال یەکێک لە دەگمەنترین ئەو پڕۆژانەیە لەلایەن کەسانی هەرەمی دەسەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش و پێشنیار کرابێت، لە هەمان کاتدا گەڵاڵەنامەیەکی تێروتەسەل و هەمەلایەنەیە و پەنجە بۆ سەرجەم بوارە لە یەکتر جوداکان رادەکێشێ کە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە لەیەکێک لە رەهەندەکانیدا واتای چارەسەرییەکی رادیکاڵیی کێشە و قەیرانەکانی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان دەگەیەنێت. بەڵام تا چەند پڕۆژە پێشنیارکراوەکەی مام جەلال دەبێتە واقیع، ئەوەیان جێگەی گەشبینییەکی زۆر نییە. چوونکە هیچ گرانتییەک نییە خودی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە خاوەندارێتی لەو پڕۆژەیە دەکات بتوانێت پێوەی پابەند بێت و هەنگاو بەو ئاقارەدا بنێت. جیا لەوەش یەکێتی تەنیا هێزی گۆڕەپانەکە نییە، لە پاڵ ئەودا پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، پێشوازیی پارتیش لەم پڕۆژەیە ئێجگار گرنگە، بەبێ رەزامەندیی و پێشوازیکردنی پارتی لەو چەشنە پڕۆژانە مەحاڵە هیچ گۆڕانێک لەو راستایەدا روو‌بدات.

هەرچەندە ناوەندە میدیاییەکانی یەکێتی بانگەشەی دەستبەکاربوونی چەند لیژنەیەک دەکەن بۆ بەدواداچوونی ئەو برگە و بەندانەی لە پڕۆژەکەی تاڵەبانیدا هاتوون، کەسانی شارەزا و چاودێر لەو بڕوایەدان ئەگەر ئەم پێشنیارەی مام جەلال جۆرێکیش نەبێت لە ئیحتواکردن، ئەوە بێگومان هەرگیز ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. تەنانەت هەندێک لە کاربەدەستانی نێو خودی یەکێتی و ئیدارە، بێ ئومێد و رەشبینن لەهەمبەر ئەم پڕۆژەیە و وای دەبینن جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە و پێشنیارانە، فۆرمێکە لە کردەوەی خۆکوژیی پارتەکانی کوردستان، چوونکە ئاوێتەبوونی پارتەکان و حکومەت بە رادە و ئەندازەیەکە لە یەکتر جیاکردنەوەیان وەک بڕینی رەگی حەیات وایە. ئەمە لەلایەک و لەلاکەی دیکەوە، تا ئێستا حکومەت بەهیچ شێوەیەک وەڵامی بۆ ئەو پڕۆژە و پێشنیارانە نەبووە بە مەبەستی چاکسازییکردن لە سیستمی بەڕێوەبردن پێشکەشکراون، هەروەک

«فەرید ئەسەسەرد» سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان دەڵێت «حکومەت تائێستا بە رەسمی باسی لەوە نەکردووە ئەو پڕۆژانەی بۆ چاکسازیی دەخرێنە روو بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، پڕۆژەکانیش خۆیان زیاتر بۆ رای گشتیی و کارکردنی حزب بوون و بە رەسمی ئاڕاستەی پارلەمان نەکراون».

ئەم بێدەنگییەی حکومەت کە بەشی شێر و هەرە گرنگی چاکسازییەکان رووبەڕووی ئەو دەبێتەوە، یەکێکە لەو فاکتۆرانەی وایکردووە پڕۆژەکان هەروەک مرەکەبی سەر کاغەز بمێننەوە و لە بچووکترین ئاستدا پراکتیک بە خۆیانەوە نەبینن. رۆشنبیرانی کوردیش هەر لەبنەڕەتەوە بە گوومانن و زۆریان بڕوایان بە پڕۆژەکان نییە و وەک چاوبەستێک دەیبینن، «د.کەمال میراودەلی» لە نموونەی ئەم رۆشنبیرانەیە و رایدەگەیەنێت شتێک بە ناوی ریفۆرمەوە لە کوردستاندا نابینێت. بە کورتییەکەی بەدەر لەوەی پڕۆژە پێشنیارکراوەکەی تاڵەبانی لە رووی ناوەڕۆکەوە خاڵی زۆر گرنگی تێدایە و دەتوانین بە پڕۆژەیەکی گرنگ ناوزەدی بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی وەها دەبینرێت پڕۆژەکە هەر تەنێ بۆ رای گشتییە، ئەگینا بەو حاڵەی هەنووکەوە مەحاڵە تەنیا یەک بڕگەشی لێ جێبەجێ بکرێت.

هەولێرنامەی کتێب

### راپۆرتی چوار حزبەکە و کاردانەوەکانی

رۆژی ١٠-١-٢٠٠٩ چوار پارتی کوردستانی «پارتی زەحمەتکێشان، پارتی سۆسیالیستی دیموکرات، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی» راپۆرتێکیان بڵاوکردەوە وەک رێگەچارەسەرێک بە مەبەستی دەربازبوون لەو قەیرانانەی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تێیکەوتووە. پڕۆژەکە دەکرێت بە جیددیترین پڕۆژەی پێشنیارکراو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بێتە هەژمار، بە تایبەتی ئەو بڕگانەی پابەندە بە حکومەت و دەسەڵاتی قەزایی و دەزگای چاودێریی و نەزاهە. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێت تا وادەی هەڵبژاردنی دادێ لە حکومەت بکشێنەوە و لیستێکی هاوبەش درووستبکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان. ئەو چوار پارتە داوای گۆڕینێکی بناغەیی لە سیستمی ئیداریی

و سیاسیی کوردستاندا دەکەن و داوا دەکەن لە پێش هەر کارێکدا هەردوو دەزگای حزب و حکومەت لە یەکتر جیابکرێنەوە. لەو رووەوە «زانا رۆستایی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و پارلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی رایدەگەیەنێت «خاڵی هەرە گرنگی چاکسازیی ئەم دامەزراوانە خۆی لە جیاکردنەوەی حزب لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمدا دەبینێتەوە».

هەرچەندە بەشێک لە چاودێران رایدەگەیەنن ئەم هەڵوێستەی ئەو چوار پارتە هەڵوێستێکی درەنگوەختە، بەڵام بە جیددی کارکردنی ئەو پارتانە و بە کارنەهێنانی ئەم جۆرە پرۆژانە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسیی و حزبیی دەبێتە سەرەتایەکی نایاب بۆ گۆڕان لە پێکهاتە و سیستمی بەڕێوەبردندا. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بردنەوەی متمانەی جەماوەر و قورسایی پرۆژەکانی ئەو چوار پارتە، دەبێت ئەو پارتانە خۆیان یەکلا بکەنەوە، چون ناکرێت لە سەرێکەوە لە حکومەت هاوبەش و برابەش بن و لەولایشەوە وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆیان نمایش بکەن، ئەمەش یەکێکە لەو رەخنە جیددییانەی لەلایەن پارتە باڵادەست و هەندێک ناوەندی میدیاییەوە لە هەر یەک لەو پارتانە دەگیرێت. بەڵام لەباری عەمەلییەوە ئەو پارتانە ئەگەر بەشداریش بووبن لە حکومەتدا، رەنگبێ سەنگی ئەوان لە گەندەڵیدا بە بەراوورد بە هەردوو پارتی سەرەکیی جێگەی باسکردن نەبێت. لەو بارەوە «سەلاحەدین بابەکر» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان رایدەگەیەنێت «ئێمە هەر چوار حزبەکە بە قەدەر بەشداربوونمان لە حکومەت تەحەمولی ئەو گەندەڵییە دەکەین، بەڵام هەموو کەس باش دەزانێ بڕیار و دەسەڵات لای کێیە؟ جگە لەوەش بەشداربوونی ئێمە لە حکومەتدا بەپێی ئارەزوو و خواستی پارتی و یەکێتییە و خۆیان چۆنیان ویستووە ئەوەیە».

لەهەموو ئەمانە بترازێت، تا چەندە پرۆژە و راپۆرتی چوار پارتەکە دەتوانێت گۆڕان و کاریگەریی دروستبکات؟، تا چەندە دەتوانێت هەردوو پارتی باڵادەستی کوردستان بهێنێتە ژێر بارەوە؟، هیچ گرانتییەک نابینرێت پرۆژەکە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و یەکێتی و پارتی پێشوازیی لێبکەن!. جیا لەوەی بەشێک لە سەرکردەکانی دوو پارتییە سەرەکییەکە رایدەگەیەنن بیروڕا و راپۆرتی چوار حزبەکە بەهەند وەردەگرن، وەک ئەوەی «سەفین دزەیی» لە پارتی، «سەعدی

ئەحمەد پیرە» لە یەکێتی روونیان کردەوە راپۆرتی چوار پارتییەکە جێگەی بایەخی پارتەکانیان دەبێت، بەپێچەوانەوە لەلایەکی ترەوە ژمارەیەک لە سەرکردە و کاربەدەستی هەردوولا بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هێرشی ئیعلامیی دەکەنە سەر پرۆژەکە و خودی ئەو چوار پارتە. بۆ نموونە «ئاریز عەبدوڵڵا»ی پارلەمانتاری فراکسیۆنی کەسک پێیوایە چوار پارتەکە هێندەی گەمەیەکی سیاسیی و حزبیی دەکەن بە چارەگی ئەوە مەبەستیان چاکسازیی نییە، ناوبراو رایدەگەیەنێ «چوار پارتەکە لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەیان ئەوەندەی مەبەستیان یارییەکی سیاسییە، ئەوەندە مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، پێویستبوو پێش ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێن، دەبووایە لە حکومەت بکشانایەتەوە و بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنیان رابگەیاندایە». لەلایەن پارتیشەوە «سەرۆ قادر» بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پارتی هەڵویستی ئەو چوار پارتە بە ناڕاست و قسەی دووبارە و کاڵوکرچ ناوزەد دەکات و لە گۆشەیەکی رۆژنامەی «هەولێر»دا دەنووسێت «ئەم چوار حزبە بۆیان هەیە رای خۆیان دەرببڕن، بەڵام خەڵکی کوردستان ئەوانی بە هیچ کارێک رانەسپاردووە تا ناچاربن راپۆرت بدەنە رای گشتیی. بۆیە لە رووی مانا و ئەو ئەرکەی بە ملی خۆیان سپاردووە جۆرێک لە بێ دیققەتی و ناڕاستگۆیی هەیە». خولاسە نەک دوو پارتە باڵادەستەکە بە دەنگەوە نایەن بەڵکو بە رێگەی جیاجیا دژایەتی پرۆژەکە و خودی چوار پارتییەکە دەکەن، ئەمەش ئەوەندەی تر هیواکانمان کز و لاوازتر دەکەن بەوەی ئەم پرۆژەیەش تەکان بدات بە سیستمی بەڕێوەبردن و گەندەڵی بنەبڕ یان کەم بکاتەوە.

### چارەسەر چییە؟

لێنین نزیکەی سەدەیەک بەر لەنهۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵی روسیی و یەکخستنەوەی نێوخۆی پارتەکەی، پرسیاری «چارەسەری چییە؟»ی کرد و لە ئاکامدا بووە هەوێنی یەک لە دانراوەکانیشی. دۆخی ئێمەی کوردیش لەم چرکەساتەدا پێویستی بە»لێنین»ێکە پرسیار بکات «چارەسەر چییە»و «چی بکەین؟». تا ئەوەی وەڵامی دروست چنگ بخات و بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە کار بکات بۆ چارەسەکردنی کێشە و قەیرانەکان. چارەسەری ئەو

قەیرانە قووڵ و خنکێنەرانەی کوردستان پێویستیی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە و پێویستی بە کاری زۆر و پڕۆژەی هەمەجۆر هەیە، ئەگینا ئەم دۆخە بەرەو خراپ و خراپتر و خراپترین هەنگاو هەڵدەگرێت و کاتێک ئاوڕ دەدەینەوە لە کەناری مەرگێکی ئەبەدیی لەنگەرمان گرتووە و ئەو کاتەش هیچ شتێک دادمان نادات، تەنانەت تەوبەی کاتی غەرغەرەی مەرگ یەک پوولێک ناکات و کەڵکێکی نییە.

هەواڵنامەی کتێب

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧٩٤) ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٢ بڵاوبووەتەوە.

# گەمەی حزبە بچووکەکان تەواو بوو

حزبە بچووکەکان هەر لە قۆناغی شاخەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، پاشکۆی سیاسەتی هەردوو پارتی سەرەکیی «پارتی، یەکێتی» بوون، بەردەوام لەو پەڕاوێزانەدا گەمەیان کردووە کە ئەو دوو حزبە بۆیان دروستکردوون، حزبە بچووکەکان بە درێژایی تەمەنیان خوڵقێنەری هیچ واقیعێک نەبوون، کاریگەرییان بەسەر دۆخەکانەوە تا رادەی نەبوون، لاواز و نادیار بووە. بە کورتییەکەی لەوەتی ئەو حزبانەی لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردییدا ناویان بەحزبی بچووک دەرکردووە، بوونیان هەیە، نەیانتوانیوە لەو بارودۆخە پاشکۆییە دەربچن، یان بە مانایەکی دیکە نەیانتوانیوە رێچکەیەکی تر بدۆزنەوە و دۆخێکی تر ئامادە بکەن جیا بێ لەوەی پارتی و یەکێتی دەیخوڵقێنن. لە هەڵبژاردنەکانی هەژدە ساڵی رابردوودا، لە گەمەی دەنگداندا ئەوە دەرکەوتووە هیچکام لەو حزبانە بە چارەگی ئەو بودجەیە کاریگەرییان نییە مانگانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەردەگرن، بەڵام هەردوو پارتی سەرەکیی یارمەتی مانەوەیان دەدەن بەو هۆیەی لە شەڕی یەکتردا بەکاریانهێناون، پاشان بۆ ئەو مەبەستەی دەنگەکانی دەرەوەی ئەوان ئیحتوا بکەن، بەڵام وەختێک بزووتنەوەیەکی وەک گۆڕان سەرهەڵدەدات و هەموو ئەو دەنگە ناڕازییانە دەخوات کە لەو دوو حزبە سەرەکییە تۆراون، ئیدی رۆڵ و گەمەی حزبە بچووکەکان بەرەو کۆتایی دەڕوات، چوونکە چیدی ئەوان ناتوانن ئەو بۆشاییە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا پڕ بکەنەوە، بە پێچەوانەوە بوونەتە بارگرانی بەسەر شانی هەردوو پارتییە سەرەکییەکەوە.

لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ٧-٣-٢٠١٠ ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دەرکەوت، بەوەی تێکڕای دەنگی حزبە بچووکەکان نەگەیشتە ئەندازەیەک کورسییەکی پێ بەدەستبهێنرێت، ئەمەش لەلایەکەوە ئەو وەهمە چەند ساڵییەی پووچەڵ کردەوە کە ئەوان دەتوانن ئیحتوای دەنگە نارازییەکان بکەن، لەلاکەی تریشەوە سەلماندی سەردەمی زێڕینیان تەواو بووە، چوونکە ئەوە شەڕی ناوخۆی کوردستان و ململانێی ناتەندروستانەی پارتی و یەکێتی بوو خوێنی مانەوەی بە دەمارەکانیان دەبەخشی، بۆیەکا هەنووکە ئەو قۆناغە کۆتایی هاتووە و ڕەنگبێ ئەوە حەتمییەتی مێژوویی بێت جارێکی دی ئەو ڕۆژگارە زێڕینە بۆ حزبە بچووکەکان نەیەتەوە.

## حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی «محەمەدی حاجی مەحمود» خۆی بە درێژکراوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و حزبی سۆسیالیستی پێشوو دەزانێت و پێیوایە تاکە میراتگری ئەو حزبەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕەگوریشەی مێژوویی ئەم حزبە، بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەگەڕێتەوە کە یەکێک بووە لە سێ باڵە سەرەکییە پێکهێنەرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دواتر ئەم باڵە لە ساڵی ١٩٧٨ لە یەکێتی جیا دەبێتەوە و لە زستانی ساڵی ١٩٧٩ وەک حزبێکی سەربەخۆ «حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان» خۆی ڕادەگەیەنێت. ئەو حزبە نوێیە لە سەرەتادا چەند سەد چەکدارێکی هەبوو، هەریەک لە»مەحمود عوسمان و ڕەسوڵ مەمەند» سەرکردایەتیان دەکرد، هەر زۆر زووش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چووە هاوپەیمانییەوە «بەرەی جوت».

میهردادی ئیزەدی لە کتێبەکەیدا «چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە» دەربارەی ئەو حزبە نووسیوویەتی «زۆر جار تاوانی فڕاندنی ئەو ڕۆژئاواییانەی لە عێراقدا کاریان دەکرد و دوایی گۆڕینەوەیان بە پارە، خراونەتە ئەستۆی حزبی سۆشیالیستی کوردستان. جگە لەمە حزبەکە چەندین هاوپەیمانیی لەگەڵ گەلێک حزبی عێراقی و کوردستانیدا بەستووە، بە تایبەتی پ.د.ک و نەیاریی و دژایەتی لەگەڵ ئەوانی بە تایبەتی ی.ن.ک و کۆمەڵەی عێراقیدا کردووە». ح.س.ک لەقۆناغی



هەولێرنامەی کتێب

شاخدا بەوە تاوانبار دەكرا دەستی هەیە لە راورووت و تالان و برۆ و سەرانە سەندندا، ئەگەرچی ئەمە بەشێكی پەیوەندیی بە ئیدعایەكانی یەكێتییەوە هەبوو، بەڵام بەشەكەی تر دوور نەبوو لە راستییەوە. ح.س.ك لە سەرەتای دەیەی هەشتاكانەوە تا كۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و سەردەمی دروستبوونی بەرەی كوردستانی لە شەڕێكی خوێناوییدا بوو لەگەڵ یەكێتیدا، هەر لەو شەڕانەدا ئەو حزبە بەشێك لە سەركردە و كادرە سیاسییەكانی خۆی لەدەستدا و ژمارەیەكی زۆریش لە هێزەكانی پێشمەرگەی شەهید بوون.

لە قۆناغی شاخدا و لە ساڵی ١٩٨٥ یەكێك لە گرنگترین ئینشقاقەكان لە «ح.س.ك»دا روویدا، ئەویش جیابوونەوەی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان بوو بە سەركردایەتی «قادر عەزیز». لە پاش راپەڕینیش ح.س.ك وەك یەكێك لە لایەنە سەرەكییەكان یان هێزی سێیەمی كوردستان هاتە گۆڕەپانەكەوە، كەچی لە هەڵبژاردنی مایسی ١٩٩٢دا بە لیستی یەكگرتوو لەگەڵ «پاسۆك»دا نەیتوانی یەك كورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، ئەمەش قەیرانی بۆ دروستكرد و هەنگاوەكانی یەكگرتنی لەگەڵ پارتی گەلی دیموكرات بە سەرۆكایەتی سامی عەبدولڕەحمان خێراتر كرد، بەڵام حزبە نوێیەكە «حزبی یەكگرتن» نەیتوانی خۆی لە قەیران و كێشەكانی دەرباز بكات، باشترین رێگاچارەیان ئەوەبوو بڕیاریاندا لەگەڵ پارتی، یەكبگرن لە ساڵی ١٩٩٣. ئەوەبوو زۆرینەی سەركردەكانی ح.س.ك بە «محەمەدی حاجی مەحمود»یشەوە چوونە ناو پارتییە و رەسوڵ مەمەند و هەندێك لە هەڤاڵەكانی بۆ ناو یەكێتی چوون. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ ح.س.ك كە «د.مەحمود عوسمان» ساڵێك بوو بەجێهێشتبوو، لە گۆڕەپانەكەدا نەما و لەناو پارتی و یەكێتیدا بە تەواویی توایەوە.

لە دوای چەند مانگێك و هەر لە ساڵی١٩٩٣ جارێكی دیكە بڕیاری دروستكردنەوەی ح.س.ك لەلایەن محەمەدی حاجی مەحمودەوە درا و حزبەكە دیسان راگەیەندرایەوە، بەڵام حزبێكی بچووكتر لەوەی جاران، ناوچەییتر لە حزبی جاران، بە وەرگرتنی هاوكاریی لە ئێران و تاڵەبانی و یەكێتی پێی نایە ناو مەیدانەكە، هەرچەندە حزبە نوێیەكە لە ماوەیەكی كەمدا تووشی شەڕ بوو لەگەڵ پارتی، بەڵام بەهۆی پشتگیریی یەكێتییەوە نەهێڵدرا ح.س.ك لە گۆڕەپانەكەدا

بسڕدرێتەوە. ئیدی لەوکاتەوە محەمەدی حاجی مەحمود سەرکردایەتی حزبەکە دەکات و ناوەکەشی بۆ سۆسیالیست دیموکرات گۆڕاوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە دەستی دەرەکیی «پارتی و یەکێتی» چەند ئینشقاق و جیابوونەوەیەک لە ریزەکانی ئەو حزبە روویداوە کە تەواو لاواز و شەکەتیان کردووە. کێشەکانی حزبی سۆسیالیست دیموکرات، ئەوەیە حزبێکی بنەماڵەییە و کاکە حەمە و براکەی و خانەوادەکەی دەستیان بەسەردا گرتووە و سەرچاوەی بڕیار و دارایی هەر تەنیا خۆیانن، هەروەها حزبەکەیان کردووە بە پارتییێکی ناوچەیی و وای لێهاتووە بە شارەزووردا دەناسرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە سەرکردایەتییەکی تۆکمە و بە ئاگا و خاوەن کاریگەریی نییە، بۆیە ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو بچووکبوونەوەی زیاتر دەڕوات و تەنیا لەسەر ئەو مێژووە دەژی کە حزبی سۆسیالیستی جاران هەیبووە، ئەگەرنا حزبەکەی کاکە حەمە لەوە زۆر بێتواناترە لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا تەنانەت ئەو ١٠ هەزار دەنگە بهێنێت کە لە هەڵبژاردنی مانگی ئازاردا هێنابوونی.

هەواڵنامەی کتێب

## حزبی شیوعی کوردستان

حزبی شیوعی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزراوە، بەڵام ناکرێت ئەم حزبە لە مێژوویەکی دوور و درێژ دابېڕین کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣١-٣-١٩٣٤ «واتە رۆژی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق»، تەنانەت زۆربەی مێژوونووس و رۆژنامەوانانی بیانی کە دوای شۆڕشی ئەیلوول هاتوونەتە کوردستان و مێژووی ئەو ماوەیەیان یادداشت کردووە، حزبی شیوعی عێراقیان بە پارتییێکی کوردیی ناساندووە، بەو هۆیەی زۆرینەی سەرکردایەتی و لانی زۆری پێشمەرگەکانی ئەو حزبە لە کورد پێکهاتبوون. حزبی شیوعی عێراق لە هەندێک ماوە مێژووییدا نەک لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا نەبووە، بەڵکوو دووجار بە زەقیی لە پەنا رژێمەکانی عێراقدا دژایەتی شۆڕشی گەلی کوردی کردووە. جاری یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاسم بە تایبەت لەنێوان ١٩٦١-١٩٦٣ کە سەرەتاکانی شۆڕشی کورد بوو، حزبی شیوعی لەگەڵ رژێمی عێراقدا لە یەک سەنگەردا بوو. جاری دووەمیش ساڵی ١٩٧٣ بوو کە لەگەڵ حزبی بەعسدا لەناو هاوپەیمانێتییەکدا بوون بەناوی «بەرەی پێشکەوتنخواز».

حزبی شیوعی لە قۆناغی شاخدا، چەند ساڵێکی سەرەتای لێدەربچێت هاوپەیمانی

سەرەکیی پارتی بووە، دوای رووداوی پشتئاشان، شیوعییەکان بە تەواویی چوونە ژێر چەتری پارتییەوە و لە هەندێک حاڵەتدا وەک ناوچە و رێکخراوی پارتی دەردەکەوتن، لە پاش راپەڕین، کاتێک حزبی شیوعی کوردستان وەک حزبێکی سەربەخۆ لە هەناوی حزبی شیوعی عێراق هاتە دەرەوە، هاوپەیمانی و نزیکایەتییان لەگەڵ پارتی زیاتر گەشەی سەند، بە تایبەت دوای ئەو رووداوە خوێناوییەی لەنێوان حزبی شیوعی و یەکێتیدا روویدا و دوو سەرکردەی ناسراوی تێدا شەهید بوو «شەهید سۆران عوسمان، غەریب هەڵەدنی»، ئاستی پەیوەندییەکانی پارتی و شیوعی پەرەی سەند، وای لێهات شیوعییەکان لە گۆڕەپانەکەدا وەک نزیکترین دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوتن. لەبواری ئینشقاقدا حزبی شیوعی دوای راپەڕین دوو ئینشقاقی گەورەی تێدا روویداوە، یەکەمیان جیابوونەوەی شیوعییە کوردستانییەکان بوو بە سەرکردایەتی «ئەبو حیکمەت، محەمەد حەلاق» کە دواتر «پارتی کاری سەربەخۆ»یان پێکهێنا. جیابوونەوەی دووەمیش دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق روویدا، وەختێک کۆمەڵێک کادری پێشکەوتووی ئەو حزبە هاتنە دەرەوە و «کۆڕی تێکۆشان»یان راگەیاند بەمەبەستی چاکسازیی لە حزبی شیوعیدا، بەڵام ئەو کۆڕە زۆر زوو لە حزبی شیوعی دوورکەوتەوە و ئێستا لە پارتی چەپی کوردستاندا خۆیان بینیوەتەوە.

حزبی شیوعی کوردستان لە دوای راپەڕینەوە کۆمەڵێک هەڵەی کوشندەی کردووە، ئەم هەڵانەش بوونەتە هۆی دابەزینی بنکەی جەماوەریی ئەو حزبە، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا حزبی شیوعی بێ هەڵوێستترین لایەنی سیاسیی بوو لە کوردستاندا بەرامبەر بە رەوشی خراپی مافی مرۆڤ و راکێشانی سوپای دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ کوردستان، ئەم سیاسەتەشی بە ناوی بێلایەنییەوە رووپۆش کردبوو. بەپێچەوانەوە لە هەندێک ماوەدا بەسوودی پارتی کاری دەکرد. حزبی شیوعی لە دوای راپەڕینەوە بە ناوی قۆناغی رزگاری نیشتمانیی و کۆمەڵێک پاساوی عەنتیکەوە وازی لە هەر رەخنەگرتنێک لە کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی کوردیی هێنا و لەوەش خراپتر هاوبەشیان بووە لە هەموو کابینەکانی حکومەتدا، سیاسەتی سازش و بەشداریی هەر هەنگاوێک لەگەڵ دەسەڵاتدا میسداقییەتی ئەو حزبەی دابەزاندووە، لەلایەکی ترەوە جۆرێک لە جیاوازیی چینایەتی لەنێوان سەرکردە و

جەماوەری ئەو حزبەدا دروستبووە.

تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی فایلدار لە ناو مەکتەبی سیاسیی ئەو حزبەدا هەیە، نەک ئیجرائاتی لەگەڵ نەکراوە بەڵکو نەیارەکانیشی دەمکوتکراون و دەرپەڕێنراون. بە کورتی سەرباری هەر مێژوویەکی پرشنگدار کە ئەندام و کادرەکانی خوارەوە دروستیانکردبوو نەک سەرکردەکان، سەرباری هەموو بانگەشەیەک بۆ ئازادیی و دادی کۆمەڵایەتی و داکۆکیی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ، حزبی شیوعی پشتی کردە مێژوو و بەرنامە و بانگەشە سیاسییەکانی خۆی، تا ئەو رادەیەی بووەتە حزبێکی پەراوێزیی و ناکاریگەر و لاوازی گۆڕەپانەکە. بۆیەکا هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن دەنگەکانی کەم دەبێتەوە، لە هەڵبژاردنی بیست و پێنجی حەوتی ساڵی رابردوودا بە هاوپەیمانێتی چەند لایەنێکی چەپ و بەپێی پرنسیپی قەرەبوو یەک کورسی پەرلەمانی کوردستانی بەرکەوت و لە هەڵبژاردنی ئەمساڵیشدا تەنانەت بە قەرەبووش کورسییەکی بەرنەکەوت. ئەمەش مانای ئیفلاسیی تەواویی ئەو حزبە و سەرکردایەتییەکەی دەگەیەنێت کە دەبوو بە لایەنی کەمەوە هە زۆر زوو سەرکردایەتی دەستیان لەکار بکێشایەتەوە. بە بڕوای من لێرە بە دواوە رۆڵی حزبی شیوعی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی ترەوە کە قۆناغی سیسبوونەوە و مالئاواییکردنە لە بەشدارییکردن لە نەخشاندنی وێنا سیاسییەکانیدا.

## حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشان لە رۆژی ١٢-١٢-١٩٨٥ لە بەرئەنجامی جیابوونەوە لە حزبی سۆشیالیستی کوردستانی ئەوسا، بە سەرکردایەتی «قادر عەزیز» راگەیەندرا. زەحمەتکێشان وەک حزبێکی چەپی مارکسیی و بە هەڵگرتنی کۆمەڵێک دروشمی سیاسیی نەتەوەیی و چینایەتی پێی نایە ناو گۆڕەپانی خەباتی شاخەوە، ئەوە دەبینرا زەحمەتکێشان باڵی مودێرن و راقی ناو حزبی سۆشیالیست بوو، بۆیە وەک حزبێکی پێشکەوتنخواز و خاوەن گووتارێکی سیاسیی روون و رادیکاڵانە دەرکەوت. لە قۆناغی خەباتی شاخدا حزبی زەحمەتکێشان یەکێک بوو لەو حزبانەی شەڕی براکوژیی نەکرد یان با بڵێین مێژووی لە دایکبوونی کەوتە کۆتاییەکانی

هەواڵنامەی کتێب

شەڕی براکوژیی هێزە کوردستانییەکانی ئەوێ ڕۆژێ، لەبەرئەمە وا دەبینرا زەحمەتکێشان حزبێکی مۆدیل جیاوازە و لەسەر بنەمایەکی جیاوازیش دامەزراوە.

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، حزبی زەحمەتکێشان وەک یەکێک لە حزبە دیارەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دەرکەوت، لە بواری ڕاگەیاندن و کاری سیاسییەوە لە پێشەنگی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو، بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مایسی ١٩٩٢ بەوپەڕی دڵخۆشییەوە لیستی هاوبەش و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرێدا، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەشدا زەحمەتکێشان و یەکێتی بەیەکەوە ئەنجامێکی باشیان بەدەستهێنا، ئەگەرچی پارتی چەند هەزار دەنگێک پێشکەوتبوو، بەڵام ئەو ژمارەیە نەیدەتوانی هاوکێشەکە بگۆڕێت بەبێ ویستی یەکێتی کە وەک وتمان زەحمەتکێشان هاوپەیمانی بەهێز و سەرەکیی بوو. زەحمەتکێشان لەم ڕۆژانەدا بە چەرخی زێڕینی خۆیدا تێدەپەڕی، لە پەرلەمان بەشداربوو، سکرتێری حزبەکەش پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی پێدرابوو، بەمەش پێش بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی سۆشیالیستی دایک کەوت، چوونکە ئەو دوو هێزە لەو هەڵبژاردنەدا بە تەواوەتی تێکشکان.

زەحمەتکێشان، لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زۆربەی پێشهات و ڕووداوەکاندا هەڵوێستی هەبووە، ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی شەڕی ناوخۆی کوردستانی کردووە و یەکێک بووە لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی یەکێتی لە چوارچێوەی «هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان» کە سۆسیالیست و دیموکراسیخوازان و پارێزگارانیشی تێدا بوو. لەبواری ئینشقاقدا چەند جیابوونەوەیەکی زۆر تێیدا ڕوویداوە، وەک جیابوونەوەی بەشێک لە سەرکردایەتی ئەو حزبە و پێکهێنانی «بزووتنەوەی میللیی» کە «عەبدولخالیق زەنگەنە» سەرکردایەتی دەکرد و دواتر چوونە ناو پارتییەوە. یان جیابوونەوەی بەشێکی تر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی لە کاتی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ کە زەحمەتکێشان بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی دەکرد. جیابووەوەکان ماوەیەک بە ناوی «ڕەوتی نیشتمانی»یەوە کاریان کرد و پاش هەڵبژاردن چوونە ناو یەکێتییەوە و سەرکردەی هەرە ناسراویان «د.سەردار» کرایە بەرپرسی مەڵبەندی

ئاکرێی یەکێتی. جیابوونەوەی سێیەم کە رەنگە کاریگەرترین ئینشقاق بێت، لە سەروەختی هەڵبژاردنی پاردا روویدا و بەشێکی بەرچاو لە مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی هاتنە دەرەوە و بە هەمان ناوی زەحمەتکێشانەوە کار دەکەن و پارتی و یەکێتیش بە رەسمی لەگەڵ ئەو لایەنە وەک زەحمەتکێشان مامەڵە دەکەن و دادگای بەرایی سلێمانیش لەم هەفتەیەدا ناوی «زەحمەتکێشان»ی بەخشی بەم باڵە «باڵی مەکتەبی سیاسیی».

وەک دەبینین هەر سێ ئەو جیابوونەوەیە لە ریزەکانی حزبی زەحمەتکێشاندا بە هۆی رۆڵی پارتی و یەکێتییەوە بووە، هەر هەمووشیان لە سەروەختە هەستیارەکاندا بوون، وەک کاتی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام جیابوونەوەی ئەم جارە بە حوکمی ئەوەی دەستەی جیابووەوە ناوی «زەحمەتکێشان»یان بردووە، کاریگەرترە چوونکە پێدەچێت دواجار دادگای تەمیزی هەرێم بڕیاری یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندیی باڵی مەکتەبی سیاسیی بدات. بە شێوەی گشتیی ئەوەی زیاد لە هەر هۆکارێک زەحمەتکێشانی لاواز کردووە، ئەو کۆمەڵە جیابوونەوەیە بووە بە پلەی یەکەم، بە پلەیەکی تریش هەندێک ئەدائی خراپ و سوود وەرنەگرتن لە دەرفەتەکان و هەڵکەنران لە هەولێر و بادینان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، رۆڵیان هەبووە لە لاوازکردنی ئەو پارتییەدا، پاشان سیاسەتی دوژمنایەتیی دوو حزبە سەرەکییە لەگەڵیدا بەنۆرەی خۆی کاریگەریی هەبووە. بۆیە دەبینین زەحمەتکێشان ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو لاوازیی زیاتر رۆیشتووە، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ وێڕای ئینشقاقیش توانی لە سەرووی بیست هەزارەوە دەنگ بهێنێت و بە ئیستحقاقی خۆی کورسییەکی پەرلەمانی کوردستان بباتەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەم ساڵدا بە هەردوو باڵەکەوە نەیانتوانی لە ٥ هەزار دەنگ بەولاوە دەنگێک زیاتر بهێنن.

### بزووتنەوەی ئیسلامی

بزووتنەوەی ئیسلامی لە دەورانی پێشوودا ناسراوترین و دیارترین و بەنفوسترین هێزی ئیسلامی سیاسیی بوو لە باشووری کوردستاندا، ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ١٩٨٧ دوای راپەڕینی جەماوەری هەڵەبجە و لە تەنیشت

ئەزموونی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی دامەزرا. «ئیدریس سیوەیلی» لە کتێبەکەیدا بەناوی «رەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان» دەربارەی دروستبوونی بزووتنەوە نوسیوویێتی (دوای خۆنیشاندانی هەڵەبجە لە ١٣ مایسی ١٩٨٧ ژمارەیەکی زۆر لە زانایان و کەسایەتی و جەماوەری هەڵەبجە و دەوروبەری بەرەو ئێران کۆچیان کرد، کە هەندێ لە سەرکردەکانی ئیخوانیان لەگەڵدا بوو، بە گەیشتنیان بەئێران لە ٢٤-٥-١٩٨٧ لەژێر ناوی «کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری» بەیاننامەیەکیان دەرکرد و شۆڕشی چەکدارییان راگەیاند. ئەم بەیاننامەیە سەرەتایەک بوو بۆ راگەیاندنی پارتێکی نوێ، لەوکاتەدا بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی تاکە پارتی ئیسلامی چەکداری گۆڕەپانەکە بوو، لەلایەن شێخ عەبدوللەتیف واژەیی رێبەرایەتی دەکرا، سەرکردەکانی ئەم پارتە پێشوازیان لە کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری کرد و لەسەر کاری چەکداریی هانیان دەدان. لە حوزەیرانی ١٩٨٧ لە شاری سنە کۆبوونەوەیەک کرا و تێیدا بڕیاری راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی بە رێبەرایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز درا). بەم شێوەیە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان عێراق وەک پارتێکی ئیسلامی نوێ و جیهادیی پێی نایە گۆڕەپانەکەوە کە هەر زۆر بە زوویی گەشەی کرد.

بەو پێیەی بزووتنەوە چەند هێزێکی چەکداریی دروستکرد و پەلاماری بنکە سەربازییەکانی عێراقیان دەدا و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداربوون لە ئازادکردنی شاری هەڵەبجە توانیان ناوبانگێکی زۆر پەیدا بکەن، لەناو شارەکانیش رێکخستنەکانی بزووتنەوە چالاک بوون و توانیان بە ئەندازەیەکی باش گەشە بکەن. لە دوای راپەڕین بزووتنەوە گەشەیەکی بەرچاوی کرد و جێی بە ئیخوان لێژ کرد، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ نزیکەی ٥٠ هەزار دەنگێکی هێنا، ئەوەش بۆ یەکەمجار بوو لە کوردستاندا حزبێکی ئیسلامی بەو قەبارەیە دەربکەوێت. بزووتنەوە بە درێژایی ساڵانی دوای راپەڕین چەند جەولەیەک شەڕی قورس و دەستە و یەخەی لەگەڵ یەکێتی کرد، ئەمەش هێندەی تر بەهێزی دەکرد. لە پاش یەکگرتنی لەگەڵ بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی و گۆڕانی ناوەکەی بۆ «بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی» هێندەی تر بەرەو گەشانەوە رۆیشت، بەڵام وەرزی درەوشانەوەی بزووتنەوە تازەکە کورت بوو. چوون دەستەیەکی فراوان

بە رابەرایەتی «عەلی باپیر» لێی جیابوونەوە و لەژێر ناوی «کۆمەڵی ئیسلامی» درێژەیان بە کاردا، مەلا کرێکار و گروپەکەی «ئیسلاح» لە بزووتنەوە یاخی بوون، هێزی دووی سۆران و بەشێکی زۆری باڵی سەربازیی بزووتنەوەکە بەرە ئاقارێکی توندتر و ئەلقاعیدە ڕۆیشتن و گرووپی «جوندولئیسلام»یان دروستکرد. ئیدی بزووتنەوە بەتەواوەتی لاواز بوو.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بزووتنەوە بەرەو بێهێزییەکی تەواو ڕۆیشت، دۆخی ئەو حزبە بەرەو لەیەک هەڵوەشاندنەوەی زیاتر دەڕۆیشت، بەڵام جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٨ بە رابەرایەتی ئیحسانی مەلا عەلی و د.محەمەد بازیانی، بە هاوکاریی پارتی خۆیان ڕێکخستەوە، دەوترێت پارتی خەمخۆری یەکەمی ژیاندنەوەی بزووتنەوە بووە و د.بازیانیش هەر لەلایەن پارتییەوە پشتگیریی لێدەکرێت، بەڵام هەڵبژاردنی ساڵی رابردوو تا ڕاددەیەک ئومێدی پێ بەخشین، چوونکە توانیان دوو کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنن، کەچی لە هەڵبژاردنی ئەمساڵدا لە ٥ هەزار دەنگێک زیاتریان نەهێنا، کە سەلماندی دەنگەکانی پاری ئەو حزبە هی خۆی نەبوون بەڵکوو دەنگە توراوەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو بوون. ئێستا بزووتنەوە حزبێکی بچووکە و بە بوونی دوو حزبی تری ئیسلامی بەهێز کە نزیکەی ٤٥٠ هەزار دەنگیان هەیە، هیچ ڕێگەیەک بۆ گەشەکردنی نەماوەتەوە، مەگەر ئەوە نەبێت بڕیاری یەکگرتن لەگەڵ یەکێک لەو دوو هێزە بدات کە ئەمیش مەحاڵە. بە بڕوای من هۆکارەکانی شکستی بزووتنەوە زۆرن، بەڵام سیاسەتی خۆبەستنەوە بە ئێران و زاڵبوونی دەسەڵاتی بنەماڵەگەریی، ئینشقاقە یەک لە دوای یەکەکان، کۆنبوونی گووتار و فۆرمی هەڵسووڕان و تازە نەبوونەوە لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بوون، ئەو حزبە ئیسلامییەیان لە ترۆپکەوە بۆ ئەو چاڵە گەورەیە پەلکێش کرد، بۆیە بە بڕوای زۆرینەی چاودێرانی سیاسیی کەوتنی بزووتنەوە کەوتنێکە هەستانەوەی بۆ نییە.

## ڕێگەی حزبە بچووکەکان بۆ کوێ؟

هەڵبژاردنی ڕۆژی حەوتی ئازاری رابردوو سەرلەبەری واقیعی سیاسیی و پارسەنگی هێزی لەسەر هەردوو ئاستی کوردستانی و عێراقی گۆڕی، بە ئەزموون



هەواڵنامەی کتێب

دەرکەوت حزبە بچووکەکان گەمەکەیان کۆتایی پێهاتووە و روو لە پووکانەوەی زیاترن نەک بەپێچەوانەوە. ئەم هەڵبژاردنە ئاوێنەیەکی روون بوو، نیشانیداین ئەم مۆدیلە لە سیاسەت و حزبایەتی ناتوانێت وەڵامدەرەوەی واقیعی نوێی کوردستان بێت، ئەوەی نیشانداین رێگایەک بۆ ئەم حزبانە نەماوە، تا بەهێز بن «ئەگەر پێشووتر بەهێزبووبن»، چوونکە بینیمان پێویستیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نوێی کوردستان یارمەتی مانەوە و دروستبوونی کۆمەڵێک هێزی داوە کە ئەم حزبە بچووکانە نین. سەرهەڵدانی گۆڕان و گەشەکردنی لە ماوەیەکی خێرادا سەلماندی حزبە بچووکەکان ئەو ئەڵتەرناتیڤە نین خەڵکی کوردستان بە دوایدا دەگەڕێت، هەروەک ئەو هێزە دەسەڵاتدارەش نین هیوای پێوە ببەستنەوە. هیچ رێگایەک لەبەردەم ئەم حزبە بچووکانە نەماوە بۆئەوەی ببنە هێزی سەرەکیی و خاوەن بڕیاری سیاسیی. یان ئەوەتا دەبێت وەک رێکخراوی مەدەنی و گروپی فشار کار بکەن یان دەبێ بڕیاری توانەوە و چوونە ناو حزبە گەورەکان بدەن، ئەمە دوو رێگایە و رێگای سێیەم هەر ئەو رێچکەیە ئێستا گرتوویانەتە بەر و رۆژ لە دوای رۆژ پێی بچووکتر دەبنەوە.

تێبینی: نامانەوێ باسی پارێزگاران و دیموکراسیخوازان و پارتی کار و هەندێک حزبی تر بکەین کە هەر تەنیا بارەگایەک و ناونیشانێکی گەورەن و لە واقیعی حاڵدا و لە ئازادترین زەمینەی هەڵبژاردندا لە چەند سەد دەنگێک زیاتر ناتوانن هیچ دەنگێکی تر بهێنن. ئەوانە جێی باسی ئێمە نین، چوونکە بوون و نەبوونیان هەر یەک شتە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٤»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نیسانی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# بۆچی ئیسلامییەکان توانیان لەم هەڵبژاردنەدا هەستنەوە؟

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان کە دابەشبوون بەسەر دوو حزبی سەرەکیدا «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان»، توانیان سەرکەوتنێکی بەرچاو تۆمار بکەن، توانیان جارێکی دیکە جەماوەری تۆراوی خۆیان ئاشت بکەنەوە و ببنەوە بە ژمارەیەکی گرنگ چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان چ لەسەر ئاستی عێراق کە پێشبینی دەکرێت زۆرتر لە ٦ کورسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستبهێنن، ئەگەریش کۆی جەماوەری هەردوو حزبەکەش بەسەریەکەوە بە جەماوەری گۆڕان بپێوین، دەردەکەوێت حزبە ئیسلامییەکان ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆریش نەبێت لە پێشەوەن.

لە هەڵبژاردنی ٢٥-٧ ساڵی پار، ئیسلامییەکان کە لە هاوپەیمانییەکی چوار قۆڵیدا بوون و یەک لیستی تایبەتیان هەبوو «لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی» نەیانتوانی لە٢٠٠ هەزار دەنگێک بەولاوە هیچی تر بهێنن، بەڵام ئێستا هەر بە تەنیا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەنگەکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا لە ٢٥٠ هەزار دەنگ تێپەڕی کردووە، دیارە کۆمەڵی ئیسلامیش نزیک بۆتەوە لە١٦٠ هەزار دەنگێک، ئەمەش مانای پێشکەوتنێکی بەرچاو دەگەیەنێت بۆ هەردوو لایەنی سەرەکیی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراقدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بەشی زۆری سیاسەتمەداران و شرۆڤەکارانی سیاسیی بایەخ بە پرسی هەستانەوەی سەرلەنوێی هێز و حزبە ئیسلامییەکان دەدەن، کە ئاخۆ بۆچی لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەم

وەرچەرخانە چاوەڕواننەکراوە لە بواری هەڵشکانی هێزە ئیسلامییەکاندا روویدا؟. چۆن و بۆچی ئیسلامییەکان بەو خێراییە هەستانەوەیان بە خۆیانەوە بینی؟. ئەم پرسانە هەم بۆ ئیسلامییەکان، هەم بۆ عەلمانییەکان جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە و هەموو دەیانەوێت ئەو کۆدانە بخوێننەوە بوونە مایەی سەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان، کە بە ئاسانی دەکرێت بڵێین موفاجەئەی هەڵبژاردنی رۆژی حەوتی مارت بوون.

## رێژەی دەنگی ئیسلامییەکان زیادی کردووە

شتێکی بەڵگەنەویستە لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ نفوسی هەردوو حزبی ئیسلامی «یەکگرتوو، کۆمەڵ» بەرەو لاوازیی دەچوو، تەنانەت بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو دوو حزبە ئیسلامییە لە دەنگدان و لایەنگریکردنی حزبەکانیان سارد ببوونەوە، هۆکارەکانی ئەمەش زۆر بوون، لانیکەم سڕبوونی حزبە ئیسلامییەکان کە ببوونە هاوبەشی سەرەکیی حکومەت و پارتی و یەکێتی، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان بوو. بە هەرحاڵ ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ەوە تا دەگاتە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ لە گۆڕەپانەکەدا سست بوون، لە رووی جەماوەرییەوە باجی هەڵوێستەکانی خۆیان دا و گۆران لە ماوەیەکی کەمدا ئەوانی وەک ئەڵتەرناتیڤی سەرەکی دەسەڵاتی هەردوو حزبەکە سڕییەوە، بە پێچەوانەوە خستنییە دۆخێکەوە تەواو هەست بە لاوازیی و ناکاریگەریی خۆیان بکەن.

کەچی بە پێچەوانەوەی هەموو پێشبینی و خوێندنەوە پێشوەختەکانەوە، هەردوو حزبە ئیسلامییەکەی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا، توانیان دەنگێکی بەرچاو و چاوەڕواننەکراو بەدەستبهێنن، بەم پێیە ئەو سەرکەوتنە تەنیا یەک رەهەندی نییە، بەڵکو لە یەکێک لە رەهەندەکانەوە مانای هەستانەوەی گووتاری سیاسیی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەگەیەنێت. تەنانەت توانی کۆتایی بە قۆناغی متبوونیان بهێنێت و لەگەڵ بارودۆخێکی نوێی سیاسیی بەرەو روویان بکاتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە ئەم سەرکەوتنە هێزە ئیسلامییەکانی لە گۆشەگیریی و حاشیەییەوە بەرەو چەقی رووداوە گەرمەکانی ناو کردەی سیاسیی لە ئاستی عێراقدا برد، ئەگەر بتوانن سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرن ئەوە هیچ نەبێت رێگە

دەگرن لە بچووکبوونەوەی خۆیان و قەبارەی خۆیان بەم ڕێژە و سەنگەی ئێستاوە دەهێڵنەوە ئەمەش پێچەوانەوەی واقیعی گۆڕانە کە لە بری ئەوەی لەچاو هەڵبژاردنی پێشوودا بەرەو پێشەوە بڕوات، چەند هەنگاوێک بۆ دواوە هاتووە. پارێزگارییکردن لە قەبارە و سەنگی خۆت لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا مانای سەرکەوتنە، هەروەک ئەمەش دیسان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەر راستە کە پارێزگارییکردن لەم سەنگ و قەبارەی ئێستای بۆ ئاینده مانای سەرکەوتنێکی دیکە دەبەخشێت.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە شاری سلێمانی زیاتر لە ١١٠ هەزار دەنگی هێناوە، هەرچی کۆمەڵی ئیسلامیشە نزیکەی ٧٥ هەزار دەنگی هێناوە، لە پارێزگای هەولێریش یەکگرتوو ٥٢ هەزار دەنگی هێناوە، کۆمەڵی ئیسلامی ٦٧ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە، لە پارێزگای دهۆک، یەکگرتووی ئیسلامی ٥٨ هەزار دەنگی هێناوە و کۆمەڵی ئیسلامی ٥ هەزار دەنگی هێناوە، لە کەرکوک یەکگرتوو زیاتر لە ٢٠ هەزار دەنگی هێناوە و کۆمەڵ لە ٦ هەزار زیاتر دەنگی بەدەستهێناوە. ئەگەریش ئەم ڕێژەیە نەک بە هەڵبژاردنی ساڵی رابردوو، بەڵکو ئەگەر بەراووردی بکەین بە ڕێژەی دەنگەکانی هەردوو حزبی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ ئەوە دەبینین ڕێژەی دەنگدەران بە لیستە ئیسلامییەکان رووی لە زیادکردن و گەشەیەکی بەرچاو کردووە. چوونکە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری سلێمانی نزیکەی ٩٠ هەزار دەنگی هێنا و کۆمەڵی ئیسلامیش ٥٠ هەزار دەنگێکی هێنا، لە ئاستی هەولێریش، یەکگرتوو ٣٠ هەزار دەنگی هێنابوو، کۆمەڵ ١٨ هەزار دەنگی هێنابوو، لە دهۆک یەکگرتوو ٣١ هەزار دەنگی هێنابوو، کۆمەڵ ٢ هەزار دەنگی هێنابوو.

داتا و ڕێژەکان سەرکەوتن و هەستانەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان دەسەلمێنێت، بەڵام پرسیار لەسەر ئەوەیە، بۆچی ئەمجارە ئیسلامییەکان پێش گۆڕان کەوتن؟. ڕەنگە یەکێک لە وەڵامەکان ئەوە بێت زۆرێک لە جەماوەری حزبە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی رابردوودا دەنگیان بۆ گۆڕان دابوو کە دواتر لەناو ئەم راپۆرتەدا ئەمەش شی دەکەینەوە و دێینە سەری، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت هەڵبژاردنی ئەمجارە نەخشەی سیاسیی و جۆری هاوکێشەی سیاسیی چەقبەستووی چەند ساڵی کوردستانی عێراقی سەرلەبەر گۆڕی، کە بمانەوێت یاخۆ نا، حزبە

ئیسلامییەکان بوونەوە بە ژمارەیەکی بەهێز و وەک هێزێکی سەرەکیی و تەنانەت وەک ئەڵتەرناتیڤی یەکەمی دەسەڵاتی کوردیی لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتنەوە.

## بۆچی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنی پێشوودا شکستیان هێنا؟

پێشتر لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری «نیوەند»دا لەرێی راپۆرتێکی شیکارییەوە ئەو خاڵ و هۆکارانە خرانەڕوو لە ئاکامدا بوونە شکستهێنانی لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی بەشێوەیەکی گشتیی و هەردوو حزبی ئیسلامی «یەکگرتوو، کۆمەڵ» بە تایبەتی. ئەو هۆکارانەی راپۆرتەکە دەستنیشانی کردبوون، بەلای زۆرێک لە سەرکردەکانی هەردوو لایەنی ئیسلامییەوە ددانی پێدانرا و وەک بەشێک لە هۆکاری شکستی خۆیان لە قەڵەمیاندا. ئێمە لێرەدا نامانەوێت هەمان را و بۆچوونەکانی ئەو شیکارییەی پێشووتر دووبارە بکەینەوە، بەڵام هەوڵدەدەین لە سۆنگەی تایبەتی خۆمانەوە چوار هۆکاری سەرەکیی لە هۆکارەکانی شکستی لیستی چوار حزبەکە بە گشتیی و یەکگرتوو و کۆمەڵ بە تایبەتی بخەینە روو.

یەکەم: سیاسەتی نە ئۆپۆزیسیۆن نە دەسەڵات. پاش راگەیاندنی ئەنجامی فەرمیی پرۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠٠٥، هەردوو لایەنی ئیسلامی بە١٥ کورسی چوونە پەرلەمانی کوردستان، پاشان بەشدارییان کرد لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەوەرگرتنی پۆستی چەند وەزارەتێک کە هیچکامیان لە وەزارەتە گرنگ و بایەخدارەکان نەبوون، ئەمەش وای لە حزبە ئیسلامییەکان کرد نە بە فیعلی بەشێکی گرنگ و بڕیاردەربن لە حکومەتدا، نە ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە بن و رەخنە لە بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم بگرن. بەمەش کورد وتەنی لە هەردوو جەژنەکە بوون، نە بەشدارییان لە حکومەتدا ئەوانی کردە دەسەڵات و خاوەنی بڕیاری تایبەت بە خۆیان، نە لە بەرەی جەماوەر و بەرهەڵستکاریی هێشتنییەوە، بۆیە لەبەرئەم حاڵەتە هەردوو حزب لە یەک کاتدا تووشی قەیرانێکی گەورە ببوون چ لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبیی خۆیان و چ لەسەر ئاستی جەماوەریی. هەردوو حزبی ئیسلامی تەنانەت دوای چوار ساڵ و لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردنی تەمووزی ٢٠٠٩دا باجی ئەم هەڵوێستەیان دا و رووبەڕووی شکستێکی چاوەڕواننەکراو بوونەوە.

دووەم: لیست و هاوپەیمانیی چوار حزبەکە. کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ساڵی پاردا ویستیان بەهۆی رامیاریی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە عەلمانییەکاندا، نموونەیەکی نوێ و مۆدیلێکی تر لە پەیوەندیی و هاوپەیمانی نێوان ئیسلامی و عەلمانی پێشکەش بکەن و لەو ڕێگەیەشەوە دەنگی عەلمانییە ناڕازییەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، بەڵام هەر زۆر زوو دەرکەوت ئەم سیاسەتە، مۆفەق و دروست نییە و زۆرینەی زۆری جەماوەری حزبە ئیسلامییەکانیشی لەگەڵ نییە، بەو هۆیەوەی هەردوو حزبە عەلمانییەکە «سۆسیالیست و زەحمەتکێشان» دوو حزبی لاوازبوون لە رووی بنکەی جەماوەرییەوە، پاشان جەماوەری ئیسلامییەکان ئامادە نەبوون دەنگ بدەن بۆ هێزێکی عەلمانی و بە دەنگی خۆیان بیانبەنە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە. ئەم سیاسەتە لە بری ئەوەی هێز و گوڕ بداتە هەردوو حزبە ئیسلامییەکە و دەنگی تۆراوی جەماوەری عەلمانییان بۆ کۆبکاتەوە هاوکێشەکە پێچەوانەوە بۆیەوە و تەنانەت جەماوەری خۆیشیان لێیان تووڕە بوو، بۆیە سزایان دان و تووشی ئەو شکستە گەورەیان کردنەوە کە لە رۆژی ٢٥-٧-٢٠٠٩ بەسەریاندا هات.

سێیەم: گۆڕان وەک ئەڵتەرناتیڤ. لە هەڵبژاردنی ساڵی رابردوودا لەسەر ئاستی کوردستان، هێزێکی دیکەی چست و چالاک، کە خاوەنی سەرکردایەتییێکی تۆکمە و خاوەن نفوس و مێژوویەکی درێژ بوو لە بزووتنەوەی رزگاریخواز و نەتەوەیی کوردستاندا دەرکەوت، ئەویش بزووتنەوەی گۆڕان بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی چەند مانگێکدا بە هۆی ئەو گووتارە بەهێزەی هەیبوو، پاشان بەهۆی کردنەوەی دەرگای هاتنە ناوەوە بۆ هەموو مەیل و ئاڕاستە جیاوازەکان، هەر لە نەتەوەییەوە تاکو چەپ و کۆمۆنیست، لە ئیسلامییەوە تا عەلمانی و ئاتەئیست، دۆخەکە بەشێوەیەک گۆڕا، تەرکیزی زۆرینەی زۆری خەڵک لە ئیسلامییەکانەوە گۆڕا بەرەو بزووتنەوەی گۆڕان. ئەوەبوو لە ماوەیەکی کەمدا هەزارەها هەزار کەس لە دەوری دروشمی گۆڕان و لیستی گۆڕان کۆبوونەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر جەماوەری هەردوو حزبی ئیسلامیی هەبوو، چوونکە وەک لە پێشدا وتمان جەماوەری ئەو دوو حزبە تووڕە و نیگەران بوون لە سیاسەتی حزبەکانیان، تەنانەت ئەگەر وەک سزادانێکیش بووبێت، لەو هەڵبژاردنەدا دەنگیان بە گۆڕان دا.

تەنانەت سەرکردە و سیمای ناسراوی ئیسلامییەکانی کوردستان «مەلا کرێکار» بە ئاشکرا و بێ پەردە داوای لە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکرد دەنگی خۆیان بدەن بە لیستی گۆڕان، چوونکە ئەوان دەتوانن کاری زۆر بکەن، نەک دەنگ بدەن بە یەکگرتوو کە بە قسەی ئەو توانای داکۆکییکردنی لە بارەگاکانی خۆیشی نییە. هەر بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان لەو وەختەدا و بەو گەرم و گوڕییەوە کارتێکردنی هەبوو لەسەر جەماوەری ئیسلامییەکان و بووە هۆی شکستی ئیسلامییەکان.

چوارەم: لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی. لە هەڵبژاردنی رابردوودا بزووتنەوەی ئیسلامیی توانی هەلێکی زێڕین بۆ سوودی خۆی و بەهێزکردنی پێگەی خۆی بدۆزێتەوە، چوونکە لە میانەی بانگەشەکردندا ئەوەیان بە ئاشکرا و بە راستەوخۆ دەگووتەوە ئەوان تاکە لیستی ئیسلامین لە کوردستاندا، ئەم گووتار و نۆرمە لە بانگەشەکردنی هەڵبژاردن لە رووی سایکۆلۆجییەوە کارتێکردن و کاریگەریی زۆری کردە سەر جەماوەری ئیسلامیی و وەهای لێکردن لە بری دەنگدان بە دوو هێزی ئیسلامیی کە بوونەتە هاوپەیمانی عەلمانییەکان، دەنگی خۆیان بدەنە ئەڵتەرناتیڤێکی تری ئیسلامی، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارە چوونکە دوو هێزە ئیسلامییەکە بە جیا و بە لیستی خۆیان بەشدارییان کرد، بزووتنەوەی ئیسلامیی رووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆیەوە و تەنانەت نەیتوانی لە چارەگێک زیاتری دەنگەکانی پێشوو، دەنگ بهێنێتەوە.

هەر لێرەوە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارەی تایتڵی راپۆرتەکەمان وەربگرینەوە، کە پرسیار دەکەین ئایا بۆچی ئیسلامییەکان ئەمجارە هەستانەوە و توانیان وەک ژمارەیەکی بەهێز بێنەوە مەیدان؟ وەڵامەکەش ئەوەیە: ئەمجارە یەکگرتوو و کۆمەڵ وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵەیان دەکرد و بەشدارییان لە حکومەتدا نەکرد، تەنانەت لە کاتی گفتوگۆی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ لە پەرلەمانی کوردستان لە پەنا گۆڕاندا یەکدەنگ و هاوڕابوون و دەنگی نەخێریان بەرز کردەوە، پاشان بە جۆری هاوپەیمانێتی خۆیاندا چوونەوە کە تەنانەت لیستێکی ئیسلامیی هاوبەشیشیان پێکنەهێنا، چوونکە لایەنگرانی یەکگرتوو و کۆمەڵ وەک لایەنگری دوو حزب، جیاوازیی بۆچوون و بیرکردنەوە و مامەڵەیان هەیە، لە پاشاندا کە بۆ جەماوەری

ئیسلامییەکان دەرکەوت، حزبەکانیان هەمان ئەو کارانە دەکات گۆڕان دەیانکات، جۆرێک لە ساردبوونەوە لە بەرامبەر گۆڕان رووی تێکردن، هەر ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی دەنگنەدانیش بە بزووتنەوە کە تەقلیدیترین و لاوازترین باڵی ئیسلامی سیاسییە لە کوردستانی عێراقدا. هێزە ئیسلامییەکان توانیان سوود لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیان لە چەند ساڵی رابردوو وەربگرن، هەر ئەم بەخۆداچوونەوەیە هێز و توانای ئەوەی پێبەخشین وەک هێزی سەرەکیی و گەورە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئاستی کوردستاندا دەربکەونەوە.

## ئیسلامییەکان بوونەوە بە بەدیلی دەسەڵات

دەزانین بە درێژایی چەندین ساڵ بە تایبەت لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە ئایاری ساڵی ١٩٩٤، حزبە ئیسلامییەکان بە خێرایی گەشەیان کرد و وەک ئەڵتەرناتیڤی سەرەکیی هەردوو ئیدارەکەی ئەو کاتی کوردستان دەرکەوتن، لە کاتی یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیشدا، دیسان ئیسلامییەکان هێزی دووەمی کوردستان و بەدیلی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بوون، کاتێکیش پارتی و یەکێتی لە رێگای رێککەوتنی ستراتیجییەوە زۆرتر لە یەک نزیکبوونەوە، دیسان شانسی ئیسلامییەکان وەک ئەڵتەرناتیڤێکی سەرەکیی هەرچی زیاتر بەرزبووەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەردەوام ترسیان لە گەشەی پتری هێزە ئیسلامییەکان هەبوو، بۆیە بەهەر رێگا و نرخێک کە بۆیان گونجاو بوو لە بەرامبەر شەپۆلی رووکردنە حزبە ئیسلامییەکان رادەوەستان و زۆرجاریش حاڵەتەکە دەگەیشتە لێواری تەقینەوە و شەڕ و پێکدادان و توندوتیژیی، چەند جەولەی شەڕی یەکێتی و ئیسلامییەکان، گووشارەکانی پارتی بۆ سەر یەکگرتوو بە تایبەت لە بادینان، سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان، کۆمەڵێک بەڵگەن ئاست و قەبارەی ترسی پارتی و یەکێتی لە هێزە ئیسلامییەکان نیشان دەدەن. لەبەرئەم هۆکارە پارتی و یەکێتی دەیانویست بەهەر نرخێک بووە ئیحتوای رۆڵیان بکەن و بە رادەیەک لاوازیان بکەن وەک ئەڵتەرناتیڤ متمانەیان پێنەکرێت چ لەلایەن لایەنگرانی خۆیانەوە چ لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە.

پارتی و یەکێتی توانیان بە رازیکردنی ئیسلامییەکان بۆ بەشداریی لە پێکهێنانی

حکومەتدا، بەشێک لە ئامانج و خەونەکانی خۆیان بهێننەدی، بەڵام سەرهەڵدانی گۆڕان و بەرزکردنەوەی دروشمی گۆڕینی سیستمی سیاسیی کوردستان و کۆتایهێنان بەم مۆدیلە لە حکومداریی لە کوردستاندا، ئیسلامییەکانی بە تەواوی وەک ئەڵتەرناتیڤ خستە لاوە و ڤۆکۆسی تەواوی کۆمەڵگە لەسەر گۆڕان بوو تاوەکوو هەستێت بە پیادەکردنی رامیاریی گۆڕین و وەرچەرخاندنی بارودۆخی کوردستان. ئیسلامییەکان تەواو لە پاشەکشەدا بوون، بەڵام هەڵەکانی گۆڕان و وریایی و زرنگی ئیسلامییەکان بە تایبەت بەهۆی ئەم هەڵسانەوەیەی ئەم جارە تۆماریان کرد، وەهای لێکردن بۆ جارێکی دیکە وەک ئەڵتەرناتیڤی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسیی لە باشووری کوردستاندا دەربکەونەوە. گۆڕان لە قۆناغی ئێستا روو لە بچووکبوونەوە و لاوازییە، هەرچەندێکیش گۆڕان لاواز ببێت، کێرڤی ئیسلامییەکان بەرەو سەرەوە دەڕوات. ئێمە لە دۆخی ئەمڕۆدا هەموو شاهیدی ئەوەین کە ململانێیەکی سەخت لەنێوان گۆڕان و ئیسلامییەکاندا دەگوزەرێت، تا ئەوەی کامیان دەتوانن ببنە هێزی ئەڵتەرناتیڤ، ئەوەشی لای هەموومان روونە ئەوەیە ئەگەر ئیسلامییەکان بەو جۆرەی هەنووکە بەرەو هەستانەوە بڕۆن، دەبنەوە بەئەڵتەرناتیڤی بێ رکابەری دەسەڵات.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٣»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# ئۆپۆزیسیۆن گەمەی خۆپیشاندانی دۆڕان

ماوەی دوو مانگی تەواو پرۆسەی خۆپیشاندانی جەماوەری هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەردەوامبوو، گەرچی چەق و قورسایی خۆپیشاندانەکان لە سەنتەری شاری سلێمانیدا بوون، بەڵام بەشێوەی پچڕ و پچڕ و کەم تا زۆر لە شارۆچکەکانی دەوروبەری شاریش هەمان پرۆسەی خۆپیشاندان بەڕێوە دەچوو، ماوەی هەفتەیەک زیاتریشە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان لە ژێر ناونیشانی رەتکردنەوەی خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت، رێگریی دەکات لە بەردەوامیی ئەو پرۆسەی خۆپیشاندانەی ماوەی دوو مانگ بوو لە سلێمانی بەڕێوە دەبرا. بەدەر لە هەموو ئەمانە ئەگەر ئێمە شیکردنەوەیەکی میتۆدیی و دوور لە لایەنگریی بۆ رەوتی رووداوەکان و ئەنجامگیرییەکانی پرۆسەکانی خۆپیشاندان بکەین، دەبینین دواجار ئۆپۆزیسیۆن گەمەکەی دۆڕاند، بێگوومان دۆڕان بەو مانایەی نەیانتوانی ئەو ئامانجانەی دەستنیشانیان کردبوو بیهێننە دی.

وەلێ بە بڕوای من دەرفەتی زۆر ماوە بۆ بەردەوامی و سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان و پرۆسەی ناڕەزایش بە جۆر و شێوازی تر بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر تەماشای دەرئەنجامەکانی خۆپیشاندان بکەین لە سەرەتاوە هەتا نهۆ، بەو راستییە دەگەین خۆپیشاندان سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا و بە دیاریکراویش هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە دۆڕاویی لێی هاتنە دەرەوە. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن لەسەر چەندین ئاست گەمەکەی دۆڕاندووە، بەڵام لەم دەرفەتەدا ئێمە سەرنج بۆ سەر چوار ئاستی گرنگ رادەکێشین:

ئاستی یەکەم: خۆپیشاندانەکان بە درێژایی شەست و یەک رۆژ نەیانتوانی سنوورێکی دیاریکراو کە پارێزگای سلێمانییە تێبپەڕێنن، ئەمەش هێندەی تر فۆرمی ناوچەییبوونی خۆپیشاندانەکانی خستەڕوو، تا ئەو ئەندازەیەی ئەو بۆچوونەی کردە بۆچوونێکی باو و بەربڵاو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی گشتیی و بزووتنەوەی گۆڕان بە تایبەتی هێزێکی ناوچەیین و ناتوانن بە یەک ئاست و وزەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا کار بکەن. ئەگەر یەکێک لە فاکتۆرەکانی سنووردارِیی جوگرافیای خۆپیشاندانەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەک داینەمۆی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بزووتنەوەیەکی ناوچەییە و تابعێکی سلێمانی وەرگرتووە، بە دیوەکەی تریدا کۆمەڵێک فاکتۆری تر رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە سنووردارِبوونی ئەو پرۆسەیە وەکوو:

یەکەم: بێ پلانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەمەڕ شێوازی بەڕێوەبردن و دەستپێکردنی پرۆسەی خۆپیشاندانەکان، چوونکە بێ ئامادەکارییەکی ئەوتۆ و پلانێکی تۆکمە و لە ژێر کاریگەریی و هەڵچوونی خێرای رووداوەکانی باکووری ئەفەریکا دەستکرا بە جۆشدانی جەماوەر. دووەم: هەڵبژاردنی سلێمانی وەک یەکەم شوێن بۆ بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان تیایدا هەڵەیەکی تری ئۆپۆزیسیۆن بوو، چوونکە ئەگەر دیقەت بدەین لە تونس و میسر خۆپیشاندانەکان لە پایتەختەوە سەریانهەڵدا و ناوچەکانی تری گرتەوە، کەچی لە کوردستان هاوکێشەکە سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوە بوو، ئۆپۆزیسیۆن دەیتوانی سەرەتا لە هەولێر دەستبداتە خۆپیشاندان یان پلانی هەبوایە لە یەک کاتدا لە سەرتاسەری کوردستاندا پرۆسەی خۆپیشاندان بەڕێوە ببات. تەنانەت لێدان لە بارەگای لقی چواری پارتی هەڵەیەکی تر بوو، کە پارتی لە هەولێر بێدار کردەوە و هەموو حەزەرێکی بۆ ئەگەری رووودانی خۆپیشاندان لە هەولێر کرد. سێیەم: پەلەپەلکردن و شپرزەیی بەمەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت لە سلێمانیدا. خۆ ئەگەر کەسێک بەیاننامە حەوت خاڵییەکەی گۆڕانی لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم بخوێندایەتەوە، دەیزانی گۆڕان چۆن وا بە خێرایی لە هەڵپەدایە بۆ بەڕێخستنی خۆپیشاندان لە کوردستان بە ئامانجی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی.

ئەم سێ هۆکارە سەرەکییە، لە پەنا کۆمەڵە هۆکارێکی تری لاوەکی بوونە

خۆرکەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و نەیانهێشت لەوە زیاتر فراوانتر بێت، تەنانەت بەپێچەوانەی خۆپیشاندانی وڵاتانی عەرەبییەوە کە خۆپیشاندان لە چەند سەد کەسێکەوە دەستپێدەکرد و دەگەیشتە ملیۆنان کەس، ئەو خۆپیشاندانانەی سلێمانی بە تێپەڕینی کات لە رووی ژمارەشەوە رووی لە کەمی بوو. بەڵام گورزی کوشندە ئەوکاتە بەر پرۆسەکە کەوت دوای چەندین هەوڵ نەتوانرا خۆپیشاندان بگەیەنرێتە هەولێر، گەرچی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە پاساوی ئەو شکستەیان بەوە دەدایـەوە، پارتی هێزێکی داپڵۆسێنەرە، کەچی لە واقیعدا ئەم پاساوە ئەرزشی نەبوو، چوونکە ئەگەر پارتی داپڵۆسێنەریش بێت ناگاتە ئاستی ئەسەد و قەزافی و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، ئەی کەواتە بۆچی لەو وڵاتانە و لە سایەی ئەو حوکمە پۆلیسییە سەرکوتکەرانەدا خۆپیشاندان زۆر بە بەهێزتر لەوەی کوردستان ئەنجام دەدرێت؟.

ئاستی دووەم: پلانی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بوو لە رێگەی فشاری خۆپیشاندانەکانەوە. ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی حکومەت و پەرلەمان بڕوخێنێت، ئەمەش هێندەی تر شکست و دۆڕاندنی ئەوانی بەرجەستەتر نیشانی کۆمەڵگە دا. قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر رەوایی حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت نییە، چوون لە سترۆکتۆرەوە چەمکی رەوایی بابەتێکی قانوونی و دەستووریی پڕ ئیشکالییەت و وردەکارییە. بەڵکو ئێمە دەمانەوێت باس لەوە بکەین هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن تەماحیان لە دەسەڵاتدا هەبوو، لێ ئەوە کارێکی ناشەرعی و نایاسایی نییە، بەڵام فۆرم و میکانیزمەکانی وەرگرتن و تەنانەت رووخاندنی حکومەت لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە هەڵەی گەورەی تێدابوو، بەلایەنی کەمەوە دەبوو بە پێی پرۆسەیەکی درێژ و هەمەلایەنە جەماوەریان بۆ ئەو ئەجیندا سەخت و پڕ گرێ و گۆڵەی خۆیان کۆبکردایەتەوە، پاشان دەبوو دەستبردن بۆ بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت بە پێی پلانێکی ورد و چڕتر و پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بوایە، چوونکە هیچ حکومەتێک لە دنیادا بە بەیاننامە و میتینگی بچووکی وەک ئەوەی بەردەرکی سەرا ناڕوخێت، لە بناغەوە رووخاندنی حکومەت یەکێکە لە کارە هەرە قورسەکانی پرۆسە و کردەی سیاسیی، بۆیەکا چاوەڕێمان نەدەکرد بەو شێوە خێرا و ئاسانە ئۆپۆزیسیۆن بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی

حکومەت بکا، هەر نەبێت دەبوو چاوەڕوانی ئەوەی بکردایە کارتەکانی دەسەڵات هێشتا لە کارتەکانی ئەو بەهێزترن، تاکو ئەو رادەیەی پاساوەکانی دەسەڵات بۆ مانەوە بە ئەندازەی پاساوەکانی ئۆپۆزیسۆن قەناعەتپێکەر بوون.

پرسی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمان یەکێک بوو لەو وێستگە زۆر گرنگانەی ئۆپۆزیسیۆن تێیدا دۆڕاندی، لێ هێشتاش سووربوونی خۆیان لەسەر ئەم داواکارییە سیاسییە دەردەبڕن، بەڵام بە بەراوورد بە سەرەتای خۆپیشاندانەکان ئومێدەکانیان بە تەواوەتی بە رووخانی حکومەت کاڵ بۆتەوە. جیا لەمەش من وەک خۆم گومانم لە خواستی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت هەیە بە تایبەت لای ئیسلامییەکان، بە راشکاویش دەڵێم من گومانم هەیە لە دیموکراسییەک ئیسلامییەکان چێی بکەن، چوونکە ئەزموونی ئیسلامی سیاسیی جگە لە نموونەی داد و گەشەپێدانی تورکیا کە ئەویش بەرهەمی ژینگەی ئیسلامی متەسەوفی تورکی و سکۆلاریزمێکە کە خەریکە تەمەنی دەگاتە سەدەیەک «هەرچەند ئاکەپەش بە نەرمی خەریکی بنکۆڵکردنی سکۆلاریزمی رادیکاڵی تورکیایە کە لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک بیناکراوە»، ئەزموونێکە دژی سکۆلاریزم و دیموکراسیی و کۆمەڵی مەدەنی، بە هەمان شێوە گومانم هەیە لەو دیموکراسییەی گۆڕان لە رێگەی میکانیزمی شۆڕشگێڕانەوە بانگەشەی بۆ دەکات، چوونکە ئەزموون پێماندەڵێت شۆڕش، ڤیدڵ کاسترۆ و پۆلپۆت و ماوتسی تۆنگ و ستالین و دیکتاتۆرەکانی نیشتمانی عەرەبی بەرهەمهێنا و هیچی تر.

ئاستی سێیەم: یەکێک لە ئەجیندا زۆر سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەت بزووتنەوەی گۆڕان لە دروستکردنی فەزایەکدا چڕ دەبۆوە، یارمەتیدەر بێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی. دیارە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی پرسێکی تایبەت بە خۆیانە، بەڵام هەروەک دەوترێت نەوشیروان مستەفا لە نەیارانی سەرسەختی ئەو رێککەوتنە ستراتیجییەیە و تەنانەت یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی هاتنە دەرەوەشی لە یەکێتی بریتیبوو لەو نزیکایەتییەی یەکێتی بە هۆی ئەو رێککەوتنەوە لەگەڵ پارتی هەیبوو. وەک بینیمان گۆڕان لە سەرەتای پرۆسەکەوە جۆرێک لە مجامەلەی یەکێتی و دەسەڵاتی دەکرد لە سلێمانی، یان ویسترا سەرەتا لە رێگەی لێدان لە بارەگاکانی پارتییەوە لە سلێمانی، بۆشاییەک

دروست بکرێت لە نێوان هەردوو حزبدا کە دواجار ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی نێوانیان، بەڵام ئەو پلانە سەرکەوتوو نەبوو، چوون پارتی و یەکێتی دەیانزانی بە دابڕاویی لە یەکتر، بەدەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەبنە پۆڕی خوراو، لە هەمان کاتدا ئەجێندای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و گواستنەوەی خۆپیشاندان بۆ ناوچەکانی نفوزی پارتی دەبێتە کارێکی زۆر ئاسان. بەڵام ئەوەی لەم نێوەندەدا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە زۆر بیری لێنەکرابووەوە ئاستی پەیوەندیی نێوان هەردوو حزبەکە بوو، بە تایبەت کە لە ڕێگای ئەو ڕێککەوتنە ستراتیجییەوە زەمانەتی پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووری هەردوولا کراوە، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تا ئەو ساتەوەختەش نەیاندەزانی ئەو ڕێککەوتنە بەهایەکی مەعنەویی و مادديی گەورەی لای هەردوو حزبی سەرەکیی هەیە و کۆی پەیوەندییەکانیان لە توێی ئەو ڕێککەوتنەوە سەرچاوەی گرتووە.

بێگومان درێژبوونەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی یان بە مانایەکی تر هەڵنەوەشانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی، یەکێکی تر بوو لەو گۆڕەپانانەی ئۆپۆزیسیۆن گەمەکەیان تێدا دۆڕان، چوونکە پێشتر وا دەزانرا بەو ئەجێندا ساکارە ئەو ڕێککەوتنە قووڵە پڕ بەرژەوەندییە هاوبەشەی هەردوولا لەناو دەچێت، وا دەزانرا پەلاماری پارتی لە سلێمانی، موجامەلەی یەکێتی و پێشمەرگەی یەکێتی، دەبنە فاکتەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی پتەو کە زۆر لەوانە بایەخی زیاترە لای هەردوو حزب، هەر لەم سۆنگەوە وێستگەی یەکەمی شکستی ئەجێندای ئۆپۆزیسیۆن لە مانەوەی ڕێککەوتنی ستراتیجی و بەرەو ڕووبوونەوەی پلانەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەشێوەیەکی هاوبەش لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە دەستپێکرد، تەنانەت ئۆپۆزیسیۆن لەم بوارەدا دوا کارتی ئەوە بوو کە پێیوابوو پارتی داکۆکی لە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ناکات، بەمەش هەم حکومەت و هەم ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوە، کەچی ڕەوتی ڕووداوەکان پێچەوانەکەیان سەلماند، ئۆپۆزیسیۆن لەم ڕەهەندەوە تووشی شۆک و شکستێکی گەورە بوو.

ئاستی چوارەم: دروستکردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن هەر سێ حزبی ئۆپۆزیسیۆنەوە وەک ئیفرازات و تەداعیاتی خۆپیشاندانەکان، ئەگەر لە سەرێکەوە لە خزمەتی پرۆسەی بەرەو پێشبردنی ئەجێنداکانیاندا بووبێت، لە ڕەهەندێکی

ترەوە بووەتە مایەی جۆرێک لە فەوزا و بەدحاڵیبوون، ئەگەر لە نموونەیەکی زۆر سادەوە دەستپێبکەین، تەفسیری ئازادیی لە لای مەلایەک و ئیسلامییەکی رادیکاڵ زۆر جیاوازترە، لە مانای ئازادیی لە لای هەڵسوڕاوێکی گۆڕان، گەرچی هەر سێ لا بەیەک نەغمە قسە دەکەن، بەڵام کاتێک چەمکەکان ورد دەکەینەوە، ئەوە نەک تەبایی نابینین بەڵکو بەر ناکۆکییەی سەیر دەکەوین. بۆیە بە بڕوای من هاوپەیمانێتی ئەو سێ هێزە لە باشترین حاڵەتدا ناتوانێت ئاستێکی باشتر لە هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی پێشکەش بکات، بە پێچەوانەوە ئەو هاوپەیمانێتییە لەسەر لم رۆنراوە و بناغەیەکی تەواو فشەڵی هەیە، چوون هەست ناکرێت ئینسیجام بە ئاسانیی لەنێوان ئەو سێ لایەنەدا دروست ببێت، نە «الله اکبر»ەکەی رێبین هەردی و نە دروشمی «ئازادیی» مەلاکان ئەو هێزەیان نییە، ئەو سێ لایەنە سیاسییە ناکۆکە ئایدۆلۆجییە کە خاوەنی پاشخانی دژ بە یەک و ناکۆکن، بە یەکەوە کۆبکەنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، تەنانەت ناتوانێت لە گەمەیەکی سیاسیی کاتی کە بە هاوسەرگیریی سیغە وەسفکراوە شتێکی زیاتر بێت.

بە بڕوای من سێ سیناریۆ لە بەردەم ئەو هاوپەیمانێتییەی ئەو سێ هێزەدایە، یەکەمیان ئەوەیە گۆڕان ببێتە هێزێکی ئیسلامی یان پرۆئیسلامی، ئەمەش ئەگەرێکی لاواز نییە. دووەمیان، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە دوو حزبە ئیسلامییەکە وێڕای ماکە ئائینییەکەیان بە سیستمی دیموکراسی و سکۆلاریزمی گۆڕان رازی بن، کە ئەمەیان ئەگەرێکی دوورە. سێیەمیان ئەوەیە هاوپەیمانییەکە بەم شێوەیەی ئێستا و بۆ ئەم قۆناغە وەک خۆی بەدەست لێنەدراویی بمێنێتەوە، ئەمەش ئەگەرە بەهێزەکەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم هاوپەیمانێتییە چی سوودێکی هەیە بۆ ئەو سێ هێزە؟. ئەگەر کەمێک بە ئینسافەوە بڕیار بدەین، جگە لە قازانجی تاکتیکی هیچ سوودێکی ستراتیجی بە هیچ کام لەو سێ هێزە ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە من وا دەهزرێم یەکێک لەو ئاستانەی بووە هۆی سەرنەکەوتنی ئەجێندای ئۆپۆزیسیۆن ئەو بەرەیە بوو بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنەوە هاتە مەیدان، چوونکە نە کۆمەڵگەی کوردیی لە چاوەڕوانی هێزە ئیسلامییەکاندایە تا بگەنە دەسەڵات، نە گۆڕانیش لە پەنا سەنگەری ئیسلامییەکاندا ئەو متمانەیەی پێشووتری ماوە.

ئەنجامگیریی: پرۆسەی خۆپیشاندان لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا لە

کوردستان دەسەڵاتی سیاسیی راچڵەکاند، لە خراپترین باردا پێکێکی تاڵیی پێ نۆشی، بەڵام هەروەک چۆن هیچ مرۆڤێک بە پێکی تاڵ نامرێت، دەسەڵاتی کوردیش بەم پێکە تاڵە نەمردووە و هێشتا زیندووە، بە پێچەوانەی «را» باوەکەوە من پێموایە ئەو هەوڵانەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ رووخاندنی دەسـەڵات گرتیەبەر، نەک دەسەڵاتی نە رووخان بەڵکو یارییەکە هەتا ئەم ساتەوەختەش بە قازانجی مانەوە و بەردەوامی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار چۆتە پێشەوە، رەنگە کەسانێک هەبن پێیانوابێ ئەم بۆچوونە لایەنگرییە لە دەسەڵات، بەڵام ئەز تەنێ یەک وەڵامم هەیە بۆ ئەوانەی بەو جۆرە بیردەکەنەوە و دەڵێم بۆچوونەکانی من تەنیا لایەنگرییە لە واقیعێکی ریالیستانە نەک یۆتۆپیا.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٩»ی گۆڤاری «ململانێ» لە کۆتایی نیسانی ٢٠١١ بڵاوبۆتەوە.

# ئایا چەپەکان دەتوانن ببن بە جێگرەوەی ئۆپۆزیسیۆن؟

لە دوو هەفتەی رابردوو، هاوپەیمانیی چەپەکان راگەیەندرا کە پێکهاتووە لە هەر سێ حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی محەمەدی حاجی مەحمود، حزبی شیوعی کوردستان بە سەرۆکایەتی کەمال شاکر، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڵێن عەبدوڵڵا. نزیکبوونەوە و هاوپەیمانیی ئەم سێ حزبە وەک لە بانگەشەکاندا دەردەکەوێت، ستروکتوری چەپبوونە!!. لێ ئێمە لێرە نامانەوێ گوومان لەسەر چەپبوونی ئەو سێ حزبە دروست بکەین، بەڵام پرسیارێکی ماقووڵ لێرەدا دێتە پێشەوە، ئایا ئەم هاوپەیمانییە کاریگەریی چی دەبێت لەسەر واقیعی کوردستان و دەتوانێت رووداو دروست بکات یان گەمە لە پەراوێزی رووداوەکاندا دەکات؟. ئایا دەتوانێت ببێتە جێگرەوەیەکی تەنانەت زۆر لاوازی سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکەی پەرلەمان؟.

### گەمەکردن لە پەراوێزی رووداو

ئەو سێ حزبە لە ژێر تایتڵی هاوپەیمانێتی چەپ کۆبوونەتەوە، لە ماوەی ٢١ ساڵی رابردووی دوای راپەڕین و قۆناغی ئازادیی کوردستان، بۆ ساتێکیش لە چەقی رووداوەکاندا نەبوون، هەمیشە لە پەراوێزدا گەمەیەکی بچووکیان کردووە هێندەی قەبارەی خۆیان. ئەگەر حزبی شیوعی لە پەنجا و شەستەکان تا کۆتایی هەفتاکان رۆڵێکی کاریگەریی لەسەر سەحنی سیاسیی کوردستان هەبووبێت،

یان سۆسیالیست لە کۆتایی هەفتاکان و هەشتاکان هێزێکی کاریگەر بووبێت، یاخۆ زەحمەتکێشان لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا سەرەتای نەوەدەکان لە کایەکەدا کەم تا زۆر کاریگەریی هەبووبێت، ئێستا ئەو سێ حزبە هێندەی رۆژنامەیەکی سێبەری سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەر نین، زۆربەی جار گووتاری ئەوان لە گووتاری سایتێکی ئەلیکترۆنی لاوازترە کە زۆرترینی ئەو سایتانەش لەلایەن تاکە کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێن.

لە ٢١ ساڵی رابــردوو، ئـەو سێ حزبە، هەمیشە کەوتوونەتە بەرداشی سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی، بوونەتە پاشکۆیان لە رووی هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بە هەر پێشهاتێکی سیاسیی. گووتارێکی سەربەخۆیان نەبووە و نییە کە حزبەکانیانی پێ بناسرێتەوە، وەک ئەوەی گۆڕان هەیەتی. من ناڵێم گووتاری سیاسیی گۆڕان چاک یان خراپە، بـەڵام گۆڕان خاوەنی گووتارێکی سیاسیی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیەتی کە ئەو حزبەی پێ دەناسرێتەوە، تەنانەت خاوەنی ئەدەبیاتی سیاسیی تایبەت بە خۆیەتی. ئـەو سێ حزبەی بـەرەی چـەپ تاکو هەنووکە نەیانتوانیوە کەمترین کاریگەریی لەسەر رای گشتیی دروست بکەن، بەڵکو کەوتوونەتە ناو فەزای ئەو رای گشتییەی لە دەرەوەی ئەوان هێزە سیاسییە گەورەکان دروستیان کردووە. هەمیشە هیچ ئاڕاستەیەکی سیاسیی دیاریکراویان نییە، بەڵکو زیاتر ئەو واقیعە سائیدەی هەیە ئاڕاستەی ئەم سێ حزبەی دیاری کردووە.

ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٩ واتە لە کاتی رێککەوتنی واشنتۆنەوە تا دەرکەوتنی گۆڕان، ساڵانێکی زێرین بوو بۆ ئەم سێ حزبە، ئەوان ئەگەر هێزی کاریگەر بوونایە، دەیانتوانی لە ماوەی ئەو ١١ ساڵەدا هەلەکە بە قازانجی سیاسیی خۆیان بشکێننەوە. ئەوان ئەوسا دەرفەتێکیان لە بەردەم بوو، بە گووتارێکی جیاوازەوە، سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی جیاوازتر بکەن و وەک ژمارەیەکی کاریگەر بێنە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە. ئەوکات ئەمەیان پێنەکرا، ئێستاش هیچ ئومێدێک نابینرێت، ئەو کارەی ئەوسا بیریان لێ نەدەکردەوە، ئەورۆ تەبەنی بکەن. بۆیە بە بڕوای من ئەو سێ لایەنەی بەرەی چەپ، بە دروستکردنی بەرەیەکی بچووک کە هیچ دەنگدانەوەیەکیشی نەبوو، ناتوانن لە پەراوێزی پرۆسەی سیاسییەوە بێنە ناو

چەقی ململانێ قورسەکان.

## ئایا دەبنە بەدیلی ئۆپۆزیسیۆن؟

ڕەنگە بڵێن بۆچی دەبێت ئەو بەرەی چەپە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی کە خۆی لە گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیدا دەبینێتەوە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بەهەر شێوە دەربڕینێک بێت بریتییە لەوەی، بەرەیەک کاتێک خۆی ڕێکدەخات و پرۆتۆکۆلی هاوپەیمانێتی واژۆ دەکات، دەیەوێت ئایننامەیەکی هەبێت، دەبێت بیەوێت کارێکی گرنگ لە واقیعی سیاسییدا بکات. ئەم بەرەیە سێ لایەنی بچووکن لە ڕووی پێکهاتەی جەماوەرییەوە، بۆیە ناتوانن لە ئێستاوە بانگەشەی دەسەڵات بکەن، دەبێت ئەوان ببنە بڵندگۆیەکی تری ئۆپۆزیسیۆن لە بەرانبەر دەسەڵات. ئایا ئەمە دەکرێت لە چرکەساتێکدا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی وەک گۆڕان و ئیسلامییەکان لەسەر ئەرزی واقیع بن؟. بێگومان نەخێر.

ئێستا کاتی ئەوەیە، پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر ئاڕاستە بکرێت، ئایا ئەم چەپانە دەتوانن ببنە جێگرەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان؟. وەڵامەکە بێ دوولێ لای من هەر نەخێرە. چوونکە سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەیان هەیە، ٣٦ کورسی پەرلەمانیان هەیە کە دەکاتە سێ یەکی پەرلەمان، ئەو سێ لایەنە بەسەر یەکەوە ژمارەی کورسییەکانیان زیاترە لە هەر یەک لە پارتی یان یەکێتی بە تەنیا، بەڵام هەرسێ حزبەکەی بەرەی چەپ تەنیا ٤ کورسیان هەیە، ئومێدیش بە زیادبوونی نییە!!، ئەگەر کەمیش نەکات!!. لە ڕووی پێکهاتەی جەماوەرییەوە، هێز و نفوزی ئەو سێ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەی پەرلەمان ٢٠ هێندەی نفوز و هێزی ئەو سێ لایەنە چەپەیە. لە ڕووی ئەجیندا و پرۆژەوە دیسان ئۆپۆزیسیۆن و بەرەی چەپ شیاوی بەراووردکردن نین.

بەشێوەیەکی گشتیی من وای دەبینم، بەرەی چەپ نەک ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکو ناتوانێت ببێتە هێزی سێیەم، لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا!. ئەگەر بتوانن ببنە هێزی سێیەم دەتوانن هەنگاوی زیاتر بنێن، ئەوەش بە دروشم نابێت، بە ڕۆشنکردنەوەی بەرنامەی سیاسیی و دیقەتی زیاتر و داڕشتنی پلاتفۆرمی جیاواز دەکرێت، کە من ئەو توانایە لەو سێ هێزەدا نابینم.

لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین پێکهێنانی بەرەی چەپ، تەنیا ناونیشانێکی گەورەیە و هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر ئەو واقیعەی لە کوردستان دەگوزەرێت، بە دەلیلی ئەوەی ئەم بەرەیە لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا ناسنامە و مەهامی خۆی لە بیر کردووە.

ئەگەرچی دەزانم بەرەی چەپ، بانگەشەی نەکردووە تاکو ببێتە بەدیلی ئۆپۆزیسیۆن. یان بانگەشەی ئەوەی نەکردووە ئەجێندایەکی نوێی پێیە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی کوردستان بەرەو باشتر لەمە، بەڵام مافی ئێمەشە پرسیار بکەین، ئەرێ بەرەی چەپ بە تەمای چییە؟. ئاخۆ دەیەوێت گەمەیەکی بچووک بکات کە بە تەنیاش کردوویانە یان ئامادەکاریی دەکەن بۆ کارێکی گرنگ؟. من لەو روانگەیەوە ئەم پرسەم جوڵاند، کە ویستم جارێکی تر دووپاتی بکەمەوە، بەرزکردنەوەی بەردی گەورە پێویستی بە بازووی بەهێز و توانایەکی باش هەیە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٦» گۆڤاری «شەپۆل» لە ١-١٢-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# سێ بۆچوون لەمەڕ شۆڕشە عەرەبییەکان

-١-

دونیای عەرەبیی بۆ ماوەی چەندین «دەیە» بێدەنگ بوو، ڕاستتر وایە بڵێین بێدەنگ کرابوو، میکانیزمەکانی بێدەنگی و خەساندنی کۆمەڵگە عەرەبییەکان لە کەسمان شاراوە نەبووە، میکانیزمی دڵڕەقانە و زەبر و زەنگئامێز بووە. ئەگەرچی بە ڕووکەش کۆمەڵگەی عەرەبیی بە هێمن و بێدەنگ دەبینرا، بەڵام ئەوە تەنیا دیوی دەرەوەی تابلۆکە بوو، بەپێچەوانەوە لە ژێرەوەڕا کۆمەڵگەی عەرەب کۆمەڵگەیەکی تووڕە و پڕ لە قسە بووە، تەنیا چاوەڕوانی دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆی نیشان بدات، وەک ئەوەی لە دەرفەتی خۆ سووتاندنی «محەمەد بوعەزیزی»دا بەرجەستە دەبێت. بوعەزیزی تەنیا پاساوێک بوو یان ڕاستتر وایە بڵێین دەرفەتێک بوو بۆ کۆمەڵگە عەرەبییەکان تا تووڕەیی خۆیان بڕێژن، چوونکە مرۆڤی عەرەب بە درێژایی دەیەکان سووکایەتی زۆر لەوە گەورەتری لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە پێکراوە، بەڵام ئەمجارە هاوکێشەکە تەواو هەڵدەگەڕێتەوە و خۆ سووتاندنی عەرەبانچییەکی گەدا بڵێسەی ڕاپەڕینێکی گەورەی عەرەبی دادەگیرسێنێت. هەروەک «ئەدۆنیس» بۆی چووە ئیتر تاکی عەرەب گەیشتە ئەو هۆشیارییەی بە ڕووخانی کۆی ڕژێمە عەرەبییەکان شتێک نەماوە لە دەستی بدات، بۆیە ئیدی تاکی عەرەب دەگاتە ئەوەی دەست ببات بۆ گۆڕینی ڕژێم و ئەو سیستمە سیاسیی و ئابوورییەشی ئەو ڕژێمانەی پایەدار کردووە.

سەبارەت بەوەی ئەم ڕاپەڕینانە دەبنە فاکتۆری دروستبوونی سەقامگیریی و دیموکراسییەت؟. وەڵامدانەوە بەم پرسیارە برێک سەخت و ئاڵۆزە. چوونکە

هێشتا پرۆسەی گۆڕینی رژێم و راپەڕین بۆ نموونە لە هەردوو وڵاتی میسر و تونس بەردەوامە. بۆیەکا ناکرێت ئێمە پێش ئاروداوەکە بکەوین و بڕیاری حاسمی لەسەر بدەین، ئەوەی هەیە راپەڕینی کۆمەڵگە عەرەبییەکان لایەنی گەش و لایەنی تاریکیشی هەیە. لایەنە گەشەکان بریتین لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و بە خاکسپاردنی رژێمەکانی پاشماوەی قۆناغی رزگاریی نیشتمانی و کۆلۆنیالیزم و دەستبردن بۆ ئەو کاریزمایانەی کە بڕیاریاندابوو کۆماری باوک و کوڕەکان بۆ چەندین دەیەی تر درێژە پێبدەن، لایەنی خراپی ئەو راپەڕینانەش لەوەدایە لە هەندێک جێگە و لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیی، خەریکە ئاگری شەڕی ئەهلی دەکاتە دیفاکتۆ، لەولاشەوە هێزە ئیسلامییە فێندەمینتالەکان دەیانەوێت گوڵەوەچنی دەستکەوتەکانی راپەڕین بکەن.

کێشەی سەرەکیی ئەوەیە، ئەو راپەڕین و خۆپیشاندانانەی وڵاتانی عەرەبییان گرتۆتەوە، هێشتا نەیانتوانیوە ببنە شۆڕش. چوونکە شۆڕش پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی هەمەلایەنە و ریشەییخوازانەیە، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە عەرەبییەکان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لاوەکی و پەراوێزی بن کە دەکرا لە هەناوی رژێمەکانی پێشووشدا بهێنرێنە دی، لێ ئەمە پاساو هێنانەوە نییە بۆ رژێمە سەرکوتگەرەکانی عەرەب، بەڵام راپەڕینەکان تا نهۆ شتێکیان پێشکەش نەکردووە بۆنی ئەوەی لێبێت کۆمەڵگەی عەرەبی دەباتە پێشەوە و لە وێستگەیەکی تر دایدەنێت کە دیموکراسیی و کۆمەڵگەی کراوەیە. من وەک خۆم دوودڵم و ناتوانم بەوە دڵخۆش بم ئەم راپەڕینانە مزگێنی دیموکراسین. بە قەد پیرۆزیی راپەڕینەکان گوومانم هەیە و پێموایە دەشێ ئەم راپەڕینانەش دەستبەتاڵ دەربچن. چوونکە کۆمەڵگەی عەرەب پێش گۆڕینی رژێمەکان پێویستی بە گۆڕینی خەیاڵدان و بیرکردنەوە هەبوو. رێنیسانسی فکریی و عەقڵانی پێش شۆڕشەکان گرەنتی دیموکراتی و ئازادیی دەکات. ئەمەش رێسایەکی سادە و ئاشکرایە، تاکێک خاوەنی فەرهەنگی دیموکراتی نەبێت، بە دژایەتیکردنی رژێمێکی سەرکوتکەر نابێتە دیموکراتی. تۆ سەیری «شۆڕشگێڕان»ی لیبیا بکە، ئەو کاتە بیر لەوە بکەرەوە ئایا بەم هێزە توندوتیژە دیموکراسی چێ دەبێت؟.

-٢-

کارەساتەکە ئەمەیە. هێزەکانی ناتۆ دەیانەوێت بە موشەک دیموکراسی چێ بکەن. ئەمە لە بیرکردنی ئەزموونی عێراق و ئەفغانستانە. چوونکە یەکەمیان دوای هەشت ساڵ و نیو و دووەمیان دوای دە ساڵ، نەک نەبوونەتە نموونەی دیموکراسی، بەڵکو لە شوێنی خۆیان فەڕەتەناش لێدەدەن و هێشتا لە هەمان زەلکاوی پێشوودا مەلە دەکەن. لە راستیدا لە هیچ شوێنێکی دونیا دیموکراسی بە زەبر و هێرشی فڕۆکە نەهاتۆتە ئارا، مرۆڤ کوشتن مرۆڤ کوشتنی لێدەکەوێتەوە، نەک دیموکراسی. ئاخر ئەگەر گەوهەری دیموکراسی ئەوە بێت کە دەبێت بە پێشکەوتووترین چەکی دەستی ناتۆ خەڵکی بۆ بکوژرێت، ئیدی شتێک نییە مانایەکی باش و بوونێکی گرنگی هەبێت، بە پێچەوانەوە نەفرەت لەو دیموکراسییەی قەسابخانە بۆ مرۆڤ دەخاتە کار.

میدیاش لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، پاشکۆی سیاسەتە و کار بۆ سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات، ئێستا کۆدەنگییەکی گەورەی زلهێزەکانی دونیا هەیە، بۆ لەناوبردنی رژێمە عەرەبییەکان، بۆ ئەمەش رەچاوی رێسای پوولی دۆمینە دەکەن و پێیانوایە وردە وردە هەموویان بە دوای یەکدا دەکەون. تا ئێرە ئاساییە و تەنانەت جێی دەستخۆشییە وڵاتانی زلهێزی دونیا یارمەتی گەلانی وڵاتانی عەرەبی بدەن، لە پێناوی ئاڵوگۆڕ و لەناوبردنی رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا. کاری میدیای جیهانیش لەو نێوەندەدا هیچ گلەییەکی لەسەر نییە، بەڵام چاو نووقاندن لە ئاست کوشتوبڕ و لە ناوبردنی هەزارەها مرۆڤ لەلایەن ناتووە، بە تایبەت لەلایەن کەناڵی راگەیاندنەوە تاوان و بێهەڵوێستییەکی زۆر گەورەیە کە هەرگیز مێژوو لە بیری ناکات.

من بڕوام وایە کە میدیای جیهانی بووە بە پاشکۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکا، بۆیە هەموویان لەسەر یەک ئاواز و وەک قاز یەک شت دەڵێنەوە، لە کاتێکدا چۆن ئەو میدیایە تاوانەکانی موبارەک و قەزافی و بنعەلی دەبینێت، پێویستە بە هەمان شێوە تاوانەکانی ناتۆ و ئۆباما و ئەردۆگانیش ببینێت. ئەوەتا لەلایەک ئەو میدیایە چەکدار و بەرهەڵستکارانی قەزافی بە شۆڕشگێڕ ناوزەد دەکات و چەپڵە بۆ هێزەکانی ناتۆ لێدەدات، کەچی لەولاوە دەستخۆشی لە دەوڵەتی تورک دەکا و

هێزێکی وەک پەکەکە و پژاکی پێ تیرۆریستە!. ئەمەیە ئەو ئیزدواجیەتەی لە کاری میدیای جیهانیدا خۆی بەرجەستە کردووە. ئیزدواجیەتێک مەگەر هەر «چۆمسکی» هەبێت پەردە لە رووی هەڵماڵێت و دەستەکەیان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکات.

-٣-

ئاشکرایە کۆمەڵگەی عەرەبی باجی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ دەدات. موعەمەر قەزافی و حافز ئەسەد و موبارەک لە یەکێک لە ساتەوەختە مێژووییەکاندا وەک شۆڕشگێڕ و قارەمانی نەتەوەیی، تێکڕای گەلی عەرەب چەپڵەیان بۆ لێداون. کەچی ئەمڕۆ دەریایەک خوێن دەڕێژرێت لە پێناوی لە کارخستن و لابردنیان. من پێموایە نەوەی شۆڕش سەقەتترین نەوەن، بۆیە من ترسی زۆرم لەوانەش هەیە ئەمڕۆ بە شۆڕشگێڕ ناو دەبرێن، چوونکە ئەوەی رەوایی خۆی بە خوێن وەربگرێت، بێگوومان بە خوێن لێی دەسەنرێتەوە. لەم سۆنگەوە پێموایە شۆڕش جگە لە توندوتیژیی و لێکترازانی ریزەکانی کۆمەڵگە هیچی تر بەرهەم ناهێنێت. من وەک خۆم دژی شۆڕش نیم بەڵکو مارکس وتەنی هەموو گۆڕانکارییەکی جەزری لە رێگەی شۆڕشەوە دەبێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە شۆڕش خوێناویی بێت و بریتی بێت لە زنجیرەیەک رووبەڕووبوونەوەی فیزیکیی نێوان خەڵک، بە پێچەوانەوە یەکەم شۆڕش ئەو شۆڕشەیە کە خەیاڵدانی مرۆڤ و روانگەی مرۆڤ دەربارەی دونیا دەگۆڕێت، بە داخەوە کۆمەڵگەی عەرەب هێشتا خاڵییە لەم جۆرە شۆڕشانە، بۆیە ئومێدەکانیشمان بە دیموکراسیی لە دونیای عەرەبیدا هێشتا لاوازە و بە بەراوورد بە کاتی پێش راپەڕینەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە.

دووپاتی ئەو بۆچوونەی پێشووم دەکەمەوە و پێموایە دیموکراسی بە چەک و زەبروزەنگ نایەتەدی، بۆیە من رەشبینم بەرامبەر ئەوەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە چەکدارەی وڵاتانی عەرەبی بتوانێت دیموکراسی چێ بکات، خۆ ئەگەر سەیرێکی وردی ئەو پرۆسەی گۆڕانکارییانەش بدەین بۆ نموونە لە میسر و تونس روویانداوە کە دوو وڵاتن رژێم تیایاندا گۆڕاوە، هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نابینین، بۆ نموونە پرۆسەی لێپرسینەوە و بنبڕکردنی گەندەڵی لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێت، بەرهەمی هەمان عەقڵی سیاسیی رژێمی پێشوون!، چوونکە زۆرینەیان

لە بەرپرسانی پێشووی رژێمن، لە میسر ئەوەتا هێشتا سەرباز دوا قسە دەکات، پاشان لە پرۆسەی دەنگدان لەسەر دەستووری ئەو وڵاتە بینیمان، ئیرادەی ئیخوان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا. لەبەرئەمە من گوومانم هەیە ئەم راپەڕینانە ببنە هەوێن و مامانی دیموکراسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم راپەڕینانە بە خاڵی دەستپێک دابنێین و ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێزی دیموکراتخوازانە جڵەوی سیاسەتی بکەوێتە دەست، ئەوا بێگوومان بە پێی پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵگەی عەرەبی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکرات.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٥٠٦»ی رۆژنامەی «میدیا» لە ١-١١-٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

# گەشبینی و گومان لەمەڕ بەهاری عەرەبی

لە سەرەتاوە تا ئێستا نزیکەی پێنج مانگ تێپەڕیوە بەسەر شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی کە لە ئەدەبیاتی سیاسییدا بە «بەهاری عەرەبی» ناوزەد دەکرێت، تا نهۆ بەهاری عەرەبی توانیوویەتی دوو رژێم لەسەر کار لاببات. لە سێ دەوڵەتی تردا «لیبیا، یەمەن، سوریا» شۆڕش لە کڵپەسەندنی بەردەوامدایە، بارودۆخی هەر یەک لەو سێ وڵاتە لە یەکتر جیاوازە، لیبیا دەرگیری شەڕێکی ناوخۆیی چەکداریی گەورە بووە، ناتۆ و وڵاتانی رۆژئاوایش لە رێگەی بۆردومانی رژێمەکەی «قەزافی»یەوە بوونەتە تەرەف لە جەنگەکەدا. لە یەمەن بارودۆخەکە جیاوازە، جەماوەر تەنیا لە رێگەی خۆپیشاندانەوە داوای گۆڕینی رژێم دەکات، بەڵام دوای برینداركردنی عەلی عەبدوڵڵا سالحی سەرۆکی ئەو وڵاتە و ژمارەیەک کاربەدەستی باڵای دەوڵەت لە رێگەی موشەکەوە، پێدەچێت ئاقاری رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت و جەماوەر بەشێوەیەکی تر بگۆڕدرێت، هەرچی سوریایە بە مامەڵەیەکی بەعسییانە وەڵامی داخوازیی خۆپیشاندەران دەداتەوە و تا هەنووکە زۆرترین کوژراو لە خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە تۆمار کراون بە بەراوورد بە هەریەک لە یەمەن و تونس و میسر و بەحرەین و..هتد. تا ئەم چرکەساتەشی ئێمە قسەی تێدا دەکەین شۆڕش بەهەردوو شێوەی چەکدارانە و ئاشتییانە لە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی درێژەی هەیە.

جیاواز لەوەی چی دەگوزەرێت و چۆن رژێمەکان لە دونیای عەرەبییدا دەگۆڕدرێن، پرسیارێکی سەخت هەمیشە ئامادەیی جیددی هەیە، ئایا ئەم شۆڕشانە

دەتوانن سەرەتایەکی نوێی دیموکراسی لە نیشتمانی عەرەبییدا بهێننە دی؟. ئایا بە نەمانی رژێمە تۆتالیتاریی و دیکتاتۆرییەکانی ولاتانی عەرەبیی، دەوڵەتی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەسەر ئەو جەستە کۆنە لە دایکدەبێت؟. ئایا بەهەموو شۆڕشێکی دژی دیکتاتۆریی دەوترێت شۆڕشی دیموکراتی؟. ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارانە وەک یەک نین، بەڵام لە راستیدا هێشتا هیچ دیمەنێک نابینین پێمان بڵێت لە تونس و میسر کە رژێم تیایاندا گۆڕاوە، کاروانەکە بەرەو دیموکراسی کەوتۆتە رێ. بە پێچەوانەوە هەندێک ئاماژەی خەتەرناک دەبینین تەفسیری یەک حاڵەتمان بۆ دەکەن، ئەویش ئەوەیە هێشتا زەمینەی کۆمەڵگە عەرەبییەکان بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتگەلی نوێی لیبراڵ نەخەملیوە، چوونکە ئەو زەمینەیە زادەی سەدان ساڵ لە کولتووری پریمیتیڤ و بەداوەت و دەیان ساڵ لە حوکمی پۆلیسی و دیکتاتۆرییە، ئەمە لە رووی سیاسییەوە، لە رووی کۆمەلایەتییەوە فەرهەنگێکی ئاینیی وشکهەڵاتوو تا ئێستا کاریگەریی جیدی هەیە لەسەر هزری تاکی عەرەبیی، لە رووی ئابوورییەوە زۆرینەی ولاتانی عەرەبی یان لە ریزی دەوڵەتە هەژارەکانن یان دەوڵەمەندن بە سەرمایەی نەوت و لەژێر کاریگەریی رۆشنبیریی نەوتن کە تاکی بەکاربەری دژە بەرهەمهێنی دروستکردووە، ئەمەش بەهیچ جۆرێک یارمەتی پرۆسەی دیموکراسییەت نادات، چوونکە دیموکراتییەت و پیشەسازیی پێکەوە بەستراون، یان بە مانا باوەکە دوو رووی یەک دراون.

بیرمەندی ناسراوی عەرەب «جۆرج تەرابیشی» پێیوایە، بەهاری عەرەبی یان شۆڕشەکانی عەرەب کە حاڵی حازر هەڕەشەی پلە یەکن بۆ سەر رژێمە تەقلیدییەکانی عەرەب، شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی جیهانیین، بەو پێیەی شەپۆلی یەکەم لە خۆرئاوای ئەورووپا و ئەمەریکا لە دوای شۆڕشی فەڕەنسییەوە دەستپێکردووە، شەپۆلی دووەمیش لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا بە نەمانی بلۆکی رۆژهەڵات دەستپێکرد لە ساڵی ١٩٨٩، هەرچی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی جیهانیشە ئەم شەپۆلەیە کە لە ساڵی ٢٠١١ لە تونسەوە بەرەو کۆی ولاتانی عەرەبی دەکشێت. وەلێ ئەم بۆچوونەی تەرابیشی جۆرێک لە گەشبینی و پاڵپشتی و سۆزی تاکەکەسی تێدایە بۆ شۆڕشە عەرەبییەکان، بەڵام هێشتا زووە بۆ

ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ئەم شۆڕشانە دەبنە ستروکتوری دیموکراتی لە جیهانی عەرەبییدا، هێشتا زۆر ئاماژەی ترسناک هەیە کە هەڕەشە لە ئایندەی شۆڕشەکان دەکەن، ئەگەر بۆ نموونەی میسر بگەڕێینەوە دەبینین ڕۆڵ پەیداکردنی هێزە ئیسلامییە ئسوڵییەکان کارتێکردنی نەرێنی هەبووە لەسەر پرۆسەی بینای دیموکراسی لەو وڵاتەدا، لەمەش ترسناکتر وا خەریکە کۆمەڵگەی میسریی بەرەو جەنگێکی ئایینیی لەنێوان موسڵمان و کریستیانەکاندا رادەکێشن. ڕاستە قەبارەی مەترسییەکە بەو ئەندازەیە نییە هەموو هاوکێشەکە بگۆڕێت، بەڵام ناشێ لە حاڵی حازردا چاو لەو جۆرە مەترسییانە بنووقێنرێت.

«فەرید زەکەریا» سەرنووسەری گۆڤاری «نیوزیوک» لە وەڵامی پرسیاری خوێنەران لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە هەمبەر شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەوە دەخاتە ڕوو ئەم دۆخە، هەمان دۆخی ساڵی ١٩٨٩یە، واتە دۆخی دوای رووخانی دیواربەندی بەرلین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت وڵاتانی عەرەبی، کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا نین، لەبەر ئەم فاکتۆرە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخان بەرەو سیستمی دیموکراتی بە هێواشی و بە پێی پرۆسەیەکی زەمەنی دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی لە ئێستاوە بە ڕوونی لە تابلۆکەدا ئەوە دەبینرێت، ئەم پرۆسەیە هەموو وڵاتانی عەرەبی پێکەوە ناگرێتەوە. زەکەریا ئەوەش دەخاتە ڕوو پرۆسەی گۆڕانکاریی لەو وڵاتانەی خاوەنی شلەی نەوتن، خێراتر و کاریگەرترە وەک لەوانەی هیچ نەوتیان نییە، بەو پێیەی پتەویی ژێرخانی ئابووری و هەبوونی بژێوییەکی باش بۆ تاکەکەس هەرچی زیاتر پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕان ڕووەو دیموکراسی خێراتر دەکەن. ئەم بۆچوونەی زەکەریا دیسانەوە پاڵپشتی لە هەمان دیدگا دەکات کە پێیوایە دیموکراسی تەنیا بە ئیرادە و میکانیزمی شۆڕشگێڕانە ناهێنرێتە دی، چەسپاندنی دیموکراسی پێش هەر شتێک پەیوەستە بە هەبوونی کۆمەڵێک زەمینە و پێشمەرجی سیاسیی و فیکریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. لەسەر ڕاستیی ئەم پرنسیپە ناتوانین بە هەموو شۆڕشە عەرەبییەکان بڵێین شۆڕی دیموکراسی تەنیا لەبەرئەوەی دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی بەرپاکراون، نەخێر ئەمە ڕێسایەکی ماتماتیکی نییە کە هەمیشە یەک کۆ یەک بکاتە دوو.

لەگەڵ خستنەرووی ئەم گومانانەشدا، هاشا لە دیوە ئیجابییەکانی شۆڕشە عەرەبییەکان ناکەین، بەپێچەوانەوە ئەمە سەرەتایەکی نوێیە لە جیهانی عەرەبدا و وەک فەیلەسووفی فەڕەنسی «ئێدگار مۆران» بۆی چووە ئەم شۆڕشانە وێنای عەرەبیان لە جیهاندا گۆڕیوە، کە هیچ دوور نییە ئەم گۆڕینەی ڕژێمەکان، سەرئەنجام ببێتە گۆڕانێکی سەرتاپاگیر لە کۆی کایە و بوارە جیاجیاکانی ژیانی تاکی عەرەبدا، بەوەش کولتووری دیموکراتی زیاتر گەشە بکات. بۆیە قسەی ئێمە لەسەر خودی شۆڕشەکان نییە، چوونکە هیچ لارییمان لەوە نییە، شۆڕشی گەلانی عەرەبی شۆڕشی ڕەوان و ڕژێمە عەرەبییەکانی ئێستا تەنیا شایستەی ڕووخاندنن، بەڵکو قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە ئاخۆ ئاکامی شۆڕشەکان بە کوێ دەگەن؟. ئایا شۆڕش دیموکراتی بەرهەم دەهێنێت یان توێژێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیارینەکراو دەکاتەوە بە حوکمڕان؟. یان ئیسلامی سیاسیی بەرهەمەکەی دەچنێتەوە؟. بەشێوەیەکی گشتیی هەمووومان تەنیا سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەین، هەم گەشبینین و هەم گومانمان هەیە، واتە بارودۆخەکە بەشێوەیەک لەنگەری گرتووە لە نێوان گەشبینی و گوماندا ڕابوەستین و چاوەڕوانی وەرچەرخان و پرۆسەکانی داهاتوو بکەین، ئاخۆ شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی دەبنە مامانی دیموکراسی یان نا؟.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٥٥٠٦»ی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە ١٥-٦-٢٠١١ بڵاوبۆتەوە

# حکومەتی نوێی نێچیرڤان بارزانی چۆن دەبێت؟

پاش ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەیتوانی کەیسی کاندیدی پارتەکەی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە بەو جۆرەی هەموو دەستەکانی نێو یەکێتی پێی قایل بن، مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بە کتوپڕی رایگەیاند: کاندیدی ئەوان وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆکی ئێستای حکومەت (نێچیرڤان بارزانی) یە!، ناوەندی سیاسیی و میدیایی کوردیی لێکدانەوەی جیاجیایان دەربارەی ئەو هەڵوێستە لە ناکاو و چاوەڕواننەکراوەی تاڵەبانی هەیە، دیارترین لێکدانەوە دەیبەستێتەوە بە پەرتەوازەیی یەکێتی و رێکنەکەوتنی دەستەکانی نێو یەکێتی لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم. پێشتر مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) چەندین کۆبوونەوەی بالای بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسە ئەنجامدا، ئەو هەواڵانەی لە هۆڵەکانی کۆبوونەوەوە دزەیان دەکردە دەرەوە سەرنجیان رادەکێشا بۆ ئەوەی سەرگەرمی پاڵاوتنی کاندیدێکن بۆ ئەو پۆستە، چەندان ناو دەهاتنە پێشەوە وەک کاندیدی یەکێتی بۆ جێگرتنەوەی نێچیرڤان بارزانی، هەر لە (عومەر فەتاح)ەوە تا (د.ئەرسەلان بایز)، بەڵام پاش رێکنەکەوتنی فراکسیۆنەکان و شکستی کۆی هەوڵەکانیان بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک هەموو بە تۆبزیی ملیان دا بەدرێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستەکەیدا.

(عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکدا دەربارەی هەڵبژاردنەوەی نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند: یەکێتی یان کەسێکیان دەست

نەکەوتووە یان لە بەینی خۆیاندا ڕێنەکەوتوون یان پێیان باش بووە لەم قۆناغەشدا کاک نێچیرڤان بارزانی بێت. دەربارەی ئەگەری یەکەم وەک لە لێدوانەکەی باپیردا هاتووە یەکێتی وەک پارتێکی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، هێندە پارتێکی بچکۆلانە و بێ جەماوەر نییە نەتوانێت ئەکتەرێکی ئیداریی بۆ پۆستێکی لەو جۆرە هەڵبژێرێت، بۆ وەڵامی ئەمە سەردەمی دوو ئیدارەیی دەیسەلمێنێت یەکێتی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کاراکتەرێک نییە بە ناوی سەرۆک حکومەت چوونکە لەو ماوەیەدا سێ سەرۆک وەزیرانی گۆڕیوە و تاقیکردۆتەوە، لە بارەی دوا ئەگەرەوە: هیچ هۆیەک نییە یەکێتی لە هەوەنتە پۆستێکی ئیداریی کە لە ئەنجامی پێکهاتنێکی سیاسیی و مافێکی شەرعییەوە پێیگەیشتووە بۆ بەرامبەرەکەی ڕەت بکاتەوە، ئەمە لە لۆژیکی هیچ ڕەوتێکی سیاسیی بەهێز و دوور لە قەیران و تەنگژە جێگەی نابێتەوە. بێگومان ڕاستترین ئەگەر یان با بڵێین هۆکاری ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەکتەری پێشنیارکراو بۆ پڕکردنەوەی جێگەی سەرۆکی پێشوو. ئەم ڕێکنەکەوتنەش پەیوەستە بە ناکۆکی قووڵی نێوان باڵەکانی یەکێتییەوە کە خەریکە قاچی ئەو پارتە لەسەر شانۆی سیاسەت گیر و ئیفلیج دەکات و ڕێگە لە هەنگاونانی دەگرێت بۆ هەر ئامانجێکی بەرەو پێشەوە!!. لێ ویسترا و خوازرا نیشان بدرێت دانانەوەی بارزانی پەیوەندیی بە خزمەتە زۆرەکانی ناوبراوەوە هەیە، بەڵام هەرگیز ئەو ویستەی لەودیوی کەوالیسەوە هەبوو ئەم ڕەهەند و فاکتۆرەی لەبەرچاو نەگرتبوو یان بۆی گرنگ نەبوو.

یەکێتی جگە لە ملدانی بۆ درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، بۆ پۆشینی شکستی هەڵبژاردنی کاندیدای خۆی، ناچاربووە دان بە (کارامەیی و لێهاتوویی) بارزانی دا بنێت وەک سەرۆکێکی ئەکتیڤ و خاوەن پڕۆژە. (کۆسرەت ڕەسوڵ) جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی بە ڕاشکاویی ڕایگەیاند (نێچیرڤان بارزانی کارەکانی سەرکەوتوانە ڕاپەڕاندووە و جیاوازیی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا نەکردووە) ئەم لێدوانە دوای ئەوە هات لەڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە وەها بڵاوبووەوە (کۆسرەت ڕەسوڵ) مکوڕە لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت لەلایەن پارتەکەیەوە، بێجگە لە ناوبراویش زۆربەی

وەزیرەکانی سەر بە لیستی سەوز لە کابینەی پێنجەم بۆچوونی هاوشێوەی گۆشەنیگای (کۆسرەت رەسوڵ)یان هەیە، بۆ نموونە (فاروق جەمیل) وەزیری داد لە کابینەی پێنجەم لە بارەی سەرۆکی کابینەکەیەوە دەڵێت (ئەدای سەرۆکی حکومەت زۆر باش هەڵدەسەنگێنم و کاری باشی کردووە، بەڵام بۆ مەملەکەتێکی وێران ئەم دوو ساڵە کەمە بۆ ئەوەی پرۆگرامەکان جێبەجێ بکرێن). ئەم دانپیانانە بەشی هەرە زۆری پەیوەندیی بەوەوە نییە کابینەی پێنجەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی زۆر سەرکەوتوو بووە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، بەقەدەر ئەوەی لای یەکێتی پاساودانی شکست و لای پارتی بەرزکردنەوە و نرخاندنی کار و چالاکییەکانی خودی سەرۆکی حکومەتە.

## پێکهاتەی نوێی حکومەت

سەرچاوە ئاگادارەکان تەئکید دەکەنەوە حکومەتی نوێی نێچیرڤان بارزانی حکومەتێکی ئیئتلافی دەبێت، هەندێک لە بەرپرسانی باڵای هەردوو پارتی سەرەکیی کوردستان دڵنیایی دەدەن بە پارتەکانی دیکە وەک بەشدار دەمێننەوە لەم پێکهاتە نوێیەی حکومەتدا، لەو میانەیەدا (عیماد ئەحمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی رایدەگەیەنێت (بڕیاری بێبەشکردنی حزبەکانی تر نەدراوە). بەڵام ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە رۆژنامەی هاوڵاتی راگەیاندووە (هێشتا قسە لەسەر بەشداریی حزبەکان نەکراوە و نازانرێت بەشدارییان پێدەکرێت یان نا؟). لەلایەکی ترەوە (جەمال عەبدوڵڵا) وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێم تەئکید دەکاتەوە بەرنامەی دەرپەڕاندنی حزبەکانیان نییە لە پێکهێنانی ئەم حکومەتە نوێیەدا، لە بەرسڤدا سکرتێری پارتێکی کوردستانی پێی راگەیاندم: پارتی و یەکێتی دەیانەوێت بازنەی بەشداریی حزبەکان تەسک بکەنەوە و هەندێکمان دەرپەڕێنن، چوونکە هەست دەکەن دوای ئەو رێککەوتنە ستراتیژییە درێژخایەنەی لەنێوان هەردوولا هاتۆتە کایەوە پێویستییان بە پارتەکانی تر نەماوە، بە تایبەت دەیانەوێت گۆڕان بەسەر هەندێ هاوپەیمانێتیدا بێت لە پێشتردا هەبوون کە زادەی جەنگی ناوخۆ و ناکۆکی نێوان ئەو دوو حزبە بووە.

حزبەکانی دەرەوەی دوو پارتە سەرەکییەکە چ ئیسلامییەکان، چ هەندێک لە پارتە

بچووکەکانی وەک حزبی سۆسیالیست رەخنە لەم پێکهاتە نوێیە دەگرن، چوونکە هەست بەوە دەکەن سیاسەتی کەنارگیرکردنیان پەیڕەو دەکرێت، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رەخنە و تێبینی زۆری لەسەر تەشکیلەی حکومەتە نوێیەکە هەیە، ئەم هەستە لەسەر زاری (هیوا میرزا سابیر) سکرتێری مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە و ناوبراو رایگەیاندووە (دەستەڵاتی حزب لە پشتی حکومەت و پەرلەمانەوەیە)، بەڵام لەواقیعدا پارتی و یەکێتی مافیانە بە ویستی خۆیان حکومەت تەشکیل بکەنەوە، چوونکە شەرعیەتی یاساییان لە رێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنەوە بەدەستهێناوە بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی حکومەت، ئەمە لەلایەک و لەسەرێکی ترەوە حزبەکانی دیکە هێندە کاریگەر نین تا رۆڵ ببینن و رەوتی کارکردنی حکومەت بگۆڕن، ئیدی بۆ دەبێت ئەکتەری ئەم کابینە نوێیەش بن؟ کاتی ئەوە هاتووە بگرە درەنگیشە حکومەتی هەرێم لە قەفەس و درمی تەوافوقی حزبە کوردستانییەکان و دڵڕاگرتنی هەموو لایەک رزگار بکرێت تاوەکو حکومەتی نوێ حکومەتێک بێت لەسەر پێ رابوەستێت و بە بەشدارپێکردنی هەموو لایەک لاواز و لەرزۆک نەکرێت. ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای تەوافقاتی سیاسیی بێتە بەرهەم، حکومەتێکی لاواز و فشەڵ دەبێ، لە ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتاندا دەرکەوتووە باشترین شێوەی حکومەت، ئەو حکومەتەیە لەلایەن حزبێک یان دوو حزبەوە پێکهێنرا بێت.

### وەزارەتە نوێیەکان

مەلا بەختیار وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بارەی چۆنێتی تەشکلیەی حکومەت رایگەیاند (کابینەکە ناگۆڕێت و یەکێک لە داخوازییەکانمان کەمکردنەوەی وەزارەتەکانە لە کابینەی نوێدا و بڕواشم وایە جێبەجێ دەبێت لە تازەکردنەوەی تەمەنی کابینەکەدا)، ئەزموون سەلماندی ژمارەیەکی زۆر لە وەزارەت (٤٢ وەزارەت!!) مانای حکومەتێکی سەرکەوتوو ناگەیەنێت!! بە پێچەوانەوە یارمەتیدەرێکی چاکە بۆ فراوانبوونی رەوشی گەندەڵی و داڕوخانی سیستمی ئیداریی لە کوردستان. ئێستا بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بە فەرمانی راستەوخۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

لیژنەیەک تایبەتی پێکهاتووە بە ئەندامێتی هەریەک لە (عیماد ئەحمەد) وەزیری ئاوەدانکردنەوە و (دکتۆر فوئاد حسێن) سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و (کەریم سنجاری) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، ئەم لیژنەیە چەند هەفتەیەکە راگەیەندراوە و لە رۆژی ٢٠٠٨/١/٢٢ یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست بەمەبەستی تاوتوێکردنی میکانیزمەکانی یەکخستنەوەی هەندێک لە وەزارەتەکان و کەمکردنەوەیان لە ڕێگەی تێکەڵاوکردنی وەزارەتە لە یەک نزیکەکان و لابردنی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم لە سەرەتای هەنگاوەکاندا. بەو پێیەی دەتوانرێت ئیشی سێ وەزارەتی ئێستا، لە یەک وەزارەتدا ڕێکبخرێت.

د.فوئاد حسێن رایگەیاند: هەندێک وەزارەت نامێنن و هەندێکیان دەخرێنە پاڵ یەکتر، بەڵام لە بارەی پێکهاتە و توخمە پێکهێنەرەکانی حکومەتەوە وتی: رەنگە حکومەت دیسان حکومەتێکی ئیئتلافی بێت! لە کۆتایی لێدوانەکەشیدا رایگەیاند: کاری لیژنەکەیان بەردەوامە و بەشێوەیەکی چڕوپڕ کۆبوونەوە دەکەن و لە پاشتردا راپۆرتێکی تێروتەسەل پێشکەش دەکەن بە سەرۆک وەزیران و ئەنجامەکانیش لە کاتی خۆیدا رادەگەیەنرێت بۆ رای گشتیی. بەڵام هێشتا گرفتگەلێکی گرنگ هەیە چارەسەر نەکراون لەوێنەی هەبوونی دوو وەزارەتی ناوخۆ و دوو وەزارەتی دارایی و دوو وەزارەتی پێشمەرگە، هەرچەند بەرپرسانی باڵای سیاسیی پێداگریی لەسەر چارەسەری ئەو گرفتە دەکەنەوە، بەڵام هەنگاوە کردەییەکان وەک پێویست نین. (محەمەدی مەلا قادر) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ یەکخستنی ئەو وەزارەتانەی ناومان هێنان رایگەیاند (لە کۆبوونەوەی کۆتایی مەکتەبی سیاسیی نێوان یەکێتی و پارتیدا تەئکید لەوە کرایەوە کە دەبێت لە زووترین کاتدا ئەو وەزارەتانە یەکبگرنەوە).

هەر لەسەر هەمان پرس (جەمال عەبدوڵڵا) وتەبێژی حکومەت بە کەناڵەکانی راگەیاندنی وت (وەک حکومەت هیچ کێشەیەکمان نەماوە بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانە، تەنیا چەند یاساو رێنماییەک ماوە، کە پێشتر لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا هەمانبووە ئەویش توانراوە تا رادەیەکی باش و یەکلاکەرەوە چارەسەر بکرێت). بێ شک بەبێ یەکگرتنی هەر سێ ئەو وەزارەتە گرنگانە بێگومان هەموو بانگەشەیەک بۆ یەک حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستاندا راستیی تێدا نییە،

ئەمە پێمان دەڵێت بۆ بەهێزکردن و هاتنە کایەی حکومەتێکی کارامە لە سەرەتای هەنگاوەکانەوە یەکخستنەوەی هەر یەک لەو سێ وەزارەتە یەکنەگرتووە هەستیارە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

## حکومەتی نوێ و دیاردەی گەندەڵی

دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان کوشندەترین نەخۆشی ئیداریی و ڕێگرێکی گەورەی بەردەم ئەکتیڤبوونی حکومەتە، ئەم دیاردەیە لەوە دەرچووە لە ئۆرگان و وەزارەتێکدا خۆی دەربخات و بوونی هەبێت، بەڵکو سەرجەم دامودەزگا و وەزارەت و یەکە ئیدارییەکانی کوردستانی گرتووەتەوە، ناوبانگی گەندەڵی ئیداریی لە کوردستان کە زیاتر بەشێکە لە کردەی کاربەدەستانی سیاسیی و ئیداریی باڵای حکومەت و حزب لە ئاستی لۆکاڵی تێپەڕیوە و بووە بە کەرەستەیەکی نایابی هەندێ لە ڕۆژنامە عەرەبیی و ئینگلیزییەکانی دەرەوەی کوردستان. ئەو راپۆرتەی (مایکڵ رۆبن) لە سایتی BBC بڵاویکردووەتەوە دەربارەی قەبارە و رێژەی گەندەڵی سیاسیە باڵاکانی کورد تەنیا نموونەیەک نییە، لەم دواییانەدا لە چەندین دەزگا و رۆژنامەی بیانی هەواڵی گەندەڵی کاربەدەستانی کورد بابەتی مانشێت و راپۆرتی پڕ خوێنەر بووە، هەموو ئەم راپۆرتانە نیشاندەری هەڵکشانی زیاتری رێژەی گەندەڵی و بە فیڕۆبردنی سامانی وڵاتە.

رۆژنامەنووسی ناسراو (کیت کلارک) لەو راپۆرتەی لە سایتی BBC بڵاوی کردووەتەوە، دوای پەنجە راکێشان بۆ باری جێگیری ئاسایش لە کوردستان و بوژانەوەیەکی زۆری ئابووری و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بە تایبەتی لە هەولێری پایتەخت، دەنووسێت (بەڵام لەسایەی ئەم دۆخەدا هاووڵاتی کورد لەپێناوی مانەوەدا رەنج دەدات و سامانی گشتیی وڵاتەکەیشی دەدزرێت و دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکی کەمەوە کە بڕیار لە دەستی خۆیاندایە). لێ لەو راپۆرتانەدا بە ژمارە و مەبلەغ سەروەت و سامانی سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەرخراوە، بەڵام ناوەندەکانی راگەیاندنی سەر بە هەردوو پارتی دەستەڵاتداری کوردستان بەرپەچی راستیی ئەو راپۆرتانە دەدەنەوە و بە ناڕاست و هەوڵ بۆ ناشرینکردنی سیمای ئەزموونی کوردستان ناوزەدی دەکەن، ئێمە بڕیار نادەین کام لا راستیی

دەڵێن و کام لا دەیانەوێت دیمەنە رەسەنەکە بشێوێنن، تەنێ دەخوازین بێژین ئەگەر ئەو رێژە و ژمارانەی لە میانەی ئەو راپۆرتانەدا هاتوون راستیش نەبن، بێگومان راستیی ئەوەیە لە کوردستان بە ئەندازەیەکی خنکێنەر و سامناک گەندەڵی ئیداریی لە دامودەزگاکاندا بوونیان هەیە.

ئەرکی سەرەکی ئەم حکومەتە نوێیەیە پلانێکی درێژخایەن پەیڕەو بکات بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی، ئەم هەنگاوە لە لێپرسینەوە و چاودێرییکردنی دامودەزگا باڵاکان و بەڕێوەبەرە ئیدارییە باڵاکان و کاربەدەستانی پلە بڵندەوە دەست پێدەکات نەک بە پێچەوانەوە، بەبێ چارەسەر و لە رەگەوە دەرهێنانی گەندەڵی هەر پلانێک بۆ بنیاتنانی حکومەتێک بە ناوی حکومەتی خەڵک تەنیا لەسەر زمان و وەک مرەکەبی سەر کاغەز لە وجوددا دەبێت. (فازڵ میرانی) سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند (لە هەموو دنیادا حکومەتەکان بەدەر نین لە کەموکوڕیی و گەندەڵی، پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵدان بۆ رێگاچارەیەک بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و کەموکوڕییەکان). ئەم لێدوانەی (میرانی) لە چەند رەهەندێکەوە شایەنی خوێندنەوە و قسە لەسەرکردنە:

یەکەمیان: راستە گەندەڵی دیاردەیەکی سرف کوردیی نییە و لە وڵاتانی تریش هەبوونی هەیە، بەڵکو دیاردەیەکە ئیفرازاتی رژێمی سەرمایەدارییە، بەڵام رادده و رێژەی گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، زۆربەی رێکخراوە جیهانییەکان عێراق بە یەکێک لە گەندەڵترین دەوڵەتانی دنیا هەژمار دەکەن، زۆربەی ئامارەکان دەیسەلمێنن ئێراق بە پلەی سێیەم یان چوارەم دێت لەسەر ئاستی جیهان لە بوونی گەندەڵیدا، کوردستان بەشێکە لەو عێراقە گەندەڵە!!، ئەگەر رێژە و بارستایی گەندەڵی لە کوردستان لە عێراق زیاتر نەبێت بە دڵنیاییەوە هیچی کەمتر نییە، ئەم راستییە ئاشکرای دەکات گەندەڵی لە کوردستان شتێکی جیایە، چارەسەر و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنیشی هەر جیان.

دووەم: میرانی باس لە پەرلەمان دەکات وەک ناوەندێکی چارەسەری گەندەڵی، تراژیدیاکە لەوەدایە پەرلەمان دەیەوێ ئەو ناوەندە بێ گەندەڵی چارەسەر بکات، چوونکە بەدەر لە پشکداریی پەرلەمانتاران و خودی پەرلەمان لە پەرەپێدانی دیاردەی گەندەڵی، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەزگایەکی زۆر لەوە

بێتواناترە بتوانێت بەرەو رووی دیاردەیەکی ئاوها ببێتەوە و لە گەندەڵکاران بپرسێتەوە و سزایان بۆ دیاری بکات، دانەوەی چارەسەری گەندەڵی بە پەرلەمان زۆرتر لە سپاردنەوەی نێچیر دەچێت بە راوچی. مەسەلەکە لێرە ئەوە نییە کاری پەرلەمان چاودێریکردنی حکومەت نییە، بەڵکو ئەو پەرلەمانەی ئێمە هەمانە ئەو کارەی پێناکرێت.

سێیەم: چارەسەری گەندەڵی پرۆسێسەکە لە حکومەت و ناوەندی باڵای ئیدارەوە دەست پێدەکات، ئەگەر حکومەت بەم کارە هەڵنەستێت ئەوە تەمەنی گەندەڵی هێندەی تەمەنی کابینەکە درێژ دەبێتەوە و رەنگە بۆ دوورتریش بڕوات.

چوارەم: میرانی بەرپرسێکی حزبییە و مافی ئەوەی نییە رێوشوێن بۆ پەرلەمان و حکومەت دابنێت، خۆی لە خۆیدا دەستخستنە ناو کاروباری حکومەتەوە لەلایەن بەرپرسانی حزبییەوە جۆرێکە لە گەندەڵی.

**حکومەتی نوێ دەبێت چی بکات؟**

زۆر کار هەن دامەزراندنی حکومەتێکی راستەقینە دەخەنە بن گرەنتییەوە، وا پێویست دەکات کابینەی پێنجەم لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەی تەمەنیدا لیستێکی دوور و درێژ لە بەرنامە و کار بخاتە ئەجێنداوە، ئەو کارانەی رەنگبێ لە ئەولەویەتدا بۆ حکومەت گرنگ بێت پێی هەستێت، بریتین:

یەکەم: دامەزراندن و جێگیرکردنی حکومەتێکی تۆکمە و بەهێز، لانیکەم ئەم حکومەتە نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات لە زاخۆ تا خانەقین، زۆر گرنگە وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە یەکبگرنەوە، پاشان حکومەت بەهێز بێت لە چاو حزب و قۆناغی باوکایەتی حزب بۆ حکومەت بە کۆتا بگات.

دووەم: بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراتییەت، هەریەک لەو سێ نەخۆشییە ئیدارییە نەک حکومەت لاواز دەکەن بەڵکو لە بناغەوە پایەکانی حکومداریی هەڵدەتەکێنن و بەرەو رووی شکستی دەکەنەوە.

سێیەم: سەروەریی یاسا و جیاکردنەوە و توانا بەخشین بە هەر سێ دەستەڵاتەکە و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ دەستەڵاتی چوارەم (میدیا) وەک رەقیبی سەر هەر سێ دەستەڵاتەکەی تر.

چوارەم: بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان و هاندانی بەرهەمهێنان و کەرتی

تایبەت، بە مەبەستی راپەڕنینێکی ئابووری لە کوردستان وەک پێشمەرجێک بۆ سەرکەوتنی کارنامەی حکومەتی هەرێم.

پێنجەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سەرەتایی بە هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی بژێویی و داهاتی تاکەکەس لە رێی دابینکردنی کار و پێشخستنی ئابووری لە سەراسەری وڵاتدا.

شەشەم: هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا تایبەتەکان و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە فۆرمی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانیدا و چەکدارکردنیان بە تازەترین چەک و تەکنیکی سەربازیی.

حەوتەم: راگرتنی کولتووری بە فەرمانبەرکردن و تەخشان و پەخشانی داراییی، کە لە ئاکامدا دەبێتە فاکتۆری داتەپینی ئابووری کوردستان، بە پێچەوانەوە بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کەرتێکی پیشەشازیی پێشکەوتوو.

بێگومان ئەم حەوت خاڵەی دەستنیشانم کردوون هەموو هەنگاوەکان نییە، تەنێ بەشێکە لە پرۆسێسی متمانە گێڕانەوە و وەرچەرخانی حکومەتی هەرێم بۆ حکومەتی خەڵک، یان بابڵێین حکومەتێک نوێنەرایەتی کۆی چین و توێژە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بکات. بە پێچەوانەشەوە سپەیسی نێوان هاووڵاتی و حکومەت فراوانتر دەبێت، ئەمەش ئاکامی تراجیدیی گەورەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٨/٢/١ بڵاوبووەتەوە.

# چەند نهێنی و بیرەوەرییەک لە بارەی رووداوەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دوایی

ساڵی ٢٠١١ ساڵێکی پڕ لە گۆڕانکاریی خێرا بوو، سەرەتا لە خۆسووتاندنی عەرەبانچییەکی تونسییەوە تووڕەیی سەرتاپای ئەو جیهانەی گرتەوە پێی دەوترێ دنیای عەرەبی، گریمانە و شیمانەی جۆراوجۆر خرانە روو لە بارەی ئایندەی سیستمی سیاسیی لە ناوچەکەدا، بەڵام دوایی شەش ساڵ ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر نەبووبێ بێگوومان هیچ هەنگاوێکی بۆپێشەوە نەناوە. لە کوردستانیش لە ژێر هەمان کاریگەریی و وەک پەرچەکرداری گەندەڵی و مۆنۆپۆڵی سیاسیی و حکومڕانی راددەی تووڕەیی خەڵک گەیشتبووە لوتکە. لە کۆتایی مانگی یانیوەری ٢٠١١ کاتێک ژمارە ٨٣ی گۆڤاری «نیوەند» کە من سەرنووسەری بووم بڵاوبووەوە، سەروتارێکم نووسیبوو بەناوی «دوای تونس و میسر.. کوێی تر» لەوێدا باسم لە تیۆری پولی دۆمینە و خێرایی گوازرانەوەی ئەو خۆپیشاندانانە کرد، شیمانەی ئەوەشم کرد بارودۆخەکە لە کوردستان دەگاتە ئاستی تەقینەوە!. هەرچەندە روانگەی من ئەودەمە ئەوە بوو پێویستە دەسەڵات بە شۆڕش بگۆڕدرێ، هەر لەبەرئەمەش بوو لە خۆپیشاندانی گەنجانی سلێمانی لە ئابی ٢٠٠٦ بۆ یەکەمجار من دروشمی «بڕوخێ بروخێ»م هێنایە ناو خۆپیشاندانەکانی کوردستانەوە. لەسەر ئەو کارەش زیندان کرام و باجی زۆرم دا. بەڵام پێموابوو گۆڕان و ئیسلامییەکان زۆر لەوە ئۆپۆرتۆنیستترن گەنجان هێلکەی خۆیان بخەنە سەبەتەی ئەو دوو بزاوتە پۆپۆلیست و هەلپەرستەوە.

## ڕۆژی ١٦ی شوبات
## هیوا ئەحمەد مستەفا و گرووپی خۆپیشاندەران

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٦ی شوبات بەڕێز «هیوا ئەحمەد مستەفا» بەرپرسی لقی چوار بە تەلەفۆنی تایبەتی خۆی پەیوەندیی پێوە کردم، وتی حەزدەکەم کاتژمێر ١١ لە بارەگای لقی چوار بتبینم. کاتێک چوومە لای کاک هیوا ڕۆژنامەیەکی «هاوڵاتی» بە دەستەوە بوو، لە مانشێتەکەدا نووسراوبوو «سلێمانی.. سبەی خۆپیشاندانە». ئەمە دروست ڕۆژی چوارشەممە بوو. بێ پێشەکی و درێژدادڕی وتی دەڵێن تۆ نزیکترین کەسی لە «نزار محەمەد»ی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە و هەر ئەویش مۆڵەتی بۆ خۆپیشاندانەکە وەرگرتووە و بۆ ڕۆژنامەی «هاوڵاتی»ش هەر ئەو قسەی کردووە، وتی دەخوازم چاوم پێیان بکەوێ، چوونکە زانیاریی تەواومان هەیە سبەی هێرش دەکەنە سەر بارەگای ئێمە. منیش وتم ئاگام لەو بابەتە نییە، با تەلەفۆن بکەم بۆ «نزار» بزانم مەسەلە چییە؟. تێلم کرد کاک نزار تەلەفۆنی داخرابوو. چەند جار دووبارەم کردەوە سوودی نەبوو چوونکە هەر داخرابوو. وتم ڕاسپاردەت چییە پێی بگەیەنم؟. کاک هیوا وتی دەمەوێ قسە لەگەڵ ئەو گرووپە بکەم. وتم بەسەرچاو ئەمڕۆ کاک نزار لە بن زەوی بێت دەیدۆزمەوە و دەیهێنمە سەر زەوی. ئەوە بوو چوومە چایخانەی شەعب و ئۆفیسی گۆڤارەکەی «هاوبیر» دەستم نەکەوت. دواتر نزار خۆی تێلی بۆ کردمەوە؟. وتم نزار دەمەوێ بتبینم و کاری زۆرم پێتە؟. ئەویش وتی وەرە ئۆفیسە تایبەتەکەم بەرانبەر بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی، لە تەلاری میران.

بە ئۆتۆمبیلی هاوسەرەکەم چووینە لای نزار، وتم من لەلایەن کاک هیوای بەرپرسی لقی چوارەوە ڕاسپاردەیەکم هەیە بۆتان و ئەو دەیەوێ بتانبینێ. کاک نزار بە حەساسییەتەوە بابەتەکەی وەرگرت و ئامادە نەبوو کاک هیوا ببینێ. منیش وتم تەنیا نێوەندگیرم بەڵام ڕێگەیەکی ترم پێ باشە کە بە تێل قسە بکەن و لە یەکتری حاڵی بن. ئەوە بوو کاک هیوا و کاک نزار لە ڕێی مۆبایلەکەی منەوە قسەیان کرد. نزار لقی چواری دڵنیا کردەوە ئامانجیان نییە خۆپیشاندان دژی پارتی بکەن، کاک هیواش قسەکانی کاک نزاری بە دڵ بوو. لە ڕاستیشدا ئەوەندەی من تێگەیشتم خۆپیشاندانەکە لە ژێر دەستی کاک نزار و هاوڕێکانی دەرهات، چوونکە

ئەوان کۆتاییان پێهێنا، بە وردیش لە ئامانجی کاک نزار تێگەیشتبووم کە گەنجێکی زۆر ئەکتیڤە، بەڵام دەمزانی لە ژێر دەست و کۆنترۆڵی دەردەچێ و هەرواش بوو. لێرەدا دەتوانم گەواهی بۆ دوو شت بدەم. یەکەم تەوەری قسەکردنی کاک هیوا و کاک نزار وەک دوو تەرەف بوو بۆ دڵنیایی وەرگرتن بوو نەک سازش و سەودا. دووەم: گروپی کاک نزار کە ئەوان مۆڵەتی خۆپیشاندانیان لە ڕۆژی ١٧ی شوبات وەرگرتبوو هیچ کامیان لەگەڵ ئەو کاروانەدا نەبوون ڕێچکەی گرتبوو بەرەو لقی چوار.

## ڕۆژی ١٧ی شوبات
## کارەساتێکی خوێناویی و شارێکی شڵەژاو

بڕیارمدا ڕۆژی ١٧ی شوبات لە ماڵەوە دەرنەچم، هەرواشم کرد. کاتژمێر ٤ی عەسر لە هۆڵی «مۆنالیزا» شەکراوخواردنەوەی کوڕێکی خاڵم هەبوو کە هۆڵەکە دەکەوێتە گەڕەکی قلیاسان. لەو کاتە لەوێ بووە مقۆ مقۆ کە تەقەیەکی زۆرە لەناو شارەوە، شوێنێ هۆڵەکە چەند کیلۆمەترێک دوورە لە سەنتەری شار، بۆیە بە ئاسانی گوێمان لە دەنگی تەقەکان نەبوو. خۆم پێچایەوە و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. دنیا خەریکبوو تاریک دابێ، پەیوەندییم کرد بە کاک نزار و هاوڕێکانمەوە کە سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد، گشتیان ژمارەکانیان داخرابوو، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانیش داوای هەڵمەتی خوێنبەخشینی ئەکرد. بەهۆی ئەوەی خوێنی من لە جۆری «-A»ە و خوێنێکی دەگمەنە، چووم بە دەنگ هاواری نەخۆشخانەوە و بتڵێک خوێنم بەخشی.

نەخۆشخانەکە قەرەباڵغ و شڵەژاو بوو، زیاتر لە ٩٠ بریندار لێ بوو، کە برینی هەندێکیان سووک بوو. جیا لەوەش تەنیا یەک شەهید هەبوو ئەویش شەهیدی جوانەمەرگ کاکە ڕێژوان بوو. کە بە فیشەکی پاسەوانەکانی لقی چوار شەهید ببوو. ئەو ڕۆژە ئێوارەیەکی کارەساتاویی و خوێناویی بوو لە مێژووی شاردا. هەر ئەو ئێوارەیە لە کەناڵی کەی ئێن ئێنەوە، نەوشیروان مستەفا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و خۆپیشاندەرانی بە ئاژاوەچی و دەستێکی تێکدەر ناوبرد. ئەم کاردانەوە خێرا و سەرپێیەی نەوشیروان هیچی کەمتر نەبوو لەو فیشەکانەی لقی چوار بە خۆپیشاندەرانییەوە نا، بەهەرحاڵ زۆر وتراوە و زۆر تۆماری ڤیدیۆیی

ماون لەسەر ئەو ڕۆژە و ڕووداوەکانی و زۆریش لە بەشداران و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان لەسەریان نوسیوە و ئێمە دووبارەی ناکەینەوە.

## گروپی پەرژینی ئاشتی

## گوڵ کردن بە لوولەی چەکەکانەوە

ڕۆژی ١٨ی شوبات من هەر لە ماڵەوە بووم و تێلم داخست، دەستمکرد بە نووسینی وتارێک کە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» دوای هەفتەیەک بڵاوم کردەوە. لەوێدا بانگەشەی ئاشتی و نەڕژانی خوێنی زێدەترم کرد، وتم نابێت بهێڵین ئاشتی کۆمەڵایەتی لەناو بچێت. ئەمەش گووتارێکی پێچەوانەی ڕای هاوڕێکانم بوو کە هەندێکیان نانیان لەسەر خوێنی ئەو گەنجانە دەخوارد و تموحی شەخسی خۆیان لێکدەدایەوە. بەڵام باوەڕی من شتێکی تر بوو، تاکە کەسێکم لەناو نێوەندی ڕۆژنامەوانی دەست نەکەوت لەگەڵم هاوڕابێت، بەڵام لەگەڵ یەک دوو گەنجی تر کەوتینە گفتوگۆ تا کارێک بکەین ئەو خوێنبەربوونە رابگرین. بۆیە ڕۆژی ١٩ی شوبات کەمپینێکمان ڕاگەیاند بە ناوی «کەمپینی نا بۆتوندوتیژیی». سەرەتا دەستمان کرد بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا و لافیتە هەڵواسین. یەکێک لە کارەکانی کەمپین پێی هەستا «گروپی پەرژینی ئاشتی» بوو کە ماوەی یەک هەفتە بەردەوام بوو، کاری گروپەکە کە پێکهاتبوو لە هونەرمەندان و نووسەران و خەڵکانی ناسراوی شار ئەوەبوو بە بەرگێکی سپییەوە ببینە دیوارێکی مرۆیی لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا. پارەی ئەو خامە سپی و لافیتە و گوڵانە هەمووی لە گیرفانی شەخسی خۆمان دەرچوو، دواتر گوڵمان کڕی و دامانە دەستی ژنان و مناڵان بیدەنە هێزە ئەمنییەکان یان بیکەن بە لوولەی چەکی پێشمەرگە و ئاسایشدا. هەرواش بوو.

ئەم گروپە لەلایەن هەندێ هەڵسوڕاوی ئیسلامی و گۆڕان، بە ڕۆژی ڕووناک دژایەتی دەکرا. لە هەنگاوی یەکەمدا بە چەقۆ هێرشیان کردە سەر چەند ئەندامێکی گروپەکە کە ئەگەر هێزەکانی ئاسایش نەبووایە ژمارەیەک شەهیدی تریش زیاد دەبوو ئێستا. پاشتر لە پاراستنی دکتۆر فەرهاد پیرباڵ دا کە شاعیری هێژا جەنراڵی پایز ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی گروپەکەش هەوڵی دەربازکردنی دا، بەتەواوەتی لێمان چوون بە قیندا و ئێمەش بڕیارماندا پاش هەفتەیەک کۆتایی کەمپین رابگەیەنین،

بەڵام بە داخەوە بە کۆتایی هاتنی کەمپین ژمارەی شەهیدەکان بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت.

### چاوپێکەوتنم لە زاگروس تیڤی
### پرۆسەی بە شەیتانکردنی ناڕازییان

لەو چەند ڕۆژەدا، چەندین جار لێدوانم بۆ کەی ئێن ئێن و ئێن ئارتی و کوردسات و تیڤی گەلی کوردستان دا. بەڵام لە یەکەم دەرکەوتنمدا لە شاشەی زاگرۆس تیڤی بەشێوەیەکی چڕوپڕ کەوتمە بەر تیرۆری مەعنەویی و هەڵمەتێکی چڕ لە دژم دەستیپێکرد، لە کاتێکدا لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی زاگرۆس دا، شتێکی پێچەوانەی قسەکانی پێشووی خۆمم نەوتبوو کە لە لێدوان و چاوپێکەوتنی کەناڵەکانی تردا وتبووم. باشترین کارتیان دەستکەوت لە دژم کە من دژی بەکارهێنان و بە حزبیکردنی خۆپیشاندانەکان بووم تاکو ڕەخنەکانم «کە ئێستا خەڵک لێی تێدەگەن» بەخۆفرۆشی بە دەسەڵات لەو مێگەل و گەنجە خوێن گەرمانەی بێ مەبەست و بەرژەوەندیی کار و خۆپیشاندانیان دەکرد بگەیەنن. هەتا جارێک لە یەکێک لە سیمینارەکاندا بووە دەمەقاڵەم لەگەڵ برادەرێکی کۆمۆنیست کە دەیووت من ڕازی نیم بەم خۆپیشاندانە کەمتر لە شۆڕش بوترێ. بەهەرحاڵ هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەبوو خوێن ڕابگرین، چوونکە نە گۆڕینی دەسەڵات بەو فۆرمە بوو، نە شۆڕشکردن و خەباتی مەدەنی. ئێمە هیچ کات باسی سازشمان نەکرد لەگەڵ دەسەڵات، بەڵام نەماندەویست ئۆپۆزیسیۆن، کارتی خۆپیشاندانەکان بکاتە پاکێجی سیاسیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی وەک کردیشی.

### دانوستان لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح
### کۆتا ڕۆژەکانم لەگەڵ خۆپیشاندەران

ئێوارەی ڕۆژی ٢٨-٢-٢٠١١ کاک «بەرزان هەورامی» ئەندامی پێشووتری لیستی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان پەیوەندیی پێوەکردم. کە دکتۆر بەرهەم دەیەوێ تێلم لەگەڵ بکات. ئەوەبوو چووینە میوانخانەکەی لە نزیک شاری جوانی ئێستا. کاک بەرزان و دکتۆر بەرهەمیش بە تێل وتیان دەمانەوێ بڕۆیت بۆ لای ئەنجوومەنی کاتی و بەناوی ئێمەوە وەرەقەی سپی ئیمزا بکە بۆ ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ دکتۆر بەرهەم کە ئەوسا سەرۆک وەزیران بوو. ئەوە بوو

دەمەو ئێوارە، چوومە کافتریای «ڤینۆس» لە شەقامی پیرەمێرد کە ئەنجوومەنی کاتی سەرای ئازادیی لەوێ کۆدەبوونەوە. کاتێک چوومە ئەوێ جگە لە هەندێ دەموچاوی ریشنی ئیسلامی هیچ کەسێکی نامۆ بە خۆمم نەبینی، چوونکە ئەوانەی لە ئەنجوومەن بوون زۆرینەیان هاوڕێ نزیکەکان و هاوپیشەکانم بوون. منیش بە خێرایی قسەکانی دکتۆر بەرهەمم پێگەیاندن، زۆر لەبەرشانیان ناخۆش بوو، تێکڕا دەیانووت لە غەرغەرەدان و تازە ئێمە چۆن لەگەڵیان رێکدەکەوین دەبێ وەک زەینلعابدین بن عەلی بڕۆن، یەکێک لە ئیسلامییەکان وتی خوا تەوبەی هەموو کەس قبوڵ دەکا تەنیا ئەو کەسە نەبێ لە غەرغەرەی مەرگدایە. بەهەرحاڵ وتیان دەیخەینە دەنگدانەوە لەبەردەم خۆپیشاندەراندا، وتم کاکم ئێوە نوێنەرن ئەمە نەریتی ئانارشیست و پۆپۆلیستەکانە، ئەوان سووربوون لەسەر قسەکانیان و خستیانە دەنگدانەوە و رەتکرایەوە سەرۆکی حکومەت ببینن.

راستییەکیش هەیە با بەسەرمدا تێنەپەڕێ دواتر کە گەڕامەوە لە رێگەدا شەش کەس لەو ئەندامانەی ئەنجوومەن داوای بینینی تایبەت و دوور لە چاوی میدیایان کرد، هەڵبەتە بۆ داواکردنی بەرژەوەندیی تایبەت، بەڵام منیش رەتم کردەوە ئەو باسە بە دکتۆر بڵێم چوونکە ئەوسا کارئاسانیم بۆ هەندێ هەلپەرست دەکرد کە وەک کەری ناو جۆگە لەهەردوولا بخۆن. جارێکی تریش ئەو بەزمە لەگەڵ «حاکم قادر و مەلا بەختیار» دووبارە بووەوە کە داوایان لێکردم ببمە نێوەندگیر لەگەڵ هەندێ لەو برادەرانەی سەرا، ئەوەی شۆک بوو بۆ من هەمیشە باسی بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان دەکرد. ئیدی لە ١-٣-٢٠١١ەوە تا کۆتایی خۆپیشاندانەکان لە ١٩-٤-٢٠١١ من نە قسەم لەسەر خۆپیشاندان و خۆپیشاندەران کرد، نە چوومەوە بەردەرکی سەرا، تەنانەت بەهۆی ناکۆکیی و جیاوازیی بیروڕامەوە لەهەمبەر ئەو خۆپیشاندانانە دوای حەوت ساڵ سەرنووسەریی ناچارکرام دەستبەرداری پۆستی سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤاری نێوەند بم.

تێبینی: ئەمە کورتەی پانۆرامای ١٠ رۆژە کە من ئاگاداری خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات بووم.

٢٢-٢-٢٠١٧

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس ئەڵمانیا - بیلەفێڵد

# هەڵەبجە لە گووتاری سیاسیماندا

چەند رۆژی داهاتوو سەرجەم گەلی کورد یادی کارەساتێکی هەرە تاڵ و دڵتەزێنی خۆی دەکاتەوە لە دیرۆکی رزگاریخوازانەیدا لە پێناوی سەربەستیدا، ئەویش یادکردنەوەی خنکاندنی شاری هەڵەبجەیە کە لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦دا لەسەر دەستی رژێمی بەعس بە گازی قەدەغەکراوی کیماوی بۆردومان کرا. وەک نەریتێکی باو ساڵانە تەنیا لەو رۆژەدا ماسمیدیا و حزبە سیاسییەکان گرنگییەک دەدەن بەم کارەساتە ئەمەش لەخۆیدا تەنیا جۆرێکە لە کولاندنەوەی برینەکان و ئازاردانی هەستی برینداری خەڵکی ئەوشارە، ئەگەرنا هەرگیز هەڵەبجە پرۆژەیەک نەبووە لە پێشمانەوە بتوانین کاری لەسەر بکەین وەک ئەوەی جولەکە بۆ هۆلۆکۆست کردیان و بەردەوام لە رێگەی چەندان رایەڵی جیاجیاوە دەیخەنە بەردەم ویژدان و رای گشتیی جیهانی، هەروەها بۆ وروژاندنی هەستی جولەکەکانی دنیا بۆ پاڵپشتی لە تاکە دەوڵەتەکەیان (ئیسرائیل). هەڵەبجە یەکێک لە گەورەترین خوێناویترین و کارەساتبارترین رووداوی سەدەی بیستەم بوو کە وێنەی جینایەتی لەو جۆرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەن و کەم وێنەیە و ئێمەی کوردیش ساردوسڕ و خەمساردانە لێی دەڕوانین تەنانەت لە گووتاری سیاسیی پارتەکانی لەمەڕ خۆماندا ئەو کارەسات و قوربانییە بێ وێنەیەی خەڵکی ئەو شارە دەسکەوت و شانازییە بە تایبەتی لە کاتێکدا زۆربەی جار لە کەناڵی راگەیاندنەکانیانەوە گوێمان لێدەبێت دەڵێن ئێمە خاوەنی هەڵەبجەین وەک ئەوەی هەڵەبجە دەستکەوت بێت.

## هەڵەبجە و نیەتی بەعس

ئایا نیەتی بەعس بەتەنیا خنکاندنی شاری هەڵەبجە بوو بەس؟ ئایا رقی ناپیرۆزی بەعس لە بەرامبەر هەڵەبجە بوو یان لە بەرامبەر هەموو کورد؟ وەڵام ئەوەیە بەعس پڕۆژەیەکی ترسناکی پێبوو بۆ ژینۆساید و قەلاچۆکردنی کورد بە گشتیی، ئەمەش لە چەند ڕێگەیەکی پڕ ئازار و بێ بەزەییانەوە جێبەجێ دەکرا. بۆیە ناکرێ بڵێین بەعس تەنیا دوژمنی هەڵەبجەییەکان بوو، بەڵکو سەدام و بەعسیزم دژی ناسنامەی کوردیی خەڵکی ئەو شارە بوون، مەبەستیش لە ژاربارانکردنی ئەو شارە نیشاندانی دوو تابلۆی وەحشەتناک بوو:

یەکەم: خنکاندنی هەڵەبجە لە چوارچێوەی پرۆسەی پاکتاوکردنی گەلی کورد بوو، ئەویش بەو مانایەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەنگاو و قۆناغێک بوو لە قۆناغەکانی قڕکردن و لەنێوبردنی نەژادی گەلی کورد، بۆیە شەهیدکردنی هەڵەبجە بەدەر نەبوو لە نەخشە دۆزەخییەکانی پێش و پاشتری بەعس لە دژی کورد.

دووەم: کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کردەیەکی وەحشییانە و دڕندانەی بەعس بوو بۆ ترساندن و ورە پێ بەردانی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چوونکە ئەوێ رۆژێ بەعس سەرگەرمی جەنگێکی خوێناویی و سامناک بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆیە ئەم کردەیە جۆرێک بوو لە گورزوەشاندن لە پێناوی لاوازکردن و کزکردنی تواناکانی هێزە بەرهەڵستکارە کوردەکان، کە تەواو تەنگیان بە رژێم هەڵچنیبوو، بۆیە هەقی خۆیەتی ئەو هەڵەیە راست بکەینەوە، زۆرجار، بەو ئاقارەماندا دەبەن گوایە رژێمی سەدام بە تەنیا لە بەرامبەر هەڵەبجە بە قین بووە، خۆ ئەگەر وابێ کەواتە دەبێ شارەکانی تر سەمەلات دەرچووبن و لە دڕندایەتی بەعس رزگاریان بووبێ.

## تاوانبارکردنی ئەوانیتر

زۆرجار بەر گوێمان دەکەوێ یان دەیخوێنینەوە هەندێ خەڵک لە کورتبینی و ناواقیعبینی خۆیاندا تاوانی هەڵەبجە دەخەنەپاڵ لایەنەکانی تر یان هەندێجار بەشێک لەو تاوانە دەخرێتە پاڵ پارتە کوردییەکان بەوەی پەلاماری شارەکەیان داوە و لە چنگ هێزەکانی عێراق رزگاریان کردووە و لە ئەنجامدا بەعس تۆڵەی لەو شارە

کردەوە، ئەو جۆرە خەڵکانە وای دەبینن کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پەرچەکردار بووە نەک کردار، بەم قسەیەشیان پاساو بۆ تاوانەکانی بەعس دەهێننەوە و سزای سەرشانیان سووک دەکەن و لە خۆڕا خەڵکانی تر تێوەدەگلێنن و تاوانباریان دەکەن. پێویست ناکات نموونە بهێنینەوە لە ئەزموونی وڵاتانی ترەوە کە چۆن هێزە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکان زۆر توندتر و بێ بەزەییانەتر پەلاماری دەسەڵاتدارانیان داوە کەچی نەبینراوە هیچ حکومەت و دەسەڵاتێکی عەسکەریی بەو جۆرەی بەعس مامەڵەی کردبێ. دەبێت ئەوە بزانین بەعس و ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی هیچ بیانوویەکیان بەدەستەوە نەبوو لە قەلاچۆکردنی گەلی کورد بە تایبەتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، جگە لە جۆرێک لە خولیا و ئەجێندای نەتەوەپەرستی و دەمارگیرانەی سەرانی ئەو ڕژێمە کە هەمیشە خەونییان بە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی عەرەبییەوە لە ژێر سەرکردایەتی سەدامدا دەبینی. لەم ڕووەوە پێویستە ئەو هەڵەیە لە ئەدەبیاتی خۆماندا ڕاست بکەینەوە ئەگەرنا ئەمجۆرە ڕوانگەیە جۆرێکە لە ڕەواییدان و شەرعیەتپێدان بەو تاوانە هەرە ترسناکەی بەعس.

### هەڵەبجە و هێرۆشیما

چەندان جار و بگرە هەزاران جار شاهیدی ئەوە بووین هەڵەبجە چووێنراوە بە شاری هێرۆشیمای ژاپۆن کە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکاوە بە گازی خنکێنەر بۆردومان کرا. بەڵام لە چەندان ڕووەوە هەڵەبجە جیاوازە لە هێرۆشیما، یەکێک لە گرنگترین ئەو جیاکارییانە ئەوەیە بۆردومانی هێرۆشیما و ناکازاکی بەشێک بووە لە پرۆسەی جەنگی نێوان دوو وڵات، هەرچەند بەو پاساوەش ڕەوایی بەو کارە نادەین، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو تاوانەی هێرۆشیما لە ئەنجامی جەنگێکی توندوتیژدا بووە نەک لە بارودۆخێکی وەک ئەوەی هەڵەبجەدا. خاڵێکی تری گرنگ کە بە لای منەوە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی هەڵەبجەیە لەو دوو شارەی ژاپۆن ئەوەیش ئەوەیە حکومەتی عێراق کردەوەی ژاربارانکردنی دژی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی خۆی ئەنجامداوە نەک وەک ئەمەریکا کە دژی گەل و هاووڵاتیانی وڵاتێکی تر چەکی کۆکوژی بەکارهێنا. لەم بەراوردەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی چواندنی هەڵەبجە بە هێرۆشیما چواندنێکی

ناتەواوە و تەنانەت قابیلی بەراووردیش نییە، لەمەشیاندا پێویستە بە خۆماندا بچینەوە و ئەم هەڵەیەش راست بکەینەوە.

## ئازاردانی بەردەوام

وەک دەزانین شاری هەڵەبجە چەندان جار کەوتۆتە بەر پەلاماری داگیرکەرانی کوردستان و دەیان جار خەڵکی ئەم شارە تووشی زیان و ئازار بوون بە دەستی دوژمنانی کوردەوە سەدان شەهیدی داوە بەر لە کیمیاباران و لە دوای کیمیابارانیش بەردەوام پشکی شێری ئازار و مەینەتییەکانی بەرکەوتووە. دوای راپەڕین دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و ساڕێژکردنەوەی برینەکانی خەڵک، کەچی بەداخەوە شەڕی هەموو لایەنە ناکۆکەکانی ساحەی سیاسیی کوردستان لەسەر جەستەی ئەم شارە بەڕێوە چوو. لەنێوان ١٩٩٣-١٩٩٨ چەندان جار جەولەکانی شەڕی نێوان پارتی و ئیسلامییەکان و یەکێتی لە هەڵەبجە دەتەقییەوە و دواتریش شەڕی ئیسلامییەکان لەگەڵ یەکێتی و لە پاشانیش گروپی تیرۆریستی جوندلئیسلام تا کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق. بە تایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا هەڵەبجە لە بارودۆخێکی ناهەمواردا ژیانی تیادا دەگوزەرا کە تیایدا دەیانویست حوکمی رەشی تاڵیبان لە کوردستان دووبارە بکەنەوە و لەوەش نەگبەتیتر خوازیار بوون هەڵەبجە و هەورامان بکەنە پایتەختی دەسەڵاتەکەیان. بە فیعلیش ئەو سیناریۆ رەشەیان بەسەر خەڵکی لێقەوماوی هەڵەبجەدا سەپاند و ژیانی برینداری خەڵکی ئەو شارەیان چەند بەرابەر زیاد کرد و خەست کردەوە. بە کورتی و کوردیی دوای راپەڕینیش لە بری گەشانەوە و بنیاتنانەوەی هەڵەبجە کەچی لە سایەی زوڵم و شەڕدا، راگیرا و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی شارەکە نەک کۆتاییان نەهات بەڵکو بەردەوامییەکی سەرسوڕهێنەری وەرگرت و ئێستاشی لەسەر بێت ئەو ئازار و دەردەدارییە کۆتایی پێنەهاتووە.

## هەڵەبجە و دەستکەوتی سیاسیی

هەڵەبجە بە درێژایی ساڵانی رابردوو دوکان و مەوادێکی بازرگانی بووە بۆ

حزبە کوردییەکان بە تایبەتی دەسەڵاتدارەکانیان کە هەمیشە مزایەدە و بازرگانییان بە خوێنی شەهیدەکانییەوە کردووە، ئەگەرنا تا ئێستا هەڵەبجە پڕۆژەیەکی سیاسیی نەبووە بۆ دەرخستنی بەشێک لە مێژووی پڕ لە کارەساتی گەلی کورد و بە دەستەوەگرتنی وەک چەکێکی کاریگەر لە بەرامبەر دنیا و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، ئەوەتا کێشەیەکی بچووکی وەک لەناوبردنی هەندێک خەڵک لە گوندی دوجەیل بۆیە قەزیەی یەکەمی پرۆسەی دادگاییکردنی سەدام نەک هەڵەبجە کە رەمز و لوتکەی تاوانەکانی سەدام و عەلی کیمیایی و کۆی سەرانی رژێمی داڕووخاوە، ئەوە ئەو راستییە تاڵەمان نیشان دەدات شاندی کوردیی لە بەغداد کە سەرلەبەری سەرکردە سیاسییەکانمانی تێدایە زۆر لاوەکی و پەڕاوێزیی لە کارەساتی هەڵەبجە دەڕوانن و لە باس و گفتوگۆکانیشیاندا بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ ناکەن، لەلایەکی ترەوە مۆنۆمێنتی سووتاوی هەڵەبجە تەنیا پرۆژەیەکە بۆ نیشاندانی زامی قووڵی هەڵەبجەی شەهید و قوربانییەکانی، بەڵام لەوە بترازێ چ کارێکی تر کراوە بە بەرچاومانەوە هەستی پێبکەین؟ کارەساتی هەڵەبجە و قوربانییەکانی چوونکە دەستکەوتێکی ماددیی بۆ حزبە سیاسییەکان تێدا نەماوە و هەمان دەغیلەکەی پێشووتر نییە، بۆیە بە کێشەی خۆیانی نازانن بە پێچەوانەشەوە هەر کاتێ لە بەرژەوەندیی خۆیان بوو بە باسکردنی گوێمان کاس دەکەن.

### هەڵەبجە و ئاوەدانی

دوای پانزە ساڵ لە ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و بە حیساب جووڵانەوەیەک لە بواری ئابوروی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا روویداوە و کەناڵەکانی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی سەری زمان و بنی زمانیان هەر باسی ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی کوردستانە. بەڵام سەرەڕای ئەم دیعایانە هەڵەبجە کەلاوە و وێرانەیەکە کە مرۆڤ قێزی لێدەکاتەوە، هەڵەبجە چ خزمەتگوزارییەکی بۆ چووە؟ کوا شەقامە هاوچەرخەکانی؟ کوا پارک و باخە گشتیی و تایبەتییەکانی؟ کوا قوتابخانەی نوێ و زانکۆکەی؟ کوا سەنتەرە رۆشنبیریی و کولتووریی و فەرهەنگییەکانی؟ کوا شادیی و کەیف و سەمای باخی میر؟ کوا سیستمی هاوچەرخی هاتوچۆ و قانوون و یاساکان؟ کوا شوققە و خانووە هاوچەرخەکانی

بۆ ئەو هەڵەبجەییانەی چەندان جار بێ ماڵ و حاڵ کران؟ کوا پاداشتی ئەو خەڵکە هەژارەی کە ماڵ نییە شەهیدێکی بۆ کوردستان نەدابێ؟ کوا دایەنگا و نەخۆشخانەی سەردەمییانە و لانە و باخچەی ساوایانی نوێ؟ کوا وەفا بۆ خوێنی شەهیدان؟ کوا و کوا و کوا. مەگەر تەنیا بڵێین داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکەین باسی هەرچی دەکەن ئازادن بیکەن تەنها باسی قوربانییەکانی هەڵەبجە و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە نەبێت!.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٥)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦/٣/٧ بڵاوکراوەتەوە.

# دادگایی سەدام یان دادگایی سیستمێک؟

ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ بە نسبەت گەلی کوردەوە ڕۆژێکی چارەنووسساز و مێژووییە، چوونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا تاوانبارانێکی خوێنڕێژی ئەم گەلە لە بەردەم دادگادا رادەگیرێن و لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کردوویانە دادگایی دەکرێن. هەرچەندە دەبوایە بە پێی ریزبەندیی و قەبارەی تاوانەکان کەیسی ئەنفال یەکەم فایل بوایە لە پرۆسێسی دادگاییکردنی سەدام و دار و دەستەکانیدا، بەڵام هێشتاش هیچ لە مەسەلەکە نەگۆڕاوە و دەرفەت هەیە کورد مامەڵەی شیاو لەگەڵا ئەم دادگاییەدا بکات. زۆر کەس پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن پێویستە دادگاییکردنی سەدام و عەلی کیمیایی و هاوکارانیان لە کوردستان بەڕێوە بچێت، بەڵام بەلای منەوە گرنگ نییە شوێنی دادگاییەکە لە کوێیە، وەلێ ئەگەر لە کوردستان بێت لە رووی سایکۆلۆژییەوە بۆ خەڵکی کورد خۆشترە، بەڵام گرنگترین شتێک لەم دادگاییەدا ئەوەیە چۆن کورد مامەڵە لەگەڵا ئەم دۆزەدا دەکات و لە قازانجی نەتەوەیی خۆی دەیشکێنێتەوە؟.

لە راستیدا دادگاییکردنی سەدام تەنیا دادگاییکردنی کەسێک نییە کە تاوانگەلێکی زۆر و هۆڤانەی دژی نەتەوەیەک ئەنجامداوە بە قەدەر ئەوەی دادگاییکردنی سیستم و ئایدیایەکی سیاسیی و شۆڤێنییە، چون سەدام حسێن تەنیا نوێنەرایەتی خۆی و ئەدای تاکە کەسێک ناکات بەڵکو ئەو نوێنەر و دەمڕاستی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبییە کە هیچ مافێکی بوون و ژیان بۆ کورد بە رەوا نازانێت. ئاخر بیرۆکە و پلانی ژینۆسایدکردنی کورد بەرهەمی عەقڵی تاکە کەسی سەدام نییە، بەڵکو

هەڵقوڵاوی پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبێکی پڕ نفووسی وەک حزبی بەعسی عەرەبییە کە ئەویش ئاخنراوە بە کولتووری بەداوەت و غەزاکردن و فتوحات و ئەنفال. جگە لەوەش ئەم بیرە کوشندە شۆڤێنییەی عەرەب تەنیا چوارچێوەیەکی عێراقی نییە بەڵکو هەورێکە سایەی بەسەر دنیای عەرەبیدا کردووە هەر لە کەنداوەوە تاکوو ئۆقیانووس.

ئێوە بڕوانن (محەمەد تەلەب ئەلهیلال) کە ماوەیەکی زۆر وەزیری دەوڵەتی سووریا بوو، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (دراسة عن محافظه الجزیرة) نووسیوویەتی (با ئێمەش ئەوە بە کورد بکەین جوو بە عەرەبانی دەکات)!. ئێمە شکور بووین ئەو مامەڵەیەمان لەگەڵا بکرێت کە ئیسرائیل لەگەڵا عەرەبی دەکات، بەڵام دروستتر وابوو بڵێت با ئێمەش ئەوە بە کورد بکەین نازییەکان لە هۆلۆکۆستدا بە یەهودییەکانیان کرد، چوونکە ئەوەی جوو بە عەرەبانی دەکات تنۆکێکە لە چاو ئۆقیانووسی تاوانەکانی عەرەب بەرامبەر بە کورد. ئەگەر هەموو عەرەب بە تایبەتی دەسەڵاتدارەکانیان وا بیر بکەنەوە کە پێویستە تۆڵەی فەلەستین لە کورد بکەنەوە و هەمان مامەڵەی جوو بەرامبەر بە عەرەبیان لەگەڵدا بکەن ئیتر چۆن دەتوانین تەنیا سەدام وەک تاکە کەسێک تاوانبار بکەین؟ من لێرەدا مەبەستم لەوە نییە سەدام تاوانبار نییە بەڵکو لەگەڵا تاوانباریی سەدامدا، سیستم و عەقڵی سیاسیی عەرەبیش تاوانبارە، تەنانەت دنیا هەمووی تاوانبارە بە ڕێگەدان بە بەعس و گوێ خەواندن و چاوپۆشینیان لە بەرامبەر تاوانەکانی بەعس لە ژینۆسایدکردنی کورددا.

جیهانی خۆرئاواش تاوانبارە کە تەواو هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا هەبووە و هەیە و کۆی دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیەش دەرچووی قوتابخانە موخابەراتییەکانی ئەوانن و جووڵەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تەواوی ناوچەکەش هەر ئەوان دیاری دەکەن، تاوانبارن نەک هەر لەبەر ئەوەی بێدەنگ بوون لە ئاستی تاوانەکانی بەعس بەڵکو هاوکار و هاوپشتیوانی ڕژێمی سەدام و بەعس بوون. هەموومان وێنەی ماچە مزرەکەی (رامسفێڵد)مان دیتوە کە چۆن لاملی قارەمانی جەنگی دژە ئێران (سەدام حسێن) تەبەڕووک دەکات. بەریتانیا و وڵاتانی تری زلهێزی جیهان هەموویان لە پێشبڕکێدا بوون بۆ ئەوەی پشکیان لە عێراقدا هەبێت و لە خێری نەوتەکەی بێبەش نەبن. چاوبڕینە نەوتی عێراقیش، نەک کوێری کردبوون لە بەرانبەر جینایەتە

گەورەکانی سەدام، بەڵکو هەموو لە کێبەڕکێدا بوون لە پاڵپشتیکردنی سەدام و عەرەب بە تایبەت بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ لە دژی ئێران.

بەریتانییەکان لە سەردەمی (چەرچڵ) ەوە لەگەڵا لەناوبردن و سەرکوتکردنی کورد بوون. هزرمەندی نێودار (نۆم چۆمسکی) لە کتێبی (جەنگ بەردەوامە) ئاماژە بەم وتەیەی چەرچڵ دەکات « کارێکی رەوایە گازی کوشندە دژی هۆزە ناشارستانییەکان بە کاربێنین بە تایبەتی لە دژی کورد و ئەفغانییەکان». کەوابوو کۆدەنگی و هەماهەنگییەکی جیهانی لە ئارادا بوو بۆ لەنێوبردن و ژینۆسایدکردنی گەلی کورد، سەدام حسێن تەنیا پاڵەوان و کاراکتەرێکی زۆر کارامەی ئەم شانۆگەرییە جیهانییە بوو کە دنیای رۆژئاوا دەریهێنابوو. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە دادگاییکردنی سەدام تەنیا لە دادگایی تاکە کەسێکدا کورت نابێتەوە، بەڵکو دادگایی سیستمێکی جیهانییە کە کۆدەنگ و هاوڕا بوون لە لەناوبردنی کورددا. لە رەهەندێکی ترەوە دادگاییکردن سەدام تەنیا بۆ تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و لەناوبردنی خودی سەدام حسێن نییە، چوونکە زۆر کەس وا تێدەگەن خواستی کورد لەمەدا کورت بۆتەوە، لەوانەیە ئەمە تەنیا دیوێکی مەسەلەکە بێت کە دەمانەوێت بکەرەکانی سەرجەم نەهامەتییەکانی کورد سزای یاسایی و عادیلانەی خۆیان وەربگرن. بەڵام دیوە بنەڕەتی و ستراتیژییەکەی ئێمە ئەوەیە: ئەم دادگاییە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی یاسایی و فەرمی ئەو راستییەی کورد لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقدا بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی بەعسدا تووشی ژینۆساید و قڕکردن بۆتەوە.

سەلماندنی ئەم راستییە و بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری وڵات، زۆر ئینجازاتی تێدایە، لە هەمووشی گرنگتر دەبێتە هۆی: قەرەبووکردنەوەی کوردستان. چوونکە کاتێک ئەگەر لە دادگاییەکەدا کۆی تاوانەکان بەسەر سەدام و عەلی کیمیایی و دەوڵەتی پێشووی عێراقدا ساغ بۆیەوە ئەوە دەبێت حکومەتی نوێی عێراق قەرەبووی خەڵکی کوردستان و زیان لێکەوتووانی پرۆسێسەکانی کاولکردنی کوردستان بکاتەوە، ئەمەش دەستکەوتێکی ترە و سوودێکی زۆری تێدایە بۆ ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگەکەمان و یارمەتیدەرە لە بووژانەوەی کوردستاندا. سوودێکی نەتەوەیشی تیایە، لەبەرئەوەی بەپێی میساق و یاسا نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان ئەو گەلەی تووشی ژینۆساید بێت و بە

فەرمی ئەم کۆمەڵکوژییە دانی پێدابنرێت، ئەو گەلە دەتوانێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت! ئەمەش روویەکی تری پۆزەتیڤی ئەم پرۆسێسەیە. لەبەر هەموو ئەمانە داگاییکردنی سەدام حسێن و دارودەستەکانی لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و ژینۆساید و هەڵەبجە زۆر گرنگ و هەستیارە بۆ قۆناغی داهاتووی چارەنووسی سیاسیی کوردستان، ئەگەر کورد بتوانێت ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات تەکان دەدات بە دۆزەکەی و سەرەنجام دەیگەیەنێتە کەناری ئارام و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەی (ژیانی نوێ) لە رۆژی ٨/٢١/ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

# ئەنفال لەسەر مێزی ئەنجوومەنی حوکم

بەر لە هەر شتێک پێویستە بڵێین ئەنفال قووڵترین برینە لە مێژووی کورددا و ترسناکیی ئەم پرۆسەیە و کاریگەریی و دەرهاویشتە سلبییەکانی چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لەسەر ئاستی سیاسیی رەنگدانەوەی خۆی هەیە و بەردەوام ئامادەیی هەیە لە خەیاڵگەی تاک تاکی گەلی کوردستاندا، تا ئەو سنوورەی بۆتە سیمبۆلی مەزڵومیەتی کورد لە مێژوودا و یادەوەرییەکی تاڵە بە درێژایی مێژووی داهاتووش بە کورد و بوونی نەتەوەکەیەوە بەستراوەتەوە و پێی دەناسرێتەوە، هەروەک چۆن کاتێک باسی گەلی ئەرمەن دەکرێ یەکسەر سەرنج و زەینمان دەچێتە لای ژینۆسایدی ئەو گەلە لەلایەن تورکە عوسمانلییەکانەوە و دواتریش لەلایەن کەمالییەکانەوە، یان چۆن کاتێک باسی یەهود دەکرێت راستەوخۆ گوێمان بەر ناوی (هۆلۆکۆست) دەکەوێت، بە هەمان ئەندازە ئەنفال گرێدراوە بە گەلی کوردەوە و بە هیچ کلۆجێک لێی جیا نابێتەوە و ناشێت چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد بنووسینەوە و هێما بۆ ئەو پرۆسە ترسناکە نەکەین.

ئەم پرۆسەیە بێ لەوەی نزیکەی دوو سەد هەزار هاووڵاتی بێ دیفاعی تیادا سەرنگون کرا کە ئافرەتان و منداڵان بەشی شێری ئەم رێژەیەیان پێکدەهێنا، دەیان دەرهاویشتەی نیگەتیڤی هەیە کە لەنێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتیی و کەسوکار و پاشماوەکانی ئەنفال بە تایبەتی هەستی پێدەکرێت، گەر بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا یەکێک لە مەبەستەکانی بریتی بووبێت لە لەناوبردن و پاکتاوکردنی نەژادی کورد لە عێراقدا، ئەوە لەلایەکی ترەوە ویستویەتی پاشماوەکانی ئەنفال تووشی چەندین کێشەیی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی بکات هەروەک چۆن لە حاڵی

حازردا بە چاوی خۆمان ئەو راستییە بەدی دەکەین. بەهەرحاڵ بە هەر جۆرێک بێت بەعس و رەگەزپەرستانی عەرەب ئەو لەناوبردنە پچڕپچڕ و لاوازەی لە کۆنەوە پیادەیان دەکرد بەرامبەر بە کورد ئەوا لە ناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکاندا لە پرۆسەی ئەنفالدا گەیاندیانە لوتکە، ئەوەشی تاوانبارە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و سەرانی رژێمی داڕووخاوە، بە هەڵەداچووین ئەگەر پێمانوابێت بە تەنیا سەرانی بەعس و شەخسی سەدام و عەلی کیمیایی تاوانبار و بەرپرسی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەن، بەڵکو تەواوی دەوڵە عەرەبیەکان و ناسیۆنالیزمە دڕندەکەی عەرەب بە هەمان راددەی سەدام حسێن و عەلی کیمیایی تاوانبارن و بەرپرسی یەکەم و کۆتایی هەموو نەهامەتییەکانی گەلی کوردن لە نێویشیاندا ئەنفال.

وەلێ بەداخەوە کورد خۆیشی خەمسارد بووە لە بەرامبەر ئەنفالدا و کاری لەسەر نەکردووە. لە چەند ساڵی رابردووەوە حکومەتی کوردیی و پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە ئەنفال بکەنە کارتێکی بەهێز و پڕۆژەیەکی گرنگی خەباتی سیاسیی، ئەو رەوتەی بە ناسیۆنالیزمی کورد خۆی شوناس کردووە نەیتوانیوە لە سەردەمی بە جیهانیبوونەوەی دیاردەکان بۆ دیاردەی جیهانی، ئەنفال بە جیهانی بکات و هۆشیاریی بدات بە نەتەوەکانی تر و زانیاریی لەسەر ئەو پرۆسەیە بە زمانە بیانییەکان بڵاو بکاتەوە، تەنانەت ئێمە دەبینین ساڵانە یەهودییەکان ملیارەها دۆلار سەرف دەکەن بۆ ناساندنی زیاتری هۆلۆکۆست لە رێگای بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لەسەر ئەو پاکتاوە رەگەزییەی جووەکان، هاوکات دەیان گۆڤار و رۆژنامە و سەنتەری تایبەتیشیان هەیە بۆ توێژینەوەی جۆراوجۆر لەسەر هۆلۆکۆست، تەنانەت کار گەیشتۆتە بەوەی لە کلیپی گۆرانییەکانیاندا هۆلۆکۆست مۆرکی خۆی هەیە. سەرباری ئەمانەش نەتوانراوە بنیادی کەسێتی و ئابووری پاشماوەکانی ئەنفال بنرێتەوە کە بەشی هەرە زۆریان پیر و پەککەوتەن، ئەوان چەندێک بەو کارەساتە لە رووی دەروونییەوە تێکشکاون و تووشی شۆک بوون، دەیان جار بەرابەر بەوە بە پەراوێزخستن و هەژاریی و کەمدەرامەتیان تێکشکاون.

لە قۆناغی دوای هەرەسی بەعس و دواتریش پێکهاتنی ئەنجوومەنی حوکم، کورد پرسی ئەنفالی وەکو پرسێکی گرنگ نەبردە نێو ئەنجوومەنی حوکم، کە

دەبوو کورد ئەمەی بکردبایە و ئەنجوومەنەکەش لە دەسپێکی کارکردنییەوە بە ناوی عەرەبەوە داوای لێبوردنی لە گەلی کورد بکردبایە و دواتریش پڕۆژە و بەرنامەی گونجاویان تەرح بکردایە بۆ دروستکردنەوە و بنیادی کەسێتی و ئابووری دەربازبووانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەو پرۆسەیە. ئاخر هەر لە دوای نۆی نیسانی پارەوە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی کورد دۆزرانەوە، کەچی گروپی کوردیی لە نێو ئەنجوومەنی حوکم بە تایبەتی یەکێتی و پارتی هەر خەریکی ململانێ تەسکە حزبییەکەن و نەیانتوانیوە ئەنفال وەک گرنگترین و ترسناکترین کارەسات لە مێژووی عێراقدا ببنە سەر مێزی گفتوگۆ لە ئەنجوومەنی حوکم، بڕیاریشە رۆژی ٣٠ی حوزەیران دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ عێراقییەکان، بەڵام ئاخۆ کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە هەمان خەمساردیی رابردووە مامەڵە لەگەڵ ئەنفالدا دەکات یان نا..؟.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٧)ی رۆژنامەی (زادگە) لە رۆژی ٢٩-٥-٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# کۆتایی تیرۆریستەکان لە عێراقە

شتێکی دیارە ئاشکرایە جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی کە خۆی لە ئیسلامی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتیی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە تایبەتی دەبینێتەوە, ئاگری جەنگێکی کوێرانەیان لەگەڵ دنیای شارستانی و مۆدێرن هەڵگیرساندووە, لەم جەنگەدا کە جەنگێکی گەرم و پڕ توندوتیژیی و داپلۆسینە, ئیسلامگەرای سیاسیی خوازیارە بە گالیسکە و شمشێری زەمەنی پێغەمبەر (محەمەد) هەموو دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی دنیای ئەمڕۆ چ لەلایەنی مەعنەوییەوە چ لەلایەنی بەرجەستەوە وێران بکات و لە جێگەیدا دنیایەکی میسالی لە قاڵبدراو لە چێوەی عەقڵیەت و بەرنامە ئاینییەکەیان جێگیر بکەن. لەو کاتەوەی باڵی عەقڵانی و ریفۆرمخوازی نێو ئیسلام لەسەر دەستی باڵی سەلەفی شکست دەخوات, ئیدی کتێبی قورئان و پەیامی ئیسلام دەبێتە میتۆد و پلاتفۆرمی هێزێکی چەکداری وێرانکار کە تا ئەوپەڕی وەحشیەتگەرایەتی دوژمنایەتی خۆیان لە بەرامبەر ئازادیی و مرۆڤ و ژیانی مۆدێرن رادەگەیەنن و کۆشش بۆ لە ناوبردنی دەکەن.

هەر لە یەکەم ساتەوە گروپی برایانی (اخوان المسلمین) هاتن بۆ گێڕانەوەی چەرخی رۆژگار و رەوڕەوەی پێشکەوتنی جیهان بۆ سەردەمی (بەرائەتی) خەلیفەکان کە بەبڕوای (سەید قوتب)ی تیۆریسیۆنی ئیسلامگەرایی جیهادیی نەوەیەکی قورئانی بێ وێنە بوون, کە لەلای ئەوان جگە لە قورئان هەر نامەیەکی تر بیەوێت ژیانی مرۆڤ ئاڕاستە بکات نامەیەکی شەیتانی رەتکرایەوە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئیسلام لەلای باڵی رادیکاڵ بەو جۆرەیە ئیسلام بە هەر نرخ و شێوە و جۆرێکە بکرێتە رێسای ژیانی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بۆ ئەو

مەبەستەش لەبەر تەنگەنەفسی و رەهابوون و دۆگمابوونیان لەنێو کەلەپووری قورئان و ئیسلامدا ڕێگا بە خۆیان دەدەن لە بەرکارهێنانی کوشتن و لەناوبردن و وێرانکردن تا جێکەوتەی پەیامەکەی خۆیان بکەن, ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو قاعیدە شەرعییەی کە دەڵێ (الغايه لا تبرر الوسيله) کە ئەوان کتومت بە پێچەوانەی ئەم یاسایە هەنگاو دەنێن.

ئەمڕۆش عێراق یەکێکە لە مەڵبەندە لەبار و سەرەکی و بنەڕەتییەکانی جموجۆڵ و مانۆڕی خۆتەقاندنەوە و کوشتن و تیرۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە لەلایەن ئیسلامگەرای جیهادییەوە, دەبینین هەرچی تیرۆریستانی دنیایە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە ژێر چەتری تاڵیبان و ئوسامە و مەلا عومەردا کۆببوونەوە و لە ئەفغانستاندا تەراتێنیان کرد و هەڕەشەیان لە جیهانی شارستانی دەکرد, مەرکەزی کردەوە و جموجۆڵە تیرۆریستییەکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ عێراق و ئەو وڵاتەیان کردووە بە جێگەی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئیسلامگەرای جیهادیی لە دنیادا. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستی دەزگاکانی هەواڵگریی و ڕاگەیاندنەکان دەکەون ئەو تیرۆریستانەی دوای کوشتنیان یان لە کاتی دەستگیرکردنیاندا ناسنامەکانیان ئاشکرا بووە, دەرکەوتووە، خەڵکی هەموو دنیای عەرەبی لە کەنەداوەوە بۆ ئۆقیانووس بەشی زۆرینەی ئەو تیرۆریستانەیان پێکهێناوە, بێجگە لە هێنان و سنووربەزاندنی دەیان تۆڕ و هەزاران کەسایەتی تیرۆریستی لە ئاسیای نێوین و باکووری ئەفەریقا و تەنانەت لە قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاش.

بوونی (ئەبو موسعەب زەرقاوی) وەک سەرکردەیەکی تیرۆری نێودەوڵەتی و سەفیری تیرۆریستەکانی جیهان لە عێراقدا کە ڕاستەوخۆ سەرپەشتی کردەوە تیرۆریستییەکانی نێو عێراق دەکات بەڵگەی ئەوەیە ئەو جەمسەرەی تیرۆر قورسایی خۆی خستۆتە سەر عێراق. بۆیە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهەڵپڕژانی تیرۆریستەکان لەلایەک و عێراقییەکان و سوپای هاوپەیمانان لەلایەکی تر چەند ساتەوەختێکی چارەنوسسازن بە نیسبەت هەر لایەکەوە. ئەگەر جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنن پاشەڕۆژی عێراق مەحکومە بە ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان، هاوکات شکستهێنانی پڕۆژەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا بە تایبەتی ئەو پڕۆژەیەی ئەمەریکا ناوی لێناوە پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە, بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر هاوپەیمانان و عێراقییەکان توانیان سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستەکاندا بهێنن, ئەوا بەشێک لە پڕۆژەی دیموکراتییەت کە هاوپەیمانان نەخشەیان بۆ کێشاوە لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە و هەرواش دەروازە دەکاتەوە لە بەردەم پڕۆژەی دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەدا و کۆتایی بە تیرۆریستەکان دێت یان ئەگەر بتوانن بە شێوەیەکی دابڕاو و پەرتەوازە بمێننەوە ئەوا بوونێکی لاوازیان دەبێ و ناتوانن بەو شێوە بەرچاوەی ئەمێستا ببنە مەترسی و هەڕەشە بۆ دنیای شارستانی ئەمڕۆ. بۆیە دەتوانین وای دابنێین: کۆتایی تیرۆرستەکان لە عێراقە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤٨)ی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) لە کۆتایی ئابی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# حەوت ساڵ دوای رووداوی ١١ سێپتامبەر

حەوت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ چەند خۆکوژێکی ئیسلامیی سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدە هێرشێکی دەگمەنی تیرۆریستیان کردە سەر هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی و وەزارەتی پنتاگۆن لە هەردوو شاری نیۆیۆرک و واشنتۆنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو کردەوە خۆکوژییە لە سادەترین مانایدا هۆڤیبوونی جەمسەری تیرۆری نیودەوڵەتیی سەلماند کە ئەمڕۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە رێبەرایەتی دەکات، بە ئەندازەیەک تیرۆری نوێی ئیسلامیی سڵ لە لەناوبردنی خەڵکانی سڤیلیش ناکاتەوە. بەڵام ئەم رووداوە تیرۆریستییە زۆر دەگمەنە تەنیا وەک تراژیدیایەک نەمایەوە، بەڵکو بووە سەرەتای دەرگاکردنەوە لە مێژوویەکی نوێ کە گۆڕانگارییەکی گەورەی دروستکرد لەسەر ئاستی جیهان. راستە ئەو کردەوەیەی جەمسەری تیرۆری ئیسلامیی پێی هەستا جۆرێک لە بەهێزیی ئەلقاعیدەی سەلماند، بەوەی توانی سنووری دوو ئۆقیانووس ببڕێت و ئاگری تیرۆر لە ناوخۆی خودی ئەمەریکادا کڵپە پێبسێنێت، بەڵام لە رەهەندێکی ترەوە شکستی سیاسیی ئەلقاعیدەی مانیفێست کردووە، بەوەی هەموو نەبەردەکانی دۆڕاند و پەنای بردە بەر رەشەکوژیی هاووڵاتیانی ئەمەریکیی.

ئەو کردەوەیەی تیرۆریستە ئیسلامییەکان، بە راددەیەکی زۆر لە خولیای هیتلەر و نازیزم نزیک دەکەوێتەوە بۆ لە ناوبردنی گەلی جوولەکە، ئاخر هیتلەر لە دواساتەکانی بەر لە خۆکوشتنی سەرباری هەموو دۆڕاندنەکانی، هێشتاش شادومانە بە لەناوبردنی ژمارەیەکی خەیاڵی لە گەلی جوولەکە، بۆیە لەو ساتەوەختانەدا دەڵێت «راستە ئێمە نەمانتوانی خەونەکانمان بهێنینەدی، بەڵام خۆ

توانیمان جوولەکە لەناوبەرین». خولیای ئیسلامییە خۆکوژەکان خولیایەکی لەوەی هیتلەر زیاتر نەبووە و نییە، چون ئەوان دوای هەموو تێکشکانەکانیان ناچار بوون بە رەشەکوژیی و کوشتنی کوێرانە تۆڵەی خۆیان لە جیهانی شارستانی و خۆرئاوا بکەنەوە. بەهەرحاڵ کارەساتەکە و تراژیدیا ئینسانییەکە چەندێک گەورە و گران بوو چ بۆ بە ئەمەریکا و چ سەبارەت بە جیهان، لە هەمان وەختدا ئەو پێشهات و گۆڕانکارییەی بە دوای ئەو کارەساتەدا هاتن بێگومان زۆر لە ئەندازەی رووداوەکە گەورەتر و کاریگەرتربوون سەبارەت بە جیهان و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

راستە مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەکان پۆزەتیڤ بن، بەڵام هاشا لەوە ناکرێت یانزەی سێپتامبەر جارێکی تر تابلۆی هەموو جیهانی گۆڕی. ئەمەریکا لە رێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و لەشکرکێشیی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق توانی بارودۆخێکی نوێی جیهانی بهێنێتە ئاراوە، بارودۆخێک مەگەر بەراوورد بکرێت بە دۆخی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد. بەڵام لە هەموو ئەمانە جیاوازتر، دوای حەوت ساڵ بەسەر رووداوی یانزەی سێپتامبەردا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین: چۆن ئیسلامییەکان بوونە ئەو هێزە کاریگەرەی تەنانەت گورز لە ئەمەریکاش بوەشێنن؟!، ئەی ئایا ئەمەریکا بە راست سەرکردایەتی جەنگێکی جیهانیی دەکات دژی قوتبی تیرۆریستیی جیهانیی؟. بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، ئەوە ئەمەریکا بوو رۆڵی کارای هەبوو لە پڕ چەککردنی شانە جیهادیی و رێکخراوە ئیسلامییەکاندا بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە دژی بلۆکی رۆژهەڵاتی پێشوو، ئەمەریکا تاوانباری یەکەمە لە بەهێزبوون و کارابوونی رەوتە ئیسلامییەکان، تەنانەت خودی بن لادن و تاڵیبان و چەندان رێکخراوی هاوشێوەی تر بەبێ یارمەتی ماددیی و لۆجیستی ئەمەریکا نەیاندەتوانی ببنە ئەو ئەکتەرە کاریگەرە کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بوونەتە سەرئێشە.

هەروەک بیرمەندی کۆچکردوو (ژاک درێدا) دەربارەی ئوسامە بن لادن دەڵێت «پێگەیشتنی ئەم پیاوە ئەوەندەی قەرزاری وڵاتانی دونیایە، دە ئەوەندە قەرزاری ئەمەریکا خۆیەتی». ئوسامە لە یەکێک لە برگە مێژووییەکاندا دۆستی هەرە نزیکی ئەمەریکا و کۆشکی سپی بوو، لە ئاوێنەی میدیای ئەوسای ئەمەریکادا بن لادن وەک

یەکێک لە شۆڕشگێڕە ناودارەکانی جیهان ریکلامی بۆ دەکرا. ئیدی کاتێک چەرخی مێژوو دەسوورێتەوە و بن لادن لە دیدی ئەمەریکادا دەبێتە ئەو شەیتانەی دەیەوێت جیهان کاول بکات، هیچی تر نییە جگە لە هەڵگەڕانەوەی ڕێچکەی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکان، ئیدی یانزەی سێپتامبەریش دەبێتە رووداوێک لەو زنجیرە رووداوەی ئەلقاعیدە و ئیسلامی جیهادیی سکێجی کردبوو، ئەمەریکاش بەر لە جەمسەری تیرۆری ئیسلامیی خۆی بەرپرسیاری یەکەمە. بۆ وەڵامی پرسیاری دووەمیش، روون و لەبەرچاوە ئەمەریکا خۆی یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لەسەر مەودایەکی بەرین تیرۆر دەکات هەر لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا، جەنگی جیهانیی دژە تیرۆریش درۆیەکی تر و مەوادێکی ئیعلامی فریودەرانەیە بۆ چەواشەکردنی رای گشتیی جیهانیی، ئەگینا (نوام چۆمسکی) وتەنی «خودی ئەمەریکا سەرکردەی تیرۆری نێودەوڵەتییە».

ئێستاش دوای حەوت ساڵ بەسەر رووداوی یانزەی ئەیلوولی ۲۰۰۱، پێویستە لەیادی نەکەین، ئەوەی ئەمەریکا چنییەوە بەرهەمێک بوو لە دێرینەوە لەم ناوچەیە چاندبووی، ئەوەی لە هەردوو شاری نیۆیۆرک و واشنتۆن روویدا بە بێ یارمەتیدانی پێشووتری خۆی بۆ رێکخراوە جیهادییەکان مومکین نەبوو روویدات. ئەو جەنگەشی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان بە ناوی جەنگی دژە تیرۆر بەڕێوەی دەبات، تەنیا دیوێکی تری سیاسەتی هەژمونخوازیی و فراوانخوازیی و کۆلۆنیالیستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و هیچی تر. کارەسات ئەوە نییە ئێمە لە کوێی ئەم جەنگە زۆر تازەیەدا لەنگەرمان گرتووە، بە بڕوای ئەز کارەساتی راستەقینە ئەوەیە باوەڕمان بەوە بێت ئەمەریکا لەو جەنگەدا مەبەستی تەفروتووناکردنی رێکخراوە ئیسلامییە جیهادییەکانە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودیی کە هەردووکیان بەجۆر و شێوەی خۆیان رۆڵیان لە بەرهەمهێنان و پیادەکردنی تیرۆر هەیە و هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمەریکان، دوو نموونەی زیندوو و نزیکن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (۳۵)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ۱۵ /۹ /۲۰۰۸ بڵاوبووەتەوە.

# قۆنەرەکەی مونتەزیر و پێکەنینە دەستکردەکەی بوش

ئەو دیمەنەی لە رۆژی پانزەی ئەم مانگە بینیمان، کە مونتەزیر زەیدی هەواڵنێری کەناڵی ئەلبەغدادیە هەردوو تاکە قۆنەرەکانی گرتە «جۆرج بوش»ی سەرۆکی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لەگەڵیدا بەدەنگی بەرز هاواریکرد، ئەمە ماچی دوا ماڵئاوایی عێراقییەکانە لێتان، ئەی سەگ. لە رووی مۆراڵەوە ئەو رەفتارەی هەواڵنێری ناوهێنراو کردارێکی گونجاو و رەوشتدارانە نەبوو، زۆر دوور بوو لە رەوشتی پیشەوەرانەی رۆژنامەنووس، زیاتر پاڵنەرێکی نەتەوەیی عەرەبیی لە پشت ئەو رەفتارەوە ئامادەیی هەبوو، ئەگەر نەڵێین دەستێکی دەرەکیی لە وێنەی ئێران رۆڵی خۆی بینیوە. ئێمە کارمان بەوە نییە کێ و چی هاندەر بووە؟ هەروا مەبەستیشمان نییە ئەم نووسینە بکەینە بەیاننامەی ئیدانەکردن یان پەخشانێکی پیاهەڵدان بە رۆژنامەنووسی ناوبراودا، کاری ئێمە شیکردنەوە و خوێندنەوەی ئەو هەڵچوون و پەرچەکردارە بوو رۆژنامەنووسی ناوبراو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا نواندی، ئایا بە راست ئەو رۆژنامەنووسە تەنیا گوزارشتی لە بۆچوونی خۆی دەکرد یاخۆ ئەم رەفتارە روانگەی زۆرینەی عەرەبانە هەر لەکەنداوەوە تا ئۆقیانووس؟.

وای بۆ دەچم ئەگەرچی رەنگبێ ئەو رۆژنامەنووسە ویستبێتی لە رێی ئەو مامەڵەوە ناوبانگێکی جیهانیی بۆ خۆی پەیدا بکات، لە پاڵ ئەمەشدا هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت ئەمە قەناعەتی راستەقینەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبییە هەر لە فەرمانڕەوایانەوە تا دەگات بەمنداڵانی خوێندنگە سەرەتاییەکانیش. ئەم رق و کینەیە لە ئەمەریکا و خودی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە هەروا لە خۆڕا نییە و بە خۆڕسک لەگەڵ عەرەبدا لە دایک نەبووە، بەڵکو ئەوە بەرئەنجامی نزیکەی سەدەیەک دەستێوەردانی

ئەمەریکا و چەندان سەدەی دەستتێوەردانی خۆرئاواییەکانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و عەرەبیدا، ئەوان واتە ڕۆژئاواییەکان لەسەرو هەموویانەوە ئەمەریکا بەرپرسیارن لەو بارە نەخوازراوەی ئەمڕۆکە لە وڵاتانی بەناوبانگ بە جیهانی سێ و ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەیە، ئەوان دوێنێ دەهاتن خاک و خۆڵ و زێد و سەروەت و سامانیان لە خاوەنی راستەقینەی خۆی زەوت دەکرد و ئەمڕۆش جەنگ لە دوای جەنگ، دیکتاتۆر لە دوای دیکتاتۆر دەکەنە چارەنووسی ئەم گەلە داماوکراوانە.

راستە دەوڵەتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نموونەی داپڵۆسێنەرترین و دواکەوتووترین جۆری دەوڵەتن، کەچی بە کەمێک وردبوونەوە دەگەینە سەرچاوەی حەقیقەت کە هەر خودی ڕۆژاواییەکانن ناهێڵن ئەم سیستمە دواکەوتووانە لەسەر کار لابرێن و هەر ئەوانن بە توانای ماددیی و لۆجیستی پشتگیریی لە مانەوەی ئەو مۆدیلەی سیستمی دەوڵەتداریی دەکەن لەم ناوچەیەدا. ئەوان ڕۆژانە چەک دەفرۆشن و چەک وەبەرهەم دێنن، هەر خۆشیان لێرە گرفت دروستدەکەن تا ڕۆژهەڵاتییەکان چەکەکانیان لێبکڕنەوە و بینێنەوە بە یەکەوە. ئەوان دێن کنوز و سامانی ئەم دەڤەرە دەدزن و دەمامکی رزگاریخوازانەشیان لەسەر کردووە، هەروەک سەرۆک هۆزێکی ئەفەریکی گوزارشتی لێکردووە، ساتێ ڕۆژئاواییەکان هاتن، ئینجیلیان پێبوو، ئێمەش خاوەنی زەوییەکانی خۆمان بووین، هەرئەوەندەی چاومان نووقاند بۆ نوێژکردن، کاتێک چاومان هەڵهێنایەوە ئینجیلەکانی ئەوان بە ئێمە و زەوییەکانی ئێمە بە ئەوان بوو.

بوش یەکێکە لە دەمڕاستەکانی ئەم سیستمە وەحشیگەرییە، جەنگی عێراق، جەنگی ئەفغانستان، جەنگی درۆینەی کێوماڵکردنی تیرۆریزمی ئیسلامیی، چەککردنی دەوڵەتانی مەترسیدار، خستنە لیستی ڕەشی کۆمەڵێک ڕێکخراو کە بەشی زۆریان شۆڕشگێڕن، جەنگی ئابووری، جەنگی داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە وڵاتانی چەشنی کۆماری ئاخوندەکانی ئێران و کۆریای باکووری کۆمۆنیستیی، هەموو ئەمانە بە ناوی مرۆڤدۆستییەوە ئەنجام دەدرێن و گەورەترین کارەساتی ئینسانیان لێکەوتووەتەوە، لە بنەڕەتیشدا هەموو ئەم جەنگانە تەنیا پاساودانی هەژموونخوازیی ئەمەریکا و ڕۆژئاواییەکانە، ئەگەر ئەوان پەرۆشی ژیانی مرۆڤەکانن و لە کاسترۆ و سەدام و بن لادن و شافێز و ئەحمەدی نەژاد رزگاریان دەکەن؟ ئەدی بۆچی

دەستی یارمەتی بۆ ژیانی ملیۆنان مرۆڤ درێژ ناکەن لە کیشوەری رەشدا؟ ئەریٚ ئەو هەموو ترلیۆن دۆلارەی بۆ جەنگی ئێراق و ئەفغانستان تەرخانکرا لەلایەن حکومەتەکەی بوشەوە بەشی ئەوەی نەدەکرد یەک کیشوەر لە فەوتان و ئینقراز رزگار بکرێت بۆ تاهەتایە؟.

بوش کە بڕیاردەری مەرگی ملیۆنان مرۆڤ بووە، کە لە کەڵلەی هەریەکەیاندا جیهانێکی تایبەتی هەبووە، نەک شایستەیە قۆنەرەی تێبگیرێت رەنگبێ ئیدی کاتی هاتبێت ئەو سیستمە هۆڤەی بوش و بلێر و سارکۆزی دروستکردووە لە گۆڕ بنرێت، ئەو سیستمەی لە پێناوی گەشانەوە و رووناکیی لەندەن و پاریس و نیۆیۆرک، ژیانی ملیار مرۆڤ دەخاتە تاریکیی شەوەزەنگەوە، ئەو سیستمەی رۆژانە ملیۆنەها تۆن خۆراک و گەنم و گەنمەشامی و بەروبوومی تری کشتوکاڵیی فڕێدەداتە ناو ئاوی زەریاکانەوە، کەچی لەولاوە مرۆڤ لە ئەفەریکا رەگی داریش نەما بیکوڵێنن و بیخۆن، نەک هەر ئەوە لە رۆژێکدا دە هێندەی کارەساتەکەی یانزەی ئەیلوول لە برساندا و لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەفەریکا دەمرن و کەسیش نییە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بکاتە سەر ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالیست و سەرمایەدارییانەی وەک مەکینەی قیمە ژیانی مرۆڤایەتی هەپرون هەپرون دەکەن. لەهەموو ئەمانە سەیرتر هاژوهوژی کۆمەڵێک قەڵەم بەدەستە وەک ئەوەی کەعبە رووخابێ و مەسیح لە خاچ درابێتەوە، دەنگە دەنگێکیان لەسەر ئەو قۆنەرەی تێگرتنە لە بوش ناوەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو بەڕێزانە بەراووردی موشەکەکانی بوش و قۆنەرەکانی مونتەزیر بکەن، بێ ئەوەی بزانن ئەو بوشەی ئەوان بۆی دەگریێن، هیتلەرێکی دەست و لەپ خوێناوییە و رەنگە بڵێم قۆنەرە تێگرتن باشترین رێزلێنانییەتی.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە (٥٨)ی گۆڤاری (نێوەند)ە، مانگی دیسامبەری ٢٠٠٨.

# ئۆباما کام ڕێگا دەگرێتە بەر؟

**پێموایە چاوەڕوانییەکان زۆر زۆرن ئۆباما ئێستا پەیامێکی بە ئەستۆیە، ئەوەش ئەوەیە هەم متمانەی هاووڵاتیان رابکێشێت، هەم واقیعبین بێت لە ئاست ئەو کارانەی دەتوانێت ئەنجامیان بدات یان ناتوانێت ئەنجامیان بدات**

مادلین ئۆڵبرایت

وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا

بە پێی هەموو شرۆڤە و لێکدانەوەکان وەها دەردەکەوێت «باراک ئۆباما»، هەم وەک یەکەم سەرۆکی رەشپێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەم وەک سەرۆکێکی گەنج، بە تێڕوانین و دیدگایەکی جیاواز لە بەشێک لە سەرۆکەکانی پێش خۆی یان هەر هیچ نەبێت جیاواز لە بوشی کوڕ هەنگاو هەڵدەگرێت و بەرەو رووی ئەو دۆخە ناهەموارە دەبێتەوە ئەمڕۆکە ئەمەریکای خستۆتە قەیرانەوە، چون لە بەری ئێراق و ئەفغانستان ئەمەریکا هیچ سەرکەوتنێکی بەرچاوی تۆمار نەکردووە بچووکترین بردنەوەی ئیدارەی پێشوو ئیسپات بکات، لە ناوخۆش داتەپینی ژێرخانی ئابووری و ئیفلاسکردنی ئیمپراتۆرییە گەورەکانی سەرمایە هێندەی تر برینەکانیان سەختتر کردووە. بۆیە هاتنی ئۆباما لە سەروەختێکدایە ئەمەریکا لە چەندین لایەنەوە گیرۆدەی کێشە و قەیرانی قورس و ریشەییە. بە بڕوای من هۆکاری هەرە سەرەکیی ئەو قەیرانانەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدگای تەسک و ئایدۆلۆژیای نیوکۆنسەرڤاتیزم کە جۆرج بوش و ئیدارەکەی باشترین نوێنەری ئەو تەوژمە ئایدۆلۆژییە بوون، لە دیدگای نیوکۆنسەرڤاتیزمدا ئەمەریکا دەبێت

سەروەری جیهان بێت، بۆ هێنانەدی ئەم سەروەرییە جەنگ و کاولکاریی لە هەر شوێنێکدا پێویست بکات چیتر نییە جگە لە ئامرازو رێگەیەکی ئاسان.

بیرمەندی خاوەن تێزی کۆتایی مێژوو «فرانسیس فۆکۆیاما» لە بارەی ئەو رەوتە موحافیزکارانەوە دەنووسێت: «بڕوایان وایە ئەمەریکا دەوڵەتێکی نایاب و دەگمەنە، واتا وڵاتێکە خاوەنی سەرەتا و دەستپێکی رووداوە نوێیەکانە، وڵاتێکە هەمیشە پشتی بە مەزنێتی و باشێتی بەستووە». دواتر «فۆکۆیاما» دەربارەی ئیدارەکەی بوش کە بە توندیی وابەستەی نیوکۆنسەرڤاتیزم بوو دەڵێت «دەوڵەتی بوش خەسڵەتێکی لینینی واتا دۆخێکی شۆڕشگێڕیی بەخۆوە گرت، ئەوان لەو بڕوایەدابوون دەتوانرێ بە داگیرکردنی سەربازییانە، چەرخی مێژوو خێراتر هەڵبسوڕێنن». ئەو دیدگا تەسک و کورتبینییە سیاسییە، بوش و کاستەکەی خستە هەڵەیەکی هێندە گەورەوە، ئەگەر ئۆباما بە گرتنەبەری رادیکالیزمێکی نوێ ئەمەریکا رزگار نەکات ئەوە ئەو دەوڵەتە چارەنووسی هەروەک سۆڤێت بەرەو هەڵدێر دەڕوات. ئۆپەراسیۆنەکانی ئەرتەشی ئەمەریکا لە رۆژهەڵات بە تایبەت لە دوو جێگەی تەژی لە قەیرانی وەک ئێراق و ئەفغانستان هێندەی بڕیارێکی سۆزئامێزی نیوکۆنسەرڤاتیزمی لە پشتەوە بووە ئەوەندە لە دیدێکی قووڵەوە نەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەم ناوچەیە. ئاخر ئەوان بەناوی پیادەکردنی دیموکراسیی و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کراوەوە روویان لە هەریەک لەو دوو وڵاتە کرد، کەچی هەرگیز نەیانتوانیبوو لە سروشت و سایکۆلۆژیای خەڵکی ئەم دوو دەوڵەتە تێبگەن.

هەروەک «محەمەد ئەبو رمان» دەڵێت «هەر چارەسەرێک بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دواکەوتوویی رامیاریی و ئابووری و فێرکاریی ناوچەکە پشتگوێ بخات چارەسەرییەک دەبێت لەسەر لم بنیات دەنرێت». بێگومان ئەمەریکییەکان هەرچییەکیان خوێندبێتەوە لە عێراق و ئەفغانستان دوو شتیان نەخوێندبووەوە، یەکەمیان نەخوێندنەوەی بار و ژینگەی دواکەوتووانە لە هەموو رەهەندێکەوە. دووەمیان خۆ ئامادەنەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی پەرچەکردار و بەرەنگاریی هێزە چەکدارەکان لە هەر یەک لەو دوو وڵاتەدا. ئەم دوو هۆکارەش، جیاواز لەوەی زیانێکی گیانیی زۆری گەیاندە هێزی نیزامی ئەمەریکا، لە هەمان کاتدا کاری کردە

سەر ڕەوتی سەرمایە و دۆخی ئابووری ئەمەریکا لە ناوخۆدا، کە بەشێوەیەکی جادوویی دەیان دامەزراوە و بانک و کۆمپانیای زەبەلاح لە چەند کاتژمێرێکدا حیسابیان سفر بوو و هەرەسیان هێنا. کەوابوو هەموو دەزانین ڕێگەیەکی ئێجگار سەخت لە پێشی ئۆباما و ستافە نوێیەکەیەتی لە کۆشکی سپی، بەڵام گرنگتر لەمە لەوەدا دەبینرێتەوە ئاخۆ سەرۆکی نوێی ئەمەریکا کام ڕێگای سیاسیی و کام میتۆدی کار و کام ڕوانگەی ئیدۆلۆژیی دەگرێتەبەر؟ ئایا هەمان ڕێگای شکستخواردووی ئیدارەی بوش دەگرێتەبەر کەرێگەی نیوکۆنسەڤاتیزمە یاخۆ ڕێگەی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێت کە ڕادیکاڵیزمێکی نوێیە لە سیاسەتی تازەی وڵاتەکەیدا؟ بە گوتەی ڕۆژنامەنووسی نێوداری ئەمەریکیش «تۆماس فریدمان» ئەم سەردەمە سەردەمی ڕادیکاڵەیەتییە.

«فریدمان» هیواخوازە سەرۆکە نوێیەکەی ئەمەریکا مرۆڤێکی ڕادیکاڵ بێت، بۆیە دەنووسێت «بە ڕاستی هیوام وایە ئۆباما ڕادیکاڵێکی نهێنی بێت. مەبەستم ڕادیکاڵی چەپ یان ڕاست نییە، تەنیا مەبەستم ڕادیکاڵە، چوونکە ئێستا سەردەمی ڕادیکاڵیزمە، ئێستا سەردەمی جووڵانەوە ڕادیکاڵییەکانە لە هەموو کارە ئاساییەکان و لەهەموو بوارەکاندا». ئەگەر باراک ئۆباما بیەوێت ئەمەریکا لەو قەیرانانە ڕزگاربکات و ئیعتبار و ناوبانگ بۆ وڵاتەکەی بەدەستبهێنێتەوە ئەوە لە دەستپێکدا پێویستیی بە دابڕانێکی ڕیشەیی هەیە لە میتۆد و فۆرمی هەتا ئێستای سیاسەتی ئەمەریکا بە تایبەتی سیاسەتی دەرەوە کە هەمیشە لەسەر هێز ڕاوەستاوە و بچووکترین پاساو بەس بووە تاوەکو لەشکرکێشیی بکاتە دوور یان نزیکترین قەوارە و دەوڵەتی نەیار. گرنگە ئیدارەکەی ئۆباما ئەو قەناعەتە کۆتایی پێبهێنێت کە ئەمەریکا پۆلیسی جیهانە و هاووڵاتیانی جیهانیش لەوە ئاگادار بکاتەوە چیتر ئەمەریکا ڕۆڵی ئەو سەرداره دڵڕەقە نابینێت بە ویستی خۆی حکومەت و گرۆ و بزووتنەوە ڕامیارییەکان لەمسەر یان ئەوسەری دنیادا سزا بدات. چوونکە هەتا ئێستا ئێمە و هەر مرۆڤێکی سەر ئەم هەسارەیە وا بارهێنراوین ئەمەریکا پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی هەموو هاووڵاتیانی سەر ڕووی زەوییە.

هەروەک «ئالن بەدیۆ» دەڵێت «ناچارکراوین وا بزانین هەموو جیهان پێویستیی بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و پۆلیسی سەربازیی ئەمەریکا،

واتە ناتۆیە!!». کەوابوو ئۆباما و هاوکارەکانی هەر ئەرکی ریفۆرم و بوژاندنەوەی ناوخۆی ئەمەریکایان لەسەرشان نییە، هەرچەندە قەیرانە داراییەکەی ئەم دواییە هێندەی هەمان قەیرانی ساڵی ١٩٣٠ کاریگەرە، ئەوەش تەنیا لە توانای «فرانکلین رۆفێلت»دا بوو بەرەو رووی ئەو واقیعە ئێجگار ئاڵۆز و سەختە ببێتەوە، ئایا بەراست ئۆباما دەتوانێت رۆزفێلت بێت یاخۆ نا؟، بەڵکو زیاتر لەم ئەرکە پێویست دەکات بەرێگای ئاشتی و دیپلۆماسی کێشە گەرمەکانی خۆیان لەگەڵ زۆرینەی نەیارەکانیان یەکلا بکەنەوە. ئێران یەکێکە لەو نموونانە، مامەڵەی ژیرانەی ئۆباما لەگەڵ ئێران و خستنەگەڕی سیاسەتێکی نەرم بەڵگەیەک دەبێت بۆئەوەی ئایا ئۆباما کام رێگە دەگرێتەبەر. خۆ ئەگەر هەنگاوی ئەرێنی داخستنی گرتووخانەی «گوانتانامۆ» یەکێک بێت لە دەستپێکی ئاشتکردنەوەی ئەمەریکا لەگەڵ کۆمەڵگە ئیسلامیی و رۆژهەڵاتییەکان، ئەوە لە هەنگاوەکانی داهاتوودا کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی و سیاسەتی هەڕەشەلێکردن و ترساندنی خەڵکی ناوچەکە دەبێ لە ئەولەویەتی کاردا بن، لە ئاهەنگی سوێندخواردنەکەشیدا ئۆباما بۆ یەکەمجار وەک سەرۆکێکی ئەمەریکیی باسی جیهانی ئیسلامیی کرد! ئەمەش یەکێکە لەو سەرەتا هەرە گرنگ و پڕ بایەخانەی دەروازەیەکی نوێی ئاشتیخوازانە دەکاتەوە لە پەیوەندیی موسڵمانە خۆرهەڵاتییەکان و کریستیانە خۆرئاواییەکان بە تایبەت ئەمەریکییەکان.

ئەم ناوهێنانەی جیهانی ئیسلامی لە مەراسیمی سوێندخواردنیدا لەلایەن ئۆباماوە، سەرنجی «مادلین ئۆڵبرایت»ی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکای بە لای خۆیدا راکێشاوە و «مادلین ئۆڵبرایت» لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی گرنگترین برگەی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا لێیکرابوو دەڵێت «ئەو بەشەی کە ئۆباما باس لە پێویستبوونی رێزگرتن لە جیهانی ئیسلام دەکات، لە پێش ئۆبامادا هیچ سەرۆک کۆمارێک لە ئاهەنگی سوێندخواردنیدا ئاماژەی بە جیهانی ئیسلام نەکردووە، ئێمە دەبێت هاوکات هەم جیهانی ئیسلام زیاتر بناسین هەم گوێ لە دەنگی ئەو رەوتە بگرین، ئۆباما بەوەی رووی قسەی کردە موسڵمانەکان پێی فاماندن نەک هەر لەوان تێدەگات بەڵکو بەشوێن ئەوەوەیە دانوستانیان لەگەڵدا بکات». خولاسە ئۆباما بۆ رزگارکردنی ئەمەریکا و پابەندبوون

بە بەڵێنەکانی خۆیەوە لەسەریەتی دیدگای باوی موحافیزکارە نوێیەکان لە سیاسەتی ئەمەریکا دابڕنێت، چون ڕێی نیوکۆنسەرڤاتیزم ئەمەریکا لە داڕووخانی گەورەتر نێزیک دەخاتەوە و بە پێچەوانەشەوە پیادەکردنی رادیکالیزم و خۆجیاکردنەوە لەوەی تائێستا سەرۆکەکانی دیکە کردوویانە، ئەمەریکا دەخاتەوە سەر ڕێگایەکی ڕاست و شانسی زیاتری دەداتێ وەک دەوڵەتێکی زلهێز بمێنێتەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٥٨٨)ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٩بڵاوبووەتەوە.

# ئایا دیموکراسیی لە عێراقەوە بۆ کوردستان دێت؟

لە سەرەتای پرۆسەی رووخانی رژێمی بەعسەوە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣، وتەزا و چەمکی گواستنەوەی ئەزموونی دیموکراسیی لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، نەک تەنیا سنووری هەرێمی بەزاندبوو، بەڵکو بەشێک لە کاربەدەستانی ئەمەریکیی و هاوپەیمانانیش لەو باوەڕەدا بوون ئەزموونی کوردستان بۆ بەشەکانی تری عێراق لە ئاکامدا دەبێتە جێکەوتنی دیموکراسیی لە تێکڕای وڵاتەکەدا، ئەمە ئەوکات بوو. ئێستاکە هاوکێشەکە تەواوێ پێچەوانە بووەتەوە و ئەوە دووپات دەکرێتەوە پێویستە ئەزموونی دیموکراسیی لە ناوەندەوە بگوازرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، چوونکە پێکهاتە عەرەبەکانی عێراق سەلماندیان دیموکراسین، کوردەکانیش پێچەوانەکەی. پرسیارێکی ماقووڵ لێرەدا بێتە پێشەوە لەوەدا دەبینرێتەوە: ئایا بە راست ئەزموونی کوردستان ئەوەندە بەهێز و سەرکەوتوو بوو تا لە کردەی سیاسیی و کارگێڕیی داهاتوو کەڵکی زۆر لێوەربگرن؟. ئەی ئایا ئەزموونی نووکەی عەرەبەکانی حکومڕان لە ناوەند هێندە درەوشاوەیە، کوردەکان رەنگی خۆیانی لەسەر بڕژن؟. وەڵامی هەرە دروست وایە نە ئەوکاتە ئەزموونی ئیدارە و سیاسەت لە کوردستان ئەوەندە پێشکەوتوو و دیموکراسی بوو بکرێتە مۆدیل بۆ سەراسەری عێراق، نە ئەو بارودۆخە سیاسیی و ئیدارییەی ئەمڕۆش لە ناوەند دەگوزەرێ بایی ئەوەیە ناوی بنێین ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی تاوەکو بۆ شوێنەکانی تری وەک کوردستانی بگوازینەوە.

ئەو ساتەوەختانەی سەرکردە رامیارییەکانی کورد و بە دوایدا راگەیاندنکار و لایەنگرانی پارتەکانی کوردستان بانگەشەی گواستنەوەی مۆدیلی فەرمانڕەوایی کوردستانیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکرد، ئەم ئیدارەیە لە چەندین لاوە دەرگیری دەیان نەخۆشیی درێژخایەن و ترسناکی وەک گەندەڵی و رۆتین و نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی واقیعی و نەڕەخسانی هەلومەرجی بابەتی بۆ گەشەکردنی رای گشتیی و سەرکوتکردنی دەنگی نەیارانی رامیاریی و قۆرخکردنی دەسەڵات ببووەوە. ئەوەی هەبوو هەڵخەڵەتاندنی چاوی زۆرینەی ئەو کەسانە بوو بەشێوەیەکی سەتحی بۆ ئەو بارودۆخەیان دەڕوانی کە لە کوردستانی ئەوکاتدا لە ئارادا بوو. بێگومان ئەم نەخۆشییانە بە تێپەڕبوونی ئەم ماوەیەش نەک چارەسەر نەبوون و نەکران، بەڵکو تەواوی لاشەی دەسەڵاتیان تەنیووەتەوە، بە ئەندازەیەک تازە بە تازە چارەسەرکردنی بۆتە کاری نەکردە. نووکە ناوەندی عێراق کە هەندێک پێکهاتەی مەزهەبیی و ناسیۆنالیستی توندئاژۆی عەرەبیی باڵادەست و فەرمانڕەوان، ئەگەرچی توانیوویانە زۆرێک لە دامەزراوە عێراقییەکان دروستبکەنەوە و تا رادەیەک ئیدارە بە پێی تێڕوانینی خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵام هێشتا ئەو پێشکەوتنە کەمە هیچ کات نەبووەتە بەڵگەی دیموکراسیبوونی ناوەند، بە پێچەوانەوە ئەگەر نەخۆشییەکانی حکومەتی ناوەند و زەمینەی سیاسیی ناوەند لە هی کوردستان خراپتر نەبێت بێ دوودڵیی باشتر نەبووە و نییە.

بەپێچەوانەوە زەمینەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت و فەرزکردنی بیر و بۆچوونی مەزهەبیی و ئاینیی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق هێندە کاریگەرە هەموو ئومێدیکمان بە پاشەڕۆژێکی دیموکراسی لە عێراقدا زیندەبەچاڵ دەکەن. ئاخر ئەو ناوەندەی دەیەوێ لە رێی کەموکوڕییەکانی دوو پارتە سەرەکییەکە و گەندەڵیی بەرپرسانی کوردەوە لە ئیدارەی ناوەند هاشا لە بوونی نەتەوایەتی گەلێک بکات و شارێکی رەسەنی لێ زەوت بکات، گەر لە جیاتی چوار ساڵ جارێک چوار هەفتە جارێکیش دەستاودەستی دەسەڵاتی تێدا بێت، هەرچییەک بێت دیموکراسیی نییە. من پێم سەیرە خەڵکانێک لە ناو کورددا پەیدابوون وا بیر دەکەنەوە کێشەی مالیکی و عەرەبەکانی ناوەندی دەسەڵات لەگەڵ پارتی و یەکێتی کێشەیە لەسەر دیموکراسی!!، بەو پێیەی ئەوان نوێنەری دیموکراسین و

کوردەکانیش ئاو دەخەنە ئاشی دیکتاتۆرییەتەوە، کەچی لە راستەقینەدا مالیکی و ساڵح موتڵەگ و شەهرستانی ئەگەر لە سەرکردە رامیارییەکانی کورد زیاتر خەون بە دیکتاتۆریی و مانەوەی تاهەتاییان لەسەر کورسی و عەرشی دەسەڵات نەبینن، من بێگومانم هیچ کەمتر نییە.

رەنگبێ هەموو دان بەوەدا بنێین عەرەبەکان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیدارە بە حوکمی ئەزموونی هەشت دەیە، سەرکەوتووترن لە کورد، بەڵام بۆئەوەی ئەوان دیموکراسیترن ناهەقییەکی گەورە و شێواندنی راستییەکە کە پێشان هەمان ئەو وێنە راستەقینەیەی ئەزموونی فەرمانڕەوایی باشووری کوردستانی پێ شێوێنرا. لە عێراقدا هێشتا نیلسۆن ماندێلایەک نەهاتووە، پاش دوو دەیە لە نۆشینی عەزابی زیندان و لە سەروەختی دەسەڵاتیدا، واز لە هەموو پلە و پایەیەک بهێنێ و بڵێت «واز لە سیاسەت دەهێنم، خۆم بۆ دژایەتیکردنی نەخۆشیی ئایدز و هەژاریی تەرخان دەکەم». ئەمجۆرە لە سەرکردەی سیاسیی لە عێراقدا چ لەلای کوردەکان چ لەلای عەرەبەکان بوونی نییە، تاوەکو نوقڵانە و مژدەی سەرکەوتنی دیموکراسیی بە دنیا رابگەیەنین. دیموکراسیش پرۆسەیەکی ئاسان نییە، دوای سەدەیەک لە حوکمی دیکتاتۆرانە و تۆتالیتێرانە لە عێراقدا، بە پێنج ساڵ کە نیوەی زیاتری جەنگی تائیفی و خۆبەخۆی عەرەبی شیعە و سوونە بووە، مالیکی و برادەرەکانی توانیبیان عێراق بکەنە ژاپۆن یان هەر وڵاتێکی تر کە لە دیکتاتۆرییەوە روو دیموکراسیی ملی ناوە.

بە بڕوای «فرید هالیدای» پێناسەکردنی دیموکراتی کارێکی دژوارە، چونکە بە مانایەک لە ماناکان لە بەختەوەریی دەچێت. کەوابوو هەموو ئەوانەی بانگەشەی گواستنەوەی دیموکراسیی لە عێراقەوە بۆ کوردستان دەکەن پێناسەیان بۆ دیموکراسیی چییە؟ وا دەسەڵاتی ناوەندیان لێبووە بە نموونەیترین جۆری دیموکراسیی. ئێ خۆ دیموکراسیی گەر لە عێراقیش هەبێت لە رێی بەرنامەی خۆراکی بایعییەوە بەرەو کوردستان نایەت، دیموکراسیی سیستمێکە پێویستییە سیاسیی و کارگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بەرهەمی دەهێنێت نەک وەک کۆمەکی خێرخوازیی بەسەر نەدارانی دیموکراسییدا ببەشیتەوە. زۆر بە کورتی لەو باوەڕەدام عێراقێکی دیموکراسیی لانیکەم لەم بارودۆخەدا لە

سەفسەتەیەک بەولاوە ناتوانێت شتێکی تر بێت، هەروەک چۆن ئەمە بۆ ئەزموونی باشووری کوردستانیش هەر راستە. بەڵام بانگەشەکردنی گواستنەوەی دیموکراسی لە ناوەندەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە گێلێتی سیاسیی و تێنەگەیشتن لە رۆحی دیموکراسیی بەولاوە هیچ ناوێکی تری لێنانرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦٠٣)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٧ بڵاوبووەتەوە.

# کاتی هاتووە پارتی و یەکێتی
# بە لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن

چیتر ئەو پاساوە ناتوانێت قایلمان بکات: وەزعەکە ناسکە، دوژمنانمان دەیانەوێت پەرتەوازەمان بکەن. بۆ ئەوەی تاکوو ماوەیەکی نەزانراو پارتی و یەکێتی بە یەک لیستی هاوبەش لەسەر ئاستی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. وەک دەزانرێت بەهۆی تێکچوونی باری نێوخۆیی یەکێتی و ئەگەری پێکهێنانی لیستێکی سەربەخۆ لەلایەن نەوشیروان مستەفا و هاوکارانییەوە لە کۆمپانیای وشە، گۆڕانکاریش بەسەر هاوپەیمانێتیی هەر دوو پارتی باڵادەستی کوردستاندا هاتووە، لەم ڕەهەندەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریداوە بە لیستی تایبەتی خۆی بچێتە ئەو پرۆسەیەوە، بەم پێیە بێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان نەک ئەوەی هەموو هێزە کوردییەکان بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن، بەڵکو لانیکەم چوار لیستی بەهێز «لیستی پارتی، لیستی یەکێتی، لیستی کۆمپانیای وشە، لیستی چوار حزبەکە» کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، بێگومان ئەوەش لە یەکێک لە مانا و ڕەهەندەکانیدا بریتییە لە خوڵقاندنی کەشێکی سیاسیی بۆ لە دایکبوونی ململانێی دیموکراسی، کە کوردستان ئەمڕۆ زیاد لە هەموو شتێکی دیکە پێویستی پێیەتی.

جیابوونەوەی لیستی پارتی و یەکێتی هەر هیچ نەبێت لەسەر ئاستی کوردستان، نەک هەر زیان بە ئەزموونی حوکمداریی کورد لەم پارچە ئازادکراوەدا ناگەیەنێت، بگرە دەبێتە سەرەتایەکی زۆر بەهێزی گەشەکردن و پتەوبوونی

پایەکانی دەسەڵاتداریتی و چرۆکردنی مۆدیلێکی نوێ لە فەرمانڕەوایی لە رێی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە رێگریی دەکرێت لە هاتنە ئارای دیکتاتۆر و حوکمی رەها و بێ چەند و چوونی چەند سەرکردەیەک بە بێ بوونی هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی واقیعی. بە لانیکەمەوە دابەزینی پارتی و یەکێتی بە لیستی جیا لە پەنا لیستەکانی تردا، وێنەیەکی سیاسیی و دەسەڵاتداریتی وەها دەنەخشێنێت چیتر دەسەڵات بەشێوەیەکی رەها لە لای یەک حزب یان دوو حزب کۆنابێتەوە، دابەشکردنی دەسەڵات لە هەموو بارێکدا نەک لاوازیی و پەرتەوازەیی نییە، بەڵکو بنەمای حوکمێکی دیموکراسی و مەدەنی دادەمەزرێنێت. ماوەی هەژدە ساڵی رابردوو هەمیشە دیموکراسی قوربانیی سیاسەتی تەوافقات و پەنجا پەنجا و رێککەوتنی هاوبەش و ستراتیژیی و لیستی هاوبەش بووە، هەمیشە بۆیە دەسەڵات نەیتوانیوە هیچ پێشکەوتن و گەشەسەندنێک بەخۆیەوە ببینێت چوونکە هەردوو لایەنی بەهێز و کاریگەر «پارتی و یەکێتی» لە پێناوی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیاندا دەسەڵات و ژێدەری ئابووری کوردستانیان بە بێدەنگیی و لە هۆڵی مەکتەبی سیاسییەکان دابەشکردووە، لەوە بەولاوە هیچ هێز و گرووپ و دەستەیەکی بەرهەڵستکاری واقیعی و رەسەن لە کاردا نەبووە بتوانێت ململانێی ئەم دوو هێزە بکات تا بەو شێوەیە هەموو شتێک لەنێوان خۆیاندا بەبێ حیسابکردن بۆ رای زۆرینەی جەماوەری خەڵک حەسم نەکەن.

هەر کاتێکیش پارلەمانی ئێمە، لەلایەن سێ یاخۆ چوار پێکهاتەی بەهێز و تا رادەیەک نزیک لە یەکتری لەرووی رێژەی دەنگەوە پێکهێنرا، گرنگ نییە شێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت و دوو حزب یان کەمتریش دروستی بکەن، چوونکە بە فرەلیستی نێو پەرلەمان بەشێک لە گرفتەکانی باشووری کوردستان هەر لە قۆرخکردنی دەسەڵات و رامیارییەوە تا دەگاتە گەندەڵیی و رۆتین و نەخۆشییەکانی تری ئیدارە بەرەو فەوتان و کەمبوونەوە دەچن. بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان زۆرتر لە هەر چاوەڕوانییەک، چاوەڕێیە هەردوو پارتی سەرەکیی ئەگەر بۆ یەکجاریش بووە بە جیا لە یەکتر، بچنە پای دەنگدانی ئەمجارەوە، چوونکە ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشاندا یەکبوون و یەکگرتنی تەواوی هێزە کوردستانییەکان پێویستییەکی پلە یەک بووبێت، ئەوا لێک جیابوونەوە و بە

جیا بەشداریکردنی کیان و قەوارە رامیارییە کوردییەکان لە حاڵی حازردا باشترین خزمەتە هەم بە خەڵکی کوردستان، هەم بە خودی پارتەکانی خۆیان، چوونکە ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە لە کوردستان دەستاودەستکردنی دەسەڵات و چۆڵکردنی کورسی فەرمانڕەوایی ببێتە مۆدیل، کاتی ئەوەیە قەوارەکانی تریش شانسی خۆیان لە دەسەڵاتدا تاقیبکەنەوە.

دۆڕان ئەوە نییە پارتی یاخۆ یەکێتی بۆ چوار ساڵ ئۆپۆزیسیۆن بن، دۆڕانی حەتمیی و راستەقینە قۆرخکردنی دەسەڵات و حوکمی رەها و بێ رەقیبی هەر کام لەو دوو پارتەیە. من وەک خۆم لەو باوەڕەدام بڕیاری پارتی و یەکێتی بۆ بەشدارییکردنیان لە هەڵبژاردن بە جیا لە یەکتر زیاد لە یەک مانا و سوودی هەیە، یەکێک لەوانە شانازییەکە کە پێموایە بۆ مێژوویان زۆر پێویستە، شانازیی ئەوەی نایانەوێ هەتاهەتایە و پشتاوپشت هەر خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات بن و خەڵکانی تر لەم مافە زۆر سادە و ساکارەیان بێبەش بکەن. وا بیر دەکەمەوە ئەگەر پارتی و یەکێتی هەریەکە بە لیستێک بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و بە ئاکامی راستەقینەی دەنگدان قایل بن و دیسان مل نەکێشنەوە بۆ هاوپەیمانێتی سەیر و سەمەرەی وەک ئەوانەی رابردوویان، دۆخی رامیاریی کوردستان وەرچەرخانێکی تێدا روودەدات هەرگیز بە خەیاڵدا نەهاتبێت، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە واقیعی ئەم هەرێمە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە کە هەرگیز جێگەی حەسوودیی کەس نییە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦١٢)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٩-٤-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆڕەو ئەو کارەساتە گەورەیەی مفەوەزات نابووتی کرد

کۆڕەوی زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کەس لە هاووڵاتیانی باشووری کوردستان لە بەهاریساڵی ١٩٩١ کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو کاتەی باشووری پێکدەهێنا، رووەو تاریکیی سنوورەکان و چارەنووسێکی نەزانراو، یەکێک لە دەگمەن و ناوازەترین رووداوی سیاسییە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا. بەو هۆیەی خەڵکی کوردستان بە تێکڕا و بە جیاوازیی دیتن و ئایدیا و چین و رەگەزەوە بە کۆدەنگیی لە ریفراندۆمێکی تراژیدییدا بۆ هەمیشە دەسەڵاتی داگیرکەری عەرەبی عێراقییان رەتکردەوە. ئاخر ئەوێ رۆژێ ئەو جەماوەرەی ئێستا فڕێدراوەتە پەڕاوێزەوە، بێئەوەی بزانێت بۆ کوێ مل دەنێت و چارەنووس بە کوێی دەگەیەنێت، ملی رێگەی کۆچێکی گرتبووە بەر کە تەنانەت ژیانی تاراوگە و دەربەدەریی و تاریکیی هەموو ئاسۆکانی پێ باشتربوو لە مانەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و دڕندەی وەک ریژێمی بەعسدا.

لەم بارەوە نووسەری نێودار «دەیڤید ماکداول» لە کتێبەکەیدا «مێژووی هاوچەرخی کورد» دەنووسێت «ترسی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. زیاتر لەیەک میلۆن و نیو کورد ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێهێشت و بە ترسەوە بە دوای جێگایەکی ئەمیندا روویان لە ئێران و تورکیا کرد. هەموو ئەو رێگاو کوێرە رێگایانەی بەرەو سنوورەکان دەچوون لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئاپۆرەی خەڵکەوە گیران. لەسەر رێگای تورکیا رۆژنامەنووسێک وتی: بەچاوی خۆی نزیکەی

پێنج سەد کەسی دیوە بەو بۆمبا فۆسفۆرییانەی هەلیکۆپتەرەکان هەڵیاندەڕشت کوژراون». لەلای خۆیەوە کوردناس و نووسەری کتێبی «ئاغا و شێخ و دەوڵەت» مارتن ڤان بۆرنیسن ژمارەی ئەو کوردانەی لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٩١ شوێنی خۆیان بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا جێهێشتبوو بە زیاتر لە دوو میلۆن هاووڵاتی کوردی پیاو و ژن تۆمار دەکات. گرنگیی ئەو کۆچڕەوە میللیی و نەتەوەییەی زیاتر لە دوو میلۆن و نیو کوردی باشووری وڵات، هەر ئەوە نەبوو، جەماوەر نایەوێت جارێکی دیکە لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی بەعسییەکاندا یەک تاکە هەناسەش بدات، نەخێر ئەو رووداوە سەرنج و سۆزی دنیاشی لەگەڵ خۆیدا بەلای دۆزی کورددا راکێشا.

هەر کاریگەریی و کارتێکردنی ئەو رووداوە تراژیدییە بوو، تەنانەت «جۆرج بوش»ی وەها لێکرد بە پەلە «جەیمس بیکەر»ی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بنێرێتە ئۆردوگای ئاوارە کوردەکان، بیکەر لە سەروەختی گەڕانەوەیدا بە زمانێکی غەمگین وتی «ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیم زۆر لەوە زیاترە باوەڕی پێبکرێت». میدیا بیانییەکان وێنای ئەم کۆچڕەوەیان وەک رووداوێکی دەگمەنی سەدەی بیستەم گواستەوە، ئەو وێنایانەی لە رێی تەلەفزیۆنەکانەوە گەیشتنە چاوی هاووڵاتیانی جیهان بە ئەندازەیەک بوو لەوەتی کورد هەبووە و هەیە، هەرگیز ئەوەندە چاوی میدیا و زوومی کامێرای دەستگا و ئاژانسەکانی هەواڵی لەسەر نەبووە، تەنانەت ئەنفال و هەڵەبجە کە بەبڕوای من لەکۆڕەو تراژیدیتر و وروژێنەرتربوون نەیانتوانی بەو ئەندازەیە سۆزی دنیا بەلای خۆیاندا رابکێشن، راستە بە ژێر لێوەکردنی ئەنفال و هەڵەبجە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە هەبوو، بەڵام کۆڕەو، بووە دیاردەیەک ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا تووشی شەرمەزارییەکی گەورە کرد، بەوەی جڵەویان بۆ ریژێمی سەدام و هێزە ئاسمانییەکانی بەعس شل کرد، هەتاوەکوو سەرکووتی راپەڕینی گەلانی ئێراق بکات.

وەختە بڵێم ئەم واقیعەی لە دوایساڵی ١٩٩١ەوە لە باشووری کوردستان دروستبووە قەرزداری کۆڕەوە، کۆڕەویش قەرزداری چاوی کامێرای میدیاکانە. تەنانەت ژەنەراڵ «بیکیلی» فەرماندەی ئەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمان، لە یەکێک لە کەمپەکانی ئاوارە کوردەکان، لە بەردەم حاشاماتێکی زۆری کوردەکاندا وتی

«شتێک ئێمەی هێناوەتە ئێرە کامێرا بوو، لەبەرئەوە هەوڵبدەن دۆزەکەتان باشتر بناسێنن». هەر ئەو رووداوە بوو لەسەر دەستپێشخەریی فەرەنسا و خودی فرانسوا میترانی سەرۆکی ئەودەمی فەرەنسا، وای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کرد لە رۆژی ٤-٤-١٩٩١ کۆببێتەوە، تاوەکوو بڕیاری ٦٨٨ دەربکەن، کە بووە قەڵغانی پاراستنی کورد هەتا ساتەوەختی رووخانی بتەکەی سەدام لە ساحەی فیردەوسی بەغداد لە بەهاری ٢٠٠٣. هەتا ئێرە هەموومان دەزانین کۆڕەوی میلۆنیی کورد دۆزی نەتەوەیی کوردی لە دۆزێکی لۆکاڵیی و ناوخۆیی وڵاتێکەوە کردە دۆزێکی نێونەتەوەیی کە زلهێزەکانی دنیا دەخالەتی تێدا بکەن.

هەتا ئێرە بۆ هەر کوردێک ئاشکرایە کۆچڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کورد ئەگەر ژیرانەتر لەوەی کرا مامەڵەی لە تەکدا بکرایە ئەوە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانی دەگەیاندە وێستگەی دەوڵەتی سەربەخۆ و دانپێدانراو لەلایەن تەواوی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، چوونکە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچوون ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کوردەکانیش لە رێی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خۆیانەوە گرەنتی مافەکانیان بکرێت، کۆڕەو ئەگەرچی رووداوێکی زۆر تاریک و رەشە لە مێژووی گەلی کوردستاندا، بەڵام ئەگەر هەڵەی سیاسییەکان و هەڵپەی مفەوەزات لێی گەڕابا و باشووری بە مارە بەجاش لە عێراقی «کۆماری ترس» و سەرکوت و گۆڕی بە کۆمەڵ مارە نەکردایەتەوە ئەوە لە مێژەوە بوو لانیکەم ئەم پارچەیەی کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی قانوونی جێگەی خۆی دەکردەوە.

هاوڕێ و دۆستی نێزیکم «ناسر حەفید» کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لە سوێد دەژی و یەکێکە لە نووسەر و چالاکەکانی بواری سیاسەت، بۆی گێڕامەوە: لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال، زۆر مانگرتن و خۆپیشاندانمان لە ستۆکهۆڵم سازدا، دەمانوویست سۆزی سوێدییەکان بەلای ئەو تراژیدیا مرۆییەی لە باشووری کوردستاندا روویدەدا رابکێشین. بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، یەکێک لەو پەرلەمانتارە سوێدییە چەپانەی ببووە هاوڕێم پێیووتم: سەردەمانێک هەموو دنیا بە ڤێتنامەوە خەریکبوو، دواجار ڤێتنام ئازاد بوو، رۆژێکیش دێت خۆری ئازادیی ئێوە هەڵبێت و هەموو دنیا بە ئێوەشەوە خەریک بێت!!، بۆ من ئەو قسەیە لە دوای ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ قابیلی هەرسکردن و

بڕواکردن نەبوو. بەڵام لە دوای ڕاپەڕین و لە سەروەختی کۆڕەودا ئەو پێشبینییەم بەچاوی خۆم بینی، بینیم پیرەژنێکی زۆر لاواز بە سندوقێکەوە کۆمەکی بۆ کورد کۆدەکردەوە، منیش لێی چوومە پێشەوە و وتم منیش کوردم. لە وەڵامدا پیرەژنەکە وتی: من هەقی تۆم چییە؟!، من یەکەم کەس بووم کۆمەکم بۆ ڤێتنامییەکان کۆکردەوە ئێستاش هەر یەکەم کەسم کۆمەک بۆ ئاوارە کوردەکان کۆدەکەمەوە!. ئەوەبوو پەرلەمانتارەکە پێیوتم: ئەها کاتی خۆی پێمووتی، ئەوە ئەمڕۆش خۆری ئێوە لە هەڵهاتندایە و دنیا بە ئێوەوە خەریکە، تاوەکوو بتانکەنە حکومەت. بەڵام دوای پرۆسەی دانوستان و چوونی وەفدی بەرەی کوردستانیی ئەوکاتە، بە سەرۆکایەتی «مام جەلال» و یاوەرێتی «ڕەسوڵ مەمەند و سامی عەبدولڕەحمان و نێچیرڤان بارزانی» ئەو ئەندام پەرلەمانەی سوێد بە سەرسامییەوە وتی: نەتانتوانی کەڵک لەو هەلە وەرگرن، لەوە زیاتریش ئێمەتان تووشی شۆک و شەرمەزاریی کرد.

مەبەستمە بڵێم لەو سەروەختەدا کە هێشتا سەدان هەزار کەس لە کامپی ئاوارەکاندا بوون، سەدان بنەماڵە لە پرسەی ماتەمینی لە دەستدانی کەسوکاریاندا بوون، بڕیاری پەلەپڕوزکێی رووکردنە بەغدا و دەستپێکردنەوەی خولە دۆڕاوەکانی دانوستان، هیچ لۆژیکێک و هیچ مۆراڵێک و هیچ عەقڵانییەتێکی سیاسیی پشتگیریی لێ نەدەکرد. کریس کۆچێرای ڕۆژنامەنووس و کوردناسی فەڕەنسیی بە سەرسووڕمانەوە لەبارەی ئەم هەڵوێستەی سەرانی بەرەی کوردستانییەوە دەنووسێت «لە ڕەوشێکدا کە بەشێوەیەکی خێرا رای گشتیی دنیا لە زەمینەی پشتیوانیی و یارمەتی بەسوودی کوردەکان بەرەو فراوانبوون دەچوو، ئەوان ئەم کاتەیان بۆ دانوستانی نوێ لەگەڵ سەدام حسێن هەڵبژارد، لەگەڵ ئەمەشدا، حکومەتەکانی ڕۆژئاوا لە ژێر فشاری رای گشتیی بۆ یەکەمین جار چەند بڕیارێکیان بە مەبەستی پاراستنی کوردەکان پەسەندکرد، بۆ ئەم کارەش هەزاران سەربازی کارامەیان بۆ وەڵامدانەوەی پێشێلکاریی هێزی هەوایی عێراق ئامادە کرد کە ڕێگایان نەدەدا هیچ گومانێک لە بەرامبەر پاراستنی هەوایی ناوچەکانی کوردستان پەیدا بێت. ڕابەرانی کورد لە هەلومەرجێکی سەرسامدا دەستیانکرد بە گفتوگۆ، لە کاتێکدا هەزاران کورد لە سەرما و بەفردا گیانیان سپارد، جەلال تاڵەبانی و سێ کەسی دیکە لە ڕابەرانی کورد لە تەلەفزیۆن بینران و سەدامیان لە ئامێز گرت

و ماچیان کرد، (ئەمە گوناهێکی گەورەیە، هەنگاوێکە بۆ خۆکوژیی)، ئەم وتەیە لەلایەن نوێنەرێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە پاریس بەیانکرا».

بەم جۆرە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردیی لەو هەلومەرجە نوێیە نەیتوانی کەڵکێکی ئەوتۆ وەربگرێت، بەڵکو دیسان رێگە تەقلیدییەکانی خۆی گرتەوە بەر کە بریتیبوو لە یاریی هەمیشە کورد تیا دۆڕاوی دانوستان دەگەڵ بەغداد. تەنانەت سەرکردەکانی کورد بێ گوێدانە ئەو هاوسۆزیی و هاوپشتیوانییە جیهانییەی لەو وەختەدا لە کورد دەکرا و داوای گرەنتی زیاتر دەکرا بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیانی کورد، پشتیان کردە واقیع، روویان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی وەرگێڕا و قیبلەنمای خۆیان ئاڕاستەی بەغدادی پایتەختی وردوخاشکردنی خەونی کورد و پلانە جەهەنەمییەکانی لەناوبردن و گەلکوژیی کورد کردەوە. تەنانەت «نەوشیروان مستەفا» ساڵی رابردوو لەرێی ئەو زنجیرە وتارەی لەرۆژنامەی «رۆژنامە» بڵاویکردەوە لەمەڕ مفەوەزاتی ساڵی ١٩٩١، باس لەوە دەکات وەختێک بە مام جەلال وترا، پێویستە لەگەڵ سەدام وریابین و پێویستمان بە گرەنتی نێونەتەوایەتی هەیە، ئەو لە وەڵامدا وتوویەتی «ئێمە گرەنتی نێودەوڵەتیمان ناوێت، سەدام خۆی گرەنتییە». ئەگەر لەم وتەزایە کەمێک وردبینەوە و لیکۆڵینەوەیەکی تاقیگەیی بۆ بکەین، دیسان راستیی ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردییە فیدراڵیخوازەمان بۆ دەردەکەوێ هەمیشە چاوی لە بەغداد بووە و لەبری بنیاتنانەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ و هەنگاوی دەوڵەت، خەونی بە برابەشیی و بەشدارییکردنی حکومەتەوە بینیوە لە بەغداد، هەر ئەم فاکتە ساکارە نیشانمان دەدات بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی فیدراڵیخواز هەمیشە هەموو هەلەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دەکاتە قوربانیی گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد، تەنانەت دەوڵەتی کوردستان ناگۆڕێتەوە بەو برە مافە کرچ و کاڵەی بەغداد بە منەتەوە پێیدەدات.

جەلال تاڵەبانی و کۆی سەرانی بەرەی کوردستانی چەندان ئەزموونی تریان لە بواری دانوستان لەگەڵ سەدام و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەبوو، سەرئەنجامی هەموو مفەوەزاتەکانیان بینیبوو، کە جگە لە هەڵگیرساندنەوەی خولێکی تری جەنگ و شەڕی نابەرابەر شتێکی تر نەبووە. تەنانەت دوای چوونی مام جەلال و شاندەکەی هاوڕێی، لە لێدوانێکیدا، مام جەلال دووپاتی دەکاتەوە بڕوای

بە مفەوەزات و گرتنەبەری ڕێگەی بەغدا نەبووە، بەڵام ترسی لە دروستبوونی ئەرمینیایەکی تر لە تاراوگە وەهای لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی کرد، بگەنە بڕیاری دانوستان، ئەو دەڵێت «من دژی گفتوگۆکردن بووم، بەڵام ئێمە ناتوانین تەنیا وەکوو پارتێکی سیاسیی کار بکەین، ئێمە سێ ملیۆن ئاوارەمان هەیە کە دەبێت بیر لە چارەنووسیان بکەینەوە، ئێمە دەمانەوێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و ماڵەکانیان دروستبکەنەوە». لە باری واقیعیشەوە مفەوەزات نەیتوانی هیچ بۆ کورد بەدەستبهێنێت جگە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شار و شارۆچکەکان، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە زیانێکی گەورەی لە دۆزی کورد دا و گەورەیی و شکۆی کۆڕەوی کەم کردەوە، هەرئەمە وایکرد هاوسۆزیی هاووڵاتیانی دنیا کەم بێتەوە و بەم هۆیەشەوە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ڕزگاریان بوو لە فشاری ئەو ڕای گشتییەی لەسەریان بوو بۆ هاریکاریی و پاڵپشتیکردنی مرۆیی و سیاسیی گەلی کورد.

کارەساتەکە ئەوە بوو شاندی کوردیی لە بەغداد هیچ شتێکی سەوز نەکرد و وەک هەموو جارەکانی تر بەدەستی بە تاڵ گەڕانەوە، بەڵکو بۆ خولێکی تر سەدام حسێن و ڕژێمەکەی وەها لێبکەن هەندێک ماف بۆ کورد بەرەوا ببینن و دانی پێدابنێن. هەروەکوو «نادر ئینتیسار» نووسیوێتی «وەفدی کورد بۆ گفتوگۆکردن بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی هیچ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئیمزا نەکرد، بەڵام خولێکی دیکەی گفتوگۆی عێراق و کورد لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩١دا دەستپێکردەوە». کەوابوو دانوستانی ساڵی ١٩٩١ نەک هەر هیچی بە کورد و خەباتە نەپساوەکەی لە پێناوی سەربەخۆییدا نەبەخشی، بەڵکو بووە یەکێک لە گرنگترین فاکتۆرەکانی نابووتکردنی کۆڕەو و کەمکردنەوەی ڕاددەی هاوکاریی و پاڵپشتیی جیهانیی بۆ کورد. چوونکە کورد لە ڕێی مفەوازەتەوە پەیامی ئەوەی بە جیهان گەیاند: پێویستیی بە هاوکاریی کەس نییە و دەتوانێت لە ڕێی مێزی گفتوگۆوە قەناعەت بە حکومەتی بەغداد بهێنێت و دۆزی نەتەوایەتی خۆی لەگەڵ ئەو بگەیەنێتە خاڵی چارەسەرکردن. لە کاتێکدا ئەم هەوڵانە، کەوتبوونە دوای ڕووداوەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و قەلاچۆکردنی کورد و خاپوورکردنی گوند و ئاواییەکانی کوردستان، کەوتبوونە دوای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کورد کە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەسەریدا هێنرابوو.

لەگەڵ ئـەوەدا هێشتاش سـەرکردەکانی کـورد لە بری بەکارهێنانی کارتی کـۆچـڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کـوردسـتـان بـۆ دروسـتـکـردنـی دەوڵــەت، کەچی بەپێچەوانەوە کردیانە هۆ و بەهانەیەک بۆ رووکردنەوە بەغداد و درێژەدان بە مانەوەی خاکی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی بەزۆر داسەپاوی عێراقدا. هەروەک «م.شێرزاد حەسەن» لە وتارێکیدا دەنووسێت «لەوەتەی هەین پەیوەندیی نێوان کورد لەگەڵ عەرەب و فارس و تورک، پەیوەندییەک بووە کە سنوورەکانی نێوانمان سنووری مەرگ و خوێن بووە، گەورەترین درۆ ئەوە بووە ئێمە لەگەڵ ئەواندا براین، برایەتیی برپیارێک نییە لەناو ئەو مێژووە درۆزنـەدا بوونی هەبووبێ، مێژوویەک کە جگە لە زمانی شمشێر و باروت هیچی دیکەی نەزانیوە. مێژوویەک کە حوکمێکی کەڵەگایی بەوان بەخشیوە و بۆتە حوکمێکی پیرۆز و خواهانە، ئەوانە هەمیشە رۆڵی ئاغا و بەگلەر و ئێمەش رۆڵی مسکێن و پاڵە و سەپانیمان بینیوە، ئەوان سەردار و ئێمە کۆیلە، ئەوان دەسەڵاتدار و ئێمەش ژێردەستە، ئەوان پتر لە هەزار ساڵە بە کولتوورێکی خوێناویی خۆیانەوە سواری کولتووری ئێمە بوون و چییمان هەبوو لێیان سەندین، بە زەبری شمشێر و باج و خەراج مێژوویەکی زۆڵی خۆیان کرد بە مێژووی زاڵ بەسەر ئێمەدا».

بە کورتی لـەوەتـی سـەدەی بیستەم هـاتـووە و کـوردسـتـان بەسـەر چوار دەوڵەتی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا دابەشکراوە، کورد هەر گیرۆدەی ستەمی میللی و نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو لەهەمان کاتدا گیرۆدەی ئەو ئاوەزە سیاسییە کورتبین و ناواقیعییەش بووە، هەموو کات بە زمانێکی نەرمونیانەوە دروشمی برایەتی درۆزنانەی نەتەوەی چەوساوە و ژێردەستی کوردی لەگەڵ نەتەوەی سـەردەست و دەسەڵاتداری داگیرکەری کوردستان هەڵکردووە، ئاخر برایەتیی لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە چیترە، ئەگەر خۆمان بەبرای ئەوانە بزانین ئەنفالیان کردووین و بستێکی خاکی عێراق نەماوە جەستەی مرۆڤێکی ئێمەیان تێدا نەشاردبێتەوە؟. هەر کاتێک جوولەکەکان خۆیان بە برای نازیست و ئەڵمانە توندڕەوەکان زانی، هەر کاتێک ئەرمەنەکان بوونە برای گیانی بە گیانی عوسمانلی و تورکەکان، هەر کاتێک فەلەستینییەکان بوونە بە برای یەهوودییەکانی ئۆرشەلیم، ئەوکات کوردیش دەتوانێ و مافی خۆیەتی دروشمی برایەتی لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکان هەڵبکات

و گوێی دنیای پێ کەڕ بکات.

ئاخر هەر ئەم کولتووری خۆ بە کەمزانین و خۆ بچووککردنەوەیە بووە، ئێمەی وەها لێکردووە هەر بە داگیرکراویی و ستەملێکراویی بمێنینەوە. نابووتکردنی کۆڕەو بە ئەنجامدانی مفەوەزات یەکێکە لەو دەیان هەڵە و هەنگاوە سیاسییە کوێرانەیەی هەمیشە هەلە زێڕینەکانی لە کیس کورد داوە. بەڵام ئیتر سیاسەت وایە بچووکترین هەڵە گەورەترین هەڵدێری لە پشتەوەیە، بچووکترین زرنگیی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەمەوەیە، وەلێ بەداخەوە کورد بە چەشنی پەندێکی پێشینانی لێ بەسەرهاتووە کەدەڵێت «لە شوێنێک عەرد هەیە و ئاو نییە، لە شوێنێکی دیکە ئاو هەیە و عەرد نییە». مێژووی ئێمەش هەروا بووە یان ئەوەتا سەرکردەی زرنگ و نەتەوەییمان هەبووە و واقیع و دنیا لە دژی بوون، یان دنیا لەگەڵمان بووە و واقیع شانسی پێداوین، سەرکردەی باشمان نەبووە، سەرکردەیەک وەک گاندی بێت یان هیچ نەبێت بیسمارک بخاتەوە بیرمان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابووتکردنی کۆچڕەوی ملیۆنیی کورد لە بەهاری ١٩٩١، ئەگەر تاوانێکیش نەبێت بۆ سەرانی بەرەی کوردستانی، ئەوە بە ئاسانیی دەتوانین بڵێت گەورەترین هەڵەی مێژوویی بوو بە درێژایی تەمەنی خەباتی گەلی کوردستان لە سەراپای سەدەی بیستەمدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦١٩»ی ڕۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە ڕۆژی ١٩-٤-٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

# هەڵبژاردن و چارەنووسی دیموکراتی لە کوردستان

کوردستان بە بارودۆخێکی تایبەتیی و ناجێگیردا دەڕوات، ئەمەش سروشتی راستەقینەی هەموو ئەو گەل و نیشتمانانەیە کە هێندە نییە لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی و میلتاریستیی هاتوونەتە دەرێ و دەخوازن لە قۆناغێکی دیاریکراوەوە بۆ قۆناغێکی گەشەکردووتر بپەڕننەوە، کەوابوو هەموو تێگەیشتنمان هەیە سەبارەت بەوەی کۆمەڵگەی کوردستان «لە باشوور»، یەکێکە لە کۆمەڵگە پەرەئەستێنەکان و لە قۆناغی پەڕینەوەدایە بۆ وێستگەیەکی نوێی سیاسیی و ئیداریی، جارێ رۆشنیش نییە ئاخۆ لەم هەنگاونانەدا بە سەرکەوتوویی دێتە دەرەوە یاخۆ دەگلێت و ئیدی هەر هەڵناستێتەوە! وەڵامی ئەم پرسیارە نە لای من دەستکەوێت و نەهیچ کەسی تریش دەتوانێت حکومی لەسەر بدات، چوونکە هەر بڕیار لەسەردانێکی پێشوەخت دەبێتە قاوەگرتنەوە و رملێدان نەک لێکۆڵینەوە و پێشبینی سیاسیی.

ئەمڕۆکە لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات، بێگومان ئەوی لە تابلۆ سیاسییەکەدا دەیبینین تەفسیری ئەوەمان بۆ دەکات ئەم هەڵبژاردنە لە زۆر رەهەند و گۆشەوە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر جیاوازە، یەکێک لە جیاوازییەکان قووڵبوونەوەی ململانێ و کێبڕکێی قەوارە و هێزە رامیارییەکانە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین پشکی دەسەڵات، لۆژیکی دیموکراتیش ئاوایە هەتا ململانێی سەخت و دژوار هەبێت

دیموکراسیی زیاتر قووڵ دەبێتەوە و زۆرتر لە هەناوی واقیعدا خۆی دەچەسپێنێت. ئەگەرچی «فرێد هالیدای» وتەنی «پێناسەکردنی دیموکراتی کارێکی دژوارە، چوونکە بە مانایەک لە ماناکان لە بەختەوەریی دەچێت»، بەڵام ناکۆکیی لەسەر ئەم رستەیە دروست نابێت: ئەگەر بڵێین هەڵبژاردن جومگە و بنەمایەکی هەرە گرنگی دیموکراسییە، بەڵام بەو مەرجەی هەڵبژاردن بە مانای وشە هەڵبژاردن بێت و لە رەوشێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئازاد و دوور لە زەبروزەنگدا ئەنجام بدرێت، لێرە حەقیقەتێک دەردەکەوێت: ئەگەر هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان بەپێی ستانداردەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دوور لە زەبروزەنگ ئەنجام بدرێت و هەموو لایەک سەری رەزامەندیی بۆ ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن نەوی بکەن، ئەوە حوکمێکی کوێرانە نییە ئەگەر بڵێین: باشووری کوردستان دەیان فرسەخ خۆی لە دیموکراتییەت نزیک و نزیکتر خستۆتەوە، چوونکە هەموو بانگەشەیەکی دیموکراتی بەبێ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و قبووڵکردنی دۆڕانی سەر سندووقەکانی دەنگدان جگە لە دروشمبازیی شتێکی تر نییە و نابێت.

هەتاوەکوو ئێستا خەڵکی کوردستان لە سایەی حوکمێکی دیموکراسیی ژیانی نەبردۆتە سەر، یان لانیکەم هەلومەرجی بۆ نەڕەخساوە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات، بە پێچەوانەوە بە درێژایی چەند دەیە لە چێوەی حکومەتی عێراقی و هەژدە ساڵی حکومەتی کوردییدا لە سایەی دەوڵەتێکی پارتریاکییدا ژیاوە، دەوڵەتی پارتریاکیش لە یەکێک لە وێستگەکاندا هاووڵاتیان دەخەسێنێت و بڕشتیان لەبەر دەبڕێت تا ئەوەی وەک زەرنەقووتە دەم بۆ حکومەت و مەرحەمەتی سەرۆکەکان دەکەنەوە، چوون خۆیان توانای هیچیان نییە. فەیلەسووفی ئەڵمانی «ئیمانوێل کانت» لە یەکێک لە نووسینەکانیدا زۆرتر و رۆشنتر پەنجە دەخاتە سەر خاسێت و ئەدگارەکانی دەوڵەتی پارتریارکی و دەنووسێت «حکومەتی پارتریارک واتە حکومەتێک کە وەک فەرمانڕەوایی باوک بەسەر منداڵەکانیدا لەسەر بنەمای خێرخوازیی سەبارەت بە خەڵک وەستاوە، لەگەڵ خەڵک وەک ئەو ناپێگەیشتووانە رەفتار دەکات کە ناتوانن چاکە و خراپەی خۆیان لێک جیابکەنەوە. لەم حکومەتەشدا خەڵک ناچار دەکەن دەست و پێ سپی بمێنێتەوە و چاویان لە حکومەت بێت رێگەی بەختەوەرییان پێ نیشان بدات،

هەروەها هیچ چاوەڕوانییەکیشیان لە حکومەت نەبێت جگە لەوەی حکومەت خۆی پێیان دەبەخشێت. ئاوا حکومەتێک خراپترین جۆری سەرەڕۆییە کە دەشێت وێنا بکرێت».

ئەم هەڵبژاردنە و بەشداریی جیدی خەڵک و ململانێی هێزەکان دەتوانێت بکرێتە سەرەتایەک بۆئەوەی ئەم مۆدیلە لە حکومەتی باوکایەتی بخرێتە تابووتی مەرگەوە و لە جێگەیدا حکومەتێکی خزمەتگوزار و دیموکراتی بهێنرێتە ئاراوە. کاتێک دەڵێین ئەم مۆدیلە بخرێتە تابووتەوە مەبەستمان لەوە نییە حکومەتی هەرێمی کوردستان بخرێتە تابووتی مەرگەوە، بە قەد ئەوەی مەبەستمان لەوەیە ئەو مۆدیل و سیستمەی تا ئێستا حکومەت کاری پێکردووە ئیکسپایەر بووە و ناتوانێت وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی ئەم پێڤاژۆیەش بێت. بەڵام پرسیارێک بە ناچاریی لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایا بە راستیی ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت مێژوو دوولەت بکات، بەوەی ئێمە ئیدی شاهیدی دوو مێژووی سیاسیی بین، واتە مێژووی پێش هەڵبژاردن و مێژووی دوای هەڵبژاردن؟ ئایا بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بەستێنی رامیاریی هێندە ساز و ئامادەیە تا گرەوێکی وا سەختی لەسەر بکرێت؟ ئایا هێزە سیاسییەکان بە هەموو رەنگەکانیانەوە تەنیا کار لەسەر دروشم دەکەن یان بە جیدی هاتوونەتە پای بەدیهێنانی کەشێکی دیموکراسییەوە لە کوردستاندا؟.

ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سادانە، گەلێک قورس و گرانن، بەڵام راستیی لەوەدایە زەمینەی سیاسیی زۆر دەمێکە خەملیوە و پێویستی و داخوازیی خەڵک زۆر لە مێژە داوای گۆڕانێکی ریشەیی دەکات بە ئاقاری دیموکراتی و چەسپاندنی بنەماکانی ئەو سیستمە رامیارییە لەم بەشەی کوردستاندا، بۆ ئەوەشی تا چەند هێزەکان ئامادەن، وەڵامەکەی لە دوای رۆژی بیست و پێنجی تەمووز وەردەگرینەوە، ئەگەر هێزەکان هەموو تێکڕا بە دەرەنجامەکان رازی بن و دۆڕاو پیرۆزبایی لە براوە بکات! ئەوە ئیدی دەتوانین رایبگەیەنین چارەنووسی ئەم هەرێمە بەرەو دیموکراتی و تەبەنیکردنی کۆمەڵی مەدەنی ملی رێگەی گرتۆتە بەر، ئەگەرنا هەر لە گۆمی لیخنی دیکتاتۆریی و حوکمی میلیشیایی و خێڵدا مەلە دەکەین.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٦٧»ی گۆڤاری «نێوەند» بووە لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٠٩.

# عەلی باپیر سیخوڕی موخابەراتی رژێمی بەعس بووە؟

ماوەیەکە پرسی فایلی پەیوەندیی ژمارەیەک کاربەدەست و بەرپرسانی سیاسیی و حکومیی ئەمێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستگای هەواڵگریی رژێمی بەعسەوە، بۆتەوە بە بابەتی رۆژ و مانشێتی رۆژنامە و بڵاوکراوە و ناوەندە میدیاییەکانی کوردستان. محەمەدی حاجی مەحمودی سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان یەکێک لەو سەرکردانەیە ماوەیەکە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات ژمارەیەکی ئێجگار زۆر فایلی رەشی لایە. دوابە دوای نووسینێکی ئێمە: ئاخۆ کاکە حەمە ئەو فایلانە بڵاودەکاتەوە یان نا؟ رایگەیاند: بەم زووانە دوای شەن و کەوکردن و لێکجیاکردنەوەیان دەیانخاتە بەر رووناکی و بۆ هەموو جەماوەری گەلیان ئاشکرا دەکات. هەر لەبارەی ئەو فایلانە و هەبوونی پەیوەندیی ژمارەیەک لەوانەی ئەمڕۆ لە ئاستی باڵادا بەرپرسیارێتی سیاسیی و ئیدارییان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە زۆر ناو باس دەکرێن، جیا لەوەش ناوی چەندین کەسایەتی و سکرتێری پارتی و رێکخراوی جۆراوجۆرن دێن، گوایە پەیوەندیی ژێراوژێریان لەگەڵ جیهازی مخابەراتی عێراقی هەبووە.

یەکێک لەو ناوانە «عەلی باپیر»ی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، کە هەندێک رۆژنامە و گۆڤار و سایتی ئینتەرنێت ئاماژەیان بەوەدا، ئەوکاتەی عەلی باپیر لە ریزی بزووتنەوەی ئیسلامی و دواتر بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا بووە لە رێگەی چەند متمانەپێکراوێکی خۆیەوە پەیوەندیی گرێداوە لەگەڵ

هەواڵگریی بەعسدا. هەرچەندە تاوەکوو ئێستا راستیی و دروستیی ئەم پەیوەندییە نەسەلماوە، بەڵام لە بارەی ئەوەی ئایا عەلی باپیر پەیوەندیی هەبووە بە رژێمی بەعسەوە؟ را و بۆچوونەوەکان هەر لە ئیسلامییەکانەوە تا دەگات بە عەلمانییەکان چوون یەک و کۆک نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لیژنەی بە دواداچوونی فایلەکان هیچ روونکردنەوەیەکی نەبووە و نییە، بگرە ئەو لیژنەیە لە کارکردن چۆتەوە، ئەمەش بەندە بە بەرژەوەندیی هەردوو زلهێزی کوردستانەوە، چون پشکی شێری خاوەن فایلە رەشەکان سەرکردە و ئەندامانی سەرکردایەتی و باڵای ئەو دوو حزبە سەرەکییەی کوردستانن. کادرێکی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی کە ئێستا لە لەندەن دادەنیشێ لەو بڕوایەدایە: هەرگیز رێی تێناچێ عەلی باپیر کە یەکێک بووە لە پێشمەرگە ئیسلامییە ناسراوەکانی دژی رژێمی بەعس، تفی لە رابردووی کردبێت، پشتی لە برا موسڵمانەکانی کردبێ، خیانەتی لە ئاین و نەتەوەکەی کردبێت، بەوەی پەیوەندیی کردبێت بە دەزگای هەواڵگریی بەعسەوە. بە بڕوای ئەو کادرەی پێشووی بزووتنەوە، باپیر هێندە کەسێتییەکی لاواز و لەرزۆک نەبووە تا سیخوڕەکانی بەعس توانیبیان بیکەنە دەستکەلا و نێچیرێکی چەور بۆ بەعس و سەدام حسێن.

عەلی باپیر لای خۆیەوە لە وەڵامی ئەو بانگەشانەی لەمەڕ بوونی پەیوەندیی ئەو بە بەعسەوە دەکرێت، رایگەیاندووە: ئەگەر ئەو برایەکی خۆی کوشتبێت لەبەرئەوەی بەعسیی بووە ئیتر چۆن رێگەی تێدەچێت هەمان ئەو کەسە ببێتە سیخوڕی هەمان ئەو بەعسە؟! ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە هەرە بەهێزانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو ئەگەرە لە دەوری باپیر دووردەخاتەوە، بە رێگەیەک لە رێگەکان پەیوەندیی کردبێت بە مخابەراتی بەعسەوە یان هەوڵی بۆ دابێت. بە بڕوای هەندێک لە شارەزایان و چاودێرانی سیاسیی، قووتکردنەوەی ئەم فایلە بۆ عەلی باپیر و زەقکردنەوەی لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە پەیوەندیی هەیە بە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسیی و ململانێی سیاسییەوە، لە نموونەی:

یەکەم- ململانێی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئێستا و کوڕانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز لەگەڵ عەلی باپیر: ئاشکرایە هەر لە سەروەختی بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشانەوە، عەلی باپیر و بنەماڵەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز کێشە و

ململانێی زۆر لە نێوانیاندا بووە. هەندێک لەو کێشانە پەیوەست بووە بە کێشەی دەسەڵات و رابەری گشتییەوە. بنەماڵەی «عەلی عەبدولعەزیز» ئەوسا و ئێستاش عەلی باپیریان تاوانبار کردووە بەوەی دەیەوێت ببێتە کەسی یەکەم و رابەری گشتیی «رابوونی ئیسلامی» لە کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش شەڕی لەسەر پۆستی مەلا عوسمان و مەلا عەلی عەبدولعەزیز دەکرد کە هەریەک لەو دووبرا ناوبراوە یەک لە دوای یەک رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی بوونە. دوا بە دوای هەوڵەکانی ئەم دواییەی کوڕانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز بۆ بەهێز و بەتینکردنەوەی پێگەی بزووتنەوەی ئیسلامی دیسان کێشەی زۆر لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە لەنێوان هەردوو پارتی ئیسلامی «کۆمەڵ و بزووتنەوە» سەریهەڵدا و کوڕانی مەلا عەلی، پەردەیان لەسەر زۆر نهێنی لابرد و تەنانەت رایانگەیاند: عەلی باپیر لەسەروەختی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا پەیوەندیی کردووە بە دەزگای هەواڵگریی رژێمی بەعسەوە!.

«ئیحسانی مەلا عەلی» کە ئێستا دەیـەوێ گوڕ بداتەوە بە بزووتنەوەی ئیسلامی، لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری «گوڵان»دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات عەلی باپیر پەیوەندیی ژێراوژێری لەگەڵ رژێمی بەعس و دەستگای مخابەراتی ئەو رژێمە هەبووە و دەڵێت «ئەو شاهیدەی پەیوەنیکار بووە لەنێوان عەلی باپیر و بەعسدا ئێستاش زیندووە و ماوە و لە کەلارە و دەتوانن بچن قسەی لەگەڵدا بکەن، لە کوردستان مقابەلەشی کراوە، هەتا چۆتە لای ئەمەریکییەکان» دواتر ئیحسانی مەلاعەلی ئەو کەسە بە»موشیرە سوور» دەناسێنێت و پێیوایە ناوبراو پردی پەیوەندیی عەلی باپیر و بەعس بووە، هەر ئەویش لە بەعسەوە پارە و زانیاریی لەنێوان هـەردوولادا ئاڵوگۆڕ پێکردووە!. هەندێک چاودێری سیاسیی پێیانوایە ئەگەرچی ئیحسانی مەلا عەلی بەهۆی ناکۆکیی و دەمەبۆڵەوە لەگەڵ عەلی باپیر تازە بە تازە ئەم فایلەی ناوبراو ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەو زانیارییانەی ئیحسان بایی ئەوەن لێکدانەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و دەبێت وەک سەرچاوەیەک سەیر بکرێن و لە پێشدا بڕیاری لەبارەوە نەدرێت ئاخۆ زانیارییەکان ساختەن یان نا، بەڵکو پێویستە ئەم پرسە زیاتر تاوتوێ بکرێت و بخرێتە ژێر باسەوە هەتاوەکو راستییە رەسەنەکە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت.

بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووسێک کە پێشتر لە بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی کاری کردووە و ئێستا بێلایەنە: عەلی باپیر یەکێک لەو کەسانە بووە، خولیای سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی لە کەللەدا بوو، کاتی خۆی چەند زنجیرە نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی «حاڵەتی ئیسلامیی لە کوردستان» لەوێدا زەڕبی هێنابوو بەسەر هەموو لایەنەکاندا جگە لە لایەنەکەی خۆی، دیارە لە لایەنەکەی خۆیشیدا زەڕبی هێنابوو بەسەر هەموو سەرکردەکاندا جگە لە خۆی، بۆیە دوور نییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و هێنانەدی خەونی ئەو ئەمیرێتییەی ئێستا پێیگەیشتووە هاوکاریی لە بەعسیش وەرگرتبێت. چوونکە وەک ئاشکرایە عەلی باپیر ڕازی نەبووە بەلای خوارە و بۆ لای سەرەوەش قوربانی هەر داوە.

دووەم- دژایەتیکردنی پارتی و یەکێتی لەگەڵ عەلی باپیر و کۆمەڵی ئیسلامی: هەندێک لە چاودێران بە تایبەت ئیسلامییەکان لەو باوەڕەدان، دروستکردنی فایلی سیخوڕیی بۆ عەلی باپیر، تەنیا تۆمەت و چەکێکی سیاسییە لە دژی خودی باپیر و کۆمەڵی ئیسلامیی بەکاردەهێنرێت، ئەگەرنا لەواقعیدا شتێک نییە ناوی پەیوەندیی نهێنی عەلی باپیر و دەستگای هەواڵگریی بەعس بێت. بەپێچەوانەوە عەلی باپیر یەکێک بووە لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئەو ڕژێمە. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵی ئیسلامیی و خودی عەلی باپیر لەمەڕ گەندەڵی و سیستمی سیاسیی کوردستان و ڕەخنەگرتن لەو واقیعەی بە هۆی ئەو دوو حزبەوە هاتۆتە ئاراوە، پارتی و یەکێتی لە ڕێی چەند ڕۆژنامە و میدیایەکی نێزیکی خۆیانەوە ئەم تۆمەتانەیان خستۆتە پاڵ عەلی باپیر. هەروا دەڵێن ئەگەر وایە بۆچی ئەو ناوەندە ڕۆژنامەوانییانە دۆکۆمێنتەکان ئاشکرا ناکەن؟!. بەڵام بەپێی بەڵگەنامەیەک کە بەردەستی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانیش کەوتووە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت: عەلی باپیر لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بەعسی کردووە، سەدام حسێن بە سەلاحەدینی ئەیووبی دەچووێنێت و ئامادەیی خۆی و دە هەزار چەکداری سەر بە خۆی دەربڕیوە بۆ داکۆکیکردن لە عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی.

ئەو بەڵگەنامەیە کە نامەیەکی عەلی باپیرە بە مێژووی چواردەی ئازاری ساڵی ٢٠٠١ و لە حەوت خاڵ پێکهاتووە، دەیسەلمێنێت عەلی باپیر پەیوەندیی ژێراوژێر

و نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی بەعس هەبووە. عەلی باپیر لە هەمان ئەو نامەیەدا و لە خاڵی شەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «لاریمان نییە ئەگەر جارێکی تر نوێنەرمان لەگەڵ نوێنەرتان کۆبێتەوە یاخۆ چاوپێکەوتنی شەخسیی هەبێت لە دەرەوەی عێراق بۆ قسەکردن لەسەر باری سیاسیی بۆ باسکردن لە چۆنێتی کارکردنی هاوبەش لە دژی دوژمنانی نیشتمان». ئەوەی لەم نامەیەدا دەبینرێت پەرۆشیی عەلی باپیرە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە بەعس و نیگەرانیشە لەوەی کۆبوونەوەکانی پێشتر سوودێکی وەهای نەبووە، بۆیەکا خوازیارە کۆبوونەوەکانی داهاتوو بۆ ئەو ئامانجە بێت زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە دژی دوژمنان!. بەشێوەیەکی گشتیی ناتوانین بڵێین عەلی باپیر پەیوەندیی هەبووە بە رژێمی بەعسەوە، هەروەک چۆن ناتوانین رەتی بکەینەوە پەیوەندیی نەبووە.

هەرچەندە لەم راستایەدا کۆمەڵێک بەڵگە و دۆکۆمێنت هەن کە گومانکردنیش لێیان کارێکی خراپ نییە، بەڵام پرسەکە رەهەندێکی زۆری وەرگرتووە و بەشی زۆرینەی جەماوەری کورد لە رارابیدان: ئاخۆ عەلی باپیر بە جیددی خاوەنی ئەو نامانەیە و پەیوەندیی لەگەڵ بەعس گرتووە یان پێچەوانەکەی راستە؟ ئایا ئەو خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی بەڵگەو دەنگوباسانە بۆ ناشیرینکردنی کەسێتی و زڕاندنی ناوبانگی عەلی باپیرە یان راستییەکی رەها لە پشتێتی؟ ئایا پارتی و یەکێتی دەیانەوێ عەلی باپیریش لە سیخوڕییەوە بگلێنن یان باپیر خۆی یەکێک بووە لە میرابۆکان؟. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێش هەر کەسێک ئەرکی عەلی باپیر خۆیەتی، چوونکە لەم سەروەختی هەڵبژاردنەدا تەشەنەکردنی ئەو دەنگۆیانە کاریگەرتر دەبن لە هەر کاتێکی تر، عەلی باپیر دەبێت بۆ سەلماندنی بێ تاوانیی خۆی داوای پێکهێنانی لیژنەیەک بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسە، دەبێ خودی خۆی خەمخۆری ئەم پرسە بێت و بۆ راگەیاندنەکانی روون بکاتەوە ئاخۆ ئەم نامانە لەکام سەرچاوەوە هاتوون، ئەگەر باپیر کارێکی وەهای نەکرد نابێت ناهەقمان بگرێت ئەوکاتە بڵێین عەلی باپیریش سیخوڕێکی تری بەعس بوو.

*ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «٦٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لەتەمووزی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# چارەنووسی کەرکوک و شەڕی لیستە رکابەرەکان

وەک دەزانین هەنووکە قورسایی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان لەسەر کەرکوکە، بەو مانایەی لیستە سیاسییە کوردییەکان چاوی خۆیان لە کەرکوک بڕیوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، بەڵام هیچکام لە هێزە سیاسییە کوردییەکان گەرموگوڕیی جارانیان تێدا نەماوە لە داکۆکیکردن لە کوردستانێتی شاری کەرکوک. بە پێچەوانەوە وا خەریکە بەهۆی ململانێ و رکابەریی نێوان هێزە کوردییەکان کەرکوک و چارەنووسی هاووڵاتیانی ئەو شارە لە یاد دەبرێتەوە، چوونکە هێزەکان تەنیا بانگەشەی خەڵک بۆ دەنگدان دەکەن، ئەگەرنا هیچ بەرنامەیەکیان پێ نییە بۆ گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان، تەنانەت لە ئاستی میدیاکانیش کەمترین جار گوێمان لە ناوی ماددەی سەد و چل و پێداگریی کورد دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕگە دەستوورییە. بە کورتییەکەی وەک ئەوەی کەرکوک هەمان رەوشی شاری سلێمانی یان هەولێری هەبێت، مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت. بەم دواییانەش لەگەڵ ئامادەکاریی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکان کە ئاشکرایە بە لیستێکی سەربەخۆ دادەبەزێت، لایەنە کوردییەکان بە تایبەتی یەکێتی بە قورساییەکی بێ ئەندازەوە لە شارەکە ئاڵاون، بێئەوەی پێشنۆرە ژیانی خەڵک و گێڕانەوەی شارەکە بۆ نێو سنووری جوگرافیی کوردستان بێت.

لایەنەکانی دەرەوەی کورد، هەر لەعەرەبەوە تاکو تورکمان، ئەو لێکترازاوییەی کورد دەخوازن و هەر هیچ نەبێت لەسەر ئاستی کەرکوک پێیان خۆشە و لە

بەرژەوەندییانە کورد زۆرترین دابەشبوون بە خۆوە ببینێت، ئەمەش لە دوا شیکردنەوەدا بێهێزیی کورد و بەتینبوونی هێزی نەیارانی سیاسیی کورد و ماددەی سەدوچل دەستەبەر دەکات. من پێموایە بۆ کورد گرنگە لە کەرکوک هەموو ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوخۆی بخاتە ئەولاوە، بۆ کورد پێویستە ئەو گەمە دیموکراسییەی دەیەوێت لە کەرکوک و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بیکات، بیگوازێتەوە بۆ سێ شارە کوردییەکەی تر، چوون تەندروستیی کەرکوک یارمەتیدەری ئەو ململانێ و شەڕە سەختە سیاسییەی پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، بە پێچەوانەوە کورد لە کەرکوک پێویستیی بە یەک لیستیی و یەک گووتاریی و یەک دەستیی هەیە، بەبێ ئەمە هیچ گرانتییەک نییە بۆئەوەی بە تەواوەتی کورد لەو شارەدا لاواز نەکرێت بە ئەندازەیەک توانای داکۆکیکردن لە خۆی نەمێنێت و لە بری گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان، چەند پارچەیەکی تری جوگرافیی لە جەستەی هەرێمی باشووری کوردستان قارس نەکەن!، چوونکە ئەوەتا کورد بە یەکگرتوویی خەریکە کەرکوکی لە دەست دەردەهێنرێت، بە لێکترازاویی هەر مەپرسە چی لێ بەسەر دێت. بەم پێیە وەزعەکە لە کەرکوک بە مانای وشە، ناسک و هەستیارە و هەموو هێز و لایەنە کوردییەکانیش لەبەردەم لێپرسراوێتییەکی مێژوویی گەورەدان، چوونکە هەڵوێستی ئەرێنیی یان نەرێنی ئەوان بۆ هەتاهەتایە کاریگەریی لەسەر کەرکوک دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی چارەنووسی کەرکوک بووە بە گرەوێک و پابەندی یەکڕیزیی و یەکێتی نێوان هەموو کوردان بووە هیچ نەبێت لەسەر مستەوای شارەکە.

پرسیار دەکەین: ئایا پێویستە کورد چی بکات بۆئەوەی سەرئەنجام چارەنووسی شارەکە گەڕانەوە بێت بۆ سەر کوردستان؟، وەڵام ئەوەیە: ئەگەرچی پرسی کەرکوک دۆزێکی زۆر ئاڵۆزە و بووە بە کەیسێکی نێودەوڵەتی و زۆر لایەن و دەوڵەتی تری دەرەوە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چاودێریی چارەنووسی شارەکە دەکەن، بەڵام پێویستە کورد نەبێتە هۆکاری یارمەتیدەری ئەو هێز و دەوڵەتانەی دەخوازن چارەنووسی کەرکوک هەر بەو شێوەی ئێستا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت کورد بە ئاڕاستە و رێگایەکدا سیاسەت بکات ئومێدەکانی گێڕانەوەی ئەو جوگرافیایە بۆ سەر کوردستان بەهێز بکات، بۆ کارێکی ئاوهاش یەکڕیزیی کورد پێویستە، یەکێتی و یەک گووتاریی پێویستە، بەبێ ئەمە و بەپێچەوانەوە

ڕەفتارکردن بێشک کورد بە تەواویی لاواز دەکات و ئەوساش مەسەلەی کەرکوک دەبێتە حکایەتی گوێ ئاگردان نەک دۆسییەکی سیاسیی زیندوو، نەک مەسەلەیەکی مێژوویی و جێگەی ناکۆکیی.

کەوابوو کورد لەسەریەتی بە هەر نرخ و ڕێگەیەکە بەر بە سیاسەتی عەرەبە نەتەوەپەرستەکانی عێراق بگرێت کە ئامانجیانە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو گەمە بە کارتی کەرکوک بکەن، هەروەها فەرز کراوە لەسەرشانی، لە بری شەڕی ناوخۆیی نێوان خۆی، شەڕی هێزە شۆڤێنییەکان و دەوڵەتانی نەیار بکات. بۆ ئەو مەبەستە وەک لە پێشدا وتم بە پلەی یەکەم یەکگرتوویی پێویستە و بە پلەیەکی تر گۆڕانی سیاسەتی کورد و ئیدارەی کوردیی لە شارەکەدا گرنگە، چوونکە ئێستا بۆچوونێک لەنێو کەرکوکییەکاندا پەیدا بووە و پێیوایە کورد هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتی شارەکەی پێ نییە، لە باری کرداریشەوە ئەگەر سەیرێکی ئاستی خزمەتگوزاریی و بژێویی ژیان و دەستی ئاوەدانکردنەوە بکەین لەو شارەدا، ئەو بۆچوونە دوور نییە لە ڕاستییەوە. من پێموایە کورد بە سێ ڕێگە دەتوانێت یاریکەرێکی سەرکەوتوو بێت لە کەرکوکدا، ئەو ڕێگایانەش بەم شێوەیە چڕ دەبنەوە:

یەکەم: یەکگرتوویی کورد لە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن و هەموو کاتێک، سووربوونی لەسەر کوردستانێتی کەرکوک.

دووەم: خزمەتکردنی شارەکە بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژێکەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ هەولێر کراوە بۆ کەرکوکیش بکرێت.

سێیەم: ڕاکێشانی سۆزی نەتەوە و پێکهاتەکانی تری کەرکوک بە لای کورددا، ئەمەش کۆمەڵێک ئامرازی خۆی هەیە کە لێرەدا دەرفەتی وردکردنەوەییمان نییە.

*ئەم وتارە لە مانگی ئازاری ٢٠١٠ لە سایتی «کوردستان نێت» لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردن و دونیابینی سڕینەوەی ئەویتر

بەو پێیەی هێشتا کولتوور و کەلەپووری بەعسیزم کە سڕینەوەی بەرامبەر و تەسفیەکردنی هەموو نەیارەکانە، بەشێکی دانەبڕاوە لە دونیابینی و خەیاڵدانی تاکی کورد. بەو پێیەی نەریتی بێ بایەخکردن و سووک تەماشاکردنی روانگە جیاوازەکان تا هەنووکە لە عەقڵی سیاسیی کوردیی جیا نەبۆتەوە، ناتوانین مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن و بانگێشەی هەڵبژاردن بکەین ئەگەر لەسەر حیسابی سڕینەوەی بەرامبەر و بە هیچ لە قەڵەمدانی ئەویتر نەبێت، ئەوەش تا بە ئێستا دەگات خەوشێکی گەورەی ئەو رەوشە سیاسییەیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بوونی هەیە، هەتا ئەم رەوشەش بەردەوام بێت و گیانی یەکتر قبوڵکردن نەبێتە بەشێک لە تێفکرین و جیهانبینی تاک بە تاکی کورد، ئەوە باسکردن لە دیموکراسی لە یۆتۆپیا بەولاوە شتێکی تر نییە.

ئەگەر ئێمە سەیری دنیای پێشکەوتوو و دیموکراسی بکەین، ئەوە نەک هیچ لایەن و دەستەیەک مافیان نییە گوومانی ناڕەوا و تۆمەتی ناڕاست، ئاڕاستەی بەرامبەرەکانیان بکەن. یاسایەکیش هەیە کە هەمیشە وەک قەڵغانێک مافی هەموو، وەک پرنسیپێک دەپارێزێت و رێگە نادات هیچ کەس دەستدرێژیی بکاتە سەر، بۆیە ئاسان نییە تەنانەت لە دیموکراسیترین و لیبرالترین دەوڵەتانی دونیا بە قەڵەمێک هێڵی راست و چەوت بهێنیت بەسەر هەوڵ و تێکۆشان و روانگەکانی ئەویتردا، بە پێچەوانەوە ئەمە تاوانێکی گەورە و حەرامێکی زۆر ئاشکرایە. بۆیەکا کۆمەڵگە دیموکراسییەکان ئەو کۆمەڵگەیانەن کە زۆرترین بەند و بڕگەی دەستووریی و یاساییان بۆ پاراستنی هەمووان وەک یەک جێگیر کردووە. ئێمەش کە چاومان لە

کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراسی بڕیوە، لانیکەم پێویستە هەر لە سەرەتاوە تۆوی گیانی یەکتر قبوڵکردن بچێنین، نەک ئەوەشی هەیە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە رەگەوە دەریبکێشین.

من وەک خۆم تا دوا رادەدەش دژی ئەو تێزەم کە پێیوایە هێشتا ئێمە ماومانە و ناتوانین بەو ئەندازەیە کراوە و دەست ئاوەڵا بین کە لە خۆرئاوا هەیە، بەڵام خۆ هیچ نەبێت ئەوەی هەمانە لە رۆحی یەکتر قبوڵکردن نابێت لە کیس خۆمانی بدەین، پاشان ئەو بنەما و پرنسیپانەی لە خۆرئاوا هەن، شتگەلێکن نین تەنێ بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بن، بەڵکو ئێمەش دەگرنەوە، چوون ئەگەر چاومان لە دوارۆژێکی دیموکراسییە، ئەوە هەرگیز ناتوانین دیموکراسی بین تاوەکوو هەموو ئەوانیتر قبوڵ نەکەین، ئەم فاکتەش هەر وەک فاکتی ئاو وایە، هەروەک چۆن پێکهاتەی ئاو لە هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتووە، لە ئەمەریکا و لە کوردستانیش هەمان شتە و پێکهاتەکانی ناگۆڕێن بە حوکمی گۆڕانی جیوگرافی، ئەو پرسنیپگەلانەش بۆ ئێرە و ئەمەریکا خاوەنی یەک سروشتی چەسپیو و نەگۆڕن و بەموو لێی لا نادرێت.

ئەوەی لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەم چەند رۆژەی دواییدا لە کوردستان دەگوزەرێت، نەک سەرەتایەکی باش نییە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیی و قووڵکردنەوەی گیانی یەکتر قبوڵکردن، بەڵکو لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە لە بانگەشە هێندەی تر نەوەکانی ئەم گەلە لە یەکتر دووردەخاتەوە و دەیانکاتە دوژمنی سیاسیی و سەرسەختی یەکدی، ئەوەش نەک لە بەرژەوەندیی بارودۆخی رامیاریی ئەمرۆی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوە پلاتفۆرمێکە دەیان ساڵە نەیارانی سیاسیی کورد خەونی پێوە دەبینن و هەوڵی هاتنەدی دەدەن. ئەو هەرا و هۆریا و شەرە پەڕۆیەی وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت نەک ناچێتە چێوەی ریکلامێکی مەدەنی و دیموکراسییەوە، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک خزمەت بە قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی هێز و لایەنە کوردستانییەکان دەکات، تا ئەوەی کولتووری هەڵبژاردن و ریکلامی هەڵبژاردنی دزێو و سەقەت کردووە. ئەمە جگە لەوەی تەنانەت هیوابڕاوی کردین بەرامبەر بەوە نەوەیەی تازە لە کوردستان سەریهەڵدابوو، کە وا مەزندە دەکرا خودی نەوەی پێشوو و خەیاڵدانی سیاسیی نەوەی رابردوو تێپەڕێنێت، کەچی بەداخەوە هێز و لایەنە سیاسییەکان، دونیابینی

و تێگەیشتنی ئەم نەوەیەشیان بێ کەڵک و دزێو کرد، بەهۆی تێکەڵ بەجۆرێک لە کاری سیاسییان کردن وەک جۆگەیەکی لیخن دەڕژێتە ناو هەمان ئاوەڕۆی کولتووری سیاسیی نەوەی پێشووەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی شارێکی وەک سلێمانی روودەدات، نەک ئاهەنگی لیستەکان نییە بەڵکو جۆرێکە لە دەستدرێژیی بۆ سەر مافی کۆمەڵگە و تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان، چوونکە ئەو جۆرە لە شەڕە پەڕۆ و فیشەک تەقاندن بەسەر ئاهەنگی لیستی رکابەر و ئیهانە و سووکایەتیکردن بە یەکتر و تەنانەت شەڕە دەندوکی کەناڵەکانی راگەیاندنی لیست و قەوارەکان، نەک هەر لادانێکە لە فەرهەنگی دیموکراسی و هەڵبژاردنی راستەقینە، بگرە لەنێو کولتووری کوردەواریشدا جێگەی نابێتەوە، کە بەداخەوە هەندێک نەریتی نوێ و مامەڵەی نوێ لەلای بەشێک لە هەوادارانی هەندێک لە لیستەکان دەبینین، نەک هەتا ئێستا دیموکراسی پێی ئاشنا نییە بەڵکو سەد دەر سەد دژی بنچینەکان و گەوهەری دیموکراسییە.

ئەوەی من وا لێدەکات زۆرتر نیگەران بم، رەنگە هەڵوێستی میدیا و رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت، چوونکە میدیاکان نەک بێلایەنییان لە دەستداوە لە رووی پیشەییەوە، نەک رۆژنامەنووسان موحاید و سەربەخۆ نین لە رووی سیاسییەوە، بە پێچەوانەوە ئەوان بوونەتە جۆشدەری ئەو فەوزا و هەرا و هۆریایەی لەسەر شەقامەکان روو دەدات، تەنانەت میدیا بۆتە بەرهەمهێنەری دەیان نەریتی دزێو و هانی تێکڕای جەماوەری کوردستان دەدات بەو جۆرە بێمانا و نادیموکراتییە بێنە سەر شەقامەکان و هەستیان بۆ لیستەکانیان دەربڕن، تا ئەوەی دەبینین میدیا رۆڵێکی زۆر نەرێنی هەیە لە برەودان بە کولتووری سڕینەوەی ئەویتری بەرامبەر.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٢»ی گۆڤاری «نێوەند» لە شوباتی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنگرەی حزبەکانی کوردستان

ئەمساڵ، ساڵی کۆنگرەی حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بوو، زۆرێ لەو پارتییە سیاسییانە بە تایبەت ئەوانەی خاوەنی نفوز و کاریگەریین کۆنگرەی خۆیان بەست یان بڕیارە ببەستن. یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵی ئیسلامی لە ماوەی سێ بۆ چوار مانگی پێشوودا کۆنگرەی خۆیان بەست، پارتی وا بڕیارە لە مانگی یانزە کۆنگرە ببەستێت، دەنگۆی ئەوە هەیە لە ماوەیەکی نزیکدا بزووتنەوەی «گۆڕان»یش کۆنگرەی ئاسایی خۆی ببەستێت. کەواتە دەتوانین بڵێین لەماوەی یەک ساڵدا کۆی هێزە کاریگەرەکانی کوردستان کۆنگرەی ئاسایی خۆیان دەبەستن، بە تایبەت لەم سەروەختەدا کە باروдۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵی کوردەواریی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و بەرنامەی سیاسیی و ڕۆشنبیریی حزبەکانیش هەتا هەنووکە بە هەمان شێوەی پێشوو ڕاوەستاون و ناتوانن وەڵامی پێویستییەکانی ئەم قۆناغە بدەنەوە، بۆیە بەستنی کۆنگرەی حزبەکانی باشووری کوردستان، کەم تا زۆر دەتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئەم هەلومەرجەی کۆمەڵی کوردستان بداتەوە، کە لە مێژە، دەبوو وەڵامی بدرابایەتەوە.

گوومانی تێدا نییە، کۆنگرە یەکێکە لە وێستگە هەرە گرنگەکانی ژیانی حزبایەتی، کە دەتوانێت قۆناغەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە، یان بە مانایەکی دیکە هێزی ئەوەی هەیە بەردەوامیی بە ژیانی حزبە سیاسییەکان بدات بۆ هەر قۆناغێک کە دێتە پێشەوە. کۆنگرە سەبارەت بە حزبی هاوچەرخ نەک پێویستییەکی پلە یەک و هەرە لەپێشە، بەڵکوو داینەمۆی بەرەو پێشەوەچوونی حزب و گواستنەوەی دەسەڵاتە لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، بەڵام بەداخەوە، لە دوای ڕاپەڕینی

ساڵی ۱۹۹۱ەوە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، کەمترین کۆنگرەیان بەستووە و وەختێکیش کۆنگرەیان بەستووە، کەمترین ئاڵوگۆڕیان لە شێوەی ڕێکخستن و پەیڕەو و پرۆگرامی سیاسیی حزبەکانیاندا کردووە، بەم هۆیەوە کۆنگرەی حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان نەیتوانیوە وەک خۆی ئامانج بپێکێت، تەنانەت بۆ هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کۆنگرە تەنیا پرۆسەیەکە بۆ تەسفیەی سیاسیی و ڕەوایپیدانەوە بە دەسەڵاتی بێسنووری ژمارەیەک سەرکردەی سیاسیی کە لەوەتی حزبەکانیان هەیە، هەر لە هەرەم و لووتکەی دەسەڵاتدان.

هیچ گومانی تێدا نییە، شێوەی کارکردنی سیاسیی، سیستمی ئەندامگیریی و بەحزبیکردن، پەیڕە و پرۆگرام و ئەجیندای زۆرینەی حزبەکانی کوردستان، یەکێکە لە سیستمە هەرە تەقلیدییەکانی حزبایەتیکردن، یان با بڵێین هێشتا حزبی کوردیی لەسەر هەمان ستایڵی حزبی ستالینی و کۆی حزبە شمولییەکانی تری ئەورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤێتی جاران لە کارکردن بەردەوامە، ئەم ستایڵە نەک هەر لەگەڵ پرنسیپ و بنەماکانی سیستمی دیموکراتیدا نایەتەوە، بەڵکوو ناتوانێت هارمۆنی لەگەڵ ئەو کولتوورە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی هەنووکە لە کوردستاندا بوونی هەیە. لەبەر ئەم فاکتۆرە دەبێت کاری کۆنگرەی حزبەکانی کوردستان لە پێشنۆرەدا بریتی بێت، لە پرۆسەیەک بۆ گۆڕینی سیستمی تەقلیدیی حزبایەتی و ڕەنگرێژکردنەوەی حزبەکانی کوردستان لەسەر شێوە و ستایڵی حزبە هاوچەرخەکانی دنیا، کە بە دڵنیاییەوە نموونەیەکی زۆر جیاوازن، لە نموونەی حزبی ستالینی و حزبە تەقلیدییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەموو دەزانین دەرهاویشتەی کام واقیعی سیاسیی و فەرهەنگین.

من وای دەبینم، کۆنگرەی حزبە کوردستانییەکان، نابێت وەک هەمیشە و قۆناغەکانی پێشوو، کۆنگرەی چەپڵەلێدان بێت بۆ سەرکردە و سکرتێرەکان، نابێت کۆنگرەی حزبەکانی ئەم وڵاتە بەهەمان شێوەی جاران بەناو بێدەنگییدا تێپەڕێ و هیچ هەرا و هۆریا و جەدەلێک لەسەر سیاغەی باشترین نموونەی پەیڕەو و پرۆگرام و ئەجیندای سیاسیی تێدا نەبێت، دەبێت ئەو بەستەڵەکە تێکبشکێنرێت و کۆنگرەکان ببنە یەکێک لە گرنگترین وێستگەکانی تازەبوونەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، چوونکە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، قۆناغی ئەو گووتارە

کلاسیکییەی حزبی کوردیی دەمێکە کۆتایی هاتووە، بۆ زیندوومانەوەی ئەم حزبانە بەلانیکەمەوە بەستنی کۆنگرە دواخراوەکان یەکێکن لە کارە ئەولەوییەکان. لە کاتی بەستنی کۆنگرەکانیشدا جەدەل و رەخساندنی زەمینەی ئازاد بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان، یەکێک دەبێت لەو فاکتۆرانەی گرەنتی سەرکەوتنی کۆنگرە دەکات. خولاسەی کەلام ئەوەیە: کاتی ئەوە نەماوە، حزبە کوردییەکان کۆنگرە و کۆنفرانس و پلینۆمەکانیان دوا بخەن، کاتی ئەوە نەماوە کۆنگرە وەک پۆلێکی خوێندنی بنەڕەتیی بێت و مامۆستایەک وانە بڵێتەوە و قووتابییەکانیش گوێ بگرن و جارجاریش بۆ قووتابییەکی زیرەکیی مامۆستا کە باش وانەکانی لە گوێ گرتووە و وەک خۆی دەیانڵێتەوە بیکەنە چەپڵەڕێزان. بەڵکو دروست بە پێچەوانەوە کاتی ئەوەیە هۆڵی کۆنگرەی حزبەکان پڕبێت لە هاتوهاوار و گفتوگۆ، بۆ ئەوەی لە دەرەوە بە هاتوهاوار فریان نەدەنە پەراوێزی کۆمەڵگەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٩»ی گۆڤاری «نیوەند» لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# دوای تونس و میسر.. کوێی تر؟

دوای ئەوەی نارەزایی و خۆپیشاندان لە پێناوی گۆڕینی ڕیژێم و لابردنی دیکتاتۆر، لە تونس سەرکەوتنی گەورەی وەدەستهێنا، هەنووکە باهۆزەکە رووی کردۆتە میسر و ئاپۆرەیەکی گەورەی جەماوەری میسریی لە پێناوی گۆڕینی دیکتاتۆری سی ساڵەی ئەو وڵاتەدا، بە چڕیی ڕژاونەتە سەرشەقامەکان و مەسجی یەکەم و کۆتایی خۆپیشاندەرانیش چۆڵکردنی کورسی حوکمە لەلایەن «موبارەک»ی گەورە دیکتاتۆری وڵاتەوە، هەنووکە لە شەقامی میسرییدا دەبینین چۆن نارەزایی خەفەکراو و پەنگخواردووی جەماوەری خەڵک بە رووی دەسەڵاتدا تەقیوەتەوە کە دوور نییە سەرئەنجامی دیکتاتۆرەکەی میسریش هەمان سەرئەنجامی دیکتاتۆری تونس بێت. هەرچەندە توێژەر و رۆشنبیرانی نزیکی دەسەڵاتی میسریی بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە میسر، تونس نییە و مەرج نییە هەمان سیناریۆی ئەو وڵاتەی تێدا تاقی بکرێتەوە، بەڵام لەباری واقیعییەوە هەموو شاهیدین لەسەر ئەوەی کێشە و موعاناتی گەلی میسر و تونس زۆر لە یەکترەوە نزیکە، هەر لە نەبوونی ئازادیی سیاسیی و بیرورا و دەستاودەستنەکردنی دەسەڵات و گرانی و بێکاریی و هەڵلووشینی داهاتی وڵات لەلایەن گروپێکی سیاسیی مافیاوە تا دەگاتە سەر کۆی کێشەکانی تر، بۆیە بەپێچەوانەی پێشبینی لایەنگرانی موبارەکەوە لە نزیکەوە شاهیدی ئەوەین گەلی میسر هەمان رێگای گەلی تونسی لە پێناوی گۆڕینی ڕیژێم و دیکتاتۆردا گرتۆتەبەر و رەنگە کاردانەوەی گەلی میسر زۆر لە پەرچەکرداری تونسییەکان توند و مەحکەمتریش بێت.

پرسیاری هەنووکەیی ئەوەیە دوای میسر و تونس، ئەم باهۆزە بەم

کاریگەرییە روو لە کوێی تر دەکات؟. بە بڕوای من هەر دەوڵەتێکی عەرەبی بگریت هەر لە کەنداوەوە تا ئۆقیانووس، هێندەیان کێشە هەیە کە هەمان باهۆز رووبیان تێبکات، یان بە دەربڕینێکی تر ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان و راپەڕین دەکرێت لە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی دیکەدا رووبداتەوە، چوونکە کۆی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە رووی ئازادیی سیاسیی و ئازادیی را دەربڕین و مافی هاووڵاتیبوون و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە کێشەی جەوهەریی و گەورەیان هەیە، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبیی نییە لە رووی سیاسیی و ئابوورییەوە هاووڵاتیانی خۆی سەرکوت نەکردبێت، هەروەک چۆن هیچ دەوڵەتێکی عەرەبیی نییە توانیبێتی دیموکراسی و پلۆرالیزم و کۆمەڵگەی مەدەنی چێ بکات. بۆیەکا بە دیتنی من ئەگەری ئەوە هەیە هەمان راپەڕین و سەرهەڵدانی گەلی تونس و میسر، لە زۆرینەی وڵاتانی تری عەرەبیی رووبداتەوە و بارودۆخەکە لەوە سەخت و قورستریش تەقینەوە بەخۆیەوە ببینێت، ئەمەش دەمانهێنێتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی ئەم باهۆزە هەروا لەو دوو وڵاتەدا قەتیس ناخوات و هەروەک شەپۆلی بارانبارین زۆر جێگە و ناوچەی تر دەتەنێتەوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لایەنگرانی دەسەڵات لەم هەرێمەدا بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کوردستان، ناکرێت بە تونس بەراوورد بکرێت، یان بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم شەپۆلە زیاتر رووی لە وڵاتانی عەرەبییە نەک کوردستان، بەڵام ئەم تەرزە لە بانگەشە و بیرکردنەوە نەک خزمەت بە رەوشی کوردستان ناکات و خۆدزینەوەیە لەو نارەزایەتییانەی لەسەر ئاستی شەقامی کوردیی هەیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەهمێکی گەورەیە کە زیدەتر دەسەڵاتدارانی پێ چەواشە دەکرێت، چوونکە ئەوەی لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا دەیبینین بایی ئەوەیە کە تەقینەوەی گەورەی تێدا رووبدات، لەبەرئەوەی لە کوردستان هەمان ئەو کێشانەی لە تونس یان میسر بوونیان هەیە بە زیادەوە لە ئارادان. هەر لەم سۆنگەوە رەنگە کارێکی مەحاڵ و ئەگەرێکی دوور نەبێت کە جەماوەری کوردستانیش بەهەمان شێوە راپەڕن، رەنگە راپەڕینی ئەمجارە لە جەرگەی دەسەڵات و هەولێری پایتەختی کوردستانیشەوە بێت «بەڵکو پێویستە لە هەولێرەوە چەخماخە بدات»، پاشان سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە. هەر لەم

روانگەوە پێویستە وەبیری دەسەڵاتدارانی کوردستانی بهێنینەوە کە زۆر گرنگە وانە لە تونس و میسر وەربگرن و تا زووە چارەسەری کێشەکانی خەڵک بکەن و ئیشکالییاتی خۆیان لەگەڵ پرسی ئازادییەکان چارەسەر بکەن، پێش ئەوەی شەپۆلی خۆپیشاندەر و راپەڕیوان بگاتە سەریان و ناچار بە چارەنووسێکی وەک «زەین ئەلعابدین بن عەلی» بن.

خولاسەی قسەی ئێمە ئەوەیە هەولێر چیتر ئارام نییە، رەنگە سبەینێ یەکەم چەخماخەی راپەڕین لە پایتەختی هەرێمەوە کڵپە بستێنێت، ئەمەش تەنیا خەیاڵێکی شاعیرانە نییە و بەس، بەڵکو بە پشت بەستن بەو هەموو ناعەدالەتی و گەندەڵی و نەبوونی ئازادییەی لە کوردستان بوونی هەیە، دەشێ هەمان باهۆزی تونس و میسر بە خێراییەکی جادوویی بگاتە ئێرەش، بەڵام ئێمە هیچمان حەزمان لە سووتانی فەرمانگەکانی حکومەت و هەولێرێکی وێران نییە لە ئەنجامی راپەڕین و خۆپیشاندان، بەڵکو ئارەزوو دەکەین دەسەڵاتدارانی کوردستان خۆیان چاک بکەن و سیستمێکی سیاسیی نوێ لە کوردستان دابمەزرێنن کە ئازادیی و دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی پایەی سەرەکیی ئەو سیستمە بێت، بەبێ ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە هیچ گرەنتییەک نییە رێگە لەو باهۆزە بگرێت و دەبێت هەمووانیش خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین ئەوەی لە تەرابلوس و قاهیرە، روویدا و روودەدات، لە هەولێریش رووبدات.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا سەروتاری ژمارە «٨٣»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە یانیوەری ساڵی ٢٠١١.

# کەواتە چی بکرێت؟

لینین، رابەری حزبی بەڵشەفیک و سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ساڵی ١٩٠٢ لە کتێبێکدا بەناوی «چی بکرێت» هەنگاوە سەرەتاییەکانی کارنامەی حزبێکی شۆڕشگێڕ کە خۆی بۆ بەرپاکردنی شۆڕش ئامادە کردووە دەخاتە روو. لینین، بیرۆکەی ناوی کتێبەکەی لە رۆمانی «چی بکرێت»ی «نیکولا شێرنیڤیسکی» وەرگرتبوو کە ساڵی ١٨٦٢ واتە ٨ ساڵ پێش لە دایکبوونی خۆی نووسرابوو. ناونیشانی ئەم کتێبەی لینین «ما العمل» لە ئەدەبیاتی سیاسییدا، بەربڵاوە و هەمیشە لە سەروەختی قەیرانەکاندا، ئەم وتەزایە یان ئەو ناونیشانە دێتە بەر گوێ. بۆیە ئێمەش لەم دۆخەی کوردستان کە خەریکە بەرەو قەیرانی قورستر دەڕوات، دەپرسین کەواتە چی بکرێت؟.

لەم دۆخەدا کە هێزە سیاسییەکان کێشمەکێشێکی زۆر دەکەن لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات، دەبێت چی بکرێت؟. رەنگە من نەتوانم بڵێم دەبێت چی بکرێت، بەڵام توانای ئەوەم هەیە کە بێژم نابێت چی بکرێت؟. نابێت پێشبڕکێ بۆ دەسەڵات، بارودۆخی سیاسیی و پێشکەوتنی تا ئێستای کوردستان بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە، نابێت نەفیکردنی ئەویتر و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی فیزیکی هێزە نەیارەکان، جێگەی دیالۆگ بگرێتەوە. نابێت ململانێی حزبی و شەڕکردن لەسەر دەستکەوتە حزبییەکان، خەونە گەورەکانمان بیر بباتەوە. ناکرێت و ناشێ کوردستان و چارەنووسی ئەم قەوارە بچووکەی بە زەحمەتێکی یەک سەدەیی هاتۆتە بوون، بکرێتە قوربانی کێشمەکێش و بەرانبەرکێی هێزە سیاسییەکان، چوونکە لە قامووسی سیاسییدا ئەوە گەورەترین کوفرە.

نابێت، هیچ هێزێکی سیاسیی، بیر لە دابڕینی بەشێک لە کوردستان بکاتەوە، جا ئەوەش لە ژێر ناوی فیدراڵی پارێزگاکان یان لامەکەزییەتدا بێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، هەوڵێکی لەم جۆرە جگە لەوەی نایاسایییە، بەڵکو هەنگاوێکی نائەخلاقییە و بکەرەکانی دەخاتە دەرەوەی چێوەی هێزە نیشتمانییەکان. تەنانەت لە ماددەی سێی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، رێگە لە دروستکردنی هەرێمێکی تر لە ناو هەرێمی کوردستان گیراوە، لەو ماددەیەدا بە روونی ئاماژە بەوە دراوە «نابێ هەرێمێکی نوێ لە ناو سنووری هەرێمی کوردستان- عێراقدا، دروست بکرێت». لانیکەم ئەم ماددەیە کۆدەنگی گەلی کوردستانی لەسەرە و بڕوا ناکەم هیچ هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەوە قبوڵ بکات، پارچەکانی کوردستان لە چوارەوە ببنە پێنج، بۆیە هەق نییە هێزە سیاسییەکان چەند لە بەرژەوەندیشیان بێت، پرسێکی لەم جۆرە بکەنە رۆژەڤ.

نابێت هیچ هێزێکی سیاسیی، هێندە زیادەڕەویی بکات لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ، کە ببێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییەی بۆ ئەزموونی کوردستان بووە بە واجیهەیەکی پرشنگدار، لانیکەم هەمووومان ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ شەڕی براکانی شاخ و شەڕی ناوخۆی شار هەیە، کە جگە لە هەڵتەکاندنی بنەماکانی پێکەوە ژیان و لەناوبردنی فەرهەنگی یەکتر قبوڵکردن، هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو، بۆیە کورد وتەنی ئەگەر هێزە سیاسییەکان گۆشتی یەکتریش بخۆن، هەق نییە و نابێ ئێسقانی یەکتر بشکێنن، چوونکە گەمەی دیموکراسیی بە مانای تێکدانی نێو ماڵی خۆت و لە بەینبردنی یەکڕیزیی نێوان هێزەکانی گەل نییە، بەڵکو دیموکراسی خولقاندنی کەش و کردنەوەی پانتاییەکە بۆ ململانێی دروست و ناتوندوتیژیانە لە پێناوی خۆی تەرحکردنی هەر لایەکدا.

من ئەوە دەزانم، نابێ هێزە سیاسییەکان بهێڵن دیموکراسیی لە کوردستان ببێتە دیاردەیەکی بێ ئەرزش. هەروەک «هێربێرت ئاگار» لە کتێبە ناوازەکەیدا «مەترسییەکانی دیموکراسی» دەڵێ «دیموکراسیی وشەیەکی سووک و بێ بایەخ نییە، بەڵام لە مەترسیی ئەوەدایە کە بێ مانا ببێت». ئەوەی ئەمڕۆ لە واقیعی کوردستاندا دەگوزەرێت، چ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە مومارەسە دەکرێت، چ

ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن پیادەی دەکات، نەک خزمەت بە قووڵکردنەوەی سترۆکتۆرە دیموکراسییەکان ناکات، بەڵکو بێ بەهاکردنی دیموکراسییە، تەسفیەی حساب و شەڕی کۆنە قین و مەیلی ناوچەگەریی و دوژمنداریی زەمەنی میرنشینە کوردییەکانە و بە سبوغی دیموکراسی سواغ دراوە. من دەزانم نابێ هێزە سیاسییەکان برەوی زیاتر بەم نەریتە بدەن، چوونکە وەک وتم ئەمە کوردستان چەند هێندی تر لە دیموکراسی دوور دەخاتەوە.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە و بپرسین کەواتە دەبێ چی بکرێت؟. دەبێ لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتی سەرشانیان بکەن، پاراستنی ئاسایشی کوردستان و پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی لە ململانێی سیاسییدا و رەچاوکردنی ئەو دۆخە دیفاکتۆیەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا پێیدا تێدەپەڕێت، ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقیی هەموو حزبەکانە، بە پێچەوانەشەوە هەر لایەن و گروپێکی سیاسیی ئەو راستییانە لە پێش چاو نەگرێت، دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو، چوون هەر هێزێک بە پێچەوانەی خواستی خەڵکەوە مامەڵەی کردبێت، جگە لە تەریک و پەڕاوێزبوون شانسێکی زیاتری نەبووە و نابێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٢٤»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١٨-٦-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.




# بەشی دووەم
# رەخنە

# حکومەتێک لە گەندەڵیی و دەریایەک لە درۆی ریفۆرم

نامەوێت پێناسەیەکی ئەکادیمیی چەمک و زاراوەی گەندەڵیی بکەم، چوونکە بەر لە من زۆر کەس هاتوون بە فۆرمێکی تەواو زانستی و ئەکادیمی شرۆڤەی ئەم چەمکەیان کردووە و هێمایان کردووە بۆ هەموو پنت و رەهەندە دیار و نادیارەکانی. ئەوەی لێرە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە سەرەڕای بانگەشە هەمەڕۆژەکانی دەستەڵاتی کارگێڕیی و سیاسیی کوردستان بۆ ریفۆرم و بنیاتنانەوە، لەولاوە گەندەڵیی سنوور و مەوداکانی بەرفرەتر دەبێت و خۆی دەخزێنێتە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیانمانەوە. دەتوانم بڵێم گەندەڵی لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەوە دەرچووە تەنیا گەندەڵیی ئیداریی بێت، بەڵکو وەک ڤایرۆسێکی کوشندە سەرلەبەری کایە جۆراوجۆرەکانی تەنیوە، تەنانەت هەنووکە گەندەڵیی بووەتە ترادیسیۆنێکی کۆمەڵایەتی و لە هەموو ئاستێکدا خۆی سەپاندووە و بوونی هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (بە درێژایی تەمەنی پێنج کابینە) نەک ئەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە ریفۆرم بکات و بەر بە لافاوی گەندەڵیی بگرێت بەڵکو خودی خۆی سەرچاوەی سەرهەڵدانی گەندەڵییە. بۆیە نەک هەر ناتوانێت ریفۆرم بکات بگرە ریفۆرم دیوێکە لە دیوەکانی مەرگی ئەم دەستەڵاتە، چوون دەستەڵاتی کارگێڕیی و سیاسیی لەسەر بنەمایەکی ناتەندروست دامەزراوە، مادام یەکەم بەردی بناغەکەی بە هەڵە دانراوە هەروەک شیعرە فارسییەکە دەڵێت تا سورەیا بالای بەرزبێتەوە هەر بە خواری دەمێنێتەوە، مادام گەندەڵیی لە باکگراوەند و رەگ و ریشەکەدایە

کەواتە چارەسەریش دەستبردنە بۆ گۆڕانێکی ڕەگ و ریشەیی و رادیکاڵی.

بە تێگەیشتنی من گەندەڵیی بەشێک نییە لە ژیانی حکومەتی هەرێم ئەوە حکومەتی هەرێمە بەشێکە لە پەیکەری گەندەڵیی، ئەمەش بەڵگەیە بۆوەی هەنگاوەکانی چاکسازیی و پاکسازیی لەسەر دەستی حکومەتی هەرێم ئەگەر نیەتێکی بێگەرد و پاکژیشی لە پشتەوە بێت ناتوانێت پڕۆژەیەکی تەواو و سەرکەوتوو بێت، چوون لە کورتترین گوزارشتدا دەستەڵاتی گەندەڵ پێویستە بگۆڕدرێت چوونکە ریفۆرم پێی ناوێرێت. ریفۆرم پڕۆژەی قۆناغێکە لە قۆناغەکان تیایدا دەستەڵات لە ڕێڕەوی سەرەکی خۆی لاینەداوە و بەرەو ستەمکاریی هەنگاوی نەناوە، ریفۆرم لە کۆمەڵگەیەکدا دەتوانێت دەور و کاریگەریی هەبێت کۆمەڵگەیەکی دەزگایی و دامەزراوەیی و نۆرماڵ بێت، بەڵام لە جۆرە کۆمەڵگەیەکدا هێشتا حزب و تەکەتول و سەرکردەی تاک و تەنیا دەیبات بەڕێوە و دیوەخان و بارەگای مەکتەب سیاسییەکان ناوەندی بڕیارن بانگەشەی ریفۆرم قەپاغێکی ناوەڕۆک بەتاڵ و بۆشە.

ئاخر لە وڵاتێکدا هێشتا سەرکردەکانی وەک (لویسی چواردەهەم) بڵێن (دەوڵەت منم)!! تۆ چۆن دەتوانیت دەستەڵاتی کاریزما و دەسەڵاتی یاسا لە یەکدی جودا بکەیتەوە؟ چۆن دەتوانیت جاڕی ریفۆرم بدەیت لە کاتێکدا سەرۆک کۆمارە سۆسیال دیموکراتەکەت نامە بۆ دادگا بنووسێت و کەیسی ژنکوژ بە سوڵحی عەشایەریی چارەسەر بکات؟ چۆن پڕۆژەی ریفۆرم دەتوانێت کار لە دەستەڵاتێک بکات بەشێکی زۆری سەروەت و سامان و داهاتی وڵات لە زیندووکردنەوەی کولتووری هۆزگەرایی و تەریقەت و دیوەخاندا خەرج بکات؟ ریفۆرم چۆن دەتوانێت کاریگەر و ئەکتیڤ بێت لە وەختێکدا دەستەڵاتی سیاسیی بە بەرنامەیەکی چڕوپڕ و پلان بۆ کێشراو کار بۆ بە مێگەلکردنی هاووڵاتیانی دەکات؟. ریفۆرم لە کۆمەڵگەیەکدا دەتوانێت تەنگ بە گەندەڵیی هەڵبچنێت مەوداکانی دیموکراسی و ئازادیی بیروڕا تیایدا بەرفراوان بێت نەک لە وڵاتێکدا هێز و پۆلیس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بیبەن بەڕێوە.

لویس ئاراگۆن بڕوای وایە (ئەوەی تایبەت بێت بە فەرمانڕەوایی هەر لە ئەزەلەوە لە دوو ئامراز زیاتر نییە ئەوانیش بریتین لە هێز و فێڵ). دەستەڵاتی

کوردیی لە هەر شوێن و کاتێکدا بۆی بچێتە سەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و هێزەوە مامەڵە دەکات خۆ ئەگەر نا، بەردەوام نوێترین جۆری فێڵ و پەیامی هەڵخەڵەتێنەری پێیە بۆ گومڕاکردن و بە مێگەلکردنی زیاتری هاووڵاتیانی کۆمەڵگە، ئیدی بە هیچ کلۆجێک هەست بەوە ناکات ریفۆرم بووبێتە پرۆژەیەکی ناچاریی و دیفاکتۆ بەسەریەوە. بەپێچەوانەشەوە وەک دەبینین دەسەڵاتی سیاسیی ڕۆڵی هەیە لە تەشەنەپێکردن و بڵاوکردنەوەی زیاتری گەندەڵیی و لەهەوڵدایە بۆ بە میللیکردن و بە کولتوورکردنی ئەم دیاردەیە. بۆیە گەندەڵیی لەوە دەرچووە خوویەکی سیاسیی و تەکنۆکرات و کارگێڕانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بێت، هەنووکە گەندەڵیی بووەتە ترادیسیۆنێک لە بەرزترین ڕاددەدا هەستی پێدەکرێت. لەبەرئەمە پەتای گەندەڵیی فەرمانبەر و کارمەندانی یەکە ئیدارییە بچووکەکانیشی گرتۆتەوە، بێ لەمەش گەندەڵیی بووەتە بەشێک لە ژیان و مۆد و فەرهەنگ و دابونەریتی هاووڵاتیان و خەڵکی سڤیلیش، تەنانەت ڕەنگدانەوەی هەیە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی ناو بازاڕەکانیشدا.

سالم ئەلجسر، دەڵێت (جگە لە وەزیفە، لوبنانی لە ژیاندا هەرچییەک بکات تێیدا سەرکەوتوو دەبێت)، ئاخۆ ئێمەی کورد دەبێت بڵێین چی؟ ئەگەر لوبنانییەکان بە پانزە ساڵ واتە لە دوای بڕانەوەی جەنگی نێوخۆیی وڵاتەکەیان (ساڵی ١٩٩٠) ئەم لوبنانە جوان و ئاوەدانەیان دروست کردبێت وەها بە خۆیان بڵێن، دەی ئێمە دەبێت چی بەخۆمان بڵێین؟ هەمان ماوەمان لە بەردەستدا بووە و کەچی هێشتاش وڵاتەکەمان کەلاوەیە!. ئەی دەبێت تاکی کورد چۆن لە وەزیفە و بەڕێوەبردنی بەرپرسیارێتی و کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت؟ لە کاتێکدا هیچ دادگا و دەزگایەک نییە لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات. وڵاتێک یاسا بە تایبەتی یاسای مەدەنی تێدا نەبێت حەتمەن گەندەڵیی و هەمەجیەت بەڕێوەی دەبات، لە یەکەمین وەگەڕخستن و پراکتیزەی یاساشدا بۆ بەرگرتن و لێپرسینەوە لە گەندەڵیی ڕووی فەرمانبەرە بچووکەکانی گرتۆتەوە و بە هیچ کلۆجێک دەستەڵاتدارە زل و سەرە گەورەکانی نەگرتووەتەوە. هەرچەندە ناکرێت بڵێین لێپرسینەوە لە فەرمانبەرە بچووکەکان کارێکی پۆزەتیڤ نییە، بەڵام پێویستە لێپرسینەوە لە گەندەڵکارە بچووک و گەورەکان هاوکات بێت، تا پێچەوانەی وتەکەی (بەلزاک) بسەلمێنین کە

دەڵێت (یاساکان تەونی جاڵجاڵۆکەن مێشی زل پێیدا تێدەپەڕێت و مێشی بچووکیش پێوەی دەنووسێت).

بە بۆچوونی من گەندەڵی نەک بەو شێوە ڕێوشوێن و پرۆژانەی دەستە و جەمسەرە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی کوردیی تەرح و پێشنیاری دەکەن بە کۆتا ناگات، بەڵکو ئەو جۆرە پرۆژانە هەرچی زیاتر وەزعەکە سەقامگیرتر دەکەن و گەندەڵیی هەروەک خۆی دەهێڵنەوە. ئێمە دەبێت دەست لەوە بشۆین دەسەڵات خۆی دەست بۆ ریفۆرم ببات چوونکە دەسەڵاتی گەندەڵ ئەوەندەی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بە هیچ جۆرێک ناپەرژێتە سەر ئەوەی کەموکورتییەکانی خۆی ببینێت و هەنگاو بۆ ریفۆرم بنێت. تاکە گرەنتییەک زامنی ئەوەمان بۆ بکات پرۆژەی ریفۆرم سەرکەوتوو بێت هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی جیددییە کە بە مانای وشە ئۆپۆزیسیۆن بێت. خۆ ئەگەر سەیری واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بکەین سەرەڕای ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی جیدی چ لە شێوەی پارت چ لە شێوەی گروپ و دەستە و ڕێکخراو بوونی نییە بگرە هەموو زەمینەکانی لە دایکبوونی ئۆپۆزیسیۆن وشک کراوەتەوە و چۆڕبڕ کراوە.

لەبەرئەمە گەندەڵیی هەر بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی جێ بەم دەسەڵاتە لەق دەکات و کۆتایی پێدێنێت، یان ئەوەتا گەندەڵیی دەگاتە ئاست و ڕاددەیەک خۆی خۆی دەخوات, هەروەک مارکس وتی (هەموو شتێک لە سیستەمی سەرمایەدارییدا ئاوسە بە دژەکەی خۆی) ڕەنگە ئەم گەندەڵییە لە ڕاددە بەدەرە ئاوس بێت بە ناگەندەڵیی و عەدالەت, ڕەنگبێ ئاوس بێت بە ریفۆرم، بەڵام ئەو ریفۆرمە نا، دەسەڵاتی ئەمێستای کوردستان خاوەنی بێت و لەسەر دەستپێشخەریی ئەو بێت، بەڵکو ریفۆرمێک لە دەرەوەی بازنە تەسکەکانی ئەوەوە وەک ڕەشەبا و زریانێک هەڵبکات و عەرشی ئەم سیستەمە نەخۆش و گەندەڵە لەگەڵ خۆیدا لوول بدات. بە کورتی منداڵدانی قۆناغی ئەمڕۆ هێلکەیەکی تێدا نییە تاکو چاوەڕوانی کۆرپەیەک بین و ئەو کۆرپەیەش ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی ڕێکخراو و خاوەن بەرنامە و ستراتیژی ڕۆشن و ئاشکرا بێت، کە پرۆژەی عەقڵانی و لۆژیکی پێبێت بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی، دیارە ئەویش بە میکانیزمی شارستانی و ئاشتیخوازانە و دوور لە توندوتیژیی.

لەلایەکی تریشەوە باری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان و کڕوکاس و بە میگەلکردنی خەڵک یارمەتیدەرێکی تر بووە بۆ درێژبوونەوەی تەمەنی دەستەڵاتی گەندەڵیی، چۆن گەدە خواردنی پیس و قورس قبوڵ ناکات و دەیتفێتە دەرەوە، ئاوهاش کۆمەڵگەی تەندروست و شارستانی هیچ دەستەڵاتێکی ملهوڕ و خۆسەپێن و گەندەڵ قبوڵ ناکات و ناتوانێت هەرسی بکات. گەلێک خۆی هۆشمەند و بە ئاگا بێت دەستەڵاتەکەی چەند گەندەڵ و ستەمکاریش بێت ناتوانێت لە قاڵبی بدات و ئازادیی و مافەکانی زەوت بکات. نووسەری بە توانای عەرەب (هاشم ساڵح) دەنووسێت (هەموو گەلێک دەتوانێت کێشە و گرفتەکانی چارەسەر بکات و دوژمنەکانی تێکبشکێنێت بە مەرجێک ئەگەر گەیشتبێتە ئاستێکی باڵای پێشکەوتن و توانای دۆزینەوەی ڕێگاچارەی هەبێت بۆ ئەو کێشانەی لەگەڵ خودی خۆیدا هەیەتی).

نەگبەتی خەڵک و چانسی دەستەڵاتی کوردیی لەوەدایە خەڵک لە کەمترین ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی ژیانی هاوچەرخدایە، هەر بۆیە دەستەڵاتدارانیش دەتوانن بەو ئاسانییە ژیانی خەڵک لە نەهامەتیدا رابگرن تەنانەت بێ بەشیان بکەن لە سەرەتایترین مافەکانیان لە ئاو و کارەبا و سووتەمەنی، لەولاشەوە ملیارەها دۆلار بە فیڕۆ دەبرێت لە خزمەتی بنەماڵە و دەستە حزبییەکان و بەرپرسانی باڵا و دابینکردنی ژیانێکی شاهانە بۆ کەسوکارەکانیان لە دەرەوەی وڵات. بەداخیشەوە لە دیتنی جەماوەرێکی زۆری خەڵکدا سەرکردەکانی ئەم وڵاتە وێنەیەکی یۆتۆپی و ئەفسووناوییان بۆ داتاشراوە و هەمیشە دەستی چەپڵەیان بۆ وتارە بێ سەر و بەرەکانیان ئامادە کردووە، تەنانەت گەیشتوومەتە قەناعەتێک وەک (نیکۆلاس تنیزر) بڵێم (مێژوو پڕە لە دڕندە و بکوژ کە جەماوەری ترسنۆک و هەڵخەڵەتاو چەپڵەیان بۆ لێداوە).

ئاخر دەستەڵاتێک نە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی کاریگەری هەبێت و نە جەماوەرێکی هۆشیاری هەبێت تا ناچاری بکات بۆ ویستەکانی، خۆ خوا نەیگرتووە واز لەو هەموو پاروە چەورەی گەندەڵیی بهێنێت، ئیتر لەم دۆخانەدا ریفۆرم نەک پڕۆژەیەکی عەقڵانی نییە بەڵکو کردە و هەنگاوێکی ئەوپەڕی گەوج و گێلانەیە بۆ دەستەڵات. د.ناجی تکریتی دەڵێت (دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێت بەرپرسیارێتی

کارێکی زۆر گەورەی پڕ لە مەترسییە، ئاسان نییە لە ئانوساتێکی پڕ لە وردەکاریی و هەستەوەری وەک ئەمڕۆدا باری ئەمانەت بخەیتە ئەستۆی خۆتەوە). بەڵام لە کۆمەڵگای هەنووکەی کوردستاندا بەرپرسیارێتی کارگێڕیی و سیاسیی نەک هەر کارێکی ئاسانە و بە ئەمانەت ناژمێردرێ، بەڵکو رووبەرێکە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و خۆ پێگەیاندن و گیرفان پڕکردن و دروستکردنی کۆشک و ڤێلای ئەفسوناویی و ریزە دوکان و تاوەری بازرگانی و سوپەرمارکێت و دەرزەنە ئۆتۆمبیل.

ئاخر بۆیە دەستەڵات نەبووەتە بەرپرسیاریی و ئەمانەت نییە چوونکە جەماوەر بەدەر لەوەی قودرەتی گۆڕینی دەستەڵاتی نییە بگرە هەر لە بنەڕەتەوە لە ئەرک و مافەکانی خۆی تێنەگەیشتووە و نازانێت چۆن ممارەسەی ژیانی هاووڵاتیانەی خۆی بکات، هەر ئەمەشە وا دەکات بچووکترین خزمەتگوزاریی بە مەکرەمە و پیاوەتی لەسەر خۆی لێکبداتەوە و خۆی بە قەرزار دەزانێت لەسەری! بەبێ ئەوەی لە بیری بێت دنیایەک رەنجی بۆ ژیان داوە تا ئەندازەیەک گوناهترین و چەوساوەترین مرۆڤی ئەم دنیایەیە. بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەوەی وەک خێر و زەکات بەو دەدرێت تنۆکێکە لە دەریای گەندەڵیی بەرپرسان و قووتدانی سەروەتی هەزاران هاووڵاتی تری وەک خۆی.

من دەمەوێت بڵێم حکومەتێکمان هەیە لە گەندەڵیی ئەمەیان هیچ گومانێکی لەسەر نییە، دەشمەوێت لەگەڵ ئەوەدا دەریخەم ئەم دەستەڵاتە ناتوانێت ریفۆرم بکات بەڵکو دەبێت بگۆڕدرێت. هەروەها دەمەوێت پێداگریی لەسەر ئەوە بکەم هەموو بانگەشەیەکی دەستەڵات بۆ ریفۆرم بانگەشەیەکی درۆزنانەیە، ریفۆرم تەنێ کەرەستەیەکی خاوی دیماگۆگییە بەمەبەستی گومڕاکردنی هاووڵاتیان، ئەگەرنا نەک ئەوەی بچووکترین هەنگاو بۆ ریفۆرم نەنراوە بگرە هیچ نیەتێکی پاک و راست لە ئارادا نییە بۆ چاکسازیکردن، ئاخر ئەم دەستەڵاتە لە بری کارکردن بۆ سبەینێکی گەش بەردەوام لەسەر دوێنێ دەژی و لە رێگەی بەرهەمهێنانەوەی رابردووی خۆی لە قوتوی نوێدا درێژە بە بوونی دەدات، رابردوویەک پڕە لە داتاشین و ئەفسانەی سەیر و سەمەرەی ئازایەتی و خۆڕاگریی. تەنانەت ئەم حاڵەتە شۆڕ کراوەتەوە بۆ ناوەندەکانی میدیا و پەروەردە و بوارە جۆراوجۆرەکانی تر بۆ گوێزانەوەی سەروەرییەکانی دوێنێ بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو. ئەو سەروەرییانەی پڕیەتی

لە پۆخڵەواتی شەڕی براکوژیی و جاشێتی و خیانەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی.

حسێن دەروێش، باسی پەروەردەی عەرەبی دەکات و دەبێژێت (دەبینین مامۆستایان بە مێژوویەک کە پڕیەتی لە دروستکردن و پیرۆزکردن مێشکی خوێندکارەکانیان پڕ دەکەن، بە فتوحاتەکان و سەرکەوتنەکان، بەو ئیمپراتۆریەتانەی لە چینەوە درێژبوونەوە بۆ ئەوروپا بە جۆرێک مناڵەکە بۆ چەند سەدەیەک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، بەڵام کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا هیچ پاڵەوانێک نابینێت، بەڵکو دۆڕانە یەک لە دوای یەکەکان دەبینێت و هەموو ئەو نەخشانەی لە مێشکیدا دایناوە هەرەس دەهێنێت). دەستەڵاتی کوردیی لە بری شەرمەزاربوون بە بەرپرسە ناپاک و فایلدارەکانی هەر خەریکی شانازییکردنە بە خانی لەپ زێڕین و دیاکۆ و سمکۆی شکاکەوە، لە بری قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی لە شەترەنجی عێراقدا سەرقاڵی خۆبادانە بە داستان و نەبەردییە موبالەغە تیاکراوەکانی قۆناغی شاخەوە، لە بری لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران سەرقاڵە بە خوێندنەوەی سەرجەلەی پاشاکۆرە و میرایەتی بابان و ئەردەڵانەوە، لە بری روانین بۆ ئاسۆی گەشی ئایندە، بەردەوام چاوی بڕیوەتە تاریکی رۆژە رەشەکانی دوێنێ. لە بری هەنگاونان بۆ ریفۆرم خەریکی مەلەیە لە ئۆقیانووسی گەندەڵیدا.

ئەو ناتوانێت ژیانێکی نوێ دابمەزرێنێت کەچی دەیەوێ لەم دۆخەدا ژیانمان رابگرێت، ئەو ناتوانێت سەرکردایەتی گۆڕان و نوێبوونەوە بکات کەچی لە گێژاوی کۆنەخوازیی بیر دەکاتەوە و لە قەڵای ستەمکارییدا خۆی قایم کردووە، ئەمڕۆ لە کوردستان دەستەڵاتێک هەیە دەیەوێ بە هۆی پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی دوێنێ و رابردووی خۆیەوە قێزەونییەکانی ئەمڕۆ لە یاد بکات، دەیەوێ بە خوێندنەوەی مێژووی پڕ لە شانازیی دوێنێ ببێتە خاوەنی ئەمڕۆ و سبەینێ و داهاتوو و هەتاهەتایە. ئەمڕۆ لە کوردستان دەستەڵاتێک هەیە نەک هەرگیز ناتوانێت ریفۆرم قبوڵ بکات، بەڵکو ریفۆرم هێندەی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی دەیترسێنێت و بە هەڕەشەی دەزانێ لەسەر خۆی، ریفۆرم لە قامووس و خەیاڵدانی ئەم دەستەڵاتەدا تەنیا و تەنیا کەرەستەیەکە بۆ ئیحتواکردن و ماددەیەکە بۆ بەتاڵکردنەوە، ئەگەرنا ئەو دەستەڵاتەی کە دەیەوێ هەموو خەونێکی ریفۆرمخوازیی لەبار ببات و هەموو عەقڵێکی نوێ لە بۆتەی کۆنەپەرستیدا کول و کۆڵەوار بکات ئیتر چۆن دەتوانێت

ریفۆرم قبوڵ بکات؟ لەوە زیاتریش خۆی بزوێنەری بێت!! ئەمە پرسیارێکە لە بری جارێک دە هەزار جار جێگەی سەرسوورمانە!!!!.

ئەوەی ماوە لە دواجاردا بیڵێم رەنگە ئەوە بێت، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردیی نغرۆی گەندەڵیی بووە، بگرە گەندەڵیی بەشێکی جیانەکراوەیە لە نەریت و خوو و رەوشتی تاکە تاکی مرۆڤی کورد بە تایبەت لەم بەشەی کوردستاندا، هەروەک نەخۆشی ئایدز روئیای هەمووانی تەنیوە!، بەڵام ئاخۆ چارەسەر چییە؟. پێموایە تاکە رێگاچارە ئەمەیە کە دەبێت هەموو شتەکان وەک خۆیان بەکاربێن، گۆڕان گۆڕان بێت و ریفۆرم بەس تەنیا ریفۆرم بێت. هەروەک جارێک لە دانای گەورەی چینیی، کۆنفۆشیۆس (٥٥١-٤٧٩ پ.ز) دەپرسن: کاتێک بارودۆخی وڵاتێک بە تەواوەتی تێکدەچێت چارەسەر چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: هەموو وشەیەک بە مانای راستەقینەی خۆی بەکاربهێنرێت. ئایا ئێمە دەتوانین وشەی ریفۆرم بە مانای بنەڕەتی و راستەقینەی خۆی بەکاربهێنین و وەگەڕی بخەین؟ ئەگەر توانیمان ئەوە بکەین دەتوانین گەندەڵیی بە ئاسانترین شێوە ریشەکێش و بنەبڕ بکەین.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٠٥)ی رۆژنامەی (هەواڵ) لە رۆژی ١١-١١-٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە

# کاتی ئەوەیە نامەی ئەعمال بدرێتەوە دەست دوو زلحزبەکە

زۆرجار بیر لە هۆنراوەکەی هۆنەری عەرەب (ئەبولقاسمی ئەلشابی) دەکەمەوە کە دەڵێت: «ئەگەر گەل ئیرادەی نواند دەبێت چارەنووس کڕنووشی بۆ بەرێت و ناچارە سەری رەزامەندیی بۆ کەچ بکات». لە مێژووی خۆماندا زۆر لە نزیکەوە ئەم ئیرادەیەمان بە بەرجەستەیی بینیوە کە رووبەڕووی سەختترین ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووەتەوە. تەنانەت ئیرادەی نەتەوەیی ئێمە لە هەندێک لە ماوەکاندا بە ئەندازەیەک هەڵکشاوبووە بەرامبەر بە مەحاڵ وەستاوەتەوە، بۆ وێنە کاتێک (شێخ مەحمودی حەفید) بە تفەنگەکەیەوە رووبەڕووی ئینگلیز دەبێتەوە هێمایەکە بۆ ئەو رۆحە یاخییە بە ئیرادەیە، چوونکە ئەو باش دەیزانی بەو تفەنگە ژەنگاوییەوە دەرەقەتی سوپای ئینگلیز و چەک و لاپاڵم و بۆمبا پێشکەوتووەکانی بەریتانیا نایەت، بەڵام سووربوو لەسەر بەرگرییکردن و نیشاندانی هەڵوێستی بەرزی نەتەوەییانە لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان چاویان لە وڵاتەکەی بڕیبوو.

ئەگەر بۆماوەی چەند کاتژمێرێکیش بکەوینە شەن و کەوکردنی مێژووی گەلان و شۆڕشە گەورەکانی جیهان، ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرە بە ئاشکرا دەبینین هەموو وەرچەرخانە گەورە و شۆڕشە مەزنەکان ئیرادەیەکی بەتین و قووڵی جەماوەری گەلی لە پشتەوە بووە. ئەگەر بۆ نزیکترین نموونە بگەڕێین راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان باشترینە، خەڵکی کوردستان لەو

بەروارەدا حکومەتی عێراق و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسی لە سەرتاسەری کوردستاندا لە چاوتروکاندنێکدا هەڵکەند و دەسەڵاتی وڵاتی رادەستی دوو زلحزبەکە (پارتی- یەکێتی) کرد. خولاسە سەربای توندترین پارادایمەکانی قەمعکردن و چەوساندنەوە، هەر ساتێک جەماوەر ئیرادەی نواندبێت، بەهێزترین گاشەبەرد و پیرەداری ستەمکاریی خۆی لە بەردەم لافاویدا رانەگرتووە. هەروەک (مانوئیل کاستل) دەڵێت (بێگومان سەرکوتکردنی فیزیکیی و فیکریی یەکێکە لە رەهەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات، بەڵام ئەگەر جەماوەرێک بەشێوەیەکی قووڵ تێڕوانینی خۆیان بۆ مەسەلەکان بگۆڕن و بەشێوەیەکی تر و تایبەت لەلایەن خۆیانەوە بیر بکەنەوە، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەرەو روویان بێتەوە).

مێژوو پڕیەتی لەو نموونانەی چۆن جەماوەری گەل بە رێگە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسیی و جەماوەریی دەسەڵاتدارە ستەمکار و کەمتەرخەمەکانیان گۆڕیوە یان ناچاریان کردوون بێنەوە سەر هێڵی راست و چوارچێوەی یاسایی و دیموکراتی خۆیان. ساڵانێکی زۆرە جەماوەری کوردستان دادوبێداد و هاواریانە لە بەرانبەر دەسەڵاتی کوردیی و بۆشاییەکانی ئەو دەسەڵاتە لە خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا بە گشتیی. بەڵام دەسەڵات زۆر لەوە سرک و سەرەڕۆتر بووە گوێ بۆ داخوازییەکانی هاووڵاتیان شل بکات و هەوڵبدات بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە ژیانیاندا دروست بووە و هەیە. تەنانەت شانزە ساڵ زیاترە بە رێگەی جۆراوجۆر کوردستانییەکان سکاڵاو نارەزایەتی دەردەبڕن لە بەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و رێگاوبان و هتد.. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەڵکی کورد چاوپۆشی لە هەندێک مافی هاووڵاتیانە و سەرەتاییانەی خۆی کردووە لە پێناوی پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی و یەکڕیزیی نیشتمانی لە کوردستان، لە بەرامبەریشدا حکومەتی دوو حزبەکە (پارتی و یەکێتی) زۆر زیاتر لە راددەی ئەو پەرۆشییەی جەماوەر خەمسارد و بێباک بوون، بەڵکو خراپتر لەوە نقوومی گەندەڵیی و بێ ئاگاییەکی قووڵبوون لە ژیانی مەمرەومەژی خەڵک و پێداویستییەکانیان لە هەموو لایەنەکانەوە.

ئەم دەسەڵاتە بە حوکمی کارلێککردنی بەردەوامی لەگەڵ کولتووری فەرهود و گەندەڵی و بیرۆکراتی و گوێنەدانە مافەکانی هاووڵاتیان و قوڵبوونەوە لە پاراستنی

بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان، رۆژ بە رۆژ نابووتتر دەبێت تا ئەو شوێنەی نەوەیەک لە کوردستان پێگەیشتووە و لە قوولپداندایە تاکە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەعسدا بەدی ناکات. بگرە لە زۆرترین جارەکاندا ئەو رەهەند و دیوە لێکچووانەی لەگەڵ بەعس هەیەتی چرکە لە دوای چرکە زاڵتر دەبێت بەسەر کولتوور و بیرکردنەوە و پرۆسەی سیاسیی و ئیداریدا. خۆ چرکەساتێکیش پۆلیس و ئاسایشی حکومەتی کوردیی گوللە بەرەو رووی خۆپیشاندەران دەتەقێنێت گومانێک نامێنێتەوە کە ئەم دەسەلاتەی لە کوردستان مەوجودە دیکتاتۆریی و عەسکەرتارییە. تەنانەت کاتی ئەوە هاتووە ئەدەبیاتەکە راست بکەینەوە ژمارەی شەهیدەکانی هەڵەبجە بەو گەنجەی پار ساڵ پۆلیسی کورد شەهیدی کرد ببێتە پێنج هەزار و یەک شەهید.

هەنووکە کارگەیشتۆتە ئەوەی سەرجەمی مرۆڤی کورد لەم بەشەدا نەهامەتی و نەگبەتییەکانی سەرشانی لە ئەستۆی پارتی و یەکێتیدا ببینێتەوە، خۆ ئەگەر بۆی بلوێ لە سبەینێ زووتر نییە زوخاوی دڵی دەرژێت بەسەریاندا و لە دژیان خەبات دەکات. لایەنی دەسەلات نەک ئەوەی ئامادە نییە ژیانی هاووڵاتیان بەرەو سەرتر و رەفاهیتر ببات، بەڵکو ئامادەیی ئەوەشی تێدا نییە خۆیشی (دەسەلاتدارەکان) وەک هەموو ئەو خەڵکە هەژار و کەم دەرامەتە بژی، خۆ لە رووی مەنتیقیشەوە زۆر گونجاوە دەسەلاتێک نەتوانێت ژیانی هاووڵاتییەکانی بباتە ئاستی ژیانی وەزیر و کاربەدەستانی باڵا، با ژیانی ئەوان دابەزێنێتە خوارێ بۆ ئاستی هەژاران، سیحری (گاندی) ئەمە بوو، چوونکە وی نەیتوانی خۆشگوزەرانی و ژیانی رەفاه بۆ سەرجەم هیندییەکان دەستەبەر بکات بۆیە ناچار ژیانی خۆی هێنایە خوارێ بۆ ئاستی بژێویی و ژیانی هەژارانەی ئەوان، ئەمە هەر ئەو پاڵنەرە بوو گاندی کردە خودایەک لە پێش چاوی هیندییەکان، چون ئەوە کەم نەبوو گاندی وەک هەر گەدایەکی هیندیی پارچە پەڕۆیەکی پۆشیبوو، بەردەوامیش بە دەستە لاوازەکانی خەریکی چنین و کارکردن بوو!، بەڵام پیاوانی دەسەلات لە کوردستان هەروەک ئەوەی باندێکی مافیایی و دەستەیەک جەردە بن دەیانەوێت لە زووترین کاتدا کیسەی خاڵییان پڕ بکەن (پێش ئەوەی بقوچێنن)! دەسەلاتداریی لەم ولاتەدا نەک بەرپرسیاریی و کردەیەکی قورس نییە، بەڵکو ئاسانترین رێگەی دەوڵەمەندبوون

و بە فیرعەون بوونە.

عومەری کوڕی خەتتاب کە بە دادپەروەرترین خەلیفە ناوبانگی دەرکردبوو لەسەر وەختی خەلافەتیدا زوو زوو دەیووت (سوێند بە خوا سوارێک لە عێراق بگلێت من لێی بەرپرسم). کەچی بەرپرسی کورد ڕۆژی سەد هاووڵاتی وەک مەڕ و بزن لە بن دەرکی ماڵەکەیدا لە برساندا بمرن خۆی بە بەرپرس نازانێت!!، بگرە نە بریندار دەبێت پێی نە ویژدانیشی دەجووڵێت!!. لە ڕاستیدا بێزاریی و تووڕەیی جادەی کوردیی چەند لەبەر نەبوونی ماف و خزمەتگوزارییەکانە، ئەوەندەش بۆ بێ دەربەستی و ژیانی سەر بورجی عاجی بەرپرسەکان دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا هاووڵاتیان لەگەڵ ئەم واقیعە ڕووبەڕوو دەبنەوە چۆن بەنزین دەکەین بە ئاگردا، تووڕەییان تاو و کڵپە دەستێنێت. ئاخر هاووڵاتی و فەرمانبەری داماو چۆن تووڕە نابێت؟ کاتێک بەرپرسەکانی کورد دەبینێت هێندە دەوڵەمەند و پارەداربوون قارون ناگاتە قولە پێیان، خۆ ئەگەر کەمێکیش دیندار بوونایە تەنیا بە پارەی زەکاتەکانیان تاکە هەژارێک لە کوردستاندا نەدەما. ئەوی ئەو بۆشاییەی ئەمڕۆی دروستکردووە لەنێوان دەسەڵات و جەماوەردا ئەم حاڵەتەیە نە هیچی تر، بەردەوامیی ئەوەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەلێنەکە گەورە و گەورەتر دەکاتەوە تا ئەو جێگەیەی لە چرکەساتێکدا لە یەک دەترازێت.

ئەمڕۆش دوای نزیکەی شانزە ساڵ لە ممارەسەی ئیداریی یەکێتی و پارتی، لە هەموو کات زێدەتر فەشەلی ئەزموونەکەیان لە بواری حوکمدارییدا دەدرەوشێتەوە، هەروەک ئەندامانی پایە بڵند و سەرکردایەتی دوو زلحزبەکە دانی پێدا دەنێن و دەڵێن بەدەستی خۆمان (دوا بزمارمان لە تابووتی حزبەکانمان) داوە و لە هەموو بەهایەکی مرۆڤدۆستی و دیموکراسی و شۆرشگێڕیی داڕنراون. ئەوەی ماوەتەوە خەڵک تەرمەکەیان هەڵبگرێت و بیخاتە ئەو تابووتەوە کە خۆیان دوابزماریان لێداوە و بۆ هەتاهەتایە لە گۆڕیان بنێت. هەروەک چلۆن لە کتێبی پیرۆزی موسڵماناندا (قورئان) بە بەرینی چەند ئایەتێک باس لە پاشەڕۆژی دوای مردن دەکرێت، ئەوی لەو قیامەتە کتێبی کردەوەکانی بە دەستی چەپ وەرگرت دەبێت بێ خۆ ڕاپسکان و ئەملاوئەولا ملی ڕێگە بۆ دۆزەخ بگرێتە بەر، ئەویشی بە دەستی ڕاست نامەی کردەوەکانی ڕادەست بکرێت بە شادیی و تریقانەوە بۆ بەهەشت هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئاوها خەریکە هەر لەم دنیادا رۆژێک دێتە پێشەوە، گەلی کورد و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی گەنجان و منەوەران بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ نامەی ئەعمال دەداتە دەستی چەپی یەکێتی و پارتی و کۆتایی بە چەرخیان دێنێت، هەروەک چۆن دوێنێ گەلی فەلەستین هەمان نامەی دایە دەستی چەپی بزووتنەوەی فەتح و دەنگی خۆی خستە سەبەتە و سندوقی حەماسەوە.

دەسەڵاتی کوردیی لە خانەی گەندەڵترین دەسەڵاتەکانی دنیایە و سەرچاوەی کۆی مەینەتییەکانی وڵاتەکەشە، بۆیە تاکە رێگە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بە شێوەیەکی دیموکراسی. دەگێڕنەوە کاتی خۆی چەرچڵ بە برنادشۆی وتووە هەر کە تۆ دەبینم بیری هەژاریم دەکەوێتەوە، شۆ لە وەڵامدا بە زمانە ساتیرئامێزەکەی پێی دەڵێت: منیش کە تۆ دەبینم بیری سەرچاوەی هەژاریم دەکەوێتەوە کە جەنابتی. بۆیە ئەورۆ هەرکە هاووڵاتی کورد دەبینێت بیری لێقەوماویی و هەژاریی و داماویی و بێ ئاویی و بێ کارەبایی و بێ خزمەتگوزاریی و بێ سووتەمەنی و بێ مافیت دەکەوێتەوە، بەڵام کە دەموچاوی بەرپرسەکان لە شاشەی (تیڤی)یەوە دەبینم بیر دەکەمەوە ئەمانەن سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و کلۆڵییەکانی خەڵک. لەبەر خۆیشمەوە پرسیاری ئەوە دەکەم، ئیدی بە راست وەختی ئەوە نییە حەق و حسابێکیان لەگەڵدا بکەین؟!.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٦)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/١٨ بڵاوبووەتەوە.

# پەنجا و سێ خولەک کارەبا
## شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی ژیان لە کوردستان

باوکم بە قووڵی نەفەسی لە جگەرەکەی دەدا و باسی رابردووی پڕ ئازار و مەینەتی خۆی دەکرد لە رۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتییدا، نازانم چ پاڵنەرێکە جار جار دەیباتەوە سەر گێڕانەوەی بایۆگرافیا و هەموو جارێکیش پێ لە زۆرشت دەنێت و زۆر دانپیانانی سەیر بەیان دەکات، لە پڕ هاتە سەر باسی گەدایی و نەداریی کاک (....) ئا.... ئەو، ئەو سوپەرمانەی وامدەزانی لە ساتی لە دایکبوونیدا پێنج ملیۆن دۆلاری لە سکی دایکییەوە هێناوە بۆ سەر ژیان. وتم: ئەرێ باوکە کاک هین ئەو شتە زلە دەناسیت، باوکم بە خێرایی وەڵامی دایەوە: تەنانەت ساڵانێکی زۆر بەرپرسی بووم. ئەوسا کابرایەکی گەدای لاواز بوو. وتم: ئی چۆن وا دەوڵەمەند بوو؟ لە کاتێکدا کاتی خۆی وا هەژار و نەدار بووە؟. باوکم وتی: نازانم، فەرهود، ئا.. ئا.. فەرهود.. دزی.. دزی.. چوزانم.

وتم: وەک تۆ بزانی زۆر هەژار بوو؟ باشە تا چ رادەیەک زەلیل ببوو بە دەست هەژارییەوە؟ باوکم سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد وەک ئەوەی چاوەڕێی هاتنی هاوڕێیەکی بکات وتی: ها.. ها.. کوڕە چوزانم، بە خوا پارەی خانوویەک بەس جگەرەم بۆ کڕیوە هەر لە پاکەتی بەغداد و سۆمەرەوە بیگرە تا دەگاتە سپێشل و ریم. منیش تۆزێک بێدەنگ بووم، هەندێک رامام لە جریوە و دەنگی پڕ سۆزی مۆلیدەی کارەبای دراوسێکەمان، هەر دەتگوت سەمفۆنی بیتهۆڤن یان شۆپانە. کاکی مەسئول هاتەوە یادم و پرسیم: ئەرێ باوکە نەتووت ئەم کابرایە

تا چەند بە رەوشت و بە وەفایە؟.

-وەفای چی و رەوشتی چی؟ ئەو کابرایە لە شاخیش هەروا بوو کە پێشمەرگە داستانی تۆمار دەکرد، ئەمیش مێبازیی دەکرد!!.

+بە راست مێبازیی، ئێ.. ئێ.. چۆن مێبازییەک؟ توخوا بۆم باسبکە!. لە پڕ کارەبا هاتەوە، باوکم جگەرەکەی کوژاندەوە و وتی: نازانم مێبازیی چی؟ ئێستا کەی کاتی ئەوەیە؟ نابینی کارەبا هاتەوە، هەڵیگرە بۆ دوای کارەبا بڕان، چیرۆکەکە ئەو دەمە تەواو دەکەین، ئێستا بە پەلە بڕۆ خەریکی کارەکانت ببە تا کارەبا هەیە. دایکم لەم کاتەدا لە ژووری میوان بوو، لە پڕ و لە خۆشیدا بەرەو ژووری چێشتخانە (مگبخ) دەرپەڕی و لەبەر خۆیەوە وتی: کوڕم.. دەی خێرا بڕۆ قاتە رەساسییەکەت ئوتوو بکە، بێ ئوتووکردن لەبەری مەکە، نازانم بۆ ئەوەندە شل و شێواوی؟ نابێ کەمێک جلەکانت جوان بن، ئا.. عەتریشی لێبە چوونکە بەردەوام لە بیرت دەچێت، سبەینێ کە چووی بۆ ئاهەنگەکە لە بیرت نییە بۆیە ئێستا عەتر پرژێنی بکە!.

+دایکە گیان عەتری چی و قاتی چی و تەڕەماشی چی؟ من نووسین و راپۆرتێکم هەیە دەبێت خێرا کۆمپیوتەرەکەم پێ بکەم و دەست بکەم بە تایپکردن، زۆر گرنگە زوو تەواویان بکەم.

-ئەرێ ئەم نووسینە نەبڕایەوە؟ خۆی چەند کارەبا هەیە وا بە هێواشیی دەجوڵێیتەوە؟ نووسین هەڵگرە بۆ کاتێکی تر، بەقەڵەم بینووسەرەوە دوایی تایپی بکە، خێراکە بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت خەریکی ئوتووکردن بە. بەڵام من وردە وردە بەرەو ژووری دانیشتن رۆیشتم و تەلەفزیۆنەکەم پێ کرد؟ یەکسەر چۆیە سەر کۆنسێرتێکی میوزیکی (یانی) لە وڵاتی چین، لەوکاتەدا دەنگە کۆراڵییەکان بەرز دەبوونەوە، تیپی ئۆرکێسترا لە حەماسی تەواودا بوون، یانی گەرم ببوو هەڵدەبەزییەوە، لەو کاتەدا وتم، ئەڵڵا خۆ ئەوە (یانی)یە، من خەریکی گوێگرتن دەبم لە میوزیک رۆحم زۆر پێویستێتی. باوکم بەرەو لای من هات و کەمێک سەری بادا و بە دەنگێکی بەرز وتی:

-یانی و مانی چی؟ واز لەم جوقە جوقە بهێنە، خێرا بڕۆ ئیشەکانت بکە. کارەبا ئەوەندە زۆرە وا تۆ هیچ ناکەیت و گوێ بۆ ئەم قڕ درێژە دەگریت؟. بە خوا هەر لە

تەلەفزیۆنەکەوە بێتە دەرێ و لەبەردەممدا میوزیک بژەنێ لەم کاتەدا گوێی لێناگرم.

+تۆ هەقی منت نەبێت، وا بزانم تۆ بە تەمای ریش بتاشیت، ئەرێ بۆ ناچیت بە لای کاری خۆتەوە؟.

باوکم هیچ قسەی نەکرد، بەرەو دەستشۆرەکە بە ڕێکەوت، ئاگام لێبوو مۆبایلەکەی خۆی کوژاندەوە و هاواری لێکردین: مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە، نەک خوا نە خواستە یەکێک لە ناکاودا تەلەفۆن بکا و کاتەکە بەهەدەر بڕوات، کاتێک بزانی کارەبا بای بای بکات.

هاوارم کرد: باشە ئەوە مۆبایلەکەم داخست، بەڵام ئەگەر میوانێک هات دەڵێی چی؟.

+دەمت بشکێت، کوفر مەکە، کوفری وا بۆ دەکەی؟ بە ئیزنی خوا دوای کارەبا بڕان میوان دێت.

دایکم لەولاوە غەسالەکەی پێکرد و دەستیکرد بە جل شۆرین (فەردەیەک جلی پۆخەڵمان هەبوو).

باوکم شیڕاندی: خێرا بڕۆن، بۆیلەرەکە هەڵبکەن با تۆزێک ئاوەکە گەرم بێت، ئەوەبوو من چووم بۆیلەرەکەم هەڵکرد و دواتریش دەستمکرد بە ئوتزوکردن.

لە پڕ لە زەنگی ماڵەوە درا لەگەڵیدا گرم گرم لە دەرگا دەدرا، دەستم لە کارەکەم هەڵگرت و چووم دەرگام کردەوە. پیاوێکی باڵابەرز بوو وتی: بەڕێز گیان ئەرێ ئەمە ماڵی موختاری گەڕەک نییە؟.

وتم: نەوەڵڵا، موختاری چی؟ موختار هەر لەم گەڕەکەدا نییە.

گەڕامەوە بۆ ژوورەوە و بە باوکم وت: شوکر سەلامەت دەرچووین! میوان نەبوو.

دایکم هەر لەبەردەم خۆیەوە پرتە و بۆڵەی بوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد و وتی: ئەرێ بزانە کەس ئاگای لە سەلاجەکەیە دایگیرسێنێ، بە خوا چی تێدایە هەمووی بۆگەنی کردووە.

باوکم وەڵامی دایەوە: چش.. تو خوا با بۆگەن بکات هەروەک چۆن سەرکردەکانمان کردوویانە.

دایکم دووبارە وتی: ئەرێ ئەمە کوا پەیوەندیی بەوەوە هەیە؟ تۆ هەر خەریکی

فەلسەفەلێدانی.

لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنە نۆرماڵەکە لێیدا، باوکم هاواری کرد: کەس تەلەفۆنەکە هەڵنەگرێ، ئێستا بزانە کێیە بێ تاقەتە و کارەبایان نییە و حەزی لە دەمەتەقێیە؟ ئەوەبوو زەنگی دووەم لێیدا و هەر هەڵمان نەگرت، دایکم ناڵەی لێ بەرزبۆوە و وتی: بە راست بۆ هەڵیناگرن نەوەک خوا نە خواستە تەعزییەک شتێک بێت.؟!.

باوکم وتی: تەعزێ نییە و هیچ نییە، بەم کارەبا هاتنەوەیە کوا شەرعییە بچیت بۆ تەعزێ؟ زەنگی سێهەم لێیدا و هەر هیچ، چوارەم زەنگ لێیدا، دایکم بە دەستی کەفاویی و سابوناوییەوە هات و هەڵیگرت، کەمێک لەسەرخۆ و دیپلۆماسییانە وتی: بەڵێ فەرموو.

لە پڕ هاواری کرد: (نادیە)ی خوشکمە لە سویدەوە تەلەفۆن دەکات.

باوکم بە ساردییەوە وتی: چی لێبکەم، سەلامی لێبکە.

دایکم وتی: نادیە گیان چۆنی؟ منداڵەکان چۆنن؟ ئەوە بۆ ماوەیەکە دەنگت نییە؟

نادیە: زۆر باشم، ئایا ئێوە باشن؟ من عەیبم نییە ئەگەر ئێوە خراپ نەبن.

دە دەقیقە زیاتر قسەیان بەیەکەوە کرد، ئەوەبوو داوای باوکمی کرد و هەندێک قسە و باسیان بە یەکەوە کرد ئەوجا نۆبەی من هات:

-پورە نادیە گیان توخوا ئێستا ئێوە لە سوێد کارەباتان هەیە؟.

+کوڕە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بە سانییە چییە لێرە کارەبا ناکوژێتەوە.

-ئەرێ سووتەمەنی و ئاو و بەنزین و غاز و شتی وا چۆنە، دەست دەکەون؟.

+لێرە ئەو کێشانە نییە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کەمێک هەست بە نامۆیی دەکەین.

-ئەی لێرە بێکاریی و گەندەڵیی و بێ خانوویی و سواڵکردن و شەو لەسەر جادە خەوتن هەیە؟.

+نەخێر، شتێکی وەها نییە شیاوی باسکردن بێت.

-ئەی پورێ گیان بۆچی نامۆیت؟ خۆ لەکوردستان بیت دە هەزار ئەوەندە نامۆترت دەکەن.

+نا وانییە، کوردستان گۆڕاوە، لە کەناڵی کوردسات و زاگرۆسەوە دەیبینم خۆش بووە.

-کوڕە کوا؟ تڕحێو لەم خۆشییە، ئەگەر خۆشیی وابێت توونی بابا بچێت.

+ئەی ئەوە نییە شاری خەونەکان و نازسیتی و ئەو شتانە دروست دەکرێن؟.

-بۆ مادام گیان هەموو بنەماڵەکەت تا دەگاتەوە ئادەم دەتوانێ چوار چین لەو خانووانە هەڵستێنێ؟.

+بۆ، بۆ؟ ئەرێ جگە لەوە ئەو هەموو هۆتێلە جوان جوانانە نابینی دروستی دەکەن؟.

-با دەیانبینم، ئەوانە بۆ هارونە ڕەشید و شاگردەکانێتی، خۆ بۆ من و تۆ نییە، لەوێ قرقێنەیەک سەد دۆلاری تێدەچێت، ئەوە باسی بۆفیەیەک هەر مەکە.

+بەخوا تۆ زۆر رەشبینیت، ئەی لەگەڵ کاری نووسین و شتی وادا چۆنیت؟.

-باش نیم، لەبەر چرا و رۆشنایی مۆمدا دەنووسم، فەزاکەم ئەوەندە عیرفانییە هەر دەڵێی (نالی)م، بەخوا لە مەودوا بەپەڕ و مرەکەب لەسەر چەرم و پێستە دەنووسم، دنیاکەی ئێمە گەڕاوەتەوە بۆ دواوە، جاری وا هەیە لەبەر نووری شەمعێکدا هەست بەوە دەکەم شەش خولەکی تر نیگا (وحی)م بۆ دێت.

+لە قسە زلەکانت نەکەوتوویت، قەت ئەم رابواردنە تەرک ناکەیت.

-ئەرێ تو ویژدانت ناهەقمە؟ کارەبا هەردەڵێی ترافیک لایتە، کەس نازانێ کەی و چۆن هەیە.

باوکم لەولاوە هەڵیدایە: کوڕە کەر مەبە، سەد خۆزگە ترافیک لایت بوایە، بەس نەبوو دەقیقەیەک دەهات و دەقیقەیەک دەبڕا، کەواتە لە ٢٤ کاتژمێردا دوانزە کاتژمێرمان دەبوو خۆ کارەباکەی ئێمە بە ناشکوریی نەبێت لە سەعاتێک زیاتر نییە.

+ئەوە چییە و کێیە قسە دەکات؟ ئایا میوانتان هەیە؟.

-نا.. نا.. ئەوە باوکمە.. ها بتدەمێ قسەت لەگەڵ بکات، من جارێ خواحافیز و بە نیازی دیدار، باوکم گوێی بە تەلەفۆنەکەوە ناو گوتی:

-ها.. نەچن خۆتان بێ عەقڵ بکەن و بێنەوە بۆ کوردستان، شتی وان ەکەن ها..

+نا.. نا.. منداڵەکان هەر نایەنەوە، تازە ئێرەمان باشترە.. ئا.. ئا.. ئێرە بۆ ئێمە باشترە.

کەمێکی تر باوک و دایکم قسەیان لەگەڵدا کرد و دوایی خواحافیزەیان لە یەکتری کرد، هەریەکە چووینەوە سەر کارەکانمان، ئەوەندەم زانی دوای ٥٣ خولەک لە هاتنەوەی کارەباکە، تەزووەکە و رووناکی گڵۆپەکان بە کارەساتێکی دڵتەزێن ماڵئاواییان لێکردین.

دیمەنی دوای کارەبا بڕانەکە بەم جۆرە بوو: (پانتۆڵەکەم ئووتو کراوە، بەڵام چاکەتەکەی نا، دایکم نیوەی جلەکانی شۆردووە و نیوەکەی تر نا.. بەڵام قەباعەتەکە لای باوکم بوو لایەک لە سمێڵ و ردێنی تراشی بوو لایەکی تری مابوو..). دایکم دەسی بەرز کردەوە بۆ باوکە میهرەبانەکەی ئاسمان و بە دەم نزاوە وتی: خودایە تەمەنی حکومەتەکەمان بە قەد تەمەنی ئەم کارەبا هاتنەوەیە کەمبکەرەوە.

باوکم بە هێمنی و بە زمانێکی نەرم وتی: لە لای خوا و لە ئاسمانیش کارەبا هەبێت باشە، ئەگینا ئەویش تاقەتی نابێت گوێ لە نزا و شەکواکانت بگرێت.

دایکم بەرەو لای من هات و وتی: بەخوا ئەمە ژیان نییە، لە چلەی هاویندا بەرمیلێک نەوت بە ١٠٠ دۆلار بێت ئەی ئەگەر بەفر دابکات؟ لەولاشەوە دەست دەبەیت بۆ هەر شتێ بیکڕیت وەک دووپشک پێوەت دەدات، جگە لەمەش لە زستان و پایزدا بە شەوەکە کارەبا هەبێت قەینا بە رۆژ، بەڵام ئەمساڵ هاوینەکەشی هەر نەهات بوو.

باوکم لەولاوە هەڵیدایەوە و وتی: ئەرێ ژنەکە بۆ ئەوەندە بێ عەقڵی، کارەبا بۆ هەموو کاتێکە خۆ وەستا ئەدیسۆن کاتێ دروستیکرد نەیووت تەنیا بۆ هاوین وتی بۆ زستانیشە. بەڵام وەستا ئەدیسۆن مۆلیدەی دروست نەکرد، ئەوە وەستا مەسئولەکانن بەدەستمایەکەی ئەدیسۆنەوە کاسبی دەکەن و سوو دەخۆن. ئیدی باوکم لەبەر چرا ریش تاشینەکەی تەواو کرد، بەڵام کە سەیرم کرد دەتووت ئیمامی عەلی شمشێری لێداوە لە چواردە پانزە لاوە دەموچاوی خۆی بڕی بوو..

باوکم بە چرایەکەوە بەرەو ژووری دانیشتن هات و رووی دەمی کردە دایکم و وتی:

ئەرێ بیستوتانە پیرەژنێک وتوویەتی رەحمەت لە گۆڕت ئەدیسۆن ئەگەر تۆ نەبوویتایە دەبوایە لەبەر شەوقی چرا سەیری تەلەفزیۆنمان بکردبایە..

دایکم لێوێکی لێ هەڵقرچاند و وتی: توخوا ئەمە نوکتە بوو؟ زۆر کۆنە و

زۆریش ناخۆشە. بەڵام من بیستوومە دەڵێن پیرەمێردێک بووە (دیار بوو دایکم پێی ناخۆش بوو سیفەتی خراپ بخرێتە پاڵ ژن).

باوکم وتی: نازانم بەڵام بێ کارەبایی زۆر شت لە یاد دەباتەوە پیرەمێرد و پیرەژنیشت لێ تێکەڵاو دەکات، توخوا وا نییە؟.

ئیتر هەر دوای فجوقی کارەباکە ئێمەش وەک دەرئەنجامەکەی فیلمی (هالەو ئەمریکا)ی عادل ئیمام دەست بەتاڵ دەرچووین و هیچمان بۆ نەکرا. ئەوەبوو باوکم گەڕایەوە بۆ لای شەوچەرەی شەو و هەقایەتی مێبازیی مەسئولەکە.

تا کاتی خەوتن و تا ئەو کاتەی ژنە لادێیەک بە نەعل لە دەم و چاوی کاک مەسئول دەدات و تەبعی نەعلە ژمارە (چل و چوارەکە) لەسەر دەم و لووتی دەردەچێت باس هەر باسی ئەو برادەرە کۆڵنەدەرە بوو، ئیدی دوایی ئەمە خەوتین بەڵام من شەو خەونم بینی ٢٤ کاتژمێری خشت لە خەونمدا تێپەڕی و کارەباش نەبڕا، سەیرە و پەرچوویەکی سەردەمە. وەلێ ئەگەر حکومەتی هەرێم پێی بزانیبا لە خەونەکەشدا تۆزێکی لێ دەکوژاندینەوە.

*ئەم تەنزە وتارە لە ژمارە (٦٨٧)ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ڕۆژی ٢٠/١١/ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

# بیرەوەریی بەرپرسان و سۆزانییەکانی وڵات

ماوەیەکە بەرپرسانی سیاسیی و حزبی کوردستان بیرەوەریی و یادداشتەکانی ژیان و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و ئەزموونی سیاسیی و پێگەیشتنیان دەنووسنەوە، ئەمەش مافێکی زۆر سادە و هەرە ئاسایی هەر کەسێکە مێژووی قۆناغەکانی ژیان و پەروەردەبوونی بنووسێتەوە، نووسینەوەی ژیاننامە جیا لە هەر شتێکی تر پێمان دەڵێت هەر مرۆڤێک تەنێ وەک یەک تاکەکەس جیهانێکی تایبەتە و دەشێ سوودی زۆری بۆ هەر خوێنەرێک هەبێت کە دەیەوێت ڕێچکەی ژیانێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. ڕەنگبێ یادداشت و ڕۆژانەکانی (چێ گیڤارا) پەیامێکی شۆڕشگێڕیی تێدا بێت هەروەک چۆن دەشێ بیرەوەرییەکانی (نیلسۆن ماندێلا) مەسجێکی جیاواز بێت و مێژووی ئاپارتایدی ئەفەریکات پێ بناسێنێت، مەخسەد لەوەیە نووسینەوەی یادداشت خوێندنەوەی حکایەتی هەزار و یەک شەوە نییە تاکوو چێژ بە خوێنەرەکانی ببەخشێت بەڵکو دەبێت وانە و ئەزموون بێت سەبارەت بە هەر خوێنەرێک.

بە بۆچوونی خۆم نووسینی ژیاننامە و بیرەوەریی گەلەک قورسترە لە نووسینی ڕۆمان و چیرۆک، چوونکە لە نووسینی ڕۆمان یان چیرۆکدا زیاتر فەنتازیا و خەیاڵاتی نووسەر ڕۆڵ دەبینێت، ڕاستە وێنایەکی واقیعشی تێدایە کە چیرۆکەکەی لەسەر ڕۆنراوە، بەڵام واقیعی ناو ڕۆمان و چیرۆکی هونەریی جیایە لە واقیعی ڕاستەقینەی ژیان، دەشێ واقعێکی تەڵخاویی بێت یان وێنەیەکی بارگاویی بە فەنتازیا لە واقعی ڕووت وەرگیرابێت و بەپێی تەکنیکی هونەریی گۆڕانی تێدا کرابێت، چوونکە چیرۆکنووس ناچار نییە واقع وەک خۆی بخاتە

چێوەی ئـەدەبـەوە ئەگەر ئـەم کـارەی کـرد بێگومان بووەتە ڕۆژنـامـەنووس و ریپۆرتاژێکی ئامادەکردووە. بەڵام لە نووسینەوەی ژیاننامەدا نابێت فەنتازیا و خەیاڵات تێکەڵ بە ڕووداوەکان بکرێت و نووسەری ژیاننامە ئازاد نەکراوە وەک ڕۆماننووس پاڵەوانەکان بە ویستی خۆی دیاری بکات و ڕۆڵیان بداتێ و چۆن ئارەزوو دەکات فۆرمی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دیاری بکات و مەجرای ژیانیان بگۆڕێت، نووسەری ژیاننامە ڕۆڵی کامێرامان دەبینێت هەموو ئەو دیمەنانەی هاتوونەتە بەردەمی و لە تەنیشتییەوە ڕوودەدەن یان ڕوویانداوە وەک خۆی دەگوازێتەوە، بەبێ هیچ دەستکاریی و شێواندنێک، لەبەرئەمە نووسینەوەی ژیاننامە کارێکی ئاسان نییە بەڵکو بەرپرسیارییەتییەکی گەلەک قورسە بە ڕاددەیەک هیچی لە مێژوونووسی کەمتر نییە لە ڕووی ئەستەمیی کار و ئەخلاقی نووسینەوە، دواجاریش بیۆگرافیی نووسین دەبێتە بەشێک لە نووسینەوەی مێژوو، وای دەبینم نائەخلاقیترین کار هەڵپاچین و دەستکارییکردنی مێژوو و شێواندنێتی بە مەبەست و سوودی ئیدۆلۆژیی یان سیاسیی یان نەتەوەیی و تائیفی و تاکەکەسی.

دەگێڕنەوە لە یەکێک لە جەنگەکاندا ئەفسەرێکی پلەداری سوپاکەی ناپلیۆن بە سەختیی بریندار دەبێت و لە ئاکامدا دەمرێ، ناپلیۆن پرسیار دەکات ئەو ئەفسەرە لە سەرەمەرگدا چی دەگووت؟ پێیان وت هەر ناڵە و هاواری برینەکەی دەکرد تاکوو مرد، ناپلیۆن بە تووڕەییەوە وتی چۆن وا دەبێت؟ بانگی مێژوونووسەکەی دەکات و پێی دەڵێت بنووسە فلانە ئەفسەر بە برینداریی و لە سەرەمەرگدا تاکو مردن هەر هاواری دەکرد بژی ناپلیۆن، بژی ناپلیۆن. ئەم فەرمانەی ناپلیۆن فەرمانێکی نائەخلاقییە و هەوڵدانە بۆ شێواندنی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو، ئەم نموونەیە دەیسەلمێنێت ئەو تێزەی دەڵێت مێژوو قسەی پیاوی براوەیە لەسەر بناغەیەکی بۆش ڕۆ نەنراوە. ئەوەی لە بیرەوەریی سەرکردەکانی کورددا نوسراوەتەوە و تۆمارکراوە هەمان شێوازی مامەڵەکردنی ناپلیۆنە لەگەڵ مێژوو چون هەریەکە و ئاراستەی ڕووداوەکان بە بەرژەوەندیی و نیشاندان و سەلماندنی پاکێتی خۆی دەشکێنێتەوە!!، ئەگەر لە نێو بیرەوەریی سەرکردەکانی کورددا سەیری هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگی نێوان حزبەکان بکەین «شەڕی براکوژیی» بێگومان تاوانباری ڕاستەقینە لایەنی بەرامبەرە و هەوڵدراوە بسەلمێنرێت لایەنی نەیار شەڕی بە حزب

و لایەنەکەی وی فرۆشتووە، ئەگەرنا حزبەکەی ئەو فریشتەیەکە و پەنجە بخەیتە ناودەمی نایگەزێت، بەڵام لایەنی بەرامبەر دووپشکە رەشە و ئەژدیهایەک بووە کە هەردەم ژاری لە دەمدا بووە بۆ پێوەدان و گەستن.

بەدەر لەوەی لە بیۆگرافیای سەرکردەکانی کورددا خوێنەر بە زۆر توولەڕێ و کۆڵانی تاریکدا دەبرێت لە هەمان کاتدا زۆر مەسەلەی هەستەوەر هەن بڤە بوون و بە هیچ جۆرێک بە دوو دێڕیش بێت ئاماژەیان بۆ نەکراوە، لە نموونەی ئەو مەسەلانە پرسی پەیوەندیی ژێراوژێری حزبە کوردستانییەکانە بە دەزگاکانی هەواڵگریی دەوڵەتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، یان وردەکاریی ئەو گفتوگۆ و وتووێژانەی لە میانەی چەندان پرۆسەی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئەنجامدراون، یاخۆ وردەکاریی و نهێنییەکانی پشت پەردەی شەهیدبوون و کوژرانی چەندین سەرکردە و فەرماندە کە تاکوو رۆژی ئەمڕۆ فۆرمی شەهیدبوونیان تەمومژ و تاریکی زۆری لەسەرە، یان هۆکاری ئینشیقاق و لەتبوونەکانی حزبەکان لە قۆناغی شاخدا بە تایبەت گومان لە هەندێکیان دەکرێت بەپێی رێنمایی دوژمنان و پشتیوانیی دەزگاکانی هەوالگریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووە، تەنانەت هەندێ شەهید هەن هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە شەهیدی کامە حزبن! بۆ وێنە عەلی عەسکەری لە نێوان یەکێتی و سۆسیالیستدا ون بووە و کەس سەر دەر ناکات شەهیدی کامیانە! هەندێک داستان و شەڕوشۆڕ هەیە بە دە شێوە دەگێڕدرێتەوە بۆ وێنە شەڕی ئەزمەڕی ساڵی ١٩٩١ لە نێوان یەکێتی و پارتیدا شەڕی لەسەرە و ون بووە کێن ئەوانەی لەم بەرەنگارییە بەشداربوون. یان کارەساتی هەکاری لە بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفادا بە تایبەت لە «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» بە جۆرێک باس کراوە، بەڵام لە بەرگەکانی «رۆژژمێری پێشمەرگەیەک»ی کاکە حەمەدا بە فۆرمێکی جیاوازتر.

بە کورتی و کرمانجی بیرەوەریی بەرپرسانی سیاسیی تژیەتی لە چەواشەکاریی و ناڕاستیی، ئەوی پێویستە لە ژیاننامەنووسیدا هەبێت لەوێدا نین بەڵکو کۆمەڵە حیکایەتێکی خورافی و یۆتۆپین لە پێناوی دروستکردنی سیمبۆل و کاریزما و وێنای قارەمان، ئەمەش خووی سەرجەم دیکتاتۆرەکانی دنیایە کە سەرلەبەریان وەک سوپەرمان و مرۆڤی ئەفسانەیی سەیری خۆیان دەکەن و دەیانەوێت هەموو

ئەوانی دیکە بە نەرگسییەت و خودپەرستی و نەریتە وەهمییەکانیانەوە سەرقاڵ و خەریک بکەن. ئەگەر لە هەموو ئەمانەش وازبهێنین و بێینە سەر ئەوەی بۆچی بیرەوەریی بەرپرسان قۆناغی دوای راپەڕینی نەگرتووەتەوە؟ یان بۆچی بەرپرسێک نییە جەرائەتی هەبێت درێژە بە نووسینی ژیاننامەکەی بدات تا چەند ساڵێکی دوای راپەڕین؟ رەنگە جیا لەوەی ئەم مێژووەیان پڕە لە شڕەخۆریی و گەندەڵیی و پەشیمانبوونەوە لە وەعد و بەڵێنەکانی شاخ و گۆڕانییان بۆ مافیا و دەستە و تاقمی بازرگان و دەرکەوتنی سیمای راستەقینەیان، لەوانەیە بۆ ئەوەش بگەڕێتەوە دەستەکەیان ئاشکرا بووە و بێ توانابوون لە ساویلکە خەڵەتاندنیش چجای هەڵخەڵەتاندنی نەوەیەکی تازە پێگەیشتوو کە ئەگەر هیچیش لە دنیا نەزانێت و تێنەگات بایی ئەوە هۆشیاریی هەیە تا بزانێت بەرپرس و سیاسەتوانانی کورد چ مەعدەن و قوماشێکن!. بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین بەرپرسێکی سیاسیی و حزبی خوا گرتی و دەستی برد بۆ نووسینەوەی ژیاننامەکەی لە قۆناغی شاردا، ئاخۆ دەبێت چی بنووسێ؟ ئایا چ دەستکەوتێکیان هەیە شانازیی پێوە بکەن؟ چ سەروەرییەکیان هەیە شیاوی نووسینەوە و دۆکۆمێنتکردن بێت؟ چ ئەجیندایەکی پۆزەتیڤ و کارایان هەبووە لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە تا مێژووی خۆیانی پێ پرشنگدار بکەن؟.

ئەگەر بەرپرسێک ویستی ئەو کارە بکات بێگومان هەموو بیرەوەرییەکانی دابەش دەبێت بەسەر سێ چالاکی و کاردا: (شەڕی ناوخۆ– گەندەڵیی و فەرهود– شەوە سوورەکان لەگەڵ سۆزانییەکاندا). هەڵبەتە هیچ بەرپرسێک نەماوە هاشا لە پشکداریی لەشەڕی ناوخۆ بکات بەڵکو هەموویان وەک قاز پێکەوە دەقیرێنن و دەڵێن: شەڕی نەگریسی ناوخۆ هەڵەیەک بوو کردمان و بڕوات و نەیەتەوە، رووداوەکانی ئەم شەڕە لە مێشکی زۆربەماندا تۆمار بووە و مێژوویەکە هیچ مەترسییەکی ونبوون و فەوتانی لەسەر نییە. بۆ گەندەڵیش دیسان هەموویان دەڵێن بەڵێ گەندەڵی بوونی هەیە و بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار، هەمووشمان قەبارە و سەنگی دانە بە دانەی بەرپرسەکان دەزانین لە گەندەخۆرییدا، کەناڵەکانی راگەیاندن و شەڕی خۆبەخۆی تەکەتولەکان و هۆشیاریی خەڵک کاریکی کردووە گەندەڵیی دیاردەیەکی پەنهان نەبێت و بەئاسانیی بکەرەکانی بناسینەوە، ئەگەر بمانەوێ

لاپەڕە نووسراوەکانی فایلی گەندەڵی بکەینە پەرتووک (قصة الحضارة)کەی (ویل دیۆرانت) لاپەڕەیەکە لە چاویدا و رەنگبێ وەک حکایەتی مێش هەرگیزاو هەرگیز تەواوبوونی نەبێت.

کەچی ئەوی کەمترین زانیارییمان لە بارەیەوە هەیە و زۆرترین رووبەری لە ژیانی کاربەدەستانی مەملەکەتدا داگیر کردووە شەوە سوورەکانیانە لەگەڵ سۆزانییەکان، هەموومان تەنانەت شێتەکانیش دەزانن سۆزانییەکان نێزیکترین و گیانی بە گیانیترین دۆست و هاوڕێی بەرپرسەکانن، ئەو بەرپرسانەی وەک گورگی برسی وان بۆ سێکس، بۆیە ئەگەر دەستیان برد بۆ نووسینەوەی ژیاننامەکانیان دەبێ لە سۆزانییەکانەوە دەست پێبکەن و بە سۆزانییەکانیش کۆتایی پێ بهێنن چون هیچ سەروەریی و حکایەتێکیان پێ نەماوە بۆ باس و گێڕانەوە جگە لە رەشبەڵەکی ممارەسەی سێکس و کڕینی جەستەی مرۆڤی کۆیلەکراو (سۆزانی). ئێمە وەک نووسەر و رۆژنامەنووسە ئازادەکان دوو بەشی بیرەوەرییەکانیانمان نووسیوەتەوە (شەڕی ناوخۆ – گەندەڵیی) پێویستە غیرەت بدەنە بەر خۆیان و بەشی سێیەمی بە پەڕەموچی خۆیان تەواوی بکەن، بڕوا بکەن بە تاسەوە چاوەڕێی ئەو کارەیان لێدەکەین!!. چاوەڕوانین بۆ کۆتا بەش و سکەندالترین بەشی ژیاننامەنووسییەکانیان کە ئەویش نووسینەوەی شەوە سوورەکانە لە رۆژە هەرە رەشەکانی نەتەوەیەکی ماندوو و دادۆشراودا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤٣)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# من پارەم هەیە کەواتە من هەم

کۆژێتۆکەی فەیلەسووفی مەزن (دیکارت) ئەمەیە (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم). دیکارت لە ئەنجامی تێفکرینی زۆر و خوێندنەوەی قووڵی لە بواری فەلسەفیدا گەیشتە ئەو بڕوایەی مرۆڤ کائینێکە بەرئەنجامی بیرکردنەوە و رامانە، بە پێچەوانەی (مارکس)ەوە کە وای دەبینی مرۆڤ بەرهەمی کارە «هەڵبەت دیکارت پێش مارکس ژیاوە»، تێمای ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی کارە یان بیرکردنەوە؟ مشتومڕێکی فەلسەفیی زۆری لەسەر بووە و تانوکەش ئەم جەدەلە گەرموگوڕیی و گرنگی خۆی لە دەست نەداوە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا. بەدڵنیاییەوە ئێمە نامانەوێت بەشداریی بکەین لەو دایەلۆگە و ئامانجیشمان شیتەڵ و شرۆڤەکردن و توێژینەوە نییە لە کۆژێتۆکەی (دیکارت) بە پێچەوانەوە گومان لەسەر ئەوە دادەنێین ئەگەر دیکارت لەم ئان و سات و چەرخە یان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بژیابایە، تۆ بڵێی سوور بووایە لەسەر وتەزاکەی (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)؟ یان سوڕانی چەرخ و زەمەن قەناعەتەکانی پێ ئاوەژوو دەکردەوە و لەم دنیا ماددیی و قازانجپەرستییەی ئەمڕۆدا ناچار دەبوو کۆژێتۆکەی هەڵبگێڕێتەوە بۆ ئەم شێوەیە:(من پارە و سامانم هەیە کەواتە من هەم)؟!!.

دیکارت چەند سەدەیەکە لە دنیا دەرچووە و کۆچی دوایی کردووە، ناتوانین درۆی بەدەمەوە بکەین ئاخۆ چۆن تێزە فەلسەفییەکانی فۆرمۆڵە دەکرد، بەڵام لە دنیای قازانجخوازیی کۆمپانیا زەبەلاحەکان و سەرمایەداریی هاوچەرخدا مرۆڤ رووتکراوەتەوە لە هەر بەهایەک، تاکە بەهایەک پێگەی مرۆڤ بە بەرزیی دیاریی بکات و وەک کائینێکی زیندوو بیهێڵێتەوە تەنیا سەنگی سامان و ئاستی سەرمایەکەیەتی،

مرۆڤایەتی پێی ناوەتەوە قۆناغێکەوە کاغەزێکی وەک پارە بەهای هەر شتێک دیاریی دەکات، مرۆڤایەتی لە وەختێکدایە پارە بڕشتی لەبەر بڕیوە و جەستە و بیرکردنەوەی داڕزاندووە و لە بازنەیەکی تەسکدا گەمارۆی داوە. هەرچەندە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەین مرۆڤایەتی زۆر لە مێژە سەردەمی کۆیلایەتی تێپەڕاندووە، لێ بەداخەوە لە عەهدێکدا دەژین کۆیلایەتییەکی رووت و نوێ لە ئارادایە!!، ئەگەر لە قۆناغی کۆیلایەتی پێشاندا مرۆڤ هەر خۆی خاوەنی کۆیلە مرۆڤەکەی تر بووبێت، بەپێچەوانەوە خاوەن کۆیلەی نوێ مرۆڤێک یان وجودێکی زیندوو نییە، بەڵکو پارچە کاغەزێکی بێگیان و بێ جوڵەیە و بە بێدەنگییەکی سیحراویی مرۆڤی کردووەتە بەندەی خۆی.

کۆمەڵی کوردەواریی لە قۆناغی پەڕینەوەدایە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاد، کارەسات ئەوەیە کۆمەڵێکە هەموو ماتریاڵەکانی سەرمایەداریی تێیدا ئامادەیە، بەڵام لایەنە فیکریی و زەمانەتە جۆربەجۆرەکانی ئەو سیستمە لە ناویدا غائیبە، بۆیە دەبینین پارەدارەکان «نەک سەرمایەدارەکان» لە پێشەنگی کۆمەڵگەن، لەم جۆرە کۆمینیوتیانەدا ئەگەر سوکراتێکی بێ پارە بیت لە فەرامۆشی و پەڕاوێزخستندا تووشی نەخۆشی دەروونی دەبیت و رەنگە هەموو حیکمەتەکانت لە وڕێنەیەک زیاتر بەولاوە نەبینرێت و پێدەچێت هەندێ جار مایەی بزە و پێکەنینی چەند پارەدارێک بیت، ئەو پارەدارانەی ئەگەر نیو هێندەی ژمارەی دەفتەر چەکەکانیان کتێب لە ماڵەکانیاندا هەبوایە بەس بوو بۆ ئەوەی بزانن ژیان تەنیا لە پارە و دەستکەوتەکانی دەوڵەمەندیی و پارەداریدا کۆ نەبووەتەوە، بەڵکو ژیان زۆر لەوە فراوانتر تا لە کونی کلیلی دەرگایەکی بچووکەوە سەیری بکەین. سویفت دەیووت (کەس ئامۆژگاریی وەرناگرێت، بەڵام پارە بدرێت بە هەر کەس وەریدەگرێت، کەواتە پارە لە ئامۆژگاریی بە نرخترە)!.

ئەگەر لەسەر شەقامێکی سەرەکیی رابوەستیت کیسەیەک دۆلارت پێ بێت بیبەخشیتەوە بەسەر خەڵکدا لە ژێر ناوی خێر یان هەر ناوێکی تردا بێت ئاپۆرەی داواکاران و ئەوانەی شان دەکوتن بۆ وەرگرتنی چەند سەنتێک و پڕکردنی گیرفانیان لە حوکمی چاودا نامێنێت، بەڵام ئەگەر نیتچە لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوە بیەوێت دوو قسە بۆ قازانج و مێشکی مرۆڤ بکات بە دیار خۆیەوە خەوی لێدەکەوێت

چون دوو کەس نییە بێزی بێت و ویستی هەبێت لەبەردەم ئەم (شێت)ەدا بوەستێت تا دوو وشە فێر ببێت، لەمەشدا ڕەنگبێ زۆر گلەیی لە خودی مرۆڤەکان نەکەین وەک تاکەکەس هێندەی دەبێت سیستمی باو و دەسەڵات لە قەفەزی تاواندا رابگرین و دادگایی بکەین. زۆرجار بەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا ڕۆشتووم سەیری هەموو ئەو مرۆڤە هەژارانەم کردووە بۆ پەیداکرنی نان و لوقمەی ژیان ناچاربوون سەر دانەوێن و وەک کۆیلەیەک لە بەردەستی پارەدارێکدا بچەمێننەوە، زۆر شەرمم لە خۆم کردووە لە کاتی بینینی دیمەنی ئەو پیاوە پۆشتە و پەرداخانەی لە ساتی دواندا وەک فریشتە دەدوێن، بەڵام قۆنەرەیان لە تەنیشت سەر و لەسەر سەری تەختەی منداڵێکی بۆیاخچی راگرتووە و بەدەم تریقانەوەوە بۆ کچە جوانەکانی سەر شەقامەکان دەڕوانن و پێیانوایە بە هەستی ناسک و شیکێتییەکەیان دڵی کچان راو دەکەن!.

لەم دیمەنانە زۆر بێزارم، دەبێت خانەدانێکی دەستڕۆیشتوو (لە هەموو سەردەمەکاندا) چی جیای بکاتەوە لە دەستفرۆشێک؟ ئەی منداڵێکی هەژاری عەلاگەفرۆش چی جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو منداڵە خوا پێداوەی لە ژوورێکی پڕ لە ڕەنگی ژیاندا گەمە دەکات و تامی سەرما و گەرما و حەسرەتی هەژاریی و نان پەیداکردنی نەچێشتووە؟ زۆرجار دەڵێن پێویست ناکات مێشکی خۆت بەم غەمانەوە خەریک بکەیت و کۆڵ بە دنیاوە هەڵبگریت چونکێ ئەمە سوونەت و یاسای سرووشتە و بوونێکی ڕەهای هەبووە و هەیە لە مێژوودا! بەڵام ئەگەر ئەمە یاسا و حەتمییەتی ژیانیش بێت قەرار نییە مرۆڤ تەسلیمی ئەو یاسا و حەتمییەتە بێت، سەرەنجام مرۆڤ لە پێش و یەکەمینە نەک کۆمەڵە یاسایەک کە هەر بەرهەمی عەقڵ و دەستکردی مرۆڤەکان خۆیانە، مرۆڤ دەبێت سرووشت لەگەڵ خۆی بگونجێنێت نەک بەپێچەوانەکەی، ئەگەر مرۆڤ پاسیڤ بووایە ئەوە هەر لە مێژەوە بوو چرای ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە کوژابووەوە.

پارە خوایەکی نوێیە و لەهەموو خواکانی تر بەندەی زۆرترە و ڕەنگە هیچ خودایەک نەبێت هێندەی وی پەرستراو بووبێت و ڕەنج و زەحمەتی لە پێناودا درابێت و مرۆڤ و خوێنی بۆ بە قوربانی کرابێت. بۆ وێنە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیی پرسیارێکی ئاڕاستەی خوێنەرانی کرد: پارە چییە؟ لەناو بەهێزترین وەڵام و

پێناسەکانی خوێنەراندا بۆ پارە، ئەم پێناسەیە زۆر سەرنجراکێش و کاریگەرترین بوو (پارە بتێکە گەرچی پەرستگەی نییە، بەڵام تێکڕای گەلان دەیپەرستن). دەشێ یەکێک لەو فاکتۆرانەی پارە ببێتە خوای مرۆڤایەتی سیستمی سەرمایەداریی بێت، لەوەش ترسناکتر ئەوەبووە لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکانی چەشنی کوردستاندا ئەم بەندایەتیکردن و پەرستنە گەلەک قورس و زەحمەتترە، زۆربەی جار مردن لە ژیان ئاسانترە، زۆرجارانیش پارە خودایەکی ئێجگار دڕندە بووە و حەزی لە قوربانی زۆرتر بووە، بەپێچەوانەی خوداکەی ئیبراهیمەوە، ئەم خودایە خوێن و سەری بڕاوی ملیۆنان ئیسماعیل کاری تێنەکردووە و سۆزی نەجوڵاندووە، پارە خوایەک بووە دڵڕەقتر لە زیۆس لە بەرامبەر سیزیف، تووڕەتر لە خوای موسا لە فیرعەون. بۆکاشیۆ بە متمانەوە دەیووت (هەژاریی لە سامان بێ بەریمان دەکات، بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابڕوومان بەرێت). لێ بەداخەوە هەژاریی لەم وڵاتەدا ئابڕووی زۆر مرۆڤی بە ئابڕووی تکاند، عیززەتی نەفسی کرد بە چێشتی فۆلکلۆریی و باوی نەماو، سەری زۆر سەربەرزی نەوی کرد، ملی زۆر گەردن کەچی هێنایە ژێر پێیەوە، غروری مرۆڤانەی زۆری وردوخاش کرد!، ئاخر هەژاریی نەک ئابڕووی تکان، نەک ڕێزی شکان، بەڵکو مرۆڤی کوردی هێناوەتە باری شێتبوون و بزڕکاندنەوە.

هاوڕێیەکی نێزیکم بۆی گێڕامەوە ساڵی ١٩٩٧ کاتێ دوای چەند ساڵ گرانیی و ئابڵوقەی ئابووری سەر عێراق و کوردستان و لە میانی پرۆژەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک چەند قافڵەیەکی ئازووقە و خواردەمەنی گەیشتە کوردستان و لە ڕێی وەکیلەکانەوە دابەش دەکرا، ژنێکی گەنج لە کاتی وەرگرتنی یەکەمین جاری بڕە ئاردی دیاریکراودا بە شێوەیەکی کتوپڕ کەوتە شەق تێهەڵدانی چەند فەردە ئاردێک و بە قوڕگێکی پڕ گریانەوە وتی: هەتا نەبوومە سۆزانی و لەشی خۆم بە سەدان پیاو نەفرۆشت نەهاتیت! تازە دوای چی دێیت و چیت لێبکەم!؟. ئەم چیرۆکە بە یەکێک لە دیوەکانیدا پێمان دەڵێت: هەژاریی دایکی هەموو نەگبەتی و دیاردە دزێوەکانە هەر وەک چۆن فاکتۆری هەموو جەنگ و کاولکاریی و کارەساتە لە یادنەکراوەکانی ناو دیرۆکی سەرجەم مرۆڤەکانی جیهانە. ئەگەر کەمێک وردبینەوە لە وزە و سووتەمەنی هەموو جەنگەکان و بکەرەکانی تاوان و قوربانییەکانی هەموو شۆڕش

و سەرهەڵدانەکان و داینەمۆی بەردەوامبوونی ژیان هەر ئەو مرۆڤە هەژارانە بوون کە ژیانیان تەنیا رەنج و کلۆڵی و چارەنووسی رەش و دڵی شکاو و ئازارچەشتن بووە و هیچی تر. ژیانی هەر هەژارێک بابەتی رۆمانێکە، خەونی هەر هەژارێک بابەتی داستانێکە، ئازاری هەر هەژارێک مەتەڵێکە، تۆلستۆی لە پێشەکی رۆمانی (ئانا کارنینا)دا دەنووسێت (هەموو بنەماڵە خۆشبەختەکان لە یەکتر دەچن، بەڵام هەر بنەماڵەیەکی بەختڕەش بەدبەختیی تایبەت بە خۆی هەیە).

هەر مرۆڤێکی بێ پارە و نەدار، هەر هەژارێک، هەر لێقەوماوێک چیرۆکێکی بەدبەختیی و نەگبەتیی تایبەت بە خۆی لە هەگبەدایە، هەموو سەرمایەدار و خانەدانەکان کە بە پێچەوانەی نیتچەوە تا دوا سنوور رقم لە فیز و شێوە ژیانیانە هەموو لە یەک دەچن و هەروەک یەک و هەر بەیەک شێوە سەرقاڵی پەرستنی بتی پارەن و تەواو، هەموویان لە یەک جۆر خۆشیی و شادیی بەهرەمەندن، لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە و لە یەک فەلەکدا گیریان خواردووە، بەڵام هەژارەکان لە سینەی هەر یەکێکیاندا ئاگر و حەسرەتێکی جیا لەوی تر هەیە. بۆ ئەوەی نەبێت بە درێژدادڕیی، قسەکانم لەوەدا چڕ دەکەمەوە لە سەردەمی جیهانگیریی و چاوچنۆکیی کۆمپانیا فرە رەگەز و مۆنۆپۆڵەکان و سەرمایەداریی قرچۆکی محەلیدا، پارە و سامان پێوەرێکە بۆ مرۆڤبوونی هەر کەسێک، هەر تاکێک بە قەد قەبارەی سامانەکەی پشکدارە لە ژیان و هەر بەهەمان ئەندازەش رێز و حورمەتی لێ دەگیرێت و ددان بە بوون و کەسێتیدا دەنرێت و ئۆتۆریتەی دەبێت لە دنیای دەوروبەریدا، کێ دۆلارێک زیاتری هەبێت، نرخیشی زیاترە!!. کەوا بێت جێگەی سەرزەنشت نابم وتەزاکەی (دیکارت)م بەم جۆرە پێچەوانەوە کردووەتەوە (من پارەم هەیە کەواتە من هەم). لەوانەشە کەسانێک هەبن وا بیر بکەنەوە ئەم بۆچوونانە سەر بە ماڵی کۆمۆنیزمن، بەڵام ئەوەی من وتوومە حەقیقەتە جا بەر لە ئەز و دوای ئەزیش کۆمۆنیست دەیڵێت یان ئیسلامیی هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، هەر ئەوەیە بە جیاوازیی ئایدیال و ئیدۆلۆژییەوە راستییەکمان خستووەتە چێوەی نووسین و دەربڕینەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٤)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ بڵاوبووەتەوە.

# سەد خۆزگە منیش کوڕە مستەشار بوومایە

نازانم بە هۆی گێلێتییەوە بووە یان دڵسۆزیی باوکم تێکڕا لە بیست ساڵ زیاتر پێشمەرگایەتی کردووە لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا رۆژگاری راپەڕینی ساڵی ١٩٩١. بە بەرینی ئەم مێژووە نەک بە دوای پارە و سامان و بەرپرسیارێتیدا نەگەڕاوە، بگرە زۆر جار لەو بارەگایەی تیایدا بەرپرس و فەرماندە بووە خۆی لە هیچ پێشمەرگەیەکی ئاسایی جودا نەکردۆتەوە و وەک ئەوان بەشداربووە لە هەر کار و ئەرکێکدا. هەر کە راپەڕین بەرپابوو قارەمانەکانی شاخ بوون بە چەتەکانی شار، هەر زۆر زوو شۆفڵ و گرێدەر و داروبـەردی فەرمانگەکان تاڵان کران و بەودیودا بردیانن، بیرمە جاش و هاووڵاتی و پێشمەرگە پەلاماری (کارگەی جگەرەی شاری سلێمانی)یان دا و دوای ئەوەی چی تیابوو تاڵانیان کرد!!، دەرگا و پەنجەرەکانیشیان دەرهێنا و گڕیشیان لە بەشێکی کارگەکە بەردا، باوکم بە خۆی و سێ پێشمەرگەوە بڕیاری دا ئەو لێشاوی تاڵانکردنە رابگرێ، منیش لەگەڵیدا بووم هەر کە چووینە بەردەم دەرگای کارگەی جگەرە کەسێکمان بینی کڵاشنیکۆفێکی ئاڕبیکەی پێبوو خەریکبوو بەرمیلێکی بە تاڵ دەکرد باوکم لێی چووە پێشەوە و پێی وت ئەوەی رۆی دەکەیت دەزانی چییە؟ وتی ئەی چۆن نازانم سیکۆتینە و جگەرەی پێ دەبەسترێت. باوکم پەلی گرت و پێی وت بێ عەقڵ بۆ بەرمیلێکی بەتاڵ کە نرخەکەی لە ١٠ دینار تێناپەڕێت خەریکی بایی هەزاران دینار زیان دەدەیت!؟ کەسەکە بە گژیدا هات و وتی کاکە ئەوەندە زیرەکی بۆ کۆیناکەیتەوە بۆ خۆت ئەو قازانجە هەڵگرە بۆ خۆت با لێت نەکەوێت.

چووینە نـاو کـارگـەکـەوە کـەسێک بـە جـامـانـە دەمـوچـاوی خـۆی پێچابوو

مزەلییەکی پێ بوو مەخزەنێکی حەفتا و پێنجی لەسەر بوو کەوتبووە دەستڕێژ! خوایە دەبێت دەستڕێژ لە چی بکات؟ هەر کە تۆزێک چووینە پێشەوە بینیمان هەر شووشەی پەنجەرەیە و هارە دەکات، چوونکە کاکم بە گوللە پێوەی دەنێت! باوکم هاواری لێکرد هەی نامەرد ئەوە چی دەکەیت ئەوە ماڵی میللەتە بۆ وای لێدەکەیت؟ کابرا رووی کردە باوکم و بە فیزێکەوە پێی وت وا بزانم دڵت بۆ بەعس ژان دەکات و غەمی کارگەکەی بەعستە؟!، یەکێک لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ باوکم بوو خۆی بۆ نەگیرا و تا هێزی تیابوو زللەیەکی لێدا، بەڵام کە جامانەکەی سەرچاوی لابرد، هاوڕێ پێشمەرگەکەی باوکم ناسییەوە و وتی خۆ ئەمە فلانە کەسی ئامر سریەی فەوجی ئەوەندەیە و جاشێکی زۆر پیسە و دەوامی لە حەتین بووە! باوکم کەمێک ئیستی گرت و هیچی نەگوت و دوای کەمێک بێدەنگیی رووە و هۆڵەکانی ناوەوە هەنگاوی هەڵگرت، دوای زیاتر لە دوو ساڵ ئەو پرسیارەم لە باوکم کرد ئەرێ ئەو کاتەی ناو کارگەی جگەرە بۆچی وا کز و بێدەنگ بوویت و هیچ قسەیەکت بەو جاشە ناسراوە نەگووت؟ لە وەڵامدا وتی: لەو کاتەدا تێگەیشتم ئەم عەهدەش هەر بۆ ئەوانە و هەر ئەوان دەبنە دۆست و هاوڕێی گیانی بە گیانی سەرکردایەتی سیاسیی و سەربازیی کورد.

چەند مانگێک بەسەر راپەڕیندا تێپەڕی (هێزی هاوبەش) وەک حکومەتێکی کاتی ئیدارەی شارەکانی دەبرد بەڕێوە، ئەم قۆناغە قۆناغی عەسابات و مافیایی بوو کێ ١٠ چەکداری هەبوایە لە جێگەی خۆیەوە حکومەت بوو، لەم دەرفەتەدا هەرچی کۆنە مستەشار و بەگ و ئاغا و دەرەبەگ هەبوو بوونە سوارچاک و شانبەشانی بەرپرسە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێی شاخ وڵاتیان تاڵ و فەرهود کرد و بردیانە ئەودیو، کە ئەودیو زاراوەیەک بوو لەو قۆناغەدا زۆر لە ئۆتۆنۆمییەکە زیاتر باسی لێوە دەکرا و مەبەستیش لە ئەودیو کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. لەو رۆژانەدا باوکم فەرماندەیەکی ناوەندیی پێشمەرگە بوو بەرەو رووی هێزی ریژێمی بەعسی داگیرکەر وەستابوو کە هێشتا بە تەواوەتی کوردستانیان چۆڵ نەکردبوو، لە یەکێک لەو رۆژانەدا کۆنە مستەشارێکی تازە شۆڕشگێڕ شۆفلێک و گرێدەری شارۆچکەیەکی ئامادە کردبوو تا ئاودیوی بکات، بەڵام کاتێ گەیشتە ئەو زاڵگەیەی نێزیک بارەگاکەی باوکم، کابرای سەرەک جاش لە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی دابەزی و

هاتە لای باوکم وتی: پێیان وتووم ئێوە سەرسەختن و ناهێڵن هیچ بڕوات بەودیودا، بەڵام من کتابی بەرەی کوردستانی و لیژنەی تەنسیقم پێیە بۆیە واباشترە ڕێم پێ بدەیت بڕۆم، بەڵام باوکم بە نەرێنی وەڵامی دایەوە و بۆیە بووە دەنگە دەنگیان و بە زەبری ڕاکێشانی میلی تفەنگ ئۆتۆمبیلەکانیان لێسەندن و کابرای سەرەک جاشیش ناچار هەڵهات و هەردوو ئۆتۆمبێلەکەشیان لە بارەگا گل دایەوە.

بۆ شەوی دواتر کابرای سەرۆک جاش هات بۆ بارەگای باوکم، منیش لەوێ بووم کابرا لەناو جانتایەکی بۆر ٤٠ هەزار دیناری بۆ هێنابوو کە وەریبگرێت لە بەرامبەر گێڕانەوەی هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بۆی، پلانێکی زیرەکانەشی دانابوو کە شەوی دادێ باوکم لە بارەگا نەبێت و ئەویش ٢٠ چەکدار بهێنێت و شۆفڵ و گرێدەرەکە ببات، بۆ ئەوەی وا دەربکەوێت بە زەبری تفەنگ بردوویانە نەک بە ڕەشوە، دیسان باوکم بەمە ڕازی نەبوو و چەند ڕۆژی تریش لە بارەگا مایەوە، بەڵام لەیەکێک لەو ڕۆژانەدا تایەی شۆفڵەکە تەقی و هاوڕێیەکی باوکم بە پارەی گیرفانی خۆی تایەیەکی بۆ کڕییەوە و ڕێککەوت لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکەش کە هەردوو ئۆتۆمبیلەکەیان بداتەوە، بەڵام پێش ئەوە کابرای سەرەک جاش بە کتابێکی بەرپرسیارێکی باڵاوە هاتەوە، ئەمجارە باوکم ڕازی بوو ئۆتۆمبیلەکان بەرێت! بەلای هەمووانەوە جێی سەرسوڕمان بوو دەبێت ئەو نامەیە چی تیا بووبێت؟ باوکم وتی: نامەکە لەسەری نوسرابوو ئەگەر ڕێگریی لەم کاک فلان کەسە بکەیت و ئۆتۆمبیلەکانی نەدەیتەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت! لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کاتێ کابرای سەرەک جاش ئۆتۆمبیلەکانی برد بە تەڵفیزییەوە بە باوکمی وت: ها نەتهێشت بیبەم و ٤٠ هەزاریشت لە کیس خۆت دا، ئێستا ئەگەر پاکەتێکی ئێڵ ئێم دەخوازی لە خزمەتتدام ئەمەی وت و تاکو ئێران نەوەستایەوە، ئێستا ئەم سەرۆک جاشە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام ئەم چیرۆکە بۆ زۆر دوورتر دەژی.

ئەم باوکەی من بە درێژایی ژیانی پێشمەرگایەتی بەم جۆرە هەڵسوکەوتی کرد بۆیە بەرگەی هەردوو سێ ساڵی دوای ڕاپەڕینی گرت و ئیدی بۆ هەمیشە هاتەوە ماڵەوە و وازی هێنا لە هەموو خەباتەکەی. هەنووکە سەرزەنشتی باوکم دەکەم بۆچی ڕێگای پێشمەرگایەتی گرتە بەر؟ بۆچی نەبووە مستەشار؟ ئاخر

ئەمڕۆ هەموو خەباتەکەی ناگاتە ماستاوی کۆنە بەعسییەک بۆ حزب و سەرکردە! هەموو ئەو فیشەکانەی ئەو بە بەعسییەوە نا ئەمڕۆ شۆڕشەکەی دەینێتەوە بە هاوولاتییەکانییەوە! ئەگەر کوڕە جاش بوومایە نەک ئۆتۆمبیلێک دەرزەنێکم دەبوو، ئەگەر کوڕە مستەشار بوومایە نەک پارچەیەک زەوی سێ دانەی روکنیان دەدا پێم، ئەگەر کوڕە مستەشار بوومایە پۆستی راوێژکاریی وەزارەتێکیان دەدامێ، ئەگەر کوڕە مستەشار بوومایە دوو موچەی فەرمی و سیانی لابەلا و موچەیەکی خانەنشینیم پێ دەبڕا، ئەگەر برای شەهیدی کوردستان نەبوومایە و خوێنمان بۆ قادسیەی پیرۆز بدایە ئەمڕۆ لەلای سەرەوی کۆڕی بەرپرسان و لە ریزی پێشەوەی ئاهەنگەکانی حزب دادەنیشتم، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە بە ناوی ئەوەی کوڕی پیاو ماقووڵ و خانەدانم سالآنە خەلآتی سەرۆکەکانم بە نسیب دەبوو، ئەگە کوڕی مستەشار بوومایە موچەی ریز لێنان و دوو رێکخراوی خەنی و پارەدارم دەبوو، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە بە قبوڵ خاس دەچوومە زانکۆ و بە دۆستایەتیش ماستەرێکم بە پلەی نایاب دەخستە گیرفانمەوە، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە پارەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیان دەدامێ تا بیکەمە کۆشک و تەلار و باڵەخانە!.

ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە لە پرسگەی هیچ بارەگا و وەزارەت و سەرۆکێک رایان نەدەگرتم و دەست لەسەر سینگ دەیانبردمە شوێنی مەبەست و نەیاندەهێشت عارەق بکەوێتە ناوچەوانم، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە هەموو ساڵێک جارێک یان دووان چانسم دەبوو سەرێکی قەلاچوالان و سەری رەش بدەم و تورەکەیەک دۆلار بهێنمەوە، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە جەوازێکی کراوەم پێ دەبوو بۆ کام کونجی دنیا هەیە گەشتم دەکرد، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە نیو ملیۆن دۆلاری حزبی کوردییم پێ دەبوو تا وەک بازرگانێک هاتوچۆی دوبەی و چین بکەم، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە بیست دۆنم زەوی و رەز و باخم داگیر دەکرد و حکومەتیش لە بری لێپێچینەوە لەسەری تاپۆ دەکردم، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە دەیاننادرمە ولاتێکی ئەوروپی و بە دیپلۆماتکار لە باڵیۆزخانەیەک دایاندەمەزراندم، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە خانووی تەجازوم دروست دەکرد و بە نامەیەک پێشمەرگەیەکی دێرینم دەربەدەر دەکرد.

ئەگەر کوڕە مستەشار بوومایە سالآنە سێ تا چوار جار مەکتەبی سیاسیی هەردوولا سەردانی ماڵیان دەکردم و شەویش لە تەلەفزیۆنەوە بەم جۆرە هەواڵەکە دەخوێندرایەوە (سەر لەبەیانی ئەمڕۆ شاندێکی مەکتەبی سیاسیی کە پێکهاتبوون لە فەتە و سەعە و سمە سەردانی ماڵی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەری شارەکەمانیان کرد و لای خۆشیانەوە بنەماڵەی هین دووپاتیان کردەوە وەک هەمیشە سەربازی بە وەفا و بە ئەمەکی وڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بن...). ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە شام بە سەپان نەدەزانی، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە ئێستا حکومەت لە خانووی مندا کرێچی بوو نەک من بەدەست کرێچێتییەوە ببم بە پەنگ، ئەگەر کوڕی مستەشار بوومایە لە دنیا سڵم نەدەکردەوە و جاشێتیشیان بە خزمەت بۆ دەنووسیم و یاساشکێنیان بە دڵسۆزیی و وڵاتفرۆشیشیان بە نەتەوایەتی بۆ لێک دەدامەوە!! ئاخر ئەگەر ئەمە ئیمتیازی کوڕە جاش و کوڕە مستەشار بێت، هەق نییە باوکی من و باوکی هەموو ئەو گەنجانەی تر کە پێشمەرگەی دیرین بوون کاڵەک بە ئەژنۆی خۆیان بشکێنن و لەگەڵ (عەلی مەردان)دا بڵێن:

کەی دێتەوە کەی دێتەوە کاتی فەوج وەرگرتن کەی دێتەوە؟
لەدەستمان چوو باوی ٣٦٠ فەوجی جاش هەرگیز نایەتەوە

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧٢٧)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٧ بڵاوبووەتەوە.

## یادی حەوت ساڵەی خۆپیشاندانی گەنجانی سلێمانی ئەوسا گۆڕانخوازەکانی ئێستا سەرکوتیان دەکردین

هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ پڕ بوو لە جموجۆڵی سیاسیی، ئەوێ ڕۆژێ ململانێیەکانی نێوان باڵی ریفۆرمی یەکێتی و خەتی گشتیی گەیشتبووە دوا مەرز. ئەو ململانێیە ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرۆسەی ژیانی هاونیشتمانیان دانابوو بە تایبەت لە زۆنی سەوزی ئەوسا. پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان پەکیان کەوتبوو. گرانی تاوی دەسەند، کرێچێتی و بێکاریی ببووە شێرپەنجە، ئاو و کارەبا و پێویستییەکانی تری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک قاتی ببوون. بە گەرمای هاوینی ئەو ساڵە، لە هەر ٢٤ سەعاتێکدا کەمتر لە ٢ سەعات کارەبا دەدرایە هاووڵاتیان. ئەمەش بێزاریی و ناڕەزایی زۆری لای گەنجانی شاری سلێمانی و دەوروبەری دروستکردبوو.

لە سەرەتای مانگی ئۆگەست «هەشت»ی ٢٠٠٦ ناڕەزایی و خۆپیشاندان لە ناوچەکانی کەنار، لە هەڵەبجە و کەلار و دەربەندیخان و چەندین شوێنی دیکە تەقییەوە، بۆ یەکەمین جار گەنجان بە شێوەیەکی بەربڵاو و بۆ داواکردنی پێویستییە خزمەتگوزارییەکان رژانە سەر شەقامەکان. لە کەلار هێزەکانی دەسەڵات کە زۆربەیان سەر بە باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی بوون، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتنە وێزەی خۆپیشاندەران. تەنانەت یەکێک لە کارگێڕ مەڵبەندەکانی ئەوسای یەکێتی «کە ئێستا هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕانە» بە جنێو و شەق و زللە بە گژ خۆپیشاندەراندا دەچووەوە. لە کەلار و دەربەندیخان و هەڵەبجە کار گەیشتە تەقەکردن و لەو نێوەندەشدا جگە لە کوژراوێک، چەندین گەنج بریندار کران یان بەهۆی لێدان و ئەشکەنجەوە زامدار بوون، ئەمە بێ لەوەی کونجی

زیندانەکانیان پڕ پڕ کرد لە گەنجانی خۆپیشاندەر.

ئێمەش لە سلێمانی بڕیارماندا، کە ئەو نارەزاییە بگەیەنینە ئەم شارە، پرۆتستۆیەک بەرێبخەین دژی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیان، دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکەش هەر بریتی بێت لە داوای خزمەتگوزاریی پێویست. چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجامدا، ئێمە وەک کۆمەڵە گەنجێک گروپێکمان بەناوی گروپی «رەخنە» دامەزراند، من سەرپەرشتی گروپەکەم دەکرد و یەکەمین بەیاننامەش من بەدەستی خۆم نووسیم کە بانگەوازێک بوو بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک لە ناوەندی شار. ئەو برادەرانەی لە گروپ لەگەڵ ئێمە بوون ئەوەی بیرم مابێت «رۆژگار محەمەد، زانکۆ سەردار، ئاسۆ جەبار، چنار مەحمود» بوون.

هەر ئەم گروپە بانگەوازی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کرد پشتیوانی لە خۆپیشاندان بکەن، بە خۆشحاڵییەوە چەندین رێکخراو هاتن، بەڵام خاتوو «خانم رەحیم» بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسودە، دەرگای رێکخراوەکەی و ئۆفیسەکەی بۆ خستینە سەر پشت و کردمانە مەکۆی سەرەکیی گروپەکە. بە دوای چەند رۆژ چەندین رێکخراوی جیا جیا پەیوەندییان بە بانگەوازەکەی ئێمەوە کرد، یەکەمین رێکخراو دوای رێکخراوی ئاسودە. ناوەندی چاک بوو. پاشان ژمارەی رێکخراوەکان گەیشتە سەروو ١٥ رێکخراو، هەر ئەم بانگەواز بووە هەوێنی دامەزراندنی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی.

لەلایەکی ترەوە وەک گروپی «رەخنە» بووینە بەشێک لەو گروپە جیاجیا و بچووکانەی تر کە لە ئامادەکارییدا بوون بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان. رۆژی ١٣-٨-٢٠٠٦ وەک رۆژی خۆپیشاندان دیاری کرا. بە نهێنی پەیوەندیمان بە گەنجانێکی زۆرەوە کرد، کە هەمان رۆژ لە کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی لە بەردەرکی سەرا ئامادە بن، بۆ ئەوەی لەوێوە دەستپێبکەین بەرەو تەلاری پارێزگای سلێمانی. من سەعات هەشت و نیو چووم بۆ چایخانەی شەعب، هەستم بە نائارامییەکی زۆر دەکرد و ئاسایش لە پەناوە خەڵکیان دەستگیر دەکرد. گومانیان لە هەر کەس بوایە راستەوخۆ دەستگیریان دەکرد، پێش ئەوەی خۆپیشاندان دەستپێبکات هەریەک لە «سەلام مارف و کاژاو جەمال» کە دوو هەڵسوڕاوی چەپ بوون دەستگیرکران و زیاتر لە ٢٠ رۆژ لە ئاسایشدا دەستبەسەر کران.

من بەردەرکی سەرام بە زەحمەتییەکی زۆر جێهێشت و بەرەو گەڕەکی ئاشتی ڕۆیشتم، لە ژێر چاودێرییدا بووم، بە ناچاریی خۆم کرد بە بینای ڕێکخراوی ژیانی ئازاد، کە خاتوو وەزیرە جەلال، «خوشکی شەهید ئارام» بەڕێوەبەری بوو، کە خۆی و ڕێکخراوەکەشی لەناو ئەو کەمپینە بوون گرووپی ڕەخنە لە سەرەتاوە بانگەوازی بۆ کردبوو. لە کاتژمێر ١٠ تەلەفۆنم بۆ هات بگەڕێمەوە بەردەرکی سەرا، منیشیان یەکسەر گەڕامەوە بۆ ئەوێ، دەیان گەنج دەهاتن، تا دەهات ئاپۆراکە فراوانتر دەبوو، بە چەند سەد گەنجێکەوە دەستمان پێکرد و تا گەیشتینە بەردەم بینای پارێزگای سلێمانی بووین بە نزیکەی ٢ هەزار خۆپیشاندەر.

دروشمەکانی ئێمە بۆ چاکسازیی و باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو. بەڵام هێزەکانی ئاسایش کەوتنە پەلاماردانی خۆپیشاندەران. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆربەی سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکە پێش ئەوەی بگەنە ناو تەلاری پارێزگای سلێمانی دەستگیرکران، تەنانەت پارێزگاری ئەوسا «دانا ئەحمەد مەجید» ئامادە نەبوو، یاداشتی خۆپیشاندەران وەربگرێت، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر ئاسایشی بە جلی مەدەنییەوە بڵاوکردبووەوە و لە چەند دەقیقەیەکدا زۆربەی خۆپیشاندەرە چالاکەکانیان دەستگیرکرد.

من لە دەستی یەکێک لە پۆلیسەکانی هەڵهاتم، بەڵام کاتێک گەیشتمە بەردەم باخی گشتیی بەرانبەر بە ئوتێل پالاس، چوار کەس کە سیانیان مەدەنی و یەکێکیان عەسکەریی بوو، پەلاماریان دام و بە دەمانچە و کلاشینکۆف کەوتنە لێدانم. بە ڕاستی ئازارێکی زۆرم چەشت، دواتر بە ڕاکێشان بردمیانە ناوەوەی ئوتێل پالاس کە بینیم دەیان ئۆتۆمبیل پڕ کراون لە گەنجانی خۆپیشاندەر و ئامادەیان دەکەن بۆ ئەوەی بیاننێرن بۆ جێگەی مەبەست، «دوایی زانیم جێگەی مەبەست زیندانی کانی گۆمە بوو». هەر لەوێ پەلاماری ڕۆژنامەنووس «ئومێد تۆفیق»یان دا، منیش هاوارم کرد، شەرمە بۆ ئێوە لە ئێمەی ڕۆژنامەنووس دەدەن، هەر ئەوەندەی ئەمەم وت بە دە کەس زیاتر بە دار و کێبڵ کەوتنە سەرم بۆ لێدانم. لێدانێکی زۆرم خوارد و خوێن بە سەروچاومدا هاتە خوارەوە، بەڵام یەکێک لە ئەفسەرەکان کە منیشی نەدەناسی وتی لێی بگەڕێن بەسە، ئیتر دەستیان هەڵگرت، ئەو ئەفسەرە کە ناوەکەی نازانم، بەڵام بەرپرسی ئەمنیی ئوتێل پالاس بوو، ڕێگەی دام بڕۆم.

کە هاتمە دەرەوە، گەنجانێکی کەم مابوونەوە، شەڕە بەرد دەستی پێکردبوو، ویستم گەنجەکان کۆ بکەمەوە، بەڵام سوودی نەبوو، هاتینەوە بەردەم باخی گشتیی و بە تەلەفۆن پەیوەندیمان دەکرد بە برادەرانەوە، بەڵام زۆرینەیان تەلەفۆنەکانیان داخرابوو، دیاربوو زۆربەیان دەستگیر کرابوون، دیسانەوە چەند کەسێک بە جلی مەدەنییەوە چوار دەوریان لێ گرتین، لەو ساتەدا رۆژنامەنووسان «شازین هێرش و ئاسۆ و رێبوار مەحمود» هاتنە لام بۆ ئەحواڵ پرسین، بەڵام ئەوانیشیان لەگەڵ مندا دەستگیر کرد و بردیانینە ژێرزەمینەکەی ئوتێل پالاس. ئەگەرچی مۆبایلەکانیان لێسەندین، بەڵام «رێبوار» مۆبایلێکی شاردبووەوە، بەو مۆبایلەی ئەو پەیوەندیمان کرد بە رۆژنامەنووسانەوە تاکو هەواڵی دەستگیرکردنمان بڵاوبکەنەوە. بیرم دێتەوە من خۆم پەیوەندیم کرد بە «سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم» بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکات بە کاک «عومەر فارس» تا هەواڵی دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانمان لە سایتی «کوردستان نێت»دا بڵاو بکاتەوە.

دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات، هاوڕێکانم ئازاد کران، کەچی منیان گواستەوە بۆ زیندانی کانی گۆمە، بەڵام شەو، سەرۆکی هەرێم، لە رێگەی لقی چواری پارتییەوە پەیوەندیی کردبوو بە کەمپینەکەوە تا لە نزیکەوە نوێنەری کەمپین ببینێت، بۆیە بۆ بەیانییەکەی زوو، دوای ئەوەی پەیوەندییان کردبوو بە کاک «عوسمانی حاجی مەحمود» کە وەزیری ناوخۆ بوو ئەوسا، گوایە من کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆکی هەرێم هەیە، ئازادیان کردم. ئەوەبوو بۆ رۆژی دواتر ١٢ کەس لە نوێنەری رێکخراوەکان بە یاوەریی کاک «عیزەدین بەرواری» چووینە مەسیف سەلاحەدین و دواتریش بۆ سەری رەش، چاومان بە جەنابی سەرۆکی هەرێم کەوت. ئەو زۆر بەڕێزەوە گوێی لە داواکانمان گرت و ئێمەش زۆر شتمان لە بارەی گەندەڵی و ناعەدالەتییەوە بۆ جەنابیان خستەڕوو.

ئەم خۆپیشاندانە لە کاتێکدا روویدا، کە ئیدارەی شار، بە تەواوەتی لە دەستی ئەو باڵی ریفۆرمەدا بوو، ئێستا بووەتە بزووتنەوەی گۆڕان. مەڵبەند و ئاسایش و پارێزگار و وەزارەتی ناوخۆ و زۆربەی یەکە ئیدارییەکانی شار و بەڕێوەبەرایەتیی و دەزگا حکوومییەکانی سلێمانی بەدەست باڵی ریفۆرمەوە بوو، زۆرینەی وەزیرەکان سەر بەو باڵە بوون. ئەوان نەک خزمەتیان بە خەڵک نەدەکرد، بەڵکو بە توندترین

شێوە سەرکوتی ئەو دەنگە ناڕازییانەیان دەکرد داوای چاکسازیی و گۆڕانکارییان دەکرد. هەر لە رۆژانی خۆپیشاندانەکانی ئەوسای پارێزگای سلێمانی چەندان بریندار و سەدان زیندانیکراو هەبوون لە جەماوەری خۆپیشاندەر، لە کاتێکدا وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری ئاسایش و خودی پارێزگار لە گۆڕانخوازەکانی ئێستا بوون. هەرچەندە باسەکەی ئێمە ئەوە نییە، بەڵام هەر کات ئەو رۆژانەم بیر دێتەوە، هێندەی تر گوومانم لە هەمبەر ئەجینداى گۆڕان بۆ دروست دەبێ، چوونکە گۆڕان و چاکسازیی ریشەیی کوجا مەرحەبا.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٢٨»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-٩-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

# کاک مەسعود بارزانی هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین

ساڵی پار دوای ئەوەی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، من لەلایەن ئاسایشەکانی سەرۆکی هەرێمەوە لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/١٣ دەستگیرکرام و ئەشکەنجەیەکی باشیش درام، بەڵام بۆ دوو ڕۆژ دواتر وەک ئەندامێکی سەرەکی شاندێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربووم لە سەردانێک بۆ لای سەرۆکی هەرێم کە تەوەری کۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بە هەمان پرسی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە تێروتەسەلی باس لە هەلومەرجی کوردستان و فاکتۆرەکانی ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییە کرا و ئێمەش وەک نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕوانگە و پێشنیار و داواکارییەکانمان خستەڕوو، ئەوەی بەلای منەوە جێگەی دڵخۆشیی بوو ئەوەبوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر دەفتەرێکی تێبینی ڕا و داواکاریی و پێشنیارەکانی ئێمەی دەنووسی!.

پێموابوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر ڕاسپاردەکانمان بە خێرایی چەند لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و چارەسەر دروست دەکات!!، لێ بەداخەوە ئەو سەردانەی ئێمەش هیچ جێگەیەکی نەگرت، لەو دیدارەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم زۆر بەڵێن و قسەی جیددی کرد کە تەواو دڵخۆشکەر بوون، من تاکە کەسی ناو ئەو کۆبوونەوەیە بووم دەفتەری ڕۆژانەکەی خۆم دەرهێنا و دەستمکرد بە یادداشتکردنی وتەکانی کاک مەسعود بارزانی کە ئەم کارە وا سەرقاڵی کردم

خەریکبوو ئەوەم لە بیر بباتەوە پشتمی نیشان بدەم چۆن پۆلیس و ئاسایشەکانی وی لە سلێمانی بە دار و کێبڵ شینیان کردبووەوە. جەنابی سەرۆکی هەرێم لەو کۆبونەوەیەدا بۆ ماوەی ٣٣ خولەک قسەی بۆ کردین و لە ناو قسەکانیدا زۆر وەعد و بەڵێن و شتی جیددی هەبوون کەم ن لێرەدا گوڵبژێرێک لەو قسە و بەڵێنانە بەبیر دەهێنمەوە و دەیخەمە روو:

- **من دەزانم مافیا دروست بووە، لێیان دەدەم یان من لادەچم یان ئەوان، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت.**
- **من هەوڵدەدەم بۆ دیموکراسی ئەگەر پێم نەکرا بەڵێنتان دەدەمێ لە پەرلەمان رایدەگەیەنم.**
- **من لەئێوە زیاتر گلەییم هەیە، رەنگە ئێوە موراعاتی منتان کردبێت.**
- **ئێمە ئینقلابچی نین، ئێمە پێشمەرگەین بە دەنگی ئێوە و جەماوەر لامانبەن.**
- **من حەز دەکەم خۆپیشاندان هەبێت، بەڵام نەچێت دەستدرێژیی بکاتە سەر نەخۆشخانە.**
- **من داوای یارمەتی لە ئێوە دەکەم هاوکاریی ئێمە بکەن چوونکە دەمانەوێ بەرەو مەدەنیەت برۆین.**
- **بە مەسەلەکانی قەزا و پەرلەمان و گەندەڵیدا دەچینەوە.**
- **ئەگەر ئەم دەستەڵاتە بوو بە دیکتاتۆریی لەگەڵ ئێوەدا خۆپیشاندان دەکەم و ئامادە نیم سەرکردەی دیکتاتۆریی بم، ئامادەش نیم لە ژێر سایەیدا بژیم.**
- **من دیفاع لە پارتی و یەکێتی ناکەم کە بێگوناهن، بەڵام نابێت خەباتەکەیان سووک بکرێت.**
- **ئەگەر هەر چەوساندنەوە هەبێت لە کوردستاندا کەواتە باهەر دوژمن بێت.**
- **من داواتان لێدەکەم ئەگەر یارمەتیم بدەن و شتەکانم بە بەڵگەوە بدەنێ ئەو بەڵێن بێت ئەو نهێنییە لای خۆم دەپارێزم، بەرپرسێکی تێکۆشەر هەقە خانوویەکی هەبێت، بەڵام هەقی دوو خانووی نییە.**
- **دەبێت ئێمە دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین هەرچەندە ئاسان نییە.**
- **دەبێت میزانیە دیار بێت و نایەڵم ئاسایش تەداخول بکات لە ژیانی خەڵکدا،**

**ئەگەر لە ترسی تیرۆر نەبێت بەیانی ناهێڵم ئاسایش بمێنێت.**

- **من بە قەناعەتەوە باوەڕم بەم قسانە هەیە و لە ژێر فشاردا نییە چوونکە من باوەڕم بە دیموکراسی و بە دەزگاییکردنی حکومەت هەیە.**

ئەگەر سەیر بکەین و ساڵێک دوای ئەم قسانە بە پێشان بەراورد بکەین، نەک بە دەستێکی پۆڵاین لە گەندەڵیی نەدراوە بە پێچەوانەوە گەندەڵیی زۆر زیاتر جەستەی دەستەڵاتی گرتووەتەوە و هەنگاوەکانی داڕزاندووە، ئەگەر سەیر بکەین مافیاکان نەک لە زیندان نین بەڵکو لە جاران زیاتر پلەیان بەرز بووەتەوە و لە هەڕەمی دەستەڵاتدا شانیان لەسەر سەرینێکی پەڕ داداوە و لە کەشێکی شێدار و لەباردا سەروەتی وڵات حەپەلوش دەکەن، ئەگەر سەیر بکەین نەک یەک هەنگاو بۆ بە دەزگاییکردن و رێکخستنی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتەکان نەنراوە بەڵکو زۆر زێدەتر لە جاران پاشاگەردانی و رۆتین و بیرۆکراتیەت باڵی کێشاوە بەسەریاندا، ئەگەر سەیر بکەین بەرپرسەکان نەک خانوویەک و دووان دەیان ڤێلا و باڵەخانە و بازاڕی هاوچەرخیان هەیە و کردووەتەوە، هەر دوای قسەکانی سەرۆکی هەرێم هەراشانەتر لە پێشان بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی خانووە سیحراوییەکانی خۆیان لە جەرگەی شارەکاندا قووت کردووەتەوە، ئەگەر سەیر بکەین نەک ئاسایش تەداخول لە ژیانی هاووڵاتیدا دەکات، بەڵکو بە شەق و مشتەکۆڵە رۆژنامەنووس رادەکێشێت بۆ ژووورە تاریکەکانی زیندان.

ئەگەر سەیر بکەین میزانیە نەک هەر دیار نییە و شەفافیەت لە ئارادا نییە لە چۆنێتی خەرجکردنیدا بەڵکو هەمووومان تووشی شۆک بووین کە بودجەی ئەمساڵی حکومەت کورتی هێنا بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکی ئەوتۆ و ستراتیژیی ببینین لەسەر ئەو بودجەیە جێبەجێ کرابێت، ئەگەریش سەیر بکەین ئەم دەستەڵاتە بووە بە دیکتاتۆریی و هەرچی رێکخراوە جیهانی و باوەڕپێکراوەکانی مافی مرۆڤ و چاودێریکەری ئازادییەکانە، دەستەڵاتی کوردستان تاوانبار دەکەن بە سەرکوتی سیاسیی و خەفەقاندنی مافەکانی مرۆڤ، ئەو رێکخراوانە لە چەندین راپۆرتی جیاجیا و ئامادەکراوی خۆیاندا پارتی و یەکێتی بە پێشێلکارێکی هەرە دیاری ماف و ئازادییەکان ناوزەد دەکەن لە تەواوی ناوچەکەدا! سەرۆکی هەرێم نەک هەر نەهاتە پەرلەمان بەڵکو هەر باسیشی لەبەر نییە بە دوو رستە ئیدانەی ئەو

تاوان و پێشێلکارییانە بکات و بەڵێن بدات بۆ بەگژاچوونەوەی سەرکوتی سیاسیی و فیکریی. ئەگەر زەین بدەینێ ڕێکخراوەکان چەندان داتا و دیکۆمێنتیان لەسەر گەندەڵییەکانی بواری سووتەمەنی و کارەبا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردەوە، بەڵام سەرۆکی هەرێم نەک لیژنەی لێکۆڵینەوەی دروستنەکرد بگرە بە نامەیەک سوپاسی هەوڵی ڕێکخراوەکانی نەکرد و زۆر لەوە دڵنیاشم جەنابی سەرۆک هیچ کام لەو ڕۆژنامانەی نەبینیوە جا نەخاسمە خوێندبنییەوە!.

ئەگەر دوای ساڵێک واقیعی کوردستان لە بێژنگ بدەین، جەنابی سەرۆکی هەرێم لە بری داکۆکی لە هاووڵاتییە بەشمەینەتەکانی وڵاتەکەی هەر غەمی پارتەکەی خۆی دەخوات و زۆر لە جاران پەرۆشانەتر داکۆکی لە پارتی و یەکێتی دەکات بە هەموو گەندەڵیی و پۆخەڵەواتەکانیانەوە، ئەگەر سەیر بکەین دوای ساڵێک کاک مەسعود نەک هەر نایەت لەگەڵماندت خۆپیشاندان بکات بەڵکو پۆلیس و ئاسایشەکانی وی لە زاخۆوە تا خانەقین ڕێگە لە خۆپیشاندانەکانمان دەگرن و هۆڵەکانی زیندانیان بۆ ساز و ئامادە کردووین! ئەگەر سەیر بکەین دوای ساڵێک لە بری دەخلی تاکەکەس و فەرمانبەران بەرز بکرێتەوە کەچی لەم ڕۆژە ڕەش و گرانییە ئەفسووناوییەدا لە ژێر ناو و بە پاساوی تەقەشوف و بنبڕکردنی گەندەڵی موچەکانیان کەم دەکرێتەوە! دوای ساڵێک نەک هەر ناوێرین باسی گۆڕینی دەستەڵاتی کوردیی و گۆڕینی ئەم دەور و دوکانە بکەین، بەڵکو لەسەر داوای ریفۆرم و گۆڕانکارییکردنی لاوەکی لە سیستمی ئیداریی و سیاسیی دەبرێینە بەردەم دادگا و نانبڕاو دەکرێین و بەربەست و کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم کارەکانمان دادەنرێت، هەندێ جاریش دەکەوینە ژێر پێ لەقەی ئاسایش و پۆلیسەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم و بە ڕاکێشان و جنێودان فڕێمان دەدەن پشتی ئۆتۆمبیلەکانیانەوە بۆ زیندان.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم، من و هاوڕێکانم وەعد و بەڵێنەکانی تۆمان لە یادە و لە بیرمان نەکردووە، ئێمە وا نەڕۆیشتینەوە بەڵێنەکان لە سەقفی ژووری کۆبوونەوە بگیرێن و نەیەنە دەرەوە بۆ سەرزەمینی واقیع، بۆ ئەوە نەهاتین سەیرانێکی سەری ڕەش بکەین، بەڵکو هاتین بۆ ئەوەی تەگبیرێک بکەین بۆ ئەم دۆخە ئاڵۆز و شێواوە. ئێمە نەهاتین بەڵێنی جێبەجێ نەکراو لەگەڵ خۆماندا بێنینەوە، هاتین تاوەکو گرەنتییەک لە بەرزترین دەستەڵاتداری وڵات وەربگرین بۆ

گۆڕان و چاکسازیی و ریشەکێشکردنی گەندەڵیی و نەخۆشییەکانی تری بواری ئیدارە و بەڕێوەبردن و سیاسەتکردن، ئێمە نەهاتین ژەمێکی تێروپڕ لە مۆدێرنترین رێستۆرانەکانی وڵات بخۆین و بخۆینەوە لەولاشەوە هەزاران کەس وێڵی پەیداکردنی سادەترین جۆری خواردن و خواردنەوە بن، تەنانەت من نەمتوانی یەک تیکە نان چییە بیخۆم، چوونکە بەر لە هەفتەیەک لەو سەردانە بە ئەرکێکی رۆژنامەوانیی چوومە ئۆردوگای سمودی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، ئەو تراژیدیایەی لەوێ بینیم یەک راستی لا سەلماندم: ئەنفال کۆتایی نەهاتووە بەڵکو مۆدێلێکی تر لە ئەنفالی رۆحی و دەروونی لەلایەن خودی دەستەڵاتی کوردییەوە درێژەی پێدەدرێت، ئەو دیمەنە جەرگبڕەی لە سمود بینیم رێگەی لێگرتم لەسەر ئەو سفرە پڕ نیعمەتە کەوچک و چەتاڵ بگرم بەدستمەوە و بە بزەیەکی درۆزنانەوە بەدەم لێپرسراوانەی کوردەوە پێبکەنم و بخۆم و بخۆمەوە.

ئێمە نەهاتین تا لە هیران هەنگوین و ربەهەنار و گوێز و چوالە بکڕین، بۆ ئەوە هاتین قسە بگۆڕین بۆ کردار، بۆ ئەوە هاتین بەڵێنەکان بگۆڕین بە هەنگاو، بۆئەوە هاتین گوێمان لێبگیرێ نەک ئامۆژگاریی بکرێین. بۆ ئەوە نەهاتین چەند دانە وێنە بگرین بۆ یادگاریی لە ئەلبوومی یادەوەرییدا هەڵیبگرین، هاتین یادگارییەک بەجێبهێڵین لە مێژووی پیادەکردنی دیموکراسی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە رووەو کۆمەڵێکی مەدەنی و بەرهەمهێن و زیندوو و ئامادە. بۆ ئەوە نەهاتین داوایەکی شەخسیی و تەنانەت رێکخراوەیی لە ئێوە بکەین، بۆ ئەوە هاتین دادوبێداد و هاوار و گلەیی و بێزاریی چوار ملیۆن کەس بگەیەنینە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی هەرێم و هەموو لایەک لە ئاکام و مەترسییەکانی داهاتووی بەردەوامبوونی گەندەڵیی و نایەکسانی لە دابەشکردن و پشتکردنە خەڵکی لایەنی دەستەڵاتەوە ئاگادار بکەینەوە و بە گوێی بەرزترین کەسی نێو دەستەڵاتیدا بدەین. بۆ ئەوە نەهاتین زەوی وەربگرین، گلەیی لە بەر و دراوسێ بکەین، چاوپۆشیی لە ناعەدالەتی بکەین، هیچ دیارییەکی بەرجەستەشمان پێ نەبوو، ئێمە هاتین مەسجی جەماوەری بێدەنگکراو و ترسێنراو بگەیەنینە بەرزترین ناوەندی بڕیار لە کوردستاندا، هاتین بڵێین بەسە گەندەڵیی، بەسە بێ یاسایی، بەسە گوشینی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەسە حکومی حزبیی و عەشیرەت و دەستە و بنەماڵە، بەسە ئەو ئێمەیجەی

لە کوردستان بووەتە رەنگ و سیمای دەستەڵات و ئیدارە لەم وڵاتەدا، هەرئەم مەسجەش بوو دیاریی دەستمان.

جەنابی سەرۆک ئێمە هاتین بۆ ئەو داوا و داخوازییانە، ئیدی نازانم تۆ ئێمەت بۆچی بانگهێشت کرد؟ چوونکە ئەوەی تۆ ئەویَ رۆژیَ بەڵێنت پێداین نەک هەنگاوی بۆ نەنراوە بەڵکو هەر سەرکردەکانی پەنا خۆت بە دەنگی بڵند و بیَ پچڕان وەک موعەلیقی فوتبۆڵ ئەو هەنگاوانە بە کارێکی شێتانە و مەحاڵ لە قەڵەم دەدەن!!. جەنابی سەرۆکی هەرێم ئێمە هەر هەموومان چاوەڕوانی ئەو هەنگاوانە لە تۆ دەکەین، ئایا لەبیرت کردوون یان هەر ئێمەت پیَ بەڕیَ کرد؟ هەرچییەکیان بێت بێگومانم لەوەی باجی قورسی لە دوایە، چون ئەگەر ئەمڕۆ هاووڵاتییەکانت بەیداخی ئەنفال و جینۆساید و ئاڵای عێراقی عروبە لە پەنا تەخت و پەرلەمانەکەتدا هەڵبکەن دوور نییە سبەی، چیاکان بگرن، سەنگەر لە دەستەڵاتەکەت بگرن، گوللە بەو سەرەوەرییانەوە بنێن کە بووە بە رەمزی ئەوەی ناوتان ناوە ئەزموونی کوردستان، هیچ یەکێک لەمانە دوور و مەحاڵ نییە چون لەنێو سیاسەتدا تەنیا مەحاڵ مەحاڵە ئیدی هەموو شتێکی تر دەکرێت رووبدات. جەنابی سەرۆک خەریکە ردێنمان سپی دەکەین بە دیار وەعد و بەڵێنە وەهمیەکانتانەوە، کەواتە رێم پێبدە لە خزمەتتدا بێژم: تکایە کاک مەسعود بارزانی هەموو هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین کە وابزانم هەرگیز نایەن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤٢)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە ئابی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# هەواڵێکی بەپەلە.. پارتی و یەکێتی یەکدەگرن

باش لە بیرمە ساڵی ٢٠٠٠ لە میانەی کۆڕێکدا لە هۆڵی رۆشنبیریی شاری سلێمانی وتم: پارتی و یەکێتی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە شایەنی باسکردن بێت!، وتم: پارتی و یەکێتی یەک ستراتیژ و خەونیان هەیە، بەڵام بە تاکتیک و رێگای جیاواز، بە لەسەرکردنی دەمامکی رەنگ جودا، هەروەک چۆن خەونی ئوسامە بن لادن و یوسف قەرەزاوی، مەلا کرێکار و عەلی باپیر هەریەک خەونە!! هەرچەندە تاکتیکەکانیشیان جیاوازە لە یەکتر. سروشت و خەون و ستراتیژی پارتی و یەکێتی هەریەک شتە، باوەڕ ناکەم جیاوازییەکی وەها هەبێت ئێمە دەرکمان نەکردبێت یان هەستمان پێ نەکردبێت. ئەوێ رۆژێ وا نەدەبینرا ئەم دوو حزبە جمکی سکی گەندەڵیی و دیکتاتۆرییەت بن یان هەردووکیان قوتابی یەک قوتابخانە بن وەک یەک پەروەردە بووبن و گەشەیان کردبێت، خەریکبوو لەو کۆڕەدا پەلامارم بدەن و بمکەنە دەرێ. یەکێک لە کادرەکانی یەکێتی هەستایە سەرپێ و بە تووڕەییەوە وتی: ئەو قسەیەی جەنابتان وەک ئەوە وایە بڵێی تامی سێو و پرتەقاڵ هەر یەک تامە، لە بەرسڤدا بە شۆخییەکەوە وتم: کاکی برا ئێمە باسی رووەک و میوە و کێڵگە ناکەین بەڵکو باسی دوو پارتی سیاسیی دەکەین ئەوەندەی خاڵی لێکچوویان هەیە نیو هێندە جیاوازییان لە تەک یەکتردا نییە. خەڵکانێک پەیدا بووبوون دەیانویست بە زۆری زۆرداریی یەکێتی بکەنە نوێنەری باڵی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازی کۆمەڵ و (پارتی)ش بە تەوژمە کۆنخواز و کۆنسەرڤاتیڤەکەی.

ئیمڕۆ ئەم دوو حزبە بە تەواوەتی و روونی ماهیەت و گەوهەریان

دەرکـەوتـووە، دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و لێک نێزیکبوونەوە پلان یان ڕێکەوتنێکی ستراتیژییان گرێداوە بۆ ماوەی دە ساڵ کە بە یەک لیست و یەک دەست بەشداریی لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بکەن و هاوپەیمانی یەکتربن لە هەر دۆخ و پێشهاتێکی نوێدا، لە ناوەند و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هـەردوو حزبیشەوە باس لەو هاوپەیمانێتییە دەکرێت، تاکو ئەو ئەندازەیەی (محەمەدی مەلا قادر)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە دیمانەیەکی گۆواری (بزاو)دا دەڵێت (دوور نییە لە داهاتوودا یەکێتی و پارتی ببنە یەک) -١- لەلایەکی دیکەشەوە باس لە یەکگرتنی هـەردوو دەزگای پاراستن و زانیاریی دەکرێت. هاوڕێیەکم لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم مانشێتەدا تووشی شۆک بوو، چۆن دەبێت ئەو کارە ڕووبدات؟ ئەی کەواتە ئەو هەموو شەڕ و خوێن و کوشتارەی لە نێوانیاندا بوو لە پای چی و بۆچی؟ ئەز زۆر بە ئاسایی بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەوەی کۆی دیمانەکە، چون بە لای منەوە نە شۆک و مایەی سەرسوڕمانە نە ئەگەرێکی دوور و ئەستەم!. لەبەرئەوەی پێشوەخت لەوە تێگەیشتبووم پارتی و یەکێتی لە ناونان و هەندێ دروشم و گووتاری لاوەکیدا جیاوازن ئەگەرنا بەشێوەیەکی گشتیی دوو زڕە درەختن و هێندەش لە یەک دەچن هەر دەڵێی لەبەریەک گیراونەتەوە.

بیرمەندی ناسراو (ئالن بەدیۆ) بەراوورد لە نێوان کۆمۆنیزمی سۆڤێتی و فاشیزمدا دەکات و لە ئاکامدا دەگاتە ئەو بڕوایەی لە نێوانیاندا چ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، سەرباری ئەوەی دەریایەک خوێن لە ئەنجامی دوژمنایەتی نێوان هەردوولایاندا ڕژێنراوە، بەدیۆ دەڵێت (فاشیزم و کۆمۆنیزم کە بە ڕواڵەت دژ بە یەکن، بە تەواوەتی چوون یەکن!!، هەردووکیان لە خانەی تۆتالیتاریزمدان!!). پارتی و یەکێتی کە بە ڕواڵەتیش لە یەکەوە دوور نین و بە حیساب ئەمیان نوێنەری ناسیۆنالیزمێکی خێڵەکیی و ئەویان سۆسیالیست دیموکراتە، بەڵام لە سترۆکتۆردا هەردوولایان دوو تەوژمی چوون یەک و دیکتاتۆرین و بەرپرسیارن لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی تاکو ئێستا بەسەر مرۆڤی کورددا هاتووە و دەهێنرێت. ئەگەر پارتی و یەکێتی لێک جودان چۆن لە هەڵبژاردنەکاندا بە یەک لیست بەشداریی دەکەن؟ ئایا دەکرێ یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان کە یەکەمیان پارتێکی ئایینی و ئەویتریان بێ ئاینە بە یەک لیست و بەرنامەوە بچنە

پای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە؟ گەر ئەم کارە روویدا هەڵبەتە لایەکیان دەستبەرداری بیروباوەڕ و ئیدۆلۆژییەکەی بووە و وازی لێهێناوە لە پێناوی پێکەوە گونجان و پڕۆژەی هاوبەشدا.

ئەگەر زەین بدەینێ لە باری واقیعییەوە پێویست بەخۆ ماندووکردن ناکات، تا بەدووی دیوە لێکچوو و هاوبەشەکانی ئەو دوو حزبەدا بگەڕێین، چون ئەوان هەردووکیان وەک یەک تاوانبارن لە بەرپاکردن و خرۆشاندن و خۆشکردنی ئاگری جەنگی ناوخۆی کوردستاندا، وەک یەک تاوانبارن لە دیل کوشتن و خانوو رووخاندن و دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی نەیارانیاندا، وەک یەک تاوانبارن لە گەندەڵیی و دزیی و راورووت و دادۆشینی سامانی نیشتمانی وڵاتدا، وەک یەک تاوانبارن لە سەرکوتی سیاسیی و فیکریی و پەلاماردانی ئازادییدا، وەک یەک تاوانبارن لە کلکایەتی و نۆکەرایەتی بۆ داگیرکەرانی کوردستان و راکێشانی دەستی سوپاکانیان بۆ نێو قووڵایی خاکی وڵاتی دابەشکراو. وەک یەک تاوانبارن لە فێڵ و تەڵەکردن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر و بەکارهێنانیان بۆ هێنانەدی مەرامەکانیان، وەک یەک تاوانبارن لە باوەشکردنەوە بۆ کۆنەجاش، کۆنە بەعسیی و عەرەبی شۆڤێنیی و ئەنجامدەرانی کوشتارگەی ئەنفال و ژینۆساید و دروستکردنی پەناگە و لانەی ئارام و پڕ لە ئاسایش و نیعمەت بۆیان.

وەک یەک تاوانبارن لە چاوپۆشیکردن لە ئابڕووچوون و عەنتەریات و خولە جەخماخەیی و گەندەڵیی بەرپرسان و باج و سەرانە سەندن لە هاووڵاتیانی بێ پشت و پەنا، وەک یەک تاوانبارن لە بە فیڕۆدانی سەرەوتی نیشتمانی و هەرزانفرۆشیی وڵاتدا، وەک یەک تاوانبار و بەشدارن لە داسەپاندنی دەسەڵاتی رەها و هەژموونیان دا، وەک یەک تاوانبارن لە دروستکردنی رەشبینیی لای هاونیشتمانیان و ئازاردانیان بە نەبوونی خزمەتگوزاریی و پێداویستییە سادە و سەرەتاییەکان، وەک یەک تاوانبارن لە پێکهێنان و خستنەگەڕی دەیان هێڵ و تۆڕگەلی نهێنیی و سیخوڕیی بۆ چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ و هەڵسوکەوت و شێوە بیرکردنەوەی سەرجەم خەڵک، وەک یەک تاوانبار و بەشدارن لە هەڵچنینی دیواری قەڵاکانی ستەمکاریی و زیندانە تاریک و نوتەکە نهێنی و ئاشکراکاندا، وەک یەک دەزگای سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەریان هەیە (دەزگای پاراستن و زانیاریی)، وەک یەک

سەرچاوەی ئابووری و داهاتی وڵات دادەدۆشن، وەک یەک نەیارە سیاسییەکان تیرۆر و ئەشکەنجە دەکەن، وەک یەک هەڵدەکووتنە سەر نووسینگەی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان و بە شەق و زللە و وەک تاوانبار مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسدا دەکەن، وەک یەک لە بەغداد سەرشۆڕ دەکەن و کۆیلایەتیی چوار ملیۆن کورد رادەگەیەنن لە چوارچێوەی عێراقی شەڕ و کابووسدا.

وەک یەک لە پایتەختی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا زەلیل و زەبوونن و لە وڵاتی خۆشیاندا قارەمان و پاڵەوان، وەک یەک ئەم وڵاتە کاول دەکەن و دەیکەن بە دۆزەخ، بە قەد یەک تاوانبارن لە هەر ناهەقی و تاوانێکدا بەرامبەر بە هاووڵاتی کورد ئەنجام دەدرێت، وەک یەک تاوانبارن لە گەدابوونی هەر کەسێک و برسێتی هەر برسییەک و نائومێدیی هەر مرۆڤێکی کورددا، وەک یەک دەپەیڤن و وەک یەکیش هەڕەشە دەکەن و پێدەکەنن، کە تووڕەبوون وەک یەک وان و دنیا خاپور دەکەن، هەر کەوتنە تەنگانەوە بە یەک گووتار و حەماسەتەوە داوای هاوکاریی لە میللەت دەکەن، هەر کاتیش مەترسییان لەسەر نەما وەک یەک و بە یەک قەسەب خوێنی ئابووری وڵات هەڵدەلووشن. ئەم دوو حزبە تەنیا لە ناو و شکڵدا لێکجودان، ئەگەرنا هەردووکیان یەک ناوەڕۆک و روئیا و ئامانجیان هەیە، ئەزموونی سەقەتی شانزە ساڵەی دەستەڵاتیان ئەگەر یەک مانا و رستەی دابێت بە دەستەوە ئەوە بووە: ئەو دوو زلحزبە زۆر زێدەتر لە راددەی دوو منداڵی جمک (دووانە) لە یەکدی دەچن نەک شتێکی جیاواز لەمە.

(لێنین) لە سەروەختی پەرش و بڵاویی و لێکترازانی حزبەکەیدا وتی (ئێمە پێویستیمان بە یەکگرتنی مارکسیستەکان هەیە، نەک یەکگرتنی مارکسیستەکان لەگەڵ دوژمنانی مارکسیزم و تێکدەرانیدا). ئیمڕۆ لە کوردستان و دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٨٥ ساڵ بەسەر ئەو وتەزایەی (لێنین)دا سەرکردە سیاسییەکانی دوو حزبە سەرەکییەکە هاتوونەتە سەر رایەکی لێنین و دەڵێن پێویستیمان بە یەکگرتنی گەندەڵەکان خۆیان بەتەنێ هەیە نەک یەکگرتن و لێک نزیکبوونەوەیان لەگەڵ ناگەندەڵ و چاکسازیخوازەکان. کەواتە جێی خۆیەتی هەر لە نووکەوە پیرۆزبایی خۆم بۆ ئەو دوو حزبە بنێرم بەڵام لەگەڵ ئەوەدا تکایەکم هەیە: ئەو رۆژەی یەکگرتنەوەکەتان راگەیاند لە تەلەفزیۆنەکانەوە مەڵێن ئەمڕۆ رۆژێکی مێژوویی یان

جوگرافییە و مەشڵێن سەرەتایەکی گرنگە و هەنگاوێکی نوێیە چوونکە ئێوە زۆر لە مێژە یەکتانگرتووە لە دژی بەرژوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تکاش دەکەم هیچ ئاهەنگێک بەو بۆنەوە ساز مەکەن، چوونکە ئەو رۆژە رۆژی قورپێوانی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکە و رەحمەت دەنێرین بۆ کفن دز.

پەراوێز:
١- گۆواری (بزاو) ژمارە (٩) یەکشەممە – ٥ ئابی ٢٠٠٧ – لاپەرە ٣٢

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٦)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ٩/٥/ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# یەکێتی سۆسیال دیموکراتە یان سۆسیال قوربانی؟

**دەبێت بزانین نابێت ببینە دیلی ئەوانەش کە خۆشمان دەوێن**

رۆمەن رۆلان

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە یەک حزبی یەکگرتووی مەرکەزیی نەبووە، بەڵکو فرە بنکە و کۆکتێلێک بووە لە چەند فراکسیۆنێکی سیاسیی جیاواز، دکارێت بوترێت ئایدۆلۆژیای مارکسیزم / لینینیزم خاڵی هاوبەشییان بوو. هەریەک لەو سێ تەوژمە سەرەکییەی ئەوێ رۆژێ (یەکێتی)یان پێکهێنابوو لەسەر ستراکتۆر و ئایدیای چەپڕەویی و بیرۆکەی سۆسیالیزم دامەزرابوون. کۆمەڵە و خەتی گشتیی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی هەرسێکیان لەوەدا کۆک بوون ئامانجی درێژخایەنیان (دوای هەڵگیرانی ستەمی نەتەوەیی) بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستییە کە تیایدا جیاوازییە چینایەتییەکان تێکشکێنرابن. ئەجێندای سیاسیی و رێکخراوەیی ئەم سێ رەوتە لە کۆتاییدا هەر ئەو ئەجێندایە بوو هەر حزبێکی تری کۆمۆنیست لە وڵاتانی تری دنیادا خستبوویانە رۆژەڤەوە. زیاتر لە پانزە ساڵ یەکێتی خۆی بەنوێنەری مارکسیزم/ لینینیزم/ ماویزم لە کوردستاندا دەزانی و لە هیچ کەسی قەبووڵ نەدەکرد لە چەپایەتیدا لەو خۆی بە تۆختر بزانێت و ببێتە دەمڕاستی چینی کرێکاری کوردستان!!. بەڵام لەگەڵ

هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت و بەسەرچوونی ئەو مۆدیلە روسییە لە چەپڕەویی و مارکسیستی، سەرکردایەتی یەکێتی تووشی شڵەژان بوون، هەموو فراکسیۆنەکان لە جاران جیددیتر لە یەکتر نێزیکبوونەوە تا لە خاڵێکی ئایدۆلۆژیی هاوبەشدا پێکبگەنەوە و دابەشبوون لە ریزەکانیاندا روو نەدات. ئەوەبوو خوا وەکیلانە بیردۆزی سۆسیال دیموکراتی کرایە ئەو خەتە سیاسییەی یەکێتی دەبێتە نوێنەری و پەیڕەوی مەبدەئەکانی دەکات.

لەوێوە (ی.ن.ک) وەک حزبێکی سۆسیال دیموکرات خۆی ناساند و هەوڵیدا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سۆسیال دیموکراتی جیهانیی نێزیک ببێتەوە و وەک ئەندامێکی فەرمی و سەرەکی لە سۆسیال دیموکرات وەربگیرێت، بەم دواییانەش ئەم خواستەی یەکێتی هاتەدی و پارتەکەیان بە ئەندامی فەرمیی و سەرەکیی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ وەرگیرا. ئەگەر بە پێی ئیدعای میدیا و لێدوانی فەرمیی یەکێتی و واقیعی ئەو کۆڕە جیهانییە بێت یەکێتی یەکێکە لەو حزبانەی دنیا هەڵگری تیۆر و مەبدەئەکانی سۆسیال دیموکراتییە، یەکێتی لەو پێناوەدا زۆرێک هەوڵیداوە تاکو بیسەپێنێت بەسەر دەور و بەرەکەیدا: پارتێکی پێشڕەوی سۆسیال دیموکراتی کوردە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە لە باری تیۆرییەوە بوون، دەنا لە پراکتیکدا یەک هەنگاویان لێ نەبینراوە. لە شاری سلێمانی باخچەیەک دەکەنەوە بە ناوی (ئۆلف پالمێ)!!، بەڵام لە پەنا ئەودا بیرۆ کۆمەڵایەتییەکانی حزب جێگای دادگاکانیان گرتووەتەوە و کۆمەڵگەش لە رووی یاسایی و ئیدارییەوە لە پاشاگەردانیدا دەژی. ئەگەر مەسحێکی مەیدانی بکەین بە رەوشی ژیان و گوزەران و سیستمی ئیداریی و کولتووریی و سیاسیی لەژێر دەستەڵاتی ئەو حزبەدا نەک یەکێتی لەگەڵ ئایدیاکانی سۆسیال دیموکراتیدا نەهاتۆتەوە، بەڵکو رەفتار و بیرکردنەوەی سیاسیی یەکێتی سەد دەر سەد دژ و پێچەوانەی فەرهەنگی سیاسیی سۆسیال دیموکراتییە.

ئەو بابەتەی لێرەدا جێی مەبەستمە لێرەدا، پرسی نەخۆشیی (مام جەلال)ە!!. کە دوای تێکچوونی باری تەندروستی گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری (عەمان)ی پایتەختی شانشینی ئوردون. پاش چەند رۆژێک لە چارەسەر مام جەلال هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و رایگەیاند دۆخی تەندروستی باش و جێگیرە و لە ماوەیەکی زۆر نێزیک و کەمدا دەگەڕێتەوە بۆ «کۆڕی خەباتکردن». ئەم وێنایە

خۆشحاڵیی لای جەماوەری کورد دروستکرد و جەماوەر بە چەند ڕێگەیەک هەست و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی، بەڵام لەهەموو ئەو دەربڕینانە سەیرتر لێشاوێک قوربانی و مەڕ سەربڕین بوو بۆ شیفای جەنابی سەرۆک کۆمار!! هێندەی من ئاگاداربووم و لەلای خۆم ئامارم کردووە تا کاتی نووسینی ئەم وتارە ٦٣١٧ مەڕ کراون بە قوربانیی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی بندەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان!. لەلام ئاساییە خەڵکانێک باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هەیە و شوێنکەوتووی ئەو دینەن بە کردەی قوربانیکردن هەستن، بەڵام نائاسایی و ناسروشتییە حزبێکی بە حیساب سۆسیال دیموکرات بە بەرنامەیەکی داڕێژراوی چڕوپڕ سەدان مەڕ بەسەر شار و گوند و فەرمانگەکاندا ببەشێتەوە بۆ قوربانی و کەناڵێکی تەلەفزیۆنیش بخاتە خزمەتی پەخشکردنی دیمەنی سەربڕینەکانەوە. کەس گلەیی لەوە نەکردووە هەستی شادیی دەرببڕدرێت، بەڵام ناکرێت مەراسیمی یەکی ئایار لە بری سروودی ئینتەرناسیۆناڵ بە چەند ئایەتێک لە قورئان دەست پێبکات، ئاخر سۆسیال دیموکرات و قوربانی بۆ سەرۆک لە قوتووی کام کۆنە عەتتاردا جێی بووەتەوە؟ دەکرا هەست و شادییەکان بە داگیرساندنی مۆمێکی ڕەونەقدار یان چالاکییەکی مەدەنی یاخۆ نمایشێکی جوان و ئیستاتیکیی دەربڕدرانایە، مۆدێلێک لەگەڵ ئەو دیعایەتانەدا یەکانگیر بوایە حزبەکە بانگەشەی بۆ دەکات و خۆی پێوە بادەدات.

ئەو قوربانیکردن و مەڕ سەربڕینە نەریتێکی هێندە دواکەوتوو و ناشارستانییە تەنانەت گروپە ئیسلامییەکان شەرمی لێدەکەن. لەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا چەند سەرۆک دەوڵەتێکی عەرەب ئالودە بوون بە نەخۆشی کوشندە و پاشان مردن، بەڵام لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانەدا کە بە حیساب مەڵبەندی جەهل و دواکەوتووین نەمانبینی کۆمپانیا و فەرمانگە و دەزگای رۆشنبیریی بگرە خەڵکی ڕەشۆک ببنە قەساب و ئاژەڵی وڵاتەکەیان جینۆساید بکەن بۆ سەرۆک، بەڵکو چۆلەکەیەکیان سەرنەبڕی!. ئەوەی زیاد لە هەمووی جێی سەرسوڕمانم بوو: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی فەیلەسووفە پۆست مودێرنەکانی شاری سلێمانی بوو کە لە پێشەنگی ئەو دامودەزگایانە بوون بە قوربانیکردن هەڵستان! فەیلەسووفە بونیادگەرا و سارتەر بەزێنەکانی ئەو دەزگایە هیچ کامیان لە ڕوویان نەهات لە

بەردەم کامێرای (تیڤی) ئامادەبن تا رەهەندە مەعریفی و ستراکتۆرە فەلسەفییەکانی ئەم قوربانیدانە شرۆڤە بکەن و گرنگییەکەی لە جەماوەری مێگەل و جاهیلی شاری سلێمانی بگەیەنن!!. زۆر سروشتییە ئەگەر یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامیی بە قەدەر ژمارەی ئەندامەکانیان مەڕ سەرببڕن، چوونکە ئەوان جۆشدەری ئەو ترادیسیۆنەن، سەرەڕای ئەوەش مەلا دینییەکانی کوردستان هەمیشە بەرگێکی ئاینییان کردووە بە بەری کار و کردەوەکانی دەستەڵاتە باڵاکان و حکومەتەکاندا و هەر رۆژەی بە فیکەی یەکێکیان هەڵپەڕیون، لینین بکە بە سەرۆکی کوردستان ئەوان باکیان لە بێ ئاینییەکەی نییە و پاساوی بۆ دەهێننەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستەی دەزگایەکی رۆشنبیریی وەک سەردەم و هاوشێوەکانی ئێمەیان تووشی شۆک و نائومێدیی کرد، لەولاشەوە دووپاتی کردەوە یەکێتی و سۆسیال دیموکراتی کوجا مەرحەبا، بگرە ئاسمان و رێسمانیان بەینە.

خاڵێکی تر دەمەوێت بیورووژێنم پیشەسازیی وەهم دروستکردنە بە سەرۆک و جۆشدانی بتپەرستییەکی نوێیە و گۆڕینییەتی لە بەردێکی بێ گیانەوە بۆ مرۆڤێکی زیندوو لەبەرگی رابەر و سەرکردەیەکی سیاسییدا. ئەم پارتە سۆسیال دیموکراتە لە زنجیرەی خستنەسەر و داهێنانەکانیدا بۆ سەر بیری سۆسیال دیموکراتی، پرۆسەی بە کاریزماکردن و پیرۆزکردنی بەڕێز مام جەلالی دەستپێکردووە، رەنگبێ ئەم پرۆسەیە بە پێغەمبەربوونی مام و بتپەرستییەکی مودێرن کۆتایی پێبێت، لە هەمان وەختدا ژینگەی کۆمەڵایەتی کوردستانی لەگەڵ گونجێندراوە، لەلایەکی تریشەوە خەڵک خۆیان پشکدارن لە دروستکردن و وەبەرهێنانی ئەو پیشەسازییەدا (دروستکردنی پادشا و سەرکردەی پێویست و تاک و تەنیا). برناردشۆ وتەنی (خەڵکی پاشا ناخەنەوە، بەڵام بە وەهم پاشا بۆ خۆیان دروست دەکەن). خەڵک خۆیان بچووک دەکەنەوە و بە زەرەبین سەرکردەکان دەبینن و وێنەکەیان زل دەکەن، خۆ ئەگەر نا ئەوانیش وەک هەر کەسێکی تر مرۆڤێکی ئاسایی و سروشتیین و چوار دەستیان نییە.

سۆسیال دیموکراتی لە سوێد سەرکردەیەکی پەرستراوی نییە، سۆسیال دیموکراتی لە فینلاند مەڕ ناکاتە قوربانی، سۆسیال دیموکراتی لە نەرویژ شێخ و دەرویش ناهێنێتە حاڵ، سۆسیال دیموکراتی لە هەموو دنیادا دژی پیرۆزکردنی

سەرکردە و حزب و دۆگماتیزی ئایدۆلۆژییە. سۆسیال دیموکراتی لە کوردستان سەرکردە لەسەر عەرشێکی بەرز بەرز دادەنێت و دەستلێدانی تەبەڕووکە، ئەو لە هەمووان زیرەکتر و گەورەترە، خاوەنی هێزێکی غەیبانییە و دەبێت گشت لە ئاستیدا بچووکی بنوێنن، لە کاتێکدا مەزنیی ئەوە نییە من لەبەردەمتدا خۆم بە بچووک بێتە پێش چاوان، مەزنیی لەوەدایە (ماکسیم گۆرکی) وەسفی دەکات و دەڵێت (لە مەزناندا هەن مرۆڤ لە بەردەمیاندا هەست دەکات بچووکە، بەڵام مەزنی راستەقینە ئەوەیە هەمووان لە بەردەمیدا هەست دەکەن گشت مەزنن). لەلایەکی ترەوە سۆسیال دیموکرات لە کوردستان ناهێڵێت مرۆڤەکان بە ویستی خۆیان بڕیار لەسەر سەرۆک و کەسایەتییە دیارەکان بدەن!! دەیەوێت پیرۆزیان بکات و ئەفسانەیان بۆ دابتاشێت، سەریان لە ئاسمان گیربکات، کەچی مێژوو ئەوەی سەلماندووە ئەوەی لە بەرەی نەتەوە و نیشتیمان و خزمەتی مرۆڤدا بێت ویژدانی مرۆڤەکان حکومی لەسەر دەدەن هەروەها بە پێچەوانەوە، دەتوانین بۆ دوو نموونە لە مێژووی وڵاتی فەرەنسادا بڕوانین:

یەکەمیان: لە پاش مەرگی گەورە نووسەری جیهانی ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٨٥) لە پاریس، جەماوەر تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕستانی گەورە پیاوان (پانسیۆن) بە خاکیان سپارد و لەسەر کێلی گۆڕەکەیان نووسی (نیشتمان دان بە چاکە و خزمەتی گەورە پیاوانی خۆیدا دەنێت). نموونەی دووەمیان (میرابۆ)یە ئەمیش بە هەڵوێستە دووفاقییەکانی لە سەروەختی شۆڕشی فەرەنسا توانی بەرژەوەندییەکی ماددیی زۆر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دەستێکی لەگەڵ شۆڕش و شۆڕشگێڕان بوو، دەستەکەی تریشی لەگەڵ لویس و شاژنە ماری و لە ناو کۆشکی پاشایەتی!!، بەڵام دوای مردنی و ئاشکرابوونی فایلەکەی لە گۆڕستانی گەورە پیاوان تەرمەکەیان دەرهێنا و ئێسک و پروسکەکەیان سووتاند و ناوی لە مێژوودا وەک باوک و سیمبۆلی خیانەت و ئۆپۆرتۆنیزم و دووڕوویی سیاسیی بۆ هەتاهەتایە تۆمارکرا. جەماوەری گەل بایی ئەوە هۆشیارە و لە ویژدان و ئەندێشەیدا چاکە و خراپەی سەرکردە و کەسایەتییە دیار و نادیارەکانی وڵاتەکەی پاراستووە و حوکمی لەسەر دەدات، ئیتر پێویست بەوە ناکات بە گووتارێکی سیاسیی و میدیایی نە کەس ئەوەندە بەرز بکرێتە تا دەگاتە مەقامی خواوەند، نە کەسیش هێندە بچووک

بکرێتەوە لەسەر شۆستەی شەقامێک رۆژ بکاتەوە، ئێمە لەم وڵاتەدا نە پێویستییمان بە سەردار و کۆیلەیە، نە خواوەند و بەندە، ئێمە خوازیاری هەبوونی کۆمەڵێک هاووڵاتی یەکسانین لە ماف و ئەرکدا لە چوارچێوەی ریژێمێکی دیموکراتی و وڵاتێکی ئاوەدان و لە ژێر سێبەری سەروەریی یاسایەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ. تکایە گوێت لێبێت ئەی ئەو حزبەی رۆژی دەیان جار بە سۆسیال دیموکراتییەوە دەنازی، STOP بگرە و کەمێک چاو بە خۆتدا بخشێنەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٦١)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٢٠٠٧/٣/٦ بڵاوبووەتەوە.

# بۆ تەها بەرواری (وەزیری وەرزش و لاوان) لە هەر کوێ بێت*

بوونی زیاتر لە چل وەزارەتی حکومەتی هەرێم هەرگیز نەبوو بە نیشانەیەکی سەرکەوتنی کابینەی پێنجەم، زۆر و بۆری وەزارەتەکان لە سەرێکەوە پێکهاتەی حکومەتی گۆڕی بۆ بەرەی کوردستانی و بە دیویکی تردا دەرگای خستە سەر گازارەی پشت بۆ گەندەڵیی و بە فیڕۆبردنی زۆرتر. لە وڵاتێکدا کارەبا لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا سێ کاتژمێر میوانیماڵەکانمان بێت گاڵتەجاڕییە ئەو تەزووە لەعنەتییە وەزارەتێکی گەورە و گرانی هەبێت، بوونی وەزارەتی کارەبا بەڵگەی کۆمەڵگەیەکی کارەبایی و دیجیتاڵی بەدەستەوە نەداوە و نادات، بوونی وەزارەتێکیش بە ناوی وەرزش و لاوان کەلعادە مانای دەستەبەرکردنی ئارەزووەکانی گەنجان و وەرزشەوانانی نەبەخشیوە و نابەخشێت، کارەساتەکە لەوێوە دەستی پێنەکرد وەزارەتێکی بێ نەخشە و پلان بۆ لاوان پێکهێنرا، تراژیدیا ئەوەبوو کەسێکی پیر (چ وەک تەمەن، چ وەک دنیابینی) کرایە شالیاری گەنجان. زۆر دەمێکە لە ڕاڕایدام داخۆ لە کام لایەن و گۆشەوە ڕەخنە لەم وەزارەتە بگرم، چون جاری وا هەیە بە هۆی نەبوونی کەموکوڕیی و بۆشاییەوە چەندی بتەوێت ناتوانیت ڕەخنە لە وەزارەتێک یان دەزگایەک بگریت، بەڵام وەزارەتەکەی کاک تەها بەرواری لە دەیان لاوە جێگەی گلەیی و ڕەخنە لێگرتنە، بۆیە ئاستەم بوو بتوانم بەبێ غەدرکردن لە کەلەبەرێکی ئەو وەزارەتە لەسەر شەبەقێکی گەورەی کار و چالاکی وەزارەتی

وەرزش و لاوان قەڵەم بەسەر کاغەزدا بهێنم.

ئەو دیمانەیەی بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان کە لە ژمارە (١٤٦) رۆژنامەی (رۆژنامە) بڵاوبووەتەوە لە بارترین دەرفەتی رەخساند تاکو بتوانین کەمێک لەمەڕ ئیشکالییەتەکانی وەزارەتی ناوبراو بپەیڤین. بەڕێز بەرواری لە بەرسڤی یەکەمین پرسیاری پەیامنێری رۆژنامەدا دەبێژێت (...ئێمە هەر لەو کاتەدا فەلسەفەی وەزارەتمان راگەیاند کە ئێستاش کاری لەسەر دەکەین، ئێمە ژمارەیەکی کەمی فەرمانبەرمان هەبوو، هەروەها ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەتیش دابین کراوە بودجەیەکی زۆر کەم بوو). لەم وەڵامەدا بەروونی دەرکەوتووە: حکومەت بەهۆی دابینکردنی بودجەیەکی کەمەوە وەزارەتی زیندووترین توێژی کۆمەڵایەتی (گەنجان) بەهەند وەرنەگرتووە، بە لایەوە بایەخدار نەبووە لە رێی ئابوورییەکی زۆرەوە وەرچەرخان لەژیانی ئەو نەوەیەدا دروست بکات، ئەمەیان حکایەتێکی تر و دوور و درێژترە.

رەهەندێکی تری ئەو بەرسڤە پەردە لا دەدات لەسەر ئەو راستییەی: وەزارەت وێڕای ئەوەی بودجەیەکی کەمی هەبووە، بەڵام بۆ هەندێ کەرنەڤاڵ و خەڵات بەخشینەوەی ناپێویست تەخشان و پەخشانی کردووە، فۆرمی سەرەکی ئەو وەزارەتە لە بەرچاوی هەندێک لە گەنجاندا وێنەی وەزارەتی خەڵات بەخشینەوە و شایی و لۆغانی وەرگرتووە، بێجگە لەوەش نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت زۆرینەی گەنجان خەبەریان لە بوونی ئەو وەزارەتەی کاک تەها نییە جا نەخاسمە دەزووی هیوایان پێوە بەستبێتەوە. هەقوایە لە کاک تەها بپرسین ئەگەر بودجەتان کەم بوو بۆچی هەموویتان کردە خەڵات؟ ئایا نەدەکرا ئەو بودجە (کەمە) لە بواری وەگەڕخستنی تواناکانی لاوان و بەرهەمهێنان بۆ لاواندا بخرایەتە گەڕ؟ ئەرێ بە راست ئەوە گەندەڵیی نییە گەنجی دەرچووی زانکۆ بەبێکاریی لە گازینۆدا دووشەش بتۆپێنێ و کاک تەهاش لەولاوە پارەکەی وی بکاتە خەڵات؟ کام خەڵات؟ لای خۆمەوە شەرم دەکەم ناوی هەندێ لەو خەڵاتکراوە هیچ لەبارە نەبووانە ریز بکەم، گەلۆری وەها بەناوی رۆژنامەنووسەوە خەڵات کراوە، جگە لەوەی شەرم دەکەم ناوی خۆم وەک رۆژنامەنووس بهێنم، حەزدەکەم زەمین قووتم بدات و دەریا لووشم بدات. سەیر و سەمەرەکانی کەرنەڤاڵی خەڵات بەخشینەوەکان هێندە

تاقەت پڕوکێن و بێزارکەربوون، لە شانۆگەرییەکی بێ زەوق و تامی، بێ بینەر دەچوو.

ئەگەر لە ڕێورەسمی خەڵاتی وەرزشەوانانەوە دەست پێبکەین خراپ نابێت، چون ئەو مەراسیمە رووی راستەقینەی گەندەڵیی وەزارەتـی بـەرواری بەیان دەکات، ئاخر بواری وەرزش لە کوردستان هێندە لە دواوەیە، هەقوایە ئەوانەی بەرپرسیاری باڵای وەرزشن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بەرێز بەرواری خەڵاتیان دەداتێ!!. من جگە لە (هەوار مەلا محەمەد) کە ئەویش بۆ هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکات، وەرزشەوانێکی تری کورد نابینم ناوبانگی لە گەڕەکەکانی شارێک یان دوان تێپەڕی بێت، ئیتر خەڵاتی وەرزشەوانان لە گەندەڵیی بەولاوە چیترە؟. هەتا ئێرە رازی بووین بەو مەراسیمە بێ لەززەتە، بەڵام هۆیەک نەما بێدەنگی هەڵبژێرین لە بەرامبەر ئەو بەشان و بە باڵادا هەڵدانەی جەنابی وەزیر لە میانەی بەندوباوی گۆرانیبێژێکی دەربارەوە، ئەم رەفتارە نەک سەر بەماڵی دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و بە دەزگاییکردنی وڵات نییە، هەنووکە پادشا و میر و دیکتاتۆرەکان شەرمی لێدەکەن و خۆپارێزیی لێدەکەن، وتمان قەیدی نییە ئەوەیان سوچی جەنابی وەزیر نییە (لێ بێدەنگییەکیە نیشانی قایلبوون بوو) و خو و رەوشتی هەر گۆرانیبێژێکی دەربارە، بەڵام ئەی بە چی پاساوی ئەوە بدەینەوە جەنابی وەزیر خۆی خەڵات کرد!! جگە لەوەی گاڵتەجاڕییەکی رووتە خۆت خەڵات بکەیت، جەنابی وەزیر نە لاوە، لاو بێت نە وەرزشکارە وەرزشکار بێت، چون کێش و قەڵەوییەکەی تەرجومەی دەکات وەرزشکار نییە و باوەڕیش ناکەم وەک من شووتی لە تۆپی تەوافەش هەڵدابێت!! ئیدی بۆچی و لەبەرچی خۆی خەڵات بکات؟.

ئەگەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە و بڕوانین بۆ ڕێورەسمی پارساڵی خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسانی لاو، دیسان وەزارەتەکەی بەرواری جگە لە غەدرکردن لە رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ و ماندوو، گاڵتەی بە مەشاعیر و هەستی هەموو ئەو رۆژنامەنووسە لاوانە کرد لێبڕاوانە کار دەکەن!! چون یەک دوو دانە کەس لەو خەڵاتکراوانە دەربچێت هیچی تریان (لام) لە (میم) جیا ناکەنەوە، جا نەخاسمە رۆژنامەنووس بن!! کاک تەها پرۆفایڵ و سیڤی کامیانی لە بەردەستدابوو؟ کام

لیژنە و کام دەزگای پسپۆر ئەو هێژایانەی وەک رۆژنامەنووسی چالاک هەڵبژارد؟ ئەگەر کاک تەها وەرامی بۆ ئەم پرسیارانە هەبوو، لە جیاتی جارێک هەزار جار پیرۆزیان بێت و نوخشە بێت لە دیتران.

نووسەری فەڕەنسی بە رەچەڵەک جەزائیریی فاتیمەی زەهـرای ئیملانی (ئاسیا جەبار) یەکەم نووسەری عەرەب بوو هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی ئەکادیمیای فەڕەنسی و جێگرتنەوەی نووسەری کۆچکردووی فەڕەنسی (جۆرج فیداڵ) بەڵام لە کاتی وەرگرتنی میدالیای رێزلێنان، لە بەردەم زۆرتر لە هەزار و پێنج سەد نووسەری سەرتاسەری ئەوروپادا بە راشکاویی وتی: من زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستەی ئەکادیمیای وڵاتی فەڕەنسا دەکەم کە زۆرینەی ئەندامەکانی هیچ لەبارەی کتێبەکانمەوە نازانن!. جێگەی وتنە ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی (شرشاڵ)ی جەزائیر لە دایکبووە و یانزە (١١) رۆمانی بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکردووەتەوە. ئەگەر ئەکادیمیای فەڕەنسی نووسینەکانی (ئاسیا جەبار)یان نەخوێندبێتەوە و هەڵیانبژاردبێت بۆ پلەیەکی لەو بابەتە، رەنگبێ ناهەقیان نەگرین چون هەڵوێست و ناوبانگی نووسین و کارە ئەدەبییەکانی نووسەری ئاماژە بۆکراو بەسن بۆ ئەوەی بیگەیەننە سەر کورسی ئەکادیمیای فەڕەنسی. بەڵام لیژنەکانی عەنتیکەخانە ببوورن وەزارەتەکەی تەها بەرواری بۆ رێزلێنان و خەڵات بەخشین بە رۆژنامەنووسان کام پێوەریان کردە پێودانگ؟ ئایا نووسینی کامیانیان خوێندەوە؟ بە کام راپرسی و داتا سەلماندیان ئەو بەڕێزانە چالاکترین رۆژنامەنووسی ساڵن؟ ئاخر هەیانبوو لەگەڵ وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا بۆ یەکەم جار وەک رۆژنامەنووس ناوی بیسترا و هاتە سەر زاران!.

هاوڕێیەکم هەیە سپانسۆری زۆربـەی رۆژنـامـە ناسراوەکانە، لە کاتی بەخشینی ئەو خەڵاتانەدا پێی وتم: رۆژانـە لانی کەم سەیری هەموو رۆژنامە دەرچووەکانی ئەو رۆژە دەکەم و زۆر بابەتی جێگەی بایەخم دەخوێنمەوە، زۆر رۆژنامەنووس خەڵاتکراون وەک خوێنەرێکی ئاگادار هەرگیز ناوم نەبیستوون ئەوە چییە؟. هەر خۆی لە وەڵامدا وتی: لەوانەیە رۆژنامەنووسانی وڵاتانی تر بن خەڵات کرابن!!! ئەمە تێبینی خوێنەرێکی هۆشیار و بە ئاگایە نەک سەرنجی رۆژنامەنووسێکی خەڵات نەکراو!! غەدرەکەی تەها بەرواری لە رۆژنامەنووسانی

راستەقینە زمانی بێدەنگی دەپژێنێت چوونکە لە کاتێکدا ئەو رۆژنامەنووسانەی ناو هۆڵەکان خەڵاتکران، رۆشنبیران و نووسەرانی تر هەبوون کەوتنە بەر شەق و مشتەکۆڵە و داری کارەبایی ئاسایش و پۆلیس، هاوزەمان رێزلێنانی مانگانەی نووسەرانی بە ئەزموون بڕدرا! ئاخر نووسەری وەها دەبینم ئاستی نووسین و خزمەتی هێندە هەڵکشاوە ئەگەر رۆژنامەنووسی خەڵاتکراو رۆژنامەنووسێکی ئاسایی بێت، نووسەری پەراوێزخراو لە مەقامی محەمەد حەسەنین هەیکەل یان جۆناتان راندڵدایە!!.

دیمەنەکە پێماندەڵێت زۆر رۆشنبیری دەمکوتکراو و پەراوێزخراو و موقاتەعەکراومان هەیە لەوە ترسنۆکترن چارەنووسێکی لەونی چارەنووسی سادق هیدایەت یاخۆ هەمنگوای هەڵبژێرن ئەگەر نا لەژێر سێبەری دەستەڵاتی کوردیدا هێند خەپێنراون پڕ بەکامی دڵ حەزی پێدەکەن، هەندێکیان خۆکوژیی ناکەن چوونکە هەرگیز هەست بەوە ناکەن دەژین!. ئیتر دەبێت لە بەڕێز بەرواری بپرسین چ کاتی خەڵات بوو؟ ئەگەر بودجە کەم بوو خەڵات بۆچی؟ گەر هەر بڕیارە خەڵات بکەیت و زەوقت لێی هەستاوە بۆ (وعاض السلاطین) لە لیستی یەکەم دابن؟. من دەزانم ماندووەکان نە کار بۆ خەڵات دەکەن و نە بە بیریاندا هاتووە جەنابتان دەبنە وەزیری خەڵات تا خۆ هیلاکەن بۆی، زۆربەیان لەوە تێگەیشتوون (دانیلۆکیش)ی نووسەر بۆچی لە ئامۆژگاریی نووسەرێکی لاودا دەڵێت) بێ منەت خەڵاتی میرەکان وەربگرە، بەڵام هیچ مەکە بۆ ئەوەی شایستەی ئەو خەڵاتانە بیت). نووسەر و رۆژنامەنووسە راستەقینەکان دیلی خەڵات و دەستەڵات نین، بڕوا ناکەم ئەوان لە ئازادیی بەولاوە چی داوایەکی تریان هەبێت؟، نووسەری راستەقینە لەودیو کیسە و خەڵاتەوە دەڕوانێتە دنیا، (ئەدۆنیس) وتەنی (..لە ئازادیی بەولاوە هیچی دیکەمان بۆ نامێنێتەوە لە جیهانێکدا سەیر دەکەین هەموو کەسێک هەر خەریکی حساب و حسابکارییە، هەریەکەو بە گەزی خۆی پێوانە دەکات و پێشەکی شتەکان دیاری دەکات).

چاکتر بوو بەڕێز بەرواری باسی کەمیی بودجەی نەکردبا، چوونکە ئەو هەموو خەڵات بەخشینەوەیە وەک نوقڵی بەرات وێنەی وەزارەتێکی خەنی نیشانداوین، جا نازانم وەزارەت بە راستیی پارەی کەمە یان بەلای کاک تەهاوە هێندە کەمە و بەشی

ئەو هەموو ڕێزلێنانە عەنتیکە و خەڵاتە سەیرانە ناکات کە خووی پێوە گرتووە؟.
بەڕێز بەرواری لە بەشێکی تری بەرسڤەکانیدا دەبێژێت (لە کوردستان کولتوورێکی تەمبەڵی لاوان هەیە کە دەستەڵات و ڕێکخراوەکانی لاوان و میدیاش بەشدارن لە دروستکردنیدا). ناتوانین ئەم بەرسڤەی جەنابی وەزیر بە راست نەزانین، بەڵام پێویستی بە وردکردنەوەی زۆرتر هەیە، ئەو سێ فاکتۆرەی ئەو باسی دەکات (دەستەڵات- ڕێکخراوەکانی لاوان- میدیا) لە تەمبەڵ و تەوەزەلکردنی توێژی لاواندا پێویستییان بە شیکاریی وردتر و چڕوپڕتر هەیە. فاکتۆری هەرە سەرەکی ئەم وەرچەرخانەی کۆمەڵی کوردەوارییە بۆ کۆمەڵێکی بەکاربەری مشەخۆر بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەستەڵاتە، لەبەر چەند هۆیەک: یەکەمیان بەهۆی نەبوونی پڕۆژەی بەرهەمهێنان و شکستی کەرتی تایبەت و بواری کشتوکاڵ و ئاودێریی، ئەویتریان لە ڕێی بەفەرمانبەرکردن یان بە موچەخۆرکردنی زۆرینەی هاووڵاتیان لە بواری ئیدارە و خزمەتگوزارییدا، کە دەنگۆی ئەوە هەیە پشکی شێری داهاتی کوردستان بۆ موچە دەڕوات و زایە دەبێت، ئەم بە موچەخۆرکردنەی خەڵک چیترە جگە لە دیوێکی تری بەحزبیکردنی کۆمەڵ؟ کاک تەها بەرواری ئەگەر خۆی بەشێک نەبێت لەو پرۆسەیە بێگومان لە بەرەی دژەکەیدا نییە.

وەختێکیش باسی ڕێکخراوەکانی لاوان و میدیا دەکات پێی نەوتووین کام میدیا و کام ڕێکخراو؟!. بێگومان هەر میدیا و ڕێکخراوەکانی سەر بە دەستەڵاتن دیسان شوێن پێی شەقاوەکانی دەستەڵات هەڵدەگرن، نەک ئەوانەی دەرەوەی بازنەی دەستەڵات و پارتە رامیارییەکانی کورد. ئاخر خۆ وەزارەتەکەی بەرواری هەر خۆی بەشێکە لەو پرۆسەیە، چوونکە کوا کام کاری کردووە بۆ گەنجان و وەرزشەوانان؟ کوا کام کارگەی کردووەتەوە بۆ گەنجان؟ کام پڕۆژەی رادەستی حکومەت کردووە بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکاریی؟ کوا یارمەتییەکانی بۆ جەماوەری گەنج لە پێناوی هەستانەوە و زیندووبوونەوەی وەک توێژێکی بەشدار و کاریگەر لە سەرجەم کایە جیاجیاکانی ژیاندا؟ کوا دەستگیرۆییەکانی گەنجانی خاوەن بەهرە و پڕۆژە؟ کوا هاندانی گەنجان لەلایەن وەزارەتی لاوانەوە بۆ دروستکردنی گوشارێکی گەنجانەی مەدەنیانەی ئاشتیخوازانە لەسەر دەستەڵاتی سیاسیی؟ کوا و کوا و..؟ کەوابوو ئەگەر کاک تەها لە پێش هەر کەسێکەوە تاوانبار نەبێت بێشک

کەسێکی تر نییە لە دوایەوە!! ئەگەر تۆ خۆت هیچ پرۆژەیەکت پێ نییە بۆ گەنجان جگە لە خەڵات و میدالیا بۆ گەنجانی دەستەمۆکراو؟ دەبێ چی بێت فەلسەفەی وەزارەتەکەت؟ ئەز بووبام لە بری تۆ هەر ئێستا وازنامەم پێشکەش دەکرد.

ئەدۆنیس بیرمەند و شاعیری عەرەب باسی کێشە گەوهەرییەکانی کۆمەڵی عەرەبیی دەکات و لە بەرسڤی پرسیارێکدا دەڵێت (ئێمە لە بەردەم رووخاندنین، ئێمە چەندایەتین، ئێمە مێگەلێکین لە خەڵک، بەڵام خەڵکانی رووخاو کە توانای بەرهەمهێنانیان نییە و توانای گۆڕانی دنیاکەشیان نییە). لێ برێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەیانەوێت ریفۆرم بکەن لەسەر تێرمە چینییەکە (کرانەوەی ئابووری بەبێ کرانەوەی سیاسیی)، بەڵام ئەگەر ئەم ئیرادە زۆر بچووکەش لێرە بوونی نەبێت، بۆچی نەڵێین ئێمە رووخاوین و لێ بووینەتەوە؟ بۆچی راشکاوانە نەڵێین ئێمە دەستەمۆ و مێگەلێکین جگە لە بە کاربردن توانای هیچ داهێنان و بەرهەمهێنانێکمان نەماوە و نییە؟ بۆچی بە دەنگی بڵند نەڵێین دەستەڵاتی هەمەجی کوردیی بەرپرسی یەکەمی ئەم داڕوخان و داهێزرانە گەورەیەی کۆمەڵی کوردستانە. لە دوماهیدا خوازیارم وتەیەکی خودانی فەلسەفەی تاو (لاوتزۆ) بە بیر بهێنمەوە کە دەبێژێت (کاتێ ئاژاوە تەشەنە دەکات وەزیرە دڵسۆزەکان دەردەکەون). بێگومان پێچەوانەکەشی هەر بە راست وەردەگیرێت. سەبارەت بە ئەمڕۆی کوردستانیش دەتوانین ئەوە بڵێین لەم بارە بێ سەروبەر و فەوزایەدا وەزیری دڵسۆز وەک نووری شەوێکی ئەنگوستەچاو و تاریک دەدرەوشێتەوە، وەلێ مخابن بە رامان لە نموونەی (تەها بەرواری) دەزانین کوردستان لەم رووەوە بەختی نییە و لە وەزیری دڵسۆز بێبەش بووە.

*ناونیشانی ئەم نووسینە ئیقتباسە لە ناونیشانی پەرتووکی مامۆستای کۆچکردوو مەسعود محەمەد (بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێ بێت) .

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٤)ی رۆژنامەی (بۆچوون) لە رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٦ بڵاوبووەتەوە.

# بۆچی عەبدولستار تاهیر شەریف تیرۆر کرا و کێ تیرۆری کرد؟

**من داوای جەنگ دەکـەم، جەنگێکی بێ ئاگر و ئاسن، جەنگێک تێیدا بیروباوەڕەکان لە پێکداداندا بن و خاوەن بیروڕاکانیش لە مەیداندا ململانێ بکەن**

فریدریک نیتچە

نزیکەی سێ مانگ و نیو تێپەڕیوە بەسەر تیرۆرکردنی (د.عەبدولستار تاهیر شەریف)دا لە شاری کەرکوک!. لە ماوەی ئەم سێ مانگ و نیوەدا ئەوەی جێگەی نیگەرانییە پشتگوێخستنی رووداوی تیرۆرکردنی ناوبراوە، چوونکە دۆزینەوەی سەرەداوەکان و ئاشکراکردنی ئەو دەستەی لە پشتی ئەو کردەوەیەوە بوو هێندەی ئەو زانیاریی و بەڵگەنامانە گرنگە شێخ ستار دەیویست بیگەیەنێتە گوێ و چاوی ئەوانی تر. بە گرنگ هێشتنەوەی دۆزی دکتۆری تیرۆرکراو بە هیچ جۆرێک مانای گرنگیدان بە کۆنە بەعسیی و خۆفرۆشەکانی ریژێمی پێشوو نابەخشێت، هێندەی گرنگیدانە بە کەیسێک کە شایانی گرنگی پێدانە، ئەمیش لەبەر چەند هۆیەک، یەکێک لەوانە سەرجەمی گەلی کوردستان دوور و نزیک چاوەڕێی روونبوونەوەی ئەو تاریکییەیە هێشتا لە دەوری تیرۆرکردنی شێخ ستارە، جگە لـەوەش زۆربـەی گومانەکان لەسەر هـەردوو پارتی دەسـتـەڵاتداری کوردستانە، چـون کردەی تیرۆرکردنەکەی دوا بە دوای ئەو زنجیرە دیمانە و نووسینانەی ناوبراو هات

لە دژی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستان بڵاوبوونەوە، بگرە بەڵێنی زیاتری بە دەستگەکانی راگەیاندن دابوو لە پێدانی زانیاریی ورد و نەبیستراو لەمەڕ پەیوەندییەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ ریژێمی لەناوچووی بەعس.

ئەو چەند ئاشکراکردن و رەخنە زۆرانەی شێخ ستار یەکێکن لەو بەڵگانەی وامان لێدەکەن گومان بخەینە سەر پارتەکانی کوردستان بە کردەوەی تیرۆرکردنی هەستابن، لێ دەویستر بەرپرسیارێتی ئەو تیرۆرە بخرێتە ئەستۆی گرووپە ئیسلامیی و تیرۆریستییەکانی ناوشاری کەرکوک، بەڵام هەر زۆر زوو تەمی سەر ئەم گومانانە رەوینەوە، چون ئەگەر تیرۆریستە ئیسلامییەکان بیانوویستایە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا و لە کاتی لە پێشتردا ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، لە سەرێکی تریشەوە شێخ ستار هەموو رەخنەکانی رووی لە پارتەکانی کوردستان کردبوو نەک ئیسلام و پارتە ئیسلامییەکان تاکو بڵێین ئەمە رەوتێکی ئاینیی پێی هەستاوە، لەمانەش بەڵگەنەویست تر ئەوەیە کاتێک گرووپە جیهادیی و تیرۆریستییەکان هەڵدەستن بە هەر چالاکییەکی تیرۆریستی راستەوخۆ لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و لە پێگە تایبەتییەکانی خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش هۆیەکی ترە وامان لێدەکات گومانەکە لە دەوری ئەوان دوور بخەینەوە، بۆیەکا تاکە ئیحتمال مابێتەوە ئەوەیە: پێدەچێت یەکێک لە شانە تیرۆریستییەکان بەو کردەیە هەستابێ تا رووی پارتە دەستەڵاتدارەکانی پێ ناشرین بکات، دەنا هەموو روانگەکان بۆ ئەوە دەچن شێوەی تیرۆرکردنەکە و هۆی سەرەکی تیرۆرکردنە دوورە لە گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکانەوە.

گومانەکە زۆرتر لەسەر پارتە کوردییەکانە بە تایبەت هەردوو پارتی باڵادەست، هەرچەندە ئێمە لێرەدا رۆڵی دادگا ناگێڕین و ئەرکی دادگاییکردنی کەسیشمان پێ نەسپێردراوە، بەڵام بەڵگەی سەلمێنەر و رەها و بێ چەند و چوونمان لە بن دەست نییە تا تاوانەکە بخەینە ئەستۆی دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان. بەڵام ئەوەی دەشێ لێرەدا بە بیری بهێنینەوە: پشتگوێخستن و بە هەند وەرنەگرتنی ئەو فایلە خۆی لە خۆیدا گومانەکان زۆرتر دەکەن، چون وەک پێشتریش وتمان مەسەلەکە تەنیا تیرۆرکردنی هاووڵاتییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو مەسەلەکە لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترە و بەستراوەتەوە بەچەند پرسێکی هەستیارتر و گرنگتر لەوەوە،

کە یەکێکیان بریتییە لە ئازادیی بیروڕا و گوزارشت. کاتێک پرسی کوشتنی شێخ ستار دەبێتە مانشێتی نووسین و ڕۆژنامە و پێگەکانی ئینتەرنێت هەر بە تەنیا بۆ ئەوە نییە ڕەخنە لە کوشتنێک بگیرێت، بۆ ئەوەشە ئەم تیرۆرە وەک تیرۆرێکی سیاسیی سەیر دەکرێت و پەیوەندیی کۆنکرێتی هەیە بەو ڕەخنە و ئاشکراکردنانەی ناوبراوەوە. بە کورتییەکەی کوشتنی شێخ ستار کوشتنێکی ئاسایی یان کۆمەڵایەتی نییە و هەر کەس کردبێتی بە ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو کردوویەتی.

ڕاستە شێخ ستار لە رابردوودا ساڵانێکی زۆر کاری بۆ ڕیژێمی پێشووی ئێراقیی کردووە و تا پلەی وەزیر پۆستی جیاجیای وەرگرتووە و یەکێک لە کوردە لایەنگرەکانی ڕیژێمی ئەنفال و کیمایی و دۆستی نزیک و باوەڕپێکراوی خودی سەدام حسێن بووە، بەڵام ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت ئەگەر بیەوێت ڕاستییەکی مێژوویی بە بەڵگەی سەلمێنەرەوە بخاتە ڕوو، گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە نهێنییەک ئاشکرا دەکات، گرنگ ئەوەیە نهێنییەکە چەند بۆ مێژوو و بۆ ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەها و کەڵکی هەیە. ئێمە زۆرجار مێژووی زۆر نزیکی خۆمان لە زمانی بێگانە نەیارەکانەوە وەرگرتووە، ئەوەتا نووسینەکانی مێجەر سۆن و نوئێل و سێر ئارنۆڵد و کێ و کێی تر لە ئەفسەرە بەریتانییە نەیارەکانی کورد و بزووتنەوەکەی شێخ مەحمودی نەمر بەشێکن لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی مێژووی ئەو قۆناغەمان، ئیدی ئەگەر شێخ ستار هێندەی سۆن دژی خواستەکانی کوردیش بووبێ هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، دەرکەوتنی ڕاستییەکان گرنگترە لە گەڕان بە دوای کەسێتی ئاشکراکاردا. شێخ ستار ئەم چەند ساڵەی دوای هەڵهاتنەکەی بۆ کوردستان لە هەگبەیدا بوو کارێکی لەو جۆرە پێشکەش بکات، ڕەنگبێ هەردوو بەرگی یادداشتنامەکەی (ململانێ لەگەڵ ژیاندا) هەوڵێکی گرنگ و بە بایەخی بێت لە ڕووی پەردە هەڵماڵین لەسەر هەندێ نهێنی، ئەگەر ئەو نەبووبا ڕەنگبێ بۆ هەمیشە بە پەنهانی بمانایەتەوە و بە تێپەڕینی کات ون بووبان.

لێ شێخ ستار ئارەزوویەکی سەیری هەیە بۆ پاکانەکردن، گوایە هەمیشە لە سەنگەری گەلەکەی بووە و بەعسی بوون و دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ سەدام حسێن خستووەتە خزمەتی کوردەوە، بەڵام نابێت نکۆڵی لە خۆفرۆشیی و بەکرێگیراوییەکەی بکەین بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیە. کەچی لەگەڵ هەموو

ئەمانەدا مانای ئەوە نییە زانیاریی و بەڵگەنامەکانی بایەخیان نییە و بێ متمانەن. راستە و زۆریش راستە شێخ ستار هەستی بە خەجاڵەتی دەکرد و دەیویست لەو رێوە قەرەبووی بکاتەوە، کە پیاوی راستەقینەی رژێمی بەعس نەبووە، بەڵام بەعسیبوونی ئەو شتێکە نە هاشای لێدەکرێت نە بەهیچ کەس تەنانەت بە خۆیشی نەشاردرایەوە. شێخ ستار لە بری ئەوەی ددان بەوەدا بنێ دڵسۆزی بەعس بووە و داوای لێبوردن لە گەلەکەی بکات، رێگەیەکی وەک ئەوەی ئایشمان دەگرێتە بەر. چون (ئادۆلف ئایشمان)ی گەورە نازی و وەزیری هیتلەر، دوای ئەوەی چەندان ساڵ خۆی شاردەوە، دواجار کەوتە بندەستی گەلی جولەکە، لە ساڵی ١٩٦١ دوای دادگاییکردن (ئایشمان) لە ئیسرائیل لە سێدارە درا، بەڵام ئایشمان دوا وتەی لە دوا ساتەکانی دادگاییکردنەکەیدا بریتی بوو لە (من ئەو نامرۆڤە نیم کە خراوەتە پاڵم، من قوربانیی تەقەیەکی هەڵەم).

گومانی تیا نییە عەبدولستار تاهیر دڵسۆزی رژێمی پێشوو بوو، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی ماتۆڕسوارێک بیداتە بەر دەستڕێژی گوولە و تیرۆری بکات، ئەگەر قەرارە ناوبراو بەرپرسیار بێت بەرامبەر بە تاوانێک یان چەند تاوانێک، دادگا هەیە تێیدا دادگایی بکرایە!! ئەوسا کەسیش لاریی لە حکومی یاسا و دادگا نەدەبوو، ئەگەریش تاوانی نییە جگە لە قسەکردن و رەخنەگرتن ئەوە تیرۆرکردنەکەی پەڵەیەکی رەشە بە تەوێڵی بکەرەکانییەوە، ئەگەر شێخ ستار درۆ دەکات، لایەنی تیرۆرکار دەیتوانی بە درۆی بخاتەوە، ئەگەریش لە خستنەڕووی بەڵگەنامە و زانیارییەکاندا راستگۆیە، تیرۆرکردنەکەی جگە لە ناهەقی و تاوانێکی گەورە ناچێتە ژێر ناونیشانی هیچ کارێکی ترەوە، ئەگەر شێخ ستار مەبەستی هەبووبێ لە لەکەدارکردنی وێنای ئەفسووناویی سەرکردەکانی کورد دەیانتوانی بە پێی یاسا سنووری بۆ دابنێن، ئەگینا (جۆن ستیوارت میل) وتەنی (باشترین و خراپترین حکومەتەکان هیچکامیان مافی ئەوەیان نییە، بیروڕایەک بە زۆر خامۆش بکەن). ئەگەر کردیان چیتریان نەکردووە جگە لە وردوخاشکردنی پەیکەری ئازادیی و ئیغتسابی دیموکراسی و بەتاڵکردنەوەی بانگەشە قەبەکانی مینا مافی مرۆڤ و یەکسانی و سەروەریی یاسا و چەندان دروشمی قەبە قەبەی وەک ئەمانە. نووکە سێ مانگ و نیوی تەواو بەسەر ئەو کردە تیرۆرستییە تێپەڕیوە، پێویستە

دەستەڵاتی کوردیی ئەم فایلە بەهەند وەربگرێت و بەرسڤی هەموو ئەوانە بداتەوە وەک من پرسیار دەکـەن: شێخ ستار بۆچی تیرۆر کرا و کێ تیرۆری کرد؟. هەروەک پێویستە دامودەزگا ئەمنییەکانی کوردستان کار لەم کەیسەدا بکەن و لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجامەکانی گەڕان بە دوای وردەکارییەکانی ئەو کردەیە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکەن. جگە لەمانە چەند شتێک لەم ڕووەوە گرنگە هەموو لایەک بیزانین و ئاگاداری ببین.

یەکەم: کوشتنی شێخ ستار تاهیر شەریف جگە لەوەی کوشتنێکی سیاسییە، لە هەمان کاتدا کردەوەیەکی تیرۆریستیی ڕووتە و بە هەموو پێوەرێک شایانی مەحکومکردن و ئیدانەکردنە.

دووەم: تاوەکو ئێستا گومانەکانی تیرۆری شێخ ستار لەسەر هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی کوردستانە و ئەگەری بەهێز و نزیک ئەوەیە یەکێک لەو دوو حزبە یان بە هەماهەنگی تیرۆریان کردبێت.

سێیەم: ئەگەر دەستەڵاتی سیاسیی کوردستان گەرەکییەتی ئەو گومانە لەسەر خۆی لاببات پێویستە دەسبەجێ تیمێکی ئەمنیی تایبەت پێکبهێنێت بۆ بەدواداچوونی چۆنێتی تیرۆری ناوبراو و گەڕان بە دووی سەرەداوەکان و ئاشکراکردنی ئەو دەستەی لە پشتی تیرۆرەکەوە وەستاوە لە ڕێگەی کەناڵەکانی میدیاوە.

چوارەم: هەموو ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی ناوبراو خستوویەتییە بەرچاو وەک ڕاستییەکی ڕەها تەماشا ناکرێن، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە زانیارییەکانی شێخ ستار دوورن لە ڕاستییەوە، بە واتایەکی تر زانیارییەکان تێکەڵەیەکن لە ڕاستیی و هەڵبەستراو، چون ناوبراو خاڵی نەبووە لە کینەی پێشوەخت و گرێ دەروونییەکان.

پێنجەم: لەگەڵ ئەوەی کردەوەی تیرۆرکردنی شێخ ستار جێگەی ئیدانە و مەحکومکردنە، لە هەمان کاتدا دەبێت سیمای ڕاستەقینەی ناوبراو لەبەرچاو ون نەکرێت، یان بە زمانێکی تر بڵێین شێخ ستار نەکەینە قارەمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، چوونکە مێژووی ئەو پیاوە مێژووی پشتکردنە گەلەکەی بووە و پارتی دیموکرات و شۆڕشگێڕی کوردستانی کارتۆنیی بۆ بەعس دەبرد بەڕێوە و لە قۆناغی جینۆسایدکردن و ئەنفالی گەلەکەشیدا لە تەنیشت سەدام و داروودەستەکەیەوە

بووە، نەک هەستی نەتەوەیی بەڵکو هەستی مرۆڤانەشی نەجووڵاوە.

شەشەم: پێویستە کەناڵەکانی راگەیاندن بەردەوام فایلی تیرۆری شێخ ستار بهێننەوە بەر باس و بیکەنە بابەتی گرنگی قسە لەسەرکردن. بەداخەوە بۆ زۆرینەی کەناڵەکانی راگەیاندن تەنیا ئەو رووداوانـە جێگەی باس و قسە لەسەرکردنە لەبەردەمیاندا ئامادەیە، ئەگینا بیریان دەچێتەوە ئاوڕێک لە دوێنی بدەنەوە، بگرە لای هەندێکیان ئەو دۆسیە و فایلانەی شەوێکی بەسەردا تێپەڕیوە کۆن بووە و شایانی ئەوە نییە دیسان ئاوڕی لێبدرێتەوە.

دواجار دەبێژین ئەولەویەتی کار ئەوەیە دەستەڵاتی سیاسیی لە کوردستان هەنگاوی کردەیی بنێت لەمەڕ ئاشکراکردنی ئەم کەیسە، وەک لە پێشتریشدا وتمان وەڵامی هەموو ئەو دەنگانە بداتەوە کە وەک تارماییەکانی نێو شانۆنامەی هاملێت هەموو بە دەنگی نەوی و بڵند، بە فەرمی و نافەرمی، لەسەر شەقام یان لەنێو پەڕەکانی رۆژنامە، لە گازینۆ یان هۆڵی کۆڕ و سیمینار، دەپرسن ئەرێ بەراست بۆچی دکتۆر ستار تیرۆرکرا و ئەدی لەبری چی و لە پای چی لەناوبرا؟ ئەدی کێ تیرۆری کرد؟ ئەدی ئاشکرای دەکەن یان ئەویش وەک زۆر دۆسییەی تر فڕێیدەدەنە نێو تاریکییەکی بێ سنوورەوە؟.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٥٢)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# پێویستە ئاڵای کوردستان بگۆڕدرێت !
# بابەتێک بۆ لێدوان و گفتوگۆی زیاتر

**ئەفلاتۆن زۆر لەلام خۆشەویستە، بەڵام بێگومان هەق ئازیزترە**

ئەرەستۆ

دوای پانزە ساڵ و نیو زیاتر تێپەڕین لە دەسەڵاتی خۆبەخۆی گەلی کوردستان و چواردە ساڵی تەواو لە تەمەنی حکومەتی هەرێم، زۆر هەنگاو و گۆڕانکاریی نوێ پێویستن لە راستای دیموکراتیزەکردن و چەسپاندنی مافی یەکسانی نەتەوەکان و ئیتنیکە جیاوازەکانی کوردستان کە تاوەکو ئێستا کەمتر سەرنجی دەسەڵاتداران و هەتا دەستەبژێرە رۆشنبیرەکەشی بەلای خۆیدا کێش کردووە. لەم نێوەندەدا پێویستە هەندێ چەمک و روانگە بەشێوەیەکی نوێ و گونجاو لەگەڵ سەردەمی پێشکەوتووی دونیا بنیاد بنرێنەوە و وەک ترادیسیۆنێک شۆڕ بکرێتەوە بۆ سەرجەم ئاستەکان. وا هەست دەکەم کاتی ئەوە هاتووە دەست بۆ زۆر کاری گرنگ بەرین کە تاکو ئەم ساتەش کارگەلێکی تابۆ و بڤە بوون و کەمتر توانراوە خۆ لە قەرەیان بدرێت، لەم رووەوە پێویستە بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی سکۆلار و مەدەنی تەبەنی بکرێت و هەلی گونجاوی وەک یەک لەبەردەم تاکە تاکی هاووڵاتیانی کوردستاندا هەبێت بێ رەچاوکردنی جیاوازیی نەژاد و نەتەوە و ئاین و ئینتیمای سیاسیی. کاتی ئەوە هاتووە هاوڵاتیانی کلدۆئاشووری و تورکمان و ئەو عەرەبانەی لە بنەڕەتدا

خەڵکی کوردستانن، بێ ترس و دوو دڵی لە ئایندە کەچی روو دەدات خۆیان بە هاووڵاتییەکی ئاسایی کوردستان بزانن.

هەتاوەکو ئیمرۆ ئێمە قسەی تیا دەکەین بارودۆخی کوردستان چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ئایندەی ئەم گەلانە روو لە گەشانەوە و بنیادنانەوە بکات نەک پێچەوانەکەی، مادام وایە بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوە و سەلماندنی ئەو راستییەی کوردستان وڵاتی هەموو هاووڵاتییەکانییەتی، کاتی ئەوە هاتووە دەست ببرێت بۆ گۆڕینی ئاڵای کوردستان. پێویستە بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردیی سەبارەت بە ئاڵای وڵاتەکەی بیرکردنەوەیەک نەبێ بارگاویی بە سۆزێکی رووت و دنیابینییەکی کلاسیک و بەسەرچوو، بەڵکو پێویست دەکات بە رۆحێکی سەردەمییانە و بە چاوێکی کراوەتر و لە فەزایەکی بەرینتردا سەیری ئەم پرسە بکات. مادام گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کورد کۆک و مکوڕن لەسەر گۆڕینی ئاڵای ئێستای عێراق بەو پاساوەی هیچ هێمایەکی تیا نییە بۆ سەلماندنی هاوبەشێتی کورد لەگەڵ عەرەب لە عێراقدا!، ئاوەهاش پێویستە ئاڵای هەرێم و وڵاتەکەی خۆی بە جۆرێک بێت هەست و واقیعی گەلانی تری نێو کوردستان تیایدا رەنگبداتەوە، ناکرێت لە وڵاتێکی فرە و جیاوازی وەک کوردستاندا ئاڵا تەنیا وێنەدانەوەی مێژوو و کولتووری تاکە نەتەوەیەک بێت، جا با ئەو نەتەوەیە زۆرینەش بێت، هیچ کات نابێت بەم بیانووەوە دیموکراتییەت قۆرخ بکرێت و لە ئاکامدا ببێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا.

ئەوجا پێویست دەکات جارێکی تر کوردایەتی و ناسیۆنالیزم پێناسە بکرێنەوە و لە قاڵب و شێوەیەکی نوێتردا دابڕێژرێنەوە، رەنگبێ من وا تێبگەم کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ و نوێی کوردیی، کاری ئەمڕۆ و هەرە گرنگی ئێستای و ئەجیندای سبەینێی هەوڵدان نییە، بۆ هێشتنەوەی ئاڵایەک و داسەپاندنی بەسەر گەلەکانی تری هاونیشتمانیدا، بەڵکو ئەرکی ئەم ناسیۆنالیزمە ئەوەیە لەم قۆناغەدا کۆمەڵگایەکی شارستانی و مەدەنی وەبەربهێنێت و سەرەتای هەنگاو دەستپێبکات بۆ ئاڕاستەکردنی کوردستان رووەو وڵاتێکی سەربەخۆی دامەزراوەیی. لە روانگەیەکی تریشەوە زۆر لێدوان و تەسریحاتی جۆراوجۆری سەرکردە کوردییەکان دەبیستین کە کوردستان بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو دەنێت!،

زۆر هەواڵی نهێنییە مخابەراتی دزەیان کردووە و راستییەکی وا دەسەلمێنن، مادام ئەمە وایە و نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە وێنەی دەوڵەتێکی کوردیی نەخشاندووە، ئیتر کاتی ئەوەیە چاو بخشێنرێتەوە بەم پرسەدا و ئاڵایەکی نوێ بۆ سەرجەم کوردستانییەکان دروست بکرێت کە هێمای هەموو لایەکی تێدا بێت.

هەقی خۆیەتی تەنانەت نەتەوەییە پەرگیرەکانیش پێشوازیی لەم هەنگاوە بکەن، چوونکە پەڕگیریی ئەوان بەر مەبنای ستەمی دەسەڵاتی داگیرکەر بووە، بۆیە مایەی قبوڵ نییە جارێکی دی وێنای خۆیان لە قوربانییەوە بۆ جەللاد بگۆڕن، لەبەرئەمە دەبێت بزانین هیچ کات راسیزم و تەنگەنەفەسی نەتەوەیی و قبوڵنەکردنی ئەویتر خزمەت بە دۆزی دیموکراسی و فۆرمی کۆمەڵگەی کراوە و مەدەنی ناکەن، تەنانەت هیچ کات ناسیۆنالیزم لە ئینجانەی شۆڤێنیزمەوە نارسکێ و توندڕەویی نەتەوەیی هیچ کات بە درەختی دیموکراسییەوە موتوربە نابێت. بە دیوێکی تریشدا گەلانی نیشتەجێی سەر خاکی کوردستان لەم وڵاتەدا پەنابەر و ڕێبوار و میوان نین تاکو سۆڵیدارێتی و خێریان پێ بکرێت بەڵکو بەشێکی بنەڕەتین لە خەڵکی ئەم وڵاتە و ماف و ئەرکی یەکسانیان هەیە، هەموو هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی کوردستان بە وڵاتی تەنیا گەلی کورد هەوڵێکی سەرلەبەر ترسناک و پڕ مەترسییە بۆ ئایندەی کەمایەتییە نەتەوەیی و نەژادییەکانی تری وەک گەلی کلدۆئاشووری و تورکمان و کەمەکێک لەو عەرەبانەی خەڵکی کوردستانن.

کاتی ئەوەش هاتووە ئاوەزی خۆمان لەو چەقبەستوویی و ژەنگ هەڵهێنانە رزگار بکەین و چیتر پێمانوانەبێت بە گۆڕینی ئەو ئاڵایە دنیا سەرەوژێر دەبێت و کورد گورگ دەیخوات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە هەنگاوێکی دروست و ساغڵەمی بزانین لە راستای پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی کوردستاندا، پێویستە ئەوە بکرێتە خەیاڵدانی گشتیی، ئاڵا و پارچەیەک قوماش هیچ کات پیرۆزتر نین لە مرۆڤ. ناکرێت شانازیی بە ئاڵایەکەوە بکرێت کە هێما و سیمبۆل نەبێت بۆ زیاتر لە چارەگە ملیۆنێک مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی چوار ملیۆن کەسیدا، بەڵکو ئاڵا کاتێک هێما و بەیداخێکی قبوڵکراوە لە وڵاتدا کە هەمووان هەست بکەین ئەو ئاڵایە گوزارشت لە تایبەتمەندیی و فەرهەنگ و رەگی مێژوویی ئەوانیش دەکات، چوون هەریەک لەو پێکهاتە و کەمە نەتەوەییانە بە نۆرەی خۆیان و بە گوێرەی رێژەیان بەشداربوون

لە پرۆسەی خەبات و ژیانکردندا لە کوردستان جا ئەو پرۆسەیە دیوە شادیی و خۆشییەکە بووبێ یان دیوە نارەحەت و تراژیدییەکەی.

حەزیش دەکەم ئەوە جەخت بکەمەوە مەبەستی من هیچ کات بە سووک سەیرکردن و بێ بایەخکردنی ئاڵای کوردستان نییە، راستیشە ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان خوێنی لە پێناودا دراوە و پێشەوایەکی لە سێدارەدراو بە ئەمانەت بۆ گەلەکەی بەجێهێشتووە، بەڵام بۆئەوە خوێن نەڕژاوە ئەم ئاڵایە ببێتە ئاڵایەکی ستانداری جاویدانی و بسەپێنرێت بەسەر خەڵکانی دیکەدا، دەکرێت ئەم ئاڵایە، ئاڵای گەلی کورد بێت بە تەنیا، نەک ئاڵای وڵاتێک بە نێوی کوردستان، دەبوایە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی خەمخۆری سەرەکی دروستکردنی ئاڵایەکی نوێی کوردستان بوایە کە رەنگدانەوەی سەرجەم پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی وڵات بێت. ئەوەش هەر راستە ئاڵای کوردستان ئاڵایەک بووە خەونی پێوە بینراوە و هەنووکەش خەونی پێوە دەبینرێ، بەڵام هەرگیز ئەوەندەش موقەدەس نییە شایەنی گۆڕان بەسەرهێنان نەبێت، بگرە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ئاڵای کوردستان بەم جۆرەی هەیە و گوێ خەواندن لە گۆڕینی، دەرخەری چەقبەستوویی و بە بەردبوونی عەقڵی تاکی کوردییە و مەیلی کوردایەتی بە هەمان رێگای تەنگەبەر و تەسکی دیگای ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبیدا دەبات.

نیتچە دەڵێت (دەشێت شتێک راست بێت، بەڵام بێ ئەندازە زیانبەخش و ترسناک). دەشێت ئاڵای کوردستان ئاڵایەکی پیرۆز و گەورە بێت، بەڵام پێدەچێت لە دوارۆژدا ببێتە مایەی ئاژاوە و مەترسییەکی مەزن و دروستکردنی گرێکوێرەیەکی نەکراوە. بە کورتییەکەی زەرووەرەتی گۆڕینی ئاڵای کوردستان هاتۆتە پێشێ و کاتی خۆیەتی بۆ گۆڕانگاریی تیایدا، هەر چەندە ئەم پرسە لە زۆر ئاستدا نارەزایی و بۆڵە و بۆڵ و هاتوهاواری زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت بەڵام بڕیاری حەکیمانە و راست و دروست بێگومان جێی خۆی دەگرێت. رەنگبێ گرنگترین کاردانەوە لەلایەن هەندێک قەڵەم بەدەستەوە بێت چوونکە بەدرێژیی ئەم ماوەیە هەستمان بەوە کردووە رووناکبیران لەم رووەوە مکوڕ و شێلگیرن، تەنانەت خۆم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ نووسەرەکانمدا لەسەر ئەم تەوەرە گفتوگۆ و دیالۆگێکی توندوتیژ و چڕوپڕم بۆ دروست بوو، هەتا ئەوەی وتی: ناکرێ لەبەرخاتری ٥٠ هەزار

ئاشووری و کلدان کە تەنێ دەتوانن بە عەرەبی قسان بکەن و نوکەش کوردیی نازانن ئالای خۆمان بگۆڕین، ئەمە تێگەیشتنی تەنانەت هەندێک لە دەستەبژێری رۆشنبیری کوردە.

رووناکبیرانی کورد بیریان چووە بەر لە سەدەیەک و چەند ساڵێک (ئەمیل زۆلا) بە وتاری (من تاوانبار دەکەم) مانیفێستی رۆشنبیر رادەگەیەنێت و ئەرکێکی گەورەی مۆراڵی و ئیتیکیی دەخاتە ئەستۆ و سەرشانی رۆشنبیر بۆ داکۆکیکردن لە چەوساوە و بەشمەینەتان و ستەملێکراوان. مانیفێستەکەی (زۆلا) بەرئەنجامی کێشەی یاک تاکە کەس بوو (ئەویش کێشەی ئەفسەری جوو، درێفۆس بوو) کەچی رۆشنبیری کورد مافخواردنی پەنجا هەزار مرۆڤ بە کەم تەماشا دەکات!، بە بڕوای من ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە و هەڕەشە دەکات لە ئایندەی دیموکراسی و پێکەوەژیان، چوونکە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە مەرجی یەکەم و هەرە گرنگی دیموکراسییەتە، هەروەک (فرێد هالیدی) دەنووسێت (بەبێ کولتووری لێبووردەیی و تورەلەنس لە نێوان گروپە ئاینیی و لایەنە سیاسیی و ئیتنییە جیاوازەکان، هیچ سیستمێکی دیموکراسی بەدینایەت).

*ئەم وتارە لە ژمارە (٦٨٤)ی رۆژنامەی (ئالای ئازادی) لە رۆژی ٣٠/١٠/ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

# ئاڵای عێراق و تەزووی کارەبا

**چۆن دەتوانم باسی ئاین بۆ کەسێک بکەم لە کاتێکدا چاوەکانی لە برساندا دەبریسکێتەوە؟**

بێرناردشۆ

بڕیاردان بۆ لابردنی پەرچەمی عێراقی سەردەمی بەعس نەک بڕیارێکی پۆزەتیڤ و گونجاوە، بەڵکو هەڵوێستێکی جەرئیانە و دڵخۆشکەرانەیە. بەڵام ئایا ئەم تەوقیتە گونجاو بوو بۆ لابردنی ئاڵای عێراق؟ لە سادەترین وەڵامدا نەخێر.. هۆکارەکەشی ئاشکرایە بارودۆخی شڵەژاوی ئەم ناوچەیە و پێگەی کورد لەم دۆخەدا ئەوە هەڵناگرێت تۆ بڕیارێکی لەو جۆرە بدەیت و مەودای بەربەرەکانییەکان فراوانتر بکەیتەوە. لێرە مەسەلەکە ئەوە نییە تۆ ئاڵای عێراق هەڵدەکەی یان نا، بەقەدەر ئەوەی مەبەستمان لەوەیە بە ڕێکخستنی ئەم کامپینە راگەیاندنییەی بۆ ئەو مەسەلەیە کرا لە جێی خۆیدا نەبوو هەروەک بە گەورە نیشاندانی زیاتری ئەم هەڵوێستە چی سوودێکی نەبوو.

لەلایەکی تر بڕیاردان بە داگرتنی ئاڵای بەعس بە مانای تەڵاقدانی عێراق نییە وەک زۆر کەس تێیگەیشتوون، چوونکە کورد بڕیاریداوە هەر لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، ئەمە تەنیا گۆڕینی ئاڵای عەلی کیمیایی و سەدامە بە ئاڵای ساڵح موتلەگ و موقتەدا سەدر و مەلا عەلی سیستانی. خۆ ئەگەر بڕیاریشمانداوە ئاڵاکەی عەبدولکەریم قاسم هەڵبکەین چی مانایەکی تیایە؟ ئاڵا هەر ئاڵای عێراقی

عروبەیە جا بەدەست بەعس یان مەجلیسی ئەعلاوە بێت مەسەلەیەک نییە، خۆ ئەگەر هێمایەکی کورد لە ئاڵاکەی سەردەمی قاسمدا بدۆزینەوە هێشتا ئەمە پاساو نییە بۆ هەڵکردنی، من دەپرسم بۆ کەم هاووڵاتی کورد لەژێر ئەو ئاڵایەشدا گوللەباران و شەهید کران؟ لەلایەکی ترەوە هەڵبژادنی ئەم سەروەختە بۆ ورووژاندنی مەسەلەی ئاڵا بەشێوەیەک لە شێوەکان وەرگێڕانی سەرنج و چاوی خەڵکە لە بێ مافی و بێ خزمەتییەکانییەوە بۆ روانین لە مەعمەعەیەکی سیاسیی هەرێمی و ناوچەیی.

پێویست بوو سەرکردایەتی سیاسیی کورد پێش ئەوەی شەڕی پارچە پەڕۆیەک بکات ژیانی ملیۆنان هاوڵاتی خۆی بەلاوە گرنگتر بوایە و لە ناوەند شەڕی بێ ماف و بێ خزمەتی خەڵکی کوردستانی بکردایە. دەبوو قورسایی سەرەکی لایەنی کوردیی بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا ئەوەبوایە حکومەتی عێراق بودجەیەکی زیاتر بۆ کوردستان تەرخان بکات و دەسەڵاتی مەرکەزیی بەوە ناچار بکردایە رۆڵی هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان. چاکتر بوو ئەو هەموو پێداگریی و خۆ گیڤکردنەوەی لایەنی کوردیی هیچ نەبوایە بۆ تەزووی کارەبا بوایە کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە وەک لەخۆ خەریککردن بە پارچە قوماشێک کە کەس نایکاتە خاولیش.

گومان دەکەم دەسەڵاتدارانی کورد بە ئەنقەست ئەم مەسەلەیەیان لەم دۆخەدا ورووژاند ئەویش بۆ کپکردنەوەی شەپۆلی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵک ئەگینا ئەوان کە موخلیسترین عێراقین جێی سەرسوڕمانە بەیداخەکەی قبوڵ ناکەن!!. بۆ ئەوەی تێکەڵاویی دروست نەبێت لە قسەکانمدا لە پوختترین دەربڕیندا ئەوە دەڵێم، هیچ کەسمان ئاڵای بەعس و هیچ ئاڵایەکی تری عێراقی عروبەمان قبوڵ نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەش نییە بەنێوی لابردنی هێمای سەدام و بەعسیزمەوە گوێ لە خواستەکانی کۆمەڵگە بخەوێنرێت و ماددەیەکی خاو بێت بۆ چەواشەکردن و سەرقاڵکردنی خەڵک. ئەگەر داوایەکیشمان لە سەرکردایەتی کورد هەبێت تکایە لە پاڵ شەڕی ئاڵادا خەمێک و مشورێکی کارەبا و پێداویستی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیش بخۆن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣١)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٦ /٩/٢٣ بڵاوبووەتەوە.

# ئاوها پێشوازیی لە ئاوارەکان دەکەن؟

لە دوای لە گۆڕنانی رژێمی بەعس و کۆتایی هاتن بە سیاسەتی راگوێزان (تەهجیر) بەشێکی زۆر لەو ئاوارانەی بەهۆی سیاسەتەکانی رژێمی لەناو چووەوە، وەک پەنابەر لە وڵاتانی دراوسێ و خۆرئاوا جێگیر ببوون بە شەوق و تامەزرۆییەوە بەرەو خاکی نیشتمان گەڕانەوە، چوونکە مۆتەکەی سەدام و بەعس یەخەی ئەم کۆمەڵگەیەکی بەردا و وا پێشبینی دەکرا ئەمە دەروازەی مێژوویەکی نوێ لە ئازادیی و دیموکراسییەت بە رووی عێراقییەکاندا بکاتەوە، ئەم خەونە (خەونی عێراقێکی ئازاد و دیموکراتیک) رۆژ لە دوای رۆژ لای عێراقییەکان بە تایبەت ئەو کوردانەی بە تۆبزیی کراون بەعێراقی، کاڵتر دەبێتەوە و وەک زیندەخەونی لێدێت، بەڵام کاروانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وڵات بەردەوامە. ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە ئەوەیە: ماوەیەکە پەنابەرانێکی زۆری باشووری کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ کەناڵێکی راگەیاندن و رۆژنامەیەکی لۆکاڵی کوردیی گرنگی پێ بدات و ئەم گەڕانەوەیە بە هەند وەربگرێت.

خۆ ئەگەر ئەمەیان مایەی نیگەرانی نەبێت، ئەوەیان ئەوپەڕی نیگەرانیمان بۆ دروست دەکات ئەمەیە ئەو ئاوارانە لە رێورەسمێکی نەگونجاو و پێشوازییەکی ساردوسڕدا هاتنەوە و دێنەوە بۆ وڵات. نە هیچ بەرپرسێکی باڵای حکومیی و حزبیی ئامادەی بووە و دەبێت، نەوەک (برا) عەرەبەکان ئەملاولایان ماچ کرا، نەوەک (شێخ یاوەر) فەرشی سوور لەبەر پێیاندا راخراو، نە بە ئاواز و سروودی نیشتمانی پێشوازیی کران، بەڵکو تەواو لە رێورەسمێکی تژ لە گەرما و تەپوتۆزاویی

سەر سنوور، بە کوردستانی داگیرکراو و بێ کارەبا و بێ ئازادیی و بێ ژیان شادبوونەوە. هەرچەندە ئەوان پاش چەندان ساڵ لە ئاوارەیی خەونی زۆریان بە گەڕانەوەیان گرێداوە و وەهمی زۆریشیان دەربارەی ئەم ئەزموونەی کوردستان دروستکردووە یان بۆیان دروستکراوە, ئەمڕۆش نەبێت سبەینێ تووشی شۆکێکی گەورە دەبن، چوونکە بەر واقیعێک دەکەون ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە لەگەڵ ئەو وەهمەی لە خەیاڵدانی خۆیاندا دروستیان کردووە، ئەوکات هەست بەوە دەکەن حزبی کوردیی بۆ گەمەیەکی سیاسیی خۆی بەکاریهێناون و مەبەستیش لە هێناوەیان بۆ وڵات تەنیا بۆ ئەو گەمەیە بووە و هیچیتر!.

دەکرێت بپرسین کام گەمە؟ بەڵێ، گەمەی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان!. هەر حزبێکی دەسەڵاتدار بۆ زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەرانی خۆی و لە ئەنجامی ئاشکرابوونی فێڵەکان و پەیمانە درۆزنەکانیان لەلای خەڵکی ناو هەرێم ناچارن ئەو ئاوارانەی بە درێژایی سیانزە ساڵی رابردووی دەسەڵاتی کوردیی لە دەرەوەی زاکیرەی حزب و سەرکردەی حزبەکان بوون، بگەڕێننەوە و لە گەمەیەکی تری دۆڕاوی حزبیدا ئەو ئاوارانە بکەن بە سووتەمەنی شەمەندەفەری حزبایەتی و زیاتر سەرگەردانیان بکەن و لە دۆخی ژیانی ئاوارەییدا بیانهێڵننەوە. ئاخر لە وڵاتانی دنیا وایە: کە سەرکردەیەکی تاراوگەکراو یان چەند خێزانێکی ئاوارەکراو دەگەڕێنەوە بە ئامادەبوونی سەرۆکی وڵات و بە هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی و ڕێوڕەسمێکی جەماوەریی و دەوڵەتیی شکۆدار و بە خوێندنی سروودی نیشتمانی پێشوازیی و بەخێرهێناوەیان بەرز رادەگیرێت، بەڵام کورد ئەوەندە خۆی بە بچووک دەزانێت, ئەم بچووکبوونە بووەتە هۆی دەستگرتنی لە بە ئەنجام گەیاندنی هەر کارێکی گەورە، کورد هەمیشە خودی خۆی و کارەساتەکانی بچووک کردۆتەوە، تەنانەت کێشەی نەتەوەیی خۆی بەراوورد دەکات بە فەلەستین و شۆڕشگێڕەکانی خۆی بە تیرۆریستەکانی فەتح و حەماس دەچوێنێت و هەڵەبجەش دەکاتە دەستە خوشکی سەبرا و شاتیلا، کە بۆ هەر مرۆڤێکی خاوەن ئاوەز ئەم بەراووردە مایەی گاڵتەجاڕیی و پێکەنینە.

بۆ وێنە کوردستانێک دەیان نیلسۆن ماندێلای هەیە «غەنی بلوریان نموونەیەکە» کەچی هەموویان دوای تەمەنێکی دوور و درێژ لە زینداندا لەگەڵ ئازادبوونیان تووشی نەخۆشی دەروونی و شێتبوون دێن, بەڵام ئەفریکایەک کە بە

هەموو پیوەرێک لە ئێمە دواکەوتووتر و هەژارتر دەناسرێن، بەڵام ئەوان نیلسۆن ماندێلای خۆیان کردووەتە سیمبۆڵی تێکۆشان و تەساموح و ئازادیخوازیی و هەر لەو ڕێگەیەوە بووەتە کەسایەتییەکی بەناوبانگی یۆنیڤرساڵ. کورد خاوەنی ئەو هەموو کەسایەتی و شۆڕش و داستان و شاعیر و نووسەرە گەورانەیە، کەچی نەیتوانیوە تەنیا دانەیەکیان بە جیهانی بکاتەوە، نالی چی کەمترە لە سەعدی شیرازی؟ خانی چی کەمترە لە فیردەوسی؟ شێرزاد حەسەن چی کەمترە لە عەزیز نەسین؟، بەڵام بۆ ئەو هەموو داهێنەرە کوردە هێشتا بە تەواوەتی لای خەڵکی کوردیش بەو شێوەیە ناسراو نین؟ ئایا ئەمەش دیسان بەرهەمی کولتووری خۆ بچووککردنەوە و خۆ بەکەمزانینی کورد نییە؟ ئایا کوردبوون نەبووەتە هۆی ئەوەی هەڵەبجە و ئەنفال و ئاپارتایدی کورد کە گەورەترین کارەساتەکانی سەدەی بیستەمن لە دوای هۆلۆکۆست بچووک ببنەوە و بگرە پشتگوێ بخرێن.

کورد دێت جەواهیری دەگەیەنێتە بورجی عاج، هەرچەندە هەڵوێستی وی لە شیعری (قلبی لکوردستان) و نووسینی وشەی کوردستان لەسەر کڵاوەکەی جێگەی پێزانین و ستایشە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە هەردوو ئیدارەکە هەر یەکەی پەیکەرێکی لە برۆنز لەسەنتەری شارەکاندا بۆ دروست بکەن، لە بەرامبەریشدا بە تەباشیر و گەج پەیکەرێک بۆ سەرکردەی نەمری مێژوویی (شێخ مەحمودی حەفید) دروستکراوە کە هێندە نەشاز و ناشیرینە خەڵک نوکتەی تایبەتیان لەسەر دروستکردووە، ئەوە لەولاوە وەستابێ وێنەکەی پێشەوا (قازی محەمەد) لە شاری سلێمانی هێندە بچووکە دەڵێی پولی پۆستی پەنجاییە و لە باشترین حاڵەتدا هێندەی قەبارەی وێنەیەکی (موعین ئەسفەهانی) نابێت بە پێشی جامخانەیەکی تۆمارگەیەکەوە!!, جا لەوەش بگەڕێ گەنجی ئەم وڵاتە ئەوەندەی (نزار قەبانی) و شیعرەکانی دەناسێت بە هیچ کلۆجێک (هەژار موکریانی) ناناسێت!. ئەمانە و سەدان نموونەی تر تەنیا ئەوە دەردەخات کورد چەندە خۆی و کارەسات و مێژووی خۆی بچووک کردۆتەوە و بەردەوامیشە لەسەر هەمان نەریت، بۆیە ئەگەر حاڵ وا بڕوات ئاو بێنە و دەستت بشۆ.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەی (نێوەند) لە ڕۆژی ٨/٢١/ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# ئەگەر

**ئەگەر رۆژێک لە رۆژان سپییەکان لە خۆیان بپرسن خودا چۆن رەشپێستەکانی ئافراندووە؟ ئەوسا تێکڕای شت لە ئەمەریکادا دەگۆڕێت**

جێمس بالدوین

ئەگەر رۆژێک بەرپرسەکانی ئێمە سەریان بۆ خوارێ نەوی کردبا و سەیری بریقەی قۆنەرەکانی پێیان بکردایە، رەنگبێ ژیانی ئەو مرۆڤگەلانەیان بدیبا لە شانی پێڵاوەکانیانەوە لە تەک هەژاریی و پەژارەدا ژیان دەکەن. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان دەنکە گەوهەر و مرواری گەردنی ژنە بەرپرسێک بکەوتبایەتە سەر زەوی، بۆ ئەو جارە چاوێکی لە خوارەوە بکردایە و وەک ناپلیۆن هەمیشە چاویان لە ئاسمان نەبڕیبا ئەوسا دەیانزانی گەدا و دەستفرۆش و زەبوون و دەرۆزەکەرەکانی ولاتیش هەروەک ئەوان مرۆڤن. ئەگەر بۆ تەنیایەک رۆژیش پیاوە خواپێداوەکانی ئەم ولاتە دۆزەخییەوە دەستبەرداری خولیاکانی لویسی شانزە بهاتنایە و کۆشک و کەیف و سەمایان بۆ نێو بازاڕ و کەلاوە رووخاوەکان جێهشتبا، لەوانەیە کەمێک بیانزانیبا خەمی نان چییە؟ زاراوەکانی نەداریی و حەسرەتی ژیان دەچۆیە نێو قامووسی ژیانیانەوە کە پڕپڕە لە وشەکانی شادیی و سەما و هەڵپەرکێ و پارە و بلۆکە دۆلار و باخچە و دۆنمە زەوی و ریزە دوکان و کۆمپانیا و جەواز و مەی تاد...

ئەگەر رۆژێک لە رۆژەکان وەزیر و گزیر و هاوشێوەکانیان لە بەردەم ئاوێنەیەکی گەورەدا بە رووت و قووتی لە خۆیان بڕوانیبایە و جیاوازییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو جەماوەرە کلۆڵەدا بژماردایە، ئەوساکە سێ ساڵ هاتوچۆی

پرسگەکانیانمان نەدەکرد و لە جامی ڕەشی مۆنیکاکانیانەوە وەک ئاژەڵ و مێروو لەو هەموو مرۆڤە ڕەشوڕووتەیان نەدەڕوانی. ئەگەر سەروڕیشە چڵکنە شەیتان ئاساکەی سەدام و خۆپیسکردنی عەلی کیمیایی وانەیەکی بۆ خەڵکانی دی تیابوایە نەدەبوو ئەم عەنتەرانەی لای خۆمان هەڕەشەی دەست شکاندن و ئەستۆ وردکردن بکەن و بە گوللە پێشوازیی لە ڕێپێوان بکەن و بە تەهدید و دادگای زەرد و یاسای بەعس وەڵامی نووسەر بدەنەوە. ئەگەر هەرەسی دوێنێی سۆڤێت و شەق تێهەڵدان لە پەیکەرەکەی لینین عیبرەتێکی تێدا بوایە چ پێویستی دەکرد پارتەکانی لەمەڕ خۆمان بە خەباتی دوێنێ و سەروەرییەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەمکوتمان بکەن و بە تریاکی نەتەوایەتی و گیانی کوردایەتی بێ هۆشمان بکەن، ئاخر نازانن ئەگەر هەژاریی گەیشتە قوڕقوڕاگە لینین بیت بە پێ لەقە کاسکێتی شۆرشگێڕیی لەسەرتدا دەدرن!.

ئەگەر بۆ ڕۆژێک ئەم هەموو وتار و ڕەخنە و گلەییانەی نێو رووپەڕی ڕۆژنامەکان مەسئولەکانی لە جنسی قاز ڕزگار بکردایە, دەبوو تەڕ و شەرمەزار بوونایە هونەرمەندانێکی هەست ناسک لە برسا ببنە مافیا و بازرگانی ماددەی بێهۆشکەر. ئەگەر بۆیەک تاکە شەو کاکی پۆز زلی ژەنەراڵ و کاربەدەست لە تەپکە قوڕێکی بەناو ماڵی باداوە و کورانی عەینکاوە ڕۆژیان بکردایەتەوە زۆر شت دەگۆڕا، هەر هیچ نەبوایە کاغەزی ناڕەزایی و پێشنیار و داواکاریی حەواڵەی تەنەکە خۆڵەکان نەدەکران. ئەگەر کچی بەرپرسێک یان کوڕی پەرلەمانتارێک ڕۆژانە بە پێ بچوونایە بۆ زانکۆ و لە کافتریا لەفەی فەلافلیان بخواردبا ئەوە هەر نەبوایە کەمێک ژیانی ئەو لەشکرە گەنجە داماو و بەخت ڕەشە ئاوڕی لێدەدرایەوە. ئەگەر ماڵە تێر و پڕەکانی سەر بە دەسەڵات برنج و ڕۆنی بایەعیان بخواردبا، ئەوسا دەیانزانی خەڵک لە پۆڵا دروست نەکراون و دڵیان لە بەرد نییە و هەناسەیان گڕ و هاواریان دەنگی تەنەکەی ژەنگاویی نییە.

ئەگەر ٢٤ سەعات ئاو و کارەبا لە ماڵی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی دوو زلحزبەکە ببڕی هیچ نەبێت تۆزێک لە موعاناتی چوار ملیۆن کورد تێدەگەن بە دەم ئازاری بێ ئاویی و بێ کارەبابییەوە. ئەگەر بەڕێوەبەرە زل زلەکان و دەسەڵاتدارە گومڕاکان سێ ڕۆژ بە دوای خانووی کرێدا بگەڕانایە خودا میسقالە زەڕەیەک

بەزەیی دەخستە دڵیانەوە و وەک شوانێکی دڵڕەق رانەکەیان ئازار نەدەدا. ئەگەر هەر بۆیەک رۆژیش بووە هەردوو سەرۆک سەیری باری ژیانی هاووڵاتیانیان بکردایە و یەک کاتژمێریش بە قووڵی و وردیی بیریان لێبکردایەتەوە ئەوسا لە کوردستان زۆر شت دەگۆڕا. بەڵی هەموو شتێک دەگۆڕا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٠)ی رۆژنامەی (نیوەند) لە ٢٠٠٦/٨/٢٠ بڵاوبووەتەوە.

# با دوو ئیدارەکە یەکنەگرنەوە

**ئاشتبوونەوەی پڕ لە زۆر و ستەم باشترە لە جەنگی پڕ لە داد**
پەندێکی ئینگلیزیی

لەو کاتەوەی رێککەوتنامەی واشنتۆن لەنێوان)پارتی و یەکێتی(دا مۆر کراوە، کەم شت هەیە هێندەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان باس و خواسی لەبارەوە کرابێت و لەسەری نوسرابێت، بەڵام ئەز ئەمجارە بە پێچەوانەی هەموو ئەو هاوڕێیانەوە دەبێژم با ئیدارەکان یەکنەگرنەوە! ئەگەر یەکێک پرسیار بکات بۆ؟ دەڵێم: ئیتر بۆچی یەکبگرنەوە ئەوەی بە یەکگرتن بەدەست دەهات تازە لە دەستمان چوو، با نەبنەوە بە یەک و لە دژی یەکتر کێشمەکێش بکەن ئەگەرنا نە شەقام قیرتاو دەکەن، نە قوتابخانە دروست دەکەن و نە موچە لە کاتی خۆیدا دەدەن، تەنانەت پێویستە یەکنەگرنەوە، چوونکە ئەوان لە قۆناغێکدا نەفرەتیان لەیەکگرتن کرد لە هەموو کات و لە هەموو شت پێویستیمان بە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و گووتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو هەبوو، ئیدی بۆ یەکبگرنەوە کە تاکە شتێک نەماوە بە نایەکگرتوویی لە دەستی بدەین؟.

هەموو شتەکانمان دۆڕاند! مافی نەتەوەیی و کەرکوک و شنگال و خانەقینمان لەسەر مێزی قومار بە لگاو و دومبەڵە دۆڕاند!، تاکە شتێک نەماوە کورد لە دەستی نەدابێت؟ تاکە پەنجەرەیەک نەماوە لە دوای یەکگرتنەوە لێوەی بڕوانرێت بۆ ئایندەیەکی گەش، هیچ دەرگایەکی کراوە نەماوە پێیدا بچینە ژوورەوە بۆ وەدیهێنانی خەونە نەتەوەییەکانمان، ئیتر با جیاواز بن، با ئیدارەکان نەکەنەوە بە

یەک، ئەگەرنا چیتر زەوی دابەش ناکەن و پارکی شار و ئازادیی دروست ناکەن، چیتر یانەی رۆشنبیریی و هونەریی و وەرزشیی دروست ناکەن، بەڵکو دەست لە ناو دەست و پشت بەهێزی خۆیان و پەنای خوای مەزن گسک لە تەواوی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دەدەن و دەیکەنە پارەی وشک و دەینێرن بۆ بانکەکانی ئەوروپا، یان ڤێلای ملیۆن دۆلاریی و سوپەرماکێتی لە ئەوروپا پێ دەکڕن! ئیتر با یەکنەگرن! ئەگە یەکبگرن کەس باسی برایم خەلیل و نەوتەکەی شیواشۆک ناکات، ئاخر کێ بەر لە شەڕی ناوخۆ ناوی (برایم خەلیل)ی دەزانی، ئەگەر ناوی (برایم خەلیل)ێکمان بیستبوو ئەوە بە دڵنیاییەوە برایم خەلیلی پەیامبەر بووە کە خەڵکی هەورامان و دەوروبەری تەویڵە بووە!!، ئیتر لەوە بەولاوە برایمێک خەلیلی لەگەڵدا بێت لە قوتووی هیچ عەتارێکیشدا نەبووە.

با یەکنەگرن ئەگەرنا بە هاوهەڵوێستی و یەکگرتوویی و بە ناوی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەلەوە هەرچی پارت و کەس و لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە سەرکوتی دەکەن (چوونکە مەترسی دەبن لەسەر ئەزنیفەکەی کوردستان) و جاڕی قەلاچۆکردنیان دەدەن هەروەک چۆن مەلاریا بە دەرمان پژاندن لەناو دەبرێت، ئاوا بە دەستی پۆڵاین و (تۆڵە) لە ریشەیان هەڵدەکێشن و بە (سزای گەل و شۆڕش) یان دەگەیەنن. با یەکنەگرنەوە! ئەگەر ئەوان یەکبگرن دیسان دەست لەناو دەست و لە بەرەیەکی تری کوردستانیدا، زمانی رەخنە دەبڕن و زگی رۆژنامە هەڵدەدڕن و قەسابخانە بۆ رۆشنبیران دادەنێن یان هەر هیچ نەبێت بە ناوی تاوانبار و خیانەتکاری نیشتمانی و خاوەنی فایلی رەش و ژێر بەژێر راپێچی دادگا و زیندانیان دەکەن. با یەکنەگرنەوە! ئەگەر یەکگرتوو بن ئەوکات بە یەکێتی و ریزێکی پتەو و قارەمانانە داروبەردی ئەم کوردستانە لە زێڕییەوە بیگرە تا دەگاتە حەوجۆش و تەنەکەی قوپاوی دۆشاوی تۆسان و خۆڵ و خاشاکی زبڵخانەکان دەکەن بەودیودا.

جا لە ئارد و خۆراک و (موادی غەزائی) بگەڕێ کە تەبرێز و قوم و تاران سەروڕێژ دەکرێت لێی. با یەکنەگرنەوە، ئەگەر هاتو یەکیانگرت وەک برا یەکگرتووەکانی ناو چیرۆکە ئەفسوناوییەکانی داپیرەم بە هاوبەشی هەرچی خەباتکار و تێکۆشەری کوردایەتییە دەیکەنە چەتە و خیانەتکار و عەمیلی بێگانە، بە پێچەوانەشەوە هەرچی فایلدارە هەروەک ئێستاش وایە دەبنە دەمڕاست و کوێخای

ئەم میللەتە داماوە. هەرچەندە ئێستا چەندین پێشێلکاریی و تاوان و ناهەقیی ئەنجام دەدەن، بەڵام هەر هیچ نەبێت لە ترسی یەکتر ناوێرن زۆر بە زەق و ئاشکرایی ئەنجامی بدەن، بەڵام ئەگەر یەکگرتوو بن لە بێدەنگیدا بە ناخی زەوییماندا دەبەن. ئەگەر یەکنەگرنەوە ئەو هەموو سودەی هەبێ ئیدی بۆچی دروشمی یەکگرتنەوە بەرز بکەینەوە؟ ئەگەر ئەوان بەو شێوەیە بن کورد وتەنی خاسی مەکە با خراو نەبێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤٦)ی رۆژنامەی (ئەمرۆ) لە کۆتایی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# سەرکردەی شوان – جەماوەری مێگەل

**چ جیاوازییەک لە نێوان ئەم سەرکردە گەوج و گاڵتەجاڕە و ئەو شوانە گەمژەیەدا هەیە رانەکەی بە گا و گۆلکەوە بەرەو مەنزڵگەی گورگ و پڵنگان وەپێش خۆی دەدات؟**

سۆن- تزو

لەم ناوچەیەی ئێمەی لێ دەژین و بە جیهانی سێهەم نێوزەد دەکرێت, سەرکردە وێنایەکی ئەفسوناویی هەیە و هەر نەتەوە و حزب و گروپێکی دیاریکراو تەبەڕوک بە کاریزمای سەرکردەکەی خۆیەوە دەکات و فرە بەختەوەرە بە وجودی کاریزمایی سەرکردە و رابەرەکەی. خەڵکی ئەم جیهانی سێهەمە میتاڵێکی گونجاون بۆ ئەو سەرکردەپەرستییە، هاوزەمان زەمینە و فەزا کولتوورییەکەشی کەشێکی لەبار و شێداریی بەرهەمهێنانی سەرکردەی نموونەیی و کاریزماتیکە. لەم جۆرە کۆمەڵانەدا سەرکردە تەنیا بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی دەزگای دەوڵەت نییە بۆ کاتێکی دیاریکراو یان خولێکی فەرمانڕەوایی, بەڵکو سەرکردە ئەو فریادڕەس و قارەمانە بێهاوتایەیە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا پێشەنگە, لە ئاوها حاڵەتێکدا سەرکردە ژ بەرئەوەی خاوەن عەقڵ و ژیرییەکی بێ سنوور و بەرفراوانە لە توانایيدا هەیە لەبری هەموو جەماوەر بیر بکاتەوە و بڕیار بدات!, هەر بۆیە هەر بڕیار و وتەیەکی سەرکردە تێکستێکی پیرۆزە و پێویستە وەک وتە بەرزەکان چاوی لێبکرێت و دەماودەم بوترێنەوە.

مادامیش سەرکردە لەم جۆرە کۆمەڵانە هەموو خەسڵەتە پۆزەتیڤ و

نموونەییەکانی تێدا کۆ بووەتەوە و کۆکتێلێکی بیر و ژیریی سەرجەم کۆمەڵگەیە، شایستەی ئەوە کراوە ببێتە سیمبۆل و پەرستراو, ئەمەش چانس و رەوایەتی ئەوەی داوە بە سەرکردەکان بەشێوەی حوکمی تاکەکەسیی و دیکتاتۆریی بڕیار لەهەمبەر پرسە چارەنووسسازەکان بدەن و دەسەڵاتێکی درێژخایەن بەدەستەوە بگرن کە زۆربەی جار تا مردنیان بەردەوامە، لە گەلێک جاری دیکەدا لە دوای مردنیشیان پرۆسەی پیرۆزکردن و ئەفسانە داتاشین بۆیان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامیی بە کاریزما و ئامادەگی مەعنەویی ئەو سەرکردانە دەبەخشن. هەر ئەم فەزایەش زەمینەی خۆش کردووە لە پێناوی لە دایکبوونی دیکتاتۆرە سەرەمێکوتەکاندا کە لە ئاکامدا دەبنە دیکتاتۆری گەورە و زەبەلاح. بە کورتی و کوردیی لەم ناوچەیەدا سەکردەکان کراون بە شوان و بە پێچەوانەشەوە جەماوەر بە مێگەل کراوە و لە پەڕاوێزیشدا هیچ سەنگ و رۆڵێکی نییە یان بۆی نەهێڵدراوەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردستانیش وەک بەشێک لەو جیهانی سێهەمە, بێبەری نییە لەم نەریتە و بگرە یەکێکە لە مەڵبەندە شێدارەکانی تروکانی سەرکردە کاریزمی و بێهاوتاکان. سەرکردە کوردییەکان کە زۆربەی جار لە بنەڕەتدا سەرکردەی پارتەکانیان و بەشی هەرە زۆریان لە بۆشایی زەمەنە پڕ قەیران و دژوارییەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستاندا بوون بەو فس فس پاڵەوانانەی ئەمێستا, ئەمانیش بە هەمان میتۆد و فۆرم و میکانیزمی سەرکردە و دیکتاتۆرە بەژن درێژەکانی وڵاتانی دەوروبەر مامەڵە لەگەڵ جەماوەر و بارودۆخ و زەمینەی کولتووریی کۆمەڵگەدا دەکەن, ئەوان ئەو شوانانەن زۆر بێ ویژدانانە مێگەلەکانیان دەکەنە قوربانی ویستە شەهوانییەکانی خۆیان. واتە شەهوەتی مانەوەیان لەسەر کورسی. سەرەڕای ئەوەیش ئەم شوانانە هەموو رێوشوێنێکیان گرتۆتە بەر و هەموو ئامادەکارییەکان کردووە بە خاتری درێژکردنەوەی تەمەنی بە مێگەلکردنی جەماوەر, کەچی ئاوهاش شوانێتی خۆیان خراپ بەکاردەهێنن و بەرپرسیار نین لە بەرامبەر کارەکانیان, بەڵکو بە دەستی خۆیان رانە مەڕەکەیان بەرەو بێشەی شێر و مەنزڵگەی گورگ و پڵینگان رادەکێشن!.

ئاخر لە کوێی ئەم دنیایە و کەی و لە چ زەمەنێکدا روویداوە؟ شوانێک بە دەستی خۆی رانەکەی گورگانخوارد بکا و دەسماڵی سەرچۆپی بۆ ئەم کارە

ناجوامێرانەیەی راوەشێنێت و لە دیوەخانی حزب و کۆڕی پیاوانی سیاسەتدا وەک داستان و سەرکەوتن لە قەڵەمی بدات؟!. کەچی ئەوەتا بە رۆژی رووناک سەرکردە کوردییەکانی باشوور جەماوەرەکەی خۆیان وەک مێگەل بۆ باوەشی عێراقی عروبە راپێچ کردووە, عێراقێک کە عروبەی داگیرکەر تیایدا وەک گورگی برسی چاوەکانی زیت کردۆتەوە بۆ نێچیرێکی چەوری وەک کورد. کەچی سەرکردە کوردییەکان دەسکەوتەکانی خۆیان لە عێراق دەژمێرن و شادیی و گەشبینی نیشان دەدەن بەوەی جارێکی تر وڵاتەکەمان لکێنراوەتەوە بە عێراقەوە!!. سەرکردە کوردییەکان بە گۆچانی دەسەڵات و زەبروزەنگ و خۆڵ لە چاوکردن, جەماوەری رەشوڕووتی بە مێگەلکراو ناچار دەکەن بە چارەنووسی خۆیان رەزامەند بن لەچوارچێوەی عێراقی کابووس و خوێن و ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەعراب.

سەرکردە کوردییەکان بە چەشنی ئەو شوانە گەمژەیەی (سۆن-تزۆ) باسی دەکات خەریکن بە قەڵەمی زەرد و سەوز هەرخودی خۆیان واژۆی لۆزانێکی تر دەکەن نەک کۆتایی بهێنن بە سایکس بیکۆ، بەڵکو هەل و چانسی سەربەخۆیی بۆ چەندین دەیەی تر لە دەست دەدەن و دوای دەخەن. سەرکردە کوردییەکان ئەو شوانە گاڵتەجاڕانەن بە نەزانین و ساکاریی خۆیان رانەکانیان دەرخواردی دۆستایەتی و بزەی درۆزنانەی سەر لێوی شێر و چەقەڵان دەدەن, بەڵام بەبێ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە ئەگەر ئاوها بە ئاسانیی مێگەلەکەیان بە دەستەوە بدەن دوای ئەوە دەبێت چ کارە بن و چۆن پاساوی گەمژەیی خۆیان دەدەنەوە؟ سەرکردە کوردەکان خەڵک لە سیناریۆکان ئاگادار ناکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەماوەری کوردستان بۆ چەپڵە لێدان بۆ «عێراقی هیوا و ئاشتی» و یەکگرتوو هان دەدەن! باوەڕم وایە ئەمە تەنیا رووکەشی یەکێکە لە سیناریۆکان, بەڵام دوای ئەمە سیناریۆیەکی تر بەڕێوەیە کە دیسان گەڕانەوەی عێراقە بۆ دۆخی جاران و کارەساتەکانی پێشووی کوردیش وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. ئەمەش مێژوویەکە و چەند ساڵی دیکە دەگەینە بەردەمی، چوونکە ئەوە بە باشی بزانن مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٥٤)ی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) لە رۆژی ١٢/١٧/ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# شازی دیموکراسی

عەیامێکە، زەمانێکە، ساڵانێکە، تەمەنی نەوەیەکە، هاووڵاتی کورد ناڕەزایەتی دەردەبڕێت، سکاڵای ژیانی دەکات، دەیەوێت سەرنجی بەرپرسەکان رابکێشێت بۆ کێشەکانی، ئارەزوو دەکات ویژدان و سۆزیان بهەژێنێت، گەرەکییەتی ئەو دێوە خەوتووەی پێی دەڵێن دەسەڵات بە ئاگا بهێنێتەوە، هەوڵی نەپساوەی داوە تەنانەت بەزەیی پێدا بێتەوە، کۆششی کردووە جیسمی مردوو و بە بەردبوویان راوەشێنێت، هەزار و یەک رێگە گیرایە بەر، لەسەر دەرگای تەوالێتی مزگەوتەکانیان نووسی، پڕ ئۆقیانووسێک مرەکەب سەرفکرا لە رەشکردنەوەی لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان، ملیارەها فۆڵدەر و مێگابایت نووسراوە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوبوونەوە، لەسەر شەقامەکان دەستکرا بە جنێو و پرتەوبۆڵە و رەخنەگرتن لە دەسەڵات، کار گەیشتە ئەوەی خۆپیشاندان و پێکدادان روویدا، بایکۆت دەستی پێکرد، ناڕەزایەتییەکە هێندە بەتین و رق ئەستوور بووە بە دووری نابینین لە ئاقیبەتدا توندوتیژیی بێوێنەی لێبکەوێتەوە.

لە ناو پاسدا باس هەر باسی خراپی حکومەتە، سایەق تەکسی تا دەتگەیەنێتەوە ماڵ هەزار جنێو بە حکومەت دەدات، لە گازینۆ دادەنیشیت لە باسی گەندەڵی بترازێت چی وشەیەکی تر نەماوە بۆ وتن. دەچیتە شایی یان پرسە، دەچیتە مزگەوت یان کەنیسە، دەڕۆیتە بازاڕ یان فەرمانگەکان، دەڕۆیتە قوتابخانە یان زانکۆ، دەچیتەوە بۆ ماڵ یان بۆ میوانی، دەڕۆیتە هەر شوێنێک، باس و خواس هەر کەموکوڕییەکانی دام و دەزگاکانی حکومەت و خەواڵوویی پەرلەمان و لاقرتێکردنی بەردەوامە بە مەشاعیری تاکە تاکی هاونیشتمانیان. لەولاشەوە حکومەت هەناسەی

لە خۆی بڕیوە و دەنگی نەفەس کێشانیشی نایەت، زۆر جار ئەوە بە بیرمدا دێت تۆ بڵێی وەزیرەکانمان کەڕولاڵ بن؟، ئەی بۆ زمانیان گۆ ناکات وەڵامی ئەو خەڵکە بدەنەوە؟، هەندێکیان هەر دەڵێی دەم و لووتیان عەمەلیات کراوە و دکتۆر بۆی نووسیوون جوقەیان لێوە نەیەت، بەشێکیان هاوار و ناڵەی هاووڵاتیان لە گوێی راستیانەوە دەچێتە ژوورەوە و لە گوێی چەپیانەوە دەردەچێت. هەندێکی تریان وەک ئەوەی وەزیر و کاربەدەستی ئەندەنۆسیا یان فلیپین بن ببڕای ببڕ باری سەرنجیان نەچووەتە سەر هیچ گلەییەکی خەڵک و لە خوا بە زیادیش بێت ئەوەندە رۆشنبیرن، نە رۆژنامە دەخوێننەوە نە خەڵک دەبینن، ئیدی چۆن چۆنی لە موعاناتەکانیان تێبگەن؟!.

سەیر لەوەدایە هەندێک دەسەڵاتدار و گەلۆری سەر بە دەسەڵات لەگەڵ هەر دەنگێکی نارەزایەتیدا، لەگەڵ هەر جنێوێکی هاووڵاتیدا، لەگەڵ بۆڵەبۆڵی هەر گەنجێکدا، فوودەکەن بە کەرەنادا و لە بەردەم مایکرۆفۆندا ئامادەن بۆ ئەوەی هاوار بکەن: دەی سەیر بکەن، برادەرینە سەیر بکەن، بزانن ئێمە چەندە دیموکراسیین؟ بزانن فڵانە کەسی چەموش چۆن هێرش دەکاتە سەرمان و قسەش ناکەین، ئێوە سەیر بکەن، جوان سەیر بکەن، هاووڵاتییان لەسەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان بە دەنگی بەرز بەبێ ترس و سڵەمینەوە رەخنەمان لێ دەگرن، لەوە زیاتر ئەستەغفیروڵڵا جنێویش بە سەرکردە موبارەکەکانمان دەدەن، ئێمەش هیچ وەڵامێکمان نییە، بڕوانن برادەرینە، جوان بڕوانن و بزانن چۆن رۆژنامەنووسان لە دەستاڕدا دەمانهاڕن و هەیبەتمان دەشکێنن، ئێمە نەک هەر تووڕە نابین و بە پۆلیس نایانگرین هەر ئیهمالیشمان کردوون، شەقیش بەرن وەڵامیان نادەینەوە، ئەگەر بەخت یارییان بێت بانگ دەکرێن بۆ دەعوەتێکی چەور لە بری لێپرسینەوە، ئەی جەماوەری بە شەرەف، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بڕواتان هەبێت و سێ بە سێ تەڵاقمان خواردووە نە لەسەر رەخنە و گلەیی تووڕە بین و بتانگرین نە داواکارییەکانتان بۆ جێبەجێ بکەین. ئێوە چی دەڵێن بیڵێن ئازادن، ئێوە ئەمڕۆ هەوای ئازادیی (بە سیسی) هەڵدەمژن، ئەوەش بەرهەمێکی خوێنی شەهیدانە و دەستکەوتێکی مەزنە، چی گلەییەک دەکەن فەرموون بۆ نایکەن، خۆ ئێمە گوێتان لێناگرین، ئەگەر ئێمەتان قبوڵ نییە ناچین کورسی دەسەڵات چۆڵ بکەین، نا هەر

خۆمان قاچاغچیتان بۆ دەگرین, فەرموون ئەوە ڕێی هەندەران!.

دەسەڵاتی کوردستان وا لە دیموکراسی تێگەیشتووە تۆ وەک لیبۆکێکی سەرشێت و گوناه چی دەڵێی بیلێی، چی دەنووسی بینووسی، چی دەکەی بیکەی، دەسەڵات هیچ کێشەیەکی نییە نە گوێ دەگرێت نە تووڕە دەبێت، چوونکە دیموکراسیخوازێکی عەیارە بیست و چوار ببوورن خەلیجین «لەسەر وەزنی ئاڵتوونی خەلیجی». ڕۆحی دیموکراسی بریتییە لە زەمینەیەکی خەملیو و ئازاد تا هەرکەسە تەعبیر لە ویست و کێشە و ڕوانینەکانی بکات، هاووڵاتی لە سیستمی دیموکراسییدا نەک هەر موهەڕیج نییە بەڵکو چەکمەجەی سەرۆک وەزیران دەکاتەوە و لێی دەپرسێتەوە چەندی هەیە و چۆن پەیدای کردووە؟ لێرە نەک ناتوانی ئەو چەکمەجەیە بکەیتەوە بگرە بۆت نییە سەیری ئۆتۆمبێل و ماڵەکەشی بکەیت چوونکە بڤەیە و لەوانەیە تۆ پیاو خراپ بیت! بە بیانووی تێکدانی ئەمنی نەتەوەیی دار دەدەن بە ڕۆحتدا و فەلاقەت دەکەن. هەر ئەوەندە هەیە و دیارە لە کەسیش شاراوە نییە دیموکراسییەکەی کوردستان نموونەیەکی شاز و تایبەتە و لەسەر بناغەی ئێوە قسە بکەن و ئێمەش لە هۆڵەکانی پەرلەماندا سەرخەوێک دەشکێنین دامەزراوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٦)ی ڕۆژنامەی (نێوەند) لە ڕۆژی ٢/١٨/ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# ترازیدیای وشە

**وشەکان توانای لە ناوبردن و سارێژکردنەوەیان هەیە، کاتێک وشەکان راست بن و تێکەڵاو بن بە خۆشەویستی دەتوانن دنیای ئێمە بگۆڕن**

بودا

بیرۆکە دێرینەکە جەخت لەوە دەکاتەوە (مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە) جیا لەوەی ئەم تێزە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، شیاوە بڵێین قسەکردن یان وێنەکردن لە رێگەی دەنگەوە مۆرکێکی مرۆڤە کە لەوەتی هەیە نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت. لە میتۆلۆجیای وەحیدا خودا لە ئەشکەوتی حەڕا لە یەکەم فەرمانیدا بۆ پێغەمبەرەکەی داوای خوێندنەوەی لێدەکات یان فەرمانی وتن یەکەم فەرمانی ئاسمانیی بووە بەر لە هەر فەرمانێکی تر بۆ پەیامبەر (محەمەد). بە تێپەڕینی ملیۆنان ساڵ بەسەر بوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی هۆکارێک نەبووە وای لێبکات پێویستی بە وتن (وشە) نەبووبێت، بە پێچەوانەوە رۆڵی وشە هێندەی رۆڵی خۆراک و خواردنەوە بووە سەبارەت بە ژیانی. ئاشکرایە لەگەڵ گەشەسەندنی هزر و خەیاڵدانی مرۆڤ لە ئاوەزێکی سەرەتایی و ساکارەوە بۆ ئەندێشەیەکی پێشکەوتوو و جەنجاڵ، زمان وەک ئامرازی وشە «وتن» لە گەشەکردندا بووە تا ئەو وێنایەی ئەمڕۆی وەرگرتووە. دەشێ مرۆڤ بە وازهێنانی لە هەندێک لە رەمەکەکانی بژی بێ ئەوەی سەغڵەتییەکی وا رووبدات مەرگ لە هەموو لایەکەوە ژیان تەوق بدات، کەچی ژیان لەو لاوە بێ رۆڵ و بەشداریی وشە (وتن) کرمەڕێز دەبێت و رێڕەوی گەشەکردنی رادەوەستێت بگرە لە پایزێکی نەهاتدا گەڵاکانی دەوەرێن بێ ئەوەی جارێکی تر

کەسک ببنەوە.

خولاسە پێگە و گرنگی وشە سەبارەت بە بوونی مرۆڤ نە قابیلی نکۆڵی لێکردنە نە مایەی فەرامۆشکردن، ئەم هۆکارە لێکەوتەیەکی هەبووە: وشە سەنگی مەحەک بووە یان تاکە ئامڕازی حەسم و بەردەوامیی پەیوەندیی مرۆڤەکان بووە بە یەکەوە، جەنگە گەورەکان هەر بە وشەیەک هەڵدەگیرسێن و بە وشەیەکی تریش کۆتاییان پێدێت. وشە لە واقیعی ئێمەی کورددا لە تەنگانە و تراژیدیادایە، ئەگەر جاران و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا وشەیەک بەس بووبێت بۆ ئەوەی ببرێیتە بەر پەتی سێدارە، لە واقیعی دوای بەعسدا بە هەمان ڕێچکەی سیاسەت زمانیش لە قەیران و تراژیدیادایە کە ئەو هەموو قسەیە نەک ناتبەنە بەر پەتی سێدارە بەڵکو وشە بە ئەندازیەک بێ بەها کراوە نە حسیابی لەسەر دەکرێت نە کەسی لەسەر دەگیرێت نە کەسی لەسەر دادگایی دەکرێت، تا ئەو مەرزەی لە بری جارێک هەزار جار (ڤیتاڵی کۆرۆتیچ) نائومێد دەکەین بەو هۆیەوەی وتوویەتی (لەو باوەڕەدام ئەم چەرخەی ئێمە وەنەبێ تەنیا چەرخی ئاسماننناسی بێت، ئەو چەرخەشە تیایدا قەڵەم هێزی لە شمشێر زۆرترە).

زیاد لەوە رۆشنبیریش وەک بەکاربەری زرنگی وشە لە موهەڕیجێک بەولاوە هیچ پێناسێکی تری بۆ نەماوەتەوە، وێنای رووناکبیر هێند تەڵخاویی و ناشیرین بووە، عەینولقوزاتی هەمەدانی شەرم دەکات لە بارەی رۆشنبیرەوە وتوویەتی (ئەو کەسەیە بە جوانییەکی ئەزەلی داڕێژراوە). بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئامادەکردنی لیستی رەشی نووسەرانی دژ و یاخی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی کوردستانەوە، رەنگبێ شادەماری ئومێدمان تۆزێک خوێنی تێدا بجوڵێتەوە بەو پێیەی دەکرێت ئەم هەنگاوە سەرەتایەک بێت بۆ گێڕانەوەی حورمەت و سەنگینی بۆ وشە تا ئەو ئەندازەیەی بە موکێش نووسینە زبرەکانمان لەنێو توێی رۆژنامەکان دەربهێنن (بۆ لێپرسینەوە)، چونن درکاندنی وشەیەکی کاریگەرمان پێخۆشترە بمانباتە بەردەم دادگا و نێو کونجی زیندان وەک لە دەرپەڕاندنی هەزارەها وشەی بێ رۆڵ کە لە سەری پادداشتیش بکرێین.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٩)ی رۆژنامەی (راستی) لە ٢٠٠٧/١٠/٢٨ بڵاوبووەتەوە.

# فەتوا.. دیسان هەر فەتوا

ئەزموونی وڵاتانی عەرەبیی سەبارەت بە ئێمەی کورد ئەزموونێکی تاڵە، ئەمە نە تەنیا لەبەرئەوەی سیستمی پانعەرەبیزمی باڵادەست نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە و بە زەبر و سڕینەوە و گەلکوژیی وەڵامی ویستە نەتەوەییەکانی کوردی داوەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەش بەردەوام دنیابینی سیاسیی و کۆمەڵایەتی باوی عەرەبیی بووەتە بەشێک لە ڕەوتار و ئەدگاری کەسێتی کورد بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کە لە ژێر دەستی داگیرکەری عەرەبدا بوونە. جیا لەوەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان (باشوور) هێشتا لەسەر هەمان ڕێچکەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتە عەرەبییەکان دەڕواتە ڕێوە بە تایبەت لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات. پارتە ئیسلامی و کەسایەتییە ئاینییەکانی کوردستان لە مامەڵە و ڕەوتارکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆیان دیسان بە هەمان میکانیزم و فۆرم دەجوڵێنەوە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی وەک میسر و عەرەبستانی سعودی باوە. مەلاکانی ئێرە وەک مەلاکانی ئەزهەر فەتوای قەدەغەکردنی کتێبی نووسەران دەدەن. پارتە ئیسلامییەکانی ئێرە هەروەک جەماعەی ئیسلامی میسریی و نەهزەی تونسی و ئیخوانی ئوردونی و حەماسی فەلەستینی و حزبوڵای لوبنانی هەنگاو هەڵدەگرن و بەرسڤی نەیارە عەلمانی و دیموکراتخوازەکانیان دەدەنەوە.

مۆدێلێک لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت لێرە بێ چەند و چوون شایانی دووبارەکردنەوەیە، مۆدێلێک لەوێ ڕەواجی هەبێ بێگومان لێرەش بازاڕی گەرمە، جا ئەو مۆدێلە هەرچییەک بێت، جیهاد یان دایەلۆگ، فەتوا یان سازش هیچ لە

مەسەلەکە ناگۆڕێ. کەوابوو لە راستیدا مۆدیلی سیاسیی و کۆمەڵایەتی عەرەبیی بۆ ئێمەی کورد ئەزموونێکی تاڵە، رەنگبێ تاڵترینیان و دواترینیان ئەو مەوجەی فەتوا و هەڕەشە و گوڕەشەیە بێت کۆمەڵێک لە ژێر ناوی زانا و کەسایەتی ئاینیی ئیسلامیی بەرەو رووی نووسەرانی عەلمانی دەکەنەوە. ئەم دیاردەیەش لە کوردستان لەم دواییانەدا لەبری ئەوەی کەم ببێتەوە، رۆژ لە دوای رۆژ پەرە دەستێنێت، ئەگەر ئەم مەوجە لە فەتوای کوشتنی شێرکۆ بێکەس و رێبوار ئەحمەددا لە سەرەتا و چرۆکردندا بووبێت، ئەمێستا فەتوا پیرە دارێکی رەگ داکوتیووە و لە ریشەوە دەرکێشانی هەروا کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر دەستەڵاتی سیاسیی لە کاتی فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی (مەریوان هەڵەبجەیی)دا هەڵوێستێکی روونی هەبووبا و لایەنگریی ئازادیی فیکر و گوزارشتی کردبا، ئەمێستا جارێکی تر نە مەلاکان زاتیان دەکرد هەڕەشە بکەن بە پاڵپشتی نوێژکەرەکانی پشتیانەوە، نە پارتە ئیسلامییەکان دەیانتوانی تەحریکی جووڵەیەکی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی لەم شێوەیە بکەن.

ژبەر ئەوە مەسەلەی فەتوا و خوێن حەڵاڵکردنی عەلمانییەکان بە تایبەت نووسەران لەلایەن مەلا و کەسایەتییە ئاینییەکانەوە تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە لایەنگرانی فەتوا هێزێکی گەورە و کۆمەڵایەتین، هێندەی بۆ خەمساردیی و بێدەربەستی و بێدەنگی خودی دەستەڵاتێک دەگەڕێتەوە کە هەمیشە بە دەستی لەرزۆک و سەری ملکەچییەوە بۆ هێزی کۆنەپەرستی و تاریکیی نوشتاوەتەوە. کەچی هەرگیز دریغی نەکردووە لە بەرتەسککردنەوەی کاری ئەو رێکخراو و دامودەزگایانەی لە بواری دیموکراتیزە و مەدەنیکردنی کۆمەڵی کوردستاندا خەبات درێژە پێدەدەن. سروشتی رەوتە ئیسلامییەکانیش هەروایە لە کوێ دەستەڵاتێکی خەمسارد و سازشکار هەبوو ئەوان لەوێ کار دەکەن و گەرا دادەنێن، هەر لە سەرەتای بەهێزبوونیشدا دەست لەو دەستەڵاتە دەوەشێنن. ئەگەر سەیری نموونەی میسری سەردەمی ئەنوەر سادات بکەین تەنیا و تەنیا ئەو راستییەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنێت. لە پاکستان و زۆر جێگەی تریش بە هەمان شێوە. ئێستاش ئەم چەند رۆژ و هەفتەیە کە دیسان شەپۆلی فەتوا هوروژمی هێناوە بۆ سەر سەنگەری عەلمانی و نووسەرانی لایەنگری راڤە و شیکردنەوە و رەخنە لە پیرۆز

و ناپیرۆز، دیسان دەستەڵاتی سیاسیی کوردستان هەر خەریکی خوێندنەوەی کلیل و دمنەیە و مێش میوانی نییە.

لە کاتێکدا ئەم شەپۆلی فەتوایە لە پێش هەر کەسێکدا هەڕەشەیە بۆ سەر دەستەڵاتی سیاسیی لە کوردستان. چوونکە بزووتنەوەیەک ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەتی خەلافەتی لە بەرنامە دانابێت هیچ کات رازی نییە بە حکومی ئەمێستای پارتەکانی کوردستان، هەر لە ژێر رووناکی ئەم راستییە سادەیەدا بەو بڕوایە دەگەین هیچ جووڵەیەکی ئیسلامییە سەلەفییەکان لە ئارادا نییە بەبێ ئەوەی بەشێک لەو جووڵەیە لە دژی حکومەت نەبێت. بۆیەکا بەرەنگاربوونەوەی فەتوا کە پێشمەرج و زەمینە خۆشکەری جیهاد و توندوتیژییە لە پێش هەر لایەن و دامودەزگایەکەوە لە ئەستۆی دەستەڵات و ئەو نیمچە حکومەتەیە لە باشووری کوردستان لە ئارادایە. دوا بە دوای هەنگاوی حکومەت کاری لایەنەکانی تر لە رێکخراوە مەدەنییەکان و دەزگا رۆشنگەریی و پەیوەندیدارەکان دەست پێدەکات. بەبێ ئەمە هەموو هەوڵێک (مەحوی) وتەنی لە وشکاییدایە مەلەی مەخلووق. چون ئەو فەتوایەی ئەمڕۆ لە مینبەری مزگەوتێکەوە گوێمان لێی دەبێت تەنیا هەر وەک فەتوایەک نامێنێتەوە بەڵکو سبەی سەر دەردەهێنێ بۆ خۆتەقاندنەوە و تیرۆر و رەشەکوژیی. بەم هۆیەشەوە بەهەند وەرگرتنی فەتوا بەهەند وەرگرتنێکە وەک هەنگاوی سەرەتا لە بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژیی. هەموو بەهەند وەرنەگرتنێکیش ئاکامی باشی نابێت و دەبێ لە پێش هەر کارێکەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ دووبارەبوونەوەی رووداوە خوێناوییەکانی جەزائیری نەوەتەکان و ئێراقی ئەم چەند ساڵەی دوایی.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٣)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ٦/٢٦ /٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# بە کێ دەڵێن بەرپرس؟ ئایا دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرپرسن؟!

## لە پێناوی راستکردنەوەی فەرهەنگیی زمانەوانیی کوردییدا

لە زۆربەمان شاراوە نییە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردیی تژیەتی لە کورتهێنان و هەڵە وکەموکوریی، ئەویش بەشێکی زۆری وابەستەیە بە سنووردارییی زمانی کوردییەوە، بە تایبەت زمانی کوردیی گەلێک هەژارە لە بەرامبەر زانست، یان بەمانایەکی تر زمانێکی زانستیی نییە و کەمترین ئیمکانی هەیە بۆ پەرەپێدانی لە رووی زاراوەسازیی زانستییەوە. هۆکاری ئەو سنووردارییەی زمانی کوردییش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ چەقبەستوویی کۆمەڵگەی کوردستان وەک کۆمەڵێکی نەریتیی رۆژهەڵاتیی، ئەم فاکتۆرەش یارمەتی زمانی کوردیی نەداوە تا لە زمانی قۆناغی راوشکار و کشتوکاڵیی خۆی قووتار بکات و لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری دونیا خۆی نوێ بکاتەوە و بتوانێت ببێتە زمانی زانستی سەردەم. ئەوەی من لێرە لەم ستوونەدا رووناکیی دەخەمە سەر وردبوونەوە نییە لەسەر ئیشکالییەتەکانی فەرهەنگیی زمانەوانیی کوردیی، هێندەی مەبەستم دەرخستنی خراپ بەکارهێنانی زاراوەکانە لەلایەن خودی تاکی کوردەوە. بۆ نموونە لەکاتێکدا تۆ سیفەتێک دەدەیتە پاڵ کەسێک دەبێت ئەو کەسە بەشێوەیەکی بەرفرە هەڵگری ئەو خەسڵەت و سیفەتە بێت دراوەتە پاڵی.

کاتێک دەڵێن فلانە کەس سوارچاکە، نابێت ئەو کەسە لەسەر پشتی گوێدرێژ بەربێتە خوارەوە، وەختێک سیفەتی ئازایەتی و مەردایەتی دەدەینە پاڵ فیسار

کەس، ناکرێت بە تەقاندنی گوللەیەک گیانی وەک شەقشەقە بێتە لەرزین، هەروا کە بە یەکێکمان وت دەستپاک نابێت چاوەڕێی خەوتنی تۆ بکات و گیرفانت ببڕێت. بەو واتایەی دەبێت هەر ئاوەڵناوێک لە جێگەی خۆیدا بدرێتە پاڵ ناوێک یان چەند ناوێک. لێ بەداخەوە لەم رەهەندەشەوە کۆمەڵی ئێمە خودانی ئەزموونێکی خراپە، ئەوەتانێ مێژوومان پڕیەتی لە پیاهەڵدان بە باڵای قەزەمی وڵاتفرۆشاندا وەک قارەمانی نەتەوەیی و نیشتمانیی، ئەوەتانێ مێژوومان لێوانلێوە لە بەخشینی نازناوی سەرکردەی نەتەوەیی بە جاش و عەمیلی وڵاتانی دەوروبەر، مێژوو و ئێستامان لە پێبەخشینی نازناوی سەیر و سەمەرە بە پیاوە بچکۆلەکان کە دەبێت تەنیا جێگە و ناویان تەنەکە خۆڵەکان بێت درێغیی نەکردووە. پێدەچێت وشەیەک هەتا ئێستا بیرمان لێنەکردبێتەوە بەتایبەت لەلایەن خودی ناوەندی رۆژنامەنووسیی و رووناکبیریی کوردییەوە، بەکارهێنانی وشەی بەرپرسە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستاندا.

ئەگەر لە ئاوەڵناوی (بەرپرس – مسؤل) ورد بینەوە، واتە بەرپرسیار بوون بەرامبەر بە شتێک، جا ئەو چشتە مردوو بێت یان زیندوو، ماددیی بێت یاخۆ مەعنەویی هیچ لە مەسەلە ناگۆڕێت. بەرپرسی خەزێنە بەرپرسیاری یەکەمە لە خەزنەکەی، بەرپرسی بازگە بەرپرسە لە بازگەکەی، بەرپرسی نەتەوەیەک بەرپرسیارە لە نەتەوەکەی. ئەگەر ئەم پێودانگە بەهەند وەربگرین بۆ نازناوی (بەرپرس) و بەراووردی بکەین لەگەڵ رەفتاری پیاوەکانی دەسەڵات و کۆیلەکانی کورسی لە کوردستاندا، ئەوە نەک ناتوانین ئەو چەمکە وەک نازناو و ئاوەڵناو بدەینە پاڵیان، ئاوەڵناوێک کە شایستە و پڕ بە پێستیان بێت بێگومان تەنیا و تەنیا پێچەوانەکەیەتی (نابەرپرس). ئاخر کۆمەڵێک فەرمانڕەوا لە هیچ شتێکی وڵاتەکەیان بەرپرس نەبن جگە لە کورسی و عەرش و کۆشک و تەلارەکانی خۆیان، گوناهێکی گەورە نییە پێیان بوترێت: بەرپرس؟. ئاخر کێ هەیە لە کاتی بینینی قەشەیەکدا، بڵێ مەلایەکم بینی؟ کێ هەیە لە کاتی خواردنی پیتزادا بڵێ ترخێنەم خواردووە؟ کێ دەتوانێ نازناوی دەستپاک بە چەتە ببەخشێت؟ ئایا کەس هەیە، بەو کارە هەستێت من لێرەکانە باسمکرد؟ ئێ ئەگەر کەس نییە، بۆچی هەوڵ نەدەین و لە ئێستا زووتر نییە فەرهەنگیی سیاسیی و زمانەوانیی خۆمان بۆ تاهەتایە راست بکەینەوە؟.

ئاخر ئێستا، باس باسی زمانی ستانداردی کوردییە و وەک پێویستییەکی هەنووکەیش تەماشای دەکرێت، من ئەو پرسیارە دەکەم، گەلۆ زمانێکی ستانداردمان بۆچییە هێشتا خودی زمانەکە لە خەوش و خۆڵ پاک نەکرابێتەوە؟ من وای دەبینم کاری زمانناسان و فەرهەنگسازانە دیسان زەحمەتێکی دیکە بکێشن و بە دوای زاراوەی ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێن بۆ وشەی (بەرپرس) تاوەکو وشەی تازە داتاشراو بە باڵای فەرمانڕەوایانی کوردستاندا ببڕین. ئەگەر زمانناسەکانیش هەر خەریکی شەڕە دەندووکی نێو پێگەکانی ئینتەرنێت دەبن لەسەر زمانی یەکگرتوو و نایانپەرژێتە سەر ئەم کارە، ئەوە چارمان ناچارە، وشەی نابرپرس بەکاردەبەین تا ئەو کاتەی خوایە زمانناسەکان لە شەڕی ناوخۆی زمانی یەکگرتووی کوردیی دەبنەوە. لە کۆتایی قسەکانمدا، گەلۆ پرسیارێکی بەجێم هەیە و دەڵێم: تو ئاهورامەزدا ئەگەر نووسەرێک یان رۆژنامەنووسێک دوای ئەم نووسینەی ئەز، سیفەتی بەرپرسی دایە پاڵ فەرمانڕەواکانی کوردستان، هەق نییە بە هەڵەی زمانەوانیی بۆی حیساب بکەین و زمانناسانیش دادگا لە کابرای نووسەر بگرن بە پاساوی خراپ بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی و شێواندنی بەشێوەیەکی فەرمیی؟. وەڵامەکەی با لای خۆتان بێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٤)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ٥ /٨ /٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# بازاڕی بەر بەرەڵڵا.. خوڵقێنەری قەیرانی بژێویی

بازاڕی ئازاد یان کراوە دیوێکی هەرە گرنگی سەرمایەداریی هاوچەرخە، ئەو سەرمایەدارییەی هەنووکە لە قەیرانێکی کوشندەدایە و ئەم قەیرانەش لە ئەمەریکاوە دەستییپێکردووە تا دەگات بە روسیا و ئەوروپا و وڵاتانی دیکە. دوای هەرەسی سۆڤێت و کۆتاییهاتن بە سەرمایەداریی دەوڵەتیی لە روسیا، ئەم چەمکە «بازاڕی ئازاد» زیاد لە جاران لە تەواوی دنیادا هەژمێنی پەیداکرد و دەوڵەتانی پاشماوەی شورەوی زۆر بەخێرایی هەوڵیاندا بار و زەمینەی ئابووری کۆمەڵگاکانیان ئامادە بکەن بۆ پیادەکردنی ئەو رووە هەرە بنچینەییەی سەرمایەداریی. لە کوردستانیش لە ساتەوەختی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە کە هاوزەمانی رووخانی بلۆکی سۆسیالیزم بوو، ئەم پایەی کاپیتالیزمی براوەی جەنگی سارد، بانگەشەی بۆ دەکرێت و ئەوە رادەگەیێنرێت بازاڕی کوردستان هەنگاو بەرەو بازاڕێکی ئازاد و کراوە دەنێت. حزبە کوردییەکانی گۆڕەپانی ئەم بەشەی کوردستان کە هەر هەموویان لە چەپایەتی و بانگەشەکردن بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم و بنیاتنانی ئابوورییەکی هاوبەش و کۆمۆنیستیی کەسی تریان لە خۆیان بە دڵسۆزتر و تۆختر نەدەدییەوە، زوو بەزوو بەرگی سووری چەپایەتییان فڕێدا و کەوتنە کووتانی دەهۆڵ و زوڕنانی مەرگی سۆسیالیزم و مەرگی تێزەکانی مارکس.

ئیدی بە رووکەش وایان نیشاندا ئەوان دەیانەوێت دیموکراسیی و کاپیتالیزم لە کوردستان گەشە پێبدەن و بازاڕی ئازاد بکەنە هەنگاوی سەرەتای رێگا، بەڵام

بەپێچەوانەوە لە کوردستان نەک بازاڕی ئازاد لە دایک نەبوو، نەک زەمینەی ئابووری نەڕەخسێنرا لە بۆ پیادەکردنی ئەو دیاردە کاپیتالیستییە، بەڵکو واقیع بە دۆخێک گەیشتووە خەڵکانێکی زۆر یان راستتر بڵێم هەموو خەڵکی کوردستان بۆ سیستمێکی چەپ و سیۆسیالیستی داخراوی وەک ستالینیستی و ماویستی ئاواتەخواز و تامەزرۆ بن، چون ئەوەی لە کوردستان روویداوە نەک ئەو بازاڕی ئازادە لە قەیراندا بووەی سەرمایەداریی نییە، بەڵکو بە هیچ پێودانگێک ناپێورێت و هیچ پێناسەیەکی نییە جگە لە فەوزا و بەرەڵڵایی. ئەوەندەی سەرمان لە چەمکی بازاڕی ئازاد دەربچێت، هیچ کات مانای هەڵگرتنی چاوی حکومەت و دامودەزگا ئابوورییەکان نییە لەسەر کەرتی تایبەت، بە قەدەر ئەوەی رەخساندنی بەستێنێکی ئازاد و کراوە و دوور لە سانسۆرە بۆ کەرتی تایبەت بە مەبەستی سەرمایەگوزارییکردن و بەرهەمهێنان و ململانێکردنی کۆمپانیاکان لە خستەڕوو و خستنە بازاڕی کەرەستە و بەرهەمهێنراوە جۆراوجۆرەکانەوە، بە کورتی کاری کۆمپانیاکان بۆ ئەوە نییە هەر کەسە بە گوێرەی ویستی خۆی و بێ رەچاوکردنی ئاستی گوزەران و بژێویی و داهاتی تاکەکەس نرخ دابنێت و کاڵاکانی ساغبکاتەوە.

ئەگەر ئەم پێودانگە بەستاندارد وەربگرین و بەراووردی بکەین بەو پاشاگەردانیی و فەوزایەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا روودەدات، ئەوا رەوشی بازاڕەکانی کوردستان نەک فڕی بەسەر بازاڕی ئازادەوە نییە بەڵکو هێندەی تاڵە موویەکیش لێی نزیک نەبووەتەوە، ئەوەی لە بازاڕەکانی ئێرەدا روودەدات و بوونی هەیە بازاڕی بێسەروبەر و خولقێنەری قەیرانە گەورەکانی بژێویی تاکەکانی کۆمەڵە. ئەگەر پرسیار بکەین ئاخۆ چۆن ئەم بارودۆخەی بازاڕ بەرپرسە لە درووستکردنی قەیرانی بژێویی؟ ئەوە وەڵامەکەی لە کۆکردنەوەی ژمارە یەک لەگەڵ ژمارە دوو ئاسانترە، چوونکە چاونوقاندنی حکومەت و دامودەستگە بەرپرسەکان لە رەوشی بازاڕ و سەربەستکردنی بازرگانان کە هەر خودی سیاسیی و کاربەدەستانی حکومیی و حزبیین، لەوەی بە ویست و بەرژەوەندیی تەسکی خودی خۆیان سەرمایەگوزاریی بکەن و نرخ دیاریی بکەن لەسەر کاڵاکانیان. تەنیا بەرهەمێک کە هەیبووە ئەم رەوشە مەترسیدارەیە ئەوڕۆکە بووەتە هۆی قووتبوونەوەی قەیرانێکی سامناک کە هەڕەشە لە ژیانی هەزاران و بگرە سەدان

هەزار لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەکات، ئەمەش ئەوەندەی تر قڵشت لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستدەکات و هاوکاتیش دەبێتە هۆی توانەوەی چینی ناوەڕاست، تواندنەوەی چینی نێوەڕاستیش لە یەکێک لە کاردانەوەکانیدا داڕمانی سیاسیی و ئابووری لێدەکەوێتەوە.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەشی چینی ناوەند تێکشکێنراون و هاووڵاتیان بەسەر هەردوو چینی خوارەوە و سەرەوەدا دابەشبوون، کارەساتی گەورە گەورە هەیە، دیارترینیان دەکرێت بڵێین تێکچوونی شیرازەی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە. بۆیە ئەو فەوزایەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا روویداوە و رووددەدات تەنیا ئەوە نییە کاریگەرییەکی لاوەکیی بکاتە سەر بوارێکی ژیانکردن لە کۆمەڵدا، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و خولقاندنی کۆمەڵێک قەیرانی چارەسەر ئاستەم و گران کە سەرتاپای لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە. ئەم فاکتە روون و بەرجەستەیەش پێویستیی ئەوە دەهێنێتە پێشەوە، جارێکی دیکە سیستمی بازاڕ لە هەرێمی باشووری کوردستاندا رێکبخرێتەوە و مەودا و پانتاییەکی ئازاد فەراهەم بکرێت بۆ بازرگانان و خاوەن کارەکان بە مەبەستی سەرمایەگوزاریکردن و بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی کاڵا لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی ئەم سیستمەوە هەبێت، دەبێت ئەو سیستمە بەرنامە بۆ داڕێژراو و پلان بۆکێشراو بێت، پشت بەستوو بێت بە فەلسەفەی ئابووری سەرمایەداریی و بنەما ستانداردەکانی بازاڕی ئازاد، نەک بەو شێوەی ئێستای وەک لە پێشەوە تیشکمان خستە سەری تەنیا ئەنجامێکی نێگەتیڤ و سامناکی هەبووە.

بەبێ پیادەکردنی ئەو هەنگاو وپلانانە، قسەکردن لەسەر بازاڕی ئازاد دەبێتە وتەی بێناوەڕۆک و رەنگیشە زۆر بە زوویی ئاکامە ترسناکەی لە نزیکەوە ببینین. ئاخر ئەگەر ئەمەریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی هاوچەرخی دنیا سەرباری بە گەڕخستنی بازاڕێکی راستەقینەی ئازاد و پیادەکردنی پێشکەوتووترین سیستمی بانکیی و رووەکانی دیکەی سیستمی سەرمایەداریی، هێشتا تووشی قەیرانی گەورە گەورە ببنەوە، ئەوا حاڵی ئێمەی پاشکەوتووی تازە ئاشنابوو بەم سیستمە جیهانییە جێگەی پرسیار و بەراووردکردن نییە. راستییەکەش هەیە بە ئەزموون سەلمێنراوە و دەبێت بیزانین، ئەو راستییەش ئەوەیە، خودی سەرمایەداریی ئەنزیمەیەکە هەر

چەند دەیە جارێک تووشی قەیرانی زۆر گەورە دەبێتەوە کە رەنگبێ چەپەکان وا بزانن کۆتاییەتی، بۆیە لەکاتی وەرگرتنی ئەم سیستمەدا ئەگەر خاوەنی دیدێکی عەقڵانی و ئابووری ورد نەبین رەنگبێ لە ماوەی یەک قەیراندا بە جۆرێک لە زەوی بدەین هەستانەوەمان هێندەی زیندووبوونەوەی مردووی گۆڕستانەکان زەحمەت بێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە(٥٥٤)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی٢٠٠٨/١٢/٢١ بڵاوبووەتەوە.

# فایلەکانی محەمەدی حاجی مەحمود چییان لێهات؟

کاکە حەمەی حاجی مەحمودی سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بەوە ناسراوە بێ پێچ و پەنا و شەفافانە را و سەرنجەکانی خۆی دەردەبڕێت، هەر ئەم هۆکارەشە ڕۆژنامەنووسانی وا لێکردووە زۆرینەی جار بۆ زانین و پشتڕاستکردنەی هەندێک زانیاریی پەنابەرنە کاکە حەمە. من کارم بەوە نییە کاکە حەمە بە کام مەبەست و بۆچی تموحێکی سیاسیی خۆی لە زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان بەهۆی ئەو ڕاشکاویی قسەکردنەوە جیا کردۆتەوە، بەڵام گرنگە بەلامەوە لە ریزی سیاسییەکانی کورددا چەندان نموونەی لەو جۆرە هەبن تا سیاسەتی کوردیی بە ڕۆشنی لە هۆڵە تاریکەکانی دوو حزب یان دوو سەرکردە بێتە دەرێ. لە ماوەی ڕابردوودا کاکە حەمەی حاجی مەحمود لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ژمارەیەکی زۆر بەرفرە لە فایلی ڕەشی سیخوڕیی بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی پارتەکانی کوردستانی لەلایە و لە ئایندەی نزیکدا دەیانخاتە بەردەم جەماوەر و ڕای گشتیی.

ئەمڕۆش پارتەکەی کاکە حەمە یەکێکە لەو چوار پارتییەی بە هاوبەشیی ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردۆتەوە کە هەردوو حزبی دەسەڵاتداری نیگەران و بێزار کردووە، چوونکە ئەو ڕاپۆرتە ڕەخنەئامێزەی ئەو چوار پارتییە هەر تەنیا ڕاپۆرتێکی ئاسایی نییە هێندەی مانیفێستێکە بۆ لێک نزیککردنەوەی ئەو چوار پارتییە لە بۆ وەستاوە بەرەو ڕووی ئەو دۆخە تژ لە گەندەڵییەی ئەمڕۆکە لە گۆڕەپانی کوردستاندا بوونی

هەیە. رەنگبێ ئاشکراکردنی ئەو فایلانە لەلایەن کاکە حەمەوە ببێتە بەشێک لەو شەڕەی چوار پارتییەکە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵیی و ئەو واقیعەی تاڵەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا بووەتە دیفاکتۆ دەیکەن. لە باری واقیعیشەوە ئەگەر کاکە حەمە و پارتەکانی تری خۆ بە ئۆپۆزیسیۆنزان دەیانەوێت لە پێش هەر کارێکەوە متمانەی جەماوەر ببنەوە ئەوە ئاشکراکردنی ئەو برە فایلە دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین پردی متمانە لەنێوان جەماوەر و ئەو پارتانەدا. بۆیە هەنووکە لە دۆخێکی رامیاریدایین کە ئاشکراکردنی ئەو سکەندالانەی بەرپرسانی پێشوو و ئێستای بزووتنەوەی کوردیی خزمەتێکی نیشتمانییە، چون گەر دوێنێ چەک لە شانکردن و شەڕی پارتیزانی مانای خەباتی گەیاندبێت ئێستا خزمەتکردن بە ئامانجەکانی شۆڕش و پەردە هەڵماڵین لەسەر رووی میرابۆکانی کورد و دەرخستنی وێنای رووتیان بۆ هەموو خەڵک خەباتێکی گرنگتر و چارەنووسسازترە.

وەلێ کارەساتەکە لەوێیە لە کاتێکدا دوو پارتە سەرەکییەکە لە رێی کەناڵ و هۆیەکانی راگەیاندنی سەر بە خۆیانەوە هێرش دەکەنە سەر ئەو چوار پارتییە و بە ناحەز و ناوکێش و بەکرێگیراوی بێگانەیان لە قەڵەم دەدەن، لە کاتێکدا سیاسەتمەداری عەنتیکەی وەها پەیدا دەبێت بەدەم و دەست جنێو بە سەرتاپای ئەو حزبانە و سەرکردایەتی و بنکەی جەماوەرییان دەدات، بۆچی کاکەحەمە و هەڤاڵانی لە سێ پارتییەکەی تر وەڵامیان نادەنەوە؟ ئاخر یەکێک لە هەرە چاکترین و کاریگەرترین وەڵام بۆ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و زورناژەنەکانیان ئاشکراکردن و خستنەڕووی ئەو فایلانەیە کاکە حەمە لە پێشتردا لە رێگەی میدیاکانەوە رایگەیاند ئاشکرایان دەکات لە ساتەوەختی تایبەتی خۆیدا. بەڵام بێئومێدییەکیش هەیە نابێت بەسەرماندا بڕوات و خۆمانی لێ لا بدەین، ئەویش ئەوەیە بەشێک لە بەرپرسانی دووپارتە سەرەکییەکە و هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی وەهای بۆ دەچوون کاکە حەمە مزایدە دەکات و دەیەوێت لە رێگەی ئەم جۆرە هەڕەشە و چاوترسێنییەوە بڕێک لە دەستکەوت بۆ خۆی و پارتەکەی بهێنێتە دی، ئەگینا نە فایلی لایە و نە دەتوانێت ئاشکرایان بکات!!.

ئێستا ئەم گومانە زیاتر بەتین و بەهێزتر دەبێت بە تایبەت لە وەختێکدا پارتەکەی کاکە حەمە یەکێکە لەو چوار پارتەی ناڕەزاییان لەم دۆخە هەیە و بانگەشە

و راپۆرت و پڕۆژە بۆ چاکسازیی و کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە ناهەموارەی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. جیا لەهەموو ئەمانە پێویستە وەک هەر هاووڵاتییەکی سادە ئەو پرسیارە لە جەنابی کاکە حەمەی حاجی مەحمود بکەین ئاخۆ ئەو فایلانەی لەلای بەڕێزی هەبوون چییان لێهاتووە؟ ئەگەر ئەو فایلانەی لەلایە چ هۆکارێک وای کردووە بیانشارێتەوە لە چاوی خەڵک؟ ئەگەر بۆ خاتری خاتران و زویر نەبوونی پارتی و یەکێتی و هەندێک بەرپرسی فایلدار گوێی خۆی لێخەواندووە، ئیتر چۆن دەتوانێت باسی چاکسازیی بکات؟ بە کورتییەکەی کاکە حەمە دەبێت بەرپرس بێت بەرامبەر بە قسەکەی خۆی و هەستیش بە لێپرسراوێتی مێژوویی خۆی بکات، چوونکە بەشدارییکردن لە داپۆشینی فایلی قەترانیی بەرپرسان دیسان هاوبەشیی و بەشدارییکردنە لەو تاوانانەی ئەوان کردوویانە.

هەرواش شاردنەوەی ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانە لە ژێرزەمین و خەفەکردنی بۆ مەرامی سیاسیی هەڵوێستێکی نانەتەوەیی هێندە گەورەیە نە مێژوو لە بیری دەچێتەوە و نە بۆ نەوەکانی داهاتوو هیچ پاساوێکی شەرعیی هەیە. لە کۆتاییدا دەڵێم کاکە حەمە فریای خەباتی خۆت بکەوە و ئێستای خۆت وەک رابردووت بە پاکیی بهێڵەرەوە، ئەویش بە ئاشکراکردنی ئەو فایلانەی خۆت باستکردوون، ئەگینا ئەمڕۆش نەبێت سبەی هەزاران دەنگ پەیدا دەبن دەڵێن ئەرێ کوا فایلەکانی لای کاکە حەمە؟ ئەرێ چییان لێ بەسەر هات؟ ئەرشیفی تۆ لە هی بەعس قایمتر نییە، بۆیە پێش ئەوەی بکەونە بەردەستی خەڵکی تر، تۆ دەستپێشخەر بە و لە بەیانی زووتر نییە بیانخەرە بەر رووناکی چاوی میللەت.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦٠»ی گۆڤاری «نێوەند» لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# فڕۆکەوانەکە چۆن فڕی؟

لە میتۆلۆجیای گریکیی کۆندا، «ستێڤان دیدالیۆس» ئەندازیار یان دیزاینەرێکی بیناسازیی ناودارە و بنیاتنەری قەڵای ئەفسانەیی «کریت»ە، ئەو قەڵایەی چەند لوغزێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و تەنێ «دیدالیۆس» و خودی پادشا نەبێت هیچ کەس بەنهێنییەکانی نازانن، وەختێک دیدالیۆس بە درکاندنی نهێنییەکانی دەرگای قەڵا خیانەت دەکات، پادشا بەندی دەکات لەناو هەمان قەڵادا، دیدالیۆس دووباڵ بۆ خۆی و ئیکارۆسی کوڕی دروست دەکات و دەفڕن، بەڵام چونکە باڵەکانی ئیکارۆس لە مۆم دروستکرابوون بە تیشکی خۆر دەتوێننەوە و بەر دەبێتەوە سەر زەوی، هەرچی «دیدالیۆس»ە، دەگاتە چەقی خۆر و ئێستاشی لەسەر بێت هەر نەهاتەوە سەر زەوی. لەوە دەچێت «تاریق رەمـەزان» ئەو فڕۆکەوانەی کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد و لەلای ئاسایشی سلێمانی زیندانی بوو، بەهەمان شێوەی دیدالیۆس بە کـردەی فڕین هەستابێت و دوو باڵی عەرەبیی لـەوەی «عەبباسی کوڕی فیرناس»ی بەخۆوە بەستبێت و بەرەو دەوحە یان دوبەی یاخۆ پایەتەختی وڵاتێکی خۆرئاوایی فڕی بێت و ئاسایشی شاریش پاسەوانیی کردبێت نەکا راوچییەکی یاخی بیر چووبێتەوە راو قەدەغەیە تاپڕێکی پێوە بنێت و رسەکە ببێتەوە بە خوری.

سەیرە، ئاسایشی شار هەموو رۆژێک سەد جار لاف و گەزافی توندوتۆڵی زاڵگەکان و چاوتیژیی موعتەمیدەکان و گوێقوڵاخی جاسووسەکانی گەڕەک و پرۆفیشناڵی ئەفسەر و کارمەندەکان و بەهێزیی نەخشەی ئەمنیی بەسەر خەڵکی رەش و رووتدا لێدەدەن، ئاخۆ تۆ بڵێی چۆن ئەم فڕۆکەوانە نامۆیە بە خەڵکی شار،

ئەو هەموو سنووره قایمەی ئاسایشی بڕیبێت و خۆی رزگار کردبێت؟، ئاخر ئەوەتا خەڵکانێک هەن دادوەر بڕیاری بێتاوانیی و ئازادبوونی بۆ دەرکردوون و هێشتاش ئاسایش قایل نییە لە زیندان بیانهێنێتە دەرەوە، چۆن بوو ئەم فڕۆکەوانە وا بە سووک و هاسانی غیرەتی کرد لەو هەموو تەونەی ئاسایش و سلکە ئەمنییەکانی تر خۆی دەرباز بکات؟. بۆ ئاسایش و کاربەدەستانی سلێمانی وا باشتربوو بڵێن خۆمان ئەو فڕۆکەوانەمان ئازاد کرد نەک هۆنینەوەی ئەم پاساوە بێ بناغە و بێ مانایانە.

به دەست خۆم نییە کاتێک هەواڵی هەڵهاتن یان ڕێگەخۆشکردن بۆ هەڵهاتنی ئەم فڕۆکەوانە عێراقییەم بیست، «ئادۆڵف ئایشمان»م هاتەوە یاد، لەبەرئەوە نا چارەنووسی ئەو فڕۆکەوانە و ئایشمان لە یەکتر دەچن، نەخێر بە پێچەوانەوە ژبەرئەوەی هەردوو گەلی بندەستی کورد و جوولەکە لە رابردوودا تراژیدیا و پاکتاوکردنەکەیان لە یەکتر دەچێت، بەڵام مامەڵەکردنی هەریەک لەم دووگەلە لەگەڵ کۆمەڵکوژیی و تاوانبارانی ئەو پرۆسێسەدا ئاسمان و ڕیسمانی نێوانە، ئاخر جوولەکەکان لێ نەگەڕان هیچ تاوانبارێکی نازی بە ئیسراحەت پاڵی لێبداتەوە، وەک کورد دەڵێت کونە مشکیان لێکردن بە قەیسەری. ئەوەتا دوای ١٦ ساڵی تەواو بەسەر داڕووخانی ئەڵمانیای نازیدا، جوولەکەکان «ئادۆڵف ئایشمان»ی وەزیر و گەورە سەرکردەی نازی لە لاتین ئەمەریکا دەدۆزنەوە و دەیهێننەوە بۆ ئیسرائیل و دوای دادگاییکردن سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنن و جێبەجێشی دەکەن.

دروست سەد و هەشتا پلە بەپێچەوانەوەی جوولەکەوە، کوردەکان نەک وڵاتانی تر و کیشوەرەکانی دیکە بە دوای تاوانبارانی گەلکوژییدا ناگەڕێن، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتەوە جەعفەر بەرزنجی و هەندێک ناوی تری هاوشێوە کاریان بۆ دەکرێت و جانتای سەفەریان دەدرێتە دەست بۆ جەرگەی ئەوروپا، تەنانەت کەسانی وەک «وەفیق سامەرایی» دەبنە راوێژکاری سەرۆک کۆمارە کوردەکە، لەوەش بترازێت بەشێک لە سەرکردە کوردەکان لە ناویاندا سەرۆک کۆمار شەفاعەت بۆ تاوانبارانی وەک سوڵتان هاشم دەکەن، لە دواتریشدا بە قودرەتی قادر و لە ژێر سایەی ئەو ئاسایشەی کەرویشک بە عەرەبانە دەگرێت کاک فڕۆکەوان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت. هەموو ئەم رووداوە سەیر و نانەتەوەییانەی لە کوردستان روودەدەن، زیدەتر وامان لێدەکەن بڕوا بهێنین بە تێزی «ئینگمار کارلسۆن»ی

باڵیۆزی وڵاتی سوید لە تورکیا، چونکە ناوبراو بڕوای بەوەیە کوردستان وڵات نییە و کوردیش هەرگیز نەتەوە نەبووە، لە ژێر هەمان ناونیشانیشدا تازەترین پەرتووکی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

کارلسۆن لە کتێبەکەیدا «کوردستان وڵاتێک کە نییە» دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کوردەکان نەتەوە نین و کوردستانیش وڵات نییە، چوونکە وەک ئەو ئاماژەی بۆ کردووە کوردەکان هێندەی ئینتمایان بۆ مەزهەب و ڕێچکەی ئاینیی هەیە نیو هێندە ئینتمایان بۆ وڵات و نەتەوە نییە، تا ئەوەی پێیوایە سەرکردە رامیارییەکانی کوردیش ئەوەندەی وەلائیان بۆ تەریقەتی قادری و نەقشبەندی هەیە بەچارەگی ئەوە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیان نییە. سەرەتا خۆم پێموابوو کارلسۆن قین لە دڵ و بەکرێگیراوی تورکەکانە، کەچی ئێستا هەست بەوە دەکەم هەروا لە خۆڕا نییە، سویدییەکی وەک ئینگمار کارلسۆن لەوسەری دنیاوە بێت ئەم کتێبە بنووسێت، دیارە ئێمە هیچ نەبێت بەشێک لەو خەسڵەتە خراپانەمان تێدا هەیە، بۆیەکا باڵیۆزەکەی سوید لە کتێبەکەیدا بەو جۆرە وەسفی کورد دەکات. ئەگەر زیادەڕەویش کرابێت لە هەندێ مەسەلەدا و هەندێک خاتری تورکەکانی تێدا گیرابێت، گومان لەسەر ئەوە نییە زۆرێک لەو فاکتانەی لە کتێبی ناوبراودا هەن دوای شەن و کەوکردنێکی جیدی رەفتاری ئێمەی کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات هاتووە.

خۆ ئەگەریش کارلسۆن جارێکی دیکە کتێبەکەی چاپ بکاتەوە، لە پێشەکی چاپی دووەمدا هێما بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ هەڵهاتنی ئەم فڕۆکەوانە دەکات و دەیکاتە بەڵگە و نموونەیەکی تر، بە مەبەستی سەلماندنی نەتەوە نەبوونی کورد و وڵات نەبوونی کوردستان. فڕینی ئەم فڕۆکەوانە لە زیندانەکانی ئاسایشەوە جارێکی کەسانی وەک کارلسۆن دڵنیا دەکاتەوە، کوردەکان هەتاوەکو نووکەش نازانن نەتەوایەتی چییە و ئەقڵیان بە پاراستنی سنووره نیشتمانییەکان ناشکێت، کارەساتی ئێمەی کورد لە مێژوودا هەر ئەمە بووە نەک شتێکی تر، ئاخر ئەگەر وا نەبوایە فاتیکان کە هێندەی گەڕەکە بێ ئاوەکەی ئێمە نابێت نەدەبووە دەوڵەت، لەولاشەوە کوردستان بە چل ملیۆن دانیشتوانەوە ئاوها لەت لەت نەدەبوو.

*ئەم وتارە ژمارەی «٥٩»ی گۆڤاری «نیوەند» لە مانگی جینیوەری ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# پێویستمان بە گیڤارایە نەک گاندی

ڕۆشنبیری نێوداری عەرەب «ئەدۆنیس» لە وتارێکیدا نوسیبووی «پێویستمان بە گاندییە نەک گیڤارا». ئەو باسی کۆمەڵی عەرەبیی دەکات کە بە هەموو پێوانەیەک کۆمەڵێکی ستەمکارییە و دەستەیەک دیکتاتۆری کۆنخوازی سەردەمی کۆلۆنیالیستی ئینگلیزیی و فەڕەنسی بەڕێوەی دەبەن، بۆ کۆمەڵی عەرەبیی ئەمڕۆ گاندی و لە دایکبوونی پێغەمبەرێکی نەرم و نیان و مرۆڤدۆست پێویستییەکی پلە یەکە و لە هەر کارێکی تر بەنرخترە، چون هەموو دەزانین دڵڕەقی و توندیی و سەرکوتکاریی ڕژێمە عەرەبییەکان بە فۆرمێکە مرۆڤی عەرەبی تەواو زەلیل و ملکەچ کردووە و لە شکۆ و گەورەیی هێناوەتە خوارێ بۆ ئاستی هەندێک ئاژەڵی چارە گران, بەڵام هێشتا ئێمەی کورد لە بارودۆخێکدا دەژین و لە دوورگەیەکدا گەمارۆ دراوین هەر چوار لامان دوژمنی سەرسەخت و مێژوویییە کە لە هەلێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی بە سەدان ساڵ بە دەستمان هێناون لە یەک چرکەساتدا بیانکەنە سەراب و خۆڵەمێش. کورد وەک نەتەوە هێشتا زۆرتر لە سەددا هەشتا و پێنجی جوگرافیاکەی داگیرکراوە و لەلایەن چوار دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و میلیتاریستەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کوردی لێ دوور دەخرێتەوە.

بەفارسکردن و بە عەرەبکردن و بە تورککردنی بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردییەکان لە هەر چوارلای داگیرکراودا کردارێکی ڕۆژانەیە و پیلانێکی جەهەنەمی لە مێژینەیە. ئەم ڕاستییە سادەیە تەفسیری یەک بابەتی گرنگمان بۆ دەکات، ئەویش ئەوەیە هێشتا سەردەمی گیڤارا لە کوردستان نەک بەسەر نەچووە بەڵکو تازە وەختییەتی، چوونکە هەتا بەم ساتەوەختەش دەگات پایتەختەکانی وڵاتانی ناوچەکە

بۆ کورد سەرزەمینی پێکهاتن و پەیمان بەستنی چەند داگیرکەرێکی دڵڕەقی دواکەوتووی کوردستانە بە مەبەستی کێشانی نەخشە و پیلانی تازە و لە بەرگی نوێدا بۆ سەندنەوەی ئەو مافانەی کورد بە بەری رەنجی هەزارەها تێکۆشەر و شەهید و بە دنیایەک ماڵوێرانی و داماویی بە دەستیان دەهێنێت. لێرەدا دەمەوێ بچمە ناو پرسێکی زۆر گرنگەوە کە ماوە نا ماوە لە رێگەی میدیاکانەوە لە نزیکەوە پێی ئاشنا دەبین، ئەویش ئەو وتارەیە خەریکە برەو پەیدا دەکات: کوردستان هەڕەشەی لەسەر نەماوە و ئیدی هەموو مافەکانی کورد بە زامنکراویی لە ویژدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا چەسپیوە، لە بەرامبەر ئەم وتارەشدا یەکێکی تریش هەیە پێیوایە کورد هەر ئێستا لەبن هەڕەشەی داگیرکەران و قڕکردنە.

خاوەنی ئەم دوو بۆچوونە هەردوولایان بەشێوەی جیا کەوتوونەتە هەڵەی میتۆدییەوە. خاوەنی یەکەم بۆچوون لە هەڵەدایە چوونکە پێیوایە کورد هیچ کێشەیەکی نەماوە و دەبێت پشتی لێبداتەوە، لە کاتێکدا من نەک ئێستا ئەو کاتە زۆرتر دەترسێم کە کوردستان دەوڵەت بێت، چون ناحەزیی و پیلانگێڕیی داگیرکەران نەک کۆتایی نایە بەڵکو رۆژ لە دوای رۆژ رێچکە و رێی نوێ دەگرێتە بەر، بۆیە هەڵەیەکی میتۆدیی گەورەیە وا بزانرێت بە چەند بڕگەیەکی دەستووری عێراقیدا کاروانی خەباتی کورد لە دوا وێستگەدا بە ئارامیی راوەستاوە، چوونکە تارمایی شۆڤێنیزمی عەرەبیی جارێکی تر ئاسمانی عێراقی داپۆشیوە و ئەمجارە رەنگە شەڕی ئەم شۆڤێنیزمە بە ناوی دیموکراتی و حکومی یاساوە بێت. خاوەنی دووەم بۆچوون بەسەهودا چوون، لەبەرئەوەی پێیانوایە سەردەمی قڕکردنی کورد کۆتایی نەهاتووە و مالیکی دەیەوێت هەمان ئەو سەدامە بێت زۆر نییە لە قەنارە دراوە، ئەم بۆچوونە لەوەدا هەڵەیە جۆری مەترسیی ئایندەی سەر کوردستان نابینێت، ئێستا دنیا گۆڕاوە و هاوکێشەکانی ناوچەکەش وا لنگەوقووچ بوونەتەوە هیچ جادووگەرێک سەریان لێ دەرناکات، هەڕەشەیەک هەنووکە لەسەر کوردستان بێت: تواندنەوەی کورد و جوگرافیای کوردستانە لە بۆتەی وڵاتانی داگیرکەردا.

ئەگەر بپرسین کوردبوون چییە؟ شیاوترین وەڵام ئەوەیە: کوردبوون پێش هەموو شتێک هەست و شعورە، بە پێچەوانەی تێزی بەعسەوە کە پێیوابوو هەرچی بە عەرەبیی قسەی کرد عەرەبە. ئێستا داگیرکەرانی کوردستان کار لەسەر

کاڵکردنەوەی ئەو هەستە دەکەن، بە چی؟، بە زاڵکردنی کولتووری خۆیان، بە سوود وەرگرتن لەو کەموکوڕییانەی دەسەڵاتی کوردیی لێیان بەرپرسیارە و ئینتمای لە نێو بەشێکی زۆری نەوەکاندا لەناوبردووە، بە کرانەوەی زۆرتر لە چاو ئەو دەسەڵاتە کوردییەی زۆرترین لاف و گەزافی دیموکراتی لێدەدات. بەهەرحاڵ من وا هەستدەکەم لە عێراقدا مەترسیمان لەسەرە، بەڵام مەترسییەکە لە ئێستادا سەربازیی و شتی لەو بابەتە نییە، بەڵکو ئەو هەڕەشەیەیە خەریکە پرۆسەیەکی سیاسیی لەعێراقدا دێتە کایەوە هەزاران فرسەخ پێشی هەرێمی کوردستان دەکەوێت، بەڵام بۆ پارچەکانی تری کوردستان جۆرێک لە مەترسیی سەربازیی لە ئارادایە ئەمە بێجگە لەوەی ئەو ستایڵەی حکومەتی عێراق ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکات « کە لە سەرەوە باسم کردن»، لە دەمێکەوەیە ئەوان پێی هەستاون و پیادەیان کردووە.

ئێمە پێویستیمان بە گیڤارایە، بەڵام تەنیا گیڤارایەک نا باڵەفڕەکان لە مەیدانی جەنگدا هەڵداتە خوارەوە، چوونکە لەم جۆرە گیڤارایانەمان زۆرە. گیڤارایەک جگە لەوەی بە خوێنی خۆی و بە تفەنگی دەستی و راستگۆیی خۆی وڵات ئازاد دەکات، هەروەک ئەو لە ریزی پێشەوەی کارگەراندا بێت بۆ ئاوەدانکردنەوە، لە غەمی پێشخستن و سەقامگیرکردنی ئەو دەسەڵاتەدا بێت بە رەنجی ملیۆنەها مرۆڤ هاتۆتە بەرهەم. ئەگەرچی بەرهەمی گیڤارا لە کوبا بەرهەمێک نییە بە شانازیی بۆ گیڤارا تۆمار بکرێت و لە مێژوودا بۆی بنووسرێتەوە، بەڵام سووربوون و راستگۆیی ئەو هەرگیز قابیلی فەرامۆشکردن نییە. بە واتایەکی تر ئێمە ناڵێین با کوبایەک دروست بکەین، بەڵکو ئێمە دەڵێین وەک کورد پێویستمان بە گیڤارایەک هەیە هەم شۆڕشگێڕ و هەم راستگۆ و دڵسۆز.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لە کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# تەمبێکردنی ڕۆشنبیران وەک ئەگەرێکی کراوە لە بەردەمماندا

پەلاماردان و لێدانی د.فەرهاد پیربالْ لەلایەن دوو چەکدارەوە بەشێوەیەکی مافیائاسا، زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرێ، یەکێک لەو مەدلولاتانە بریتییە لە تەمبێکردنی ڕۆشنبیران یان هەر خەڵکێکی دی ناڕازی، بۆ ئەوەی پێمانبڵێن ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات باجی لەدوایە و دەشێ لە هەر چرکەساتێکدا ئەو باجەت لێ بسەنرێتەوە. قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەگەر ئەم مامەڵە فاشیستییە پلان بۆ داڕێژاویش نەبێت، زادەی ئەو ئاکارە تاکڕەهەندیی و تۆتالیتاریی حزبی کوردییە لە گۆشکردنی ئەندامانیدا، کە تێکڕای حزبەکانی کوردستان لەمسەری ڕاست بۆ ئەوسەری چەپ فەلسەفەیەکیان هەیە بۆ ڕەواییدان بە بوونی خۆیان، ئەویش لەسەر نەفیکردنی ئەویتر ڕاوەستاوە، یان بە واتایەکی تر، بوونی هەر حزبێک لەسەر کپکردنی دەنگی ئەویتر و هەر دەنگێکی دی جیاواز ڕاوەستاوە. ئەگەریش کردەوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتی سیاسیی بێت کارەساتەکە چەند قات گەورەتر دەکاتەوە.

ئـەوەی لە دیمەنی فەلاقەکردنی فەرهاد پیربالْدا، وەک پەیامێک گەیشتە ئێمە، ئەو مەسجەیە کە هێزە ئەمنیی و هەواڵگرییەکان، دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس، چاوپۆشی لە هەر پەلاماردانێک دەکەن دژی هەر کەسێکی نەیاریان بێت، بەپێچەوانەوە هاوکاریی دەربازبوونی تاوانباران دەکەن وەک ئەوەی لە ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوودا هەروا بووە. جگە لەوەش ئەم سزایە کاردانەوەیەکی خێرا و عەفەوی ئەو دوو چەکدارە نییە، بەقەدەر ئەوەی قینێکی کۆنی هەڵگیراوە بۆ

ڕۆشنبیران، هێندەی ئەوەی باجی جنێو و ڕەخنەکانی پیربالە دژی حکومەت و حزبی فەرمانڕەوای هەولێر. جیا لەمەش دیمەنی خامۆشی ئەو حەشاماتەی بوونە بینەری زیندووی لێدانی پیربال، وێنایەکی تراجیدیکی تری کۆمەڵگەی کوردیی نیشانداین، کە چەندە کۆمەڵگەیەکی بێدەنگکراوە و خەسێنراوە، نە لەبەرئەوەی فەرهاد پیربال نووسەرێکی دیارە دەبوو ڕێگریی لەو ڕەفتارە قێزەونە بکەن، بەڵکو زەبوونکردنی کەرامەتی هەر مرۆڤێک شایانی بێدەنگی نییە.

ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواتر هەمان ڕەفتار لە سلێمانیش دوو جار بەرانبەر بە پیربال ئەنجامدرا، بەڵام ئەوەی سلێمانی جیادەکاتەوە، هێزە ئەمنییەکان فریاکەوتن و نەیانهێشت بەو شێوەیە سووکایەتی بە قەڵەمێکی پرشنگدار بکرێت. لێرەدا دەسەڵاتی سلێمانی و هەولێر پۆلێن ناکەین بۆ باش و باشتر، بەڵکو هەردوو دەسەڵاتەکە تۆمارێکی ڕەش و گەورەیان هەیە لە سەرکوتی ڕای جیاواز و دەنگی ناڕازەیەتی خەڵک و ڕۆشنبیران، تیرۆریش یەکێک لەو میکانیزمانە بووە بۆ خامۆشکردنی دەنگی نا و نەخێر زۆرترین جار پەنای بۆ براوە، ئەگەر تیرۆری کاوە گەرمیانی و سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان چەند نموونەیەکی تیرۆری فیزیکی بن، ئەوە سووکایەتیکردن بە فەرهاد پیربال و هێلکەبارانی د.کەمال سەید قادر دوو نموونەی تیرۆری مەعنەوین، کە بێ لە ئارادانەبوونی ئەو عەقڵییەتەی ئامادەیە بۆ تیرۆری مەعنەویی، تیرۆری فیزیکی مومکین نییە. بۆیەکا ئەگەر پۆلێنێک هەبێت بۆ دەسەڵاتی سلێمانی و هەولێر پۆلێنێکە لەسەر سترۆکتۆری خراپ و خراپتر.

ناکرێت چیتر بێدەنگ بین لە ئاست ئەم جۆرە تیرۆرەی کەسایەتی ڕۆشنبیران و هەر کەسێکی تر کە نەخێر بە دەسەڵات بڵێت، چاوپۆشین لەو تاوانانە بۆ خۆی تاوانێکە و مەچەکی تاکڕەهەندیی و خەفەکردنی هەموو دیتنێکی جودا ئەستوور و زاڵتر دەکات. لەم دۆخەدا وتەی نووسەرێکی ئەڵمانیم بیر دێتەوە کە باسی تاوانە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتی نازیزم دەکات و دەڵێت: کاتێک دراوسێ کۆمۆنیستەکەمیان برد و ئیتر نەگەڕایەوە، بێدەنگ بووم و وتم من کۆمۆنیست نیم، کاتێکش هاوڕێ جوولەکەمیان برد هەر بێدەنگ بووم و وتم من جوولەکەش نیم، دواتریش کاتێک هاوکارەکەمیان برد بۆ زیندان بە تۆمەتی شۆڕشگێڕیی هەر

بێدەنگ بووم و گووتم من شۆڕشگێڕ نیم، بۆیە کاتێک نۆرە هاتە سەر خۆم و منیان راکێشا بۆ زیندان، ئاوڕم دایەوە کەسێک نەماوە دەنگ هەڵبڕێ!!. پێش ئەوەی دۆخەکە بگاتە ئەوەی کەس نەمێنێت لەسەر خودی خۆمان بێتە دەنگ با لێدان لە فەرهاد پیربال بکەینە دەستپێک بۆ ناڕەزایەتی و دەنگ هەڵبڕین.

کاتی خۆی کە بەکر عەلی تیرۆرکرا، هەموو بێدەنگ بووین، ئەمەش کوشتاری کۆمۆنیستەکانی لێکەوتەوە لە ساڵی ٢٠٠٠، کاتێ سەردەشت و سۆرانی مامە حەمە تیرۆرکران کۆمەڵگە بێدەنگ بوو بۆیە حەڤدەی شوبات و تیرۆری کاوە گەرمیانی بەدوادا هات، کاتێک منیان فڕاند لەساڵی ٢٠٠٦ بۆ ژوورەکانی ئەشکەنجە، بێدەنگی کۆمەڵگە وایکرد بە ئاسانترین شێوە پەلاماری ئاسۆس هەردی بدرێ، ئێستاش فەرهاد پیربال فەلاقە کراوە ئەگەر بەردەوام بین لەسەر بێدەنگی سبەی نۆرەی هەر یەکێکمانە کە رەخنە بگرین و دەنگی نا بەرز بکەینەوە. پێویستە واز لە قسەکردن بێنین و بێینە مەیدانی کار، چوونکە یەکێک لە مەغزاکانی پەلاماردانی پیربال پێی وتین ئەفسانەی بەرقەراربوونی ئەمنییەت تێکشکاوە بۆ هاووڵاتیان، لەو سۆنگەوەی هیچ گرەنتییەک نییە سبەی هەر کەسێکی تر لە حەمباڵێک تاکو رۆشنبیرێک، لە خوێندکارێک تاکو پەرلەمانتارێک، هەمان رەفتاری لەگەڵدا دووبارە نەکرێتەوە، چ لە هەولێر چ لە سلێمانی یان هەر شوێنێکی تری سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کوردیی. لەبەرئەمە تەمبێکردنی رۆشنبیران و ناڕازییان ئەگەرێکی کراوەیە لەبەردەمماندا.

٢٠١٧-٤-١٣

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس




# بەشی سێهەم
# پارتی و یەکێتی

# هەڵبژاردن یەکێتی دەکات بەدوو لەتەوە

هەڵبژاردنی ڕۆژی بیست و پێنجی تەمووزی ئەمساڵ بەشێوەیەک لەشێوەکان زۆر لە هاوکێشە چەقبەستووەکان دەگۆڕێت و بارودۆخی سیاسیی و حزبیی لە کوردستان دەخاتە بەردەم قۆناغێکی تازەوە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان یەکێک لەو هێزانەیە ئەم هەڵبژاردنە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەری هەیە و ڕەنگە بێژین زۆرترین گۆڕان ئەم هەڵبژاردنە دروستیبکات لە باری یەکێتیدا دەبێت، یەکێک لە ئەگەرەکانیش ئەوەیە پێدەچێت وەزعی یەکێتی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن بگاتە ڕاددەی لێکترازان و دابەشبوونی ئەو پارتییە بۆ دوو حزبی نوێ.

**دامەزراندنی یەکێتی**

هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥، کەش و زەمینەیەکی لەبارتری ڕەخساند بۆ چالاکی شانە و ڕێکخراوە نهێنییەکان و ئەو هێزانەی دەیانویست لە یەکێک لە ساتەوەختەکاندا ببنە بەدیلی پارتی و خودی ژەنراڵ بارزانی، دروست لەم سەروەختەدا چەند چالاکوانێکی ڕامیاریی کە زۆرینەیان ئەندامانی پارتی «باڵی مەکتەبی سیاسیی پێشوو» و کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوون کەوتنە خۆ ئامادەکردن و جموجۆڵ بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ، ڕێکخراوێک لە توانایدا بێت وەڵامی ئەو قۆناغە بداتەوە و وزەی هەبێ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بکات. سەرەنجام لە ڕۆژی ٢٢-٥-١٩٧٥ لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا و لە قاوەخانەی «تولەیتولە»ی گەڕەکی «ئەبورمانە» یەکەمین دانیشتنی لیژنەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەنجامدراو هەریەک لە»مام جەلال، فوئاد مەعسوم،

عادل مراد، عەبدولڕەزاق فەیلی»، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون و هەمان ڕۆژیش مانیفێستی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی بڵاوکرایەوە.

لە ڕۆژی ١-٦ هەمان ئەو بەیاننامەیە نێردرا بۆ ئەوروپا بۆ دەستی «د.کەمال فوئاد»، ئەویش دوای کەمێک دەستکاریی بڵاوی کردەوەوە لە سەرتاسەری ئەوروپادا، هەر لە هەفتەی یەکەمدا مانیفێستەکە بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزیی و ئەڵمانی لە تێکڕای جیهاندا بڵاوکرایەوە، «کەمال بورقای»ش لەڕۆژنامەی «ئویز گویلەک یولو» بە تورکیی بڵاویکردەوە. بەم شێوەیە یەکێتی وەک پارتێکی سیاسیی نوێ و نیمچە بەرەیی لە هەناوی سەختترین قۆناغی رامیاریی و ڕۆژانی سەختی دوای هەرەسدا خۆی ڕاگەیاند، ئیدی یەکێتی لە»شام»ەوە ڕاگەیەنرا و لە شارەکانی کوردستان ئومێدی بوژاندەوە و ڕێکخستنەکانی تاودا. دەستەی دامەزرێنەر لەڕۆژی ١٧-١٢-١٩٧٥ یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی خۆی لە شام بەست کە زۆرینەی ئەندامان جگە لە «عومەر شێخموس» تێیدا بەشداربوون. لە ١-٩-١٩٧٦ بۆ یەکەمین جار پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بڵاوکرایەوە، کە لەلایەن «نەوشیروان مستەفا، مام جەلال، کەمال فوئاد»ەوە نوسرابووەوە، هەمان ساڵیش خەباتی چەکداریی و شەڕی پارتیزانی مەفرەزەکانی یەکێتی دەستپێکرد، بەم شێوەیە یەکێتی وەک هێزێکی کاریگەر هاتە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە.

## پێکهاتەکانی یەکێتی

ئاشکرایە یەکێتی لە چەند فراکسیۆنێکی جیا جیا پێکهات، وەک دەوترێت لە سەرەتاوە یەکێتی پارتێکی نیمچە بەرەیی بوو، زیاتریش لەسەر وێنەی ڕێکخراوە فەلەستینیی و چەپەکانی دنیا خۆی ڕێکخست، بەشێوەیەکی سەرەکیش سێ گروپ یان ڕێکخراوی سیاسیی بەشداربوون لە پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا.

یەکەم- کۆمەڵە: بیری چەپایەتی لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە باشووری کوردستان گەشەی کردووە و دەیەی پەنجا و شەستەکانیش سەردەمی زێڕینی ئەو بیرە ڕامیارییە بوو لە کوردستان. باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی زۆرتر کاریگەربوون بە چەپایەتی و بیری «ماویزم». مام جەلال یەکێک بوو لەلایەنگرانی بیری ماوتسی تۆنگ. دوای ئەوەی لە کۆتایی شەستەکان چەند ڕابەرێکی «حزبی

تودەی ئێران» کە پارتێکی ماوی بوو، هاتنە لای مام جەلال، بیری ماویزم زیاتر کاریگەریی دانا لەسەر بەشێک لە ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی، نەوشیروان مستەفا وەک یەکێک لە ئەندامانی ئەو باڵە لەو چرکەساتانەدا یەکێک لە کتێبەکانی «ماو»ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیی، بەڵام گۆڤاری «رزگاری» کە نەوشیروان مستەفا سەرنووسەری بوو و یەکێک بوو لە ئۆرگانەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی، بووە جۆشدەری بیری چەپایەتی لە ریزەکانی جەلالیدا. بەم جۆرە کۆمەڵە لە شێوەی ئەڵقەیەکی نهێنی خۆیان رێکخست. دوای بەیاننامەی یانزەی ئاداری ١٩٧٠ کە هەردوو باڵی پارتی تێکەڵ بوونەوە، مام جەلال چالاکیکردنی رێکخراوی مارکسی لینینی وەک پێویستییەکی قۆناغ سەیر دەکرد، بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی لەو بابەتە هەر ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغداد، چەند هەڵسوڕاوێکی چەپ کەوتنە کۆبوونەوە ئەنجامدان و لە دواجاریشدا لە رۆژی ١٠-٦-١٩٧٠ بڕیاری دروستکردنی «کۆمەڵەی مارکسی لینینی» چووە بواری پراکتیکەوە و هەریەک لەمانەش بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردران «خاڵە شەهابی شێخ نوری، جەعفەر عەبدلواحید، ئاوات عەبدولغەفور، محەمەد میرزا، فەرەیدون عەبدولقادر».

لە ماوەی چوار ساڵی ئاشتیی نێوان کورد و حکومەتی ناوەند «١٩٧٠- ١٩٧٤»، کۆمەڵە سوودی باشی وەرگرت بۆ پتەوکردنی رێکخستنەکانی و خۆ ئامادەکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە دوای هەرەسەوە دروستبوو، کۆمەڵە ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٧٦ رووبەڕووی گورزێکی گەورە بووەوە، بەوەی لە رۆژی ١-١-١٩٧٦ «شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر» لەلایەن ئێرانەوە رادەستی عێراق کرانەوە و لە سێدارەدران، لە هەمان کاتدا زۆرینەی قیاداتی ئەوکاتە لە ناوخۆدا دەستگیرکران، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو قۆناغە و دواتریشدا ناویان بە»دەستەی زیندان» رۆیشت. لە ساڵی ١٩٧٨ دیسان کۆمەڵە بە هۆی شەهیدبوونی شاسواری شێخ جەلال «ئارام» لە گوندی تەنگیسەری قەرەداغ تووشی نسکۆیەکی دیکە هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە داینەمۆی یەکێتی و بەهێزترین جەمسەری ئەو پارتییە بوو، ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٧٨ کۆمەڵەی مارکسی لینینی ناوی خۆی گۆڕی بۆ «کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان»، بەڵام هیچ کات کۆمەڵە تا کاتی تواندنەوەی

دەستبەرداری بیری مارکسیی نەبوو. کۆمەڵە یەکێک لەلایەنە پێکهێنەرەکان و بەهێزترین ڕێکخستنی نوێ بوو لە پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا.

دووەم- بزووتنەوەی سۆسیالیستیی: زۆرینەی ئەندامانی دامەزرێنەی ئەم بزووتنەوەیە ئەندامانی پێشووی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون، یەکەمین کۆبوونەوەی بزووتنەوەکە لە»ورمێ» لە ساڵی ١٩٧٥ لە ماڵی «عومەر مستەفا- دەبابە» ڕێکخرا و یەکەمین ڕاگەیاندنیش لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن «ساڵح یوسفی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، رەسوڵ مامەند» و چەند کەسێکی دیکەوە بڵاوکرایەوە. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەگەرچی دووەم لایەنی بەهێزی پێکهێنەری یەکێتی بوو، بەڵام لە باری واقیعییەوە هەموو بڕیارەکان لەلایەن خودی مام جەلال و کۆمەڵەوە بەسەر یەکێتیدا دەسەپێنران، ئەوەبوو دوای کارەساتی هەکاری زۆرینەی ئەندامانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە رۆژی ٢١-٣-١٩٧٩دا لە یەکێتی چوونە دەرەوە و لەگەڵ دەستەی «د.مەحمود عوسمان» یەکیانگرت و «حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان»یان ڕاگەیاند کە لەسەرەتاوە کەوتنە شەڕێکی قورسەوە لەگەڵ یەکێتی.

دەستەی «د.مەحمود» لە ژێر ناوی «لیژنەی تەحزیری» کاریان دەکرد و هەریەک لە»عەدنان مفتی- قادر جەباری» لە هاوکارە نزیکەکانی بوون، لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتییەوە کە لە ڕاژان بەسترا و مەسعود بارزانی کرایە سەرۆکی پارتی، بە پەراوێزیی مانەوە و هیچ کاریگەرییان نەبوو لەسەر رەوشەکە.»حەسەن زازا» دەنووسێ «د.مەحمود عوسمان پارێزگاریی لە تەکەتولەکەی کرد تا ساڵی ١٩٧٩ کاتێک حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی بەشێک لەوانە بەردەوامیی کارکردنیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان رەتکردەوە، پەیوەندییان بە کۆمەڵەی مەحمود عوسمانەوە کرد». هەر لەوبارەوە «د.مەحمود» لە دیمانەیەکیدا دەڵێ: دوای کۆنگرەی نۆیەمی پارتی وەکو لیژنەی تەحزیری، «هاتینەوە کوردستان، بینیمان نزیکترین لایەن لە ئێمەوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستییە، بۆیە لەگەڵ ئەوان تێکەڵ بووین».

سێیەم- خەتی پان یان گشتیی: ئەم دەستەیە لە ساڵی ١٩٧٥ دروستبوو لە ژێر سەرکردایەتی «مام جەلال، فوئاد مەعسوم، کەمال فوئاد، عومەر شێخموش» و

چەند کەسێکی تر، لەباری واقیعییەوە ئەم دەستەیە کەمترین ژمارەی ڕێکخستن و کادیریان هەبوو، بەڵام بەهۆی کاریزمای مام جەلالەوە توانیبوویان سەرکردایەتی یەکێتی لە بندەستی خۆیان دابنێن، هێڵی گشتیی و پاشماوەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی لە ڕۆژی ١٥-٨-١٩٨٢ لە گوندی «خەتێ» کۆنفرانسی یەکگرتنەوەیان ئەنجامدا و لە ژێر ناوی «یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان» خۆیان ڕاگەیاند، هەر یەکێکیش لە»مام جەلال، پێشەوا تاڵەبانی، عەلی حەوێز، جەمال حەکیم ئاغا، شێخ دارای حەفید، مامۆستا عەبدوڵڵا» بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران، بەڵام بەهۆی ئەوەی مام جەلال سکرتێری یەکێتی بوو «فوئاد مەعسوم» بە سکرتێری شۆڕشگێڕان دەستنیشانکرا، بەڵام ئەم یەکگرتنە زۆری نەخایاند کە هەردوو باڵەکە بۆ جارێکی دیکە لە یەک جیابوونەوە و هەریەکە و لەژێر ناوی پێشوویان لەناو یەکێتیدا درێژەیان بە چالاکیی دا.

## کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی لە قۆناغی شاخ

یەکێتی هەر لە قۆناغی شاخەوە تا ڕاپەڕین و دواتریش دەیویست گۆڕەپانی کوردستان بە تەنێ کۆنترۆڵ بکات، لەم پێناوەدا لە قۆناغی شاخدا هەڵگیرسێنەری چەندین شەڕی براکوژیی خوێناویی بووە لەگەڵ تێکڕای پارتە سیاسییەکانی ئەو دەمە، هەر لە سۆسیالیستەوە تا بزووتنەوەی ئیسلامی، هەر لە قیادە مەوقەتەوە تا پاسۆک، هەر لە حزبی شیوعییەوە تا هاوپەیمانەکانی ناو «جوقد». لە ئاستی ناوخۆشدا یەکێتی دەرگیری کێشەی ناوخۆیی بووە. ڕاستیی ڕووت ئەوەیە هەرسێ لایەنە سەرەکییەکەی ناو یەکێتی بەردەوام لە ململانێ و ناکۆکیدا بوون، کۆمەڵە بەردەوام گوشاری هەبوو، هەم لەسەر هێڵی گشتیی، هەم بە زەقتر لەسەر بزووتنەوەی سۆسیالیستیی. محەمەدی حاجی مەحمود ناوەڕاستی حەفتاکان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: تەنانەت کۆمەڵە و سەرکردایەتی ئەو کاتی یەکێتی گوشاریان خستە سەر بزووتنەوەی سۆسیالیستیی و لە ژێر پاڵەپەستۆی ئەواندا ناچاربوون ناوی خۆیان لە»بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان»ەوە بۆ «بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان» بگۆڕن، چوونکە سەرکردایەتی ئەو دەمەی یەکێتی سۆسیال دیموکراتیان بە «ئیمپریالیزمی دووەم» ناوزەد دەکرد.

کاکە حەمە درێژە دەداتە قسەکانی و دەڵێ «کۆمەڵە ئەو فکرەیەی هەبوو ئەوەی لەگەڵت نەبێ دوژمنتە، بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ناوخۆ، ئەگەر لەگەڵ سەرکردایەتی کاتیی پارتی شەڕیان هەبا، هیچ کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوە نەبوو، بەڵام کە شەڕیان لەگەڵ کەس نەدەما، ئینجا لەگەڵ بزووتنەوە دەیانکرد».

جیا لەمانە رەنگە لە هەناوی خودی هەریەک لەو سێ لایەنەشدا چەندان کێشەی ناوخۆیی هەبووبن، وەک ئەو کێشەیەی لە ساڵی ١٩٨٥ لە ناو کۆمەڵەدا روویدا و دەستەی «مەلا بەختیار و سالار عەزیز» جیابوونەوە و لەژێر ناوی «ئاڵای شۆڕش»دا کە پێشتر ناوی بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵە بوو، درێژەیان بە چالاکیی دا، بێگومان سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی لە حاست ئەو بڕیارەی مەلا بەختیار بێدەنگ نەبوون و لە رۆژی ٢-١١-١٩٨٥ هێزێکی یەکێتی بە سەرکردایەتی «جەبار فەرمان» هەڵیانکوتایە سەر ئاڵای شۆڕش و لە گوندی تەکیەی قەرەداغ مەلا بەختیاریان دیل کرد و بردیان بۆ سەرکردایەتی. کاتێکیش لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵ پلینۆمی کۆمەڵە بەهۆی ئەو شیرازە تێکچوونەوە بەسترا و شەست کەس لە سەرکردایەتی و کادرەکانی کۆمەڵە تیایدا بەشدار بوون، بڕیاری کوشتنی «مەلا بەختیار»یان بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرد، جگە لە دەنگی «عەبدوڵلا تۆفیق»، کە رای لەگەڵ کوشتنی ناوبراو نەبوو، بەڵام دوای داوای لێبوردنەکەی مەلا بەختیار، لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سزاکەی بۆ سووک کرا بۆ بەندکردن، ئەم بەندکردنەش تا ساڵی ١٩٨٩ درێژەی کێشا. بە کورتییەکەی لە قۆناغی شاخ جیا لەوەی یەکێتی لەشەڕ و ململانێدا بوو لەگەڵ زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە، لە ناو خودی خۆیشیدا دەرگیری دەیان کێشەی خنکێنەر بوو.

## ململانێکانی یەکێتی لە قۆناغی شار

لە راپەڕین بەولاوە کێشەکانی یەکێتی دەچنە قۆناغێکی نوێ و جیاوازەوە، زۆرینەی کێشەکانی ئەم پێڤاژۆیەش پابەندە بە کێشەی دەسەڵات و سەروەت و سامان و نەبوونی ستراتیجی روونیی «شەفافیەت» لە داهات و دارایيدا. لە سەرەتای ١٩٩٢ وەختێک یەکێتی یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست، زەقبوونەوەیەکی زۆری کێشەکان بەدی دەکرا و کۆنگرەکە بەپێی هەموو پێودانگێک پڕ لە کێشە و

ئاڵۆزیی بوو بۆیە مەبدەئی کۆنگرەی ونکرد، مەرگی لە ناکاوی «عومەر دەبابە» لە هۆڵی کۆنگرەدا پاساوێکی باشبوو بۆ کۆتاییهێنان بەم کۆنگرەیە و هەڵپەساردنی کێشەکان وەک خۆیان. کۆنگرەی دوو ئەگەرچی یەکێک لە دروشمەکانی بریتیبوو لە بنبڕکردنی تەکەتولات لە ناو یەکێتیدا، بەڵام نەک هەر نەیتوانی ئەم کارە بکات بەڵکو کێشەکانی زیاتر قووڵکردەوە.

ئەو مێژووەشی دەکەوێتە پاش کۆنگرەی دووەوە مێژوویەکی تژ لە ململانێی سەخت و دژواری ناوخۆی یەکێتی بووە، بە ئەندازەیەک لەم قۆناغەدا یەکێتی بە تەواویی کارەکانی پەکیان دەکەوێت و ناتوانێت تەنانەت نزمترین ئاستی ململانێ لە خۆی نیشان بدات بەرامبەر بە نەیارەکانی بە تایبەت لە هەمبەر پارتی کە سێ دەیە زیاتر بوو سەختترین کێشمەکێشی لەگەڵ دەکرد. بمانەوێت یان نا ئەگەرچی کێشە ناوخۆییەکانی سەردەمی شاری یەکێتی وەک سەردەمی شاخ خوێناویی و پڕ لە توندوتیژیی و بەکارهێنانی هێز نین، بەڵام لە رووی کاریگەرییەوە ئەو کێشانەی لەم قۆناغەدا بوونیان هەیە زۆر لە شەڕی دەستەویەخە و خوێناویی قورستر یەکێتی خستووە و لەهەموو لایەکەوە لە بەرامبەر دۆست و دوژمنەکانی بڕستی لێبڕیوە و بە ئەندازەیەک لاوازی کردووە هەموو تەنازولاتێک دەکات بۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانی.

## باڵی ریفۆرم و جیابوونەوەی کۆمپانیای وشە لە یەکێتی

دوای پرۆسەی رووخانی رژێمی سەدام لە بەهاری ٢٠٠٣، قۆناغێکی تر لە ململانێ لە ناو یەکێتیدا دەستپێدەکا و دەیەوێ مام جەلال کە بە هێڵی سوور دانراوە ببەزێنێ و لە خودی رەخنە لە مام جەلالەوە خەتی خۆی مانیفێست بکات. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ و سەرەتای ٢٠٠٥ نەوشیروان مستەفا و هاوکارەکانی لە باڵی ریفۆرم بوونە سەرمەشقی ئەم بزووتنەوە ناڕازییەی ناو یەکێتی، ئەوەبوو لەو نێوەندەدا نامە هاوبەشەکەی «نەوشیروان مستەفا، عومەر سەید عەلی، کۆسرەت رەسوڵ»ی بەدوادا هات کە لە ٧ خاڵدا ناردبوویان بۆ مام جەلال و لەوێدا بە روونی باس لە «ئیرهابی فیکریی» و سەپاندنی بیروڕای سکرتێری گشتیی و قۆرخکردنی دارایی و بەرپرسیارێتی دارایی کراوە و لە کۆتایی نامەکەشدا هاتووە «سکرتێری گشتیی تەمەنی لە٧٠ ساڵ تێپەڕیوە، کاتی ئەوە هاتووە ئیتر وەک رەمزێکی بەڕێز خۆی

لە دەستێوەردانی ئیشوکاری رۆژانەی یەکێتی بکێشێتەوە و راپەڕاندنی کاروباری رۆژانە بەجێبهێڵێت بۆ هاوڕێکانی و رێگە بدات بە یەکێتی بگەڕێتەوە سەر کارکردن بەپێی سەرەتا رێکخراوەییەکانی و لە داهات و خەرجی دارایی یەکێتیدا پەیڕەوی روونیی –شەفافیەت- بکات و سەروەت و سامانی یەکێتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرا بکات».

ئەگەرچی کۆسرەت رەسوڵ بەهۆی پێدانی ئیمتیازات و پۆستی جێگری سکرتێری گشتییەوە لە ناوەڕۆکی نامە هاوبەشەکە پەشیمان بووەوە، نەوشیروان و هاوکارەکانی بەردەوامییان بە کاردا، بەڵام دوای هەڵبژاردنی ناوخۆ و مەڵبەندەکانی یەکێتی، کە ریفۆرم بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە دۆڕاندی، نەوشیروان مستەفا و هاوکارەکانی رێگەیەکی تریان گرتە بەر، ئەویش دامەزراندنی کۆمپانیای وشە بوو وەک دەستی چەپی یەکێتی بۆ دەربازکردنی ئەو پارتییە لەو قەیرانانەی بەرەو رووی بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی «مەلا بەختیار» پێیوایە کێشەکانی ئێستای نەوشیروان مستەفا درێژکراوەی هەمان ئەو کێشانەیە لە»قاسمە رەش»ەوە و پێش بیست ساڵێک سەریانهەڵداوە، بەڵام جیابوونەوەی ریفۆرم و درێژەدان بە خۆی لە بەرگی کۆمپانیای وشە لە یەکێک لە ماناکانیدا بریتییە لە زەقبوونەوەی کێشەکانی یەکێتی و نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بۆ چارەسەرکردنیان، بۆیە جیابوونەوەی ریفۆرم و خۆ سڕکردنیان لە کاری حزبی گەورەترین کێشە و قەیرانە لە سەرەتای راپەڕینەوە تا ئێستا بەرەو رووی ئەو پارتییە بووبێتەوە.

## رەگ و رابوون یان دوو یەکێتی تر؟

بێجگە لە کۆمپانیای وشە، دوو رەوتی تر لە دەرەوەی وڵات «رەگ – رابوون» لە ریزەکانی یەکێتی کەنارگیرییان هەڵبژاردووە و پڕۆژەیان هەیە بۆ گۆڕینی رەوشی هەنووکەی پارتییەکەیان. رەوتی گۆڕینی دیموکراسیی «رەگ» یەکەمین بەیاننامەی خۆی لە رۆژی ٧-١٠-٢٠٠٨ بڵاوکردەوە کە ئیمزای هەر چوار کادری یەکێتی «شۆڕش حاجی، هەڤاڵ کوێستانی، مەلا خدر، هشیار عابد»ی لەسەر بوو، لە مانیفێستەکەدا هاتووە «دەسەڵاتدارانی یەکێتی هیچ پرەنسیپێکی رێکخراوەییان لە ناو یەکێتیدا نەهێشتووە و دەستەگەرییان کردووە بە ئامرازێک بۆ

خۆسەپاندن و دژایەتیکردنی هەموو دەنگێکی زوڵاڵ و دڵسۆز. ئەمڕۆ یەکێتی بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو دەنێ. گەر وا بڕوا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی پارسەنگی سیاسیی و کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر چەمکی دیموکراسی و دەنگی ئازاد لە کوردستانی عێراق دەبێ و لایەنە توندڕەو و دژە دیموکراسییەکان بەهێز دەکا. بەمەش خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی سیستمی دیموکراسی چەند قۆناغێک دەگێڕێتەوە دواوە. دەبێ ئەوەش بڵێین بە هەر پێوەرێکی شارستانیانەی حزبە دیموکراتییەکان و سۆسیال دیموکراتەکان بوایە، دەبوو سەرکردایەتی یەکێتی دەمێک بوایە لە ئەنجامی ئەو هەموو شکستە سیاسییانەیاندا وازیان هێنابا». کاردانەوەی یەکێتی و مەکتەبی سیاسیی لە بەرامبەر ئەو خۆ راگەیاندنەی رەگ جگە لە دەرکردنی هەڵسوڕێنەرەکانی لە ریزەکانی یەکێتی، تۆمەتبارکردنیان بوو بەوەی رەگ دەست و روویەکی تری نەوشیروان مستەفا و باڵی ریفۆرمە، ئەمەش لە بری رەگ لاوازبکات بووە خاڵی بەهێزبوونیان و سەرەنجام بارەکە بەجۆرێک گەیشت زۆرینەی تەشکیلاتی دەرەوەی یەکێتی پاڵ بدەن بە لای رەگەوە، بۆیە ئەگەر لە رووی ژمارەشەوە رەگ کێشەی بۆ یەکێتی دروست نەکردبێ ئەوە لە رووە سیاسییەکەیەوە جارێکی تر بەڵگەی ئەوەی دا بەدەستەوە: وەزعی یەکێتی لە ژێر هەڕەشەی پەرتەوازەیی و لێکترازاندایە.

بزووتنەوەی «رابوون»یش باڵێکی تر یان بزووتنەوەیەکی تری دەستی چەپە لە ناو یەکێتیدا و لە کۆمەڵێک کادر و ئەندامانی یەکێتی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پێکهاتووە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ەوە کار دەکەن بۆ چاککردنی رەوشی ئێستای یەکێتی کە رەوشێکی پڕ لە قەیران و کەموکوڕییە. بە پێی وتەی «یوسف کانیمارانی» کە ئەندامێکی چالاکی رابوونە لە فەڕەنسا: «سکرتێری گشتیی سەرجەم بڕیارەکانی تاکڕەوانەیە، هۆکاری سەرەکی گەیاندنی یەکێتی بەم قەیرانە سکرتێری گشتییە، هەموو ئەو کەسانەی لە ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی ئەگەر بڵێن لە بڕیارەکاندا پرسمان پێدەکرێت بە داوای لێبوردنەوە دەڵێم راست ناکەن. کێشەی ئێمە ئەوەیە ٣٣ ساڵە یەک سکرتێرمان هەیە لە دنیادا لە حزبێکی سۆشیال دیموکراتی شتی وا قابیلی قبوڵ نییە»، ئەم رەوتەش کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە

و ئەو راستییە چەند پات دەکاتەوە رەوشی ناوخۆ و ریزەکانی یەکێتیی تووشی ئاڵۆزیی و پەرتەوازەیی بووە.

## هەڵبژاردن یەکێتی دوولەت دەکات

یەکێتی نیشتمانی بە سەرکردایەتی مام جەلال ئەوە بۆ دووەم جارە لەگەڵ پارتی هاوپەیمانیی گرێدەدا بۆ بەشدارییکردنیان بە یەک لیست لە هەڵبژاردندا، راستییەکەشی ئەوەیە مام جەلال دەستی گرتووە بەسەر کۆی بڕیارەکانی یەکێتی و لە رێی ئەم تەنازولاتانەوە بۆ بنەماڵەی بارزانی تەنێ خەونی خۆی و گروپەکەی و بنەماڵەکەی مسۆگەر دەکات، بۆیە ئەگەر جاران مام جەلال ئامڕازی یەکخستنی یەکێتی بووبێت ئێستا ئامڕازی پەرتکردنێتی، ئەگەر پێشان مام جەلال لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکانەوە بە برا گەورە حیساب کرابێت، ئێستا مام جەلال تەنێ نوێنەرایەتی گروپێکی کەم دەکات لە ناو یەکێتی، ئێستا مام جەلال بۆ یەکێتی رەمزێک نییە و ئەویش سەرۆکی دەستەیەکە و بەس. ئەم تەکەتولبازییەش سەرەنجام قڵشتەکە گەورەتر دەکات، هەروەک «فەرید ئەسەسەرد»یش بۆی چووە «هەموو جۆرە تەکەتولێک حزبەکە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات»، هەنووکە لانیکەم ئێمە شاهیدی دوو یەکێتین، یەکێتییەک بە سەرکردایەتی مام جەلال کە هاوپەیمانی دوژمنە دێرینەکەیەتی «واتە پارتی و بنەماڵەی بارزانی»، دووەمیان یەکێتییەکی تەنیایە لە ژێر سەرکردایەتی «نەوشیروان مستەفا»دا.

ئەگەرچی ئەم دوو یەکێتییە بە فەرمی رانەگەیەنراون، بەلام لە باری عەمەلییەوە نکوڵی لەوە ناکرێت دوو یەکێتی لە ئارادان، کە دەتوانرێ یەکێکیان بە رەوتە گشتییە کۆنسەرڤاتیڤەکە و دۆستی هێزێکی پارێزگاری وەک پارتی ناوزەد بکرێت کە لەوانەیە لەگەڵ پارتی ببێتەوە بە یەک، ئەویتریشیان یەکێتییەکی رادیکاڵە و فەلسەفەی خۆی لە هەموو بوارەکاندا لەو دوو تەوژمە تەقلیدییە جیا کردۆتەوە. بۆ دوای مام جەلالیش ئەگەر یەکێتی رادیکاڵ بتوانێت ساحەکە کۆنترۆڵ بکات ئەوە دیسان کۆمەڵگە دابەش دەبێتەوە بەسەر هەردوو بەرەی نوێخوازی ریفۆرمخواز لەگەڵ بەرەی کۆنخواز، بەلام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم هەڵبژاردنە یەکێتی دوو لەت دەکات، یەکێتییەک کە دەیەوێ سەرلەبەری وەزعی خۆی و کۆمەڵگە بەرەو

گۆڕین ببات، یەکێتییەکی تر کە لە ساڵی ١٩٧٠ جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ ژێر باڵی بنەماڵەی بارزانی، کەوابوو ئاساییە لە دوای هەڵبژاردنەوە ئێمە دوو یەکێتی بناسێنین و دوو یەکێتی بە دوو ستراتیجی جیاوە هەست پێبکەین.

## سەرچاوەکان:

١- نەوزادی موهەندیس «کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان»، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپخانەی شڤان.
٢-عارف کەریم «من و کۆمەڵە و یەکێتی»، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٨-٢٠٠٩، بەرهەمهێنانی رۆژنامەی ئەمڕۆ، زنجیرە ٤.
٣-حەسەن زازا «عێراق – لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووە سیاسییەکەی»، و: ئامانج پیرۆت، چاپی یەکەم- سلێمانی ٢٠٠٩. چاپخانەی چوارچرا.
٤-کریس کۆچێرا «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی» بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: ئەکرەمی میهرداد، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، سلێمانی.
٥-سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر «یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش»، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
٦-فوئاد سەدیق «گەردەلوولی سیاسەت» بەشی یەکەم – چاپی دووەم، ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی دهۆک.
٧-چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت و دەیان ژمارە لە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ».
٨-سایتی رەوتی گۆڕینی دیموکراسیی «رەگ».
٩-زانیاریی برای نووسەر کاک «یوسف کانیمارانی» لەسەر بزووتنەوەی رابوون.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٦٣»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# پارتی و خەونی حزبی یەکەمی کوردستان

هەڵبژاردنی ٧-٣-٢٠١٠ کۆمەڵێک موفاجەئەی زۆری تێدا بوو، ئەوەی پێشبینی دەکرا، رووینەدا، ئەوی بە ئەگەر دانەنرابوو ئەوە هاتە پێشەوە، ئیسلامییەکان توانیان جارێکی دیکە کێرڤی خۆیان بەرز بکەنەوە و بە سەرکەوتووانە لە پرۆسەکە بێنە دەرەوە، گۆڕان تاراددەیەکی زۆر بەرەو پاشەکشەیەکی کاتی رۆیشت و رێژەی دەنگەکانی بە بەراوورد بە هەڵبژاردنی پێشووتر رووی لە کەمبوونەوە کرد، یەکێتی دیسان هەروەک خۆی مایەوە، ئەگەر لە سەرێکەوە کەرکوکی بردبێتەوە، ئەوا تووشی شکستێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی شاری هەولێر، دیارە ئەمەش بەهۆی شەڕی تەکەتولات و کەم شارەزایی تەکنیکی هەڵبژاردنەوە بوو، هەرچی پارتی دیموکراتیشە وەک براوەی سەرەکیی و یەکەم دەرکەوت، چوونکە هەم بەرێژەی دەنگدەران و هەم بە ژمارەی کورسییەکانی پێش تەواوی لیستە کوردستانییەکانی تر کەوت، ئەگەرچی سەرکەوتنی پارتی رێژەیی بێت، بەڵام دواجار کاریگەریی زیاتری دەبێت لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکانی ناوخۆی کوردستاندا. پارتی لە ئەنجامی شارەزایی و وریایی لە تەکنیکەکانی هەڵبژاردن و سوود وەرگرتن لە قڵشتی یەکێتی و دابەشبوونی بۆ دوو لیستی جیا، توانی خەونی حزبی یەکەمی کوردستان بهێنێتە دی.

ئێستاکە هەموو دەبێت دان بەوەدا بنێین پارتی توانیوویەتی بەشێوەیەکی رێژەیی و بە پێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە ئایا ئەم کێرڤە هەڵکشاوەی پارتی هەر لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا دەمێنێتەوە یاخۆ نا؟. ئایا پارتی چۆن مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر دەکات

و لە داهاتوودا سنووری هاوپەیمانییەکانی تەسک یان فراوانتر دەکاتەوە؟. هەموو ئەم پرسە سەرەکییانە لەبەردەم پارتین وەک هێزی براوەی ئەم هەڵبژاردنە، وریا مامەڵەکردنی داهاتووی پارتی و کرانەوەی زیاتری بە رووی دیموکراسی و فراوانکردنی پەراوێزەکانی ئازادیی لە سنووری دەسەڵاتیدا، پێشمەرجی هێشتنەوەی ئەم سەرکەوتنەن، بە پێچەوانەشەوە رەنگە ئەم سەرکەوتنە تەمەنی کورت بێت و زوو رۆژە زێڕینەکانی تێپەڕێنێت.

## پاشخانی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی ١٦ ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە سایەی ئازادیی و ساباتی سەربەخۆیی کوردستان و سەردەمی کۆماری کوردستان لەسەر راسپاردەی قازی محەمەدی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دروستکرا کە ئەوکاتە بە خۆی و لەشکرێکی چەند سەد کەسییەوە چووبووە مهاباد بۆ هاوکارییکردنی پێشەوا قازی محەمەد. لە ناوخۆی کوردستان بە تایبەت لە شاری سلێمانی پارتی گەشەی کرد و رۆشنبیرانی ناسراوی شاری سلێمانی بوونە پێشەنگ و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حزبە، کەسانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد رۆڵێکی سەرەکییان بینی لە پێشخشتنی پارتی و فراوانکردنی رێکخستنەکانیدا، پارتی لە قۆناغی ئاوارەیی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤێتی جاران و لە غیابی ئەو و بە نهێنی چەند کۆنگرەیەکی بەست، تێیدا هەموو جارەکان مەلا مستەفا بە سەرۆکی پارتی هەڵدەبژێردرایەوە. پارتی وەک هێزێکی سیاسیی کورد رۆڵی باشی بینی لە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ کە رژێمی پاشایەتی بۆ کۆماریی گۆڕی، لەو مێژووە بە دواشەوە پارتی بووە حزبێکی رێگەپێدراو کە رۆژنامەکانی بە ئاشکرا دەرچوون و لە زۆرینەی شارەکانیش بارەگاکانی بە فەرمی کرانەوە. ساڵی ١٩٥٩ وەختێک مەلا مستەفا دوای دوانزە ساڵ گەڕایەوە عێراق و کوردستان، پارتی پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینی، بە تایبەت دوای ئەوەی بە فەرمی پێشوازیی لە مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی کرا و لە دەستووری عێراقی ئەوکاتیش کورد وەک هاوبەش لەگەڵ عەرەب لەسەر خاکی عێراق ناسێنرا. پارتی لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ توانی لەژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفا و بە سوود

وەرگرتن لە فەزای ئازادیی گەشەیەکی بەرچاو بکات، سەرئەنجام توانی پارتی کۆمۆنیست لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا لاواز بکات و خۆی بووە حزبی سەرەکیی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٦١ەوە پارتی توانی سەرکردایەتی شۆڕشێکی چواردە ساڵی بکات لە دژی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، سەرئەنجام ڕێککەوتننامەی یانزەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لێکەوتەوە، ئەوەش یەکەمجار بوو حکومەتی عێراقی دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بنێت!. پارتی ئەگەرچی ساڵی ١٩٦٤ جیابوونەوەیەکی تێدا روویدا بوو بە سەرۆکایەتی «ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال»، بەڵام پاش ئەو پەیماننامەی ئازار و بەهێزیی و سەرکەوتنی پارتی تێیدا، توانی رۆڵیان بسڕێتەوە و باڵی مەکتەبی سیاسیی بە ناچاریی خۆیان هەڵوەشاندەوە. ساڵی ١٩٧٤ پارتی جارێکی دیکە سەرکردایەتی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی کردەوە، بەڵام ساڵی ١٩٧٥ لەوپەڕی بەهێزییدا بڕیاری ئاشبەتاڵی دا و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تووشی نسکۆیەکی زۆر گەورە هات. پاش چەند مانگێک جارێکی دیکە پارتی لەژێر ناوی «سەرکردایەتی کاتی» دەستیکردەوە بە جوڵەی سیاسیی و چەکداریی کە پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ سەرکردایەتی کاتی هەڵوەشایەوە و مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی ئەو حزبە. ساڵی ١٩٩٢ پارتی توانی لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا لە یەکێتی بباتەوە بە جیاوازییەکی کەم، بەڵام ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی زۆرینەی دەرئەنجامەکان ئەوە دەرکەوت یەکێتی بە چەند هەزار دەنگێک پێش پارتی کەوتبوو. ئێستاش پارتی حزبێکی تەمەن شەست و چوار ساڵە و تا هەنووکە دوانزە کۆنگرەی بەستووە و مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات.

## بردنەوە و دۆڕان و مامەڵەی عەقڵانی

بردنەوە و دۆڕانی کردەی هەڵبژاردن لە کولتووری دیموکراسییدا حاڵەتێکی نۆرماڵ و سروشتییە، هێزە براوەکان دەبێت هەستن بە پیادەی بەرنامەکانیان و دۆڕاوەکانیش بۆ دەرفەتێکی دیکە خۆیان ئامادە بکەن، بەڵام لە دید و فەرهەنگی حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا کولتووری قبوڵکردنی دۆڕان نەک سەریهەڵنەداوە، بەڵکو هەموو هێز و پارتییەکان هەوڵ دەدەن ئەگەر بۆ یەکجاریش بووە

نەدۆڕێن، چوونکە ئیدی ناتوانن جارێکی دیکە هەستنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سترۆکتۆرە سیاسییانەی حزبی کوردیی لەسەر دامەزراوە، کە وایکردووە زۆرینەیان حزبی تۆتالیتاریی و نادیموکراتی بن و کەمترین نزیکایەتیان لەگەڵ فەرهەنگی دیموکراسیی هەبێت. ئێستاکە تازە بە تازە خەریکە کولتووری قبوڵکردنی دۆڕان و داننان بە سەرکەوتنی بەرامبەردا چەکەرە دەکات، بۆیە پێویستە هەموو لایەنەکان پێیان ئاسایی بێت، پارتی لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتوو بووە، بەم حاڵەتە دنیا تەواو نابێت، بەڵکوو مێژوو و داهاتوو دەتوانێت کەفیل بێت بۆ هێزەکانی تریش تاکو ئەوانیش بتوانن بە نۆرەی خۆیان شانسی سەرکەوتنیان هەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا. پاشانیش پێویستە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان مامەڵەیەکی عەقڵانیانە لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە بکات و وەک حاڵەتێکی ئاسایی وەریبگرێت نەک ئەوەی بیکاتە سەرەتایەک بۆ پەل و پۆ شکاندنی هێزەکانی تری گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان.

ئەگەر پارتی لەلایەکەوە توایبێتی لەسەر ئاستی هەر سێ شاری موسڵ و دهۆک و هەولێر لیستی یەکەم و براوەی لیستە کوردستانییەکان بێت، ئەوە نابێت لە بیری بکات لە هەر دوو شاری سەرەکیی «کەرکوک، سلێمانی» نەیتوانیوە بە پێی پێویست دەنگ بهێنێت. گەر بە پێی ئیستحقاقی رەسەنی خۆی بێت، لەو دوو شارەدا کە کۆی کورسییەکانی کورد تێیدا دەگاتە ٢٥ کورسی، پارتی توانیوویەتی لانی زۆر چوار کورسی بەدەستبهێنێت، ئەمەش لە یەک لەسەر پێنج کەمترە، بۆیە پارتی لەسەریەتی مامەڵەیەکی عەقڵانی و دروست لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە بکات لەم هەڵبژاردنەدا مسۆگەری کردووە، بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی شکست و دوور نییە لە یەک دوو هەڵبژاردنی داهاتوودا رووبەڕووی شکستی چاوەڕواننەکراو ببێتەوە. ئەگەر سەیری ئەزموونی ئەو دوو حزبە بکەین «پارتی، یەکێتی» لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ نزیکەی ٩٧٪ دەنگەکانی کوردستانیان بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی سەرەتای ٢٠٠٥ ئەم رێژەیە بۆ نزیکەی ٨٠٪ دابەزی و لە هەڵبژاردنی تەمووزی ساڵی رابردووش جارێکی دیکە ئەو رێژەیە دابەزی بۆ ٥٧٪ دەنگەکانی کوردستان. بۆیە هیچ زەمانەتێک نییە ئەگەر پارتی بە دید و نەفەسێکی دیموکراتییانەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکەی نەکات لە ئاکامدا نەبێتە جۆرێک لە شکست، وەک پەندە

باوەکەش دەڵێت خراپترین شکست بریتییە لە شکستی پاش سەرکەوتن.

هەروەک «ئاریز عەبدوڵڵا» پەرلەمانتاری پێشووی لیستی سەوزی پەرلەمانی کوردستان وتی «پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر پێیوابێت سەرکەوتنی بەدەستهێناوە خۆی بە هەڵەدا دەبات، چوونکە پارتیش رێژەی دەنگدەرانی لە چاو هەڵبژاردنەکانی رابردوو کەمی کردووە، ئەگەر کۆی ژمارەی دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان وەربگرین، رەنگە زیاتر بێت لە دەنگەکانی پارتی، ئەگەریش دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان وەرگرین کە ئیسلامییەکانیش ژمارەی دەنگدەرانیان لە زیادبووندایە، لە پارتی زۆر زیاترن، ئەگەر پێشتر پارتی ٥٠٪ بووبێت ئێستا ٤٠٪یش نییە، ئەگەر کورسییەکانی پارتی لەلایەنەکانی تر زیاتریش بێت لە ئایندەدا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بە تەنیا حوکمڕانی کوردستان بکات».

ئێمە ناڵێین نابێت پارتی خۆی بە براوە یاخۆ حزبی یەکەم بزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆی لایەنەکانی تر بەسەریەکەوە دوو هێندەی پارتی دەبن، بۆیە پارتی دەبێت جیا لە خۆشحاڵیی خۆی بە سەرکەوتنەکەی، رێزی لایەنەکانی تر وەک هاوخەبات و هاوکار بگرێت، چوونکە وەک پەرلەمانتارەکەی پێشووی یەکێتی دەڵێت پارتی هەرچەند بەهێزیش بێت، بەڵام هێشتا ئەو هێزە نییە بتوانێت بە تەنیا کوردستان بەڕێوە ببات.

### چارەنووسی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی

تا ئێستا هیچ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ناوەڕۆکی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی نازانرێت، تەنیا ئەوە نەبێت ئەو رێککەوتنە بۆتە هۆی نزیککردنەوەی زیاتری هەردوو حزب لە یەکتر، تەنانەت بڕیاری بەشدارییکردنی پارتی و یەکێتی بە یەک لیست لەو هەڵبژاردنانەی بەم دواییانە ئەنجامدران، بەرهەمی نێوەڕۆکی رێککەوتنی ستراتیژیی بوون، بەڵام ئێستاکە ئەو رێککەوتننامەیە لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەدایە، رەنگە پارتی بەهۆی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەوە ئەو رێککەوتنە لەگەڵ یەکێتی هەڵوەشێنێتەوە یان لانیکەم کۆمەڵێک دەستکاریی تێدا بکات، چوونکە ئێستا بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان بە هۆی لاوازبوونی

پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆتایی بەو ڕێککەوتنە بهێنرێت یان هەر هیچ نەبێت دەستکاریی کۆمەڵێک بڕگە و لایەنی ناوی بکرێت، وەک ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی پارتی. ئەگەرچی هێشتا مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی سوورە لەسەر بەردەوامیدان و هێشتنەوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی، بەڵام پێدەچێت لە داهاتوودا پارتی هەنگاوی تر لەو بارەوە هەڵگرێت و یەکێتی ناچار بکا ڕازی بێت بەو تەعدیلاتانەی لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەدا ئەنجامی دەدات، یان بەهۆی ناڕەزایی یەکێتییەوە لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە، چوونکە پارتی چیدی نایەوێت باجی ئەو ڕێککەوتننامەیە بدات، بەڵکوو خوازیارە بازنەی هاوپەیمانییەکانی فراوانتر بکاتەوە و ڕەنگە لە داهاتوودا لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستان لە نێویشیاندا گۆڕان جۆرێک لە نزیکایەتی و هاوپەیمانێتی گرێبدات.

لەلای یەکێتیشەوە بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی و کەوادری پێشکەوتوو و بنکەی جەماوەریی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدان، چیدی یەکێتی لە ڕێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە تەنازولاتی سیاسیی بۆ پارتی نەکات، تەنانەت هەندێک بۆچوون و ڕەوت لە ناو یەکێتیدا لەسەر ئەو بڕوایەن بەشێکی سەرەکیی شکستەکانی یەکێتی لە میانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و چوونە دەرەوەی هەزاران ئەندام لە ریزەکانی حزبەکەیاندا، پەیوەندیی هەیە بەو نزیکایەتی و یەک لیستییەی لەگەڵ پارتی هەیانە، دیارە ئەویش بەشێکە لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوانیان. بۆیە هەنووکە لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەریی و سەرکردایەتی هەردوو حزب یەک بیرکردنەوەی زاڵ دروستبووە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەیە دەکات، ئیدی پێویستە نزیکیی نێوان ئەو دوو حزبە لەسەر فۆرم و ستایلی نوێتر دابڕێژرێتەوە. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین ڕەنگە یەکێک لە دوا ئاکامەکانی سەرکەوتنی پارتی، گۆڕانێکی بنەڕەتی بێت لە شێوەی پەیوەندیی هاوبەش و نزیکایەتی سیاسیی پارتی و یەکێتی، وەک لە سەرەوەش وتمان ئەمە خواستێکە ڕای زۆرینەی ئەندامانی هەردوو حزبی لەگەڵدایە.

## مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕان

وەک چۆن سروشتیی و ئاساییە پەیوەندیی دۆستانە و هاوبەش لەنێوان یەکێتی

و پارتیدا هەبێت، ئاوهاش کارێکی ناسروشتیی نییە جۆرێک لە پەیوەندیی دۆستانە و هاوبەش لەنێوان گۆڕان و پارتیدا دروست بێت، بە پێچەوانەوە ناتەندروستییەکە لەوەدایە هێزەکان بە چاوی دوژمنەوە سەیری یەک بکەن و مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، وای دەبینم نەک هەر کاتی ئەوەیە پارتی و گۆڕان لە یەکتر نزیک ببنەوە، بەڵکو دەبێت ئەو بارگرژییەی هەنووکە لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا بوونی هەیە کۆتایی پێبێت و هەردوولا بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتیی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و تەنانەت دەشێ لە هەندێک پرس و مەسەلەدا هاودەنگ و هاوڕاش بن. بەدەر لەوەی زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی و شارەزایان، لێکدانەوەی هەڵەیان هەیە کە نابێت پارتی و گۆڕان پەیوەندییان هەبێت، خەڵکانێکی دیکە هەن دەیانەوێت هیچ جۆرە نزیکایەتییەک لەنێوان پارتی و گۆڕان دروست نەبێت، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا پێویستە گۆڕان و پارتی پەیوەندییان هەبێت بە مەرجێک نابێت لەسەر حسابی یەکێتی بێت. کاتی خۆی «نێچیرڤان بارزانی» لە ڕێی دیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی «کەی ئێن ئێن»ەوە باسی لەوە کرد گۆڕان وەزعێکی تازەیە و هێزێکە قورسایی خۆی هەیە و توانیوویەتی لە ماوەی چەند مانگێکدا یەک لەسەر چواری دەنگی هاووڵاتیانی کوردستان بەدەستبهێنێت، بۆیە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت. ئەم دانپیانان و خوێندنەوەیەی بەرامبەر سەرەتایەکی زۆر گرنگ و باشە، دەکرێت پارتی لەسەر هەمان هەڵوێست و تێفکرین بەردەوام بێت و بە هەمان ئەو ڕۆحییەتەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ گۆڕان لەسەر بنەمایەکی تەندروست دابڕێژێت.

عەتا قەرەداغی، نووسەر و چاودێری سیاسیی سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕان و یەکێتی بە شێوەیەکی ئاسایی بە دوور دەزانێت، پێیوایە «ڕەنگە لە نێوان گۆڕان و پارتیدا پەیوەندییەکی ئاسایی دروست ببێت، ئەویش بە هۆی هێمنی و حاڵەتی پراگماتیکی پارتییەوە ڕەنگە گۆڕان بهێنێتە ژێر باری خۆیەوە». پێویستە پارتی هێمن بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا، پێویست ناکات ببێتە بەشێک لەو بارگرژییەی لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا بوونی هەیە، چوونکە ئەوە زیاتر پەرچەکردارێکە لەلایەن هەردوولاوە، ئەمەش حاڵەتێکە زۆرینەی جار هێزەکان لە کاتی ئینشقاقدا تووشی دەبن و باڵەکان یەکتر تاوانبار دەکەن، بۆیەکا ئەو بارگرژییە هەر بەو شێوەیە نامێنێتەوە، پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کەم وردە

ورده بەرەو کاڵبوونەوە و نەمان دەڕوات، هەر بەم بۆنەوە پارتی دەبێت لەو راستییە تێبگات، ناکرێت لەگەڵ لایەنێک پەیوەندیی ببەستێت لەسەر حسابی لایەنی دووەم، بەڵکو ئەو ئێستا خۆی بە حزبی یەکەم و براوە دەزانێت لە سەرتاسەری کوردستاندا دەبێت مامەڵەیەکی عەقڵانی و ژیرانە لەگەڵ هەموو هێزەکاندا بکات و تا رادەیەکی زۆر پەیوەندیی ئاسایی لە تەک هەر هەموویاندا هەبێت.

ئەوەی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لەلایەن میدیای پارتی و گۆڕانەوە لە بەرامبەر یەکتر بەڕێوە چوو، بە باوەڕی من سەرەتایەکی زۆر باشە و دەکرێت لە داهاتوودا درێژەی زیاتری پێبدرێت، چوونکە ماکینەی میدیایی یەکێتی و گۆڕان هۆکاری سەرەکیی ئەو بارگرژییەیە لەنێوان هەردوولادا بوونی هەیە و سلێمانی کردۆتە چەقی ململانێیەکی توند کە ئەگەر کار وا بڕواتە پێشەوە رەنگە دەرئەنجامی خراپی هەبێت، تەنانەت پێدەچێت رەوشی ئارامی شارەکە تێکبدات. پارتی دەبێت یارمەتی گۆڕان و یەکێتیش بدات لە ئاشتبوونەوە و لە یەکتر نزیکبوونەوە!!، چوونکە ئەوەی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا روودەدات و بەڕێوە دەچێت، نەک مانای دیموکراسی و ململانێی شارستانی ناگەیەنێت، بەڵکو جۆریکە لە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئایندەی سیاسیی کوردستان، تەنانەت دەبێتە هۆی تێکدانی خەیاڵدان و هزری نەوەی نوێی کوردستان کە ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرێت بە تەرز و میتۆدێکی نوێ و شارستانیتر دەست بدەنە کاری سیاسیی و حزبایەتی.

بە کورتییەکەی پارتی لەسەر شانی پێویست کراوە، پەیوەندییەکانی خۆی ئاسایی بکاتەوە و بەو ریتمە مامەڵە بکات ئێستا گرتوویەتییە بەر، پاشان دەبێت لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکان و یەکێتیش هەماهەنگی بکات بۆئەوەی ترازانی سیاسیی لە ریزەکانی گەلی کورددا دروست نەبێت، ئەم کارە پارتی لە هەموو لایەنێک زیاتر دەتوانێت رۆڵی تێدا بگێڕێت، ئەگەر پارتی بیەوێت دەتوانێت سەرەتایەکی نوێ دابمەزرێنێت لە شێوازی ئیشکردنی پێکەوەیی و هاریکاریی نێوان هێزە کوردستانییەکان. بارودۆخی کوردستانیش لە دۆخێکدایە داوای ئەو یەکڕیزیی و تەباییە لە حزب و لایەنەکان دەکات و بە پێچەوانەوە رەفتارکردنیش وەستانەوەیە لە دژی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

## پارتی و خەونی حزبی یەکەمی کوردستان

خواستی بوونە هێزی یەکەم و بردنەوەی هەڵبژاردن تەنانەت دروستکردنی حکومەت بە تەنێ، خواستێکی نامەشروع نییە، بەڵکو لە تەواوی سیستمە سیاسییە دیموکراتییەکانی دونیادا حاڵەتێکی ئاساییە و ڕێگەی لێ نەگیراوە، بەڵام هەوڵدان بۆ بە تاڵکردنەوەی کۆمەڵگە لە مەیلە سیاسییە جیاوازەکان و هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات لە پێناو تەسکردنەوەی زەمینە و پەراوێزی ئازادیی و ژیانی فرەیی، کارێکە نەک ڕێگە پێدراو نییە، بەڵکوو بە هەموو مانایەک بریتییە لە دیکتاتۆرییەتێکی خاڵس و عەیارە بیست و چوار. پارتی ئەگەرچی بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و دەنگدان، توانی لەم قۆناغەدا سەرکەوتن مسۆگەر بکات و ببێتە حزبی یەکەم لە رووی زۆریی ژمارەی کورسیی و دەنگدەرانەوە، بەڵام ئەمە حاڵەتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دیموکراسییەت کاتێک دەردەکەوێت سبەینێ هێزێکی دیکە بیباتەوە و پارتیش ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەران و متمانەی هاووڵاتیان بگرێت کە بەخشیوویانە بە ئاراستە یان هێزێکی تر.

پارتی نابێت وا بیر بکاتەوە ئیتر ئەو حزبی یەکەمە بەشێوەیەکی جاویدانی و پێویستە هەموو هێزەکانی تر لە نێویدا بتووێنەوە، ئەمە بیرکردنەوەیەکی کوشندەیە و خزمەت بە ئایندەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناکات، بەڵکو دەبێت پارتی وەها ڕێکخستن و میدیای خۆی هۆشیار بکاتەوە، سەرکەوتنی ئەو لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بووە و بۆی هەیە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا لە قۆناغێکی تردا پاشەکشە بکات، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئیدی پارتی بۆ هەمیشە شکست دەهێنێت و ڕۆڵی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و ئیداریی کوردستان دەسڕێتەوە. بە کورتییەکەی سەرکەوتن و دۆڕان هەردووکیان کاتین و دەشێ یەک حزب لە ماوەی دوو هەڵبژارندا هەم سەرکەوتن و هەم شکست تۆمار بکات، هەر لەبەر ئەم هۆیە پارتی پێویستە بە دید و ڕوانگەیەکی دیموکراسییانەوە لەم پرسە بڕوانێت، تەنانەت بەو سەرکەوتنە غروری سیاسیی داینەگرێت.

پارتی دەبێت بنکەی جەماوەریی و ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لەوە ئاگادار بکاتەوە، ئەو سەرکەوتنەی بە دەستی هێناوە، مانای گۆڕهەڵکەندن نییە بۆ هێز و لایەنەکانی تر، هەروەک چۆن مانای ئەوە نییە هەمیشە شانسی پارتی و ئەستێرەی

بەختی پارتی هەروا گەشاوە دەبێت. وەک پێشتریش وتمان دەکرێت جارێکی دیکە پارتی لە گۆڕان کەمتر دەنگ بهێنێت، یان دەشێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا یەکێتی هەمان ئەو سەرکەوتنە تۆمار بکات ئەمڕۆ پارتی توانیویەتی تۆماری بکات. خولاسە نابێت دیدگای حزب یەکەم و براوەی یەکەم ببێتە هۆکارێک پارتی بەرەو داخرانی سیاسیی و جۆرێک لە دیکتاتۆرییەتی بڕیار ببات، بەڵکو دەبێت پارتی هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت بۆ ئەوەی هەم بتوانێت جارێکی دیکە ئەو سەرکەوتنەی تۆمار بکاتەوە و هەم بۆ ئەوەی تەواوی هێز و لایەنەکان بەپێی سەنگ و قەبارەی خۆیان رۆڵیان لە پرسە چارەنووسسازەکانی وڵاتەکەیاندا بگێڕن، ئەمەش کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی دیموکراسییەت و پێشکەوتنی کوردستانە لە هەموو لایەنەکانەوە.

## دوا پەیڤ

هەڵبژاردنی رۆژی ٧-٣-٢٠١٠ تێپەڕی، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان پارتی و ئیسلامییەکان توانیان تاجی سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو لەسەر بکەن، پارتی بەوەی توانی زۆرینەی کورسییەکانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستبهێنێت، ئیسلامییەکانیش توانیان سەرکەوتنی دوای شکستی هەڵبژاردنی رابردوو «٢٥-٧-٢٠٠٩» تۆمار بکەن کە بە هۆی هاوپەیمانێتی چوار حزبەکەوە دەرگیری بوون. تەنانەت گۆڕان باجی ئەو بەهێزبوونەوەیەی ئیسلامییەکانی دا، چوونکە بە ئەزموون دەرکەوت بەشی زۆری جەماوەری حزبە ئیسلامییەکان دەنگیان بۆ دابوو لە هەڵبژاردنی ٢٥-٧دا. پارتیش «ئەگەرچی لەژێر سنووری دەسەڵاتی ئەودا کێرڤی گۆڕان و ئیسلامییەکان هەڵکشابوو» بەهۆی وریایی لە تەکنیکەکانی هەڵبژاردندا توانی گرەوەکە بباتەوە، ئەوەتا پارتی بە٨٥ هەزار دەنگەوە دوو کورسی لە سلێمانی مسۆگەر کردووە، کەچی یەکێتی بە نزیکەی ١٠٠ هەزار دەنگەوە نەیتوانی کورسییەکی هەولێر بە حەقی خۆی بەدەستبهێنێت. بەهەرحاڵ ئێستا هەڵبژاردنی ٧-٣یش بووە بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام پرسیاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە ئایا کام هێزی سیاسیی و کام قەوارە و حزب دەتوانێ سوود لەو مێژووە وەربگرێت؟ پرسیار ئەوەیە ئایا سەرکەوتووەکان ئەو مێژووە بۆ خۆیان دووبارە دەکەنەوە یان لایەنە شکستخواردووەکان ناهێڵن مێژوو جارێکی دیکە بە

رەنگی خۆی دووبارە ببێتەوە؟. ئایا هێزە دۆڕاوەکان ئەم مێژووە دەکەنە وانەیەکی بە کەڵک بۆ داهاتوو یان لیستە بەهێزەکان سوود لە ئەزموونەکەی وەردەگرن و بۆ سەرکەوتنێکی دیکە بەکاریدەهێننەوە؟. جارێ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەنێو هەرا و هۆریای هەنووکەدا ونە و سبەینێ دەردەکەوێت، کام هێزی دۆڕاو بەسوود وەرگرتن لەهەڵەکانی دەیباتەوە و کام هێزی براوەش بە پشتکردنە ئەزموونی ٧-٣ دۆڕان دەکاتە نسیبی خۆی!!.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٣»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنگرەی سێی یەکێتی باڵی کۆسرەت رەسوڵ تێکدەشکێنێت

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٥ وەک حزبێکی بەرەیی لە شام ڕاگەیاندرا، یەکێتی ئەوکاتە لە سێ باڵی سەرەکیی پێکهاتبوو «خەتی گشتیی، کۆمەڵەی رەنجدەران، بزووتنەوەی سۆشیالیستی». هەریەک لەم سێ پێکهاتە سیاسییە جیاوازە خاوەنی گوتار و روانگەی جیا جیا بوون، ئەگەرچی هەموویان بەوە رازی بوون لە یەک حزبدا بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەژێر رابەرایەتی جەلال تاڵەبانی کۆببنەوە، بەڵام بە درێژایی شانزە ساڵی پێش ڕاپەڕین باڵەکانی ناو یەکێتی شەڕی گەرم و ساردی یەکتریان کردووە و زۆرجاریش ئینشقاق و جیابوونەوەی لێکەوتۆتەوە وەک جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە دەیەی هەفتاکانی سەدەی رابردوو و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بە سەرکردایەتی مەلا بەختیار لە دەیەی هەشتاکاندا.

ئەگەرچی لە دوای راپەڕینەوە بە رووکەش وا دەبینرا هەموو باڵەکان لە ناو بۆتەی یەکێتیدا تواونەتەوە، بەڵام لە واقیعدا ئەو دیمەنە سەرەکییەی نیشانی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی تر دەدرا وێنای راستەقینەی ناوخۆی حزبی یەکێتی نەبوو، چوونکە شەڕ و ململانێی سیاسیی باڵەکانی ناو ئەو حزبە بە جۆر و شێوەی تر لە ناو واقیعی دوای راپەڕیندا بوونیان هەبوو و درێژەیان بەو رابردووە پڕ لە ململانێیە دەدا یەکێتی لە قۆناغی خەباتی شاخدا دەرگیری ببوو، وەڵێ کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕان وەک رێکخراوی سەربەخۆ بوونیان

نەمابوو، بەڵام ئەمەش یەکێتی نەکردە حزبێکی یەکگرتوو، بە پێچەوانەوە ئەمجارە باڵباڵێن و دەستەگەراییەکی نوێ سەریهەڵدا لەسەر بنەمای وەلائی شەخسی بۆ ئەقتابەکانی ناو یەکێتی. کۆسرەت رەسوڵ لە دوای راپەڕینەوە بەهۆی ئەو بنکە جەماوەرییەی لە شاری هەولێر و دەوروبەری و لە ناو هێزی پێشمەرگەدا هەیبوو لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا توانی وەک جەمسەرێکی بەهێز خۆی نمایش بکات. ئەمەش رۆڵی کۆسرەت رەسوڵی هەرچی زیاتر هەڵشکاند و لەوە بە دوا هیچ بڕیارێکی یەکێتی بە تایبەت لە سەروەختی شەڕی ناوخۆدا تێنەپەڕیوە بەبێ ئەوەی راوێژ و پرس و را بەو سەرکردە سەربازییەی ناو یەکێتی نەکرێت.

## سیڤی کۆسرەت رەسوڵ عەلی

عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی ناسراو بە (کۆسرەت) لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی شیواشۆک سەر بە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی کردووە لە شۆڕشی ئەیلوولدا و ساڵی دواتر پەیوەندیی کردووە بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە. دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵە. ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٨١ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی رێکخستنە نهێنییەکانی ناوخۆی کۆمەڵە. قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی وەک سەرکردەیەکی سەربازیی بە توانا بڕیوە و لە ماوەیەکی کەمدا و بە پشتگیریی نەوشیروان مستەفا لە ساڵی ١٩٨٣ بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی سەرکردایەتی کۆمەڵە. لە ساڵی ١٩٨٤ بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی بووە و پاشان کە هەردوو مەڵبەندی سێ و چوار دەکرێنە یەک، ئەو دەبێتە بەرپرسی مەڵبەندە نوێیەکە. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردراوە، پاشان لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەساڵی ١٩٩٣ بووەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە سەروەختی شەڕی ناوخۆدا رۆڵێکی کاریگەریی هەبووە و سەرکردایەتی زۆرێک لە جەنگ و رووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ هێزەکانی پارتی کردووە.

پاشان لە ساڵی ٢٠٠٤ یەکێک بووە لەو سێ ئەندام مەکتەب سیاسییەی یەکێتی لە پاڵ نەوشیروان مستەفا و عومەری سەید عەلی نامەیەکی گرنگیان ئاڕاستەی

مام جەلال سکرتێری گشتیی حزبەکەیان کرد بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازیی لە ریزەکانی یەکێتیدا. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەولاوە «ساڵی ٢٠٠١» بۆتە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی و پاشان بووەتە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی. کۆسرەت رەسوڵ پێشمەرگەیەکی دیار و سەرکردەیەکی سەربازیی و تا راددەیەکی کاریزمیی ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە، بەو هۆیەوە توانیوویەتی وەک یەکێک لە جەمسەرە دیارەکانی ناو حزبەکەی رۆڵ لە داڕشتنی بڕیار و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی یەکێتیدا بگێڕێت. کۆسرەت رەسوڵ لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا چەند جارێک بریندار کراوە و لە گەلێک رووبەڕووبوونەوەی قورس بەشداریی کردووە، زۆرترین ئەو چالاکییانەشی لە رۆژانی پێشمەرگایەتیدا ئەنجامیداون لە دەشتی هەولێر و بالیسان و دۆڵی ئاکۆیان و شەقلاوە و ناوچەکانی دەوروبەری شاری هەولێر بووە، بۆیە نفوسی راستەقینەی ئەو دەکەوێتە ناوچەکانی دەوروبەر و ناو سەنتەری شاری هەولێر.

## باڵی کۆسرەت رەسوڵ چۆن بەهێزبوو؟

لە قۆناغی پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەگەرچی ناوبانگی کۆسرەت رەسوڵ وەک پێشمەرگە و فەرماندەیەکی مەیدانی و سەربازیی بڵاوبووەوە، بەڵام سەنگ و قورسایی ئەو لە ناو رێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەدا نەگەیشتبووە ئەو راددەیەی وەک یەکێک لە جەمسەرە بەهێزەکانی ناو یەکێتی حیسابی لەسەر بکرێت. هەر بۆیە ناوبانگی کۆسرەت رەسوڵ نەیدەتوانی لە ناوبانگی مامەریشە تێپەڕێت، چجای ئەوەی ئەو ناوبانگە بیکاتە رکەبەرێکی سەرەکیی باڵەکانی تری ناو حزبەکەی، بەڵام وەختێک راپەڕین روودەدات هاوکێشەکە سەرلەبەر هەڵدەگەڕێتەوە و دەبینین کۆسرەت رەسوڵ وەک قارەمانێکی ئەفسووناویی لەناو هەولێردا دەردەکەوێت و خەڵکێکی زۆر بە تامەزرۆییەوە تەنانەت هەوڵی بینینی ئەو هەڵۆیە دەدەن کە زۆریان لەبارەوە بیستووە و هێشتا نەیاندیوە، ئەو لە زۆربەی بەرپرسە هەولێرییەکانی یەکێتی بەناوبانگترە و خۆشەویستریشە، پاشان بە زیرەکی و وریایی خۆی ئەو خۆشەویستیی و ناوبانگەی بەکاردەهێنێت لە بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا، بۆیەکا یەکێتی دەستنیشانی دەکەن بۆ سەرۆکایەتی

دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بە بڕوای من بە دەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت هەلێکی زێڕین بوو بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ لە راستای بەهێزکردنی زیاتری پێگەی خۆی و دروستکردن و قووتکردنەوەی جەمسەرێکی بەهێز و تایبەت بە خۆی لەناو یەکێتیدا، لەم رۆژگارانەشدا نەوشیروان مستەفا کە هەمیشە کەسی دووەمی ناو یەکێتی بووە، بە نیگەرانییەوە سەری خۆی بۆ لەندەن هەڵگرت، ئەمەش یارمەتی زیاتر خەونەکانی «کۆسرەت»ی دا، تا لەو بۆشاییەی بە هۆی نیگەرانیی و تۆرانی نەوشیروانەوە لە ناو یەکێتیدا دروستببوو، خۆی بەهێز بکات و ببێتە جێگرەوەی نەوشیروان. کات و بارودۆخەکە، فەزای خێڵەکییانەی ناو شاری هەولێر و هەستی شارچێتی و عەشیرەتی لەلایان، هەموو پێکەوە یارمەتی ئەو سەرۆک حکومەتەیان دەدا کە بە خێراییەکی رادده بەدەر هەوڵی جێ قایمکردنی کوتلەکەی دەدا، بۆیە سەرۆکایەتیکردنی حکومەت و بەکارهێنانی دارایی و تەنانەت وەزیفەی حکومی بۆ قەرەباڵغکردنی دەستەکەی و فراوانکردنی بنکەکەی و پەلهاویشتنی بۆ ناو شارەکانی تری کوردستان، یەکێک بوو لە شانسە بەهێزەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ، پاشان لە قۆناغی کابینەی سێیەم و دوولەتبوونی ئیدارە لەکوردستان ئەم حاڵەتە زۆر بە زەقی هەست پێدەکەین و دەبینین باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ دەبنە نوێنەری حزب و حکومەت و سایە دەکەن بەسەر هەموو پۆستە هەستیارەکانی ناو یەکێتی و حکومەتدا.

یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەکردن و بەهێزبوونی پتری باڵی کاک کۆسرەت بۆ بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی کوردستان دەگەڕێتەوە، بە هۆی ئەو شەڕەوە کۆسرەت ڕەسوڵ وەک سەرکردەی سەربازیی یەکەمی یەکێتی و تاکە رابەری مەیدانی ناو هێزەکانی پێشمەرگە دەردەکەوێت، ئەگەرچی «جەبار فەرمان» لە رووی پۆستی حزبییەوە وەک کۆسرەت ڕەسوڵ بوو، لە رووی سەربازیشەوە شانی لە شانی ئەو دەدا، بەڵام بەو هۆیەی جەبار فەرمان لایەنگرێکی جەماوەریی و عەشایەریی نەبوو، پاشان بەهۆی ئەوەی وەک کۆسرەت ڕەسوڵ پارە و دارایی حزب و حکومەتی لە بن دەست نەبوو، هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخسا وەک کۆسرەت ڕەسوڵ ببێتە سەرکردە و رابەرێکی جەماوەریی و خاوەن فراکسیۆنی تایبەت

بەخۆی. بە کورتیی شەڕی ناوخۆی کوردستان، زەمینەی ئەوەی سازدا کۆسرەت رەسوڵ زیاتر بەناوبانگ و خاوەن نفوس بێت، لەمەشیاندا نەوشیروان مستەفا دیار نەبوو دەنا ئەو مەلی بەختە لەسەر شانی کۆسرەت رەسوڵ نەدەنیشتەوە یان هەر هیچ نەبێت نەیدەهێشت بەو خێراییە ببێتە خاوەنی نیوە و بگرە زیاتری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

## فۆبیای کۆسرەت رەسوڵ

خەتی گشتیی و لە سەرووی هەموویانەوە خودی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی، بەردەوام ترسیان لە گەشەی زۆرتری باڵی کۆسرەت هەبوو، تاکو ئەو راددەیەی دەترسان لە ئەنجامدا دۆخەکە بگاتە راددەی زاڵبوونی تەواوەتی ئەو سەرکردەیە بەسەر یەکێتیدا، بۆیە هەمیشە خەتی گشتیی و مام جەلال کۆمەڵێک پلانی ژێراوژێر و جیا جیایان هەبووە بۆ سنووردارکردنی چالاکیی و گەشەی ئەو باڵە، ئەو هەنگاوە لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بە زەقی بەدەرکەوت، ئەوەبوو بینیمان لە سەرەتای هەنگاودا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆسرەت رەسوڵ سەندرایەوە و د.بەرهەم ساڵح لە ئەمەریکاوە هێنرایەوە بۆ کوردستان بە مەبەستی جێگرتنەوەی وەک سەرۆکی حکومەت!!. «د.بەرهەم»یش کەسایەتییەکی پارێزگار و بێلایەن بوو، بە فەرمی تائێستاش لەسەر هیچکام لە باڵەکان خۆی ساغ نەکردۆتەوە. دوا بە دوای لێسەندنەوەی سەرۆکایەتی حکومەت، پرۆسەیەکی تر بۆ کێوماڵکردن و پاکتاوکردنی لایەنگرانی کۆسرەت رەسوڵ لە پۆستە حکومیی و حزبییە هەستیارەکاندا دەستپێکرد، ئەمەش سەرەتای یەکەمین پاشەکشەپێکردن بوو بە باڵی کاک کۆسرەت لە ماوەی دە ساڵی دوای راپەڕیندا.

وەک دەزانین هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا لەو سەروەختەدا لەسەر داخوازیی مام جەلال و بۆ سنووردارکردنی کوتلەی کۆسرەت بوو، لەو دەمانەدا نەوشیروان رۆڵێکی گرنگ و بایەخداری بینی لە یارمەتیدانی مام بۆ بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییانەی کۆسرەت لەسەر کورسییەکەی مام دروستیکردبوو، بەو هۆیەوەی کاک نەوشیروان خاوەنی بنکەی جەماوەریی و

هەوادارانێکی زۆربوو لە ناو ڕێکخستن و هێزەکانی پێشمەرگەدا پلانەکەی خەتی گشتیی و خودی مام جەلال بە ئاسانیی بەدەستەوە هات. لە دوا ئاکامدا خەتی کاک کۆسرەت خرایەوە قاوغەکەی خۆی و ڕێگریی ئەوەی لێکرا ببێتە هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر پۆستی سکرتێری گشتیی. ئەمەش نیگەرانیی زۆری لەلای کۆسرەت رەسوڵ و خەتەکەی دروستکردبوو، بۆیەکا کاتێک نەوشیروان مستەفا و باڵی ریفۆرم دەیانەوێت سنوورێک بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەگەریی تاڵەبانی و خەتی گشتیی دابنێن، کاک کۆسرەت بەوپەڕی لە خۆبردووییەوە بەشداریی هەوڵەکان دەکات و یەکێکیش دەبێت لە واژۆکارانی ئەو نامەیەی بە سێ قۆڵی لەگەڵ کاک نەوشیروان و عومەری سەید عەلی بۆ «مام جەلال»ی دەنێرن لەپێناوی ئەنجامدانی کردەوەی ریفۆرم لە ریزەکان و ئەدا و شێوازی مامەڵەکردنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا.

بەم هەنگاوە کۆسرەت رەسوڵ جارێکی دیکە وەک قوتبێکی بەهێز دێتەوە مەیدان، بێگومان لەگەڵیدا فۆبیای خەتی گشتیی زیاد دەکات، تەنانەت بەشێک لە چاودێران و سیاسەتوانان پێیانوایە پێدانەوەی دوو ساڵی ماوەی سەرۆکایەتیکردنی کابینەی پێنجەم لەلایەن یەکێتییەوە بە نێچیرڤان بارزانی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بووە مام بۆ لاوازکردنی کۆسرەت لە شاری هەولێر ناویێتی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین دوای هاتنە دەرەوەی نەوشیروان مستەفا و بەشێک لە هاوڕێکانی لە ریزەکانی یەکێتی و دامەزراندنی کۆمپانیای وشە، جارێکی دیکە خەتی کۆسرەت رەسوڵ رۆڵ پەیدا دەکەنەوە و وەک جەمسەرێکی بەهێزی یەکێتی لەناو گۆڕەپانەکەدا دێنەوە مەیدان، بۆیەکا ئەم بۆشاییەش دیسان بە سوودی شەخسیی کۆسرەت و باڵەکەی تەواو بوو، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کۆسرەت رەسوڵ کوڕی سەردەمی قەیرانەکانە و بەردەوام ئەو بۆشاییانە دەقۆزێتەوە لە سەرکردایەتی یەکێتیدا دروست دەبن. ئەم بەهێزبوونەوەی باڵی کۆسرەت لەدوای دەرچوونی تەواوەتی باڵی ریفۆرم لە یەکێتی و دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕان هەرچی زیاتر کێڕڤی بەرزتر بووەوە، بۆیەکا باڵی گشتیی و خودی مام لە سەرەتای هەوڵێکی تردان بۆ نووچدان بەو خەتە، بۆ راپەڕاندنی ئەو کارەش تازەترین و نزیکترین رێگا ئێستا لە بەردەستیاندا بێت کۆنگرەی سێیەمە کە وا بڕیارە لە رۆژی یەکی حوزەیرانی داهاتوو ببەسترێت.

## کۆسرەت رەسوڵ و سیاسەتی ماکیاڤیللیانە

کۆسرەت رەسوڵ لە مامەڵەی سیاسیی و بەرەو رووبوونەوەی ئەو پێشهاتانەی لەناو بۆتەی یەکێتیدا روودەدەن، لە زۆربەی جارەکاندا رەچاوی پرنسیپەکانی مەکیاڤیللیەتی کردووە و لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی شەخسیی و کوتلەگەرایی رەفتاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ لەو نامە هاوبەشەی لەگەڵ نەوشیروان و عومەری سەید عەلی بۆ «مام جەلال»یان ناردبوو، بەخێرایی پەشیمان دەبێتەوە و سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوە، پشتگیریی هەڵوێست و روانگەکانی مام دەکات. دیارە ئەم پشتکردنە هاورێکانی و پەشیمانبوونەوەیە لە ناوەرۆکی نامەیەکی وەها مێژوویی، لە دوا شیکردنەوەدا مەکیاڤیللیەتی کۆسرەت رەسوڵ نیشاندەدا بۆ مەیسەرکردنی خەونەکانی خۆی و بەهێزکردنی پێگەی خۆی، بۆیە لە ناسکترین کاتدا پشت دەکاتە ئەو هاورێیانەی بە درێژایی ساڵانێک لە پەنا یەکتردا بۆ یەک ئامانجی سیاسیی و حزبی کار و خەباتیان کردووە. ئەوەبوو بینیمان دوای ئەو پەشیمانبوونەوەیە رۆڵی پەیدا کردەوە و تەنانەت لەو رێگایەوە توانی بۆ ماوەی چوار ساڵ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دەست بخات.

لە هەنگاوی دووەمدا و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ کۆسرەت رەسوڵ لە تەک چوار ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی باڵی ریفۆرم «عوسمانی حاجی مەحمود، عومەری سەید عەلی، مستەفای سەید قادر، جەلال جەوهەر»، وازنامەی پێشکەش بە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کرد و رایگەیاند ئیدی ئەو لە دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کار دەکات، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا و بەهۆی هەندێک بەڵێن و وەک دەوترێت پارە و دارایی کە لەلایەن «مام جەلال»ەوە پێیدرا لە وازنامەکەی ژیوان بووەوە. دەبینین ئەم کردەیە و هەڵوێستی چوار هاورێکەی بەکارهێنا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و قایمکردنی هەرچی زیاتری پێی خۆی لەناو مەرکەزی بڕیاری یەکێتیدا. بەم بۆنەوە دەتوانین کۆسرەت رەسوڵ بە یەکێک لەو سەرکردە سیاسییانە بناسێنین لەسەر شێواز و پرنسیپەکانی مەکیاڤیللیەت هەنگاو هەڵدەگرێت و بەرژەوەندیی و خواستە سیاسییەکانی هەر لەو رێگەوە دەهێنێتە دی.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسیی و سیاسەتوانانی کورد ئەم هەڵوێست و هەنگاوانەی کۆسرەت رەسوڵ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت و راگوزەر،

توانیبیان سوودی پێبگەیەنن، ئەوە بە پێچەوانەوە لە درێژ ماوە و لە پێش چاوی جەماوەری کوردستان زیانی زۆر گەورەی لێداوە، چوونکە لە راددەی متمانەی هێناوەتە خوارەوە و وای کردووە لە هەندێ پرسی چارەنووسسازدا پشتی پێنەبەسترێت. بە کورتییەکەی سیاسەتی مەکیاڤیللیەت نەک نەیتوانیوە کێرڤی کۆسرەت رەسوڵ و گروپەکەی بەرز بکاتەوە یان بیگێڕێتەوە بۆ دۆخی سەردەمی شەڕی ناوخۆ، بەڵکوو رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خوارەوەی دەباتەوە کە دوور نییە لە ئاکامدا هەرەسیشی پێبهێنێت، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی رۆژی حەوتی ئازاری رابردووش یەکێکە لەو بەڵگە زەقانەی راستێتی ئەو بۆچوونەی ئێمە لە هەموو روویەکەوە دەسەلمێنن. لە پوختەترین دەربڕیندا کۆسرەت رەسوڵ لە پیادەکردنی سیاسەتی مەکیاڤیللیانەدا نەک ناتوانێت شان بدات لە شانی مام جەلال و بە چۆکیدا بهێنێت، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک وای لێکردووە لە بەرانبەر مام جەلال و خەتەکەیدا سات لە دوای سات لە لاوازیی بدات.

## هەڵبژاردنی حەوتی سێ باڵی کۆسرەت رەسوڵی لاواز کرد

هەڵبژاردنی رۆژی حەوتی ئازاری رابردوو بۆ سەرجەم یەکێتی جۆرێک لە شکست و پاشەکشەی نیشاندا، دوو هۆکاری سەرەکیی رۆڵیان هەبوو لە قووڵکردنەوەی ئەو شکستە ئەوانیش شەڕ و ململانێی باڵەکانی ناو یەکێتی و ناشارەزایی و خراپ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی هەڵبژاردن بوون. بەشێوەی گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرباری هەوڵێکی زۆر و تەخشان و پەخشانکردنی پارە و داراییەکی خەیاڵی نەیتوانی نیوەی پارتی کورسی بەدەستبهێنێت، بە بێگوومانیش شکستی یەکێتی لە شاری هەولێردا لەهەموو جێگەیەکی تر قووڵتر و بەرچاوتر بوو، چوونکە سەرباری بەدەستهێنانی نزیکەی ١٢٠ هەزار دەنگ، تەنیا یەک کورسی ئەو شارەی بەدەستهێنا ئەویش بە کۆتای ئافرەت بوو!!. ئەم داتایە ئەگەر بەراووردی بکەین بە کورسی پارتی لە سلێمانی ئەوە قەبارەی شکستەکەمان زۆر بەروونتر بۆ دەردەکەوێت، چوونکە پارتی لە پارێزگای سلێمانی توانی بە ٨٣ هەزار دەنگەوە سێ کورسی لە کۆی هەشت کورسییەکەی لیستی هاوپەیمانی ببات، کەچی یەکێتی نەیتوانی بە١٢٠ هەزار دەنگەوە لە کورسییەک

زیاتر لە ١٠ کورسیی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر بباتەوە، ئەم شکستەی یەکێتی لە هەولێر بۆ باڵی کۆسرەت رەسوڵ کە قورساییەکەی لەناو ئەو شارەدا بوو چەند قات زیاتر بوو.

ئەگەر ئێمە کۆیە لە هاوکێشەکە بکەینە دەرەوە و دەنگەکانی تر بە یەکسانی دابەشی هەردوو باڵە سەرەکییەکەی ئێستای یەکێتی بکەین، وەک هاوکێشەیەکی ماتماتیکی ئەوە روون دەبێتەوە لانی زۆری دەنگەکانی باڵی کۆسرەت رەسوڵ ناگاتە ٥٠ هەزار دەنگ، ئەمەش هەم بۆ یەکێتی جۆرێک لە شۆک بوو، هەم بۆ خودی کۆسرەت رەسوڵ، هەر بەو هۆیەوە کۆسرەت رەسوڵ لەگەڵ ئاشکرابوونی دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکە باری دەروونی و تەندروستی تێکچوو، بە پەلە سەردانی یەکێک لە کلینیکە پزیشکەکانی ئەوروپای کرد بە مەبەستی چارەسەری پزیشکیی. ئەم شکستەی یەکێتی بە گشتیی و باڵی کۆسرەت رەسوڵ بە تایبەتی لە شاری هەولێر سەرەتای قۆناغێکی تازە دەبێت و هەموو ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن باڵی گشتیی و خودی جەلال تاڵەبانی دەیانەوێت ئەو خەتە بە تەواوەتی کەنارگیر و گۆشەگیر بکەن و قورسایی لەسەر بڕیار و ئەجێندای یەکێتی کەم بکەنەوە تا سنووری سڕینەوە.

مافی ئەوەمان هەیە بڵێین ئەو ئەنجامە خراپ و پێشبینی نەکراوەی یەکێتی و باڵی کۆسرەت رەسوڵ لە پارێزگای هەولێر، ئەنجامی خراپتر و نێگەتیڤی دەبێت لەسەر چارەنووس و پاشەڕۆژەی ئەو باڵە، هیچ نەبێت کۆدەنگیی و بڕیاری سڕکردنیان دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئەمەش وا دەکات کۆسرەت رەسوڵ و دەستەکەی تووشی سەرگەردانییەکی سیاسیی گەورە بن و نەتوانن بەرگەی ئەو دۆخە بگرن. ئەگەرەکانیش دوای ئەوە زۆرن، هەر لە جیابوونەوە و درێژەدان بە ململانێ تاکوو دەگاتە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی نەوشیروان مستەفا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومدان لەو بارەوە کارێکی زووە و لۆجیکی سیاسیی پشتگیریی لە رملێدان لەو بوارەدا ناکات.

## کۆنگرەی سێ باڵی کۆسرەت رەسوڵ تێکدەشکێنێت

بۆچوونێک هەیە و ئێستا لەسەر زاری سیاسیی و رەشۆک و هەموو چین

و توێژەکانەوە دەوترێتەوە، ئەویش ئەوەیە، پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەسەر هیچ شتێک کۆک و تەبا نەبن لەسەر بێهێزکردنی کۆسرەت رەسوڵ و باڵەکەی هاودەنگ و یەک هەڵوێستن. بۆیەکا پێشبینی ئەوە دەکرێت خەتی گشتیی لە رێی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتییەوە بڕیاری تێکشکاندنی تەواوەتیی خەتی کۆسرەت و تواندنەوەیان بخاتە ئەولەویەتی کارەوە. چوونکە هەست بەوە دەکرێت هەتا ئەو خەتە بمێنێت نەخۆشی دەستەگەریی لەناو یەکێتیدا نەک بە پەیمانێکی ئاکار بە دە کۆنگرەی تریش کۆتایی پێ نایەت، پاشانیش ئەو خەتە لە ئێستادا زۆر لەوە لاوازتر و بێ ئیرادەترە یەکێتی متمانەی بکاتە سەر یان لە پەرچەکردارەکانی بترسێت، لەبەرئەم ئەم فاکتۆرە دوو رێگەی زۆر ترسناک لەبەردەم کۆسرەت رەسوڵ دا ماوەتەوە کە هەردووکیان بە مانای مەرگی خەونەکانی ئەو دێن. رێگەی یەکەم، گەڕانەوەیە بۆ ژێر چەتری تاڵەبانی و هەڵوەشاندنەوەی کوتلەکەی لە ناو بۆتەی خەتی گشتیدا، ئەمەیان ئەگەرچی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام رێگەیەکی موستەحیلیش نییە. رێگەی دووەمیش بریتییە لە چوونە دەرەوە لە یەکێتی بەو چەشنەی نەوشیروان، لەگەڵ زانینی ئەو راستییەی هیچ زەمینەیەک بۆ کۆسرەت گونجاو نییە لە دەرەوە وەک ئەوەی بۆ نەوشیروان و بزووتنەوەکەی رەخسا.

کۆنگرەی سێیەم بەشێوەیەکی گشتیی بۆ یەکێتی زۆر هەستیار و چارەنووسسازە، هەموو خەونەکانی داهاتووی ئەو حزبە بەم کۆنگرەیەوە بەستراوە، وەلێ پێشبینی دەکرێت کۆنگرەکە بە فۆرمێکی ئاسایی و بێ تەنگژە تێنەپەڕێت، ئەگەری ترسناکتریش هەیە ئەم کۆنگرەیە بە تەواوەتی شیرازەی یەکێتی بپچڕێنێت و کۆمەڵێک جیابوونەوە روو بدات، یان هیچ لە دۆخی ئەمێستای یەکێتی نەگۆڕێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر لە هەنووکەوە دیارە کۆسرەت رەسوڵ و باڵەکەی نەک هیچ ئومێدێکیان بەو کۆنگرەیە نییە و هیچیش لەبارەیەوە نادوێن! بەڵکوو ئەوەندەی هەستی پێدەکرێت کۆنگرە بە یەکێک لە بۆمبە ترسناکەکانی بەردەمیان سەیر دەکەن، چوونکە وەک لەپێشەوە وتم خەتی گشتیی نایەوێ چیتر ئەو باڵە بەمشێوەیەی ئێستا و بەو هێز و دارایییەی هەیەتی بمێنێتەوە، ئەمەش لە دوا شیکردنەوەدا جۆرێکە لە کوشتن و سڕینەوەی لەسەر شانۆی سیاسیی.

لە سەرێکی تریشەوە بەحوکمی ئەوەی کۆسرەت رەسوڵ دەرگیری

نەخۆشییەکی درێژخایەن و سامناکە و ئەو وزە و توانایەی جارانی نەماوە و باڵەکەشی وەک جاران ناتوانن رووبەڕووی تەحەدییاتەکانی بەردەمیان ببنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە گەمەکە بە ئاسانیی بدۆڕێنن، ئەگەری ئەوە هەیە بوونیان وەک جەمسەرێکی قسە رۆیشتوو و کاریگەر و بەشدار لە دروستکردنی بڕیاردا بۆ هەمیشە کۆتایی پێبێت. ئەگەرچی ئێمە هەموو ئەوانەی دەیڵێین و نووسیوومانە لە چوارچێوەی ئەگەردان و بۆچوونی تایبەتی و شیکردنەوەی شەخسین، بەڵام روودانیان شتێکی دوور نییە و لەوانەیە لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا باڵی کۆسرەت رەسوڵ بەشێوەیەک هەرەس بهێنن هەنووکە نەتوانین پێشبینی بکەین، چوونکە وەک وتم ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ سڕینەوەیان و تەنانەت دەرپەڕاندنیان لە ناو یەکێتیدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٤»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردنی پارێزگاکان کۆتایی بە یەکێتی دەهێنێت

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی بەحیساب سۆسیال دیموکراتە و خاوەنی مێژوویەکی سی و پێنج ساڵەیە، لە سەرەتاوە یەکێتی پەیڕەوی لە مارکسیزم– لینینیزم دەکرد و لە پاش راپەڕین و لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو حزبەدا لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیار درا حزبەکەی لە هێزێکی مارکسییەوە بکەنە هێزێکی چەپی سۆسیال دیموکرات. لە راستیدا یەکێتی توانیوویەتی جێ پەنجەی خۆی بدات لە مێژووی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٧٥ەوە، ئێمە ناتوانین لەسەر مێژووی سی و پێنج ساڵی رابردووی کوردستان بوەستین بەبێ ئەوەی هێما بۆ رۆڵ و کاریگەریی یەکێتی نەکەین لەسەر کۆی هاوکێشە و پێشهاتە سیاسییەکان. لە ساڵی ١٩٩١ بەولاوە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی و بە جیاش ئەزموونی ئیدارە و حکومڕانی کردووە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە تێبینیمان کردووە یەکێتی حزبی ئیدارە نییە بەقەدەر ئەوەی حزبی خەبات و شەڕی پارتیزانی و رووبەڕووبوونەوەی سەربازییە.

یەکێتی بەردەوام لە دۆخی شەڕدا زیاتر گەشەی کردووە و بۆشایی و ململانێی نێوان دەستەکانیشی تا راددەی نەمان لە سەروەختی شەڕە دەستەویەخەکاندا کاڵبوونەتەوە، بەڵام ئەزموونی پێنج شەش ساڵی پێشوو لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە یەکێتی خستە بەرەیەکی ترەوە کە جیایە لە بەرەی هاووڵاتیان و زۆرینەی خەڵک، چوونکە خراپی ئەدائی حزبی و حکومیی، کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان، تەخشان و پەخشانکردنی پارەی خەڵک بۆ سەرکردایەتی،

قۆرخکردنی دەسەڵات، هەموو پێکڕا وەزعەکەیان بە جێگەیەک گەیاند یەکێتی بەرەو پاشەکشەیەکی ئاشکرا و بەرچاو بڕوات، تاکوو ئەو ئاستەی هێزێکی وەک گۆڕان لێی جیابێتەوە و بەتین و حەماسەتێکی زۆریشەوە ململانێیەکی سەختی لەگەڵدا بکات، بە تایبەت گۆڕان ئێستا هەر سەد هەزار دەنگێکی ماوە بگاتەوە بە یەکێتی لەسەر ئاستی عێراق. بە کورتی ئێستا یەکێتی لە وەزعێکی خراپدایە و بڕواناکەم جێی ئیرەیی کەس بێت.

### دوو تێکشکان

یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠٥ و لە میانەی هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکانی عێراقدا، توانی بە بیست و چوار هەزار دەنگ پێش پارتی دیموکراتی کوردستان و سیانزە ڕێکخراو و حزبی هاوپەیمانی بکەوێت، ئەمەش یەکەمین ئەزموونی سەرکەوتنی یەکێتی بوو لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاددا، چوونکە یەکێتی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا بە جیاوازییەکی کەم بە پارتی دۆڕاندبوو. بینیمان ئەو سەرکەوتنەی یەکێتی نەک ورەی ڕێکخستن و جەماوەری ئەو حزبەی بۆ ئاسمان بڵند کردەوە، بەڵکوو لەسەر ئاستی عێراقیش سەرکەوتنی بەرچاوتری بەدەستهێنا و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سکرتێری یەکێتی وەک یەکەم کورد لە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقدا دەستبەکاربوو، بە کورتییەکەی خەباتی قەندیل و خڕی ناوزەنگ و یاخسەمەر مام جەلالی گەیاندە بەغدا و کۆشکی کۆماریی، هەروەک ئەوسا دەیانووت ئیدی قەندیل حوکمی بەغداد دەکات.

بەهاری سەرکەوتنەکانی یەکێتی زۆر درێژخایەن نەبوو، چوونکە کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی ئەو حزبە لەم ساتەوەختانەدا گەیشتنە لێواری تەقینەوە، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا وەها دەرکەوت باڵی ریفۆرمی ئەو حزبە کەمینە پێکدەهێنن، بەڵام هاتنە دەرەوەی نەوشیروان و برادەرەکانی هاوکێشەکەیان پێچەوانەوە نیشان داینەوە، تا ئەو ئەندازەیەی بینیمان هاتنە دەرەوەی باڵی ریفۆرم لە یەکێتی، بووە هۆی ئیفلیجبوونی هەنگاو و خەونەکانی یەکێتی و وەهای لێکرد بیخاتەوە قاوغەکەی خۆی، چوون دەتوانین ئەو هاتنە دەرەوە بە دوولەتبوونێکی یەکسانی یەکێتی لە قەڵەم بدەین، ئاسەواری ئەم شکستانە ئەگەرچی بەردەوام

دەشاردرانەوە، بەڵام لەمیانەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن پەردە لەسەر روویان هەڵماڵرا و هەڵبژاردن دەریخست یەکێتی لە بارێکی خنکێنەر و پڕ لە قەیراندایە کە هیچ چارەنووسێکی روونی لە بەردەمدا بۆ نەماوەتەوە.

یەکێتی لە هەڵبژاردنی رۆژی بیست و حەوتی ساڵی رابردوو تووشی دۆڕانێکی گەورە و چاوەڕواننەکراو بووەوە لە بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕاندا، تەنانەت لە پارێزگای سلێمانیدا لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی «لیستی کوردستانی» نەیتوانی سەرکەوتن بەسەر گۆڕاندا تۆمار بکات، ئەمەش لە دەرەوەی زۆربەی پێشبینی و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان بوو، ئەگەر یەکێتی ئەوکاتە لە هاوپەیمانێتیدا نەبووایە لەگەڵ پارتی، بێگوومان تووشی داڕووخانێکی سیاسیی گەورە دەهات، بەو حوکمەی پارتی لە یەک لیستدا هاوبەش بوو لەگەڵ یەکێتی، پاشان هەڵبژاردنەکە بەشێوەی داخراو بوو، خروقات و تەزویراتی زۆریشی تێدا کرا، یەکێتی توانی تا رادەیەک لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و لەو قەیرانە بێتە دەرەوە کە بەهۆی شکستی هەڵبژاردنەوە دووچاری ببوو. هەرچی چۆنێک لێکیبدەینەوە، ئەو دەرئەنجامە دەردەکەوێت یەکێتی لە هەڵبژاردنی بیست و پێنجی حەوتدا یەکێک بوو لە لایەنە هەرە دۆڕاوەکان. ئەمەش شکستێکی دوای سەرکەوتنی ٢٠٠٥ بوو، بۆیە هەم سەرکردایەتی و هەم جەماوەری یەکێتی تووشی نائومێدیی و شۆکێکی گەورە کرد.

لە هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری رابردووشدا دیسانەوە بە پێی هەموو پێوەرەکان، یەکێتی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت، بەپێچەوانەوە ئەو ئەنجامانەی بەدەستیهێنان لە یەکێک لە ماناکانیدا شکست و دۆڕانی هەڵبژاردن دەگەیەنێت، چوونکە ئەوەتا پارتی سی «٣٠» کورسی لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەدەستهێناوە، کەچی یەکێتی یەک لەسەر سێی کورسییەکانی پارتی بەدەستهێناوە، ئەمە ئەگەرچی هۆکارەکانی دەبەسترێنەوە بە بوون و زاڵیی دەستەگەریی لە کاتی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن و خودی هەڵبژاردندا، هەروەها دەبەسترێتەوە بە ناشارەزایی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی لە هونەرەکانی هەڵبژاردندا بە تایبەت هەڵبژاردنی نیمچە کراوە، بەڵام لە سەرئەنجامدا ئەوەی یەکێتی بەدەستیهێنا تەرجومەی جۆرێک لە شکست و دۆڕانی دەگەیاند. لێ یەکێتی هەوڵیدا شکستەکانی خۆی لەناو

سەرکەوتنەکانی پارتیدا داپۆشی، بەڵام گۆڕان زوو پەردەی لەسەر ئەمە داماڵی و ئەنجامیش دەرکەوت لە پارێزگای سلێمانیدا بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە ٦٠ هەزار دەنگ لە پێش یەکێتییە بە تەنیا، لە سەر ئاستی سەنتەری شاریش دیسان گۆڕان بە ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر پێش یەکێتی کەوتبوو، بێگوومان سلێمانیش بە مانای دڵی یەکێتی دێت، حزبێک ئەگەر لە دڵی خۆیدا و لە شاری سەرەکیی خۆیدا بە نەیارەکانی بدۆڕێنێت، ئایا شایی و لۆغانی ئەو حزبە جگە لە ساویلکە خەڵەتاندن چیترە؟.

بە روونی بیڵێین یەکێتی لە دوو پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا شکستی خوارد، ئێمە ئەگەرچی نامانەوێت هۆکارەکانی ئەو شکستە لێرەدا بخەینە روو، بەڵام دەبێت لانیکەم بێژین ئەو ئەنجامە خراپەی یەکێتی تەنانەت بە گوێرەی دانپیانانی بەشێک لە سەرکردەکانی ئەو حزبە، دروێنەی ئەو سیاسەتە خراپە بوو یەکێتی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو گرتبوویە بەر، هەرچەندە لەنێوان ئەو دوو هەڵبژاردنەدا پلینۆمێک یەکێتی هەبوو، کەچی بە واقیعی دەرکەوت پلینۆم نەیتوانیبوو یەکێتی بخاتە بەردەم رێگاکانی سەرکەوتن!!، پلینۆم هەر تەنیا پرۆسەیەک بوو بۆ خستنە دەرەوەی سەرکردەکانی گۆڕان ئەوانەی پێشوو لە سەرکردایەتی یەکێتیدا بوون. بەهەرحاڵ ئەوەی روویدا هیچ نەبوو جگە لە چنینەوەی بەری ئەو هەموو کەمتەرخەمییەی یەکێتی هەیبوو. عەرەب وتەنی ئەوەی رەشەبا بچێنێت بێگوومان گەردەلوول دەدورێتەوە.

## پەتای باڵباڵێن

یەکێک لە کێشە بنەڕەتیی و سترۆکتۆرییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەر لە رۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٥ هەتاوەکوو ئێستا، کێشەی باڵباڵێن و شەڕ و ململانێی دەستەگەریی بووە. لەوەتی یەکێتی هەیە هیچ ساتێک نەبووە ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی خاو بووبێتەوە، مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت یەکێتی لە شەڕی سەخت و دەستەویەخەدا بووبێت لەگەڵ نەیارەکانی، بەڵام بەم دواییانە ناکۆکییەکە بە ئەندازەیەک گەورە ببوو هیچ لایەک تەنانەت بیریان لە داهاتووی سیاسیی حزبەکەیان نەدەکردەوە و هیچ حسابێکیشیان بۆ ئەوە نەدەکرد

پارتییەکەیان لە بەرامبەر نەیارەکانی لاواز دەبێت یان ڕەنگە پارتی دیموکراتی کوردستان بەو هۆکارەوە بتوانێت بە تەواوەتی بەسەر یەکێتیدا زاڵ بێت و کۆتایی بەو ڕۆڵە زۆر ئەکتیڤەی بهێنێت لە سی ساڵی ڕابردوو هەیبوو و ئەمەش یەکێک لە بنەڕەتیترین خەونەکانی پارتی بووە لەوەتی یەکێتی دامەزراوە.

پێشبینی دەکرا دوای هاتنە دەرەوەی باڵی ریفۆرم لە یەکێتی، ئیدی دەستەگەریی و ململانێی سەرسەختانەی باڵەکانی ناو یەکێتی کۆتایی پێدێت، یان لانیکەم بە شێوازێک بێ کاریگەریی نێگەتیڤ نەکاتە سەر بەرژەوەندیی گشتیی و حزبیی، لە پلینۆمی یەکێتیدا زۆرینەی سەرکردە ناسراوەکان بڕیاریاندا ئیدی لەبری بەهێزکردنی دەستەکانیان بیر لە بەهێزکردنەوەی یەکێتی بکەنەوە، تەنانەت پەیمانی ئاکار بۆ ئەوە واژۆ کرا ببێتە میساقێکی شەرەف تاکو ئەو سەرکردانەی سەرکردایەتی باڵەکانی ئێستای ناو یەکێتی دەکەن، کۆتایی بێنن بەو ململانێ سەخت و لە مێژینەیەی کە دەیکەن لە پێناوی خۆیاندا، بە پێچەوانەوە لەباتی ئەوە هەموو هەوڵێک بخەنە گەڕ بۆ گێڕانەوەی یەکێتی بۆ دۆخی پێشووتر کە بێگومان یاریکەری سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بوو.

بورهان سەعید سۆفی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی کوردستاندا، هێمای بۆ ئەوە کردبوو ئێستاش دوای پلینۆم و واژۆکردنی «پەیمانی ئاکار»یش پەتای باڵباڵێن هەر ماوە و شکستەکانی یەکێتیش لە هەولێر دیسان پەیوەستە بەو نەخۆشییەوە. ئەم دانپیانانە فاکتێکی روونە و نیشانمان دەدات تەنانەت کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی کە وا بڕیارە لە ٤٠ ڕۆژی داهاتوو ببەسترێت ناتوانێت ئەو نەخۆشییە کۆنتڕۆڵ بکات، بەپێچەوانەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئەو باڵباڵێنە لە دوای ئەو کۆنگرەیە سەختتر ببێتەوە، ئەمەش دەبێتە مەترسییەکی تر لەسەر یەکێتی لەکاتی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا چوونکە ئەگەر یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا سلێمانی لە دەستبدات ئەوە بێگومان ئاسۆکە نەک روون نابێت بەڵکوو لەوە دەچێت چارەنووسی سیاسیی یەکێتی بە تەواوەتی نغرۆی تاریکیی ببێت.

## یەکێتی حوکمی کوێ دەکات؟

ئەوە راستە د.بەرهەمساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئێستاش یەک حکومەت هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هاشا لەوە ناکرێت سنووری قەڵەمڕەوی یەکێتی و د.بەرهەم لە سلێمانی تێناپەڕێت، هەرچی هەولێر و دهۆکەوە لەلایەن پارتییەوە بەڕێوە دەبرێت، کەرکوکیش هێشتا نەگەڕاوەتەوە سەر کوردستان. بۆیە یەکێتی تەنیا خاوەنی یەک تاکە شارە, ئەگەر یەکێتی ئەو تاکە شارە لە دەستبدات لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، بارودۆخەکە چی لێدێت؟. ئایا ئەگەر گۆڕان توانی سەربکەوێت ئەو کاتە یەکێتی دەسەڵاتی بەسەر کوێی تری کوردستاندا دەڕوات؟. ئەم پرسیارانە دەریدەخەن دۆخەکە بۆ یەکێتی زۆر ناسکە و لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسیی سیاسییدایە، هەر کەوتن و هەڵەیەک باجێکی گەورەی لەدوا دەبێت، کەواتە یەکێتی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا جۆرێک لە شەڕی مان و نەمان دەکات.

واقیعەکە ئەوە دەڵێت یەکێتی ئێستا تەنیا لە جوگرافیایەکی بەرتەسکدا گەمارۆ دراوە، پارتی دەیەوێ بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان گوڕ بە خۆی بداتەوە و دەنگێکی زیاتر لەو دەنگانە بەدەستبهێنێت لە مانگی ئازاری رابردوو بەدەستیهێناون، هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە لە حاڵەتی خۆ رێکخستنەوەدایە و سوودیش لەو هەڵە تەکنیکیانە وەردەگرێت لەهەر دوو هەڵبژاردنی پێشوودا کردوونی، ئەگەری زۆر هەیە ئەو دوو هێزە لە پارێزگای سلێمانیدا دەنگێکی زیاتر بەدەستبهێنن، بێگومان ئەوەش لەسەر حیسابی دەنگەکانی یەکێتی دەبێت. بۆیە لەسەر یەکێتی پێویستە لەم چەند مانگەدا بکەوێتە خۆ و کۆنگرە بکاتە کۆنفرانسی نووسینەوەی نەخشە رێیەکی نوێ، لە بواری خزمەتکردنی خەڵک و خۆ نوێکردنەوەشدا هەنگاوی بە پەلە هەڵبگرێت. ئەگەرنا وەکوو لە چەند دێڕی پێشوودا بەیانم کردووە، یەکێتی لەواقیعدا تێکڕای شارەکانی کوردستانی لە کیس دەچێت و سەرۆکایەتیکردنی حکومەتیش دەبێتە شانۆگەرییەکی کۆمیدیی.

## لیستی هاوبەش رزگارکەر نییە

بەپێی ئەو رێککەوتنە ستراتیژییەی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەیە، هەردوو

حزب چەند خولێکە بە یەک لیستی هاوبەش بەشداریی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان. لە هەڵبژاردنی مانگی ئازاری رابردوودا پارتی و یەکێتی لەگەڵ چەند حزبێکی بچووک بە یەک لیست «لیستی هاوپەیمانی کوردستان» بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کرد، ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جێگەی سەرنج و تێبینی زۆربەی چاودێرانی سیاسیی بوو، دوو شتی سەرەکیی بوون. یەکەمیان: لیستی هاوبەش نەک سوودی بە یەکێتی نەگەیاند بەڵکو دەیان هەزار دەنگی یەکێتی بوونە قوربانی و کاندیدەکانی پارتی پێ دەرچوون، واتە لە بری ئەوەی یەکێتی وەک هێزێکی لاوازتر دەنگەکانی پارتی بخوات کەچی موعادەلەکە پێچەوانە بووەوە. دووەمیان: بە ئەزموون دەرکەوت ئەو حزبە بچووکانەی بەشێوەیەکی بەردەوام پاشکۆ و حزبی سێبەری پارتی و یەکێتین، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە بەرزکردنەوەی رێژەی دەنگدەراندا نەبووە و نییە، تێکرای ئەو حزبانە لە چل هەزار دەنگێک زیاتریان نەبوو، ئەم دەنگانەش نەیتوانی هیچ قازانجێک بە لیستی هاوپەیمانی بگەیەنێت، بە تایبەت لە ناوچە دابڕاوەکاندا کە کورد بە گشتیی شەڕی دەنگێک زیاتری دەکرد.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وێڕای ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەسەر ئەدا و هەڵوێستی پارتی هەیەتی، بە تایبەت دەزانین پارتی بەشێوەیەکی گونجاو یارمەتی کابینەکەی د.بەرهەم ساڵح نادات، هێشتا سوورە لەسەر هێشتنەوەی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان، تەنانەت یەکێتی خوازیارە بەو ئەندازەیەی پارتی دەیەوێت لە گۆڕان نزیک ببێتەوە، پارتی بخاتە ژێر باری پابەندبوونی بەردەوام و زیاتر بە ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەوە، چوون مانەوەی ئەو رێککەوتننامەیە بە بڕوای سەرکردەکانی یەکێتی بۆ حزبەکەیان بە تایبەت لەم قۆناغەدا سوودێکی زۆری هەیە و پارتی دەهێنێتە ژێر باری ئەوەی دیسان بە لیستێکی هاوبەش لەگەڵیدا بەشداریی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکات، وەلێ پارتی ترسی هەیە و خوازیارە درێژە بە سیاسەتی یەک لیستیی لەگەڵ یەکێتی بدات، بەڵام ترسێکیش لەلایەن یەکێتییەوە لە ئارادایە کە ئەو یەک لیستییە لەنێوان گۆڕان و پارتیدا بێتە ئاراوە.

ئەگەرچی نێچیرڤان بارزانی کەسایەتی دووەمی پارتی «بە فیعلی کەسایەتی دووەمە نەک بە فەرمی»، هەوڵی نزیکایەتی زۆر دەدات لەگەڵ گۆڕان و رایدەگەیەنێت

بۆ لەمەوپاش بە ئاشکرا لەگەڵ گۆڕان پەیوەندیی دەگرن و کۆبوونەوەیان دەبێت، هێشتا سەرکردایەتی پارتی بەرای زۆرینە لەسەرووی هەمووشیانەوە بە رای مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتییەکە سوورن لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ستراتیژیی، بەڵام پرسیاری سەرەکیی لێرەدایە: ئایا لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی و مامەڵەی پارتی لەگەڵ یەکێتی بە پێی بەندەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژیی دەتوانێت سوودێکی زۆر بۆ یەکێتی دەستەبەر بکات بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان؟. وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای من نەخێرە، چوونکە ئەوەی مسۆگەرە پارتی دەتوانێت لەو ڕێگایەوە دهۆک و هەولێر بە ئاسانترین شێوە بباتەوە، بەڵام سلێمانی تەمومژی زۆری لەسەرە و دیار نییە ئایا کام هێز دەتوانێت سەرئەنجام شارەکە بباتەوە؟. زۆرینەی ئاماژەکان دەریدەخەن گۆڕان دەتوانێت بە ئاسانی سلێمانی بباتەوە بەو هۆیەی سیاسەتی نوێی بزووتنەوەی گۆڕان کاریگەرتر و زیرەکانەترە.

بە بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسیی یەکێتی لەبری ئەوەی ئەو هەموو تەنازولە بۆ پارتی دەکات، لە باتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش، بیرێک لە دۆخی خۆی بکاتەوە و هەنگاوی چاکسازیی و نوێبوونەوە بنێت، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی زۆر زیاتر دەبن، چوونکە لیستی هاوبەش بۆ یەکێتی، نموونەی ئەو پیاوە نەخۆشەمان دەخاتەوە یاد لە بری بەکارهێنانی دەرمانی پێویست بۆ چارەسەر، تەنیا ئازارشکێن بەکاربهێنێ چوون راستە ئازارشکێنەکە بۆ چەند ساتێک ژانەکانی کەم دەکەنەوە، بەڵام نەخۆشییەکە لەبری چارەسەر بوون، هەتا دێ تاو دەستێنێت، یەکێتی لە بری ئازارشکێنی لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی پێویستە وەک نەخۆشێکی بەدەربەست دەرمانی نوێبوونەوە و چاکسازیی بەکاربهێنێت. بۆیە بە بڕوای من لیستی هاوبەش چارەسەر نییە بۆ یەکێتی! چوونکە جیا لەوەی گرەنتی سەرکەوتنی یەکێتی ناکات لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنیشدا سەربیخات، ئەوە بێگومان لە بواری ئیدارەدان و بەردەوامیدان بەو سەرکەوتنە، ڕووبەڕووی تێکشکانی دەکاتەوە.

### بۆچی ئەگەر هەیە یەکێتی هەڵبژاردنەکە بدۆڕێنێت؟

لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوە کرد پێش پێنج ساڵ و لە هەڵبژاردنی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا یەکێتی توانی بە بیست و چوار هەزار دەنگێک پێش پارتی و هاوپەیمانەکانی بکەوێت. ئەوەی وای لە یەکێتی کرد تووشی ئەم قەیران و دوو شکستە ببێت لەم دوو هەڵبژاردنەی لە پار ساڵەوە ئەنجامدراوە، سیاسەتە خراپ و هەڵەکانی بووە لە بوارە جیاجیاکاندا. یەکێتی جیا لەوەی دەیان کێشەی ناوخۆیی هەیە، لەهەمان کاتدا هەیکەلی سیاسیی و رێکخراوەیی، گووتاری حزبی، فۆرمی کارکردن،..هتد، هەموو ئەمانە پێکڕا کۆن بوون و لەگەڵ بارودۆخی نوێی کوردستان و تێگەیشتنی نەوەی نوێی کوردستان ناگونجێن، ئەوە لەوە بگەڕێ یەکێتی لە رووی خزمەتگوزاریی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان ئێجگار کەمتەرخەم بووە.

ئێستاش هەمان ئەو سیاسەتانەی لە پێشەوە هێمامان بۆ کردوون، بەردەوامییان هەیە، گووتاری یەکێتی هەمان گووتارە سواوەکەی جارانە، دەسەڵاتی بنەماڵەیی زاڵبووە بەسەریدا کە سەد دەر سەد دژی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکە و بنەما فیکرییەکانی سۆسیال دیموکراتیشە، جیاوازیی چینایەتی لەنێوان سەرکردایەتی و کەوادر رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندایە، سەرکردایەتی هەروەک جاران لە جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی دوورە و بگرە هەریەکەیان لە حەقلێکی جیادا ژیان دەکەن، لە رووی خزمەتگوزاریی هاووڵاتیانەوە هیچ وەرچەرخانێکی ئەوتۆ روونەداوە، لە بوارەکانی تری خزمەتکردنی خەڵک بە گشتیی و یەکێتییەکان بە تایبەت هیچ هەنگاوێک نەنراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو رامیارییە چەوت و ناپەسەندانەی یەکێتیان لەو دوو هەڵبژاردنەی پێشوودا بە دۆڕان دا، هێشتاش بە زەقی و وەک خۆیان ماونەتەوە و دیسان ئەگەری ئەوە هەیە بۆ خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، یەکێتی بە دۆڕان بدەنەوە.

ئەوەندەی من تێبینیم کردووە و رای زۆرینەی شارەزایانی سیاسیش لەم رووەوە لەگەڵ بۆچوونەکەی مندایە، یەکێتی هیچ هەنگاوێکی نەناوە ئاماژە بێت بۆ گۆڕانکاریی لە شێوەی مامەڵەی سیاسیی و ئیداریدا، تاوەکوو ئێمە بڵێین یەکێتی دەتوانێت پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە سوودی خۆی

بشکێنێتەوە، بگرە بە پێچەوانەوە سیاسەتی یەکێتی هەمان ئەو سیاسەتەیە خەڵک ناڕازییە لێی، ئەو سیاسەتەیە هەزاران ئەندامی یەکێتی هێنایە دەرەوە، هەمان ئەو سیاسەتەیە گۆڕانی بە پێنج سەد هەزار دەنگەوە دروستکرد، هەر بەم هۆیەوە ئەوە دەبینیم زۆرترین ئەگەرەکان لە چاوەڕوانی دۆڕانێکی تر و شکستێکی دیکەی یەکێتیدان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، تەنانەت وەختە بڵێم رەنگە قاوەگرتنەوە نەبێت ئەگەر بڕوامان وابێت ئەم جارە بە تایبەت لە سلێمانی لیستی هاوبەشیش ناتوانێت بەسەر بزووتنەوە و لیستی گۆڕاندا سەرببخات.

## هەڵبژاردنی پارێزگاکان کۆتایی بە یەکێتی دەهێنێت

بەو پێیەی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دوو هەڵبژاردنی زۆر حەساسی دۆڕاندووە، ئەگەر یەکێتی هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە وا بڕیارە لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ بەڕێوە بچێت، بدۆڕێنێت ئەوە بێگوومان دەبێتە کۆتایی رۆڵی یەکێتی و رەنگە ئیدی لەوە بە دوا ببێتە هۆی ئاوابوونی مانگی چواردەی یەکێتی چ لەسەر ئاستی جەماوەریی و چ لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیی و کارگێڕیی. ئەم هەڵبژاردنە بۆ یەکێتی رەنگە چارەنووسسازترین هەڵبژاردن بێت لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا، چوونکە وەک دەبینین ئیرادەیەک هەیە لەلای پارتییەوە بۆئەوەی لە نزیکترین دەرفەتدا و بە لاوازترین پاساو حکومەت لە یەکێتی بسەننەوە، هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە لەم هەنگاوەدا نەک کەنارگیر و بێلایەن نین بەڵکوو بە خاتری تێکشکاندنی یەکێتی، دەبنە هاوکار و سپۆنسەرێکی زۆر کارای پارتی لەو پرۆسەیەدا.

راستییەکەش ئەوەیە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەک حزبێکی سیاسیی ناتوانێت بەم سیاسەت و میکانیزم و مامەڵەیە بە سەرکەوتوویی لەو هەڵبژاردنەدا بێتە دەرەوە، ئەوەی زیاد لە هەموو شتێک بە تابلۆکەوە دیارە، ئەو ئەگەرە زۆر بەهێزەیە رەنگبێ یەکێتی ئەمجارە ئەوەی بە شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی و دەنگ لە ماوەی چەندین ساڵدا بەدەستیهێناوە، بە هەڵبژاردنێک لە کیسی بدات. ئەگەرچی نوقڵانەلێدان بۆ کۆتایی یەکێتی رەنگە کارێکی دژوار و بڕیارێکی پێشوەخت بێت، بەڵام ئەوەی رادەگوزەرێت ئەوەمان پێدەڵێت یەکێتی بەم سیاسەت و ئەدائەی

ئێستایەوە تەنیا چاوەڕوانی کۆتاییەکی تراژیدیی لێدەکرێت.

## سەرنجێک

دەمەوێت وشەی کۆتایی لێرەدا روون بکەمەوە، کە ئێمە مەبەستمان لەوە نییە یەکێتی وەک بەعس دەتوێتەوە یان هەڵدەوەشێتەوە، تەنیا مەبەستمان لەوەیە رۆڵی یەکێتی لەم قۆناغەدا وەک هێزێکی سەرەکیی و خاوەن دەسەڵات کۆتایی پێدێت، کۆتایی پێهاتن لە دیموکراسییەتدا کەوتنی تاهەتایی نییە، بۆی هەیە یەکێتی دوای ئەم کەوتن و کۆتاییە نەخوازراوە لەم قۆناغەدا، لە دۆخێکی تردا هەستێتەوە و بە تەنیا بتوانێت بەسەر هەموو رکەبەرەکانیدا سەربکەوێتەوە، بۆی هەیە یەکێتی دوای ئەم چوار ساڵەی بەشداریی حکومەت بکەوێتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە و گۆڕانیش کە ئێستا ئۆپۆزیسیۆنە ببێتە دەسەڵات یان هاوبەشی سەرەکیی لە دەسەڵاتدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٤»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنگرە.. چارەنووسی یەکێتی بە کوێ دەگەیەنێت؟

مانگی ئایار بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مانگێکی چارەنووسساز بوو، چوونکە دوای دوو شکستی هەڵبژاردن و جیابوونەوەی نزیکی نیوەی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتی لە دوای کۆنگرەی دووەمەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستپێکرد بە مەبەستی پاڵاوتنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی کە وا بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا ببەسترێت. ئەگەرچی لەوەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەیە بەردەوام کۆکتێلێک بووە لە مەیل و باڵ و گرایشە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، بەڵام پێدەچێت ئەم کۆنگرەیە بە رواڵەت بیەوێت کۆتایی بەم نەریتەی ناو یەکێتی بهێنێت، چوونکە هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکانییەتی و لە ئاکامیشدا گەورەترین ئینشقاقی لێکەوتەوە کە نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکرد.

کۆنگرەی سێیەم بۆ یەکێتی کۆنگرەی مان و نەمانە، چوونکە ئێستا و داهاتووی یەکێتی بەندە بەو بڕیار و هەنگاوانەی ئەم کۆنگرەیە دەیانگرێتە بەر، بەندە بە دەرئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیەوە، ئەگەر کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت، ئەوە دەتوانێت وزەیەکی نوێ بەژیانی یەکێتی ببەخشێت و خوێنی تازە بخاتە دەمارەکانییەوە بە پێچەوانەشەوە هەرچی زیاتر شکستی یەکێتی چەند قات دەکاتەوە و رەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بیخاتە بەردەم شکستێکی یەکجارییەوە، بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کۆنگرە بۆ یەکێتی کە لە نەخۆشێک دەچێت لە گیانەڵادا بێت وەکوو نەشتەرگەرییەکی سەخت و ئاڵۆز

خۆی دەنوێنێت، ئیدی ئەم نەشتەرگەرییە یان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دواوەیە یان ئەوەتا گیانی نەخۆشەکە دەبێتە باجی شکستەکەی.

## دەربارەی کاتی کۆنگرەی سێی یەکێتی

بە لانیکەمەوە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەبووایە پێنج ساڵ بەر لە ئێستا ببەسترایە، چوونکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پێویستە ئەو حزبە هەر چوار ساڵێک کۆنگرەی ئاسایی خۆی ببەستێ و بەم پێیە بووایە دەبوو ئێستا یەکێتی هەشت کۆنگرەی ببەستایە و سەرقاڵی ئامادەکاریی بووایە بۆ کۆنگرەی نۆیەم، بەڵام هەمیشە بە هۆی گرژیی و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتییەوە نەتوانراوە کۆنگرەکان لە کاتی ئاسایی و یاسایی خۆیاندا ببەسترێن. بۆیە هەمیشە وادەی پلینۆم و کۆنگرەکان لە کاتی ئاسایی خۆیان دواخراون بۆ ئایندە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کێشە ناوخۆییەکان لەناو کۆنگرەکاندا نەتەقنەوە، ئەمە ئەگەر لەلایەکەوە توانیبێتی کێشە هەڵپەسێردراوە ناوخۆییەکان دوا بخات و ڕێگە لە تەقینەوەی بگرێت، لە سەرێکی ترەوە زیانێکی گەورەی لە جەستەی یەکێتی داوە و ڕێگە و کەناڵ و رایەڵی تری دۆزیوەتەوە بۆ تەقینەوە.

بە بڕوای من هاتنە دەرەوەی سەرکردەکانی باڵی ریفۆرم و هەواداران و لایەنگرانیان لە یەکێتی بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە یەکێتییە ناڕازییەکان لە ڕێگەی کەناڵ و دەرچەی ترەوە کێشەکانی خۆیان لەگەڵ سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی یەکلایی کردەوە، ئەگەر یەکێتی لە یەک دوو ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق «٢٠٠٣» کۆنگرەی ئاسایی خۆی ببەستایە، بە لانیکەمەوە هاتنە دەرەوەی ئەو ژمارە بێشوومارەی سەرکردەکاتی یەکێتی تاکو دەگاتە ئەندامی خواری خوارەوە بەم قەبارە و قورساییەی ئێستا نەدەبوو، من بێگوومانم لەوەی ئەگەر کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لە کاتی ئاسایی خۆی کۆنگرەی ببەستایە و لەسەر بنەمای یەکتر قبوڵکردن و پاراستنی ریزەکانی یەکێتی و بە شەفافانە ئەو کۆنگرەیە بەڕێوە چووبایە، ئەوە هیچ ئیمکانی نەبوو باڵی ریفۆرم هەروا بەو خێراییە ریزەکانی حزبەکەیان جێبهێ□ڵن، ئاخر ئەگەر ئەوەش روویدابایە، ئەوە بێ هیچ سێ و دوویەک بەم قورسایی و کاریگەرییەی ئەمێستاوە نەدەبوو.

کۆنگرەی سێی یەکێتی لە رووی هەڵبژاردنی کاتەوە، کەوتۆتە کاتێکی زۆر درەنگەوە، درەنگە، چوون کێشەکانی ئەو حزبە بە تەواوەتی تەقیوونەتەوە و ئەوەی لە ژێر بەرە بوو ئێستا هاتۆتە سەر بەرە. بە مانایەکی تر بایەخ و گرنگیی ئەم کۆنگرەیە لە رووی هەلومەرجی کاتەوە زۆر لەوە درەنگترە تا بتوانێت چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کێشەکانی ناو یەکێتی بدۆزێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرینەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە کۆکن ئەو کێشە مێژوویی و قووڵانە زۆر لەوە سەخت و قووڵترن کۆنگرەیەکی ئاوها درەنگوەخت بتوانێت لە ریشەوە چارەی بکات، کاتەکە هیچ لە بەرژەوەندیی یەکێتی ناچێتە پێشەوە، لە چەندساڵی رابردووشدا بە فیڕۆدانی هەر رۆژێک و دواخستنی هەر کاتژمێرێکی کۆنگرە لێدانێک بووە لە چارەنووسی رووناکی ئەو حزبە، تاکوو بارەکە بەوە گەیشتووە هەموو هیواکان بە کۆنگرە کز و لاواز بوون تا ئەو کۆنگرەیە بتوانێت ماڵی یەکێتی یەکبخاتەوە و یەکێتی بکاتەوە بەو هێزەی جاران لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا حیسابی لەسەر دەکرا.

## کێشەی بنەماڵەی تاڵەبانی

رەنگە لەم بۆچوونەدا تەنیا دەرنەکەوم، چوونکە لەسەر ئەو رایەم، یەکێتی درێژکراوەی باڵی چەپی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە ساڵی ١٩٦٤ لە ژێر ناوی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە باڵی مەلا مستەفا بارزانی خۆی جودا کردەوە، لە ناو هەناوی باڵی مەکتەبی سیاسیی- پارتی کۆمەڵێک رۆشنبیر و کادر و سەرکردەی سیاسیی دەرکەوتن، کە زیاتر سەرسامبوون بە بیرۆکەی مارکسیزم- لینینیزم، هاوبیرانی ئەم رەوتە نارەسمییە زیاتر لە دەوروبەری گۆڤاری «رزگاری» کۆبوونەوە کە «نەوشیروان مستەفا» بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی بوو. یانزەی ئازاری ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی نوێی باشووری کوردستاندا، چوونکە ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کورد لە چوارچێوەی عێراقدا و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەریی پێبدرێت، هەر لەم ساتەوەختانەدا بە هۆی سەرکەوتنەکانی باڵی بارزانی- پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، باڵی مەکتەبی سیاسیی رووبەڕووی شکست و هەڵوەشاندەوە رۆیشت. ئەم دوو فاکتەرە واتە

فاکتەری ئازادیی دوای یانزەی ئازار و فاکتەری هەرەسی باڵی مەکتەبی سیاسیی، هێندەی تر دەستە چەپەکەی ناو باڵی مەکتەبی سیاسیی لە دەوری بیرۆکەیەک کۆکردەوە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نهێنی چەپ بەناوی «کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان» کە دواتر ناوەکەی بۆ «کۆمەڵەی رەنجدەران» گۆڕا و لە پاش هەرەسی ١٩٧٥یش بووە هەوێنی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و دروستکردنی حزبێکی بەرەیی لە چەشنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئەگەر دیقەت بدەین سەرکردە و هەڵسوڕاوە چالاکەکانی یەکێتی و کۆمەڵە، جیا لەوەی گەنج بوون، لە هەمان کاتدا بەشی زۆرینەیان خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان و رۆشنبیرانی شاری بوون، بۆیەکا خەسڵەتی سەرەکیی ئەم حزبە نوێیەدا لەوەدا چڕ دەبووەوە و خۆی دەنواند دژی هەموو کۆت و بەند و کولتوورە خێڵەکیی و هۆزگەراییەکانی ئەوسای کوردستان بوو، ئەم گەنجانە بۆ خۆ جیاکردنەوە لە پارتی و دروستکردنی شۆڕشی نوێی کورد، پەنایان بۆ مارکسیزم برد، ئەمەش بووە هۆی هێنانە پێشەوەی لاوانی ماڵباتە هەژار و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ، لەگەڵ دەستەیەک رۆشنبیری شاری وردە بۆرجوازیی کە هەموویان سەرسامبوون بە بیرۆکەی سۆسیالیستی.

یەکێتی وەک ئەم هێزە چەپە رادیکاڵە نەیدەتوانی لەگەڵ دەسەڵاتی بنەماڵەییدا هەڵبکات، بەدرێژایی بیست ساڵی یەکەم ١٩٧٠-١٩٩١ مام جەلال وەک سیاسییەکی شاری و چەپ و تەنیا لە بنەماڵە و هۆز و خزم و کەسوکار دەردەکەوێت، بە رواڵەت وای نیشاندەدا وەک بنەماڵەی بارزانی نایەوێ دەست بەسەر حزبدا بگرێت و مۆنۆپۆڵی بکات بۆ بنەماڵەکەی خۆی، کەچی لە رۆژانی دوای راپەڕین و بە تایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆی چوار ساڵەی نێوان پارتی و یەکێتی، بە پێچەوانەی ئەو مێژووە پڕ لە هەڵبەز و دابەزەی یەکێتی بۆ ئەوەی وەک حزبێکی ئەنتی کۆنسەرڤاتیڤ دەربکەوێت، تاڵەبانی هەوڵەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە بە مەبەستی هێنانە پێشەوەی بنەماڵەکەی لە ئاستی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی ئۆرگانە حزبییەکانی یەکێتی بە تایبەت لە بواری دارایی و ئاسایشدا، ئەمەش نارەزایی گەورەی بەشێکی زۆری سەرکردەکانی یەکێتی و کادرە ناوەندییەکانی ئەو حزبەی لێکەوتەوە، تا دەبینین ئەم فاکتەرە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە جیابوونەوە

و بەهێزبوونی باڵی ریفۆرم لە ژێر ناوی بزووتنەوەی گۆڕاندا، ئەمە ئەگەر نەڵێین ئەوە هەموو فاکتەرەکەیە.

تاڵەبانی دەیەوێت دوای چوونە دەرەوەی باڵی ریفۆرم و زاڵبوونی تەواوەتی خەتی گشتیی بەسەر بڕیار و داهات و ئاسایشی یەکێتیدا، لە ڕێی کۆنگرەی سێیەمەوە زەمانەتی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەی بکات، تەنانەت دەیەوێت ئەم کۆنگرەیە بکاتە کۆنگرەی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەندامانی نزیکی بنەماڵەی تاڵەبانی لە هاوسەر و کوڕەکانی بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پۆستی سکرتێری ئەو حزبەیان بکەوێتە دەست و میرات و مێژووی ئەو حزبە بۆ هەمیشە لە دەستی بنەماڵەکەیدا بمێنێتەوە، بەلایەنی کەمەوە تاڵەبانی خوازیارە هەمان ئەو مامەڵەیە بکات کە بنەماڵەی بارزانی لەگەڵ پارتیدا دەیکەن، ئەمە بێ لەبەرچاوگرتنی پارادایم و فۆرمی پەروەردە و شێوازی بیرکردنەوە و روانینی پارتی لەگەڵ یەکێتی، چوونکە ئەگەر ئەو دوو حزبە چەند ڕوویەکی لە یەکتر نزیکیان هەبێت ئەوە لە رووی دەسەڵاتی بنەماڵییەوە هێشتا جیاوازن و بنکەی یەکێتی ڕەنگە بەو شێوەیەی بنکە و سەرکردایەتی پارتی بەرگەی دەسەڵاتێکی مۆنۆپۆلکراو بۆ بنەماڵەیەک نەگرێت.

بە کورتییەکەی هەوڵە چڕەکانی تاڵەبانی لەپێناوی هەرچی زیاتر هێنانە پێشەوەی بنەماڵەکەی و گرەنتی ئەوەی داهاتووی ئەو حزبەش بەدەستی خزم و کوڕ و هاوسەرەکەیەوە بمێنێتەوە، یەکێک دەبێت لە کێشە و تەوەرە هەرە گرنگەکانی ناکۆکی سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێ، بەلانیکەمەوە خەتی کۆسرەت ڕەسوڵ بەرەنگاری ئەم سیاسەتەی تاڵەبانی دەبنەوە و ئەوەی بۆیان بکرێت و لە دەستیان بێت بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی بنەماڵە دەیکەن و دەیگرنە بەر. لەبەرئەمە شەڕێکی گەرم پێشبینی دەکرێت کە دەتوانم بڵێم شەڕی هەوڵەکانی سەرخستنی مۆدیلی حزبی بنەماڵەیی و پێچەوانەکەیەتی، زۆرینەی بۆچوونەکانیش لەو باوەڕەدان سەرئەنجام بنەماڵەی تاڵەبانی گەمەکە بە قازانجی خۆیان کۆتایی پێدێنن.

## شەڕی باڵەکان

یەکێک لە کێشە بنچینەیی و مێژووییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

شەڕی دەستەگەریی ناوخۆ بووە، هەر لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە تا بە ئێستا دەگات بەردەوام یەکێتی یەکدەست و یەک حزبی یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو هەروەک چۆن لەسەرەتاوە حزبێکی بەرەیی بووە، تا بە ئێستاش دەگات فرەباڵیی ناو یەکێتی بە پێی قۆناغ و هەلومەرجەکان بوون و درێژەی هەیە، ناکۆکیی بەردەوامی ئەم باڵ و دەستانەش ئەگەر لە سەرێکەوە کەشێکی ئازادی حزبیی و ناوخۆیی رەخساندبێت و پانتاییەکانی گوزارشتی بەرینتر کردبێتەوە، ئەوە لەپاڵ ئەمەدا وای لە یەکێتی کردووە لە هیچ بڕیار و هەنگاوێکدا یەک بڕیار و خاوەن یەک هەڵوێستی یەکگرتوو و کۆنکرێت نەبێت، لەوە خراپتریش لە هەندێک لە ماوەکاندا دەستە و باڵە رکابەرەکان بە توندیی و تاکوو ئاستی بەیەکدا هەڵپرژان ململانێ و رکابەریی یەکتریان کردووە، مەگەر تەنیا ئەو کاتانە کێشە و ململانێی باڵەکان خاو بووبێتەوە کە یەکێتی لەگەڵ نەیارێکی دەرەکی شەڕ و ململانێی سەختی هەبووبێت.

وا بڕوا دەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە، لە کۆنگرەی سێدا دیسان باڵەکانی ناو یەکێتی ململانێی سەختی یەکتر بکەن، بە تایبەت باڵی کۆسرەت رەسوڵ دەیانەوێت بەسەختی و بەوپەڕی شێلگیرییەوە بەرەو رووی باڵی گشتیی ببنەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکیی: یەکەمیان، چوونکە هەوڵێکی چڕ و پڕ و هەمەلایەنە هەیە لەلایەن خەتی گشتییەوە بە مەبەستی تەسفیەی باڵی کۆسرەت تاکو ئەو ئەندازەیەی بەشێک لە سەرکردەکانی خەتی گشتیی خەون بە دەرپەڕاندنی یەکجارەکیانەوە دەبینن لە ریزەکانی یەکێتیدا. دووەمیان، باڵی کۆسرەت رەسوڵ هەموو قورسایی خۆیان دەخەنە گەڕ تا هیچ نەبێت بەرەنگاری بەشێک لە پلانەکانی تاڵەبانی ببنەوە، بۆئەوەی یەکێتی نەبێتە حزبێکی بنەماڵەیی و لەو نێوەندەشدا بنەماڵەی تاڵەبانی دەستی بەسەردا نەگرن، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە رووی ململانێ و شەڕی باڵەکانەوە ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی یەکێک بێت لە کۆنگرە گەرمەکان و پانتاییەکی زۆر بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەستەکان لەگەڵ یەکتر بڕەخسێنێت.

بێجگە لەوەی خەتی گشتیی خۆی باڵێکی سەرەکییە، ئەوەش دەبینرێت لەناو خودی ئەم باڵەشدا ناکۆکی هەیە و کەسانی زۆر لەنێو ئەم باڵەدا پەیدابوون دەیانەوێت هەرچی زیاتر دەسەڵاتی خۆیان لەم گرژیی و ئاڵۆزییانەدا پتر بکەن، ئەوە روونە ئێستا «هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد»ی هاوسەری تاڵەبانی سەرکردایەتی

سەرەکیی خەتی گشتیی دەکات، بەڵام لەناو ئەم خەتەدا کەسایەتییەکی بە دەسەڵاتی وەکوو «مەلا بەختیار» هەیە کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە خستۆتە گەڕ وەک خۆی و دەستەیەکی تایبەت بە خۆی مامەڵە بکات و خەونەکانی لە بەدەستهێنانی پایەی زیاتری حزبیدا بهێنێتە دی، ئەمە لە کاتێکدایە باس لەوە دەکرێت بەردەوام نێوانی مەلا بەختیار و هێرۆخان ناخۆشە، بۆیەکا ئەگەری ئەوە بەهێزە جەمسەرە بەهێزەکانی ناو خەتی گشتیی بەجیا لە کارکردن بۆ خەتەکەیان، بیر لەخودی خۆیان بکەنەوە و ئەگەر پێویست بکات دەستە و گروپی تایبەت بە خۆیشیان دروستبکەن.

جیا لەمانەش ئێستا باس و خواسێکی گەرم هەیە، «د.بەرهەم ساڵح» جێگری سکرتێری یەکێتی دەیەوێت وەک جەمسەرێکی بەهێز و بە دەستەیەکی تایبەتی خۆیەوە بەشداریی کۆنگرە بکات، ئەگەرچی بەرهەم ساڵح دەزانێت ناتوانێت ببێتە سکرتێری گشتیی یەکێتی، بەڵام هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوە خستۆتە گەڕ هەر هیچ نەبێت پۆستە حزبییەکەی ئێستای لەدەست نەدات، کە زۆرجار باس لەوە دەکرێت مەلا بەختیار بە شوێنی خۆی دەزانێت و خەونی پێوە دەبینێت. پێدەچێت «د.بەرهەم» کە لەسەر هیچکام لە باڵەکانی ناو یەکێتی ماڵ نییە، ئەم جارە و لە کۆنگرەدا زیاتر لە هەر شتێک تەرکیز بکاتە سەر خودی خۆی و هێشتنەوەی پۆستەکەی تا کاتی ئەنجامدانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کە لەوانەیە دە ساڵی تری پێ بچێت، هەروەک چۆن ماوەی نێوان کۆنگرەی دوو و سێ دە ساڵی رەبەقە.

بە کورتییەکەی ئەو دەستەگەرییەی بڕیاربوو پەیمانی ئاکار و پلینۆمی پێشوو کۆتایی پێبێنێت، نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لەم کۆنگرەیەی یەکێتیدا زۆر لە جاران زەقتر و سەختتر خۆی دەنوێنێت، تا ئەو ئاستەی ئەگەری ئەوە هەیە خودی کۆنگرە نەتوانێت ببێتە پردێکی پەیوەندیی نێوان دەستەکان، بە پێچەوانەوە دەشێ ببێتە سەرەتایەکی ترسناک لە راستای زیاتر دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری، چوونکە دیمەنەکە و ئەو پرۆسەیەی هەتا ئێستا بەڕێوە چووە بێگوومان هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەری تێدا نییە، هێندەی ئەوەی تێدا دەبینرێت کۆنگرە تەنیا کۆنگرەی تەسفیە و شەرعیەتدانەوەیە بە تاڵەبانی و دەوروبەرەکەی.

## سەرکردایەتی نوێ

سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرکردایەتییەکە بەرپرسیارە بەرامبەر بەو هەموو قەیران و ئیشکالییاتانەی یەکێتی تێکەوتووە، لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا هەر دەستەیەکی دیاریکراو لە هەرەمی سەرەوەی یەکێتیدا بوون و هەتا بە ئێستاش دەگات هەمان ئەو کارەکتەرانە سەرکردە و بڕیاردەر و بەڕێوبەری یەکێتین، هەر ئەوان بەرپرسیارێتی ئەو بارە سەختەی ئەمڕۆی «یەکێتی»یان لە ئەستۆیە، هەڵەکانی ئەوان بوو یەکێتی بە رۆژێک گەیاندووە کردوویەتی بە هێزی سێیەم و پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی. بەپێچەوانەوە بنکەی جەماوەریی یەکێتی و کادر و لایەنگرانی و ئەندامانی خوارەوە، چالاکترین و دڵسۆزترین بەشی ئەو حزبەیان پێکهێناوە، زۆرینەی سەروەریی و سەرکەوتنەکانی یەکێتی لە سی و پێنج ساڵی رابردوودا قەرزداری هەوڵ و خەبات و کارکردنی بێوچانی ئەوانە، هەروەک چۆن هەموو شکستەکانی یەکێتی تەنیا لە ئەستۆی سەرکردایەتی و ئەندامانی هەرەمی دەسەڵاتی ئەو حزبەیە.

هەموو لە نزیکەوە دەرک بەو راستییە حاشا هەڵنەگرە دەکەین، سەرکردەکانی یەکێتی پیر بوون، دیارە مەبەست لە پیربوون هەڵشکانی تەمەن و سەر و ردێن سپیبوون نییە، بەڵکوو لە رووی عەقڵییەت و مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی نوێی کوردستان و سیاسەتی نوێی جیهانیدا پیرن و ناتوانن بەپێی سەردەم و بارودۆخی نوێی سیاسەتی جیهانیی و ناوچەیی بیر بکەنەوە، تەنانەت ناتوانن وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی قۆناغی تازەی کوردستانیش بن، سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی سەرکردایەتییەکە بە هەمان عەقڵییەتی سەردەمی جیهانی دوو ئۆردوگایی و دەیەی هەفتا و شەستەکانی سەدەی رابردووەوە رووبەڕووی تەحەدییەکانی ئێستا دەبێتەوە، سەرکردایەتی یەکێتی تەنیا سەرکردایەتییەکە نە نوێ بووەتەوە و نە توانای نوێبوونەوەی هەیە، چاکترین کارێک لەگەڵ ئەم سەرکردایەتییەدا بکرێت خانەنشیکردنیانە، لە پێناوی هێنانە پێشەوەی دەموچاو و عەقڵی سیاسیی نوێ و گەنج کە بتوانێت بارودۆخی یەکێتی لە قەیرانە خنکێنەرەکانی ئێستای رزگار بکات.

رەنگبێ لە هەموو دنیادا حزبێکی سۆسیال دیموکرات نەبێت، یەک تاکە ژن لە ئاستی سەرکردایەتییەکەدا نەبینرێت جگە لە یەکێتی، لە هەموو دنیادا حزبێکی

سۆسیال دیموکرات بوونی نییە، گەنج و خاوەن دیدە نوێیەکانی لە پەراوێزدا دانابێت و سەرکردایەتی لێ قەدەغە کردبن، بڕوام بەوە نییە لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامی دەوروبەریشدا حزبێک هەبێت، بە ئەندازەی یەکێتی پیر و خاوەنی عەقڵی کلاسیکی دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردووی بە سەرکردەی سیاسیی خۆی قبوڵ کردبێت، هەموو ئەم بەڵگە و فاکتە زۆر سادانە پێماندەڵێن کاتی ئەوە هاتووە و بگرە زۆر درەنگیشە یەکێتی خۆی نوێ بکاتە و یەکەم هەنگاوی ئەو خۆ نوێکردنەوەیەش لە هێنانە پێشەوەی خوێنی نوێ بۆ ئاستی سەرکردایەتی دەستپێدەکات، بەهێنانی ژنانی چالاک و سیاسیی و خاوەن ئەزموون دەستپێدەکات. تەنانەت هەندێک بۆچوون «لە نێویاندا من بۆ خۆشم وا بیر دەکەمەوە» پێیانوایە یەکێک لە بەڵگەکانی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی بەوەدا دەناسینەوە دوای تەواوبوونی کۆنگرە ببینین دەستەیەک گەنجی بە ئەزموون وەک سەرکردە و ئەندامانی سەرکردایەتی و بیرۆی سیاسیی یەکێتی هەڵبژێردراون و بە ئاراستەیەکی دیکە سیاسەت دەکەن.

ئەگەرچی تاڵەبانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، سەرکردایەتی نوێی یەکێتی لە سێ رەگەزی سەرەکیی پێکدێت: «سەرکردەکانی پێشوو، گەنجەکان، ژنان»، بەڵام مانەوەی ئەم هەنگاوە تەنیا لە چوارچێوەی قسەی رووت و بەڵێنی بریقەدار، نەک هیچ قازانجێک بە پاشەڕۆژی سیاسیی یەکێتی ناگەیەنێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەو سەرکردایەتییە کلاسیکی و کۆنەی پێشوو و ئێستا، هێندەی تر برین و کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیی خەستتر دەکەنەوە و دوور نییە تا کۆنگرەی داهاتوو یەکێتی بەرەو لاوازییەکەی وەها نەبەن توانای ئەوەی نەمێنێت لە گۆڕەپانەکەدا وەک هێزێکی سەرەکیی خۆی پێناسە بکات. خولاسە واقیع و هەلومەرج و پێگەی یەکێتی وا دەخوازێت وەک یەکێک لە هەنگاوە چارەنووسسازەکانی کۆنگرە، دەست ببات بۆ خانەنشینکردنی نەوەی کۆن و لە جێگەیدا نەوەی نوێ و کەوادری ناوەندیی و گەنج پشتگیریی بکرێن بۆ ئەوەی بێنە سەرەوە، بەبێ ئەم کارە نە یەکێتی دەتوانێت بۆ تەحەددییەکانی ئایندە ساز و ئامادە بێت، نە کۆنگرە کەڵکێکی ئەوتۆی دەبێت بۆ بەهێزکردنەوە و یەکخستنەوەی ماڵی یەکێتی.

## چارەنووسی یەکێتی دوای کۆنگرە

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە درێژایی ساڵانێکی زۆر، لە ڕێگەی خوڵقاندنی کێشە لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی خۆی و بەردەوام داتاشینی دوژمن و نەیاری وەهمییەوە، خۆی لە پرۆسەی چاکسازیی و پاکسازیی ناوخۆیی دزیوەتەوە، ئەم سیاسەتە ئەگەر لە یەکێک لە ڕەهەندەکانیدا و لە مەودای نزیکدا بۆ یەکێتی بە قازانج گەڕابێتەوە، بێگوومان لە مەودای دوور و ڕەهەندێکی تریدا بە زیانێکی گەورە شکاوەتەوە، چوونکە ئەو کێشانە بە زیاتر کەڵەکەبوونیان قڵشتی نێوان ریزەکانی یەکێتی لەلایەک و سەرکردایەتی یەکێتی و خوارەوەی یەکێتی لەلاکەی تر زیاتر و بەرینتر کردۆتەوە، جیابوونەوەی باڵی ریفۆرم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان کە هەڕەشەیەکی جیددییە لەسەر یەکێتی، بە هەموو پێودانگ و لێکدانەوەیەک زادەی ئەو کێشە کەڵەکەبوو و چارەسەرنەکراوانەی ناو یەکێتی بوو تەمەنیان گەیشتبووە زۆرتر لە سێ دەیە.

ئەم کۆنگرەیە بۆ یەکێتی بەها و بایەخێکی زۆری هەیە، چوونکە هەم پانتاییەکە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی رابردوو، هەم سەرەتایەکی نوێش دەبێت بۆ بەهێزکردنەوەی یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، من لەوە زیاتریش دەڕۆم و پێموایە ئەم کۆنگرەیە یەکێتی دەخاتە بەردەم دوو شاڕێ، ڕێگەیەی یەکەمیان بریتییە لە چارەسەری کێشەکانی ناوخۆ و کۆکردنەوەی یەکێتییەکان بە هەموو باڵەکانەوە لە ژێر سایەی رابەرایەتییەکی یەکگرتوو، کە ئەو حزبە دەخاتە سەر سکەی شەمەندەفەرێکی تیژڕەوی سەرکەوتن، بە پێچەوانەشەوە مامەڵەی نالێپرسراوانە و بەردەوامبوونی ئەو قەیرانانەی ئێستا، یەکێتی دەخاتە سەر شاڕێی مەرگێکی تاهەتایی. چارەنووسی یەکێتی بەشی زۆری بەم کۆنگرەیەوە بەستراوە، بۆیەکا ئێمە لە سەرەتاوە وتمان ئەم کۆنگرەیە سەبارەت ئەو حزبە مانای مەرگ و ژیانی لە خۆگرتووە.

یەکێتی دەبێت ئەو راستییە بە باشی بزانێت، شاردنەوەی قەیرانەکانی خۆی لە بارودۆخێکی پڕ گرژیی نێوان پارتی و گۆڕان سوودێکی ئەوتۆی پێناگەیەنێت، راستە ئەوە بۆ یەکێتی گرنگ بوو پارتی سەرئەنجام کەوتە ململانێ و جەنگێکی میدیایی سەختەوە لەگەڵ گۆڕان، بەڵام ئەمە هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت یەکێتی

حزبێکە سەرلەبەری ژیان و جەستەی قەیرانە، چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەش ئەرکێکی بە پەلە و سەرەکییە بۆ ئەمێستای یەکێتی، تاڵەبانی بە ناردنی نامەی دەستخۆشی و تەلەفۆنی دڵخۆشیی لە هەمبەر ئەو بەیاننامەیەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە دژی گۆڕان دەریکرد، ناتوانێت یەکێتی بکاتەوە بەو هێزە سەرەکییەی جاران، هەروەک چۆن ناتوانێ هیچ لە هێز و کاریگەریی و جەماوەری گۆڕان کەم بکاتەوە، ئەوەی بۆ یەکێتی گرنگە لەم بارودۆخەدا، لە کاتێکدا گۆڕان و پارتی شەڕێکی سارد لە نێوانیاندایە، سەرخستنی کۆنگرەی سێیەمە، چوونکە ئەوەی لە هەموو شت زیاتر لەم کەش و هەلومەرجەدا بۆی گرنگە سەرکەوتنی کۆنگرەیە، چوونکە بەپێی هەموو پێوانەیەک چارەنووس و داهاتووی یەکێتی ئەم کۆنگرەیە دیاری دەکات ئاخۆ چییە و چی نییە!؟.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆنگرەی سێی یەکێتی یان کۆنگرەی تەوافقی باڵەکان؟

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوای دوو هەفتە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، هەروەک ئێمە لە سەرەتاوە پێشبینیمان کردبوو، کۆمەڵێک سیناریۆ لەناو کۆنگرە و لە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی بەڕێوە چوون کە لە شکۆ و میسداقییەتی کۆنگرەیان هێنایە خوارەوە و دۆخەکەیان بە جێگەیەک گەیاند نەک هیچ لە بارودۆخی پڕ لە قەیرانی یەکێتی نەگۆڕی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێندەی تر کێشە و تەنگژە ناوخۆییەکانی یەکێتی بۆ داهاتوو قووڵتر کردەوە، ئەمەش دروست سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوەی هەموو ئەو دەنگانەی پێیانوابوو کۆنگرە بۆ یەکێتی دەبێتە وێستگەی نوێبوونەوە و رزگاربوون لەو قەیرانانەی ئێستا دەرگیری بووە. ئەوەی ئێمە لە رێورەسم و شێوازی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی سێیەمدا بینیمان هیچی تر نەبوو جگە لە مەهزەلەیەکی سیاسیی گەورە و دووبارەبوونەوەی ئەو سیناریۆ سواوانەی لە چەندساڵی رابردوو یەکێتیان بەو دەردە برد هەنووکە خەریکە ژیانی لەناو دەبات.

### تاڵەبانی سکرتێری بێ رکابەر

جەلال تاڵەبانی ماوەی سی و پێنج ساڵی رەبەقە سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە و لە میانەی سێ کۆنگرەی حزبەکەشیدا هیچ رکابەرێکی نەبووە ململانێ و کێبڕکێی لەگەڵ بکات لەسەر پۆستەکەی. بۆیە هەمیشە بە

چەپڵەڕێزان و کۆی دەنگی بەشداربووانی کۆنگرەکانی یەکێتی وەک سکرتێری گشتیی حزب هەڵبژێردراوەتەوە، بەڵام ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشوودا تاڵەبانی، چوست و چالاک، خاوەنی وزەیەکی سیاسیی گەورە، بە متمانەی هەموو ئەندامان و سەرکردایەتی یەکێتی و بە کۆی دەنگ وەک سەرکردەیەکی گرنگ و خاوەن کاریزما دەنگی پێدرابێت بۆ ئەوەی ببێتە سکرتێری گشتیی و «قاسم مشترک»ی تێکڕای باڵەکان، ئەوە ئێستا تاڵەبانی پیر و نەخۆش وزە و چالاکییە سیاسییەکەی جارانی نەماوە، لە ڕێی تەکەتولات و وشککردنی زەمینەی سەرهەڵدانی کاریزما و سەرکردەی سیاسیی ترەوە، پۆستی سکرتێری حزبەکەی بەدەستدەهێنێتەوە. لەراستیدا ئەوە تاڵەبانی نییە، هەمان ئەو سەرکردە خۆشەویست و رادیکاڵەی جاری جاران بێت و کۆی یەکێتییەکان ئارەزوومەندانە و بەوپەڕی پەرۆشییەوە وەک سکرتێری حزبەکەیان هەڵیبژێرن، بەڵکو ئەوە دەست بەسەراگرتنی هێز و دارایی حزبە هەمیشە وا دەکات تاڵەبانی وەک سەرکردەیەکی بێ رکابەر بە سکرتێری یەکێتی دەربچێتەوە، چوونکە تاڵەبانی لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیی و هەواڵگرییەکان و دارایی حزب و فراوانکردنی خەتەکەی خۆیەوە «خەتی گشتیی» زەمینە بۆ خۆی دەرەخسێنێ تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە هەروەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی بمێنێتەوە.

بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە ناو یەکێتیدا بە شێوەیەکی کردارییانە دەستپێبکات، تا رێگە بدرێت بە نەوەی نوێی یەکێتی چانسی خۆیان لە سەرکردایەتی حزبەکەیاندا تاقیبکەنەوە، پێویستبوو تاڵەبانی و بەشێکی زۆری سەرکردە پیر و کلاسیکییەکانی هەنووکەی یەکێتی خۆیان هەڵنەبژێرنەوە، یاخۆ دەبوو بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام رێگە لەو سەرکردانەی پێشووی یەکێتی بگیرایە جارێکی تر خۆیان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێرننەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرپرسیارن لەو هەموو نەهامەتی و قەیرانانەی بەسەر یەکێتیدا هاتووە. تاڵەبانی دەبوو یەکەم کەس و دەستپێشخەر بووایە لە راستای چۆڵکردنی پۆستەکەی بۆ نەوەیەکی تری حزب کە دەتوانن هەمان ئەرک راپەڕێنن، بەڵام دووبارە هەڵبژاردنەوەی مام جەلال وەک سکرتێری بێ رکابەر و هەمیشەیی یەکێتی، تەرجومەی ئەوەمان بۆ دەکات هێشتا یەکێتی هیچ ئیرادەیەکی بۆ گۆڕانکاریی جیددی نیشان نەداوە، بەڵکو

بەپێچەوانەوە سیناریۆکانی پێشوو دیسان وەک خۆیان و بێ هیچ دەستکارییەک دووبارە دەبنەوە.

## قۆناغی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

ئەگەر جاران «هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد» تەنیا وەک خانمی یەکەمی عێراق و هاوسەری سکرتێری یەکێتی خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیی و دارایی لە بن نەهاتوو بووبێت، ئەوە لە ڕێگەی کۆنگرەی سێیەمەوە دەسەڵاتەکانی ئەم خانمە شەرعییەتیان پێدەدرێت، تەنانەت بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی دەنگەکانی کاندیدکراوانی سەرکردایەتی لەلایەن هێرۆ خانەوە نیشانەیەکی ترە بۆ ئاستی پلە و پێگەی ئەو لە ناو بنکە و سەرکردایەتی یەکێتیدا، بێگومان ئەم بنکە و پێگەیەش بەو پارە زۆر و زەبەند و تەخشان و پەخشانە دروستکراوە یەکێتی خستوویەتییە بەر دەستی ئەم خانمە، بەڵام بۆ لەمەودوا ئەم دەسەڵاتە بەشێوەیەکی فەرمیی پیادە دەکرێت، تەنانەت هەوڵەکانی تاڵەبانی و خەتی گشتیی بۆ هێنانە سەرەوەی هێرۆ خان بۆ ئاستی مەکتەبی سیاسیی بۆ ئەوە بووە لە ڕێی ئەو دەسەڵاتە شەرعیی و یاساییەی لەناو حزبدا هەیەتی ڕۆڵی مام جەلال ببینێت بە تایبەت پێدەچێت تاڵەبانی بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتووش پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بەدەست بهێنێتەوە.

ئیدی بۆ لەمەودوا قۆناغێکی تر دەستپێدەکات، ئێمە ناومانناوە قۆناغی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، چوونکە بۆ لەمەو بەپاش ئەو هەم مام جەلالی ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە و لە کۆنگرەشەوە ڕەوایی وەرگرتووە وەک بەهێزترین و کاریگەرترین کاندید، هەم هەمان ئەو هێرۆخانەی رابردووە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی دارایی بەرفراوان بوو، تەنانەت ئەو خاوەنی سەرەکیی و یەکەمی گروپی کۆمپانیاکانی «نۆکان»ە کە ئیمپراتۆریایەکی گەورەی وەربەهێنانە و خاوەنی ملیارەها دۆلارە و تەنانەت یەکێتی بەبێ نۆکان حزبێکی رووت و ڕەجاڵە، هەم ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یان راستتر وایە بڵێین لە ئێستاوە سکرتێری فیعلی یەکێتیشە، بۆیەکا دەتوانین ئەوە بێژین ئەگەرچی مام جەلال لە چوار ساڵی داهاتوو لە بەغداد دەبێت، بەڵام لە ڕێگای هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە هەمیشە ئامادەییەکی کاریگەر و بەرچاوی دەبێت، تەنانەت ئەمە هەموو نهێنیی هەڵبژاردنی ئەو خانمەیە

بۆ پۆستی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، چوونکە بە درێژایی ساڵانی پێشوو و لە میانەی دوو کۆنگرەدا هێرۆ خان نەک هەر خۆی نەپاڵاوتووە بەڵکو وا دەردەکەوت ئامانجەکانی ئەو سیاسەت و حزبایەتی نییە، ئەوەندەی کاری خێرخوازیی و رۆشنبیریی و بردنە پێشەوەی فەرهەنگی کوردییە.

لەگەڵ زانینی هەموو ئەو راستییانەی لای سەرەوە و لە سۆنگەی ئەوەی هێرۆ خان بۆ ممارەسەکردنی دەسەڵاتێکی رەها و فراوان خۆی ئامادە کردووە، تێدەگەین شەڕی راستەقینە و هەرە سەرەکیی ئەو خانمە لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح کە بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو هێرۆ خان حەزی لەمامەڵەی نزیکی تاڵەبانی لەگەڵ بەرهەم ساڵح نەکردووە، ئێستاش کە بەرهەم بۆ پاراستنی پێگەی خۆی رووی لە کۆسرەت رەسوڵ کردووە، هێندەی تر لاوازکردنی بووە بە یەکێک لە کارە هەرە لە پێش و سەرەکییەکانی ئەو خانمە، هەر لەم سۆنگەیەوە دەتوانین پێشبینی شەڕێکی سەخت بکەین لەنێوان باڵی گشتیی بە سەرکردەیی هێرۆخان لەگەڵ باڵی کۆسرەت و خودی بەرهەم ساڵح، وەک پێشتریش وتمان ئەمە وا دەکات قۆناغەکە ببێت بە قۆناغی دەرکەوتن و درەوشانەوەی هێرۆ خان لە چەند ساڵی داهاتوی ژیانی سیاسیی یەکێتیدا.

## سەرکەوتنی باڵی سەربازیی- ئەمنیی

یەکێک لە ئەنجامە چاوەڕواننەکراو و هەرە نێگەتیڤەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لەوەدا خۆی دەرخست لە بری هێنانە پێشەوەی دەستەیەک گەنج و پسپۆر و خاوەن توانای سیاسیی، ژمارەیەکی بەرچاوی لێپرسراو و سەرکردە سەربازیی و ئەمنییەکانی یەکێتی، ئەوانەی زۆرترین هەڵوێستی توند و دوژمنانەیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی گۆڕان هەیە هێنرانە پێشەوە و دەنگیان پێدراو و بۆ کۆکرایەوە بۆ ئەوەی بێنە ناو سەرکردایەتی نوێوە. تەنانەت سەرکەوتنی ئەم ژمارەیە لە کاربەدەستی سەربازیی و ئەمنیی نەک جۆرێک بوو لە شۆک بۆ دەرەوەی یەکێتی و هەموو ئەوانەی چاویان بڕیوە ئەو کۆنگرەیە تا یەکێتی لە رێگەیەوە خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵکو بۆ بەشێکی بەرچاوی بنکە و کەوادر و کاندیدکراوانی ناو یەکێتیش ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو و خراپ بوو، تا ئەو ئەندازەیەی ئەم پرۆسەیە هەموو

ئومێد و ئەگەرەکانی نوێبوونەوە و رادەستکردنی یەکێتی بە نەوەیەکی هۆشیار و نوێتر بە گۆڕ سپارد.

ئەم سەرکەوتنەی باڵی سەربازیی– ئەمنیی یەکێتی وەک یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەو کۆنگرەیە حیسابی بۆ دەکرێت، لەوە زیاتریش هەندێک کاندیدی سەرنەکەوتووی سەرکردایەتی یەکێتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، سەرکردایەتی پێشووی یەکێتی کاری بۆ ئەوە کردووە ئەم دەستە سەربازیی و ئەمنییە بێنە پێشەوە و بگەنە ئاستی سەرکردایەتی، بە تایبەت لە کاتێکدا هەموو لە نزیکەوە بە هەڵوێستی ئەو سەرکردە سەربازیی و ئەمنییانەی یەکێتی ئاشناین و دەزانین لە هەر کەس زیاتر مامەڵەی توند و دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە گۆڕان هەیە. تا ئەوەی زۆرجار هەست بەوە دەکرێت ئەم دەستەیە لە بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان و بۆ دژایەتی زیاتری ئەو بزووتنەوەیە هێنراونەتە ئاستی سەرەوەی ئۆرگانەکانی یەکێتی کە خۆی لە کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییدا دەبینێتەوە.

من وەکوو خۆم، هەرگیز پێموانییە ئەوە کاری رێکەوت بێت، ئەو ژمارە بەرچاوەی کادرە سەربازییەکانی یەکێتی بێنە ناو کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە، لە هەردوو کۆنگرەی پێشووی یەکێتیدا هەمان ئەم کادرە سەربازییانە هەبوون و رۆڵی کاریگەرتریشیان هەبوو بە حوکمی ئەوەی یەکێتی لە سەروبەندی شەڕدا بوو، بەڵام نەمابینی ئەو کادرە سەربازییانە هێندە بە ئاسانی و بە دەنگێکی وەها زۆر بێنە ئاستی سەرکردایەتی، بەڵکو هەندێکیان بیریان لەوەش نەدەکردەوە بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆیان بپاڵێون، بێگوومان ئەمە دەرخەری ئەو راستییەیە تاڵەبانی حەز و ئیرادەیەکی زۆری هەبوو بۆ هێنانە پێشەوەی هەموو ئەو دەموچاوانەی لە بەرەو رووبوونەوەی گۆڕاندا دەنگێکی کاریگەر و توند و دیارن، ئەمە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە لە مەودای دووردا هێنانە پێشەوەی ئەم کەوادرە سەربازیی و ئەمنییانە چەند زیان بە پێگەی سیاسیی و جەماوەریی و حزبیی یەکێتی دەگەیەنێت، ئەمە بەبێ رەچاوکردنی هەستیاریی قۆناغەکە بۆ یەکێتی و ئەو قەیرانە ریشەیی و قووڵانەی لە هەموو لایەنێکەوە بەرۆکی ئەو حزبەیان گرتووە، ئەمە بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئەوە بکرێت دۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان چەند گۆڕاوە و ئەو سەرکردانەش چەندە دەتوانن لەگەڵ قۆناغەکەدا بڕۆن و یەکێتی نەخەنە ژێر

باری قورسی قەیران و کێشەی ناوخۆیی ترەوە؟.

ئەگەر بۆچوونەکانم لە چەند دێڕێکدا کورت بکەمەوە، ئەوە هێنانە پێشەوەی ئەو ژمارە بێشوومارەی کادری سەربازیی و ئەمنیی لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت، بۆ ئایندەی سیاسیی یەکێتی و بۆ ئەو تەحەدی و ململانێ قورسانەی لە ڕێگەیەتی، بە سوود ناگەڕێتەوە، چوونکە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باشووری کوردستان بە جێگەیەک گەیشتووە، دەمێکە دونیابینی ئەو دەستەیەی تێپەڕاندووە، ئەمە لەلایەک و لەلاکەی تریشەوە یەکێتی وەک ساتەوەختی بەستنی کۆنگرەی دووەم بێ کێشە نییە و وەک ئەو دەمانەش پێگەی جەماوەریی و حزبیی بەهێز نییە، هەموو ئەوەش دەزانین هێشتنەوەی سەنگی یەکێتی و گەڕاندنەوەی ئەو شکۆمەندییەی رابردوو یان هیچ نەبێت راگرتنی لە دۆخێکدا، بە سەرکردەی سیاسیی لێهاتوو و گەنج و خاوەن جیهانبینی مودێرن دەکرێت، بەڵام کەوادری سەربازیی– ئەمنی و جیهانبینی مودێرن و هاوچەرخی سیاسیی و حزبیی کوجا مەرحەبا.

## کۆمیدیای هەڵبژاردنی دوو جێگرەکەی سکرتێری گشتیی

ئەگەر کەمێک لە فۆرمی هەڵبژاردنی هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی «سکرتێری گشتیی» ورد بینەوە دیسان هەست بە کۆمیدیایەکی تری کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی دەکەین، چوونکە خودی سکرتێری گشتیی بەشێوەیەکی ناشەرعی و بە بڕیارێکی فیرعەونانە هەریەک لە «کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح»ی وەک جێگری خۆی هەڵبژاردەوە، دەبوو هەر یەک لەو دوو جێگرە وەک تێکڕای ئەندامانی تر خۆیان بپاڵاوتبایە بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتی و پاشان بە دەنگی زۆرینەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆ ئەو پۆستەی ئێستایان هەڵبژێردرانایە. ئەگەر لە هەڵبژاردندا و بە حوکمی دەستەکەی، کۆسرەت ڕەسوڵ شانسی ئەوەی هەبووبێت ئەو پۆستە بۆ خولێکی تر و تا کۆنگرەیەکی دیکە مسۆگەر بکات، ئەوە هەرگیز ئیمکانی نەبوو «د.بەرهەم» بتوانێت ئەو پۆستە بەو ئاسانییەی ئێستا بەدەست بخات، بە پێچەوانەوە زۆرێک لە بەشداربووانی کۆنگرە لەو بڕوایەدا بوون تەنانەت بەرهەم ساڵح نەیدەتوانی گرەنتی ئەوە بکات بایی ئەوەندە دەنگ دەهێنێت جارێکی تر پێی ببێتەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی. بۆیە هەڵبژاردنی بەرهەم ساڵح گزییەکی

تری خودی تاڵەبانی بوو لە تێکڕای پاڵێوراوانی کۆنگرەی سێیەم.

بێگومان تاڵەبانی لە پێدانەوەی ئەو پۆستە بەو دوو سەرکردەیەی یەکێتی «کۆسرەت، بەرهەم» کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی سیاسیی هەیە، ڕەنگە ئێمە لە هەنووکەدا نەتوانین هەموو ئامانجەکانی تاڵەبانی وەک خۆی ببینین بەڵام ئەوەی دیارە، تاڵەبانی لەو ڕێگەیەوە پێشگیریی کرد لە ترازانی زیاتری ریزەکانی یەکێتی، بە تایبەت خەتی کۆسرەت ڕەسوڵ دەیانتوانی ئینشقاقێکی گەورە لە یەکێتیدا دروست بکەن، ئینشقاقەکە ئەگەرچی نەدەگەیشتە ئاستی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا و باڵی ریفۆرم، بەڵام ئەو هەنگاوە یەکێتی بەرەو لاوازییەکی چاوەڕواننەکراو دەبرد و بە تەواوەتی گۆڕەپانەکەی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان چۆڵ دەکرد، ئەمە لەلایەک و لەسەرێکی دیکەشەوە تاڵەبانی هەمیشە حەز بە جێگری لاوازی وەک بەرهەم ساڵح دەکات، چوونکە بەرهەم نە توانای هیچ بڕیارێکی سیاسیی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ مام و نە لە هەڵوێستەکانیدا هێندە جەریئە مەترسیی بۆ سەر پێگەی تاڵەبانی دروست بکات، بۆیە هەمیشە تاڵەبانی بەرهەم ساڵحی وەک داشێک بەکارهێناوە و لە کوێی گۆڕەپانەکە ویستبێتی لەوێ وازی پێکردووە.

جیا لەهەموو ئەمانە هەڵبژاردنی دوو جێگرەکەی سکرتێری گشتیی، لادانێکی ئاشکرا و روون لە پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی و پرنسیپیەکانی کۆنگرەکە، تاکو ئەو جێگەیەی ئەو پرۆسەیە یەکێک بوو لە کۆمیدیاکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی، چوونکە بە بەرچاوی هەموو ئەندامانی کۆنگرە ویست و بڕیاری تاڵەبانی سەپێندرا بەسەر ئیرادەی کۆی بەشداربووانی کۆنگرە و هەموو ئەو دەنگ و سەدایانەی چاوەڕێی پرۆسەیەکی دیموکراتی و هەڵبژاردنێکی شەفاف بوون، لە بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەکی نوێ و بایەخدار لە راستای هاتنە پێشەوەی دەموچاوی تازە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەرپرسیارێتییە سیاسیی و حزبییانە. تەنانەت ئەو کۆمیدیایە بۆ بەشێکی زۆری کاندید و بەشداربووانی کۆنگرەکە موفاجەئەیەک بوو، چوونکە زۆرینەیان لەو باوەڕەدا بوون ئەم جارە هەموو پۆستەکان بە کراوەیی لە بەردەم پاڵێوراواندا دەبێت و هەر کاندیدێک بۆی هەیە و مافی ئەوەی پێ ڕەوا بینراوە خۆی بۆیان بپاڵێوێت، بەڵام ئەم نۆرمە لە مۆنۆپۆڵی هەندێک لە پۆستەکان، تەنیا و تەنیا پێی وتین کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێک کۆمیدیای سیاسیی.

## تەزویرات و تەوافقی باڵەکان

یەکێتی بەردەوام و لەهەموو قۆناغە یەک لە دوای یەکەکاندا باجی سیاسەتی باڵانس راگرتنی نێوان باڵەکان و تەوافقاتی دەستە و جەمسەرە دیارەکانی ناو ئەو حزبەی داوە، لە هەردوو کۆنگرەی پێشوودا باڵەکانی یەکێتی بە جیا کاندیدەکانی خۆیان بۆ ئاستی سەرکردایەتی و ئۆرگانە باڵاکان سەرخستووە، بۆیە دەبینین کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی تا ئێستا بەپێی تەوافقاتی باڵەکان و بەشێوەیەک باڵانس لەنێوانیاندا رابگیرێت بوونی هەبووە، ئەم حاڵەتە دیسان لە کۆنگرەی سێیەمیشدا رەنگدانەوەیەکی کاریگەری هەبووە، ئەگەرچی باڵی ریفۆرم بە تەواوەتی لە یەکێتی هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام باڵی کۆسرەت رەسوڵ لە هەوڵ و ململانێیەکی سەختدا بوو، بۆ ئەوەی بەشێک لە کاندیدەکانی خۆی سەربخات بۆ ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی.

کاتێک ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆنگرە دەرکەوتن و سەیری لیستی دەرچووانی سەرکردایەتی یەکێتیمان کرد، زۆر بە زەقی پرنسیپی تەوافقی باڵەکانمان بەدی کرد، چوونکە بە سەرنجدانێکی کەم لە ئەندامانی نوێی کۆمیتەی سەرکردایەتی، ئەو راستییەت لەلا بەرجەستەتر دەبێتەوە، ململانێی باڵەکان بە ئەندازە و قەبارەیەک بووە، بە خاتری لێکنەترازانی زیاتری ریزەکانی ئەو حزبە، دیسان کار بە هەمان مەبدەئی پێشووی تەوافقات کراوە، ئەگەرچی باڵی گشتیی هەوڵیدەدا باڵی کۆسرەت رەسوڵ تەسفیە بکات، بەڵام دۆخی هەنووکەی یەکێتی ئەوەی هەڵنەدەگرت، بۆیە لە پێناو پاراستنی ریزەکانی یەکێتی و دەستگرتن بەم قەبارەی ئێستا یەکێتی هەیەتی، هەموو باڵەکان بەچارەسەرێکی مامناوەندیی قایل بوون و بەپێی رێککەوتنی سەرکردەی باڵەکان، هیچ لایەک بێبەش نەکرا لە دەسەڵاتە سیاسیی و داراییەکانی داهاتووی یەکێتی. ئەمەش ئەگەر لە رەهەندێکەوە پێویستی قۆناغەکە بووبێت و ژیانی حزبی یەکێتی لە هەنووکەدا ئەمەی خواستبێت، بەڵام لە جێگەیەکی ترەوە زیانی لێداوە و رێگریی کردووە لە هاتنە پێشەوەی سیما و دەموچاو و توانای نوێ بۆ ناو سەرکردایەتی، وەلێ یەک دوو کەسی گەنج و تازە و چەند ژنێک سەرکەوتن بۆ ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بەڵام خراپییەکەی لەوەدایە ئەویش بە پێی هەمان پرنسیپی تەوافقی باڵەکان بوو.

بێجگە لەوەش هەندێک کاندیدی دەرنەچووی سەرکردایەتی یەکێتی باس لە پرۆسەیەکی چڕوپڕی تەزویرات دەکەن لە دەنگەکاندا، بەشێک لەو کاندیدە سەرنەکەوتووانە رایدەگەیەنن بەڵگەیان لەلا هەیە کە ساختەکاریی زۆر کراوە بۆ بەرژەوەندیی ژمارەیەک سەرکردەی پێشووی یەکێتی و لە دژی ئەو دەنگە نوێ و گەنجانەی ململانێیان لەگەڵ نەوەی پێشوو دەکرد بۆ بەدەستەوە گرتنی پۆستە باڵاکانی ئەو حزبە. لێ تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بڵاو نەبۆتەوە یان دزەی نەکردووە بیسەلمێنێت تەزویراتی زۆر کراوە و بۆ فڵان کاندید کراوە، بەڵام هەندێک موفاجەئات لە دەرەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا روویاندا، گوومانی تەزویرات بەهێزتر دەکەن، چوون ژمارەیەک لەو کاندیدە سەرکەوتووانەی ئێستا نەک لە خۆیان دڵنیا نەبوون، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە پێشبینی دۆڕان و سەرنەکەوتنیان بەڵگەنەویست بوو، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە و بە پشت بەستن بەو موفاجەئاتانەی باسمان کرد، ئەگەری تەزویرات بە تایبەت بۆ کاندیدەکانی خەتی گشتیی و نزیکی هێرۆ خان و مام جەلال ئەگەرێکی دوور نییە،. هەر لەم نێوەندەدا یەکێک لە کاندیدە گەنجە سەرنەکەوتووەکانی باس لەوە دەکات میکانیزمی هەڵبژاردن و فەرزی دەنگەکان لەناو تاریکییەکی زۆردا بووە و زۆرینەی ئەوانەی دەرنەچوون بەو ئەنجامە رازی نین و لێی دڵنیانین، بە پێچەوانەوە ژمارەیەک لەو کاندیدە دەرچووانە بەلای خۆیشیانەوە جێگەی بڕوا نەبوو لەو ئاکامەی بە دەستیان هێنابوو.

### کۆنگرە یان مەهزەلەی سیاسیی؟

ئەگەرچی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هیوا و ئاواتێکی زۆری لەسەر هەڵچنرابوو، ئەگەرچی ئەو کۆنگرەیە دەیتوانی دەرفەتێکی زیندوو و لەبار بێت بۆ سەرلەنوێ هەستانەوەی یەکێتی و تێپەڕاندنی ئەو قەیران و تەنگژانەی بەرەو روویەتی، دەبینین وەک وتەکە دەڵێت «شاخێک ژان گرتی و مشکێکی بوو»، بە پێچەوانەوە کۆنگرە هیچ ئیزافەیەکی پێنەبوو بۆ سەر ئەزموونی یەکێتی، هیچ رێگا چارەیەکی نوێ و کاریگەری نەخستە بەرنامەوە بۆ خستنەوە سەرپێی یەکێتی بە هەمان گوڕ و تینی جارانەوە، بە پێچەوانەوە ئەو کۆنگرەیە لە هەموو شتێک دەچوو تەنیا لە کۆنگرەی حزبێکی سیاسیی تەمەن سی و پێنج ساڵی بە حیساب

سۆسیال دیموکرات نەبێت، ئەو کۆنگرەیە هەموو شتێکی تێدا باسکرا جگە لە ڕێگاچارە جیددییەکانی رزگارکردنی یەکێتی لەو هەلومەرجە سەختەی تێیدایە، لە هەموو ئەمانەش حەزینتر ئەو کۆنگرەیە نەک کۆنگرە نەبوو بەڵکو جۆرێک بوو لە مەهزەلەی سیاسیی. ئاخر چۆن ئەوە مەهزەلە نییە حزبێک هەموو ژیانی باجی کۆمەڵێک سەرکردە و هەنگاوی هەڵەی دابێت، دیسان هەمان ئەو سەرکردانە بکوژ و ببڕی داهاتوو هەر خۆیان بن و هەمان ئەو هەڵانەی پێشووش وەک شانازیی و خەتێکی سیاسیی بۆ داهاتووش چاوی لێبکرێت؟.

چی لەوە گاڵتەجاڕتر هەیە حزبێکی وەک یەکێتی کە رۆژ لە دوای رۆژ لە رووی سیاسیی و جەماوەرییەوە بەرەو دواوە دێتەوە، ئەوەش بەرئەنجامی ئەو هەڵە کوشندانە بێت خودی سکرتێری گشتیی دەیانکات و کردوونی، ئێستاش هەمان سکرتێر نەک رەخنەیەکی لێناگیرێت، بەڵکوو بە چەپڵەڕێزان و بەبێ هیچ رکابەرێک وەک قائیدی زەروەرە هەڵدەبژێردرێتەوە بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی حزب؟. چی لەوە مەهزەلەترە ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی لە بری لێپێچینەوە لەگەڵیان، کەچی زۆرترین دەنگیان بۆ کۆدەکرێتەوە و دیسان عەینەن تاس و عەینەن حەمام، هەر خۆیان لە هەرەمی دەسەڵاتن و ئەوانیتر هەمووی بۆ دۆزەخ؟. چی لەوە مەهزەلەترە دەیان سەرکردە و کەوادری فاشیل کە بە ئەزموون دەرکەوتووە لە راپەڕاندنی ئەرکە حزبیی و سیاسییەکاندا بە کەڵک نەهاتوون، ئێستا لەرێی کۆنگرەوە بۆ سەرووتر و ئاستی بەرزتر پایەیان بڵند بکرێتەوە؟. ئایا ئەمە لە لۆجیکی کام حزبی سیاسیی و لە قوتووی چ عەتارێکدا جێگەی دەبێتەوە؟.

من ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە گەشبین نەبووم بەرامبەر بە بەستنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی، بەڵام نایشارمەوە هەرگیزیش چاوەڕوانی ئەو مەهزەلەیە نەبووم، بڕواش ناکەم هیچ چاودێرێکی سیاسیی و هیچ ئەندامێکی یەکێتیش هەبێت، بڕوای کردبێت مەهزەلەکە دەگاتە ئەم رادەیە. بۆیەکا من قسەکانی خۆم کورت دەکەمەوە لە چەند دێڕێکدا و دەڵێم بەستن و نە بەستنی کۆنگرە بۆ یەکێتی هەر یەک شت بوو!!، ئایا ئێمە دەتوانین شاهیدی دوو قۆناغ بین، یەکێکیان بە ناوی قۆناغی پێش کۆنگرەی سێیەم و ئەویتریشیان بە ناوی قۆناغی دوای کۆنگرەی سێ؟. ئایا کۆنگرەی سێ یەکێتی خستە سەر کام شاڕێی خەباتی نوێ و مودێرن و هەڵسوڕانی سیاسیی

هاوچەرخ؟. ئایا کۆنگرە چی گۆڕی و لە ئایندەشدا چیتر دەگۆڕێت؟. وەختێک بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێین نەک کۆنگرەت بەلاوە پرۆسەیەکی پووچ دەبێت، بەڵکوو لەگەڵیدا ئەو کۆمیدیا سەیر و عەنتیکەیەشت بۆ دەردەکەوێ کە لە ناو پرۆسەی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا بە ئاشکرا خۆی دەرخست.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٦»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# سێ سەرکردەکەی یەکێتی ڕێکناکەون
#ماڵی یەکێتی بەرەو دابەشبوونی زیاتر دەڕوات

وا بڕیاربوو ڕۆژی ٣١-١-٢٠١٤، یەکێتی نیشتمانی کوردستان چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بەڵام بە هۆی کێشمەکێش و ململانێی ناوخۆیی ئەو حزبەوە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نەبەسترا، لە کۆبوونەوەی ٣١-١-٢٠١٤ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کە هەردوو جێگری سکرتێری یەکێتی «کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، بەرهەم ساڵح» بایکۆتیان کرد، بە زۆرینەی دەنگ کۆنگرەی چوارەمی ئەو حزبە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. لە بەرانبەردا کاردانەوەی توندی هەر یەک لە «د.بەرهەم ساڵح» و «کۆسرەت ڕەسوڵ»ی لێکەوتەوە. سەرەتا «د.بەرهەم» ڕایگەیاند ئەو تا ئەو کاتەی کۆنگرە دەکرێت هیچ پۆستێکی نییە لە ناو ئەو حزبەدا، بەڵکو وەک ئەندامێکی ئاسایی یەکێتی دەمێنێتەوە، دواتر لە بەلاغێکی کورتی هاوبەشدا لە ئێوارەی ١-٢-٢٠١٤ هەریەک لە «بەرهەم ساڵح» و «کۆسرەت ڕەسوڵ» ڕایانگەیاند سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی شەرعیەتی نییە و پێویستە بە زووترین کات کۆنگرە ساز بکرێت، بەڵام باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی هیچ وەڵامێکی فەرمی بۆ ئەو داواکارییە نەبووە.

پێشتر یەکێتی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دروستکرد، زۆرینەی سەرکردەکانی یەکێتی بۆ میدیاکان ئەوەیان ڕادەگەیاند، کۆنگرە وەک وێستگەیەکی نوێکردنەوەی حزب، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. لەو نێوەندەدا، «حاکم قادر» کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە

کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەیان دوا ناخرێت و لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی ترەوە هەر یەک لە «فوئاد مەعسوم» یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی، «عەدنان موفتی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بەجیا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد، هیچ پاساوێک نابینن بۆ دواخستنی کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەیان، لەلایەکی ترەوە بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، دواخستنی کۆنگرە قەیرانی قووڵتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە لایەنگری ئەوەن کۆنگرەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ببەسترێت.

سەرئەنجام لە کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی یەکێتی لە رۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بڕیاری دواخستنی کۆنگرە بۆ کاتێکی نادیار درا، بە پاساوی ئەوەی زۆرینەی مەڵبەندەکانی یەکێتی پێیان باشە ئەو کۆنگرەیە ئەنجام نەدرێت، ئەمەش ململانێ ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی بۆ جارێکی دیکە زەق کردۆتەوە و لە ئێستادا سێ سەرکردە دیارەکەی یەکێتی «هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد»، «کۆسرەت رەسوڵ»، «د.بەرهەم ساڵح»، رای جیاوازیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی بۆچوونی هەریەک لە بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسوڵ لە یەکترەوە نزیکە. ئەگەرچی هیچ کام لە جێگرانی سکرتێری گشتیی یەکێتی بانگەشەی وازهێنان لە یەکێتی ناکەن، بەڵام خۆ سڕکردنیان لەم قۆناغە چارەنووسسازەی یەکێتی کە کەمتر لە سێ مانگی ماوە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئەو حزبە.

مەلا بەختیار، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کە بە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ناو چەقی ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتی پێناسە دەکرێت، لە بارەی رەوشی ئێستای یەکێتییەوە نیگەرانی خۆی نیشان دەدات و رایدەگەیەنێت «پەرۆشی سەرکردەکانی یەکێتی بۆ بازاڕ و بازرگانی وای کردووە یەکێتی بەم دۆخە بگات». لەلایەکی ترەوە بەشێک لە بنکەی جەماوەریی یەکێتی و کادرە پێشکەوتووەکانی ئەو حزبە خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەی بەشی زۆری سەرکردایەتی ئێستای یەکێتین، جیا لەمەش گۆڕانکاریی لە سیاسەتی راگەیاندن و رێکخستن و هەڵبژاردن و دەزگا ئەمنییەکان بە کارێکی هەرە ئەولەویی پێناسە دەکەن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە نەک ئەنجام نەدراون بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆنگرە

کە تاکە ئومێدێک بوو بۆ هێنانەدی ئەو داخوازییانە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

ئێستا بارودۆخی ناوخۆیی یەکێتی تووشی شڵەژان بووە، ئومێد هەبوو کۆنگرە بتوانێت ماڵی یەکێتی رێک بخاتەوە و سەرکردە سیاسییە بیروڕا جیاوازەکان لەسەر یەک ستراتیجی سیاسیی و حزبیی لە یەکتر نزیک بکاتەوە، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی یەکێتی نە لەسەر کۆنگرە رێککەوتن، نە لەسەر ئەو رێککەوتنە چەند خاڵییەی لەلایەن خۆیانەوە واژۆی لەسەر کرابوو، تاکو لە حاڵەتی ئەنجامنەدانی کۆنگرە وەک پلاتفۆرمێکی سیاسیی کاری لەسەر بکەن، ئەویش خۆی لە باشکردنی ئۆرگانەکانی یەکێتی و گۆڕانکاریی لە پۆستە ئەمنییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و چەند خاڵێکی هاوشێوەدا دەبینییەوە. بۆیە بە پێی هەموو پێوەرە سیاسییەکان دۆخی هەنووکەی یەکێتی بە قۆناغێکی زۆر هەستەوەر و مەترسیداردا تێدەپەڕێت، ئەگەر ئەم قۆناغە تێنەپەڕێنرێت و ئەگەر سێ سەرکردەکەی یەکێتی نەگەنە ئەنجام یەکێتی زیاتر بچووک دەبێتەوە و رەنگە لە داهاتوودا لە ریزبەندی هێزەکاندا لە پلەی سێیەمیش بێتە خوارەوە.

بژاردەیەک لە بەردەم باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی مابێت، گەڕانەوەیە بۆ وتوویژ لەگەڵ هەردوو جێگری سکرتێری یەکێتی، چوونکە هەردوو جێگرەکە لە رووی سیاسیی و جەماوەرییەوە قورسایی خۆیانیان هەیە و رەنگە لەو هەڵبژاردنەی لە پێشە ئەم دڕدۆنگییەی ئەوان بە خراپ بەسەر یەکێتیدا بشکێتەوە، وەک چۆن لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، بەرهەم ساڵح بایکۆتی پرۆسەکەی کرد و لە بەرانبەردا «مەلا بەختیار» سەرپەرشتی پرۆسەکەی دەکرد، بەڵام دواتر دەرکەوت بایکۆتی «بەرهەم ساڵح» کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ئەو دەرئەنجامە خراپەی یەکێتی لەو هەڵبژاردنەدا تووشی بوو. بەشێوەیەکی گشتیی باڵی دەستڕۆیشتووی ناو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەبێت زەمینە خۆش بکات بۆ لە یەکتر تێگەیشتن، نابێت ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە کە پێشتر بە هاتنە دەرەوەی نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی تاقی کردۆتەوە.

لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان، بایەخی زۆر بە کێشە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی دەدەن، هەر یەکەیان بە پاساو و هۆکارێک دەیانەوێت رەوشی یەکێتی ئاسایی بکەنەوە و یارمەتی ئەو حزبە بدەن بۆ

دەرچوون لەم قەیرانە. هەرچەند پێشتر سێ سەرکردەکەی یەکێتی بانگهێشتی تاران کران بە ئاگاداریی پارتی، لەوێ گەیشتنە رێککەوتنێکی سەرەتایی کە دواتر هەڵوەشایەوە، بەڵام ئێران نائومێد نەبووە لەوەی بتوانێت هەموو سەرکردەکانی یەکێتی بۆ رێکخستنەوەی ناو ماڵی ئەو حزبە لە دەوری یەک ستراتیج کۆ بکاتەوە، هەرچی پارتی دیموکراتیشە دەیەوێ کەم و زۆر رۆڵی هەبێت لە یارمەتیدانی یەکێتی لەو قەیرانە قورسە ناوخۆییەی ئێستا ئەو حزبە پێیدا تێدەپەڕێت.

بەشێوەیەکی گشتیی سازنەکردنی کۆنگرەی چوارەم، بووە هۆکارێک بۆ تەقینەوەی دووبارەی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی، ئەوەشی لە تابلۆی سیاسییدا دەبینرێت، سەرکردەکانی یەکێتی وێڕای پەرۆشییان بۆ رابردووی خۆیان لەناو ئەو حزبە و پەرۆشییان بۆ خودی یەکێتی، بەڵام ناتوانن لەسەر یەک پلاتفۆرمی سیاسیی و حزبیی هاوبەش بگەنە رێککەوتن. لە ئێستادا بارودۆخی یەکێتی بە تەنگەبەرێکی سیاسیی قورسدا تێدەپەڕێت. بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە، ئایا کێ دەتوانێت ببێتە مام جەلال و کۆی یەکێتییەکان کۆ بکاتەوە؟.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٦»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٢-٢-٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# پارتی.. لەنێوان ئەفیونی دەوڵەت و قەیسەرگەرایی سیاسیدا

## مۆبیلیزەی گەمژەیی

بیرمەندی مارکسیی ئیتاڵی «ئەنتۆنیۆ گرامشی» لە شیکردنەوەی ململانێی هێزەکاندا پارادایمێک دەخاتە روو کە بە «قەیسەرگەرایی» ناوزەدی دەکات، لەو بارەوە دەنووسێت «دەکرێت قەیسەگەرایی بە روونکەرەوەی پێگەیەیک بزانرێت تێیدا هێزە بەگژیەکداچووەکان لە دۆخێکی هاوسەنگی کارەساتباردان و درێژەکێشانی کێشمەکێشیان تەنیا دەبێتە هۆی تەفروتوونابوونی هەردوولایان، ئەو کاتە هێزی پێشکەوتووخوازیی «A» لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستی «B»دا دەجەنگێت، وێڕای ئەوەی هیچکام لە دوو هێزەکە توانای بەزاندنی یەکتریان نییە، درێژەکێشانی تێکهەڵچوونەکە دەبێتە هۆی بێهێزیی هەردوولا، ئەوکاتە هێزی سێیەم «C» لە دەرەوەی ئەم بازنەیە دێتە ناوەوە و بەسەر هەموو ئەو شتانەی لەو دوو هێزە بەجێماون زاڵ دەبێت. دوای مەرگی لۆرانزی گەورە ئەم پرۆسەیە بە وردیی لە ئیتاڵیادا جێبەجێکرا».

دیمەنی ئەمڕۆی کوردستان هەر ئەو پارادایمە قەیسەگەراییەیە گرامشی تیۆریزەی کردووە، ئەمەش جۆرێک لەو دابەشکارییە «هیگل»ییە دەخاتەوە یادمان کە لەژێر ناونیشانی «تێز» و «ئەنتی تێز» فۆرمۆڵەکراوە بە لە دایکبوونی «سەنتێز». لەبەرئەوەی کێشمەکێشی هێزەکان بە جۆرێکە پارتی بە تەنها کەوتوتە

دەستێکی ململانێکەوە و کۆی هێزە سیاسییەکانی تریش لە بەرە و دەستێکی تری نەیاریکردنی پارتیدا راوەستاون. ئەم کێشمەکێشە زیاتر لە پەنجا و سێ ساڵە بەردەوامە، هەرچی پارتییە وەک حزبێکی مەرکەزیی بنەماڵەگەریی خۆی شوناس کردووە، لە بەرانبەردا نەیارانی پارتی قەیرانی شوناسیان هەبووە و هەیە، چوونکە رۆژانێک بە پۆشاکی چەپڕەویی و هەنووکەش بە بەرگی ترەوە خۆیان مانیفێست دەکەن بۆ جەنگی رووبەڕووبوونەوە. ئەم دوو هێزە یان راستتر وایە بڵێین دوو بەرەیە خۆیان و خەڵکیان ماندوو کردووە لە ململانێی سیاسیی و سەربازییدا، ئێستا دۆخی کۆمەڵگەی کوردیی لە چاوەڕوانی هێزی سێهەمدایە، تاکو بە فۆرمێکی جیاوازتر لەو دوو بەرەیە بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە. ئەم دۆخە بە دیدی گرامشی دۆخێکی قەیسەرگەراییە.

تراژیدیاکەش ئەوەیە، لەم بەستێنە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆدا، هێزی سێهەم لە دەرەوەی ئەو دوو هێزە لە ئاسۆدا نابینرێ، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەشی مەرج نییە ئەو هێزی سێهەمە بتوانێت دنیای کۆنەپەرستی سیاسیی وێران بکات، بەو پێیەی گرامشی ئەوە دەخاتە روو دەشێ ئەم دۆخە قەیسەرگەراییە کۆنەپەرستی بەرهەم بێنێت یان پێچەوانەکەشی. تاکو ئێستا کوردستان لە بەرداشی شەڕی ئەو دوو بەرەیەدا دەناڵێنێت، بێ ئەوەی جیاوازییەکی ئایدیاڵی یان فیکریی لەنێوان ئەو دوو بەرەیە هەبێت کەچی لە جەنگێکی بێ برانەوەدان، ئەو دوو بەرەیە سەرباری جیاوازییەکانیان، بەڵام خاڵی ناوکۆیشیان هەیە، بۆ وێنە دیکتاتۆرییەت کولتووریکە خەیاڵدانی سیاسیی هەردوو بەرەی گرتووە. لەو سۆنگەیەی دیکتاتۆریی تەوزیف دەکرێت بەسەر دوو شێوەدا، شێوەی یەکەم، دیکتاتۆریی تاکەکەسییە کە ئەمەیان پارتی دەگرێتەوە. پارادیمەکەی تری دیکتاتۆریی بریتییە لە دیکتاتۆرییەتی رێچکەیی کە لە قاڵبدانی دەوڵەت یان رێکخراو و کۆمەڵگەیە لە بازنەی بۆچوونێکی سیاسیی یان ئایدۆلۆگی دیاریکراودا کە ئەمە بەرەی نەیارانی پارتی دەگرێتەوە کە پێکهاتوون لە پەکەکە و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان.

دوای ئەم دیباجەیە، دەمانەوێ لە بارەی سیاسەتی پارتییەوە بدوێین کە وەک هێزێکی ئیستبدادیی و جەمسەرێکی بەهێزی دەسەڵات لە باشووری کوردستان کۆی کایە کارگێڕییە گرنگەکانی مۆنۆپۆڵ کردووە و هەژموونیشی هەیە بەسەر

پارچەکانی تری کوردستانەوە بۆ نموونە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستان. پارتی هێزێکە زۆر تایبەتمەندیی تۆتالیتاریزمی تێدا بەرجەستە بووە، بەو هۆکارەی دەوڵەتی جڵەو کردووە لە رێگەی سەپاندن و هێزەوە، ئەوەی پێی دەوترێ دیموکراسیی تەنیا وێنەیەکی ئیغتسابکراوی ئەو دیاردە یونیڤرساڵەیە، بە مانایەکی تر پارتی خوازیارە لە رێگەی حکومی پۆلیسی و دەزگا سەرکوتگەرەکانییەوە درێژە بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەگەریی و حزبی خۆی بدات لە هەرێمی کوردستان، وەنەبێ نەیارانی پارتی بە پڕۆژەی دیموکراسییەوە ململانێی پارتی بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر هەمان وێنە و ستایڵ خۆیان داتاشیوە کە پارتی کردوویەتی بە فەرهەنگ و بیرکردنەوەی سیاسیی زاڵ لانیکەم لە تەواوی باشووری کوردستاندا.

قسەی ئێمە لەسەر بانگەشەی پارتییە بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، پێموایە بیرۆکەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، دوای پاسۆک، دروشمی کۆمۆنیستەکانی کوردستان بوو لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە، ئەگەرچی پاسۆک داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەڵام میکانیزمەکانی دەوڵەتسازیی نەدەخستەڕوو، هەرچی کۆمۆنیستەکانە لە ساڵی ١٩٩٥ بە دواوە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لە رێگەی ریفراندۆمەوە، دواتریش بزووتنەوەی ریفراندۆم و گۆڤاری ریفراندۆم لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە بوو بە هەنگاوی پراکتیکیان، بە تایبەت لەو سەروبەندەدا تەیمووری رۆژهەڵات لە رێگەی راپرسییەوە توانی دەوڵەت دروست بکات. ئەگەرچی کۆمۆنیستەکان هێزێکی هێندە کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی نەبوون تاکو ریفراندۆم بکەنە رۆژەڤی سیاسیی فەرمیی لە کوردستان، بەڵام خاوەنی راستەقینەی ئەم بیرۆکەیە کۆمۆنیستەکانن، کە من بۆ خۆم ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە خەریک بووم.

بەدەر لەمە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا پارتی دەوڵەت دروست دەکات؟. ئەگەر بڕیارە دەوڵەتی کوردستان دروست بکات هەموو لەم هەنگاوەدا لەگەڵدایین، بەڵام ئایا پێشمەرجەکانی دەوڵەت چین؟. بنیاتنانی کۆمەڵگە و ئابوورییەکی بەهێز دووان لەو پێشمەرجە هەرە بەهێزانەن کە بۆ هەر دەوڵەتێکی هاوچەرخ پێویستن، دەبێت ئەوە ببینین لە چاخی کۆمیکەیشن و گلۆبالیزەیشندا کەمتر دەوڵەتی ناوەندیی و نەتەوەیی هەڕمێنی هەیە، بەڵکو دەوڵەتان لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگە

ئابوورییەکانیاندان، بەو هۆیە جیهانگیریی سەرمایەداریی هەموو ئەو دەوڵەتە لاوازانە دەکات بەژێر شەپۆلەوە کە لە رووی ئابوورییەوە شکستخواردوون، سەیر بکەن «یۆنان»ی لانکەی شارستانییەت و فەلسەفەی سیاسیی و دەوڵەت، بەهۆی قەیرانی دارایی و سووەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتییەوە کەوتۆتە ژێر چ دارمانێکی ئابووری و سیاسییەوە.!.

ئەمە بە مانای ئەوە نییە، مادام دیموکراسیی یان ئابووری بەهێزمان نییە، ئیدی واز لە خەونی دەوڵەت بهێنین! بەڵکو بە مانای ئەوەیە پێویستە پێشمەرجەکانی دەوڵەت دابمەزرێنین، پایەکانی دەوڵەت بینا بکەین، چوونکە بە پێچەوانەوە راگەیاندنی دەوڵەت خۆکوژیی سیاسییە. پارتی و حکومەتەکەی بەرپرسی یەکەمن لەو قەیرانە قورسەی دارایی ئەمڕۆ بەرۆکی باشووری کوردستانی گرتووە، بەرپرسی یەکەمن لەو گەندەڵییە لە رادەبەدەرەی کوردستانی گرتۆتەوە، راستە گەندەڵیی فینۆمینێکی سیستمی کاپیتاڵییە و دیاردەیەکی لۆکاڵی کوردیی نییە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێ پێناسەکانی گەندەڵیی نایگرێتەوە بەڵکو جۆرێکە لە تاڵانی و جەردەیی. بۆیە پارتی بیەوێ یان نەیەوێ هەردوو پێشمەرجەکەی دروستکردنی دەوڵەتی لەناوبردووە، لە کاتێکدا دەکرا بەو سامانە سروشتیی و ئابوورییە دەوڵەمەندەی کوردستانەوە نەک دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتوو بەڵکو دەوڵەتی رەفاهیش تەبەنی بکرایە، ئێستا کە نەکراوە بەرپرسیارێتییەکە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی پارتی خۆیدایە. چوون ئەو قووچەکی دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵ کردووە.

ئێمە باسی دامەزراندنی دەوڵەتی خەڵکسالار «دیموکرات» ناکەین، دیموکراسیش بە مەرجی دەوڵەتسازیی نازانین، چوونکە لە ٢٠٠ دەوڵەت کەمتر لە ٥٠ دەوڵەت بە شێوازی دیموکراسی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن «ئەگەرچی دیموکراسی خۆی لە خۆیدا سیستمێکی پڕ کەموکوڕییە»، بەڵام دەتوانرا لە کوردستان مۆدیلێک لە دەوڵەت دروستبکرێ، پێگە ئابوورییەکەی گرەنتی مانەوەی بکات لە قۆناغی یەکەمدا، شەڕی جێگریکردنی سیستمی سیاسیی بە پارادایمی دیموکراسی قۆناغێکی دواتر بێت. دەکرێ سەرەتا دەوڵەتێک لەسەر شێوەی «چین»ی دروست بکرێ، واتە دەوڵەتێکی کراوە و بەهێز لە رووی ئابوورییەوە بێ کرانەوەی سیستمی سیاسیی، کە ئەم لانیکەمەش نییە، کێ بەرپرسیارە؟. وەڵامەکە

هەر ئەوەیە خودی پارتی بە پلەیەک لە پێش هەموو کەسێکی ترەوە تاوانبارە، بەو دەلیلەی ساڵانێکی زۆرە ئابووری کوردستانی داڕزاندووە کە ئێستا حکومەت توانای دابینکردنی نیوە مووچەیەکی نییە بۆ فەرمانبەران، لە هەڵپەی بە حزبیکردنی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و ژیانی شارستانیی خەڵکدا بووە، هێزەکانی تریش لەم رووەوە کێشەیان لەگەڵ پارتی نەبووە، بە قەدەر ئەوەی خوازیاری ئەوە بوون ئەو هەموو دەسەڵاتەی پارتی مۆنۆپۆڵی کردووە بۆ خۆیانی پاوەن بکەن.

گووتارێکی موزەیف لە میدیای پارتییەوە رەواجی پێدەدرێت، گوایە هێزەکانی تر رێگرن لە دروستکردنی دەوڵەتە کوردییەکە!!! ئاخر هێزەکانی تر دەسەڵاتی ئەوەیان نەبێت سەرۆکی پەرلەمان بنێرنەوە هەولێر لە کوێ دەتوانن ئەو پرۆسە گەورەیە بوەستێنن؟. بە بۆچوونی من پارتی ئەم پرسە بۆ دوو مەبەست دەجووڵێنێت، یەکەم: وەک کەرەستەیەک بۆ شەڕی نەیاران، لەبەرئەوەی خۆیان لە داخوازیی خەڵک و نەیارانیان دەدزنەوە بە پاساوی سەرقاڵیان بە پرۆژەی دەوڵەتەوە، هەرواش بووە ئەوەتا پەرلەمان پەکخراوە و عەمەلییەی سیاسیی لە کوردستان لە دۆخێکی چەقبەستووی خنکێنەردایە. دووەم: بەکارهێنانی سەفسەتەی دروستکردنی دەوڵەت وەک ئەفیونێک بۆ داپۆشینی شکستە سیاسییەکان و سکەنداڵە کارگێڕییەکان، چوونکە حکومەت رووبەڕووی شکستی ئیدارەکردن بۆتەوە و لە راستیشدا حکومەتی هەرێم بۆتە حکومەتێکی تاکحزبیی لە رووی بڕیاردان و پرۆتۆکۆلاتەوە.

لەلایەکی تریش، پارتی لە رێی میدیاوە سەرقاڵی مۆبیلیزەی گەمژەییە بەو هۆکارەی دەیەوێت بە نیشاندانی سەرکەوتنە دیبلۆماسییەکانی کاربەدەستانی هەرێم «پارتی»، شکستە ناوخۆییەکان لە بیر خەڵک بباتەوە. ئەمە جگە لەوەی کەس ئاگاداری پرۆتۆکۆلات و سەفەقاتەکانیان نییە لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانیی بە تایبەت لە مۆرکردنی بۆندە نەوتییەکان، لەگەڵ ئەوەش ئەو دیبلۆماسییەتە بە حیساب سەرکەوتووە لە بری هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاو کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ دواوە گێڕاوەتەوە. دیمەنەکەش هێندە تراژیدیی- کۆمیدییە کە هەندێک لە قەڵەم بەدەستانی پارتی دەیانەوێ ئەو پەیوەندییە دیبلۆماسییانە بە مەکرەمە و بە خاڵی بەهێزی حزبەکەیان بە خەڵک بفرۆشنەوە، بێ ئەوەی ئەو فاکتە لەبەرچاو بگرن، ئەو دەوڵەتە ناوچەیی و زلهێزانە چەند بە کەڵکی موبارەک

و قەزافی هاتن لە رۆژی رەشدا هەر ئەوەندەش دەگەنە فریای پارتی لە کاتی تەقینەوەی بورکانی تووڕەیی جەماوەردا، ئەلفوبای سیاسەتیش لە زەمەنی بێ ئابڕووی سەرمایەدارییدا ئەوەیە سیاسەت لە رەوشت داڕنراوە. لە واقعیشدا سیاسەت عاتیفە نییە، بەڵکو هونەرێکی ریالیزمی رووتە.

٢٠١٧-٦-٦

نەخۆشخانە «فرانسیسکۆز هۆسپیتەڵ»

# ریفراندۆم وەک کەرەستەیەک بۆ ئیحتیواکردن
## رای سێهەم لەمەڕ پرسی ریفراندۆم

دواجار و پاش چەند ساڵ بانگەشەکردن لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بێ ئامادەبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، رۆژی ٢٥ی سێپتامبەری ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی راپرسی «ریفراندۆم» دیاریکرا. ئەمە تەنیا بەشێک لە دیمەنی سیناریۆکەیە، دیمەنی هەرە گرنگ لەم پرسەدا ئەوەیە، ریفراندۆم چۆن و بە چی میکانیزمێک؟ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت یان وەک کارتێک بۆ ئیحتیواکردنی سیاسیی؟. هەموو ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن دەشێ مرۆڤ بە زەینیدا بێت، ئەمە بێ ئەوەی نکۆڵی لەوە بکەین سەربەخۆیی و ریفراندۆم ئاوات و خەونێکی دێرینی هەر مرۆڤی کوردە، بەڵام گومانکردن بەشێکی هەرە گرنگی بەدەستهێنانی یەقینە، لەبەرئەوە پێش هەر شتێک دەمانەوێ لە گومانەکانەوە دەست پێ بکەین تاکو بتوانین بگەینە دڵنیایی.

نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیک بە یەک سەدەیە بەم فۆرمەی ئێستای لەلایەن هەردوو هێزی سەرەکی ئیمپریالیستی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی «بەریتانیا- فەرەنسا» دارێژراوە، تاکو ئێستا هیچ دەستکارییەکی ئەو نەخشەیە نەکراوە چوونکە لە بەرژەوەندیی زلهێزەکانی دنیادا نەبووە، لە زەمەنی شەڕی سارددا هەردوو کامپی سۆسیالیستی خۆرهەڵات و کاپیتالیستی خۆرئاوا، لە زۆرینەی شتەکاندا ناکۆک بوون، بەڵام لە هێشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا وەک خۆی، کۆک بوون، بەو پێیەی رووسیای بەڵشەفیک یارمەتی زۆرێک لە گەلانی تری لە ئەفەریکا و ئەمەریکای لاتینی دا بۆ رزگاربوونیان لە چنگی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی، بە پێچەوانەشەوە ئەمەریکا رۆڵی سەرەکی بینی لە رزگارکردنی ناوچەی باڵقان لە دەست سیستمی تۆتالیتاریی سۆڤێت، کەچی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو زەمەنە پڕ ئاڵوگۆڕەشدا وەک خۆی مایەوە، ئەمەش وایکرد کورد یەکێک لە زەرەرمەندترین لایەن و گەل بێت بە مانەوەی ئەم نەخشە ئیمپریالیستییە، کە دابەشکاریی کوردستانی لە دوولەتکردنی پاش رێککەوتنی چالدێرانەوە لە ١٥١٤ گۆڕیبوو بۆ چوار لەتکردن بەسەر چوار دەوڵەتدا کە دووانیان دەوڵەتی دەستکردی دەستی ئیمپریالیزم بوون «عێراق و سوریا».

دەستکاریکردنی ئەم نەخشەیە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و رووداوێکی گەورەی جیهانیشە!! چوونکە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان «وەک بانگەشەی بۆ دەکرێ و خەونی هەموو لایەکیشە» دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەخشەیە و داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی دیکە، پرسیارەکە لێرەدایە ئایا زلهێزە جیهانییەکان بەرژەوەندییەکانیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەستکاریی نەخشەکە بکرێ؟ ئایا وڵاتانی وەک ئەمەریکا و روسیا کە دوو جەمسەری هێزن لە دنیادا، کام لایان پشتیوانی دەستکاریکردنی ئەو نەخشەیە دەکەن؟ پێویستە ئەو دوو پرسیارە بە روونی وەڵام بدرێنەوە پێش ئەوەی خەڵک ماندووبکرێ بۆ پرۆسەی راپرسی، چوونکە بێ رەزامەندیی ئەو دوو جەمسەرەی هێز «لانیکەم یەکێکیان» بڕیاردان و هەنگاونان بۆ دروستکردنی دەوڵەت، هیچ پێشەوەچوونێک ناگەیەنێ لە دۆزی کورددا، بەڵکو کردەیەکی ناعەقڵانی و بڕیاری خودکوژییە.

لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کورد نابێت کار بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی، بەقەدەر ئەوەی قسەیە لەسەر گرەنتی مانەوەی ئەو دەوڵەتە. خۆ حکومداریی شێخ مەحمود و کۆماری دیموکراتی کوردستان بە رابەرایەتی قازی محەمەد، دوو دەوڵەتی دانپێدرانراویش بوون، یەکەمیان لەلایەن ئینگلیزەوە و دووەمیان لەلایەن روسیای ستالینییەوە، بەڵام چوونکە بەرژەوەندیی زلهێزەکان وای دەخواست بە زەبری ئاگر و ئاسن هەڵوەشێنرانەوە، راستە ئێستا هەمان ئەو

زەمەنەی رابردوو نییە و ئەمەریکا پڕۆژەیەکی هەڵپەسێردراوی پێیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە»، بەڵام ئایا تەوقیتی پیادەکردنی ئەو نەخشەیە هاتووە؟ من نامەوێ بە بەڵێ و بە نەخێر وەڵام بدەمەوە، بەڵکو ئەرکی لایەنەکانی واژۆکاری ریفراندۆمە ئەم پرسیارانە وەڵام بدەنەوە، چوونکە ناکرێت بێ دڵنیاکردنەوە، خەڵک ببرێتە پای سندووقەکانی دەنگدان و ئاکامیش وەک گرێیەستە نەوتییەکان هەرەسێکی مەزنتر بهێنێتە ئارا.

لە ڕەهەندێکی ترەوە، ریفراندۆم پرۆسەیەکی لۆکاڵی دەبێت یان ڕەهەندی نێودەوڵەتی پێدەدرێ و دەخرێتە ژێر چاودێریی باڵاترین دامەزراوەی نێودەوڵەتییەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکانە؟ ئەم پرسیارەش پێویستی بە وەڵامە، دەبێت پێش ریفراندۆم ئەم دڵنیاییە بدرێت بە خەڵک کە رێکخراوێکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بە رەسمی مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆمی کوردستان دەکات و ئەنجامەکانیشی هەرچۆنێک بێت پەسەندی دەکات و دەیخاتە رۆژەڤی خۆیەوە، چوونکە لە زۆرینەی ریفراندۆمەکانی جیهاندا بە تایبەت بۆ جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەت، نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی پرۆسەکەی کردووە، وەک لە ئەزموونی تەیمووری خۆرهەڵات و باشووری سودان و هەندێک لە دەوڵەتە تازە دروستبووەکانی یوگسلافیای جاراندا بینیومانە، بێ ئەمەی ریفراندۆمی کوردستان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی پێ بدرێ، گوومانی تێدا نییە نەکردنی باشترە لە ئەنجامدانی، تا ئەو کاتەی زەمینە بۆ دەخەملێت.

تا ئێرە هەندێ پرسیاری سیاسیی بوون لەسەر ئاستی دەرەکی، بەڵام کاتی ئەوەیە قسەش لەسەر پرسیارە ناوخۆییەکان بکەین!. ئایا ئەم ریفراندۆمە لە زۆنی سەوز- نیلی دەتوانێ پەنجا دەر سەد لە بەشداریی و دەنگی بەڵێ بەدەستبهێنێت؟ ئەگەرنا فاکتۆرەکان چین؟. ئایا ڕەتکردنەوەی نزیکەی ٥٥٠ هەزار دەنگی گۆڕان و کۆمەڵ بە مانای فەرامۆشکردنی یەک لەسەر چواری دەنگەکانی هاووڵاتیان نییە؟. ئایا ئەگەر ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە بۆچی هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو لایەنە نەدرا؟، ئایا کاراکردنەوەی پەرلەمان بەشێک نییە لە پرۆسەی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو هێزە؟ ئەی بۆچی نەکراوە لەم بارودۆخە هەستەوەرەدا؟. ئەگەر لە ریفراندۆمدا نیوەی هاووڵاتیانی کوردستان نەچوون بۆ دەنگدان یان نزیک چل لەسەد دەنگی

نەخێریان دا مانای هەرەسی سیاسیی حکومڕانی نییە لە کوردستاندا؟ پێویستە یەک یەک وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوە، دوور لە تەخوینکردن و دەمارگرژیی سیاسیی.

دیارە زۆر روونە، ریفراندۆم لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان «ئیدارەی پێشووی سلێمانی» وەک پێویست دەنگی «بەڵێ» کۆناکاتەوە!!. ئایا ئەم خەڵکە کۆمپلێت هەموو جاشن؟ نەخێر ئەو تەخوینە ئاسانترین رێگە و خۆدزینەوەیە لە تێگەیشتن لە دۆخی سیاسیی و تووڕەیی خەڵکی ئەو دەڤەرە فراوانە کە نیوەی دەنگی کوردستانی تیایە بەهۆی چڕیی دانیشتووانەکەیەوە. ئەگەر خەڵکێکیش هەبێت بە گرێی دەروونییەوە بڕوانێتە پارتی و پێیوابێ ئەمە پرۆژەی ئەوانە، بەڵام زۆرینە ئەوانەن تووڕەن لەو شێوە حکومدارییەی بەسەریاندا فەرز کراوە، بەتایبەت لە دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و دواتریش قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کە بەشی شێری بۆ گرێبەستەکانی بواری نەوت و پیترۆڵ دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەم دۆخە بەراوورد بکەین بە ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ریفراندۆمە نا فەرمییەکەدا ٩٨٪ دەنگەکان بە «بەڵێ» بوون، ئایا هۆکاری ئەوە چییە ئێستا ترسی ئەوە هەیە نیوەی ئەو دەنگەش بەدەست نەهێنرێتەوە؟. وەڵامەکە روونە، ئەزموونی حکومداریی سەقەتی ئەو ١٢ ساڵە کاریگەریی لەسەر کۆنەستی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیانی ئەم دەڤەرە کردووە کە بە خەڵکێکی یاخی ناسراون لە دیرۆکدا.

ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، ئەم ریفراندۆمە لە کۆتاییدا دەبێتە ریفراندۆمی پارتی- یەکگرتوو.. بەو پێیەی بنکەی جەماوەریی یەکێتی لەگەڵ قووچەکی قۆرخکاری مەکتەبی سیاسیی حزبەکەیان نین، لێ ئەمە هۆکاری زاتی و بابەتی خۆی هەیە، بەڵام دواجار هەمان سیناریۆی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ دووبارە دەبێتەوە. کۆی حزبەکانی تری واژۆکاری ریفراندۆمیش زۆرێکیان دوکانی سیاسین و بە هەمووشیان هێندەی مەکۆیەکی گۆڕان دەنگیان پێ کۆناکرێتەوە. ئەگەریش دیموکراسی بریتی بێت لە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، ئەنجامی راپرسی دیکتاتۆرییەتی نیوەی کۆمەڵگەی کوردییە بەسەر نیوەکەی تریدا، ئەوکاتەش دابڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەنووکە دەگەیەنێتە دابڕانی جوگرافی، بۆیە لە وتارێکی تردا وتوومە ئەم پرۆسەیە رەنگە دواجار لە بری هەنگاوێک بۆپێشەوە دوو هەنگاو

بۆ دواوە بێت.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، ئایا دوای ریفراندۆم چی؟ ئایا کار دەکرێ بۆ لۆبی دروستکردن لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ راگەیاندنی دەوڵەت یان دەکرێتە وەرەقەیەک بۆ کات کوشتن و ئیحتیواکردن و خۆدزینەوە لە کێشە و تەنگوچەڵەمەکانی ئیدارەکردن و بار و گوزەرانی هاوولاتیان؟. یان ئەزموونی کۆسۆڤۆ دووبارە دەکرێتەوە کە دوای ١٧ ساڵ لە ریفراندۆم، ئینجا دەوڵەتیان راگەیاند. کە ئێستاش زۆرینەیەک لە هاوولاتیانی کۆسۆڤیی ئاواتەخوازی گەڕانەوەی تارمایی یوگسلافیان!. بە بۆچوونی من مەودای نێوان پرۆسەی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەت «ئەگەر دەوڵەتیش رابگەیەنن» مەودایەکی درێژ دەبێت لە رووی کاتەوە، چوونکە بۆ دەسەلاتی ئێستا ئەم کارە گەلێک پێویستترە لە خودی دەوڵەت، بەو هۆکارەی بە پاساوی سەرقاڵیی بە ئەجیندای دەوڵەتەوە چەند ساڵێکی تر تەمەنی ئەو حکومدارییە سەقەتەی خۆی لە دەرەوەی گووشاری جەماوەریی و گۆڕانکاریی درێژ دەکاتەوە، بۆ ئایندەش وەک هەمیشە بە بێ پلانی دەمێنێتەوە، وەک چۆن بینیمان بێ پلانی کارێکی وایکرد کە ١١ ساڵ لە داهاتی کوردستان لەبەشە بودجەی عێراق بەشی ١١ مانگی مووچەی فەرمانبەرانی لێ پاشەکەوت نەکرابوو.

ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانە «فرانسیسکۆز هۆسپیتەڵ»
٩-٦-٢٠١٧
کاتژمێر: ٥:٣٠ بەرەبەیان

# یەکێتی و بە خۆداچوونەوە.. کام بەخۆداچوونەوە؟

هەڵبژاردنی ٢٥-٧-٢٠٠٩ کۆمەڵێک رووداوی چاوەڕواننەکراوی بە دوای خۆیدا هێنا, لیستی چوار حزبەکە نەیانتوانی نیوەی ئەوە دەنگ بهێنن پێشتر پێشبینیان کردبوو، لیستی چەپەکان تووشی شۆک و داڕمـان بوون، لیستی کوردستانی هەرگیز چاوەڕێی وەها شکستێک نەبوو کە دوای ئەو هەموو ساختەکارییە نیوەی دەنگی هاووڵاتیان بە دەستبهێنێت، لیستی پێشکەوتن بە تـەواوەتی هەرەسی هێنا، بزووتنەوەی ئیسلامی هەستایەوە و بووە خاوەنی دوو کورسی، لیستی گۆڕان سـەرەڕای ئەوەی فێڵ و ساختەکاریی زۆری دەرهەق کرا بەپێچەوانەی پێشبینی جادووگەرەکانی ناو یەکێتی، ٢٥ کورسی بەدەستهێنا، هەندێ قەوارەی تر بە تەواویی شکستیان هێنا. لایەنە شکستخواردووەکان هەریەکە بە شێوازی خۆیان باسی بەخۆداچوونەوە دەکەن، حزبی شیوعی ئێستا بە حیساب لە قۆناغی بەخۆداچوونەوەدایە، ئیسلامییەکان هێشتا کەئابە و شۆکی دەرئەنجام بەرینەداون، بەڵام ئەوانیش باس لە بەخۆداچوونەوەیەکی جیددی دەکەن.

یەکێتی ئەگەرچی زۆر راستەوخۆ باسی بەخۆداچوونەوە دەکات، بەڵام لە حاڵی واقیعدا جۆرێک لە پرۆسە لە ئارادایە نەک هەر بەخۆداچوونەوە نییە بەڵکو خۆ وێرانکردنە. ئەگەر مرۆڤ بەدیقەتەوە تەماشای میدیای یەکێتی و گووتاری سەرکردەکانی بکات، تێدەگات یەکێتی پرۆسەی بەخۆداچوونەوە بە دەرکردنی زیاتر و نانبڕینی زیاتر و هێرشکردنی پتر بۆ سەر کۆمپانیای وشە و دەست

نووقاندنی زۆرتر تێدەگات. هیچ کات بیر لەوە ناکاتەوە لە پشتی شکستەکانییەوە کۆمەڵێک فاکتۆر و دەموچاو هەن کە دەبێت ئەوانە بنبڕبکرێن و لاببرێن نەک ئیجرائەتکردن لە ئاستی خوارەوە و لە ناو کادرە مامناوەندییەکاندا ئەنجام بدرێت، ژبەر ئەوەی کادری مامناوەندیی هیچ دەستێکی نییە لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی فەرمی یەکێتیدا.

سیاسەتی هەڵەی یەکێتی لە چەند ساڵی رابردوو هەم لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، گەندەڵیی، پشتکردنە جەماوەری گەل، پاڵپشتیکردنی تاوانبارانی گەلکوژیی کورد و پاڕانەوە بۆیان لە دادگا، هەڵە زۆر زەق ودیارەکانی مام جەلال هەر لە وەسفکردنی دەوڵەتی کوردیی بە خەونی شاعیرانە تا ئازادکردنی تاریق رەمەزانی فرۆکەوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سووکایەتیکردن بە دەنگە ناڕازییەکان، نادادپەوەریی، دەوڵەمەندبوونی دەستەیەکی بچووک لە سەرەوەی یەکێتی لەسەر حیسابی زۆرینەی خوارەوە کە ئەندامان و لایەنگرانن، بەستنی پەیمانی عەنتیکە عەنتیکە لەگەڵ پارتی و..هتد، ئەو فاکتۆرە زۆر سەرەکییانەن یەکێتی نیشتیمانیان گەیاندە ئاوها رۆژێک، کە توانای ئەوەی نەبێت چەند پاسێک لە خەڵکی سلێمانی کۆبکاتەوە بۆ مەراسیمی لیستی کوردستانی بە ئامادەبوونی مام جەلال و مەسعود. ئەوە هەر باسی ئاکامەکان مەکە کە د.بەرهەم بە شەخسیی خۆی وتبووی تووشی شۆکێکی زۆر گەورە بووینەتەوە و هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووین وەهامان لێ بەسەربێت. جیا لەوەش کۆمەڵێک دەموچاو کرابوونە سیما و سیمبۆلی یەکێتی، لەبری ئەوەی یەکێتی و حکومەتی هەرێم لەلای خەڵکی کوردستان بە پرۆژە خۆشەویست بکەن، بەڵکو زۆر راستەوخۆ رۆڵیان گێڕا لە ناخۆشەویستکردنی یەکێتی و حکومەت لە لای خەڵک بە تایبەت لە کن نەوەی تازە پێگەیشتووی کوردستان.

نامانەوێت ناوی هیچکام لەوانە لێرەدا ریز بکەین، چوونکە هەموویان لای هاووڵاتیان وەک خۆیان ناسراون، بۆیە ناوهێنانیان ئاشکراکردنێکی تازە نییە. هەر بەم بۆنەوە ئەگەر یەکێتی دەیەوێت گۆڕان بکات و بەشێوەیەکی تەندروست بە خۆیدا بچێتەوە، پێشکات پێویستە گۆڕان لە بەرنامە و گووتاری سیاسیی خۆیدا بکات، کۆتایی بهێنێت بە دیکتاتۆرییەتی دەستەیەکی بچووک بەسەر زۆرینەی

ئەندامانداا، خۆی ڕێکبخاتەوە وەک هێزێکی خزمەتکاری هاووڵاتیان نەک وەک ئێستا ببێتە بار بەسەریانەوە و سەروەت وسامانیان بۆ خۆی زەوت بکات، ئەوجا ئەگەر قەرارە کۆمەڵە کەسێک هەبن بکەونە بەر ڕەشەبای پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و بنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەوە نەک نابێت ئەندامانی خوارەوە بن تەنانەت گونجاو نییە ئەندامانی مەڵبەند و کۆمیتەکانیش بن، بەڵکو گرنگە ئەو کۆمەڵە دز و بەناو سیاسییە بێ ئیرادە و ناخۆشەویستانە بن لە سەری قووچەکەکەدان، ئەوانیش پێکهاتوون لە دەستەیەک هەم لە ئاستی کۆمیتەی سەرکردایەتی، هەم لە ئاستی مەکتەبی سیاسیی و وەزارەتەکان و پەرلەمانی کوردستان.

وەک خۆم وەها تێدەگەم یەکێتی نایەوێت بە خۆیدا بچێتەوە چوونکە ئەگەر نیەتێکی وەهای هەبووایە پێویستی نەدەکرد کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان دروستببێت کە ٢٥ کورسی بەدەستهێناوە و لانیکەم ٢٠ کورسی لەو ڕێژەیە دەنگی ڕاستەقینە و ڕەسەنی یەکێتی بووە. یەکێتی دەیەوێت لە ژێر دروشمی بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکارییکردن لە ئۆرگانە جیاواز و حزبییەکاندا پرۆسەی پاکتاوێکی گشتگیر بەڕێوە بەرێت بە مەبەستی دەرکردنی هەموو ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت دەنگیان بە غەیری لیستی کوردستانی دابێت، لەهەمان کاتدا ئەم پرۆسەیە شان خاڵیکردنەوەی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتییە کە تەنانەت توانیبوویان خودی مام جەلال چەواشە بکەن بەوەی گۆڕان ناتوانێت لە سێ چوار کورسییەکی پەرلەمان زیاتر بهێنێت، تا ئەوەی مەلا بەختیار لە دیمانەیەکدا پێش هەڵبژاردن وتبووی هەموو گۆڕان ٣-٤ هەزار کەسێکن. ئەم چەواشەکارییە وەهای لە مام کرد لە دوا شەوی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەستەی گۆڕان بە سەرلێشێواو پێناسە بکات، دواتریش ئاکامەکان پێچەوانەی نیشاندا. بۆیە هەنووکە چەواشەکارەکانی سەرەوە کە هەر خۆیان بەرپرسیاری ئەم ڕۆژەی ڕەشەی یەکێتین دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە دەستە چەورەکەیان بە خوارەوە بسڕننەوە، ئەمەش وامان لێدەکات باوەڕمان بە بەخۆداچوونەوە لاواز بێت و بێژین کام بەخۆداچوونەوە؟.

*ئەم وتارە لە سایتی «سبەی» لە ڕۆژی ٢٥-٨- ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆتاییە تراژیدییەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

دیمەنەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە کۆمیدیایەک بەولاوە چیتر نەبوو، بەڵام دیارە ئێمە تەنێ لە رووکەشدا هەستمان بەو کۆمیدیایە دەکرد، بەڵام ناواخنی ئەوەی لە میانەی ئەو کۆنگرەیەدا گوزەرا، کۆتاییەکی تراژیدیی یەکێتی بوو. دیارە کۆتاییهاتن مەبەست لە سڕانەوەی فیزیکیی نییە، هێندەی مەبەستمان لە کۆتایی رەوایی و ئەو پرنسیپ و دروشمانەیە یەکێتی لە سی و پێنج ساڵ پێش ئێستاوە لەسەر دامەزرا، کۆتایی ئەو فەنتازیا و خەونەیە بە یەکێتییەوە بەسترابووەوە، کۆتایی ئەو کولتووورە شۆڕشگێڕیی و یاخیبوونەوەیە کە مۆرکی سەرەکیی یەکێتی بووە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، چوونکە یەکێتی لە شەوەزەنگی دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ بۆ نەوەی نوێی ئەوسا و چەندین نەوەی دواتریش، چرای رووناکی خەبات و هەستانەوەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازیی بوو، کەچی دوای سی و پێنج ساڵ لە تەمەن، لە لەبارترین هەل و ساتەوەختەکانی خۆیدا، لە هەموو ئەو کولتوور و دروشمانە پەشیمان دەبێتەوە و لە رووی سیاسییەوە خۆکوژیی ئەنجام دەدات.

یەکێتی لە سەختترین قۆناغەکانی خەباتی شاخ و شەڕی ناوخۆی شارەکاندا، نەک نەبۆتە حزبی ژەنەراڵ و پیاوە ئەمنیی و موخابەراتییەکان، بەڵکوو هەمیشە جڵەوی سەرکردایەتی لە دەستی دەستەبژێرێکی سیاسیی و رۆشنبیری وردە بۆرجوازیی شارییدا بووە، لە هەموو ساتەوەختەکاندا ئەوەی یەکێتی ئاڕاستە و

تەیار کردووە، کۆمەڵێک سەرکردەی ناچەکدار و خاوەن بیروڕای جیاواز بووە، کەچی سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوە لە قۆناغێکی هەستیاری وەک ئەمڕۆدا، لا بۆ سەرکردە و کادری سەربازیی و ئەمنیی شل دەکرێت بە ئاسانیی بێنە ناو هەرەمی دەسەڵاتی ئەو حزبە و ئایندە و سیاسەتی نوێی ئەم حزبە بە عەقڵێتی سەربازیی و ئەمنیی ئاراستە بکەن، ئەمە تەنیا بە پاشەکشەیەکی کاتی لێکنادرێتەوە، بەڵکو بە هەرەسێکی گەورە و کۆتاییەکی حەزین بە حساب دەهێنرێت، چوون ئیدی یەکێتی چیتر نییە جگە لە هێزێکی کۆنسەرڤەتیڤی کۆمەڵگەی کوردستان کە بە موو لە حزبەکانی تری کوردستان لاینەداوە.

ئەگەر بڕوانین بۆ کەسایەتی جەلال تاڵەبانی، تێدەگەین ئەم مرۆڤە سەرەتا، رووت و قووت بوو لە هێزی خێڵەکیی و خوێن و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بە پێوەرەکانی ئەوسای کۆمەڵی کوردەواریی، بە پێچەوانەوە وەک گەنجێکی رادیکاڵ و خوێندەوار، بە پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێش و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و دەستەیەک گەنجی تەیار بە بیری چەپ و سۆسیالیستی، دەبێتە ئەم جەلال تاڵەبانییەی ئێمە ئێستا دەیناسین، کە ناوبانگی هەموو جیهانی گرتۆتەوە و کاریزمایەکی گەورەی بۆ دروستبووە لە تەواوی کوردستاندا. بەڵام کارەساتەکە لێرەوە دەستپێدەکات هەمان جەلال تاڵەبانی پشت لە مێژووی خۆی و خەبات و دروشم و پاڵپشتییە لەبن نەهاتووەکەی دەکات، لە قوربانییەوە دەبێتە جەلاد، هەمان ئەزموونی پێشووی خۆی دووبارە دەکاتەوە و یەکێتی لە حزبێکی چەپ و رادیکاڵەوە وەردەچەرخێنێت بەرەو حزبێکی بنەماڵەیی کە لەسەر بنەمای خوێن دامەزرابێت، یەکێتی دەکاتە هێزێکی کۆنەپارێز کە نەک بە گژ تەوژمە نوێ و ناباوەکاندا دەچێتەوە، بەڵکو هەزارەها تف لە رابردووی خودی خۆیشی دەکات.

لەو بڕوایەدام، کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانی، کۆنگرەیەک بوو بۆ تەسفیەی نەوەی خوێندەوار و خاوەن رای جیاوازی ناو یەکێتی، کۆنگرەیەک بوو بۆ دارنینی هەموو بەرگێکی پێشکەوتنخوازیی و چەپگەرایی ئەو حزبە، کۆنگرەیەک بوو بۆ رەواییدان بە دەسەڵاتی بنەماڵە و وەرچەرخاندنی ئەو حزبە بۆ حزبێکی خێڵەکیی دواکەوتوو، کۆنگرەیەک بوو بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی پێشووی پارتی، کۆنگرەیەک بوو بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو دەنگ و سەدایانەی دەیانوویست،

ئەو حزبە بگەڕێننەوە بۆ رابردووی خۆی و بیکەنەوە بە خاوەنی ئەو دروشمانەی لە قۆناغی خەباتی شاخدا هەڵیگرتبوون، کۆنگرەیەک بوو بۆ رادەستکردنی جڵەوی یەکێتی بە سەرکردە سەربازیی و ئەمنییەکان، ئەوانەی بە چاوی گوومان و رق و دوودڵییەوە سەیری هەموو هاوولاتیانی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی تری گۆڕەپانی کوردستان دەکەن.

بەهەرحاڵ، هەنووکە لە قۆناغێکداین، لە نزیکەوە هەرەسی یەکێتیمان لە رووی سیاسیی و جەماوەرییەوە بینی، لە قۆناغێکداین، ئێمەی نەوەی نوێی دوای راپەڕین کە ئومێدمان لەسەر شێوەی خەبات و رادیکالیزمی یەکێتی هەڵچنیبوو، خەونەکانمان بوونە سەراب و هەموو بەچاوی خۆمان ئەو هەرەسە سەیر و تراژیدییەی یەکێتی دەبینین. هەر لەم سۆنگەیەوە پێموایە ئیدی شتێک نەماوە بەناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چوونکە ئەوەی ئێستا لەژێر ئەو ناوەدا خۆی پێناسە دەکات، جگە لە کۆمپانیایەکی رووتی بنەماڵەی تاڵەبانی و هێرۆ خان هیچی تر نییە، چوون بەهەموو پێوانەیەک کۆنگرەی سێیەم کۆنگرەی بە قوربانیکردنی یەکێتی بوو بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی و دەست و پێوەندەکانیان.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتەوە سەروتاری ژمارە «٧٦»ی گۆڤاری «نێوەند»ە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٠.

# یەکێتی لە بەردەم تەحەدییەکی گەورەدایە

پێشتر ئێمە باسمان لە یەکێتی دەکرد، دوای قۆناغی مام جەلال، واتە یەکێتی پۆست مام جەلال. ئێستا یەکێتی لەناو ئەو قۆناغەدایە. ئەم جارە نەخۆشییەکەی مام جەلال «بە دەربڕینی بارزانی» جیددییە، ئێمە دەڵێین سەختە. هیوای گەڕانەوەی تاڵەبانی «ئەگەر کۆچی دوایی نەکات» بە هەمان ئەدا و هەمان ڕۆڵی پێشووەوە، مومکین نییە. بۆیە ئێستا یەکێتی لە بەردەم تەحەدییەکی گەورەدایە، کە چۆن خۆی بۆ ئەم قۆناغە نوێیە ئامادە دەکات؟. ئەمە پرسیارێکی ئاسانە، بەڵام لە بەردەم سەختترین و پڕ ئیشکالیترین وەڵامدایە. کۆمەڵێک ئەگەر لە بەردەم یەکێتیدایە لەم قۆناغە کە هەریەکەیان دۆخی سیاسیی کوردستان بە ئاڕاستەیەک وەردەچەرخێنێت. ئەگەری یەکەم ئەوەیە، یەکێتی وەک حزبێکی یەکگرتوو بە فۆرمی ئەمێستای بمێنێتەوە. ئەمەش حزبەکە دەخاتە بەردەم ئاڵۆزیی و گرژییەکی ناوخۆیی سەخت و قورسەوە. بۆ نموونە لە پڕکردنەوەی شوێنی تاڵەبانی ململانێکان دەگاتە ئەوپەڕی دژوارییی، ڕەنگە ئاسان بێت یان هێندە قورس نەبێت، کە پۆستی تاڵەبانی لە بەغداد پڕ بکرێتەوە، بەڵام لە پۆستی سکرتێری یەکێتیدا پرۆسەکە دەگاتە دۆخێکی نەخوازراو.

ئەگەر لە قۆناغی یەکەمیشدا تێکڕای سەرکردایەتی یەکێتی بتوانن سکرتێرێکی نوێ هەڵبژێرن، بەڵام ململانێ ناوخۆییەکان دەگەنە ئاستێک کە جووڵە لەبەر ئەو حزبە دەبڕن، چوونکە ئەوسا یەکێتی بەسەر دوو ئاڕاستە یان دوو باڵی سەرەکیدا دابەش دەبێت کە هەر لە ئێستاوە دیمەنەکە پێمان نیشان دەدات، شێوەی باڵەکان چۆنە و کارەکتەرەکانیان کێن. بۆیە لەم حاڵەتەدا یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی

ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ کە باڵی گشتیی و باڵی ریفۆرم لە رکابەرییەکی سەختدا بوون، ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجوونی هەنگاوەکانی یەکێتی و سەرئەنجام لێکترازان لە ریزی حزبەکەدا.

ئەگەری دووەم کە بەهێزترین ئەگەرە، یەکگرتنی یەکێتییە لەگەڵ گۆڕان، جا گەڕانەوەی گۆڕان بێت بۆ ناو یەکێتی، یان چوونی یەکێتی بێت بۆ ناو گۆڕان، ئەوە کێشە نییە، تەنانەت پرسی تەسمیە کێشەیەکی ئەوتۆ نابێت. ئەوەی گرنگە سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕانی ئێستا دەدرێتە دەستی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی لە بۆتەی حزبێکی نوێدا پێناسەی بکاتەوە و رێکیبخاتەوە. ئەم ئەگەرە زۆربەی کەوادر و سەرکردە و هەتاکو بنکەی جەماوەریی یەکێتیش پشتیوانی لێ دەکەن، لەلایەن گۆڕانیشەوە هیچ تەحەفوزێکی ئەوتۆ نابینرێت کە ببێتە بەربەرستی ئەو کارە. لەگەڵ ئەوەدا ئەم پرۆسەیەش بێ گیروگرفت نابێت، رەنگە بەشێکی کەم لە سەرکردەکانی یەکێتی و بنکەی جەماوەریی یەکێتی لەم یەکگگرتنە زیانمەند بن و ناڕازی بن، بۆی هەیە لەم دۆخەدا بەشێک لەوانە بچنە ناو پارتییەوە, بەڵام رێژەکە ئەوەندە نابێت شیاوی باس بێت.

ئەگەری سێیەم ئەوەیە، کە بارگرژییەکانی ناوخۆی یەکێتی بگاتە ئاست و رادەیەک، جارێکی دیکە ئەو حزبە تووشی دابەشبوون و لێکترازان بێت، لەو حاڵەتەشدا، ئەو بەشەی کە دەبێتە هاوپەیمانی پارتی، وەک شەریکی دەسەڵات دەمێنێتەوە، بەڵام بە سروشتی حاڵ حزبەکەی تر یان بەشەکەی تر لە گۆڕان نزیک دەبێتەوە و بۆی هەیە لەگەڵ گۆڕان یەکبگرێت. ئەم ئەگەرەش یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکان چوونکە لەناو یەکێتی هیچ سەرکردە و رابەرێکی سیاسیی هێندە خاوەن کاریزما و بە دەسەڵات نییە، کە وەک تاڵەبانی بتوانێت باڵانس رابگرێت و ئیدارەی قەیرانەکان بدات، چوونکە تاڵەبانی تاکە سەرکردەیە کە توانیوویەتی ئیدارەی ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتی بکات، بە کۆی گشتیش هاوڕاییەک هەبووە لەسەر کەسێتی تاڵەبانی کە زۆر جار بە برا گەورە و خاوەن بڕیاری یەکەم قبوڵکراوە.

بەشێوەیەکی گشتیی یەکێتی لەبەردەم ئەو سێ ئەگەرەدایە، لە هەر ئەگەرێکدا ئەوەی قازانج دەکات بە پلەی یەکەم، نەوشیروان مستەفا و خودی بزووتنەوەی گۆڕانە، کە پێدەچێت ئەمە شانسێک بێت بۆ نەوشیروان مستەفا تاکوو بتوانێت

قەرەبووی ئەو داهێزرانە سیاسیی و شکستەی پێ ببێتەوە کە لە بنکەی جەماوەریی گۆڕاندا روویداوە. جیا لەمەش دوای تاڵەبانی چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان، نەخشەی سیاسیی و پەیوەندیی و هاوپەیمانییە سیاسییەکان کەم تا زۆر گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە پوختەترین دەربڕیندا، قۆناغی دوای تاڵەبانی قۆناغێکی نوێیە و پڕە لە ئەگەر و گۆڕانکاریی سیاسیی تازە بە تایبەت لە ناوخۆی کوردستان.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٧»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٥-١-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.




# بەشی چوارەم

# دۆزی مێینە

# توندوتیژیی فیزیکیی دژی مێینە خەتەنە وەک نموونە

بە سەرنجدان لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤ لەسەر زەوی، توندوتیژیی یان زەبروزەنگ بەشێک بووە لە سروشت و رەفتاری رۆژانەی. ئەم توندوتیژییە هەر بەوەوە نەوەستاوە لە بەرامبەر ئاژەڵ یان سروشت ئەنجام بدرێت، بەڵکو لەگەڵ گەشەکردنی ژیار و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، توندوتیژیی پێچەوانەوە بووەتەوە بۆ نێو خودی مرۆڤەکان خۆیان. مرۆڤی سەرەتایی بۆ پەیداکردنی ژەمە خواردنێک لە پێناوی مانەوەیدا ناچاربووە لە رێی زەبروزەنگەوە ئەو ژەمەخواردنە مسۆگەر بکات، ئەویش لە رێی راوشکارەوە. بە پێی میتۆلۆجیاش توندوتیژیی (زەبروزەنگ) هەر لەگەڵ مرۆڤدا سەریهەڵداوە و هەتا هەنووکەش هەر لەگەڵیدا دەژی و نەشونما دەکات. بە وتەی (میشێل ڤیڤیۆرگا)ی سەرۆکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژیی «..ئەوەی ناویدەنێین زەبروزەنگ لە نێو زەمەنە جیاوازەکاندا بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی مانیفێست دەکات». بە پێی میتۆلۆجیای ئیسلامیی هەر لە سەرەتای جێگیربوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، کوڕەکانی (ئادەم) ممارەسەی توندوتیژییان کردووە، هەر بەپێی ئەو میتۆلۆجیایە دوای ئەوەی خواوەند قوربانیی هابیل وەردەگرێت و بە پێچەوانەوە ئەوەی قابیل رەتدەکاتەوە، قابیل هەڵدەستێت بە کوشتنی هابیل!، ئیدی ئەمە سەرەتای یەکەم توندوتیژیی مرۆڤە بە پێی میتۆلۆجیای ئیسلامیی.

هەندێک لە زانایانی دەروونناسیی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان و لێکۆڵینەوەی

وردیـان لەمەڕ سروشت و ئەدگار و سایکۆلۆژیای مرۆڤ گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی توندوتیژیی بەشێکە لە سایکۆلۆژیای مرۆڤ و لە ڕێی جیناتەوە نەوە لە دوای نەوە دەگوێزرێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم تیۆرە، پێویستمان بە خوێندنەوە و سەرنجدان لە هەڵهێنجانەکانی (سیگمۆند فرۆید)ی خاوەنی قوتابخانەی دەروونشیکاریی هەیە. بە بڕوای فرۆید لە هەر مرۆڤێکدا دوو ڕەمەکی جیاوازی دژ بە یەک لە ئارادان کە هەر یەکێکیان بەرپرسیارە لە جۆرێک لە ڕەفتاری مرۆڤ، ئەو دوو ڕەمەکەش لای ئەو زانا سایکۆلۆجییە بریتین لە (تاناتۆس و ئیرۆس)، یەکەمیان بەرپرسیارە لە هەست و ڕەفتاری شەڕئەنگێزانەی مرۆڤ و ئەویتریشیان بە پێچەوانەوە بەرپرسە لە هەستی ئیرۆتیک و ژیاندۆستیی مرۆڤ.

ڕۆشنبیری ناوداری ئێرانی «د.کاوس سەید ئیمامی» دەربارەی ئەم بیردۆزەی فرۆید دەڵێت (تیۆری کلاسیکی فرۆید یەکێک لە تیۆرە گرنگەکانی دروونناسی کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە توندوتیژیی. فرۆید یەکێک لە بەستێنە گرنگەکانی توندوتیژیی بەبوونی پرنسیپێک بە ناوی غەریزەی مەرگ یان تاناتۆس لە دەروونی مرۆڤدا دەزانێت. بە بڕوای فرۆید، ئەم پرنسیپە دژ بە پرنسیپی ژیان یان غەریزەی سێکسە. لە ڕاستییدا فرۆید لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەنگیزە و ویستی سێکس مەیل بۆ ژیان لە مرۆڤدا بەهێز دەکات و سەرچاوەی سەرهەڵدانی چالاکیی و ئینێرژیی پۆزەتیڤە لە مرۆڤدا. لە ئاست ئەوەشدا غەریزەی مەرگ، مەیل بۆ توندوتیژیی و ڕووخاندن لە مرۆڤدا بەهێز دەکات). ئەگەرچی توندوتیژیی دێرین (ئەوکاتەی هێشتا مرۆڤ لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییدا بوو) بە جۆرێک بووە مەگەر بەدەگمەن پێچەوانە بووبێتەوە بۆ ئاستی خودی مرۆڤەکان. بەڵام هەروەک پێشتر وتمان لەگەڵ گەشەکردنی ژیار و بەجێهێشتنی قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی، توندوتیژیی پێدەنێتەوە قۆناغێکی نوێوە، کە دەکرێت لە پوختەترین دەربڕیندا بڵێین قۆناغی توندوتیژیی بەرنامە بۆ داڕێژراوە، ئەو توندوتیژییەی سیستم و ڕژێمە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و ئایینییەکان بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان چوارچێوەیەکی شەرعیی یاخۆ یاساییان پێبەخشیوە. وەلێ دەکرێت لێرەوە لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێناسەی چەمکی توندوتیژیی یاخۆ زەبروزەنگ بکەین:

ڕۆشنبیری ئێرانی «د.محەمەد زەیمەران» پێیوایە (لە ساکارترین پێناسەدا

دەکرێت بووترێت توندوتیژیی بریتییە لە هاویشتنی جۆرێک زیان یان کپکردنی ئەویدی لە رێی کوشتن یان زیان گەیاندنی رۆحی. هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە دەتوانرێت ئەم چەمکە تا دەڤەری «هەڕەشە»ش بگشتێندرێت و درێژ بکرێتەوە. واتە ئەگەر کەسێک هەڕەشەی توندوتیژیی لێکرا، بۆ وێنە هەڕەشەی مەرگ، یان هەڕەشەی زەربەی جەستەیی و رۆحیی رەنگە بکرێت بە توندوتیژیی دابنرێت). ئەم پێناسەیە جەخت لەوە دەکاتەوە توندوتیژیی بەشێوەیەک لە شێوەکان بریتییە لە زیانگەیاندن بە ئەودیدی. بێگومان ئەم زیان گەیاندنە تەنێ روویەکی ماددیی نییە بەڵکو دەکرێت دیوێکی مەعنەویشی هەبێت «وەک توندوتیژیی رۆحی و دەروونی و ئابووری و سێکسیی».

«ج.فروێند» پێیوایە (زەبروزەنگ بەو هێزە دەوترێت کە راستەوخۆ هێرش دەباتە سەر کەسانی تر و ماڵ و سامانیان، چ وەک تاک تاک یان وەک دەستە و گروپ، بە مەبەستی زاڵبوون بە سەریاندا لە رێگەی لەناوبردن و تێکوپێکدان و هێنانە چۆک و تێکشکاندنیانەوە). بە کورتی توندوتیژیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی–سیاسییە و لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا بە ئێستا دەگات لەگەڵ مرۆڤدا تەریب لە ئارادا بووە و لەگەڵیشدا پێ بە پێی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ ئەویش پێشکەوتووە و فۆرمی نوێ و جیاوازی بەخۆگرتووە.

## توندوتیژیی فیزیکیی دژ بەمێینە

ناتوانین مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین وەک سەرەتای پیادەکردنی کردەی توندوتیژیی لەلایەن رەگەزی نێرەوە لە دژی مێینە. ئەوەی ئێمە لە چیرۆکی مرۆڤایەتی دەیزانین، قۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆ لەسەر زەمین، قۆناغی دەسەڵاتی ژن یان دایک بووە (ماتریاکی). بەڵام دوای ئەوەی کشتوکاڵ لەلایەن ژنانەوە دۆزرایەوە و جێگۆڕکێ روویدا لە رۆڵی هەریەک لە هەردوو رەگەزەکەدا، ئیدی هێدی هێدی خاوەندارێتی بەروبوومەکان لەلایەن نێرینەوە کۆنترۆڵکرا، ئەم مۆنۆپۆڵکردنە پێویستیی ئەوەی هێنایە کایەوە پیاو شۆڕشێک لە دژی پێگەی بەهێزی ژنان بەر پابکات، بێگومان پیاو توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر مێینەدا بسەپێنێ و کودەتایەک بکات بەسەر رۆڵی ئەودا، هەر لەم نێوەندەدا بوو پیاو ئاینەکان و یاسا داهێنراوەکانی خۆی کردە زرێی بەرگریی و درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکەی لە بۆ

کۆنترۆڵکردنی زیاتری مێینە. بێگومان مێژوو گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدات یەکێک لە میکانیزمەکانی بەچۆکداهێنانی مێینە لەلایەن ئەویتری نێرینەوە بریتی بووە لە زەبروزەنگ، ئیدی ئەم کردەیە لە ئازاری جەستەیی و لەنێوبردنەوە درێژ دەبێتەوە تاکوو دەگات بە گوشاری دەروونیی و رۆحیی.

مێژوو پێماندەڵێت چەرخی دەسەڵاتی ژن یان کۆمەڵگای سەرەتایی زۆر کورتبوو، لەوە بەدواوە دەسەڵاتی پیاو هات، جگە لەوەی نەهامەتیی بۆ رەگەزەکەی دیکە هێنا، لە هەمان کاتدا بووە مایەی ناهەمواریی و ئازار بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی بە هەردوو جێندەرەوە. لەو رێکەوتە بە دواوە ژن هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵدا بە میکانیزمی توندوتیژیی کەنار گیرکراوە و لە چەندین ماوەی مێژووییشدا ژن بە ئەندازەیەک چەوسێنراوەتەوە و تووشی زەبروزەنگ بووە کە هەرگیز سڵ لە کوشتنی سەدانیان لە یەک چرکەدا نەکراوەتەوە. چون لە دیدگای هەندێک کۆمەڵگەی ئەو کاتەی مرۆڤایەتیدا تەنانەت گومانیش لە مرۆڤبوونی خودی مێینە کراوە. ئەگەر سەرنج بدەینە شارستانێتییە کۆنەکانی وەک یۆنان و میسرییە دێرینەکان و بابلی و سۆمەریی و ئەکەدییەکان و...هتد، دەبینین هەمیشە پلە و پایەی مێینە لە خوارەوە بووە و هەمیشەش بە رێگای توندوتیژیی رێگە گیراوە لەهەر هەوڵێکی ژن لە بۆ گۆڕان دروستکردن لە جێگە و رێگەکەیدا.

لەوە زیاتریش چونکە مێینە وەک مرۆڤ تەماشا نەکراوە، وەک دەرعێک بەکارهێنراون یان لە کاتی جەنگەکاندا بە کۆمەڵ لەنێویان بردوون تا خۆراک بەشی پیاوان وەمێنێتەوە. «هیرۆدۆت» باسی بابلییەکان دەکات و دەنووسێت «بابلییەکان لە کاتی گەمارۆدانیان دا، بۆ ئەوەی خۆراکی زۆر لەناو نەچێت، ژنەکانی خۆیان دەخنکاند». دواتریش ئاینەکان رۆڵی نەرێنیان گێڕا لە شەرعییەتدان بە چەوساندنەوە و نواندنی زەبروزەنگ لە دژی مێینە. ئەگەر کەمێک چاو بە سفرەکانی تەوراتدا بگێڕینەوە ئەوسا بە روونی دیارە ئاینی یەهوودی چەندە سووک تەماشای مێینە دەکات و هەرواش ئاشکرایە چلۆن شەرعییەت دەدات بە بەکارهێنانی توندوتیژیی و لێدان لە بەرامبەریان. لە زۆربەی ئاینەکانی دیکەشدا بە هەمان شێوە رەوایی بەخشراوە بەنێرینە «چ لە شێوەی باوک، چ لە شێوەی برا، چ لە شێوەی هاوسەر» توندوتیژیی دژ بە مێینە ئەنجام بدات. بۆ وێنە لە ئاینی ئیسلامیدا لەنێو تێکستەکانی

قورئان و لە ممارەسەی رۆژانـەی ژیانی موسڵمانەکاندا ئەم رەواییدانە بەدی دەکەین.

ئەوەتا لە ئایەتی «٣٤»ی سورەتی «النساء» بەم جۆرە رەوایی دراوە بە لێدان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی مێینە: «الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعض على بعض وبما انفقوا من اموالهم فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله واللاتى تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن فى المضاجع واضربوهن فان اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا». مامۆستای شەهید «عەبدولخالیق مەعرووف» لە کتێبەکەیدا «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە دەڵێت (بەیزاوی دەڵێ «هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەڵێن سەعدی کوڕی ئەلرەبیع کە یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ئەنساری ژنەکەی «حەبیبە» ناو کچی «زەید» کوڕی «ئەبو زوهەیر»بووە و نافەرمانی کردووە و ئەویش زللەیەکی لێداوە و باوکی ژنە، ژنەی هەڵگرتووە و چووە بۆ لای پێغەمبەر»د.خ». پێغەمبەریش گوتوویە «با تۆڵەی لێبسێندرێتەوە» پاشان ئەم ئایەتە هاتە نووسین و پێغەمبەر «د.خ» فەرموویە «ئێمە شتێکمان ویست و خواش شتێکی تر، ئەوەی خوا ویستوویە چاکترە»). جگە لەمەش هەندێک لەو کەسانەی تەفسیری ئایەتی «نشوز»یان کردووە، ڕێبازێکی توندیان گرتۆتەبەر و تەنانەت وشەی «واهجروهن»یان بەمانای پەل و پێ بەستن بەکارهێناوە، لەو روانگەیەی کە وشەی «الهجر» ئەو پەت و گوریسە دەگەیەنێ حوشتری پێدەبەسترێتەوە. (تەبەری) لە تەفسیرەکەیدا بەمجۆرە لێکیداوەتەوە. «١».

کۆمەڵی کوردەواریش وەک کۆمەڵێک کە هێشتا هەردوو نەریتی ئیسلامیی و خێڵەکیی بوونی کارایان لە نێویدا هەیە، بێبەش نییە لە پیادەکردنی توندوتیژیی دژی مێینە، بە پێچەوانەوە یەکێک لە چەوسێنەرترین کۆمەڵەکانە سەبارەت بە ژنان و ئازاردانی ئەویتری مێینە. ئامارەکانی چەند ساڵی رابردوو بە ئێستاشەوە لەمەڕ کوشتن و چەوساندنەوە و خۆسووتاندنی ژنان و لێدان و سووکایەتیکردن بە مێینە شایەتی ئەو راستییەن. تەنانەت لە کۆمەڵی کوردەوارییدا توندوتیژیی و بێ حورمەتیکردن بە مێینە بە ئەندازەیەکە تاکی مێ خۆی پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، ئەم جۆرە لە کوشتنی مێینە هەم بەشێکە لە پرۆسێسی

سپیکردنەوەی ئابڕووی بنەماڵە و لە هەمان کاتدا ئەویتری پیاو کە خوازیاری کوشتنی تاکی مێینەیە، بێبەریی دەبێت لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە. بە بڕوای (ئادلەر)ی زانای دەروونناسیی (خۆکوشتن هەموو کاتێک توندوتیژترین بیرکردنەوەیە لە توانج تێگرتن لە خودی خۆ و تۆڵەکردنەوەیە لێی). کۆمەڵگەی شەرەفپارێزی کوردەواریی دۆخێکی بۆ ژنان خوڵقاندووە لەگەڵ بچووکترین ممارەسەی رەمەکەکانیان بە تایبەت رەمەکی سێکس خۆیان وەک تاوانبار و گوناهبار بێتە بەرچاو، هەر بۆیە ناچارن رەخنە لە خودی خۆیان بگرن بۆ ئەو لە رێگە لادانەیان لە کولتووری باوی کۆمەڵگە و رووشاندنی شەرەف و ناموسی بنەماڵەکانیان، بەم هۆیەوە هەوڵی تۆڵەکردنەوە لە خۆیان دەدەن و پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن، چ لە شێوەی خۆسووتاندندا، چ لە شێوەکانی تری خۆ لەناوبردندا.

لێرە لە کوردستان چەمکی شەرەف ئەو کۆنسێپتەیە رۆژانە ژیانی مێینە لووشدەدات و رەوایی و کوتەک دەداتە دەستی پیاو بۆ تەمێکردن و لێدان و ئازاردانی جەستەیی و رۆحی مێینە. چەمکی شەرەفیش هەروەک «نەزەند بەگیخانی» دەڵێت «لەلای کورد وشەی ناموس راستەوخۆ گرێدراوەتەوە بە ژن و سێکچوالیتی ژنەوە». ئەم چەمکە وەک چەمکێکی ئاکاریی لە کۆمەڵی ئێمەدا لە پێش هەر پاساوێکی ترەوە رەوایی بەخشیوە بە کوشتن و چەوساندنەوە و بەکارهێنانی توندوتیژیی لە دژی ژنان. ئەم کردەیە نەک هەر لەلایەن کولتوور و نەریتی خێڵەکییەوە پشتیوانی لێدەکرێت، بەداخەوە ئاین و یاساکانیش (یاساکانی باری کەسێتی وەک نموونە) بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆی بوونەتە پاڵپشتێکی شەرعیی و یاسایی بۆی. جیا لەوەش هەنووکە و لە سەردەمی پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، لە پێشکەتووترین کۆمەڵەوە تا دواکەوتووترینیان هێشتا لێدان و بەکارهێنانی مامەڵەی رەق و زەبروزەنگ لە دژی مێینە لە ئارادایە.

بە پێی «ئامارەکانی سازمانی بیهداشتی جیهانیی WHO لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانیی بووە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ٢٥-١٦٪ ژنانی جیهان بە دەست هاوسەرەکانیانەوە تووشی ئازاری جەستەیی بوون. نزمترین رێژەی ئەم ئامارانە وڵاتگەلی پێشکەوتوو و زیاترین رێژەی لە هیند و مالیزی و نیگاراکوا بووە. هەروەها ساڵانە چوار ملیۆن ژن

لەلایەن مێردەکانیانەوە تووشی ئازاری جەستەیی دەبن و ٢٨٪ پیاوانی جیهانیش لە ژنەکانی خۆیان دەدەن و ١٧٪ ئەو ژنانەی تازە شوویان کردووە لەلایەن مێردەکانیانەوە تووشی توندوتیژیی دەبن». «٢». توندوتیژیی دژی ژنانیش هەر بەوەوە نەوەستاوە تەنێ لە سنووری لێدان و کوشتن و ئازاردانی جەستەییەوە بمێنێتەوە بەڵکو ئەم زەبروزەنگە تێپەڕیوە بۆ توندوتیژیی ئابووری و ڕۆحی و دەروونی و سێکسیی. ئاخر سێکسفرۆشیی چیتر نییە جگە لە جۆرێکی زۆر هۆڤانەی توندوتیژیی ماددیی و مەعنەویی دژی تاکی مێینە، ئێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دۆخێکدایە هیچیتری پێ نییە بۆ بەگژاچوونەوەی دیاردەی لەشفرۆشیی، جگە لە سەرژمێریی و باج خستنەسەر لەشفرۆشەکان، کە وەک وتمان ئەم دیاردەیە ڕوویەکی هەرە بەرجەستەی توندوتیژییە دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوە تا دەگات بە پاشکەوتووەکان.

## دیاردەی خەتەنە

توندوتیژیی فیزیکیی دژ بە مێینە هەر بەوەوە نەوەستاوە کاردانەوەی پیاوێکی نەریتیی بێت دژی بەرخودێکی کۆمەڵایەتی تاکی مێینە بێت، بۆ وێنە زۆربەی جار کوشتنی مێینە دوای ممارەسەکردنی هەندێک ئازادیی دێت کە لە دیدگای خێڵەکیی و نەریتیی کۆمەڵی ئێمەدا تێپەڕینە لە هێڵی سوور و بەزاندنی سنوور و پەرژینەکانی کولتووری چەقبەستووە. بەڵام بۆ حاڵەتی خەتەنە، توندوتیژییەکە شتێکی جیاوازە، چوونکە ئەم پیادەکردنەی زەبروزەنگ لە دژی تاکێکی مێینەی تازە لە دایکبوو یان منداڵ، بەشێک نییە لە کاردانەوەی کولتووریی لەلایەن ئەویتری پیاوەوە. بەڵکو زەبروزەنگێکی بێ پاساوە و نەریتی کۆمەڵایەتی بەسەرچوو وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ سنووردارکردنی «توانای سێکسیی» ئافرەت پیادەی دەکات!!. چوونکە بە پێی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیی و ئیسلامییەکان، ڕەهەندی سێکسوالێتی ژن سەرچاوەی گشت ئاشووب و ناکۆکییەکانە و سنووردارکردنی ڕەمەکی سێکسیی ئەو ڕەگەزە لە یەکێک لە ماناکانیدا بریتییە لە سنووردارکردنی ڕاددەی ئاشووب و ناکۆکی و نەهامەتیی لە کۆمەڵدا!!.

خەتەنەکردن کە ترادیسیۆنێکی هەرە دێرینی شارستانێتییە سەرەتاییەکانی ئەم ناوچەیەیە، هێشتاش لە سەردەمی گلۆبالیزەیشن و گەشتنی مرۆڤایەتی بە قۆناغی پێکەوەبەستن و پێشکەوتنی ئەلکترۆنیی و زانستیی، درێژەی هەیە و لە زۆربەی کۆمەڵگە رۆهەڵاتی و ئیسلامیی و پاشکەوتووەکاندا ئەنجام دەدرێت. کەم نین ئەو ژنانەی رۆژانە دەکەونە بەر رەحمەتی چەقۆی خەتەنە، کەم نین ئەو مێینانەی هێشتاش تاڵاوی ئەو ئازارە لە بن نەهاتووەیان لە بیر نەچووەتەوە. خەتەنە ناوێکە یان کردارێکە وەک سێبەرێکی ترسناک تەنانەت هەڕەشە لە نەوەکانی ئایندەی زۆرینەی کۆمەڵە رۆژهەڵاتیی و ئیسلامییەکان دەکات. خەتەنە کردەیەکە هێشتا نەوەی نوێی مێینەی لە ترسەوە ئاڵاندووە و دەئاڵێنێت، لەگەڵ ئەوەی خەباتی فێمینیستی و ئازادیخوازیی زۆر رێگا و هەنگاوی بڕیوە و زۆر دەستکەوتی بۆ ژنانی جیهان دابین کردووە، کەچی تا بە ئەمڕۆ دەگات نەیتوانیوە سنوورێک بۆ پیادەکردنی ئەو نەریتە زۆر ترسناکە دابنێت، یان بەمانایەکی تر لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی ژنان زۆر هەنگاوی ناوە، بەڵام خەتەنەکردنی رێژەیەکی بێشوومار و سەرسووڕهێنەری مێینە، مانایەکی پێچەوانە نیشان دەدات.

## مێژووی خەتەنە

لێرەوە هەوڵدەدەین دوای پێناسەکردنی کردەی خەتەنە، مێژووی سەرهەڵدانی بناسێنین، بە تایبەت وەک دەبینرێت رەگوریشەی ئەم نەریتە لە نێو کولتووری رۆژهەڵاتیدایە. بە پێی زۆرینەی پێناسەکان:

خەتەنەکردنی مێینە بە ئینگلیزیی بە«female genital mutilation» ناسراوە و بە«FGM» کورت دەکرێتەوە و بریتییە لە بڕینی قیتکە (clitoris)،بەشێک یان هەموو لچی گەورە و بچووکی ئەندامی سێکسیی مێینە (Labien).«٣» ئەم وشەیەش لە زمانی عەرەبیدا «ختن» لە رووی زمانەوانییەوە فرمانی رابردووە و مانای «بڕی» لە خۆ گرتووە. بێگومانیش مەبەست لەو بڕینە، بڕینی بەشێکە لە ئەندامی زاوزێی مرۆڤ «چۆک و قیتکە». «ویل دیورانت» لە نووسینە بەناوبانگەکەیدا «چیرۆکی شارستانی – قصە الحضارة» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، خەتەنەکردن نەریتێکی کۆمەڵایەتی باو بووە و لە سەردەمی میسرییە کۆنەکاندا

فیرعەونەکان پەیڕەویان کردووە و لە کاتی دەسەڵاتی عیبرانییەکان و سەهەڵدانی ئاینی «جو»دا بۆ عیبرانییەکان گوێزرایەوە و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبیی گوێزرایەوە. «٤». هەروەها «مانتیگازا»ی مرۆڤناسی ئیتالی ساڵی ١٨٨٥ نووسیوویەتی»خەتەنەی ژنان لە میسردا داکەوتووە، چوونکە پیاوانی میسریی پێیان خۆش نەبوو لە کاتی جووتبووندا ژنان بەشی هەوەس و ئیشتایان بەدەستەوە بێت». بەڵام یەکەمین ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هیرۆدۆت «Herodotus»ی مێژوونووسی گریکیی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، بە بڕوای هیرۆدۆت، میسرییە کۆنەکان و بەشێکی سەرەکی دانیشتوانی مەکسیک «المایا» کە بریتین لە کۆنترین شارستانێتییەکانی جیهان، هەروەها کەنعانییەکان و دانیشتووانی نیوە دوورگەی عەرەبیش لە پێش هاتن و سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا پێی ئاشنابوون.

هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان شێمانەی ئەوە دادەنێن ئەم دیاردەیە لە٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیحەوە سەریهەڵداوە، بەڵام هەندێکی تریان لە چەشنی «دیورانت»لەو باوەڕەدان مێژوویەکی دێرینتری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی فیرعەونەکان لە میسری کۆندا. سەبارەت بە دەرکەوتنی سەرەتای ئەم دیاردەیەش هەروەک دەستنیشانکردنی مێژوو و ساتەوەختی سەرهەڵدانی خەتەنە دیار نییە و چەندان سەرنج و رای جیاواز جیاوازی لەسەرە. بەشێک لە مێژوونووسان بۆ ئەوە دەچن لە کیشوەری ئەفەریکادا سەریهەڵداوە، وەک هیرۆدۆت کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «مێژوو» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خەتەنە لە نزیکی ڕووباری نیل واتە میسر سەریهەڵداوە. بەڵام هەندێکی تر بۆچوونیان بە پێچەوانەوەیە و پێیانوایە ئەم نەریتە لەنێو گەلە رەچەڵەک سامییەکاندا لە نموونەی عەرەب سەریهەڵداوە و دواتر گەشەی کردووە و پەڕیوەتەوە بۆ نێو کولتوور و ترادیسیۆنی کۆمەڵگاکانی دیکە.

نووسەری داکۆکیکار لە مافی ژنی کورد «مەرزە جەوانمەرد» بە پشت بەستن بە هەندێک شێمانە لەو بڕوایەدا خەتەنە لەنێو عەرەبەکاندا سەریهەڵداوە. ئەو دەنووسێت (زۆر کەس دەڵێ ئەم کردەوەیە لە نێو سامییەکاندا داکەوتووە، لەبەرئەوەی کە عەرەبەکان زۆر پابەندبوون و ئێستاش یەکێک لەهەرە لایەنگری

خەتەکردنن. «کوڕی دایک خەتەنە نەکراو» پیسترین جنێوە کە کەسێک دەتوانێت بە کەسێکی تری بدات. ئەو ئەنگیزانەی عەرەبان سەبارەت بە خەتەنەی ژنان دەیڵێن، هەروەک ئەنگیزەکانی دەورانی هەرە کۆن سەبارەت بە خەتەنەکردنی پیاوان، جۆراوجۆرە. هۆی سەرەکیی باس لە پاکیی ژنانە). بە کورتی ئەوەی دەکرێت لە ئەنجامی راڤە و بۆچوونی مێژوونووسان و پسپۆرانەوە تێبگەین، بریتییە لەوەی، خەتەنە دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتییە و مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، وەک ئاشکراشە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش زاین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردەیە زادە و هەڵقوڵاوی نەریتی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکانە، جا لە کیشوەری ئەفەریکا یان راستتر بڵێین میسر سەریهەڵدابێت یان لەنێو عەرەب و نەتەوە سامییەکاندا، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کۆمەڵگە ناخۆرئاواییەکان دۆزەرەوەی خەتەنەن. هەر لەبەر ئەم فاکتۆرە زۆر سادەیەشە دەبینین ئێستاش زۆرترین رێژەی خەتەنەکردن لەم جۆرە کۆمەڵانەدا رۆژ لە دوای رۆژ برەوی هەیە!.

## جۆرەکانی خەتەنە

بێگومان خەتەنەکردن وەک نەریتێک کە مێژوویەکی زۆری بڕیوە و لە چەندان کۆمەڵدا لە ئارادا بووە و هەیە، تەنیا یەک تاکە جۆر نییە، بەڵکو لە شێوازی پیادەکردن و چۆنێتی لێکردنەوە لە ئەندامی زاوزێی مێینە جیاوازیی زۆر لەنێوان هەریەک لە جۆرەکاندا هەیە. بەشێکی بەرچاو لە دەزگا پسپۆرەکان و مێژوونووسان چەند جۆرێکیان لە خەتەنەکردن دەستنیشانکردووە هەر لە رۆژگاری دێرینەوە تا ساتەوەختی ئێستامان. لەوانە:

١-خەتەنەکردنی نیوە دوورگەی عەرەبیی: لە شێوەی خەتەنەکردنی پیاوەوە نزیکە، لەم جۆرەدا هەڵدەستن بە بڕینی سەری پێستی قیتکە بەبێ ئەوەی ئازارێکی ئەوتۆی خەتەنەکراوەکە بدەن.

٢-خەتەنەکردنی «بیکەر براون» ئامانجی بڕینی قیتکەیە.

٣-خەتەنەکردنی فیرعەونی: ئەمەش وەک خەساندنی پیاوان وایە، تیایدا هەموو ئەندامە دەرەکییەکانی سێکسی ئافرەت لێدەکرێتەوە «قیتکە و هەردوو لێوەکانی ناوەوە و دەرەوە» پاشان برینەکە بە تەواویی دەدوورنەوە و تەنیا کونێکی زۆر

بچووک نەبێت ئەویش بۆ دەرچوونی میز و خوێنی مانگانە. پاشان تەداوی دەکرێت و ئافرەتەکە ناچار دەکرێت بۆ ماوەی «٤٠» رۆژ لە جێگادا بکەوێت تا برینەکەی ساڕێژ دەبێتەوە. «٥». رێکخراوی تەندروستی جیهانیش «WHO» لای خۆیەوە و دوای لێکۆڵینەوەی ورد چوار جۆری دیاریکردووە:

١-لابردنی بەشێک یان هەموو میتکە (clitoris) کە پێی دەوترێت «CLITORIDECTORY».

٢-لابردنی میتکە لەگەڵ لابردنی بەشێک یان هەموو لچی گەورە و بچووک کە پێی دەوترێت «EXCISION».

٣-لابردنی هەموو ئەندامی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ، لەگەڵ دوورینەوە بە تەواوەتی، جگە لە هێشتنەوەی کونی میز و خوێنی سووڕی مانگانە.

٤- ئەمجۆرە سووکترین جۆریانە کە خۆی تەنیا لە کونکردن و سمینی ئەندامەکانی زاوزێدا دەبینێتەوە»٦».

بەشێوەیەکی گشتیی هەر یەک لە فۆرمەکانی خەتەنەکردن لە ئاسانترینیانەوە تاکو دەگات بە ناڕەحەت و دژوارترینیان چیتر نییە جگە لە دیوێکی تری مامەڵەی هۆڤانەی فەرهەنگی باوکسالاریی لە دژی مێینە، هەر کام لەو شێوە و شێوازانە بگریت بە نۆرەی خۆی کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر تەندروستی و کەسێتی تاکی مێینە، کە لە دواتردا دێینە سەر باسی زیانە تەندروستی و رۆحییەکانی ئەو کردارە. بەڵام گرنگترین مەبەست لە پوختەترین دەربڕین و قسەدا ئەوەیە، خەتەنەکردنی ژنان بە هەموو فۆرمەکانییەوە روویەکی تری توندوتیژیی پیاوسالارانەیە لە بەرانبەر بەویتری مێینە.

## لێکەوتە نێگەتیڤەکانی خەتەنە

بە پێی بۆچوونی پزیشکەکان و پسپۆرانی دەروونی، خەتەنەکردنی مێینە چەندین دەرئەنجامی نێگەتیڤی هەیە، هەم بۆ سەر باری تەندروستی و هەم بۆ سەر باری دەروونی تاکی مێ. تا ئەو ئەندازەیەی بە گوێرەی لێکۆڵینەوە سوێدییەکان خەتەنەکردنی مێینە دەبێتە هۆی ناپیتی. لەم رووەوە لێکۆڵینەوەیەکی سوێدیی روونیکردۆتەوە خەتەنەکردنی مێینە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ ناپیتی کچان.

پسپۆرەکان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی زانستیی و سەلماندنی ئەم ئەنجامە بە شێوەیەکی زانستیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ «٣٠٠» ئافرەتی سودانی ئەنجامداوە کە بەشێک لە ئەندامی زاوزێیان لێکراوەتەوە، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕێژەی ناپیتی لەم ژنانەدا پێنج بۆ شەش جار زیاترە بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی خەتەنە نەکراون. لەوەش ترسناک و مەترسیدارتر ئەوەیە هەندێک توێژینەوەی زانستیی دەریانخستووە، خەتەنەکردن دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی نەخۆشیی ئایدز. لەو بارەوە هەندێک لە پسپۆران خەتەنە بە یەکێک لەهۆکارەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدز بۆ ژنان دەزانن. گۆڤاری لەنسێت «lancet»یش ئاشکرایکردووە خەتەنەکردنی مێینە یەکێک لە کاراترین هۆکارەکانی تووشبوونی ئافرەتان بووە بە نەخۆشیی ئایدز. هەروەها روونیکردۆتەوە هەر خەتەنە یەکێکە لە هۆیەکانی چێژ وەرنەگرتنی ئافرەتان لە ممارەسەی سێکس بە تایبەتی لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.

بە شێوەی گشتیی زیان و لێکەوتە نەرێنییەکانی کرداری خەتەنەکردن لە رووی تەندروستییەوە دەکرێت لەم حاڵەتانەدا چڕ بکرێنەوە: خوێن بەربوون و هەورکردنی بەردەوام و درێژخایەنی زایەند»مهبل« و منداڵدان، پەشێوییەکانی بۆری میزکردن و دەرکەوتنی کیس یان دوومەڵ کە لەوانەیە ببێتە هۆی داخستنی بۆری میزکردن یان کونی زاوزێکردن و هەندێکجار بەردەوامبوونی خوێنی مانگانە بۆ چەند رۆژێکی زیاتر لە سروشتی خۆی و مانەوەی بەشێک لە خوێنی پیس لە ناو لەشدا، هەروەها چەندان کێشەی تری هەیە کە لە کاتی منداڵبووندا روودەدەن. «٧». لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەتەنەکردنی مێینە یان دەبێتە هۆی نەزۆکیی یان تووشبوون بە ئازارێکی زۆر و دژوار لە کاتی دووگیانیی و منداڵبووندا. هەروەها دەبێتە هۆی تورەکەکردن لەناو پێستدا و کۆبوونەوەی کێم و گرێی پێست، هەندێک جاریش دەبێتە فاکتۆری نەخۆشیی ئەقڵیی و تێکچوونی مێشکی مێینە.

بەشێوەی مەیدانیش گۆڤاری لەنسێت «lancet» لەگەڵ چەندان ژن گفتوگۆی لە نزیکەوەی کردووە کە خەتەنە کراون، پشکی زۆری ئەو ژنانە بە دەست ئازاری زۆر، میز بەخۆداکردن، نەزۆکیی، برینی قووڵ لە ناوەوە و گیروگرفتی دەروونییەوە دەناڵێنن. ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کچانی منداڵ لە ئەنجامی ئەو کردەیەوە

گیان لە دەستدەدەن، چ لە ئاکامی کاریگەریی برین و ڕێژەی لێکردنەوە لە میتکە، چ لە بەرئەنجامی خراپی ئەو ئامێر و چەقۆ و کەرەستانەی بەکاردەهێنرێن بۆ ئەو کردارە، یان بەهۆی نەزانینی دوورینەوەی ئەو برینەی دروست دەبێت. لە رووی دەروونییشەوە خەتەنەکردن دەبێتە هۆی پەشێویی دەروونی و رۆحیی، هەروەها دەبێتە هۆی خەمۆکی و نائارامیی و دڵەڕاوکێ و رەشبینی و زوو هەڵچوون و تووڕەبوونی بەردەوام و بێ هۆکار و بێزاریی بەردەوام. هەر لەم بوارەدا هەندێک تاقیکردنەوەی زانستیی دەیسەلمێنن: ئەو ئافرەتانەی لە کاتی خەتەنەکردنیاندا بێهۆش نەکراون، دووچاری بارێکی ناهەموار دەبنەوە، ناتوانن لە ئەندامی زاوزێی خۆیان نزیک ببنەوە و لە کاتی جووتبووندا تووشی هیستریا دەبن و لێرەوەش ئەو ئافرەتانە ناتوانن ئارەزوو و حەزی سێکسیی خۆیان و پیاوانی خۆیان تێر بکەن.

## ئیسلام و خەتەنە

بەڵگە مێژووییەکان سەلماندوویانە خەتەنە دیاردەیەکە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لە نیوە دوورگەی عەرەبی، سەریهەڵداوە و بڵاوبۆتەوە. تەنانەت سەرچاوە مێژووییەکان دیرۆکی خەتەنە دەگەڕێننەوە بۆ رابردوویەکی زۆر دوورتر و هەندێکیان پێیانوایە بە هەزاران ساڵ پێش زایین ئەو کردەیە لە میسردا ئەنجامدراوە. بەڵام ئەوەی خەتەنە لە ئیسلامدا چۆنە و حکومەکانی چین؟ رایەکی کۆنکرێت نییە لە بارەیەوە و موفەقیهەکانی ئیسلام را و سەرنجی جیاوازیان لە بارەوە هەیە. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی خەتەنەکردنی نێرینە بریتییە لە یەکێک لە فەرزەکانی ئاینەکەیان یان هیچ نەبێت ئیسلام ڕێگریی لێناکات، ئەوەی دەمێنێتەوە ناکۆکی شەرعناسەکانە لەسەر خەتەنەکردن و جۆری خەتەنەکردنی مێینە بە پێی شەریعەتی ئیسلامیی. بێگومان لە ناو تێکستەکانی قورئاندا هیچ تێکستێک نابینین فەرمان یان نەهی کردبێت لە ئەنجامدانی خەتەنەکردنی مێینە. ئەم ئاماژە پێنەکردنەی قورئان بووەتە هۆی ئەوەی شەرعناس و موجتەهیدەکان لە نێو فەرموودەکانی پێغەمبەردا بەدووی رەوایی یان پێچەوانەکەی خەتەنەی ئافرەتاندا بگەڕێن.

بە گوێرەی ریواتێکی بەهێز «متفق علیه» دەگێڕننەوە پێغەمبەر وتوویەتی

«اذا جلس بين شعبها الاربع – اي اطرافها- ومس الختان الختان فقد وجب غسل» ئەم حەدیسە هەم لە ئەبو هورەیرەوە و هەم لە عائیشەی هاوسەری پێغەمبەرەوە ریوایەت کراوە و بە گوێرەی زانستی فەرموودە «علوم الحديث» بە فەرموودەیەکی سەحیح ناسێنراوە. واتەی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت هەر کاتێک هەردوو جێگەی خەتەنەکراوی ژن و پیاو بەریەک کەوتن ئەوە خۆشواردن فەرز یان پێویست دەبێت. لێکۆڵەرەوانی فەرموودە لە مانای ئەم ریوایەتەدا ئەوەیان لێکداوەتەوە: چونکە پێغەمبەر وتوویەتی جێگەی خەتەنەکراوی ژن و پیاو، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی پێغەمبەر نەهی نەکردووە لە خەتەنەکردنی مێینە. هەندێکی تر لە شەرعناسان پێیانوایە ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگەیەکی شەرعیی بۆ واجبوونی خەتەنەی مێینە. بەڵکو هێنانەوەی دوو جاری وشەی « الختان» مەبەست لەوە نییە هەردوو لا خەتەنەکراون، بەڵکو ئەو وشەیە لەوێدا بۆ «تغليب»ە واتە دوو شت ناوێکیان لێبنرێت. بۆ نموونە «القمران» واتە «قمر– شمس» یان «العمران» بریتین لە هەریەک لە»عومەر و ئەبوبەکر».

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئەو فەرموودەیەی «ئەبوداود» لە زمانی «ئوم عەتیە» گێراویەتییەوە کە ناوبراو دەڵێ: ژنێک هەبوو لە مەدینە خەتەنەی کچانی دەکرد و پێغەمبەر بە لایدا رەتدەبێت و پێیدەڵێ زۆر دەست دامەگرە...، بە فەرموودەیەکی لاواز دەدانرێت و بەپێی بنەماکانی «ئسوڵی فیقە»یش هیچ فەرموودەیەکی لاواز نابێتە بنەمای حکوم. ئەبوداود خۆیشی کە فەرموودەکەی ریوایەت کردووە دیسان بە لاوازی داناوە بەو هۆیەی «محەمەدی کوڕی حەسان»ی تێدایە. هەروەها ئەو فەرموودەیەی لە»حەجاج»ەوە گێڕدراوەتە، گوایە پێغەمبەر وتوویەتی «الختان سنة للرجال، مكرمة للنساء» هەردوو ئیمامی «بەیهەقی و قورتووبی» جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بە حکومی ئەوەی «حەجاج» پیاوێکی ناڕاست بووە و هیچ متمانەیەکی لەسەر نەبووە، ئەم فەرموودەیە بە بەهێز دانانرێت، بۆیە حسابی لاوازی لەگەڵدا دەکرێت. جیا لەم فەرموودانەش کۆمەڵێکی تر هەن، بەڵام زۆربەیان فەرموودەی لاوازن و وەک لە پێشتریشەوە وتمان هیچ فەرموودەیەکی لاواز بە هیچ بیانوویەکەوە نابێتە بنەمایەک بۆ دەرکردنی هیچ حکومێکی شەرعیی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکیی و رای جیاواز لەنێوان شارەزایان و پێشەوایانی فیقهی

ئیسلامیدا هەیە لەمەڕ خەتەنەکردنی مێینە.

لای ئیمامی شافیعی خەتەنەکردنی ژنان هەروەک خەتەنەی پیاوان فەرزێک و پێویستییەکی ئاینییە. لەم رووەوە ئیمامی «نەواوی» وەک یەکێک لە شوێنکەوتووانی مەزهەبی شافیعی و دووەم ئیمامی ئەو مەزهەبە دەڵێت» رای راست ئەوەیە کە ئیمامی شافیعی فەتوای لەسەر داوە و تەواوی زانایان فەرموویانە کە لەسەر ژن و پیاو فەرزە». بەشێوەیەکی گشتیی حەنبەلییەکان پێیانوایە: بۆ پیاوان سوونەتە و بۆ ژنان پێویست نییە. حەنەفیی و مالیکییەکان پێیانوایە: بۆ ژن و پیاو سوونەتە، خۆ ئەگەر دەرکەوت خەتەنە لە بەرژەوەندیی ژناندا نییە و نەکرا، هیچ سەرپێچی و گوناهێکی تێدا نییە. هەر لەو راستایەدا شەرعناسی ناودار «سەید سابق» لە کتێبی «فقه السنه»دا پێیوایە کۆی ئەو فەرموودانەی دەربارەی خەتەنەکردنی ئافرەتان ریوایەتکراون هەموویان لاوازن و سەحیحیان تێدا نییە.

ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی ئیسلام خەتەنەکردی ئافرەتانی بە فەرز نەزانیوە. شێخ ئیبنو عوسێمین دەربارەی خەتەنەی ئافرەتان دەڵێت «خەتەنەکردنی پیاوان، بەرژەوەندیی پیاوەکانی تێدایە، چوونکە بە نەبڕینی ئەو پێستەی سەر گۆپکەی چۆکیان مەرجێکی نوێژ نایەتەدی کە بریتییە لە پاکژیی ئەندامانی لەش، چوونکە لە کاتی هەبوونی ئەو پێستەدا میزی تێدا کۆدەبێتەوە، بەڵام بۆ ئافرەتان وانییە». دەتوانین بڵێین بە پێی بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی خەتەنە بابەتێکی مشتومڕئامێزە و رای پێچەوانەوە و جیاوازی لەسەرە، سەبارەت بە خەتەنەکردنی نێرینە جیا لەوەی جیاوازیی هەیە لە بۆچوونی زانایاندا بەڵام کارێکی نەهی لێکراو نییە، هەرچی پابەندە بە خەتەنەکردنی ژنانەوە جگە لە مەزهەبی شافیعی بە لای زۆرینەی موفەقیهین و مەزهەبەکانی ترەوە کارێکی پەسەند نییە و هیچ بەڵگەیەکی بەهێز لە قورئان و سوونەتدا لە بەردەستدا نین ئەوە بسەلمێنێت خەتەنەکردنی مێینە کردارێکی ئاینیی یان شەرعییە.

## خەتەنە و جیهانی سەردەم

لەگەڵ ئەوەی خەباتی بزووتنەوەی ژنانی جیهان چەندان وێستگەی گرنگیی دەستەبەری مافەکانی مێینەی بڕیوە، بەڵام هێشتا چەندان جۆر لە توندوتیژیی

دژی ئافرەتان لە برەودایە، یەکێک لەهەرە دیارترینیان خەتەنەیە کە ئەمڕۆ وەک دیاردەیەکی جیهانی سەیری دەکرێت و بوونی هەیە. ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە هەزاران کچی منداڵ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەفەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێک لە وڵاتە دواکەوتوو و ئیسلامییەکان ئەم کردەیەیان بەسەردا پراکسیس دەکرێت و لە بەشێک لەو جێگایانە وەک نەریتێکی ئاینیی و لە هەندێکی تردا وەک کەلەپوورێکی دێرین و نەریتێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەچێت. هەرچەندە بە دەیان ڕێکخراوی جیهانی و لۆکاڵی لە خەباتدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە و نەهێشتنی ئەم دیاردە توندوتیژ و دژە ژنە، بەڵام وەک ئەوەی لە ڕێی ئامارەکانەوە دەیزانین هێشتاش ئەو کردارە بەشێکی دانەبڕاوە لە فەرهەنگ و مامەڵەی زۆرێک لە کۆمەڵگەکان.

ڕێکخراوی تەندروستیی نێودەوڵەتیی «WHO» رایدەگەیەنێت ساڵانە نزیکەی دوو ملیۆن منداڵ لە چەندان دەوڵەتی جیاجیا خەتەنە دەکرێن. هەروەها بە پێی هەندێک سەرژمێریی و ئاماری ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان هەر ئێستا لە جیهاندا زیاتر لە ١٣٥ ملیۆن ئافرەتی خەتەنەکراو هەن. ئەو ئامارانە ئەوەش دووپاتدەکەنەوە ٨٥٪ ڕێژەی خەتەنەکراوەکان دەکەونە کیشوەری ڕەشەوە» ئەفەریکا». هەرچی لێکۆڵینەوە سویدییەکانە روونی دەکەنەوە ئەو نەریتە لە زیاتر لە ٣٠ وڵاتی جیهاندا لە نموونەی وڵاتانی وەک «ساحل ئەلعاج، غانا، کینیا، چاد، کامیرۆن، عەرەبستانی سعوودی، میسر، سودان، مالیزیا، ئەندەنوسیا، ئوردون، ئێراق، ئێران، سووریە و هتد» پەیڕەو دەکرێت. بەداخەوە ڕەوەندەی بێگانە لە چەقی خۆرئاواو وڵاتە ئەورووپییەکان و ئەمەریکادا هەڵدەستن بە خەتەنەکردنی منداڵەکانیان بەبێ هیچ ڕێگرییەکی ئەوتۆ، چوونکە لە بەشێک لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا سیاسەتی فرە کولتووریی بۆتە بەڵایەکی گەورە و ڕەوەندە جیاجیاکان چەندان کاری ناپەسەند و نایاسایی بەو ناوەوە ئەنجام دەدەن، ئێستاکە تازە بە تازە ژمارەیەک لە دەوڵەت ئەورووپییەکان بیریان لە قەدەغەکردن و ڕێگرییکردن لەم جۆرە کردەوانە کردۆتەوە، لەم بارەوە حکومەتی فینلەندیی خەتەنەکردنی منداڵان بە تاوان دەزانێت و لێپێچینەوە بە پێویست دەزانێت لەگەڵ بکەرەکانیدا.

هاوشان لەگەڵ ئەمەدا دەیان ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی و لۆکاڵی

لە کارکردندان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنە، زۆرێکیش لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک «ئەمنستی» بڕیاریان داوە وەستانەوە بەرەو ڕووی خەتەنەکردن بکەن بە ئەجیندای کاری ڕێکخراوەکانیان و لەسەر ئاستی بەرفراوان و جیهانیی کەمپین و هەڵمەتی جۆراوجۆر ساز بدەن بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە. نووسەری ئێرانی «نوشین غەبرایی» دەربارەی فۆرمی کاری ئەم ڕێکخراوانە بە تایبەت لە کیشوەری ڕەش دەنووسێت «بەپێی ڕاپۆرتی WACC لە٢٦ ئاوریلی ئەمساڵدا، نیل فۆرد سەرۆکی بەشی خەبات بۆ نەهێشتنی خەتەنەی ژنان لە ئەفەریکا لە ڕێکخراوی یۆنیسێف، سیاسەتێکی تازە و سەختی بۆ خەبات دژی ئەو کردەوەیە، گرتۆتە پێش و لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەگان و زۆر ڕێکخراوی تری ناحکومیی و فێمینیستییەکان بۆ مافی لە دەستچووی ژنانی ئەو ناوچانە دەستیان داوەتە هێندێک کاری بە پەلە، بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی RAINBO NOCIRC, PRB TOSTAN, FGC, WOWORC, PRB و سەدان ئۆرگان و ڕێکخراوی ناحکومیی دیکە بۆ خەبات بۆ نەمانی خەتەنەی ژنانیان کردۆتە سەر فەسڵی کاری خۆیان و هەوڵی جیددی بۆ دەدەن. تەواوی کارناسان، کۆمەڵناسان و دەروونناسانی پسپۆر لەو بارەیەوە لەسەر ئەو باوەڕەن خەباتەکە نابێ تەنیا بەشێوەی فیزیکیی و ترسان لە گیروگرفتی قەزاییەوە بێ، بەڵکو لە پەنا ئەو سەختگرتنانە و بەڕێوەبردنی یاسا و لە بەرچاوگرتنی سزای قورس بۆ سەرپێچیکاران و سزادانیان بە پارەیەکی زۆر، دەبێت هەوڵبدرێت بۆ گۆڕینی بیر و بۆچوونی خەڵک».

## خەتەنە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا

بۆ نووسینی ئەم باسە و دۆزینەوەی سەرەداوی مێژووی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا، زۆر گەڕام بە دوای سەرچاوە مێژووییەکاندا، تاوەکو سەرچاوەیەکم دەست بکەوێت، بەڵام بەداخەوە هیچ کلافەیەکی داوی ئەو مێژووەم بەردەست نەکەوت. ڕەنگبێ یەکێک لە هۆیەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ژن لە مێژووی کۆمەڵی ئێمەدا شایانی ئاوڕلێدانەوە نەبووە، یان بە مانایەکی تر کتێبی مێژووی ئێمە تەنیا بریتییە لە گێڕانەوەی ڕەفتار و بەسەرهاتی پیاوەکان، ئەمەش وا دەکات

مێژووی ئێمە مێژوویەکی تەواو پیاوانە بێت. بە هەرحاڵ خەتەنەکردن لە کوردستان ئەگەر مێژوویەکی زۆر کۆنیشی نەبێت بە بەراوورد بە کۆمەڵەکانی تر، ئەوە هیچ کات گومان لەسەر ئەوە نییە، خەتەنە بە پێی تێپەڕین و پیادەکردنی لە مێژووماندا بووە بە جوزئێک لە ترادیسیۆن و نەریتی کۆمەڵایەتیمان. بێگومان هەر کام لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان بگریت خاڵی نییە لە پیادەکردنی ئەو کردارە، ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا گۆڕانە لە رێژەدا، چوونکە بە پێی زۆرێک لە داتا و ئامارەکان دەرکەوتووە خەتەنەکردنی کچان لە ناوەندی شارەکان بە بەراوورد بە ناوچەکانی کەنار «گوند و شارۆچکەکان» رێژەکەی کەمترە. جگە لەوەش بە پێی کولتووری شارەکانیش گۆڕان و جیاوازیی هەیە لە رێژەکاندا.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی جیهانیی لەشساغیی ٦٠٪ ژنانی باشووری کوردستان خەتەنە کراون. هەروەها بە گوێرەی زانیارییەکانی «نۆشین غەبرایی» تەنیا لە ئاواییەکی باشووری کوردستاندا لە کۆی ١٥٤٤ ژن و کچ، ٩٠٧ کەسیان خەتەنەکراون. هەروەها بە گوێرەی لێدوانی «فەلاح مرادخان» رێکخەری گشتیی رێکخراوی وادی ئەڵمانیی خەتەنەکردن لە کوردستان بەشێوەیەکی مەترسیدار و بەربڵاو پەیڕەو دەکرێت و رێکخراوەکەشیان هەستاوە بە ئەنجامدانی ئامارێک لە ٢٠١ گوند و شارۆچکەی سەر بە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ بە مەبەستی زانینی رێژەی خەتەنەکراون، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە، لە کۆی ٥٦٢٨ ئافرەت ٣٥٠٢ یان خەتەنەکراون، ئەم رێژەیەش دەکاتە ٦٢٪ سەرجەم ئەو ژنانە. «٨». ئەم رێژەیە واتای رەوشێکی مەترسیدار بۆ مێینە لە کوردستان مانیفێست دەکا، ئەم ئامارە دەیسەلمێنێت لە کوردستانیش ژنان لە ژێر توندترین شێوەی توندوتیژییدا ژیان دەگوزەرێنن. لە ئاوها حاڵەتێکیشدا کە یاسای خەتەنە لە پەرلەمانی کوردستانە و چەندان رێکخراوی داکۆکیکار لە مافی ژن و مافی مرۆڤ هەزاران واژۆیان بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە کۆکردۆتەوە، پەرلەمان هیچ دەنگێکی ئەوتۆی نییە و بە گوێرەی وتەی هەندێ لە رۆژنامەکانیش پەرلەمانتارە پیاوەکان شەرم لە تاوتوێکردن و گفتوگۆی ئەم پرسە دەکەن!!.

بێگومان شەرمکردن و پشتگوێخستنی ئەو پرسە خۆی لە خۆیدا جگە لە سووک

سەرنجدان و تێڕوانینی ئاکارییانەی پەرلەمانتاران بۆ کەسێتی ژن، جۆرێکیشە لە پاڵپشتیکردنی ئەو نەریتە رزیو و کۆنە لە دژی ژنان. بچووککردنەوەشی دیسان تاوانە، چوونکە بە وتەی یەکێک لە پەرلەمانتارە ژنەکان، زۆرێک لە پەرلەمانتارانی کوردستان پێیانوایە دیاردەکە شتێکی ئەوتۆ نییە تاوەکو پێویستی بە دەرچوونی یاسایەک هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی. دواجار تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێین ئەو چەند راپۆرت و بە دواداچوون و ئامارەی لە رۆژنامەکانی کوردستان لەمەڕ خەتەنە بڵاوکراونەتەوە بەسن بۆ ئەوەی بزانین رێژە و قەبارەی ئەو تاوانە چەندە و چۆنیش ژنانیش لێی توورە و بێزارن؟. بەسیشن بۆ ئەوەی لە کوردستان لە رێگەی هەڵمەتێکی نیشتمانی سەرتاسەرییەوە و بە یەکخستنی وزەی رێکخراوەکان و حکومەت کۆتایی بهێنرێت بە پیادەکردنی خەتەنە.

## ئەنجامگیریی

ئەوەی لەلای هەموو لایەکمان روونە، خەتەنە جگە لەوەی نەریتێکی کۆن و دواکەوتووانەیە، کۆمەڵێک ئیفرازاتی نێگەتیڤیشی بۆ سەر تاکی خەتەنەکراو هەیە. بەڵام تاکە شتێکی گرنگ لەم نێوەندەدا بریتییە لە سنووردارکردن و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، ئەم کارە چەند میکانیزم و رێگەیەکی خۆی هەیە، لەوانەیە دوو لە گرنگترینیان لەم دوو میکانیزمەدا خۆیان ببیننەوە:

لایەنی یاسایی: پێویستە دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسادانان لە رێگەی تێکستێکی یاسایی روون و ئاشکراوە هەم خەتەنە قەدەغە بکات، هەم سزای یاسایی «ماددیی و مەعنەویی» بۆ سەرپێچیکاران دابنێت. ئەم یاسایە بە فۆرمێک دابڕێژرێت هەموو برگە و لایەنەکانی ئاشکرا بن و هیچ لوغزێکیان تێدا نەبێت، بەمەش یاسا دەبێتە هۆیەکی بنەڕەتیی بۆ پاراستنی تاک لە توندوتیژیی کرداری خەتەنە.

لایەنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی: ئەم رێگایە بریتییە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ و دامەزراوەی خێزان، تا نەبنە هۆکاری خەتەنەکردنی منداڵەکانیان. ئەم رێگەیەش خۆی لە خۆیدا بەهۆی چەند میکانیزمێکی ترەوە دێتەدی، لەوانە: بوونی سیستمێکی پەروەردەیی مودێرن و شارستانی و لیبرال، پاڵپشتێکی میدیایی کارا، ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئاینیی و...هتد. ئەم رێگەیە وا دەکات فەزایەکی

وەها بێتەدی، لە پێش دامودەزگاکانی میرییەوە خودی خێزانەکان ڕێگریی بکەن لە خەتەنەکردنی منداڵەکانیان «بە تایبەتی منداڵە کچەکانیان». بێگومان ڕێگە و میکانیزمی تریش هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، بەڵام ئەو دوو لایەن و میکانیزمەی لە سەرەوە باسکران، لە گرنگترین و کاراترین ڕێگە و ئامرازەکانی ڕێگەگرتنن لەئەنجامدانی ئەو کردارە، خۆ ئەگەر هاتو ئەو دوو میکانیزمە لە شوێنی خۆیاندا بەکارهێنران هەرگیز دیاردەیەک لە کۆمەڵدا نامێنێت ناوی خەتەنە بێت.

**سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:**

١- گۆڤاری (دەنگێ) ژمارە «٢» تەمووزی ١٩٩٦، لاپەڕە ١٢٧.

٢- د.ڕوئیا تلووعی «هەرگیز لە ژن بوونم پەشیمان نیم» چاپی یەکەم- ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٤٦. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣- www.xozga.com

٤- گۆڤاری (دەنگێ) ژمارە «١» ئازاری ١٩٩٦، لاپەڕە ٨٤.

٥- زاریا عومەر «کورتە باسێک لەمەڕ خەتەنەکردنی ئافرەتان»، گۆڤاری «هزری نوێ» ژمارە«٣» نیسانی ١٩٩٩.

٦-ئاواز عەبدوڵلا - سۆران - مهاباد حەمەرەزا «ئازارەکانی من» لاپەڕە ١٧، چاپی یەکەم- ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان.

٧- زاریا عومەر- هەمان سەرچاوە.

٨- هەفتەنامەی «ڕووداو» ژمارە «٢٤» دووشەممە ٢٠٠٨/٩/١٥، لاپەڕە ١٢.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢٤»ی گۆڤاری «تەوار» لە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# کەسایەتی ژن لە زنجیرە درامای (حەسەنە فەنی)دا

چەند ساڵێکە وەک نەریتێکی مانگی رەمەزان کە لە بنەڕەتدا مانگێکی دینییە، بەشی درامای تەلەفزیۆنی (خاک) زنجیرەیەکی درامایی پێشکەش دەکات کە کۆی ئەو بەرهەمانە سیناریۆ و دەرهێنانی (حسێن میسری) ناوێکن، هەڵبەتە لێرەدا نامەوێت لە رووی تەکنیک و لایەنە هونەرییەکانی ترەوە شیکاریی بۆ ئەوە بەرهەمانە بکەم بە قەد ئەوەی سەرنجم لەسەر چەند لایەنێکی گشتیی و هێڵی گشتیی دراماکە و دنیابینی سیناریست و دەرهێنەر هەیە، هەر لەبەرئەوەشە لەسەر رۆڵی ژن لەو زنجیرانەدا دەوەستمەوە و هەوڵدەدەم لەو روانگەیەوە لە بەرهەمەکان بتۆژمەوە و شیکاریی بۆ بکەم. لە پێش هەر شتێکدا لە کارکردنی (حسێن میسری)دا هێڵێکی گشتیی لە کۆی کارەکانیدا درێژ بۆتەوە، ئەویش دابەشکردنێکی دوالیزمیانەی رەوتی رووداوەکان و کەسایەتییەکانی نێو دەقەکانێتی، کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی ئاگایانە دابەشکراون بەسەر دوو جۆر لە بیرکردنەوە و تێڕوانین و رەفتاردا ئەویش جەمسەری خێر و شەڕە، کە لە بەرامبەر یەکتریدا راگیراون و لە جەڕولحەبلێکی بەردەوامدان تا دواجار وەک هەمیشە جەمسەری خێر بەسەر شەڕدا سەردەکەوێت و دنیا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی راستەقینەی خۆی کە لێوانلێوە لە پاکژیی، ئەمەش دابەشکردنێکی تەقلیدیی و ئاینئامێزە کە رەگ و ریشاڵی لە کولتووری کلاسیکی و دنیابینی تەقلیدیی تاکی کوردیدا داکوتاوە.

ئاینەکان هەمیشە بانگەوازی ئەوە دەکەن، دونیا و مرۆڤەکان بەسەر دوو جۆر

لە نەریت و رەفتار و بیرکردنەوەدا دابەشکراون, هەر وەک هەمان تەفسیرییان بۆ دیاردە سروشتییەکان کردووە وەک ئەوەی شەو و رۆژ دوو جمکی دژ بەیەکن, یان سارد و گەرم, یان رەش و سپی.. هتد لە کاتێکدا لە بناغەوە بوونی ئەوا لە سروشتدا بە یەکدی بەستراوەتەوە. پۆلێنکردنی دین بۆ مرۆڤەکانیش هەر بەو شێوەیەیە, مرۆڤێک هەیە ملکەچە بۆ فەرمانەکانی ئاسمان و ئافرێندراوێکی خۆشەویستی لای خواوەندە بەو بۆنەیەشەوە دڵ و دەروونی پاکژ بۆتەوە, بەڵام ئەوی تر یاخی و سەرچڵە و دوای ویستی مرۆڤانەی خۆی کەوتووە, هەر بەپێی ئەو پۆلێنکردنە ئاینییە ئەوی یەکەم خاوەنی سایکۆلۆژییەکی بێگەرد و غەریزەی ژیاندۆستییە «ئیرۆس», بەڵام ئەوی دووەم هەڵگری رۆحێتی وێرانخوازیی و غەریزەی مەرگدۆستییە «ساناتۆس», ئەم دووانەش لە کێشمەکێش و ململانێیەکی تونددان و ئەنجامی ئەم ململانێیەش بە سەرکەوتنی هێزی ئیرۆس دەگاتە دوا خاڵی خۆی, دروست لە ئاینی زەردەشتیدا ئەم پۆلێنکردنە بە شێوەیەکی روون و بەرچاوتر بەدی دەکەین, (ئاهورامەزدا) کە هێزی رووناکییە و سەرچاوەی ژیان و بەختەوەرەییە لە کێشمەکێش و کێبەڕکێدایە لەگەڵا (ئەهریمەن) کە هێزی تاریکییە و سەرچاوەی بەدبەختی و کوێرەوەرییە, لە ئاینی ئیسلامیشدا دیسان بەر حاڵەتێکی لەو چەشنە دەکەوین, بەڵام ئیسلام دابەشی کردووە بەسەر راستی (الحق) و ناهەقدا (الباطل).

ئیشکردنی (میسری) لەسەر هەمان نەریتە بەو پێیەی دابەشکردنی رۆڵا و کەسایەتی و رەوتی رووداوەکان دابەشکردنێکی کلاسیکییە کە ئاوێزانە بە رۆحی ئاینەکان, لە کاتێکدا ئەو لە بیری چووە ئێمە نەوەیەکین کەوتووینەتە دوای (ئەنشتاین) و تیۆری رێژەییەوە, ئەو (ئەنشتاین) لە ئەنجامی توێژینەوە فیزیکیی و زانستییەکاندا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی هەموو شتەکان لە بووندا بەشێوەیەکی رێژەیی لە ئارادان و شتێکی رەهامان نییە, هەر ئەمەش دەبێت بە بنەما بۆ ئەو یاسا فیزیکییەی کە دەڵێت (هەموو ماددەیەک لە دۆخی ئاسایدا هاوبارگەیە) واتە هەر شتێک لە بووندا وەربگرین تێکەڵەیەکە لە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، هیچ شتێکمان نییە بە رەهایی, ئەوەی دوێنێ رەها بوو تەنیا یەک هۆکاری هەبوو ئەویش هەڵەیەکی زانستی بوو, هەر بۆیە لەم رووەوە ئەو دابەشکردنە لە بنەماوە هەڵەیەکی میتۆدییە

و دەستکورتی و هەژاریی مەعریفی نووسەری دراماکە دەردەخـات, کە چۆن لە بازنەی بۆشی سوونەتی کۆمەڵایەتی دەخولێتەوە و نەیتوانیوە لە دەقەکەیدا خاوەنی گوتارێکی مۆدێرن و عەقڵانی و هونەریی هاوچەرخ بێت, تەنانەت ئاگای لە بنەمایەکی زانستی نییە کە ئەوەندە وتراوەتەوە و ئاشکرایە هیچ نامۆییەکی لە هەناودا هەڵنەگرتووە، ئەم دەسکورتییە ئەوەندە ئاشکرایە وەک (درەوشانەوەی پارچەیەک ئەڵماس وایە لە ژوورێکی تاریکدا).

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری رۆڵی ژن و پێگە و کەسایەتی ژن بکەین لە زنجیرەکانی (میسری)دا، دەبینین ژن وەک کارکتەرە لە نێو دراماکە رۆڵ دەگێرێت، بەڵکو زۆر جار رۆڵی سەرەکی و پاڵەوانێتی نمایش دەکات!, بەڵام وەک رۆڵی کۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسیی و ئابووری, کۆمبارسانە رۆڵی هەیە و لە پەراوێزدایە, یان ئەگەر روونتر بڵێم (شەوبۆ) کە کچە (بەستەزمانە)کەیە لە دراماکەدا وەک نواندن رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەڵام وەک بەشداریکردن لە ئاراستەکردنی رووداوەکان رۆڵێکی کۆمبارسانەی پێدراوە, ئەمە بێجگە لەوەی چەندین جار وشەی بەستەزمان و مورادیفی جۆراوجۆری ئەو وشەیە لە وەسفی (شەوبۆ)دا بەکارهاتووە، ئەمەش بە بۆچوونی من ئەمە دەرخەری دوو حاڵەتە, یەکەم: بەکەم سەیرکردنی کەم ئەندامان ئەمەش بە پاساوی ئەوە ئەو کەم و کورتییە جەستەییە کاریگەری کردۆتە سەر باری کەسێتی ئەو تاکە، «شەوبۆ کچێکی لاڵە لە دراماکەدا». دووەم: بە کەم سەیرکردنی ئافرەت وەک بە درێژایی زنجیرەکە هەستی پێدەکەین.

دواتر ئەگەر لە رۆڵی (بەناز و ئاڵا) وردبینەوە، دەبینین ئەم دوو کارەکتەرە کە هەردووکیان ژنن و نموونەی ژنی کوردن بەڵکو تا رادەیەک رۆشنبیرن و سەر بەچینی بۆرژوازیی کۆمەڵیشن, راستەوخۆ بوونەتە هۆی شێواندنی باری خێزانیی ماڵی (کەریمی میرزا رەشی) و هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەکی نزیک گرێدراوی ئەو ماڵەن. هەر ئەوان (بەناز و ئاڵا) رۆڵ دەبینن لە هاندانی هاوسەرە پیاوەکانیان بۆ چاوچنۆکی و پارە کۆکردنەوە و لە ژێر کاریگەریی و کارتێکردنی ئەواندا ناچارن دەستبەرن بۆ دزیکردن لە نزیکترین کەسی خۆیان و سەرەنجامیش کوشتنی باوکیانی لێدەکەوێتەوە کە کوشتنێکی راستەوخۆیە, لەناو گێژاوی

رووداوەکان و مەترسی هەڵدریان (کاوە) چەندین جار ئارەزووی ئەوە دەکات لە کارەکانی پەشیمان بێتەوە, بەڵام (بەناز) فشاری بۆ دێنێت و ناچاری دەکات بەردەوام بێت, هاوکات (محەمەد) زۆر جار رامان دەیگرێت، بەڵام (ئاڵا) کۆتی کردووە و بە عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی ئاراستەی دەکات, ئەمەش رەنگدانەوە و فۆتۆکۆپیکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری تەقلیدیی کۆمەڵگەی کوردییە, کۆمەڵگەی کوردییش وەک بەشێک لە دنیای رۆژهەڵات و کۆمەڵێکی سوننەتی–خێڵەکی ئافرەتی بەسەر چاوەی نەگبەتی و کڵۆڵبوونی پیاو داناوە و هەمیشە (ژن) وەک شەیتانێک تەماشا کراوە کە لە پشتی پیاوەوە راوەستاوە بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێک پیاو دەیکات.

هەر لە درێژەی رۆشتنی رووداوەکانی دراماکە ئەو دوو کەسایەتییە (ئاڵا–بەناز) داوێک بۆ (سازان)ی هاوسەری (سەروەر) دەنێنەوە و (سازان)یش تەسلیم بە قەناعەتی ئەوان دەبێت و دەیەوێت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی هاوسەرەکەی دەربچێت, لێرەدا کار لەسەر ئەوە کراوە ئەو ختورە و هەوڵدانەی (سازان) بۆ دەرچوون لە گوێرایەڵی مێرد، بە کارێکی سلبی و نەشیاو نیشان بدرێت, بەڵام دواتر بە (حیکمەت) و (لێزانین)ی پیاو ئەو مرۆڤەی سەرگەردان بووە و دەیەوێت سەرچڵی تۆمار بکات (واتە سازان) دەهێنرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی هاوسەر (پیاو)! لە تراکتەکانی دواتردا دەبینرێت ئەو ملکەچکردنەی ژن بۆ پیاو و ئارەزووەکانی پیاو دەبێتە مایەی ژیانێکی خۆش و دوور لە تەنگ و چەڵەمە, ئەمەش دیسان سەلمێنەری ئەوەیە بەچ شێوەیەک کارکراوە لەسەر کۆتکردن و لە چوارچێوەنانی ئەویدی ژن لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و سنوورە ئەخلاقییەکانی پیاودا. بە مانایەکی تر ئیش لەسەر ئەو تێرمە کراوە هەمیشە گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی، فاکتەری سەرەکیی سەقامگیریی خێزانە.

ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لای کەسایەتی (شەوبۆ) هەرچەندە رۆڵی وی لە دراماکەدا نێگەتیڤ نییە, بەو مانایەی هاندەری کارە نەشیاوەکان نییە, بەڵام بە درێژایی زنجیرەکە (شەوبۆ)ی ئافرەت کەسایەتییەکی لاواز و داماو و بەستەزمانە, نووسەری دەق دەیەوێ پێمان بڵێت ئەم کاراکتەرە چەند گوێڕایەڵە و چەند جوانیشە ئەو گوێڕایەڵییە!!, ئەمەش راهێنانی تاکی ئافرەتە لەسەر گوێڕایەڵیکردنی پیاو و

بەردانی سوکانی شەمەندەفەری ژیانی خۆی و تەسلیمکردنی بە ئەوی تری پیاو. هەر ئەو رەفتار و گویڕایەڵییەیە وایکردووە (شەوبۆ) لای هەمووان خۆشەویست بێت و تەنانەت بەو هۆیەوە کوڕێک دەیەوێت زەواجی لەگەڵدا بکات, لە راستیدا (شەوبۆ) لەو زنجیرەیەدا مرۆڤێکی خاوەن را و بۆچوون و رەفتاری تایبەت بە خۆی نییە بەڵکو زیاتر ئامێرێکە بۆ خزمەتکردنی بەشی زۆری ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە خێزانەکەیەوە هەیە, لە باشترین حاڵەتدا (شەوبۆ) جلشۆر (غسالە) و کارگوزرارە و هیچی دی, خۆشەویستییەکەشی هەر بە هێندەی ئەمەیە و بۆ ئەوەیە، نەک بۆ مرۆڤبوونی ئەو تاکە, لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکەشیدا زۆر شەرمنە و شەرم لە هەر پیاوێک دەکات.

هەموو ئەمانەش هەوڵێکە لە کایەی هونەردا بۆ لە قاڵبدانی ژن و راگرتنی لە دۆزەخی پیاوسالاریدا, هەر لەبەر ئەوەی پیاو کائینێکی گەورە و پیرۆزتر و بە نرخترە!! ئیدی ژن دەبێت شەرم بیگرێت لە بەردەم ئەم بوونەوەرە پیرۆزە کە خواوەند زۆر بە تایبەت ئافراندوویەتی و ئەرکی گەورە و پیرۆزی لەسەر شان داناوە. ئیدی دەبینین پەیوەندیی خۆشەویستی ئەو دوو کارەکتەرەکە (شەوبۆ- ئاوات) هەر لە ناو خۆشەویستیدا نامێنێتەوە, ئێمە ئەڵقەی کۆتاییمان بینی و ئاهەنگی «شەوبۆ و ئاوات»مان نەبینی!! بەڵام ناڕاستەوخۆ دەزانین ئەو دوانە لە دواجاردا دەگەنە زەواج, من لێرەدا لەسەر ئەمە هەڵوەستە دەکەم و زنجیرەی (رەشەی پۆلیس) وەبیر دەخەمەوە چۆن هەمان هونەرمەند لە رۆڵی (چیا) دواجار لە خۆشەویستییەکەیدا لە گەڵا کوڕەکەی رەشەی پۆلیس (هیوا) کە ئامۆزایەتی دەگاتە زەواج, ئەوەی بەلامەوە جێگەی سەرسوڕمانە (هونەرمەند) بێت کولتوورێک بگوازێتەوە بۆ نێو هونەر کە کولتوورێکی ئێکسپایەر و دواکەوتووانەی کۆمەڵگە بێت!!.

بە پێی تەقالیدی ئەم کۆمەڵگەیە، دەبێت چارەنووسی خۆشەویستی تەنیا بە زەواج بگات، ئەگەر نا ئەوە خۆشەویستی نییە و دەستبڕینە, ئەم بیرکردنەوەیەش تەنیا بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی داخراوی چەپێنراوە, کە چارەنووسی خۆشەویستی مەحکوم دەکات بە زەواج, چوونکێ ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ناتوانن و ناچێت بە هۆشیاندا دوو مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەی زەواج یەکتریان خۆش

بویت, هەر بۆیە دەبینین چوارچێوەیەکی بێ بەها و مانایان قوتکردۆتەوە, کە پێکگەیشتنی ژن و پیاو لە دەرەوەی گرێبەستی زەواج کە پەڕەیەکە و بەڵای منەوە هیچ نرخ و بەهایەکی نییە جۆرێکە لە بەدرەوشتیی و لادان لە رەوشتی گشتیی کۆمەڵگە, چوونکێ کۆمەڵگای ئێمە رەوشت (اخلاق)ی نوساندووە بە جەستەی مرۆڤەوە و بە ستوویەتییەوە بە پارچەیەک یان راستر بڵێین بە ئەندامێکی لەشی مرۆڤەوە, کە لە دنیای مۆدێرن و هاوچەرخی ئاوێزان بە بیری رۆشنگەریی و عەقڵانییەت و مودێرنە ئەخلاق خراوەتە دەرەوەی جەستەر و لە ئەندامی زاوزێی مرۆڤ رزگاریان کردووە, بۆ نموونە (مارکس- ئەنگلس) توانییان ئەخلاق لە ئیماژە نێوگەڵییەکانەوە بگۆڕن بۆ کۆمەڵە پرنسیپێکی تر.

دووبارە دەڵێم کارکردنی (میسری) لەم حاڵەتەدا بە هۆشیارانە بێت یان بە پێچەوانەوە گواستنەوەی کولتووری سوونەتی و باو بۆ نێو هونەر کە لە واقیعدا هونەر پێش بارودۆخ و کولتووری باو دەکەوێت نەک لەبەرگرتنەوە و جوینەوە و دووبارەکردنەوەی نەریتە باوەکان. من پێموانییە ئەرکی هونەر و رۆڵی هونەر شتێکی دابڕاو بێت لە واقیع، بەڵکو تەواوێک بە پێچەوانەوە ئەرکی هونەر مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع، بەڵام بە مانا ریالییە رووتەکە نا بەڵکو کاری هونەریی هەوڵدانە بۆ پێشکەشکردنی دنیایەکی نوێ کە هێشتا نەهاتۆتە ئارا، بەڵکو زۆر جار کەم بیریشی لێ کراوەتەوە. حەز دەکەم قسەیەکی تریش لە بارەی زنجیرەی رەشەی پۆلیسەوە بکەم دەربارەی رۆڵ و پێگەی ژن لە زنجیرەیەشدا, بۆ وێنە ژنی حاجی ئەکرەم ژنێکی دەستەمۆ و پاسیڤ و تێکشکاوە.

تەنانەت لە یەکێک لە مەشهەدەکاندا لە بەردەم (حاجی ئەکرەم)دا رەنگی سپی دەبێت و رادەوەستێت و زمانی گۆ ناکات قسە بکات! هەرچەند حاجی ئەنەڕەنێ بەسەریدا ئەم ناتوانێت قسە بکات, ئەگەر لێم بپرسی تۆ بۆ رەخنەت لەسەر ئەمە هەیە بەڵکو نوسەر ویستوویەتی ئەو حاڵەتەی کۆمەڵی کوردیی بگوازێتەوە؟ دەتوانم ئەوە بڵێم ئەوە گواستنەوەیە نییە بەڵکو نیشاندانی ملکەچپێکردنە و ئەو ژنەش لە زمانی خۆیەوە دەڵێت ناچارە و تازە عەیبە بەو پیرییەوە لەو کۆیلایەتییە هەڵبێت! بەڵام ئایا یاخیبوون لە چوارچێوەکان پەیوەندیی بە تەمەنەوە هەیە؟ ئایا یاخیبوون پەیوەندیی بە ژنبوون و پیاوبوونەوە هەیە؟ لە هەمان کاتدا (مەجید و نەسرین)

کە دوو کارەکتەری سەرەکین و ڕۆڵەکەشیان تەنیا لە فلیمی هیندیدا هەیە, جێگەی لەسەر وەستان و قسە لەسەرکردنە, ئەوان تێکڕا (مەجید) بە قارەمان دەزانن, بەڵام ئایا چۆن و بە چی مەجید بووە بە قارەمان؟!! لەبەرئەوەی لەگەڵ براژنەکەی خۆی ماوەتەوە و منداڵەکانی وی لە دوای برا شەهیدەکەی پەروەردە کردووە، بە بێ ئەوەی لەگەڵ (نەسرین) چووبێتە نێو پرۆسەی هاوسەرییەوە.

لە میانیشدا کۆشش کراوە بکرێتە شتێکی عەیبە ژنێک دوای مەرگی هاوسەرەکەی زەواج بکاتەوە! هەوڵدراوە درێژ بەو کولتوورە دواکەوتووە بدرێت ئافرەتی ناچار کردووە دوای مردنی مێردەکەی لەگەڵ شوبراکەی بچێتە پرۆسەی هاوسەرییەوە! هەرچەندە (نەسرین) لەگەڵ (مەجید) نەبووتە هاوسەر- بەڵام ئەو حاڵەتە ڕاگرتنی ژنە لە ژێر سێبەری ئەو پیاوەدا, ئەوە گرنگ نییە لاپەڕەیەک وەک گرێبەستی زەواج مۆرکراوە یان بەڵکو ئەوە گرنگە ئەو ژنە لە چوارچێوەی بنەماڵەی هاوسەری رابردووی دەخولێتەوە! هەوڵدراوە وێنایەکی وەها بەرهەم بهێنرێت ژن بە بێ پیاو ناتوانێت ژیانی ئابووری خۆی و منداڵەکانی دابین بکات، ئەمەش پێویستی کردووە بەردەوام پیاوێک هەبێت ئەم ئەرکەی لە کۆڵ بکاتەوە. لە کەسایەتی (چیا)شدا وەک سەرەکیترین کارەکتەر لە «ڕەشـەی پۆلیس»دا دیسان لاوازیی ژن دەردەکەوێت, (چیا) هەوڵیدا یاخی بێت و لە چوارچێوەی ماڵی باوکی خۆی دەربچێت؟ بەڵام (میسری) یاخیبوونەکەی بەشێوەیەکی کاریکاتۆریی بەرجەستە کردووە, ئەوەتا (چیا) زیاد لە جارێک دەڵی (ماڵی مامی خۆمە و بێگانە نییە) باشە ئەگەر چووبایەتە ماڵی بێگانە ئەوسا (چیا) چی دەوت؟ لە کوردەواریدا مام وەک باوک وایە لەبەرئەوە ئەوەی (چیا) ئەنجامیدا بارکردن بوو بۆ ماڵی مامی نەک یاخیبوون؟ چیا لە هیچی باوکی یاخی نەبووبوو، بەڵکو ناڕەزایەتی دەربڕی لە بەرامبەر ڕێگری باوکی بۆ ئەوەی نەبێتە هاوسەری (هیوا)ی کوڕی مامی، ئەم ڕێگرییەش زیاتر پەیوەندیی بە کۆنەقینەوە هەبوو, ئەگەر نا (حاجی ئەکرەم) هیچ بەربەستێکی دروست نەکردبوو لە بەردەمیدا بۆ ئەوەی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت.

چەند جارێکیش (چیا) دەیووت هیوا کوڕی مامی خۆمە!! ئەم ڕستەیە زۆر مەغزای هەیە و دەکرێت بە چەند دیوێکدا بخوێندرێتەوە! باشە ئەگەر هیوا کوڕی

مامی نەبوایە ئایا نەدەبوو چیا خۆشەویستی لەگەڵدا بکات؟ ئایا خۆشەویستی تەنیا ئەو کاتە ڕەوایە کە هی ئامۆزاکان بێت؟ ئایا ئەمە هەوڵدان نییە بۆ قەتیسکردنی خۆشەویستی لە چوارچێوەی بنەماڵەدا؟ زۆر شتی تر هەیە دەکرێت بوترێت, بەڵام ئەوەندەی من تەماشای ئەو زنجیرانەم کردووە ئەم چەند ڕستەیەم لەلا گەڵاڵە بوو, گەیشتمە ئەو بڕوایەشی چۆن کاکی نووسەر (میسری) بەبێ ئاگا کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوە و چۆن بە هەمان نەفەس و چاویلکەی کۆمەڵگە لە ئافرەت دەڕوانێت. هیوادارین (جومعە شێت) کە بەرهەمی نوێی (میسری)یە توانیبێتی ئەم حاڵە تێپەڕ بکات یان هەر نا ئەم ڕستەگەلانە بە هەند وەربگرێت و بچێت یەک دوو کتێبان لەبارەی ئافرەت و مافی ئافرەتان بخوێنێتەوە تا لە کارەکانی داهاتوویدا بە هەمان هەڵەدا نەڕواتەوە و ڕێز لە ژن بگرێت وەک مرۆڤ و وەک هاوشان و هاوژیانی پیاو. بەو هیوایەن.

تێبینی: ئەو بۆنەیەی هانیدام بۆ نووسینی ئەم سەرنجە، دووبارە نمایشکردنەوەی زنجیرەی (حەسەنە فەنی) بوو لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

سەرنجێک: درامای «حەسەنە فەنی» درامایەکی هاوبەشی کەناڵی خاک - کوردسات بوو لە ٣٠ ئەڵقە پێکهاتبوو لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرهەم هێنرابوو، لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو «حسێن میسری» بوو. پێشتریش چەند زنجیرە درامایەکی ٣٠ ئەڵقەیی دەرهێنابوو وەک «خەمی چۆلەکەکان» و «ڕەشەی پۆلیس» و دوای ئەم بەرهەمەش کە من ڕەخنەم لێگرتووە درامایەکی تری بەناوی «جمعە» دەرهێنا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە کە ڕەخنەکەی منی تێدابوو، کاک حسێن خۆی منی دۆزییەوە و دەستخۆشی لێکردم و بەڵێنی دا زیاتر بە دیقەتەوە کاربکات و تەنانەت بووینە هاوڕێش، بەڵام بەداخەوە زوو کۆچی دوایی کرد. ڕۆحی شاد بێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٢)ی ڕۆژنامەی (راسان) لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# جیاکاریی و چەوساندنەوەی ژن لەنێو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا

چەوساندنەوەی رەگەزی مێینە لە پێش هەر شتێکدا و لە پێش ئەوەی وێنەیەکی یاسایی و سیاسیی وەربگرێت چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە دامەزراوەی خێزانەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە سەرەکیترین کایە کۆمەڵایەتییەکان و لەوێشەوە ئەم کێشەیە رەنگێکی یاسایی و سیاسیی وەرگرتووە، هەڵە نییە هۆکاری بنەڕەتی جیاکاریی و چەوساندنەوەی ژن لە کایەکانی تردا گرێ بدەینەوە بە کایە کۆمەڵایەتییەکەوە کە ژنی وەک مەخلوق و کائینێکی کەمتر لە پیاو سەیر کردووە و ناچاری کردووە نوچ بدات لە بەردەم ویستی رەگەزی نێرینەدا کە ویستێکە بۆ چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەویدی ژن. تۆ سەیر بکە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی منداڵێکی کچەوە ئەو جیاوازییە رەگەزییە دەستپێدەکات لەوەی پێشوازیکردنی کۆمەڵ و خێزان لە لە دایکبوونی کچێک زۆر سارد و سڕترە لە لە دایکبوونی منداڵێکی کوڕ، بەڵکو زۆرجار هەر مایەی پێشوازیکردن و خۆشحاڵیش نییە.

دوا بە دوای ئەوەش لە پرۆسێسی ناولێنانی هەر یەک لەکچ و کوڕدا بەر حاڵەتێکی لەم چەشنە دەکەوین ئەمیش بەوەی ناوی کچان دەنێن (ناسک- تریفە- خونچە- پەپولە- سروە..هتد) لە بەرامبەریشدا ناوی کوڕان دەنێن (پۆڵا- تۆڵە- سەرباز- بەهێز- سەرچڵ- سەرکەش.. هتد) خۆی لە خۆیدا ئەم ناولێنانە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگی سایکۆلۆژیی و عەقڵێتیی سیستمی پاتریاکییە

بۆ جیاکردنەوەی دوو ڕەگەزەکە لە یەکتر، ڕەگەزێکیان کە مێینەیە ناسکتر و لاوازتر و سۆزدارترە لە ڕەگەزەکەی تر کە نێرینەیە، بەم پێیەش هەریەکەیان دەبێت هەڵگری ناو و نازناوێک بن لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییە فسیۆلۆژیی و بایۆلۆژییەکانیاندا هاوتەریب بێت. لە ڕوانگەی عەقڵیتی باوکسالارییشەوە جیاوازییە فسیۆلۆژیی و بایۆلۆژییەکانی ئافرەت مایەی نەگبەتییە و فاکتۆرێکیشە بۆ ژێردەستەکردن و ڕەوایی بەخشین بۆ ملکەچپێکردنی ڕەگەزی مێینە. ئەمە تەنیا دەتوانێت ئەوەمان وەبیرخاتەوە چۆن ڕەگەزی سپی (سپی پێست) شەرعیەتی دەدا بە خۆی، بە بیانووی جیاوازیی ڕەنگی پێستەوە پاکتاوی زنجی و (قوله) ڕەشەکان بکات، هەمیشە ڕەگەزی ئەنگلۆسەکسۆنی بە بەهانەی ڕەگەزی باڵا و شانازییکردن بە چاوی شین و پێستی ناسکی سورباوی خۆیانەوە ژیانیان لە ئەفریکاییەکان کردە دۆزەخێکی زەمینی، لە کاتێکدا ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا ڕێژەییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە چاویلکەی ڕەشەکانەوە (سپی)بوون ئەوپەڕی ناشیرینبوون و بێزراویی بووە، هەروەک کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی (د.عەلی ئەلوەردی) نموونەیەک لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە چۆن کۆمەڵە ڕەشپێستێک گاڵتە بە سپی پێستەکان دەکەن چوونکە زۆریان لەلا ناشیرین بوون.

ئەم هەڵاواردن و جیاکارییەی نێوان دوو ڕەگەزەکە بە بیانووی جیاوازیی فەسڵەجییەوە، دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیار و تێڕامان: ئەی بۆچی جیاوازییەکیانی پیاو نەبۆتە فاکتۆری نەگبەتی و چەوساندنەوەی نێرینە؟ تەنانەت لە قۆناغی دەسەڵاتی ڕەهای دایکدا (ماتریارکی) ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاو نەچەوساتەوە، بەڵکو شتێک نەبووە ناوی چەوساندنەوە بێت!!، ئاخر چ هێز و کارکردێک وا دەکات کۆمەڵە جیاوازییەک ببێتە هۆی چەوساندنەوە؟ یان گریمان ژن لە هەموو ڕوویەکەوە لە پیاو کەم هێزتر و کەمتواناترە ئەی چی لۆژیکێک ڕێگە دەدا بە پیاو لەسەر سترۆکتۆری ماسی گەورە ماسی بچووک دەخوات ژن بچەوسێنێتەوە و ئازاری بدات و بیکات بە پاشکۆی خۆی؟. دواتر بڕوانن چۆن لە چوارچێوەی خێزاندا جیاوازیی دروست دەکرێت لەنێوان منداڵانی کچ و کوڕ، هەر لە سەرەتاوە کچ ڕادەهێنرێت و فێر دەکرێت پابەندی چوار دیواری ماڵ و چوارچێوەی خێزان بێت و هێدی هێدی دەبێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژیانی چێشتخانە و دواجاریش

ببێتە باشترین کابان و لە هەمان کاتدا پارێزگاریی لە شەرەفی بنەماڵە بکات کە ڕاستەوخۆ بە جەستەی ئەوی مێینەوە نوساوە و لە هەر خروقاتێک لە دەرەوەی ترادیسیۆنی خێڵ و کولتووری بنەماڵە، شەرەفی بنەماڵە و خێڵ ڕوشاوە و ئەو کەسەشی لاساریی و سەرپێچییەکی لەم چەشنە بکات ژیانی مەحکومە بە مەرگ!!، چوونکە لە دیدی پیاوسالاریی خێڵگەراییدا بەهای شەرەف لەسەروو هەموو بەهاکانی ترەوەیە تەنانەت لە سەرووی ژیانی مرۆڤیشەوەیە!.

لە بەرامبەریشدا کوڕ بزێوە و بەشداریی چالاکی وەبەرهێنان دەکات و ئەکتیڤانە ڕۆڵ لە ژیانی ئابووریدا دەگێڕێ و دەبێت هەر لە سەرەتاوە وێنەیەکی بچووککراوە و فۆتۆکۆپیکراوی باوکی خۆی بێت و جێگەی وی بگرێتەوە، ئەم کائینەی ناوی کوڕە پێویستە شەرم نەکات و قسەی لەسەر هەموو شتەکان هەبێت و ڕۆڵی کاراکتەری باوک نمایش بکات لە غیابی باوکدا چ غیابی کاتی بێت یان بەردەوام. لێرەوە دەبینی کۆمەڵگەیەکت هەیە لە سەرەتای ژیانی ئەو دوو مرۆڤەوە بە نێر و مێ ناونراون، بەشێوەیەکی سیستماتیک و توندوتیژ کار لەسەر جیاکردنەوە و دوورەپەرێزییان لە یەکتر دەکات و دەیەوێ بە هەر یەکێکیان بڵێت تۆ خاوەنی تایبەتمەندیی خۆتیت و پێویستە سوننەت و یاسای ژیان و خەسڵەتی ڕەگەزیی خۆت بپارێزیت، تۆی ژن دەبێت کەم قسە بکەیت و لە کاروباری پیاواندا بێدەنگی هەڵبژێریت و جوانترین ئەدگاری کۆمەڵایەتیت بە (شەرەف)ی و شەرمنییە، هەروەک ئەو پەندە کوردییەی دەڵێت (پیاوی شەرمن شانەیەک ناهێنێت، بەڵام ئافرەتی شەرمن شارێک دەهێنێت) کەچی دەبێت ئەوی پیاو بێ چاو و ڕوو بێت و بەردەوام ئامادەیی لە کۆڕ و کۆمەڵی پیاوماقووڵاندا هەبێت و هەموو چالاکییەکانی ژیانی خێزان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەم شێوەیە کار لەسەر هەردوو ڕەگەزەکە دەکرێ بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا کە بەتەواوەتی لێکدی جوێ دەکرێنەوە و تا ڕاددەیەکی زۆریش دوورەپەرێز دەبن لە یەکتر و تەنانەت نامۆ دەبن بە یەکتر و کەمترین زانیارییان لەسەر تایبەتمەندییەکانی یەکدی دەبێت.

هاوکاتیش لە هەناوی خێزاندا کوڕ وەک شازادەیەک مامەڵە دەکات و قسەی زیاتر دەخوات و زیاتر گوێی لێدەگیرێت و بایەخی پێدەدرێت، تەنانەت لە زۆرترینی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ژیان و چارەنووسی کچ یان خوشکەوە هەیە

ئەوەندەی گوێ لە باوک و برا دەگیرێت نیو هێندە حیساب بۆ بۆچوونی کچەکە خۆی ناکرێت!!، ئەمە بە تایبەتی لە مەسەلەی زەواجدا، هەربۆیە دەبینین لێشاوێک لە زەواجی زۆرەملێ دروست دەبن لە هەناوی ئەمەشدا خێزانی ناتەندروست سەر دەردەهێنێت، دواجاریش نەوەیەکی سەقەت و نەخۆش بەرهەم دەهێنێت. لەلایەکی ترەوە ئەو پۆلێنبەندیی و جیاکارییە دەستدرێژیی دەکاتە سەر کۆی لایەنەکانی ژیانی مێینە بەتایبەتی لە ممارەسەکردنی رەمەکی سێکسدا، چوونکە ئامێری زاوزێکردن و کۆی جەستەی ئافرەت (عـەورەت)ە و سنوورێکی قەدەغەکراو و مینرێژکراوە کە خواوەند لە قوولایی ئاسمانەوە نەهی کردووە لە بەریەککەوتنی لەگەڵ جەستەی نێرینەدا، بۆیە هەر نزیکبوونەوەیەک لە یەکتری بریتی دەبێت لە شکاندن و بەزاندنی سنووری خواوەند!! ئەوەش گەورەترین تاوانە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا و دەبێتە مایەی نەفرەتی ئاسمان، هاوکات لێسەندنەوەی ژیان لەسەر زەوی!. هەرئەمەشە بۆتە هۆی بەرپاکردنی کوشتارێکی بێشومار لە ژنانی ئەم وڵاتە بە ناوی پاراستنی شەرەف و کڕینەوە و شوشتنەوەی ناموسی تکاو!.

ناموسپەرستی کە رەگەزێکی کوشندەی کولتووری کوردەوارییە یەکێکە لەو نەریتە قێزەونانەی تیرۆر و کوشتنی ژنانی کردۆتە کردەیەکی ئاسایی بگرە پڕ شانازیی و بەختەوەریی، دەبینین ئەو (قارەمانانەی) دەستیان چۆتە گیانی خوشک و دایک و کەسوکارییان بە ناوی پارێزگارییکردنی شەرەفەوە، مایەی خۆشحاڵی خەڵکن و هـەروەک ئـەوەی سەروەریی و (بطولة)یان نواندبێت بەسەر زەویدا دەڕۆن و لە کۆڕی پیاواندا شانازیی بە کردەوەکەیانەوە دەکەن و کۆمەڵگەش پەنجەی شەرەف و خاوەن ناموسییان بۆ درێژ دەکات، ئەم کولتووری کوشتن و بڕینە کە رەگی لە مێژووی کورددا داکوتاوە و یەکێکە لە نەریتە پریمتیڤ و هەرە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا وەک تابۆیەک و وەک هەڕەشەیەک بەسەر سەری هەر ژنێکی کوردەوە ئامادەیی هەیە، کاتێکیش دەڵێین ئەم نەریتە، نەریتێکی کوردییە بەو مانا نییە ژن کوشتن لەنێو گەلانی تری دنیادا بوونی نییە، بەڵام ژن کوشتن و بەهانەی کوشتن لە وڵاتانی تر رەهەند و مانا و هۆکاری تری هەیە، کاتێک لەسوێد ئافرەتێکی بە رەسەن سوێدیی دەکوژرێت بە مانای پارێزگارییکردن نییە لە شـەرەف بەقەدەر ئـەوەی مانا و ناولێنانی تری هەیە!

چوونکە لەوێندەر ممارەسەی سێکس پرۆسیسێکی ئاساییە و هیچ تابۆیەکی لەسەر نییە و وشەی (شەرەف)یش لە قاموسی ئەواندا نەناسراوە، تەنانەت نووسەرێکی سوێدیی «نینا برۆک» لە کتێبێکدا بە ناوی (لە ژێر لیڤە پەمەییەکەوە) شانازیی بە کۆمەڵگەکەیەوە دەکات بەوەی مندالانی بێژیی ناوناوە (مندالانی عەشق)، بەڵام کوشتنی (فادیمە شاهیندال) لەلایەن باوکییەوە راستەوخۆ کوشتنێکی شەرەفی بوو کە باکگراوەندەکەی کولتووری کوردییە و بەشێک بوو لە پرۆسەی گێڕانەوەی ئابڕووی بە حیساب تکاوی بنەماڵە.

هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر بە تایبەتی لە ناوەندی رۆشنبیریی (ئەنتجلینسیا) ی کوردیدا هەوڵدەدەن ریشەی ئەم نەریتە ببنەوە بۆ قورئان و ئیسلام و دین تۆمەتبار بکەن، بەڵام لە گەلێک سیاق و رووی جیاوازەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕوا و ئاکامەی ئەم کولتوورە پەیوەندییەکی زۆر لاوازی بە ئیسلامەوە هەیە کە دەکرێ بڵێین بە تاڵە دەزوویەکی زۆر باریک پێوەی بەستراوەتەوە، ئێمە ناڵێین هیچ پەیوەندییەکی بە کاریگەریی ئیسلامەوە نییە و ئاینی ئیسلام ژنی وەک پلە دوو سەیر نەکردووە، تەواو بەپێچەوانەوە پێمانوایە ئیسلام کەمترین رۆڵ و سەنگ و حورمەتی بە ژن رەوا بینیوە، بەڵام پرۆسەی کوشتنی ژن لە ئیسلامدا لەو کوشتنانە جیاوازترە لە کۆمەڵی کوردەواریی پیادە دەکرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی لە قورئاندا ئاماژە بەوە دراوە هەر (زانی- زانیە)یەک کە هێشتا کوڕ و کچن و نەچونەتە ناو بازنەی هاوسەرییەوە بە گەواهیدانی چوار کەسی هۆشمەند دارکاریی دەکرێن بە بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری رەگەز، ئەگەریش چووبونە ناو بازنەی هاوسەرییەوە و پەیوەندیی غەیرە شەرعیان دروست کرد دیسان بە گەواهیدانی چوار کەس هەردووکیان پێکەوە سەنگەسار دەکرێن!!.

کەچی کولتووری کوردیی و نەریتی کڕینەوەی شەرەف بەبێ ئەوەی پێویستی بە گەواهیدان هەبێت بە تەنیا ئافرەتی تێدا تاوانبار دەکرێت و هەر بە تەنیا ئەویش دەبێتە قوربانی ئەم نەریتە، بە پێچەوانەشەوە پیاو شانازیی بە کارەکەیەوە دەکات و وەک بەسەرهات و پاڵەوانێتی لە کوڕ و کۆمەڵدا دەیگێڕێتەوە. ئا لێرەوەیە دەگەینە ئەو قەناعەتەی چەوساندنەوەی ژن بەر لە هەموو شتێک چەوساندنەوەیە لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر لە ژێر رۆشنایی ئەم راستییەشدا بەو ئەنجامە دەگەین

گۆڕینی یاسا بە دیاریکراویی یاسای باری کەسێتی عێراق کە ئیلهامی لە سیستمی پیاوسالاریی و ئیسلامەوە وەرگرتووە و جەخت لەسەر چەوساندنەوەی ژنان دەکاتەوە بە بێ کارکردن بۆ گۆڕین و وەرچەرخاندنی کولتووری کۆمەڵگە هەوڵێکی ئیفلیج و ناتەواوە، کەواتە لە پاڵ گۆڕینی یاسا پێویستمان بە پرۆسێسێکی مێژوویی هەیە بۆ گۆڕینی ترادیسیۆن و بنیادە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی کە کۆمەڵگەیەکە یەکێک لەپایە کولتوورییەکانی خۆی لەسەر چەوساندنەوەی ژنان و جیاکاریی نێوان دوو رەگەزەکە راگرتووە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتەوە بەشێوەی ئیرتیجالی لە گردبوونەوەی ناڕەزایی تیرۆری «فادیمە شاهیندال» لە سوێد خوێنراوەتەوە، پاشتر بە نووسین لە ژمارە (١٧)ی رۆژنامەی (پێگە) لە رۆژی ٢٥/٨/ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# بە چەقۆ خوشکێکی خۆم کوشت و پەشیمانیش نیم!!

نێزیکی کاتژمێر یەک بوو بەکاتی هاوینە بەرەو ماڵەوە دەچوومە و لەگەڵ گەیشتنە ماڵەوەمدا بانگی نیوەڕۆی دا، بە شپرزەییەوە خۆم کرد بە مەتبەخەکەدا چەقۆیەکی گەورەم هەڵگرت، خوشکەکەم بە خەندەیەکەوە هاتە بەردەم و وتی: کوڕی باش کەی ئەوە چەقۆی میوەیە ئەوە گایەکی پێ سەردەبڕدرێت؟!، من لە تووڕەییدا بەری چاوم تاریک ببوو و وەک شێر نەڕاندم بەسەریدا و هاوارم کرد دەمت داخە، گای پێ سەرنابڕم خۆم دەزانم ئەمڕۆ چۆن ئەم چەقۆیە بەکاردەهێنم! دیسان وتی: ئەوە چییە کە تووڕە دەبیت دۆ و دۆشاو تێکەڵاو دەکەیت و فێت لێدێت؟ هەمدیسان لە غەزەبدا کە گڕ لە کونی لووتمەوە دەهاتە دەرەوە وتم: بەسە مێشکم مەبە تەنیا دە خولەک ئارام بگرە بزانە چی دەکەم؟!. هەسانێکم هێنا و چەقۆکەم تیژ کردەوە، تیژتر لە قین و رقی هەڵچوو و پەنگخواردووی سینەم، هەر ئەوەندەی چەقۆکەم تیژ کردەوە بانگی خوشکەکەم کرد بێتە گەرماوەکە بێ پرسیار و دوودڵی بە دەنگ داواکەمەوە هات، بە بزەیەکەوە وتی: ها شێتە نیازی چیت هەیە وا بانگت کردم بۆ ئێرە، پەلیم گرت وتم ئەو کوڕەی دوێنێ لەو باخچەیە لەگەڵتدابوو و قۆڵت کردبوو بە قۆڵیدا کێ بوو!، چۆن ئەمەت کرد؟ وتی: برا گیان من ئەو کەسەم خۆشدەوێت و پەیمانمان بە یەک داوە بۆ یەک بمرین و بژین!.

هەر ئەمەم بیست شێتیی گرتمی، وتم: چەتیوە رشکنی ناشیرین دەتەوێت سەرم شۆڕ بکەیت و حەیامان بەریت؟ ئەی تۆ نازانیت کچی کێیت و لە چ خانەوادەیەک

پەروەردە بوویت؟ ئایا دەزانیت شەرەف گرانە و نامووس وەک شووشە وایە کە شکا ئیتر چاک نابێتەوە؟ بە قورگێکی پڕ گریان و مەلوولییەوە وتی: براکەم بۆچی خۆشەویستی بێ شەرەفی و بێ ناموسییە؟ ئەمە کەی رەوای هەقە خۆت پەنجا عیلاقەت هەیە و دانەیەکیش بە من رەوا نابینیت؟ قیڕاندم هەی ناکەس بەچە ئەوە دەڵێی چی و ئەم قسە زلانە کێ فێری کردوویت؟ خۆ تۆ زمان لەناو دەمتدا نەبوو، هەمووی ئەو هەتیوە سەر رووتە تۆی لە خشتە بردووە و فێری ئەم قسە قۆڕ و فەلسەفە بێ مانایانەی کردوویت. دەستیم توند گرت و وتم: ئایا ئێستا دەزانیت ئەم چەقۆیەم بۆچییە و کێی پێ قەلاش دەکەم؟!! زریکاندی و لە ترسا زەرد هەڵگەڕا هاواری کرد: نا، نا، کاکە گیان، نا، نا، تکا دەکەم نامەوێت بمرم، ئەگەر هەر دەبێت بمرم تو خوا بەم جۆرە نا، هەرچەند لالایەوە و نوزایەوە هەستم نەجولا و سوور بووم لەسەر بڕیارەکەم بۆ کوشتنی و هەتا هێزم تیابوو چەقۆیەکم دا لەسەر سینگی و خوێن بەهەر چوارلادا فیچقەی کرد، کەوتە هەنسکدان، بەڵام ئاگری غەزەبم بەمە دانەمرکایەوە بۆیە چەند چەقۆیەکی ترم دا لە سینگ و سەر و ملی تا بە تەواوەتی شل بوو لەسەر دەستم، کەوتە سەر زەوی و لە گیانەڵادا بوو، بەڵام هێشتا چاوە شینەکانی بۆ منی دەڕوانی وەک ئەوەی بڵێ جێی باوەڕ نییە برا میهرەبانەکەی دوێنێم ئەمڕۆ ئەم جەلاد و شەیتانە دڕندەیە بێت بە خوێن شاگەشکە دەبێت، من ئەوانەم بەلاوە گرنگ نەبوو دوو چەقی ترم دا لەسەر دڵی ئەو دڵەی کەسێکی تیابوو بەڵام بووە مایەی ئابڕووبردن و لەکەداربوونی سومعەی بنەماڵەکەمان کە وەک بنەماڵەیەکی قورس و گەورە سەیرمان دەکرا و پەنجەمان بۆ رادەکێشرا، ئیدی بە تەواویی شل بوو و بە چەند چرکەیەکی کەم رۆحی دەرچوو و مرد.

دوای کوشتنەکەی دەستم کرد بە شووشتنەوەی خوێناوەکە و جەنازەکەم لە ناو گەرماوەکە بەجێهێشت و وەک ئەوەی کارێکی مەزنم ئەنجام دابێت شادومانی دایگرتم بگرە دەستمکرد بە خواردنی نانی نیوەڕۆ. لەم کاتەدا ئەندامانی تری بنەماڵەکەمان کە هەموویان لەسەر کار و دەوام بوون گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و رووداوەکەم لەگەڵ باسکردن، هەموویان دەستخۆشییان لێکردم بەتەنگ ناوبانگی بنەماڵەکەمانەوەم و ناهێڵم هیچ پەڵەیەکی رەشی بکەوێتە سەر و هەردەم ئەگەر پێویستی کردبێت بە خوێن سپی و پاکم کردووەتەوە. بەڵام هێشتا هەستم دەکرد

کارەکەم ماوێتی و تەواو نەبووە، دەمانچەکەم خستە ژێر چاکەتەکەمەوە و بەرەو دەرەوەی ماڵ ڕۆیشتم و بە ئۆتۆمبیلەکەم چوومە بازاڕ، بە دوای دوکانی ئەو کوڕەدا گەڕام لەگەڵ خوشکەکەم پەیوەندیی هەبوو، دوای گەڕانێکی زۆر دوکانەیەکم دۆزییەوە بەڵام خۆی لەوێ نەبوو، لە دوکاندارێکی دراوسێیم پرسی ئەرێ فلان کەس لە کوێیە؟ لە وەڵامدا وتی: چووە بۆ فڵانە چێشتخانە تا نان بخوات.

یەکسەر و بێ سوپاسکردنی و بە ڕاکردن رووەو چێشتخانەکە چووم و بینم لە سوچێکەوە دانیشتووە و نان دەخوات دەستم خستە سەر شانی و وتم: دیارییەکم بۆ هێناویت، دەمەوێت لێم وەربگریت! وتی: دیاریی چی بە ڕاستی من تۆ ناناسم؟ وتم: ئارام بگرە ئێستا دوای دیارییەکە دەمناسی کێم! دەمانچەکەم دەرهێنا و چەند گوللەیەکم پێوەنا و لە بەردەممدا سارد بووەوە و ڕۆحی دەرچوو و کەوتە سەر زەوی، بەڵام بۆ دڵنیایی گوللەیەکی تریشم لێیدا. ویستم رابکەم بەڵام چەند کەسێک لە چەند لایەکەوە پەلاماریاندام و هەرخۆشم نەمزانی چۆن چەکیان کردم و دەمانچەکەیان لێسەندم؟ بەشێوەیەک کۆنترۆڵیان کردم نەمتوانی لە دەستیان هەڵبێم تا ئەوەی مەفرەزەیەکی پۆلیس هاتن و دەستگیریان کردم و بردیانم بۆ زیندان. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە بنکەی پۆلیس و ئەنجامدانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەگەڵم دا، تاوانبار کرام بە کوشتنی خوشکەکەم بە چەقۆ و گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بە فیشەک، بەم جۆرە مەلەفەکەم ئامادەکرا بۆ ڕۆژی دادگاییکردنم و سەپاندنی حکوم بەسەرمدا!.

## ڕۆژی دادگاییکردن

پاش مانەوەیەکی کەم لە زیندان پرۆسەی دادگاییکردنم دەستی پێکرد و لەوێدا زانیم ئەو کوڕە گەنجەی من کوشتوومە ئەو گەنجە نییە خوشکەکەمی خۆشدەویست بەڵکو کەسێکی تر بووە و بگرە چەند ڕۆژ پێش مەرگی چووەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە! من بە هەڵە ئەوم کوشتبوو، هەستم بە دڵتەنگی کرد ئەو کەسەم کوشتووە، بەڵام لەبەرئەوە نا ئەو کەسە بێ گوناهە! بەڵکو لەبەرئەوەی نەمتوانی ئەو کەسەی لە ئامانجدا دامنابوو بیپیکم، خەریکبوو پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەرەو کۆتایی هاتن دەچوو، هەر ئەوەندەی بە وردیی و دیقەتەوە روانیم بەشێکی

زۆر لە هاورێکانم لە هۆڵەکەدا بوون!!. یەکێکیان لە فایلێکدا ئەو نووسینانەی خستە بەردەستم لەسەر مافی ژنان و مافی مرۆڤ و عەشق نووسیبوومن!!، چەند هاوڕێیەکی کچ و ژنم لەوێ بوون کە لە بەردەمیاندا دنیایەک باسی ماف و ئازادیی ژنم کردبوو، هەستم بە خەجاڵەتی نەکرد و هاوارم کرد ناموس گرانە، شەرەف شتێکی گرانە، ئابڕوو گرانە. لە بەشی کۆتایی دادگاکەدا زۆر بە راشکاویی و دەنگێکی بڵندەوە لە بەردەم سەرجەم ئامادەبوواندا وتم: بەڵێ من خوشکەکەی خۆم بە چەقۆ کوشت و لێی پەشیمانیش نیم، بۆ ئەو گەنجەی بە هەڵە کوشتوومە داوای لێبووردن دەکەم و خوا لێی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر یەک رۆژ پێم بچێتە دەرەوەی زیندان ئەوە ئەو هەتیوە لاسارە دەکوژم کە بووە مایەی ئابڕووبردنی بنەماڵەکەمان و خوشکەکەمانی فریودا، چۆن خوشکەکەم هەقی سەرەڕۆییەکانی خۆی وەرگرت دەبێت ئەویش بەو چارەنووسە بگات و لە دەستی من رزگاری نەبێت!.

جەنابی دادوەر قسەکانی پێ بڕیم و چەند جارێک چەکوشەکەی دا بەسەر مێزەکەدا بۆ خوێندنەوەی حکومەکەم، وتی: حکومی ئەم تاوانبارە بە پێی فلان بڕگە لە ماددەی فلان لە قانوونی تاوان لە سێدارەدانە، هەموو ئامادەبووان کە لەنێوانیاندا چەند هەڵسوڕاوێکی رێکخراوەکانی ژنان دەستیانکرد بە چەپڵەڕێزان، من لە ترسدا هاوارم کرد و کەوتمە هاوار و قیڕاندن.. ئیدی لەم کاتەدا لەو خەونە ناخۆش و کوشندەیە بە خەبەر هاتمەوە و سەیرێکی خۆم کرد لەسەر سیسەمەکەم کەوتوومەتە خوارەوە، لەو لاشەوە تەلەفزیۆنەکە کار دەکات و لەسەر کەناڵێکی عەرەبییە و کۆنسێرتێکی نانسی عەجرەمە و ئامادەبووان چەپڵەی بۆ لێدەدەن، ئەوجا زانیم چەپڵەڕێزانەکە بۆ نانسی عەجرەمە نەک بۆ سزای لە سێدارەدانی من.

خێرا هەستامە سەرپێ و چوومە سەر دەستشۆرەکە و دەموچاوم شووشت و شەیتانم بەر نەفرەت دا و خۆشحاڵ بووم بەوەی ئەوەی روویدا خەو بوو نەک راستەقینە، بەڵام دوایی تێگەیشتم دوور نییە ئەمە رووبدات مادام من لە وڵاتێکدا دەژیم و ممارەسەی ژیان دەکەم ژن شەرەفی پیاوە! مادام لە دەڤەرێکدا دەژیم ژن کوشتن ئاسانترە لە ئاو خواردنەوە منیش لەسەر شەرەف ببمە ژنکوژ، مادام لە وڵاتێکدا دەژیم وەک دارستان تەنیا بەهێزەکان هەن و رامی لاوازەکان دەکەن منیش چەقۆ لە ملی خوشک و دەستگیران و هاوسەری خۆم بسووم، مادام من

خەڵکی ئەو وڵاتەم لووتی (کەژاڵ) دەبڕێ و (دوعا) بەردەباران دەکات و (شەوبۆ) زیندەبەچاڵ دەکات و (بەناز) لەتوپەت دەکات و ژن بە تێزاب دەسووتێنێت، ئاساییە دوای لێبوونەوە لە نووسنیی وتارێک لەسەر مافی ژن بچمەوە بۆ ماڵەوە و مێینەکانی نێو خانەوادەکەم دارکاریی و تەمبێ بکەم، هیچ هیچ دوور نییە لە وڵاتی ژنکوژاندا فریشتەکانیش وەک شەیاتین رەفتار بکەن.

تێبینی: ئەم وتارە جارێکی تر سکرێپ کرا و بەمەبەستی ئامادەکردنی بۆ کورتە فیلم، دواتر لەژێر ناوی «سیمینار» لە شاری لەندەن وەک کورتە فلیمێک بەرهەم هێنرا لەلایەن برای ئازیز کاک «ئاوات عوسمان» کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامدرا و لە یەکەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی سلێمانی بەشداریی پێکرا و چەند خەڵاتێکیشی بەدەستهێنا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧٢٢)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە رۆژی ٨/١٣/ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# ڕێکخراوەکانی ژنان و کێشە هەنووکەییەکانی ژن

لەو ساتەوەختەی خاوەندارێتی تایبەت سەریهەڵدا و بزووتنەوەی بەرهەمهێنان گەیشتە سەرووی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤ، ئیدی لەو بەروارەوە ژن هەر وەک هەر کاڵایەکی تر بوو بە بەشێک لە موڵکی ڕەگەزی نێرینە. گەر بە تێگەیشتنێکی مارکسییانەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی جیاکاریی نێوان ژن و پیاو بڕوانین هاوکاتە لەگەڵ وەرچەرخانی کۆمەڵگەی سەرەتایی (کۆمۆنەی سەرەتایی) بۆ کۆمەڵی چینایەتی یان بە مانایەکی تر یەکەمین چەوساندنەوەی چینایەتی لە مێژوودا چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە بووە لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە (نێرینە). دواتر لە قۆناغێکی دیکەدا ئاین وەک پێویستییەکی مەعریفی و وەڵامدەرەوە بە پرسیارە وجودیی و بێ وەڵامەکانی مرۆڤی کۆن دەرکەوت، ئەو لەحزەیەی مرۆڤ بەدوای هێزێکی باڵای میتافیزیکیدا دەگەڕا وەک سەرچاوەی دیاردە سروشتییەکان و دروستکار و بەدیهێنەری مرۆڤ. ئاین وەک پێکهاتەیەکی ئاڵۆز دەرکەوت، بەڵام ئاین تەنیا لە نێو ئەم بوعدەدا نامێنێتەوە بەڵکو لە قۆناغێکی دیکەدا دەبێتە میکانیزمێکی کارای دەستی چینە باڵادەستەکان (بێگومان مەبەستمان لە ڕەگەزی نێرینەیە)، بۆیە دەتوانین بڵێین ئاینەکان جۆرێک لە شۆڕشی نێرینە بوون بەسەر مێینەدا، ئەمەش بەو پێیەی زۆربەی پێغەمبەران و بانگەشەکارانی ئاینی فرە خودایی و یەکتاپەرستیش پیاوبوون و لە زۆربەی جاریشدا سروشتێکی نێرانە بە خوداوەند بەخشراوە ئەمە بە تایبەتی لە ئاینە ئاسمانییەکاندا ڕوونتر بەرچاو دەکەوێت.

هەتا دەگاتە بەوەی ژن تاوانبار کراوە بە ئەنجامدانی تاوانی یەکەم (الخطيئة

الاولـی) و هـەر بە هـۆی ئـەم تـاوانـەشـەوە بـوو مـرۆڤ سـەرگـەردان بـوو و لە بەهەشت وەدەرنـرا. ئیدی بەم شێوەیە بە درێژایی دەیان هەزار ساڵ ژن لەنێو چەوسانەوەیەکی بـەردەوامـدا بـووە و زۆربـەی جاریش گومان لە مرۆڤبوونی کراوە یان وەک پاشکۆی پیاو سەیر کراوە. بەڵام دواتر لە سەدەی رێنسانس و سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداریی و ئاوابوونی خۆری فیودالیزم و دەرکەوتنی رێکخراوە پیشەیی و کرێکارییەکان، کێشەی ژن وەکو یەکێک لە کێشە گرنگەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی خۆی تەرح دەکات و چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی جیا جیا دروستبوون لە پێناوی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و چەسپاندنی یەکسانی نێوان دوو رەگەزەکە بە تایبەتی کە سەرمایەداریی هەرچەند ئافرەتی لە کۆیلەیەتی چوار دیواری ماڵ رزگار کردبوو، بەڵام لە مەسەلەی کرێدا رەچاوی یەکسانی نێوان دوو رەگەزەکەی نەکردبوو.

دەتوانین شۆڕشی بۆرژوازی فەڕەنسا (ساڵی ١٧٨٩) بە سەرەتایەکی گرنگی جووڵانەوەی ئافرەتان ناوزەد بکەین و دواتریش لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو رێکخراوەکانی ژنان لە رووی کارایی و مـەعریفییەوە بـەرەو هەڵکشان رۆیشتن. بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا (ساڵی ١٩١٧)، دیسان یارمەتییەکی گەورەی پێشکەش بە هەڵکشانی دۆز و پێگەی ژن کرد و هاوکاتیش تێکۆشانی رێکخراوەکانی ژنانی بەرەو ئاستێکی باڵا و بەرزتر برد، بەم شێوەیە بە درێژایی سەدەی بیستەم هەزارەها رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەی بەرگرییکردن لە مافەکانی ژنان دەرکەوتن، بە شێوەیەک کێشەی ژنان بۆیە کێشەیەکی جیهانیی و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان ناچاربوون چەندین بڕیار دەربکەن و چەندین رێککەوتنامە و کۆنگرەی جیهانیش بە مەبەستی بردنە سـەرەوەی مافەکانی ژنان بەشێک بوون لە پانۆرامای هەڵسوڕانی سیاسیی بە درێژایی سەدەی رابردوو.

لە کوردستانیش لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە رێکخراوەکانی ژنان دەرکەوتوون، بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەسەر بێت ناتوانین بڵێین رێکخراوی ژنانەمان هەیە (دیارە بە مانا فێمینیستییە رووتەکەی)! چوونکە کۆی ئەو رێکخراوانە لەلایەن حزب و پیاوانەوە دروستکراون بە مەبەستی کۆکردنەوە و رێکخراوکردنی

تویژی ژن لە ژێر چەتری حزبدا. لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان تێگەیشتن و ڕوئیایەکی قووڵی ژنانەی لە پشتەوە نەبووە. تەنانەت کە هەنووکە دەیان ڕێکخراوی ژنان دروستبوون لەمسەری ڕاستیانەوە بۆ ئەوسەری چەپییان هەموویان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی پارتە سیاسییەکانن کە ئەوانیش سیاسەتێکی نێرسالارانە پیادە دەکەن، بۆیە ئەم ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە لە ئاستی داخوازیی و ویستەکانی شەریحەکەی خۆیاندا بن. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ڕێکخراوانە بە قەدەر ئەوەی ڕێکخراو و کۆمیتە و ئۆرگانی حزبین و کاریان پینەکردنی سیاسەتە چەوتەکانی پارتەکانیانە، نیو هێندە بە دەنگ کێشە بنەڕەتییەکانی ژنانەوە نین، تەنانەت هەندێک لە ڕێکخراوەکان بە لایانەوە ئاساییە گەر مافی ژنێک پێشێل بکرێت بە مەرجێک زیانی نەبێت بۆ بەرژەوەندیی پارتەکەیان.

گەر ئێستا بەشێوەیەکی ورد سەیری جۆری چالاکیی و هەڵسوڕانی ڕێکخراوەکانی ژنان بکەین خۆی کورد کردۆتەوە لە کردنەوەی خولی تەندروستی و برینپێچی و درومان و قژبڕین (صالون)!، ڕاستە ئەمانە گرنگن بۆ ژنی کورد بە تایبەتی لە کاتێکدا ژنی کورد تاکو ئێستا خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نییە و پاشکۆی ئابووری پیاوە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکانی ژنان زۆر لەوە گەورەترن لەوەی ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان خەریکن کاری بۆ دەکەن و ئەنجامی دەدەن. ئەوان بە پڕۆژەی جیددی و بەرنامەیەکی هۆشیاریی کولتووریی و فەرهەنگیی تۆکمەوە نەهاتوون تا لە یەکەم هەنگاودا خودی ژنان ڕزگار بکەن لەو عەقڵیەت و شێوە بیرکردنەوەی تەنانەت تووشی ژنان خۆیان بووە. من لێرەوە بە خودی ڕێکخراوەکانی ژنان دەڵێم بۆچی کەمن ئەو ژنانەی خۆیان بە کەم و زەعیفە دەزانن و بە پێچەوانەشەوە پیاویان لێ بۆتە سوپرمانەکەی نیتچە؟.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ نایەن فشارێکی بەرین و کۆمەڵایەتی بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسیی بە مەبەستی هەموارکردنی یاسایەکی نوێ تیایدا مافی یەکسانی ژن و پیاو دانپێدا بنرێت و پارێزراو بێت؟ یان ڕێکخراوەکانی ژنان لە جیاتی بە ئامارکردن لە دژی کوشتن و تیرۆری ژنان بە (تایبەتی کوشتن بە ناوی ناموس و بەرگرییکردن لە شەرەفی بنەماڵە)، بۆچی

نایەن نارەزایەتی توند دەرببڕن و خۆپیشاندان ساز بدەن بە جۆرێک تەواوی کۆمەڵگە بهەژێنن؟ یان بۆچی نایەن کار لەنێو ئەو کایە کولتوورییەکەدا بکەن کە هەمیشە ژن دەکاتە (شەرەف) و (ناموس)ی پیاو و بنەماڵە و خێڵ؟ بۆچی کەمن ئەو ئافرەتانەی پێش نووسینی ئەم وتارە و دوای ئەم وتارەش بەو پاساوە ژیانیان لێ دەسەنرێتەوە؟ بۆچی ئەو هەزارەها ژنەی لە رابردوودا کوژراون (بەپێی ئاماری خودی رێکخراوەکانی ژنان)، مەیدانی جەنگێکی فراوان و گەورە نییە کە پێویستە بەر لە هەر کەسێک رێکخراوەکانی ژنان بەرەو رووی ببنەوە؟ بۆچی رێکخراوەکانی ژنان نایەن بۆ تێکشکاندنی ئەو تێگەیشتنە عوسابییە رۆژهەڵاتییە کار بکەن کە پێیوایە لە پرۆسە و ممارەسەی رەمەکی سێکسدا ژن بەرکار و کارلێکراوە (مفعول بە) لە کاتێکدا پیاو تێیدا بکەرە (فاعل)!!؟ کە هەر ئەم تێڕوانینەیە ژیانی هەزارەها لە ژنانی بە مەرگ سپاردووە.

رێکخراوەکانی ژنان چییان داوە لە عێراقچێتی و بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس لە بەغداد و شارە عەرەبییەکانی تر؟ گریمان حزبە سیاسییەکانمان رەچاوی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق دەکەن ئەی چی وای لە رێکخراوەکانی ژنان کردووە سەرگەرم و سەرقاڵی عێراقچێتی بن؟ بۆ نایەن ببینن لە وڵاتەکەی خۆیاندا چۆن کەرامەتی ژنان تەنانەت پیاویش هەلا هەلا دەکرێت؟ رێکخراوەکانی ژنان بۆچی بێدەنگن لە بەرامبەر زۆر کێشەدا کە کێشەی گرنگن و تەنانەت پابەندن بە چارەنووسی مرۆڤێکەوە بە ناوی ژن؟ هۆی چی بوو کۆی رێکخراوەکانی ژنان بە رادیکال و لیبرال و کۆنسەرڤاتیڤیانەوە بێدەنگییان کرد لە کێشەیەکی گەورەی وەک کێشەی (شەیما)-١- و بەرپرسانی حکومی و حزبی شارۆچکەی دەربەندیخان؟ سەرباری ئەمەش بەشێکیان لە دژی ئەو ژنە کاریان کرد و خۆیان کردە مقاشی دەستی بەرپرسەکان!! تەنانەت راگەیاندن و رۆژنامەی رێکخراوەکانی ژنان خۆپارێزییان کرد لەو کێشەیە و لە باسکردن و وروژاندنی ئەو تاوانکارییە، ئەمە لە کاتێکدا چەند رۆژنامەیەکی دەرەوەی زمانحاڵی ژنان و رێکخراوەکانی ژنان ئەو کێشەیان تەقاندەوە و هۆشدارییان دا بە شەقامی کوردیی بە ژن و پیاوەوە. بۆیە لێرەوە پێویستە ئەوە بە بیری رێکخراوەکانی ژنان بهێنینەوە ئەوان نەک هەر نەیانتوانیوە نوێنەری ژنان بن و لە ئاستی داواکاریی و پێداویستییەکانی

ژنان بن، بەڵکو بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم ژنان و بەوپەڕی خەمساردیی و بێباکییەوە وەستاون بە دیار کوشتن و ئیغتیسابکردن و ئەتکردنی ژنانەوە.

پەڕاوێز:

١-شەیما، کچێکی گەنجی فەیلی شاری دەربەندیخان بوو، کە لەلایەن بەرپرسانی حزبی و حکومی ئەو دەڤەرەوە تووشی گووشار و تەنگ پێهەڵچنینی سێکسیی ببووەوە، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی ئاو و کارەبای ماڵیان بڕیبوون تاکو ناچار بە داوای ئەو بەرپرسانە ببێت، ئێمە ئەوسا لە ڕۆژنامەی «زادگە» کە من جێگری سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بووم ئەو پرسەمان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ کردە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و وەک سکەنداڵێکی گەورەی بەرپرسانی ئەو شارە بڵاومان کردەوە و پاشتر «شەیما» کەوتە نێو شەڵتەرەکانی پاراستنی ژنان و لەوێشەوە کێشەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٣)ی ڕۆژنامەی (پێگە) لە ڕۆژی ٦/٢٨/ ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

# پەردەی کچێنی یان پەردەی شووم؟

پێویستیم بەوە هەبوو کەمێک پشوو بدەم، دوو ڕۆژ لەسەریەک هەموو کاتەکانی خۆمم لە ماڵەوە بردەسەر و کەمێک خۆم لە ژیانی جەنجاڵی ئەودیو و دەرەوەی ماڵ دزییەوە. کاتێکی ئارامم بردە سەر، لەگەڵیدا خەریکی ڕێکخستنەوەی کتێبخانە قەرەباڵغەکەم بووم، بوارم دەستکەوت تا کتێب و گۆڤارەکان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک پۆلێن بکەم. ئەم دوو ڕۆژە لە ماڵەوە، تامی یاپراغ و شفتە و چێشتە نایاب و بەلەززەتەکانی دەستی دایکم کردەوە، دەرفەتیشم بۆ ڕەخسا تاکو یارمەتی بدەم لە پاککردنەوەی ماڵ و ڕاخستنی نوێنی وەزری سەرمادا. بە ڕاستی ئەم دوو ڕۆژە لە هەموو ڕوویەکەوە خۆشحاڵ و ئاسودەم بووم، هیچ هەواڵێکی ناخۆش و بێزارکەرم پێنەگەیشت، بە پێچەوانەوەی شیعرەکەی گارسیا لۆرکاوە لەودیو دیوارە بۆرەکانەوە گوێم لە هیچ ناڵە و هاوار و زریکەیەک نەبوو.

ڕۆژی سێیەم بڕیارمدا وەک نەریتی ڕۆژانـەم ڕووەو کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بچم، لەوێ تا نیوەڕۆسەرقاڵی خوێندنەوە بووم، ڕەوتی ڕووداوەکان تا ئێرە ئاسایییە. دوای ئەوە وەک بەرنامەم بۆ دانابوو هێدی هێدی ملی ڕێم گرت بەرەو بازاڕ، بەڵام نەرمە بارانێک ورد ورد دەباری و منیش چەترم لەگەڵ خۆم هەڵنەگرتبوو، بە ناچاریی سواری پاس بووم و لە کورسییەکی پێش دوا کورسی پاسەکە دانیشتم، خەیاڵم بە تەواوەتی بۆ دنیای عیشق و ئەڤین هەڵفڕی بوو، لە قووڵایی ئاسمانی ڕۆمانسییەتدا لە شەقەی باڵم دەدا. وردە وردە پاسەکە چۆڵ بوو، ئەمەش یارمەتییەکی باشی خەیاڵەکەی منی دەدا، تەنیا خۆم و شۆفێرەکە و دوو ژنی دوای من لە نێو پاسەکەدا مابووینەوە. دوو ژنەکە بە درێژایی ڕێ لە گفتوگۆدا

بوون، تا ئەوەی هاتنە سەر باسی ڕووداوێکی زۆر ناخۆش.

ژنی یەکەم: ئەرێ نەیانووت کوشتنەکەی... کچی حاجی.... چۆن بووە تۆ لێیانەوە نزیکتری؟.

ژنی دووەم: نازانم، بەس بەینی خۆمان بێت، لەلای دکتۆر فەحسیان کردبوو دەرکەوتبوو کچێنی خۆی لە دەست دابوو، ببوە ژن..

تا ئێرە گوێم لە گفتوگۆکە بوو، چوونکە ئەو قسەیە سڕی کردم و دنیا لە پێش چاوم ڕەش بوو، ماڵی ئەو دوو ژنە ئاوا نەبێ وا بە دەنگی بەرز قسانیان دەکرد و ئەم خەمەیان دا بە من. هەرچەندە ئەوە یەکەمجار نەبووە گوێم لە هەواڵی ئاوها بێت، بەڵام نازانم بۆچی ئەمەیان وا بە زوویی و یەکسەر کاریگەریی لەسەر دانام؟ ڕەنگە بەهۆی قسەکانی ئەو دوو ژنەوە ڕووداوەکە بە زیندوێتی گەیشتبێت بە من؟ نازانم، بەهەرحاڵ ئەو قسەیە میزاجی تێکدام. پێش گەیشتنە شوێنی دیاریکراو لە پاسەکە دابەزیم و بە پێ بە کاوخۆ بەرەو جێگەی مەبەست بە ڕێکەوتم و بیرم لە چەقۆکێشی کولتوور و شەرەفپەرستی ئەم کۆمەڵگەیە دەکردەوە. ئای کە پێم سەیرە لە چ کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەبەینە سەر جاشێتی و خیانەت و وڵاتفرۆشی بەلاوە ئاساییە کەچی عیشق و خۆشەویستی یاساغ کردووە و قێزی لێ دەکاتەوە تا ڕاددەی هێڵنجدان و ڕشانەوە؟ پێم سەیرە و چ لۆجیکێکە کۆمەڵگایەک دەستی ڕێز و وەفا دەگرێت بە سینگییەوە بۆ پیاوکوژ و چەتە و مافیا؟ کەچی تووشی خروو و ئاڵۆش دەبێت ئەگەر نیگای بچێتە سەر ژوانێک.

نازانم ئێمە لە چ کۆمەڵگەیەکدا قوڕبەسەر و چارە ڕەش بووین هەزاران پاڵەوانی فایلدار بێ غەم تەراتێن دەکەن لە بەردەمیدا و بوونەتە ڕۆزیدەری خەڵک و قبوڵیشی دەکەن کەچی هەر هەمان خەڵک قبوڵیان نییە کچەکەیان یان خوشکەکەیان بە خواست و ڕەزامەندیی خۆی دڵدارەکەی لە باوەش بگرێت؟!. ئاخۆ ئەم پەردەیە چییە وا پیرۆز کراوە؟ ئاخۆ ئەم بنە چییە هەرسێ چرکە جارێک کچەکانیان لە ترسی ڕژانی وەبیریان دێتەوە و تووشی کۆکە و لەرز لێهاتن دەبن؟ من وا تێدەگەم ئاسمان نەفرەتمان لێدەکات ! هەسارەیەک بەردەبێتەوە و سەرزەمینمان خاپوور دەکات! نەیزەکێک وەک نەتەوەی ناو حکایەتەکان لەناومان دەبات! چوونکە ئەو هەموو جەور و ناهەقی و ڕەزالەتە قبوڵ دەکەین، کەچی شمشێر لە ملی عیشق

دەسوین و خوشک و کچەکانمان زیندەبەچاڵ دەکەین و خەونەکانیان لێدەکەین بە سەراب.

ئاخۆ ئەم پەردەیە لە یاقووتە یان لە جەواهیر؟ ئاخۆ ئەگەر ئەم پەردەیە بدڕێت خەتەرە یان پەردەی ئۆزۆن؟ ئایا ئەم پەردەیە هەڵوەرێ کارەساتبارترە یان تەقاندنی هەرچی بۆمبی ئەتۆمی دنیایە؟ ئایا دڕانی ئەم پەردەیە قورس و گرنگترە یان هەڕەشەکانی ناتوراڵ و نزیکبوونەوەی ئەو ئەستێرەیەی لەوانەیە خۆی لە زەوی بدات؟ ئایا تەقینەوەی گەورە «بیگ بانگ» گەورەترە یان دڕانی پەردەی شووم و کلۆڵی ئافرەت؟ بێگومان لەلای کەللە وشکی رۆژهەڵاتیی و پیاوی سەرزلی مێشک بۆشی کورد پەردە... پەردە... پەردەی کچێنی لە هەر شتێکی تر گرنگتر و گەورەترە.. دەی بە خوا سوێند دەخۆم دڕانی پەردەی پەنجەرەکەمان و پەردەی کچێنی لە کن من یەک شتە. هەر بەو بۆنەیەشەوە لە جیاتی جارێک هەزار جار تف لە کولتووری کوشتن و بۆنخوێن و پەردەپەرستی.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٣٣)ی رۆژنامەی (نیوەند) لە رۆژی ١١/١٦/ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

# دوعا.. دوعا.. دوعا
# خودایە ئێمە چەندە خوێن تاڵین

نازانم ویژدانمان لە ئەژیها قەرد کردووەیان لە تیمساح و قرژ؟ نازانم عەقڵمان لە ئەشکەوت بزر کردووە یان دڵمان لە ژێر پێناوە؟ نازانم بۆچی هێندەی بەرینی و شیرینی ژیان شەیدای شەرابی مەرگین؟ نازانم بۆچی گوڵەباخەکان دەژاکێنین؟ نازانم بۆچی کۆترە کوکوختییەکان لە خوێن هەڵدەکێشین؟ نازانم بۆچی بۆگەنیوی سەدەکانی ناوەڕاست وەک گوڵاو بەسەر رەفتار و مامەڵەماندا دەپرژێنین؟ نازانم، تێناگەم بۆچی شمشێرمان لە کێلان دەرهێناوە بۆ هەنجن هەنجنکردنی رۆحی پەرییەکان؟ نازانم بۆچی لە کۆڕی جنۆکە و قالۆنچەدا سەرمەستێکی پڕ کەیف و حاڵین؟ نازانم بۆچی ماخۆلانمان گرتووە و دەمانەوێ فوو لە نووری مۆمی ژیریی و داگیرسانی پڕ تیشکی چرای پرشنگداری خۆشەویستی بکەین؟ نازانم بۆچی وا بە ئاسانی دەمانەوێ رەوشتمان لەسەر مێزی قومار و لە کۆنکەنی ناموسپەرستیدا بدۆڕێنین؟. خودایە، نازانم بۆچی تۆش دەنگت نییە؟ ئەم دێڕانەمان بۆ حنجە بکە و پەرسڤێک بۆ ئەم پرسیارە ناکۆتایانەمان بدۆزەرەوە.

خودایە، تۆ وەڵام بدەرەوە، بۆچی ئەوەندە سەرچۆپی دەگرین لە پرسە و ماتەمدا؟ بۆچی ئێمە سەری ژیان و ژن پێکەوە پان دەکەینەوە؟ خودایە وەڵامم دەوێ، کاتێک دوعایەک هانای هێنایە بەردەمت، تۆ لە کام رێستۆرانت سەرقاڵی نانخواردن بووی؟ بۆچی فریا نەکەوتیت تا دەستی خێڵی خوێن و هۆزی ژنکوژ

و کولتووری سەخی لە بێ بەهاکردنی مرۆڤدا بگریت؟ خودایە تۆ نەتدەزانی، ئێمە دەستە پیس و چەپەڵەکانین، حەشاماتی دێوەکانین، ویژدانمان سەدان ساڵە لە شیرینی خەودایە و بۆنی خوێن و جەراعەت لە هەناسەمان دێت. ئەو پاڵەوان و سوارچاکە گلاو و گڵاو و فاشیلانەین، دێوی نوستووی غەزەبمان رۆژی هەزار جار بۆ ژن کوشتن لە خەو رادەچەنێت، هەناو و زراومان لە دوژمنەکانمان چووە! ئێمە ئەو ترسنۆک و بۆدەڵانەین لە سێبەرەکانی خۆشمان دەترسین، تەنیا و تەنیا بۆ سەنگەسار ئازاو دلێرین. ئاە خودایە نازانم بۆچی شەوی سەد جار خەون بە مار و دووپشکەوە دەبینین؟، نازانم بۆچی رقمان لە هەر خەونێکی جوانە؟ نازانم چی وای کردووە رقمان لە تریقانەوەی مانگ و بزەی سەرلێوی خۆر بێت؟ رقمان لە دەست لەملانی عاشقان بێت؟.

ئای میللەتێکی چەندە نەخۆش و بوغزاوین و چۆن دەستمان بە دامێنی عەقڵی بۆگەنیوی ناموسپەرستییەوە گرتووە و چۆن لە مەجلیسی پیاوماقوڵیدا سۆراخی ئابڕووی خۆمان دەکەین و بە جەهەنم داخستن بۆ خوشک و هاوسەرەکانمان پەڵە رەشەکانی سەری دەشۆرینەوە؟ ئای چەندە سەیرە، ئای چەندە رۆحمان نەخۆش و سیلاوییە. دوعای فریشتە، تۆ پاکژترین و رۆح سوکترین ئەفرێندراوی خواوەند بوویت، ئێمە بووین دەجال و شەبەحە ترسناکەکانی تینوو بە خوێن خواردن و درۆ. ئای کچکە کوردی خێر لەخۆ نەدیو، بە کوشتنی تۆ نەک هەر ئازایەتییەکمان تۆمار نەکرد، نا رێکۆڕەوان ترسنۆکیی و قرچۆکیی خۆمان بۆ هەموو مرۆڤەکانی گێتی سەلماند. سەلماندمان بۆنی ئەشکەوت لە بیرکردنەوەمان دێت! سەلماندمان چەندە حەپۆل و گەلۆر و یەغنیشین، سەلماندمان هەگبەمان چەندە بەتاڵە لە مانا جوانەکانی ژیان و چەندیش پڕە لە رەمەکی کوشتن و سڕینەوە و تاڵکردنی شیرینییەکان و زڕاندنی خەونی پاساریییەکان و هەڵفڕاندنی کۆترەکان و لە قەفەسنانی بولبولەکان.

ئێمە کۆمەڵە پاڵەوانێکین لە هەرچی زۆرانبازیی هەیە دۆڕاوین، تەنیا لە زۆرانبازیی ژن کوشتندا نەبێت، ئای میللەتێکی چەندە بەربەریی و بێ ئەمەکین! چەندە گەمژەین و لەوەتی ژیان هەیە چیمان دانەهێناوە جگە لە تیرۆر و زەوتکردنی ژن و پانکردنەوەی سەری هەر خەون و خولیایەکی سەوز و تەڕوبڕ و پاراو!!!، ئای خودایە ئێمە لە جەنگەڵدا دەژین یان لە شارە رووناکەکاندا؟ ئای دوعا هەرگیز

نەمدەزانی رۆژێک دێت دەتناسم، بەڵام ئەفسوس چۆن ناسینێک؟ نا، تۆحەزت نەدەکرد ببیتە مانشێتی رۆژنامەکان، هیچ کات خەونت بەوەوە نەدەدیت رێپێوانت بۆ بکەن، دەزانم و بە خەندەی لێوی لە خوێن سووربووتدا دیارە، ئامێزی دڵدار و ژیانی نێو کوخە بچووکەکەی خۆت دەویست. بەڵام دوعا، ئاخ دوعا، نازانم تۆ چ تاوانێکت کردبوو؟ تۆ دڵی پەپولەیەکت ئازار نەدابوو، بەیانیان سڵاوت لە پەرییەکان دەکرد و لەگەڵ خەیاڵی ئەڤینداراندا قومێک لە شەرابی عەشقت دەخواردەوە! نازانم بۆچی بەم جۆرە بێ بەزەییانە رۆحیان بە ئازارە هەڵکێشای؟ ناڵێم ئەوانەی تۆیان کردە تاکە شەهیدی راستەقینەی وڵات دڵڕەقن، چون ئەوان نەک دڵیان نییە بەڵکو ویژدان و رەوشتیشیان باری کردووە.

بە کوشتنی تۆ ترسنۆکی خۆمان دووپاتکردووە، بێ رەوشتی خۆمان ئیسپات کرد و شەرەفی دۆڕاوی خۆمان دەرخست. خودایە، زمانم گۆ ناکات، نازانم چۆن خۆم لەم ورێنانە رزگار بکەم؟ بە ئاستەم دەتوانم وشەیەک بێژم، بەڵام دەمەوێت بە زمانێکی بێ لوغز و گرێ و گۆڵ پاکانە بکەم، پاکانەیەک تەعمیدم بکات لە تاوانی کوشتنی دوعای فریشتە. لێرەوە دەست بۆ لای باوکی ئاسمانی و بۆ عەرشی پیرۆز بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: خودایە من بێ بەریم لە ناسنامەی ئەوانەی دوعایان زیندەبەچاڵ کرد. پاکانەکەم لە ناسنامەکەم هەمان پاکانەیە هادی عەلەوی لە ناسنامەی ئەو فرۆکەوانەی کرد کە هەڵەبجەی بە گازی کیمیایی ژارباران کرد.

تێبینی: دوعا خەلیل، کچە ئێزدییەکی شەنگال بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ئاشکرا لەلایەن ژمارەیەک پیاوەوە و بەبەرچاوی حەشاماتی خەڵکەوە بەردباران کرا تاکوو گیانی سپارد. تاوانیشی ئەوە بوو کەوتبووە دوای عەشقی کوڕێکی موسڵمان.

*ئەم پەخشانە وتارە بە بۆنەی تیرۆکردنی کچە ئێزدی «دوعا خەلیل» نووسراوە و لە ژمارە (٣٩)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# لەیلا زانا و سەرەتایەکی نوێی خەبات

سەرەنجام پاش ئازادبوونی لە زیندان, ژنە تێکۆشەری کورد (لەیلا زانا) بڕیاری دا تەڤگەرێکی سیاسیی نوێ دابمەزرێنێت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان. (زانا) بەم هەنگاوەی توانی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسیی خۆی دەست پێبکات کە بریتییە لە خەباتێکی مونسەجیم و ئۆرگانیزەکراو و رێبەرایەتیکردنی تەڤگەرێکی سیاسیی. ئەمەش وەڵامێکی دەقاودەق و راستەوخۆی هەموو ئەوانەش بوو پێیانوابوو (زانا) بە تەنیا ژنە کوردێکە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە زیندان نراوە و هیچی تر و بەبێ بایەخی تەماشای هەڵسوڕانی ئەم ژنەیان دەکرد, بەڵکو ئەوانە پێیانوابوو ئەوەی هەیە و روودەدات لە باکووری کوردستان تەنیا و تەنیا پەکەکە و ئۆجەلان رێبەرایەتی دەکەن.

گرنگی ئەم هەنگاوەی (زانا) لە گەلێک رووەوە جێگەی سەرنج و خوێندنەوەیە، چوونکە ئەوە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا ئافرەتێکی کورد بتوانێت بە وزە و توانای خۆی رێبەرایەتی بزووتنەوەیەکی سیاسیی و جەماوەریی بکات و پێشڕەویی بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی بکات بە تایبەتی ئەرکی بنەڕەتی ئەو پارتە بریتی بێت لە داکۆکیکردن لە کیان و بوون و مافی نەتەوەیەکی بندەست و ستەملێکراوی وەک کورد و بەگژاچوونەوەی هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئاپارتاید و جینۆسایدکردن, لەوەش گرنگتر ئەم کارە لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتێکی هار و دڕندە و داگیرکەری وەک تورکیا رێچکە ببەستێت, هاوزەمان ئەم کردەیەی (زانا) کەسێتی ژنی کورد و پێگەی ژنی کوردی لە کایەی سیاسەت و تێکۆشانی نیشتمانیدا بەرەو ئاستێکی بەرز و باڵاتر و لوتکە هەڵکشان, چوونکێ

(زانا) بەو بڕیارەی توانی وەک مێینەک سنووری تەلبەندەکانی کۆمەڵگەی باو ببەزێنێت, بەڵکو بەوپەڕی بوێریی و لە خۆبردووییەوە دەست بۆ کاری لەم جۆرە ببات.

لە ڕەهەند و گۆشەنیگایەکی تریشەوە (زانا) بەم هەنگاوەی دەبێتە سیمبولێکی ئێجگار دیار و ناسراوتری خەباتی کوردایەتی و وا دەکات پرۆسیسی بە تەوتەمکردن و پەرستنی کاریزمای ئۆجەلان ڕوو لە کزیی بکات, چوونکە تا هەنووکە (ئۆجەلان) تاکە سەرکردە و سیمبۆلی کوردە لە باکوور و لە غیابی نەبوونی سەرکردەی تری دەرکەوتوودا, زۆربەی جار بەبێ خواست و ویستی خودی خۆیشی، (ئۆجەلان) کەسێتییەکی پێغەمبەرانەی پێ بەخشراوە و ئەفسانەی جۆراوجۆری بۆ داتاشراوە و کراوەتە قارەمانێکی نموونەیی و بێهاوتا. بەڵام لەم ساتە بە دواوە کارەکتەری (زانا) دەبێتە ئەو کەسێتییەی بەشێکی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی لەو پارچە داگیرکراوە دەکەوێتە سەرشان، هەروەها دەبێت (زانا) خۆیشی حساب بۆ ئەمە و ئەو کۆسپ و ڕێگە پڕ تەگەرەیە بکات ئەم جارەیان وەک سەرکردە و ڕێبەری بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەرفراوان لە بەردەمیدا دەبنە ئاستەنگ. هەرچەندە ئێمە گومانمان لە لەخۆبردوویی و ماندوونەناسی (زانا) نییە، چوونکە دە ساڵ زیندانی بوون و هەڵوێستەکانی وی لە زیندان ئەوی کردە ئەم سیمبۆلەی ئەوڕۆکە.

لەلایەکی تریشەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەم تەڤگەرە نوێیە لەم ئانوساتەدا بڕیارێکی زۆر حەکیمانە و واقیعیانەیە, بە تایبەتی لەم کاتەدا تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک چاکسازییەوە لە نێوانیشیاندا نواندنی هەڵوێستی نەرم لەبەرامبەر کورد بکاتە میکانیزم و فاکتۆر بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. بەڵام پێویستە (زانا) و تەڤگەرە سیاسیە نوێیەکەی بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکەن, بتوانن دۆزی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا لە چارەسەرکردن نزیک بێتەوە و گێجی مافەکانی کورد بەرزبێتەوە تا دواجار دەرفەت لە بەردەم مافی چارەنووس دەکرێتەوە, هەروەها پێویستە ئەم تەڤگە دوورەپەرێزی بگرێت لەهەمان ئەو هەڵانەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەکاتی خۆیدا کردوونی و ئێستاشی لەسەر بێت لەسەر هەندێ تێڕوانینی هەڵە بەردەوامە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنیی کردۆتە سەر بارودۆخی سیاسیی و چارەنووسی گەلی کورد لە باکووری کوردستان.

ئێمەش لە باشووری کوردستان چاوی هیوا و ئومێدیان بڕیوەتە دەسکەوتەکانی تەڤگەرەکەی زانا و چاوەڕوانی سەرکەوتنی گەورە و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردییان لێدەکەین.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی (نێوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/١ بڵاوبووەتەوە.

# نامەیەکی کـراوە و دڕەنگوەخت بۆ مادام بەرواری

بەڕێز مادام بەرواری، زۆر شادومان بووین وەک ژنێکی کورد بە توانا و لێهاتوویی و سەلیقەی خۆت پۆستی وەزیری ئەشغالی گشتیی دەوڵەتی عێراقت پێبەخشرا. باوەڕت هەبێت بست بست باڵام پێدەکرد کە پێشوازیی سەرۆک (بۆش)م لە جەنابتان بینی، هەموو کوردێک لە باکوور یان لە باشور یاخۆ لەهەر شوێنێکی دنیا بێت شانازیی بە کەسایەتییەکی کارامەی وەک بەڕێزتانەوە دەکرد، کۆڵێک هیوا و ئومێدمان پێوە گرێدابوویت، ئافرەتانی ئەم وڵاتە چاویان بڕیبووە تۆ و هاوڕێکانت تاکوو فایلی کێشەکانی ژن بگەیەننە ناوەندە باڵا و لێپرسراوەکان لەسەر ئاستی عێراق.

وەک هەمیشە چاوەڕوانی هەواڵی بەڕێزتانم دەکرد لە بوارێکی گرنگی خزمەتگوزارییدا کەچی بەپێچەوانەوە میدیا لۆکاڵی و دەرەکییەکان هەواڵی زەواجی جەنابتیان لەگەڵ شیخ یاوەر بڵاوکردەوە. زەواجەکەتان وەک دوو کەس سەربازی جیاوازیی نەتەوەیتان شتێکی ئاسایییە، بەڵام ئەوەی نائاساییە و جێگەی رەخنە و گلەیی هەر کەسێکە جۆری ئەو زەواجە بوو لەگەڵ شێخ یاوەردا دروستانکرد، بە حیساب ئێوە نوێنەر و داواکاری مافەکانی ژنی کورد بوون، هەر تۆش لە یەکەمین ئەو کەسانە بوویت دژی یاسای ١٣٧ ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی پێشوو دەنگتان هەڵبڕی، بەڵام بەداخەوە جەنابتان تەواوێ بەپێچەوانەوە مامەڵە دەکەن و پەرە بە نەریتی داڕزیوی فرەژنی دەدەن! ئەمەش بەوەی قەبووڵت کرد ببیتە ژنی سێیەمی

سەرۆک کۆماری عێراق.

بەڕێز مادام بەرواری، دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە لە بێزاریی و ناڕەحەتی شەقامی کوردیی ئاگادارت بکەمەوە، بە تایبەتی بێزاریی ئەو ژنانەی تا دوێنێ شانازییان بە وەزیرێکی وەک تۆوە دەکرد، کەچی جەنابتان بەوپەڕی بێباکییەوە فوتان لە چرای ئومێدیان کرد، لامان نامۆ و سەیر بوو سەرۆک خێڵێکتان هەڵبژارد بۆ هاوسەری ژیان، دەبێ ئەوەش بزانیت شێخ ئەم کۆمەڵگەیە وەک هەرسێ ژنەکەی کۆت دەکات و دەبێت دیکتاتۆرێکی دڵڕەقی بان ملی نەتەوەکەت، کە تۆ ئەمڕۆ لەسەر حیسابی ئەو نەتەوەیە ئەم پلەوپایە حکومییەت بەدەستهێناوە، من ئەگەر زانیبام تۆ هێندە بەپەلەیت لە زەواجکردن بۆ ئەوەی کارێکی لەم چەشنە نەکەیت، دەستم دەخستە ژیانی تایبەتی و شەخسیتەوە هەر هیچ نەبایە یەک دوو کوڕی قۆزی ئەم شارەم پێ دەناساندی، ئەوسا بڕیارت دابا کامیان هەڵدەبژێریت، (غازی یاوەر)ی سیاسی تەڵەکەباز کە بۆ پارێزگاریی خۆی و کورسییەکەی سڵ لە هیچ تاوانێک ناکاتەوە، یان ئەو کوڕە ناسکانەی دڵیان پەڕەیەکی سپییە و لێوانلێوە لە بەرائەت و ئەشق و خەون بە سبەینێیەکی بێگەردەوە دەبینن؟.

بەڕێز مادام بەرواری، دەمەوێت پێتبڵێم سەنگینی و متمانەی خۆت لە لای ڕۆڵەکانی گەلەکەت لە دەستداوە، چوونکە کارێکت ئەنجامداوە بەپێچەوانەی ویست و داواکاریی ئەوانەوە، ئێمەی کورد دەمانەویست نموونەیەکی زیندووی هاوشانی و یەکسانی ژن و پیاو بەرجەستە بکەین یان بڵێین کار بۆ جۆرە یەکسانییەکی وا دەکەین، کەچی هەر تۆی ئافرەت خۆت قبوڵی ئەوە ناکەیت و دەبیتە کۆیلەی پیاو و درێژە بە نەریتی کۆنەپەرستانەی دژە ژن دەدەیت!! کە ئەمڕۆکە هەر لە کوردستانەکەی خۆتدا خەریکە بەشێکی زۆر لەو نەریتانە بە تایبەتی فرەژنی فڕێدەدرێتە زبڵدانی مێژووەوە.

بەڕێز مادام بەرواری، خۆ ئەگەر زانیبام تۆ دڵت چۆتە سەر پیاوێکی ئێسک قورسی عەشایەر، ئەوە بە دڵنیاییەوە لەبری ئەم گلەیینامەیەت بۆ بنووسم ئەوسا نامەیەکی ئەڤینداریم بۆ دەنووسیت، داوای خۆشەویستیم لێدەکردی تۆ زەواجت کردبا لەگەڵ کوردێکی وەک من گەلەک باشتربوو وەک لەو پیاوە عەرەبەی کە لەنێو چاوانیدا ڕقێکی ئەستوور دەخوێنینەوە، من باوەڕێکی زۆرم بە مافەکانی

تۆی ژن هەیە و هەوڵیشمنەداوە ژن رام بکەم و دوو دوو سێ سێ بیانخەمە نێو قەفەسی پیاوێتیمەوە، نا زۆر بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆ رزگاربوونی تۆش بوایە لە نینۆکی تیژی پیاوسالاریی وەک ئەرکێکی هیومانیستانە بڕیاری زەماوەندم دەدا لەگەڵتاندا و لە مۆتەکەی پیاوسالاریی قوتارم دەکردی.

بەڕێز مادام بەرواری، تۆ نەسرینی کوردستانی و گوڵێکی بۆنخۆشی ئەم وڵاتەی، ئەو پیاوە رەزا گرانەش دڕکێکی ئەو عەرەبستانە، جێگەی سەرسوڕمانە پێکەوە کۆبوونەوەی ئەو جمکە دژ بە یەکەی وەک گوڵ و دڕک!! ئێمە نەماندەویست بڕیارێکی وا چاوەڕواننەکراو بدەیت، هەرچەندە ئەمە پابەند و تایبەتە بە خودی خۆتان، بەڵام جۆری ئەو کردەوەی ئێوە دەرگای واڵا کرد تا خەڵکانێکی وەک من خۆ لەو مەسەلەیە هەڵقورتێنن، چوونکە ویژدانم ئازارم دەدات بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم سەرەتایە هەڵبژێرم کە خودی ژن بۆ پلەدوویی و ئەسارەتی خۆی دەریخستووە، ناخۆشییەکە زۆررترینی لەوەدایە بەڕێزتان خاوەنی بڕوانامەی بەرزن و وەزیر و (رۆشنبیر)ن نەک ژنە رەشۆکێکی گوندنشین کە ئەلف و بای مافەکانی خۆی نازانێت و لێی تێناگات.

بەڕێز مادام بەرواری، پرسیارێکی ئیحراج هەیە، زۆر تایبەتە و دەربارەی پەیوەندییتانە لەگەڵ سەرۆک کۆمار، خەڵک نازانێت چۆن وا بە خێرایی و لەو کورتە ماوەیەدا ئەو کردەیە روویدا؟ چۆن خانمە وەزیر بووە ئاشقی سەرۆک؟ بە چ باوەڕ و مەبدەئێکەوە سەر بە هەوێ بوونە هاوسەری غازی؟, ئەوەی پێشبینی نەدەکرا ئەم حاڵەتە بوو، بەڵام بەداخەوەین ئەوەی نەدەبوو رووبدا، روویدا.

بەڕێز مادام بەرواری، هیڤدارین لە ژیانی هاوسەرییدا پلەدوو و چەوساوە نەبیت، بەڵام کوردبوون و ژنبوونت لە بەردەم پیاوێکی عەرەبی خۆ بەزلزاندا، سەرۆکی وڵاتێکیش بێت فاکتەر بۆ بە کەم سەیرکردن و چەوساندنەوەت، هیڤیداریشم ئەم پرۆسەی هاوسەرییەت نەکەی بە مزایدە بەسەر کوردەوە، وەک هەندێک کۆنە مستەشار کردیان چوونکە هەندێک خەڵکی بەدحاڵی وا تێگەیشتوون ئەمە سیاسەتە و دڵ نەرمکردنی سەرۆکی عێراقە لە رێگەی ئەم خزمایەتییە ساردوسڕەوە لەگەڵ گەلی کورد. هەروەها دەمەوێت پێتان رابگەیەنم بە هاوڕێ وەزیرەکانت (ئافرەتەکان) بڵێی کامیان دەیانەوێ ئەڵقەی بوکێنی لە پەنجە بکەن،

تکایە پێیان بڵێ لەگەڵ وەزیر و گزیر و شتی لەو بابەتە زەواج نەکەن و نەبنە هاوسەری سێیەم و چوارەم، ئەوە هەر لە کوردستان دنیایەک لە کوڕی ئەم مەملەکەتە ئامادەیە لەگەڵیان زەواج بکات، ئەو کوڕە دڵنەرمانەی سەما لەگەڵ پەروانە دەکەن و لەگەڵ گوڵ ئاو دەخۆنەوە و وەک پاساری بە دەنگێکی مۆسیقی دەدوێن، ئەوانەی نە چاویان لە کورسی و دەستەڵاتە نە چاویان لە عەمباری پارەیە. بەڕێز مادام بەرواری، هێڤدارین دڵت نەڕەنجابێت و لێمان زویر نەبیت، بەڵام هەموو کورد بۆ ئاهەنگی تۆ رەش دەپۆشێت و زەواجەکەشت تا دوا سنوور ناماقووڵ و ناشرین بوو.

تێبینی: هۆکاری نووسینی ئەم وتارە شووکردنی سەر بەهەوێی وەزیری کورد لە حکومەتی عێراق «نەسرین بەرواری» بوو بە «غازی عەجیل یاوەر»ی سەرۆک کۆماری ئەوسای عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤. داخی گەورەش ئەوەیە ئەم وتارە لە رۆژنامەیەک بڵاوکراوەیە کە سەرنووسەرەکەی ژنێک بوو، ئەویش لە کۆتاییدا سەر بەهەوێ شووی کرد!!!.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٠)ی رۆژنامەی (پێگە) لە رۆژی ٢٠٠٤/١٠/١١ بڵاوبووەتەوە.

# مافی مێینە لە بەردەم دادگای کۆنسەرڤاتیزمدا

لە ژمارە (٢٨)ی رۆژنامەی (پێگە) و لەلاپەڕەی دوودا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مافناس (سەرچنار ئەحمەد) بڵاوکراوەتەوە لەمەڕ کێشەکانی ژنان. بەشبەحاڵی خۆم لە کاتی خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکەدا هەندێ سەرنج و بۆچوونم لەسەری بۆ دروستبوو. وەلێ ئەم خانمە داوای پەیڤین و دایەلۆگ دەکات، بەڵام هێندە بە رەهایی وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە، باوەڕ ناکەم هیچ بوارێکی بۆ پەیڤین هێشتبێتەوە، ناچار منیش وەک ئەو کەمێک بە رەهایی دەپەیڤم، هەرچەندە ناخوازم بەرسڤەکەی من لە چوارچێوەی بنەماکانی گفتوگۆیەکی تەندروست دەربچێت.

لە یەکێک لە وەڵامەکاندا ئەو بەڕێزە دەڵێت: (زۆربەی جار کاتێک باوک دەست دەخاتە ژیانی تایبەتی کچەکەی یان کوڕەکەیەوە لە روانگەی دڵسۆزییەوەیە، باوک و دایک بۆیە حەز دەکەن دەخالەت لە ژیانی نەوەکانیاندا بکەن چوونکە دەخوازن تووشی هاوسەرێتییەکی باش بن). ئەمەی ئەو خانمە ناویناوە دڵسۆزیی دایک و باوک کتومت باوکسالارییە. دەبێت ئەوەش بزانرێت باوکسالاریی لە پێش ئەوەی رەفتار و مامەڵە بێت عەقڵییەتە، ئەو عەقڵییەتەی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم رەفتار و ژیانی نەوەکان دەدات، ئەگەر ئەوە مانای دڵسۆزیی بێت کەواتە باوکسالاریی دڵسۆزانەترین مامەڵەی باوکە (مەبەستمان باوکێکی فیزیکی نییە لەماڵێکدا بەقەدەر ئەوەی مەبەستمان لە عەقڵییەت و لۆژیکە باوکانەکەیە).

دەکرێت لێرەدا پرسیارێک بکەم لەو بەڕێزە و بڵێم کوڕێک یان کچێک خاوەنی ژیریی و دانایی خۆی بێت چ پێویست دەکات و حیکمەت چییە لەوەی کەسێکی تر بەناوی باوکەوە بێت دەست بخاتە ناو کاروباری ژیانییەوە بەو جۆرەی خۆی

دەیەوێت و عەقڵی پێی دەشکێت ئاڕاستەی بکات؟ ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر ئەو خانمە شەرعییەت بە فرەژنی دەدات و دەڵێت (خوای گەورە) ڕێگەی پێداوە. لە کاتێکدا خودای مەسیحییەکان کە هەر هەمان خودای موسڵمانەکانە ڕێی پێنەداوە! کەواتە ئەم گۆڕانە چییە لە عەقڵی خـوادا؟ کە دوای ٧٠٠ ساڵێک لە تاک ژنی ژیوان دەبێتەوە!! چوونکە لە مەسیحییەتدا بە تایبەتی لە نامەکانی (پۆڵس)دا بە روونی باسی مامەڵەی پیاو کراوە لەگەڵ ئافرەتان و لەوێ بە راشکاویی فرەژنی رەتکراوەتەوە.

هەر لەو بەرگرییەدا لە فرەژنی، هەوڵیداوە بەڵگە و ئارگۆمێنت بهێنێتە ئاراوە بۆ ئـەوەی رەوایی بدات بەو حاڵەتە، ئەوەتا دیسان دەڵێت (فرەژنی چارەسەر بۆ کێشەیەک بە مەرجێک چەمکەکە وەک خۆی بخوێنرێتەوە) بێ ئەوەی روونی بکاتەوە ئەو کێشەیە چییە و خوێندنەوەی واقیعیانەی فرەژنی چییە؟ فرەژنی بە واقیعی و ناواقیعی و وەک خۆی و وەکوتر بریتییە لە کۆیلەکردنی دەستەیەک ژن لە ژێر دەستەڵاتی یەک تاکە پیاودا. ئەگەر مەبەستی ئەوەش بێت هەموو ژنێک زەواج بکات، دووبارە و هەزار بارەکردنەوەی هەمان ئەو عەقڵییەتە کۆنسەرڤاتیڤ و کۆنەپەرستانەی کۆمەڵی کوردەوارییە کە هەموو خۆشەویستی و ئەوین و پەیوەندییەکی نێوان دوو رەگەزەکە لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرێتی قەدەغە و تابۆ دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ ممارەسەی غەریزەی سێکس بکات پێویستە لە رێگەی پرۆسێسی هاوسەرێتییەوە بێت.

کاتێکیش دەڵێت ٣/٢ خەڵکی جیهان ئافرەتن، بۆیە باشترین میکانیزم و فۆرمی ئەو بۆ ئەوەی هەریەک لەو ژنانە پیاوێکی دەست بکەوێت ئەوەیە: دوو دوو سێ سێ خۆیان بخزێننە ژێر چەتری پیاوێکەوە، لە ساتێکدا ئەمە کێشەکە قووڵتر دەکاتەوە نەک چارەسەری بکات. ئینجا ئەو باسی جەنگ دەکات کە ژمارەی پیاوانی لەژنان کەمتر کردووەتەوە وەک ئەوەی جەنگ تەنێ پیاوی تێدا بکوژرێت و ژنانیش گوللەبەنەکەی حەزرەتی شێخ مەحمودیان لەبەردابێ، ئەوەش دیسان بە هۆکارێکی تری شەرعیبوونی فرەژنی لە قەڵەم دەدات. ئەمەیە عەقڵی خێڵەکی/ مەزهەبی کە ناتوانێت تەقەبولی هیچ پەیوەندییەکی سێکسیی بکات لەنێوان دوو رەگەزەکەدا بەبێ ئەوەی گرێبەستێکی هاوسەرگیریی بە پێی رێورەسمی ئاینیی لە نێوانیاندا مۆر

کرابێ. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو پێشنیارە چارەسەریش بێت بۆ کێشەکانی ژن ئەوە خراپترین ڕێگاچارەیە و دەرەنجامە خراپەکانی پترن لە سوودەکانی، بەڵام من دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ساتێک قورئان ڕەواییدا بە فرەژنی لە پێناوی ئارەزووەکانی پیاودا بوو، نەک ئەوەی (محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا) پەیامبەری ئیسلام ئەو سەرژمێریی و لۆژیکبازییەی کردبێت خاتوو (سەرچنار) باسی دەکات؟.

دوای دێت دەڵێت: لە ئەمەریکا لە هەر چرکەیەکدا دەستدرێژیی جنسیی دەکرێتە سەر ژنێک، یان دەڵێت ٤٦٪ منداڵان لە ئەمەریکا زۆڵن و (٢٠) هەزار منداڵی بێ باوک لە مەکسیکۆ هەن و حکومەت بەخێویان دەکات و هۆی ئەمانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی فرەژنی!، بەڵام ئەم خانمە زۆر بێئاگایە لەوەی لەوێش بەجۆرێک لە جۆرەکان فرەژنی هەیە، ئەوێش بەهەشت نییە و کێشەی خۆی هەیە، ڕەنگبێ ئەو کێشانەش ئیفرازاتی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداریی بێت نەک نەبوونی فرەژنی، خۆ لێرەش دین دۆزەخی خۆشکردووە بۆ ژنان، ئەگەر لە ئەمەریکا لە چریەکەدا ژنێک دەستدرێژیی جنسیی بکرێتە سەر، ئەوە لەم وڵاتانەی دنیای ئیسلامیدا هەموو ئەو ژنانەشی زەواجیان کردووە لە سایەی مێردا ئیغتساب دەکرێن، ئێرە ئەو جێگەیەیە نە حکومەت هەیە لە ژن بپرسێتەوە و نە یاساش هەیە داڵدەی منداڵانی بێژی بدات، بەس نییە لەوێ حکومەت هەیە و لەو خەڵکانە دەپرسێتەوە!! ئەی کەواتە کامەیان باشترە؟؟.

لەوانەش خراپتر باسی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و ژنە هەڵەبجەییەکان دەکات و پێیان دەڵێت باشترین چارەسەر بۆ ئەوان شووکردنە بە کەسێکی تر کە ژنی تری هەیە!!. جا خۆیان ژیانیان یەک پارچە تراژیدیایە و ئەم خانمە دەیەوێت لە ڕێگەی فرەژنییەوە تراژیدیا و غەمێکی تر بخاتە سەر غەمەکان و دڵی ڕەنجاو و ئێشاویان. هەر بەوەندەش ناوەستێت و ئامۆژگاریی کچان دەکات تا لە پرۆسەی زەواجدا عەقڵ بەکاربێنن نەک عاتیفە و زۆر ئاساییانە هاوسەرگیریی بکەن لەگەڵ پیاوێکدا ژنی تری هەبێت، ئەم خانمە بە کچان دەڵێت سۆز و ئەشق بێ مانایە، گرنگ بەلایەوە ئەوەیە ئەو پیاوە توانای جنسیی و ماددیی هەبێت!!، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەمە عەقڵ و گووتاری کۆنەپەرستانەی کۆنسەرڤاتیڤ و خێڵ و مەزهەب نەبێت چیترە؟.

لە بەشێکی تری وەڵامەکەیدا دەڵێت: «لە پاش ڕاپەڕین چەندین هەوڵی

رادیکاڵی دروستبووە نازانێت پێشنیاری واقیعی بخاتە بەردەم کۆمەڵگە، ئەم (جهد)ە هاتووە شەڕی هەڵگیرساندووە لەگەڵ بنەما سەرەکییە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە، هاتووە شەڕ لەگەڵ دین دەکات نەک چەند دەقێکی بەسەرچوو». وەلێ ئەو خانمە روونی نەکردووەتەوە ئەو هێزە رادیکاڵانە کێن و قورساییان چەندە؟ هاتووە چەند وشەیەکی فڕێداوە و ریزبەندی کۆمەڵێ دەستەواژەی کردووە، بێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەک لە بارەیانەوە بدات، بەڵام لە دنیادا هەروا بووە هەر هێزە رادیکاڵ و گۆڕانخوازەکان دەتوانن وەرچەرخان لە کۆمەڵدا دروست بکەن، هەر هێزێکیش بیەوێ گۆڕان دروست بکات دەبێت شەڕ بکات، شەڕ لەگەڵ عەقڵییەتی کۆنەپەرست و دواکەوتوویی، شەڕ لەگەڵ دین و ترادیسیۆنە خێڵەکییەکان، شەڕ لەگەڵ هێز و بزووتنەوە کۆنسەرڤاتیڤەکان، شەڕ بە مانای وشەکە لە هەموو بوارێکدا، ئەوجا وەختێک دەڵێت لەگەڵ دین بە شەڕ هاتووە، دەبێت ئەو خاتوونە بزانێت دین وەک بەشێک لە هێزی کۆنەپارێز، وەک چەند دەقێکی بەسەرچوو، دەبێت پشکی شێری بەربکەوێت لەو شەڕەی گۆڕانخوازەکان هەڵیانگیرساندووە، دین بە شەڕ لە ئەوروپا بە چۆکدا هات، دەبێت لێرەش دین بکرێتە کارێکی شەخسیی و رۆحی نەک بە هەموو پنتەکانی ژیاندا شۆڕ ببێتەوە.

هەرواش خۆی لە دادگاییکردن و باسکردنی رێکخراوەکانی ژنان بەشێوەیەکی تەنزئامێز نەبواردووە و هەوڵیداوە وا ئامۆژگاریی رێکخراوەکان بکات دوای شتی باو نەکەون و تووتی ئاسا نەبن، ئەمەش مانای وایە تا هەنووکە وەک تووتی بوونە. لە دواجاردا باسی چەپکە گوڵ دەکات، بەڵام نەیتوانیوە رەنگی تەنیا گوڵێکمان نیشان بدات و بەوپەڕی رەهایی بڕیاری خۆیداوە و قفڵی لە هەر رووبەرێک داوە بۆ دایەلۆگ کردن، ئەو بە زمانێکی وا پەیڤیوە منی ناچارکرد بەم رەقییەوە بەرسڤ بدەمەوە، لێ من خوازیاری ئەو جۆرە زبرییە نیم لە نووسیندا، تەنانەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیشمدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٩)ی رۆژنامەی (پێگە) لە رۆژی ٢٠٠٥/٣/٨ بڵاوبووەتەوە.

# دەربارەی دیاردەی لەشفرۆشیی لە کوردستان

دیاردەی لەشفرۆشیی یەکێکە لە دیاردە مێژووییەکان و رەگێکی ئێجگار قووڵ و درێژیی هەیە، رەنگە ئەم دیاردەیە لە سەرەتاوە بەشێک بووبێت لە رێورەسم و سرووتە ئاینییەکان، بەڵام بە پێی تێپەڕینی کات، شێوە و شەقڵەکانی گۆڕاوە. لە ئێستای دنیای سەرمایەدارییدا، بۆتە بازرگانییەکی گەورە و لە سەرتاسەری جیهاندا دەیان تۆڕ و رێکخراوگەلی تایبەت بۆ مەیسەرکردنی ئەو کارە و گواستنەوەی لەشفرۆشان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر سەریانهەڵداوە، رۆژ بە رۆژیش بەهۆی داتەپینی زیاتری باری ئابووری هەندێک لە دەوڵەتانی جیهان و دابەزینی داهاتی تاکەکەس، ئەم دیاردەیە رووی لە زیادبوونە، بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتیی وەکوو ئاسیای نێوین و ئەورووپای رۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتین و هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی نزیک تا دەگاتە کوردستان، لەگەڵ ئەوەی مێژووی لەشفرۆشیی لە کوردستاندا دوور و درێژە، بەڵام رەنگە هیچ کاتێک هێندەی ئەمێستا ئەم دیاردەیە بەرچاو و زەق نەبووبێتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە و بە گوێرەی ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی لە رێی میدیاکانەوە ئاگاداری دەبین، لە سەرجەمی شارە سەرەکییەکانی کوردستاندا، دەیان تۆڕ و باندی بازرگانی ئافرەتان و کاری لەشفرۆشیی پێکهاتوون، ئەم باندانە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و تەنانەت لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، سەدان لەشفرۆش دەهێننە ماڵە تایبەتییەکانی لەشفرۆشیی لە شارەکانی کوردستاندا، ئەگەرچی پۆلیس و دەزگاکانی تری وەکوو ئاسایش بەرەو روویان دەبنەوە و لە هەندێک حاڵەتدا دەستگیریان دەکەن و ماڵەکانیان پێ لا دەبەن،

بەڵام هێشتا ئەم دیاردەیە بە خێراییەکی زیاتر لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە و بۆتە یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆی وڵات.

من کارم بەوە نییە، ڕێژەکە چەندە و لە کام شار زیاتر ئەو کارە تەشەنەی سەندووە و لەشفرۆشەکان کوردن یان بێگانە. تەنیا ئەوەندە نەبێت لەو سۆنگەیەوە گرنگی بەپرسەکە دەدەم، ئەم دیاردەیە یەکێکە لە دیاردە پڕ مەترسیی و نێگەتیڤەکان، بە تایبەت بۆ ئەمڕۆی دۆخی کوردستان. چوونکە ئەوە جیا لەوەی شیرازەی بەشی زۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان دەپچڕێنێت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک لێکەوتە و کاردانەوەی خراپی لەسەر پەروەردە و تەندروستی و ئابووری کوردستان دەبێت. تۆ تەنیا لە ڕووی تەندروستییەوە سەیری بکە و بزانە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز چۆن کۆمەڵگەیەکی وەکوو کوردستان لەناو دەبات، چوونکە هەموو دەزانین سیستمی تەندروستی ئەم وڵاتە چەندە لە دوایە و چەندە دەستەوەستانە لە هەمبەر کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا یان حومایماڵتا جا نەخاسمە ئایدز و ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی سێکسەوە دووچاری مرۆڤ دەبن.

بەهەرحاڵ و هەرچی چۆنێک بێت ئەمڕۆ دیاردەی لەشفرۆشیی یەکێکە لەو دیاردانەی لەکوردستاندا زەق بۆتەوە، ئەمە نە تەنگەنەفەسی دەسەڵاتی دەوێت و نە تووڕەبوونی پیاوانی ئاینیی، بەڵکوو پێویستی بەکارکردن و بەرەو ڕووبوونەوە هەیە، مەبەست لە بەرەو ڕووبوونەوەش تەنیا گرتن و دۆزینەوەی تۆڕ و باندەکان نییە، ئەمە بۆ خۆی بەشێکە لە پرۆسەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاریی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە ئامادە بکرێت، هەر لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵەوە بیگرە تا دەگاتە زیاتر زەمینەسازیی بۆ ئازادیی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕەگەز و باشترکردنی باری ئابووری خێزان و تاکەکەس. ئەم دیاردەیە پێویستی بە کارکردنی جیدی هەیە و پێویستە تۆڕێکی فراوان بەشداریی ئەو کارکردنە بکەن لە دژی، هەر لە وەزارەتەکانی حکومەتەوە تا بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دەگات. چوونکە ئەم دیاردەیە سامناکییەکەی تەنیا لەوەدا نییە وەک وتم کاریگەریی سلبیی دەکاتە سەر شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو ئاکامەکانی زۆر لەوە ترسناکترن ئێمە ئێستا هەروا بە سادەیی سەیری دەکەین.

من مەبەستم ئەوەیە بڵێم دیاردەی لەشفرۆشی دیاردەیەکی مێژوویی و جیهانییە و هیچ کۆمەڵگەیەک نییە کەم تا زۆر ئەم دیاردەیەی تێدا نەبێت، بۆیە لە کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەکانی تری دەوروبەر و جیهان ئەم دیاردەیەی تێدا بڵاوبۆتەوە. بێگومان هەرگیز رۆژێکیش نایەت تا بە تەواوەتی لەشفرۆشیی تێدا لەناو ببرێت، بەڵام ناکرێت حکومەت و دەزگا پەیوەندییدارەکان گوێی خۆیان لە مەترسییەکی لەم چەشنە بخەوێنن، چوونکە ئەوەی ئێمە بەدی دەکەین خەمساردیی و بێ پلانی حکومەت و وەزارەتەکانە بۆ بەرەو رووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، تەنانەت هەر نایانەوێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی باسی بوونی ئەم دیاردەیە بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش نەک خزمەتێک ناگەیەنێت بەڵکوو هەرچی زیاتر ئەو دیاردەیە فراوانتر دەکات. لینین کاتی خۆی رێکخراوێکی گەورەی بۆ بەرەنگاریی لەشفرۆشیی لە روسیا دروستکرد، بەڵام ئێمە پێویستمان بە چەندان رێکخراوی وەکوو ئەو رێکخراوەی لینین هەیە، تا ئەو جێگەی حورمەت بۆ جەستەی مرۆڤ بگەڕێتەوە، چوون جەستەی مرۆڤ هی ئەوە نییە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٧٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# ژن ژیانە.. ئازادیی واتە ئازادیی

*زۆرجار گوێم لەوە دەبێت کچان «مێینە»ی کۆمەڵگەی ئێمە، دەڵێن کوڕان ئازادن یان گەنجانی کوڕ ئازادترن بە بەراوورد بە کچانی گەنج. ئاخر ئازادیی کوڕان کوا و مانای چییە، ئەگەر کچان ئازاد نەبن؟. ئاخر هەرچی کوڕانی کۆمەڵگەی ئێمە لە دەرەوە و ناوەوەی خێزانەکانیان ممارەسەی دەکەن، بێ ئەوەی هاوشانە مێینەکەی لەگەڵ بێت نەک ئازادیی نییە بەڵکو ممارەسەیەکی بێ گیان و بێ لەززەتە. ژیان بە بێ ژن واتە دۆزەخی پیاوان.

*هەندێک ئافرەت پەیدابوون دەڵێن پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە ئازادن، ئەوەی ئازاد نییە تەنیا ئافرەتانن. منیش دەڵێم، ئازادیی کوا لای ئەو نیوەیە ی کۆمەڵ هەیە کە سەجانی نیوەکەی تری بێت؟. وتەیەک هەیە دەڵێت چاودێری زیندانەکان لە خودی بەندکراوەکان زیاتر لە رارایی و دڵەڕاوکێدان. بێگوومان ئەو برا لاوەی، ئازادییەکان لە خوشکە گەنجەکەی قەدەغە دەکات، چیتر ناکات جگە لەوەی نیگا و خۆشەویستی ژن بەرانبەر بە خۆی تیرۆر دەکات. لەم سەروەختەشدا ژیانێکی بێ ئازادیی ژن، لەو دۆزەخە دەچێت «دانتی» بۆ قەشەکانی ئامادە کردووە.

*لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا ژن ئامێرێکە بۆ لەززەت بەخشین بە پیاو. خواوەند سەیری کرد، ئادەم بێ حەواس و بێزاربوو، لەبەر ئەو تەنیاییە ترسناکەی گەمارۆی دابوو. ناچاربوو بوونەوەرێکی تر بئافرێنێت، بۆیە لە پەراسوی چەپی ئادەم، «حەوا»ی هێنایە دەرەوە. ئەم دونیابینییە هەر بۆ ئەوە کراوە وێران بکرێت. ئەم ئاوەزە هەر ئەوە باشە لە مۆزە هەڵبگیرێت. چوونکە ژن و پیاو یەکتری تەواو دەکەن، نەک یەکێکیان بەهەشتی ئەویتریان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژیان بەبێ ژن

هەر لەو جەنگەڵە دەچێت «جۆن ستیوارت میل» باسی دەکات.

*ئازادیی بە کیلۆگرام و میسقاڵ ناپێورێت، ئازادیی هەیە یان نییە. من پێموایە مرۆڤی کورد بە ژن و پیاوەوە ئازاد نییە، بەڵام سەختتر لەوە ئەوەیە ئەو مرۆڤە نائازادەی ناوی پیاوە، دیسان هاوشانەکەی خۆی «مێینە» دەچەوسێنێتەوە و کۆیلەی دەکات. ئەمەش دیتنی «ئەنگلس» دەخاتەوە هزرمان کە پێیوایە لە سیستمی سەرمایەدارییدا ژنی کرێکار دووجار کۆیلەیە، جارێک کۆیلەی پیاو، جاری دووەم کۆیلەی سیستمی سەرمایەداریی. لەگەڵ ئەوەشدا ژیان بە بێ ژن و ئازادیی ژن لە رەنگی پەڕیووی مردوو دەچێت.

*ئەو گەنجە بێزار و دڵشکاوانەی رۆژ تا ئێوارە لە گازینۆکان دانیشتوون، ئازاد نین. ئەو چوونە دەرەوەیەیان کە خوشکەکانیان نیانە نیشانەیەک نییە بۆ ئازادیی و خۆشبەختی. ئازادیی چییە ئەگەر خۆشبەختی دابین نەکات و نەیهێنێتە دی؟. بەو گەنجە، ئازادیی یانی چی کە لە موسارەحەی کچێکدا یەک شەستە جنێو بەسەر ئەجداد و ئابائیدا دەبارێت؟. ئازادیی بەو گەنجە مانای چی لەسەر خواردنەوەیەکی پێکێک مەی دەکرێت بە پەند و سەرزەنشت دەکرێت؟. ئازادیی چی مانایەکی هەیە هەزاران دامودەزگای سەیر لە وڵاتدا دامەزراون عەقڵ و جموجۆڵ و رەفتاری مرۆڤی کورد کۆنترۆڵ دەکەن؟. لەگەڵ ئەمەشدا ئازادیی خەونێکە تەمەنی هێندەی تەمەنی مرۆڤایەتییە و زۆریش لەوە قووڵترە ئێمەی کورد بە عەقڵی سادە و سەرەتاییانەی خۆمان بیری لێدەکەینەوە.

*کچانی ئێمە دەڵێن کوڕە گەنجەکانمان، ئازادن و دەتوانن خۆشەویستی بکەن. بەڵام ئەگەر ئەویتری بەرامبەر «مێینە» نەبێت، ئەو خۆشەویستییە لەگەڵ کێ بکات؟. تەنانەت ئەگەر لە خەیاڵیشدا خۆشەویستی بکات، دەبێ ئەو کارێکتەرەی ناو خەیاڵی مێینە بێت،. ئازادیی کاتێک ئازادییە هەردوو رەگەز لێی بەهرەمەند بن, بۆیە ژیان بە سۆزی ژن و عەشق و یەکسانی هەردوو رەگەزەوە شیرینە، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

*هەندێک کچانی ئێمە لە ژێر لێوەوە دەڵێن کوڕان دەتوانن سێکس بکەن، ئەوەش بە نیشانەی ئازادیی دادەنێن. بەڵام من پرسیار دەکەم لەگەڵ کێ سێکس دەکەن؟. ئەگەر لە خەیاڵیشدا بێت، هەر دەبێت سێکس لەگەڵ مێینە بکەن، ئەگەر خووی

نهێنیش ئەنجام بدەن، دەبێت مێینەیەک لە خەیاڵیاندا میوان بێت و هاتوچۆ بکات. یان دەبێت تابلۆی رەگەزەکەی تر لە ئەندێشەیدا بکێشێت بۆ ئەوەی دەستپەڕەکەی بگاتە ئەنجام. کەواتە ئەویتری پیاو لە خەیاڵیشدا ناتوانێت دەستبەرداری ژن بێت. روونتر بڵێم بێ ئازادیی ژن، ئازادیی پیاو لە نوکتە دەچێت.

*ژیان بە ژنەوە ژیانە. ئەگەر ژن زیندان بوو پێش هەرشتێک و بێ هیچ گوومان و رارایییەک، ژیانیش زیندانە. ژیانی پیاویش بێ ژیانی ئازادانەی ژن، شتێکە وەسف ناکرێت و من لای خۆمەوە دەڵێم سەد خۆزگە بە دۆزەخ.

١٨-٤-١٩٩٩

سلێمانی - گازینۆ ٢٠٠٠

تێبینی: ئەم نووسینە رەنگدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی ١٩ ساڵ پێش ئێستایە، بۆیە دەبێت حساب بۆ سیاقە مێژوویییەکەی بکرێت. چوونکە نووسینەکە لە ١٨-٤-١٩٩٩ لەسەر لاپەڕەیەکی خورشیدی ئەم دیو و ئەودیو نووسراوە، منیش وەکوو خۆی و بێ دەستکاریی تایپم کرد و خستمە خزمەتی ئێوە. هیوادارم بە دڵتان بێت.

*ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە رۆژی ١٥-٩-٢٠١٢ لە سایتی «کوردستان نێت» و چەند سایتێکی تری کوردیدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.




# بەشی پێنجەم
# دۆزی گەنج

# لەپەراوێزی نارەزایی خوێندکاراندا

لە چەند هەفتەی رابـردوەوە هەموو لە نزیکەوە شاهیدی ئەو مانگرتن و نارەزایەتییە خوێندکارییە درێژخایەنە بووین لەسەر ئاستی زانکۆی سلێمانی بەرێوە چوو. هێشتاش هیچ نارەزایەتی و مانگرتنێکی خوێندکاریی لەو جۆرەمان لە مێژووی نوێی کوردستاندا نەدیوە، بە تایبەتی گرنگییەکەشی لەوەدایە هیچ رێکخراو و گروپێکی دیاریکراو جولێنەری ئەم بزووتنەوەیە نییە (گەر بتوانین ناویبنێین بزووتنەوە یان بە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی خوێندکارانی بزانین). نارەزایەتی خوێندکاران لە بنەرەتدا بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی زانکۆی ئایندەی ئەهلیی کە ئەمەش سەرەتای یەکەمین گەشەکردنی کەرتی تایبەتە لە کوردستاندا! ئەم نارەزایەتییە خوێندنەوە و جەدەلێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، بەلام زۆربەی دیدگا و بۆچوونەکان لێک نێزیک بوون، ئێمەش لێرەدا بە کورتی چەند سەرنجێکی جیاواز لەم بارەوە دەخەینەروو.

ئایا دەشێ ئەم نارەزاییە بخەینە چوارچێوەی ئەو باهۆزە دیموکراسییەی خەریکە سەراپای سیستەمی دیکتاتۆریی ناوچەکە دەگۆرێت یان نا؟ ئەو باهۆزەی هەر ئێستا (میسر)ی هێناوەتە لەرزین و بۆ یەکەمین جار تەلیسم و هەندێ سنووری مینرێژکراوی پەیکەری سیاسیی ئەو ولاتە شکێنراو خرایە ژێر تیشکی رەخنەوە، ئێستا بە دوای ئەلتەرناتیڤی (موبارەک)دا دەگەرێن و چەندین برگە و ماددەی

دەستووری وڵاتیش دەگۆڕێن. ئەو ریفۆرمەی لە میسرەوە وا خەریکە دەست پێدەکات لە دوورمـاوەدا ئەنجامگیرییەکانی بەسەر دنیای عـەرەب و سەرجەم کیشوەری ئەفریکاوە دەبینین. لەلایەکی تر لە لوبنان ب ەتیرۆرکردنی (رەفیق حەریری) بزووتنەوەیەکی میللی و جەماوەریی بە رووی دەسەڵاتی وڵاتدا تەقییەوە و کابینەی حکومەتیان ناچار کرد وازنامە رابگەیەنێت، لوبنانییەکان بە درێژایی دەیان رۆژ و شەوی دەنگ هەڵبڕین و (نا) وتن توانیان زەبەلاحترین کار لە بواری سیاسیی وڵاتەکەیاندا بکەن. ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە دنیای عەرەبیدا خەڵک بەو راستەوخۆیی و کاریگەرانەیە بتوانێت بۆچوون و قەناعەتی خۆی بەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتداراندا بسەپێنێت و بیکاتە دیفاکتۆ. هەر لەولاوە لە (قیرغیزیا) شەپۆلی نارەزایی و پەرچەکردار و رکی پەنگخواردووی خەڵک بارێکی وای خوڵقاند هیچی کەمتر نییە لە باری لوبنان، ئەو نارەزاییە بە جۆرێک بوو دڵی دەسەڵاتدارانی هێنایە لەرزین و دواجاریش (باکایف)ی سەرۆکی وڵات ناچارما لە نێوان هەردوو بژاردەی مانەوە لە دەسەڵات و ژیاندا، ئەو ژیانی هەڵبژارد و وڵاتی جێهێشت.

ئایا شەپۆلی نارەزایی خوێندکارانی کوردستان بەشێکە لەو پرۆسەیە یان نا؟ ئایا ئەم جووڵانەوەیە شتێکە لە جۆری شۆڕشی مایۆی ١٩٦٨ی خوێندکارانی فەرەنسا یان نا؟ هەروەک هەندێ کەس دڵیان بەمە خۆشکردووە!. لە راستیدا ئەگەر بە وردیی بۆ دروشمەکانی نارەزایەتییەکە و یەکە یەکەی وشەی ئەو خوێندکارانە بڕوانین ئەو بڕوایەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت نەک هەر ئەوەی ئەم جووڵانەوەیە بەشێک نییە لەو دیاردەیە، بەڵکو تەواو بێئاگایە لێی و بە هیچ جۆر و شێوەیەک و لە هیچ هێڵێکدا بە یەکتری ناگەنەوە! ئەم نارەزاییە لە بنەمادا خاوەنی ستراتیژیەتێکی روون و ئەجێندایەکی چەسپیوو نییە جگە لە رک و قینی پەنگخوادووی چەند سەد خوێندکارێک کە ناتوانن قبوڵی زانکۆیەک بکەن کەرتی تایبەت بەرێوەی ببات. ئەم جووڵانەوەیە نەک هەر لە شۆڕشی فەرەنسا ناچێت، بەڵکو ئەوپەڕی بێمانایییە ئەو دووانە بخەینە یەک خشتەی بەراووردکاریشەوە، شۆڕشی فەرەنسا لە پشتییەوە چەندین بیرمەند و فەیلەسوف هەبوون (بۆ نموونە بە هێربرت مارکۆز دەوترێت باوکی شۆڕشی ٦٨) ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە لەسەر بەرینترین مەودا و بواردا بوو، ئاخر شۆڕشی فەرەنسا خاوەنی پرنسیپ و ستراتیژیەتێکی چەسپیو بوو، ئێمە

بینیمان ئەو شۆڕشە چەند کاریگەر بوو، کە شۆڕشێک بوو سەرلەبەری ئەورووپای گۆڕی یان هەر هیچ نەبێت ئیستێکی بەو ڕەوتە چەقبەستووە لە بەرامبەر خۆیدا گرت و ناچاری کرد چاوێک بە خۆیدا بخهشێنێتەوە.

ناڕەزایی خوێندکارانی کوردستان (یان ڕاستتر سلێمانی) بەو جۆرە نییە و پەلی نەکێشاوە بۆ بواری تر، ئەگەر هەنووکە زانکۆی ئایندە دابخرێت لەلایەن دەستەڵاتەوە (بە بڕوای من خراپترین کارە گەر حکومەت بیکات) ئەو خوێندکارانە هیچ کێشەیەکیان نامێنێت و هەر یەکەو دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی!!. چوونکە ستراتیژیەتێک کۆینەکردوونەتەوە تا بەردەوام بن، دەشێ بڵێین ئەم ناڕەزاییە لە ئاستی تموحی توێژێکی وەک خوێندکاراندا نییە و ئامانجێکی بچووک و کاتیی هەیە و ناتوانێت بپەڕێتەوە بۆ ئاست و بوارێکی فراوانتر و هەمەلایەنەتر، با بڵێین خۆ کێشەی خوێندکاران تەنیا زانکۆی ئایندە نییە، ئەگەر وایە ئەو ناڕەزایی و ڕەخنانەی لەوەوپێش و لە چەند ساڵی ڕابردوودا خوێندکار هەیبووە دەبێتە سەفسەتە و ئەفسانە، کەواتە دەپرسین ئەم ناڕەزاییە دەیەوێ یان لە توانایدا هەیە بەردەوام بێت و هەمەلایەنەتر کار بکات؟. یەکێک لەو نوقتانەی پێویستی بە شیتەڵکردن و توێژینەوەیە ئەوەیە ئاخۆ ئەو ناڕەزاییەی خوێندکاران لە بناغەوە ڕەوایی و شەرعیەتی هەیە؟ ئایا زانکۆی ئایندەی ئەهلی دیاردەیەکی پۆزەتیڤە یان بەپێچەوانەوە؟ من بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم ناڵێم جووڵانەوەکە ناڕەوایە و داواکارییەکانیان واقیعی نین، بەڵام دروستکردنی زانکۆی ئەهلیش ناواقیعی و نابەجێ نییە، بەڵکو سەرەتای هەنگاوە رووە و کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و مەدەنی «هەرچەند من لایەنگری کاپیتالیزم نیم».

لە کاتێکدا دەبوو خوێندکاران یەکەم توێژی کۆمەڵایەتی بوونایە پشتگیرییان لەو فینۆمینانە بکردایە کە کۆمەڵگەی کوردستان رووەو کۆمەڵێکی مەدەنی و کراوە وەردەچەرخێنن، بەڵام تەواوێک بە پێچەوانەوە خوێندکاران یەکەم دەستەن بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ئەو وەرچەرخانە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕەخنەی خوێندکاران ئەوەیە: گوایە زانست بە پارە نییە و کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت! بەڵام ئەمە جگە لە قسەیەکی بەتاڵ و ڕەخنەیەکی کلاسیکی و سەلەفییانە بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە سەرمایەداریی و پێشکەوتووەکاندا کە خۆی لە ئەورووپا

و ئەمەریکادا دەبینێتەوە نەک دەیان بەڵکو هەزاران زانکۆی ئەهلی هەیە و لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن، نەک زانسیتی فیزیا و پزیشکییە باوەکەی ئێرە بەڵکو وانەی چەکی گەردیلەیی و ڤایرۆسی و فەزائی و جینات و کۆپیکردنی مرۆڤی تێدا دەخوێندرێت. لەلای من سەیرە لەلایەک خوێندکاران هەموو هاواریانە لە دەست کولتووری داڕزیوی رۆژهەڵاتی و سیستمی کۆنی خوێندن و خوازیاری مۆدیلێکی هاوچەرخی خوێندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن کە رۆژئاوا پێی تێناوە، کەچی لەلایەکی ترەوە هەر خۆیان دەبنە لەمپەر لەبەردەم یەکێک لەو هەنگاوانەدا!!.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم راستە بنیادنانی ئەم زانکۆیە هەموو پرۆسەکە نییە، بەڵام خۆی لە خۆیدا گرنگە، راستە هەموو کەسێک ناتوانێت سودمەند بێ لێی، بەڵام دەرفەتێکی ترە لە بەردەم پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا. وەلێ بەداخەوە لە قسەی خوێندکاراندا تەنیا ئیرەیی بردن دەرکەوت لەو ساتەی دەیانووت هەر ئێمە شایستەین لە کۆلیژی پزیشکی و ئەندازیاریی بخوێنین، هەروەک ئەوەی زانکۆی ئایندە پێکهاتبێت لەو دوو کۆلیژە، تەنانەت زێدەڕۆیش ناکەم گەر بڵێم ئەوەی ئەو خوێندکارانەی کۆکردۆتەوە جۆرێکە لە ئیرەیی بردن و بەرژەوەندخوازیی. بە تایبەتی پیشەی پزیشکی و ئەندازیاریی لێرە گرنگییەکی زیاتری هەیە ئەوان نایانەوێت لە غەیری خۆیان هیچ کەسێکی تر ببێتە دکتۆر و ئەندازیار ئەوان کێشەکەیان ئەمەیە، نەک دژایەتییەکی ماقووڵ کە دوای خوێندنەوە و شیتەڵکارییەکی ورد هاتبێت. بەدرێژایی ئەم چەند رۆژەی ناڕەزایی خوێندکاران بەردەوام لە خۆمم پرسیوە ئاخۆ دەبێت کامە فاکتۆر بێت ئەم هەموو خوێندکارەی رژاندۆتەوە سەر شەقام؟ هەمیشەش بیرم لەوە دەکردەوە بە درێژایی چواردەساڵی رابردوو کە دەرفەتێکی تا رادەیەک باش بووە لەبەردەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆچی لەم ماوەیەدا ئەگەر بۆ یەک جاریش بووبێت ئەم ژمارە زۆرەی خوێندکاران کۆنەبوونەتەوە؟.

تۆ بڵێی کارەساتەکانی زانکۆی ئایندە لە کارەساتەکانی جەنگی ناوخۆ گەورەتربن؟ تۆ بڵێی مەترسییەکانی زانکۆی ئایندە لە مەترسییەکانی عەرەب و دراوسێ داگیرکەرەکانی ترمان زیاتر بێ؟ تۆ بڵێی زانکۆیەکی ئەهلی وەک زانکۆی ئایندە لە شەڕەپەرۆ و شەڕە دروشم و دەمدوورینی رۆشنبیر خراپتر بێت؟

تۆ بڵێی زانکۆی ئاینده لەو هەموو گەندەڵییە ئیدارییە ترسناکتر بێت ئەڤرۆکە سەرتاپای یەکە کارگێڕییەکانی کوردستانی گرتووەتەوە؟ تۆ بڵێی خوێندنی کوڕ و کچە دەوڵەمەندەکان لە زانکۆی ئاینده خراپتر بێ لەوەی نەخوێندەوار و بێ بڕوانامە بن؟ تۆ بڵێی زانکۆی ئاینده مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد دورست کردبێ؟ تۆ بڵێی زانکۆی ئاینده لە داگیرکردن و تالانکردنی کولتووری کوردیی لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە سامناکتر بێت؟ تۆ بڵێی زانکۆی ئاینده کارگەی بەرهەمهێنانی گەرای تیرۆریستی و زەرقاوی و نەسراوی بێت؟ پرسیارەکە دوای ئەو هەموو (تۆ بڵێی)یە ئەوەیە: هۆی ئەو دەمدورینە دوور و درێژە چی بوو؟ ئێستاشی لەسەر بێ خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر جەنگی ناوخۆ و گەندەڵیی ئیداریی و دەستتێوەردانی هەرێمایەتی و تیرۆر هتد.. هەیبووە و هەیەتی؟, ئاخر ئەو خوێندکارانەی پێیانوایە دیدالیۆسن و تاکوو خۆر فڕیوون، بۆچی لە ڕۆژانی هەرە رەشی جەنگی گەرمی ناوخۆی ئەوسا و شەڕی ساردی ئەمێستا و هەزار و یەک فەزاحەتی تری دەسەڵاتی کوردیی هەڵوێستیان وەرنەگرت و وەرناگرن؟.

کەواتە مافی خۆمە گومانم هەبێت لەوەی ئەم مانگرتن و نارەزاییە بێجگە لە بەرژەوەندییەکی تەسک و نوخبەویی بەولاوە هیچ پاڵنەرێکی تر لە پشتییەوە ئامادەیی هەبێت. هەرچۆنێک بوو حەشاماتی خوێندکاران نارەزاییەکی تا راددەیەک درێژخایەنیان لە بەرامبەر دەستەڵاتی کوردیی (وەک داکۆکیکاری زانکۆی ئاینده) دەربڕی. هەروەک لە پێشتردا ئاماژەم پێدا هەرچەندە نارەزاییەکە خاوەنی مۆرک و ستراتیژیەتێکی چەسپیوو و رەوایەتییێکی ئەوتۆ نییە، هێندە کارێکی پۆزەتیڤ ئەنجام نادات تا ئومێدی لەسەر هەڵچنین. چوونکە تاکە ئامانج لەو نارەزاییە داخستنی زانکۆی ئایندەیە و لە داخستنی زانکۆی ئایندەشدا ئەگەر زیان نەکەین بەبێ هیچ گومانێک قازانجێک ناکەین. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش مەرج نییە هەموو خۆپیشاندان و نارەزاییەک لەسەر بنەمایەکی دروست و راست راوەستا بێت! ئایا دەشێ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی نازییەکانی ئەڵمان دژی بێگانە و رقی راسیستەکان بەرامبەر بە پەنابەر بە نارەزاییەکی تەندروست بزانین؟!. نامەوێ مانگرتنی خوێندکاران بەو جۆرە شتانە تۆمەتبار بکەم بەڵکو نموونەیەکە بۆ زیاتر تێگەیشتن پەنام بۆ بردووە. بەهەمەحاڵ ئەو تروسکاییەی من لە سەرتاپای نارەزایی

چەند رۆژەی خوێندکاراندا دیتوومە بریتییە لەو هەوڵە بۆ شکاندنی هەندێک سنوور و جۆرێک لە دەنگ هەڵبڕین و وتنی (نا). ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو تەنیا ئەوەیە سەرەتایەکی باش بوو, هەرچەندە دەروازەی تەواوەتی نییە و ئاستەنگی زۆر ماوە بۆئەوەی لەمەوپاش خەڵک بتوانن دەنگی (نا) بەرز بکەنەوە و قەناعەتی خۆیان هەرچییەک بێت گوزارشتی لێ بکەن و نیشانی بدەن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٧)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ١٦/٤/ ٢٠٠٥ بڵاوبووەتەوە.

# رۆڵی لاوان لە کایەی سیاسییدا

بەر لەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێمە سەر باسی بەشداریی لاوان لە کایەی سیاسەتدا, ئارەزوو دەکەم لە پێشەکیدا قسە لەبارەی لاو خۆیەوە بکەین و لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە خودی لاو بڕوانین. لە واقیعدا لاو تەنیا ئەو کائین و بوونەوەرە نییە جیاوازییە فسیۆلۆژییەکان لە پیری جیا دەکەنەوە, بەڵکو لاو سەرباری جیاوازییە فیزیکییەکەی لەگەڵ پیردا هەڵگری دنیابینی و عەقڵیەت و تێڕوانینێکی جیاواز و نوێخوازانەیە بۆ ژیان و شتەکانی دەوروبەری. ئێمە کاتێک دەتوانین لافی ئەوە لێبدەین شەریحەی لاوانمان هەیە ئەو شەریحەیە بە واقیعی توانیبێتی دابڕانێکی ریشەیی و قووڵی مەعریفی و کولتووریی و فەرهەنگی تەنانەت ئایدۆلۆژیی و سیاسیش لەگەڵ نەوەی پێش خۆی دروست بکات. ئەو کاتە نەوەیەک بە نوێ و لاو دەزانرێت بتوانێ سەرچڵی گۆڕانێکی جەوهەریی و بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا بکات یان سەرمەشق و جۆشدەری بێت. یەکێک لە سیفەتە سروشتی و تایبەتیەکانی لاو ئەوەیە هەمیشە بە تووڕەیی و گوڕێکی زۆرەوە دێتە ناو گۆڕەپان و ئەڵتەرناتیڤی خۆی پێشکەش دەکات و سەرکردایەتی شۆڕشێک یان راستتر بڵێم رێنسانسێک دەکات کە دەیەوێت سەرلەبەری ئەو چەمک و پێکهاتە و پێدراوانە بگۆڕێت نەوەی پێش خۆی بینای کردووە, جا زۆرجار گۆڕانکارییەکە بەشێوەی پۆزەتیڤە و گەلەک جاریش بە پێچەوانەوە. ئەگەر لە ژێر ئەم رۆشناییەوە بنوارین بۆ واقیعی ئەو توێژاڵەی ئیمڕۆ لای خۆمان ناومان ناون لاوان یاخۆ نەوەی نوێ دەگەینە ئەو راستییەی ئێمە لاو و نەوەی نوێمان نییە, بەڵکو ئەو بوونەوەرەی

ناوینراوە لاو تەنیا لە روالّەت و پێکهاتەی فیزیکییەوە لاوە, ئەگەرنا وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی واقیعی خۆیەتی و چۆتەوە سەر هەمان ئەساڵەتی باب و باپیرانی خۆی.

دیسان هەمان ئەزموون و مێژووی ژیانی باوک و نەوە دێرینەکان لە واقیعێکی نوێتردا دووبارە دەکاتەوە, ئێمەی کورد هەتا ئێستا نەوەیەکی نوێی توورە و یاخیمان نەبووە بتوانێت تایبەتمەندیی و سروشت و کەسێتی خۆی جیا بکاتەوە لە سروشت و کەسێتی باوک، یان زەمینە و کەشێک بخولقێنێت دروستکراو و داهێنراوی دەستی خۆی بێت. بە پێچەوانەوە ئەو نەوەیەی لە بەردەستدایە نەوەیەکی پاسیڤ و دەستەمۆ و خۆشباوەڕە، هەرگیز نەیتوانیوە تەعبیر لە لاوێتی خۆی و جیاوازییەکانی لەگەڵ نەوەی پێشان بکات, جا نەخاسمە خاوەتی رۆحێتی شۆڕشگێڕیی بێت و هەوڵبدات بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی سترۆکتۆریی لە کۆمەڵگەدا. کاتێک لە کوردستان شەڕی ناوخۆ وەک شەڕێکی نەگریس و خنکێنەر روودەدات زۆربەی هەرە زۆری قوربانییەکانی لاوان بوون!!, کەچی لاو نەک هەر نابێتە لەمپەر و بەربەست لە بەردەم ئەم شەڕە و فشار دروست ناکات تا لایەنە بە شەڕهاتووەکان ناچار بکات بە وەستانی شەڕ (یان خۆ ئەگەر ملیش نەدەن بە دواکاریی وا خۆ کاریگەریی دادەنا لەسەر بارودۆخەکە, خۆ ئەگەر هیچ کاریگەریش نەبا، خۆ لاو لەم وڵاتەدا شتێکی لەم چەشنەی نەکردووە) بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆیان دەبنە ژێلەمۆ و مەشخەڵ و هێزی ئەکتیڤی جەنگ, جەنگێک سەرتاپای مێژوومانی ناشرین و قێزەون کرد و وێنای کوردی لای ئەو هەموو ئەوانی تری دەرەوەی خۆمان گۆڕی.

گەنج لە وڵاتی ئێمەدا لە بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریی و چەپاندنە غەریزیی و سێکسییەیدا رۆژێک لە رۆژان نەڕژایە سەر شەقامەکان و داوای مافی خۆی بکات. تا ئەو ئاستەی نەیتوانیوە لە ئاستی پەرچەکرداری ژناندا بێت لەبەرامبەر کۆمەڵگەی تەقلیدیی، چوونکە رێکخراوەکانی ژنان و ژنانی چالاکی دەرەوەی رێکخراوەکان بە دەنگ هەڵبڕینیان توانیان بەشێوەیەکی بەربڵاو و کۆمەڵایەتی، کێشە و دۆسیەی خۆیان بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بناسێنن, ئەگەرچی تا ئێستاش توندوتیژیی و چەوساندنەوەی ژنان بەردەوامە، بەڵام غەدرە تێکۆشان و هەڵسوڕان و تەنانەت

ڕۆڵی تاکەکەسی ژنان نادیدە بگرین یان لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ نەدەین. ڕێکخراوەکانی لاوان هەموویان دەسکەلا و هەڵماتی دەستی حزب بوون و لە بری ئەوەی گەنج وەک مەحرومترین کائینی ئەم کۆمەڵگەیە لە گێژاو و وەهمەکانی حزب و خێڵ و دامەزراوە چەپێنەرەکانی دی ڕزگار بکەن و ساز و ئامادەیان بکەن تاببنە گرووپی فشار و داخوازیی ویست و ئارەزووەکانیان بەرز بکەنەوە، گەنجیان کرد بە قۆشمە و نەگبەتتریان کردووە و تاکو ئەو سنوورەی بردویانەتە کەناری شێتبوون و نیهلیزمێکی کوێرانە و سەرلێشێواوانە.

لە پەرچەکرداری هەموو ئەم سەرکوت و بێئومێدییانەدا گەنج نەیتوانی بەرەنگاری بکات یاخۆ با بڵێین ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی لێسەنرایەوە، ئیدی بە درێژایی نزیکەی ١٣ ساڵی دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا هەزاران بگرە سەدان هەزار لاو چارەنووس و خودی خۆیدایە دەستی قەدەر و دەریا و مافیا و ڕێگەی مینرێژی هات و نەهات، بە مەبەستی قووتاربوون لە دۆزەخی وڵات و شادبوون بە بەهەشتی تاراوگە، هەرچەند لە کاتی گەیشتنیان بە تاراوگە ئەو وەهمەشیان بەتاڵ بۆتەوە و هەستیان کردووە ریکلام و سەتەلایت چەواشەی کردوون، بەڵکو لە ئەورووپاش نامۆبوون و ئاوارەیی و کێشەکانی تاراوگە و دواجار بوون بەئامێر و لێسەندنەوەی ڕۆح و بەها نەتەوەییەکان دیسان بۆتە خاڵی تێکشکان بۆیان، بە کورتی گەنجی ئەم وڵاتە بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە گەنجێکی خۆشبەخت نەبووە، ئەگەر یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بەدبەختیی و بەرتەسککردنەوە و سەرکوتکردنە دەسەڵاتی باوک و زاڵبوونی هەژموونی سیستمی باوکایەتی (پاتریارکی) بێت بەسەر کۆی ژیاندا ئەوا بەدڵنیاییەوە هۆکارێکی تری بۆ ناهۆشیاریی و تێنەگەیشتن‌و پاسیڤبوونی خودی گەنج دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەم هۆکارەی دواییان کاریگەری لەوی یەکەمیان زیاتر نەبێت ئەوا بێگومان هیچی کەمتر نییە.

هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنج بەشداریی نەبووە لە کایەی سیاسەتدا یان بەشێوەیەکی لاوەکی بەشداریی لە ژیانی سیاسیدا کردووە، هاوکات تێڕوانین و تێگەیشتنێکی هەڵەی دەربارەی چەمک و ممارەسەی سیاسەت هەبووە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم من قسە لەسەر ئەو دەستەبژێرە گەنجە

ناکەم لە گۆڕەپانەکەدا بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو و ئەکتیڤ ممارەسەی کاری سیاسیی دەکەن. بەڵکو دەمەوێ بەشێوەیەکی راستەخۆ قسە لەسەر زۆرینەی گەنجان بکەم, چوونکە زۆرینە پێوەرە نەک دەستەبژێر, هەر ئەوەش کۆمەکمان دەکات لەوەی هەڵسەنگاندنەکانمان راست و دورست دەربچن. بەردەوام نەوەی دوای راپەڕین سیاسەتی بە بڤە زانیوە و خۆی لێ لاداوە, کەم نین ئەو گەنجانەی بە سیاسەت قەڵس و بێزار دەبن, تەنانەت لە گوێگرتنی هەواڵەکان و بەرنامەیەکی سیاسیی تەلەفزیۆن بێزان و ئامادەی گوێگرتن نین بۆی, تەنانەت بەشێکی زۆری شەڕی نەوەکان و باوان لە نێو ماڵەکاندا شەڕی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنە! هەروەک گوتم هەرگیز گەنج ئامادە نییە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات.

هەروەها هەمیشەش لە دیدگای گەنجانی ئێمەوە سیاسەت سپێردراوە بە نەوەی رابردوو, لە دیدی ئەم نەوەیەدا ئەوان تەنیا کاریان ئەوەیە بە دوای پەیوەندیی رۆمانسی و خۆشەویستیدا بگەڕێن (بێ ئەوەی بزانن ئەو دنیا جوانەی ئەوان بیری لێدەکەنەوە سیاسەت دروستی دەکات و هەر سیاسەتیش دەتوانێت وێرانی بکات)!!، ئیدی چارەنووسی نەتەوە و کۆمەڵگە و دواڕۆژی سیاسیی وڵات بە جەهەنم, بەداخیشەوە تەنانەت ئەم تێڕوانینە پەڕیوەتەوە بۆ ئاستی دەستەبژێرە چالاکەکە و وای لێکردوون دوورەپەرێزیی لە سیاسەت هەڵبژێرن, بگرە بە تۆپەڵ بوونەتە شاعیر و شیعرنووس، کۆی بیرکردنەوە و نووسینەکانیشیان لە مەودای پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان دوو رەگەزەکە تێپەڕ ناکات, هەر ئەمەش بووەتە هۆی کارەساتێکی گەورە و بەردەوامی تێکشکانە رۆحی و دەروونییەکانی گەنجی ئەم وڵاتە. من خۆم لە یەکێک لە رۆژنامەکاندا نووسینێکی لەو جۆرەم خوێندەوە, ئەوەی نیگەرانی کردم ئەوەبوو نووسینی گەنجێک بوو خاوەنی دوو کتێبە و نووسەرێکی ئەکادیمی و چالاکیشە, لە نووسینی ئەم هاوڕێیەدا تەرکیز کراوەتە سەریەک خاڵی ستراکتوریی: ئەویش ئەوەیە گەنج دەبێت وەک گەنج بژی و لە کەناری رووبار پیاسە بکات و نامەی خۆشەویستی بگۆڕێتەوە.

ئیدی سیاسەت لە دەرەوەی بازنەی ئەوە و لاو هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەت و مەسەلە کارگێڕییەکانەوە نییە, ئەمەش دەرخەری ئەوەیە لاو خۆی جڵەوی شل کردووە و نایەوێ بێتە نێو گۆڕەپانەکە و خۆی بسەلمێنێت و بەشداریی چالاکانە

بکات لە گۆڕانکاریی و پێشهات و کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا, ئەوەشی هەیە و بەشداریی کردووە (محەمەد عومەر عوسمان) وتەنی بە بۆیاخی حزب خۆی بۆیاخ کردووە و بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای حزب هەموو سەرچڵی و یاخیبوون و تورەییەکی لێ سەندۆتەوە کە لە واقیعدا ئەمانە خەسڵەت و سروشتی راستەقینەی گەنجن. بێ لە هەموو ئەمانەش تێکەڵاوییەکی زۆر بەدی دەکرێت لەلایەن گەنجەکانەوە دەربارەی چەمکی سیاسەت و حزب, هەر وترا سیاسەت هاوتەریب کراوەتە لەگەڵ حزبایەتی, بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێکی سیاسیی حزبی بێت, یان بەو شێوەیە بێت سیاسەت و حزب دوالیزمێکی لێک دانەبڕاو بن, بە پێچەوانەوە هیچکامیان پێشمەرجی ئەوی دیکەیان نییە، سیاسەتیش پێش ئەوەی حزب دەربکەوێت لە مێژوودا و بێتە گۆڕەپانی چالاکییەوە لە ئاستی کۆمەڵگە بوونی هەبووە, بە کورتی سیاسەت لە پێش حزبدا لە دایکبووە و مەرجیش نییە هەردووکیان پێکەوە گرێدرا بن. هەروەها لێرەدا پێویستە وەک تێبینییەک ئەوەش بوترێت حزبایەتی شتێکی قێزەون نییە بەڵکو بەشێکە لە پێداویستی پرۆسەی سیاسەت لە کۆمەڵگەدا, بەڵام ئەو رەشبینییەی ئێمە دروستمان کردووە لە بەرامبەر حزبدا دەگەڕێتەوە بۆ واقیع و ئەزموونی حزبایەتی لە کوردستان, کە سەرەتا و کۆتایی بریتی بووە لە شەڕی براکوژیی و خۆکوژیی و یەکتر سڕینەوە, هەنووکەش بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆر و میکانیزمێکی جیاواتر شەڕی ناوخۆ وەک شەڕێکی سارد بەردەوامیی هەیە.

نموونەی حزبی کوردیش ئەوەندە نموونەیەکی سلبیی و بێ کەڵک بووە, حزبایەتی پرۆسەیەک بووە دوور کەوتۆتەوە لە ئارەزووی خەڵک. هەمیشەش خەڵک بە گشتیی و لاوان بە تایبەتی پەنایان بە خوا گرتووە لە شەیتان و حزب, بەڵام هێشتا ئەمە بەهانە نییە بۆ ئەوەی لاوان خۆیان بدزنەوە لە کێشەکانی خۆیان و بێ دەربەستانە و بەشێوەیەکی دەستە جەمعی بەرەو تاراوگە کۆچ بکەن, هیچ کاتێک ئەو بەهانە و عوزرە ناشەرعییە جێگەی قبوڵکردن نییە, چوونکە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی خۆی خۆی رزگار دەکات و نابێت چاوەڕێی هێزێکی غەیبانی و میتافیزیکی بێت, بگرە ئەو چاوەڕوانییە چاوەڕوانی گۆدۆیە و لە کۆنیشەوە وتراوە هەق دەسێندرێت نابەخشرێت. ئەگەر ئێستا مایکی تیڤییەک بچێتە بەردەم لاوێک و

پێی بڵێ ئاوات و خواستت چییە؟ بێگومان ژیانێکی ئاسایی و گەنجانە دەخوازێت، بەڵام لە بیری کردووە ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی سیاسەتەوە بەدیدەهێنرێت, چوونکە کاتێک دەتوانرێت ئەم خواستە بەدیبێ لاوان خۆیان بەشداریی بکەن و ببنە گروپی فشار, ئەمەش کاری دەستە جەمعی و پێکەوەیی و ئۆرگانیزەکراو دەخوازێت, هەر کۆبوونەوە و دروستکردنی فراکسیۆنێک لە دەوری ستراتیژێکی دیاریکراو خۆی لە خۆیدا سیاسەتە, بۆیە هەموو گۆڕان و وەرچەرخانەکان بەستراوەتەوە بە سیاسەتەوە و گەنجیش بۆئەوەی بتوانێت وەک گەنج بژی و ممارەسەی ژیان بکات پێویستە بەشداریی چالاکانە بکات لە کایەی سیاسییدا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٠٧)ی ڕۆژنامەی (جەماوەر) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٦ بڵاوبووەتەوە.

# خوێندکارانی پەروەردەی بنەڕەتی

سەر لەبەیانی چەند ڕۆژێکە کاتێک لەماڵ دێمە دەرێ بۆ سەر کارەکەم، بە تەنیشتی ئەو خوێندکارانەی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتدا تێدەپەڕم کە لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی زیاد لە هەفتەیەکە مانیان گرتووە. بەدەر لەوەی داوا و خواستەکانی ئەم خوێندکارانە چین و تا چەند ڕەوایەتیان هەیە؟ بەڵام هەبوونی ئەو فۆرمە لە نارەزایەتی دەربڕین و نیشاندانی «نا» دەسپێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە لە راستای خەباتی مەدەنی کە خەریکە لەسەر دەستی توێژی لاوان و خوێندکاران چرۆ دەکات. پێشووتر و رابردوو توێژەکان یان خەباتیان نەبووە و کز بووە یان لە ڕێگەی فەوزا و توندوتیژییەوە بەرجەستە بووە، ئێستا نەوەیەک خەریکە سەر دەردەهێنێ کە دەیەوێت بە ڕێگە و شێوازە دیموکراسییەکان و گوشاری مەدەنی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەسەڵات بۆ ناچارکردنی سەلماندن و هێنانەدی ماف و خەونەکانی، لێ ئەم خەباتە بێ خەوش و کەموکورتی نییە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوون و ممارەسەی زیاتردا شکڵی سروشتیی خۆی وەردەگرێت.

ئەم خەباتە چوونکە لە قۆناغی یەکەم و سەرەتادایە زۆر بە قورس و زەحمەتیی دەچێتە سەر ڕێڕەوە راستەقینەکەی، ئەوەشی گرەنتی سەرکەوتنی دەکات سووربوونی نەوەی نوێیە کە خاوەنی ئەم خەباتەیە لە پێناو وێناندنی دنیایەکی نوێ کە دڵخوازی هەموو لایەک بێت. دەسەڵاتی کوردیش وەک دەسەڵاتێکی میلیتاریی و بارگاوی بە مەفهومە نادیموکراسییەکان، دەستە وەستان ناوەستێت، هەوڵی هەیە بۆ دژایەتیکردنی خەباتی مەدەنی، جا ئەو هەوڵە لە کڕین و تێکدانی یەکڕیزیی خەباتەکەوە دەست پێدەکات تا نواندنی توندوتیژیی و ئامادەکردنی زیندانەکان.

پێویستیشە بڵێین خەباتی مەدەنی جەنگە بەشێوە ساردەکەی، لێ مانای جەنگ و رووبەڕووبوونەوە کوشتار و کاولکاریی نییە، بەڵام هیچی لەو کەمتر نییە، نەوەی نوێ وەک نەوەیەکی خوێن گەرم و تووڕە دەبێت لە هەموو بارەکاندا خۆی بۆ رووبەڕووبونەوە ئامادە بکات. نەوەی نوێ لەسەریەتی ئەو زنجیری کۆیلایەتییەی لە گەردنی کراوە بپچڕێنێت، ئەمە تەنیا بە دروشم و قسە ناکرێت، کار و چالاکی و هەڵسوڕانی بەردەوامی دەوێت.

ئەدۆنیس، دەبێژێت «ئەگەر ئێمە کۆیلە بین ئەوە بە شێوەیەکی گەمژانە دڵخۆش دەبین و مامەڵە لەگەڵ هیچ شتێکدا ناکەین»!. مادام نەوەی نوێ کۆیلایەتی قبوڵ نییە، بە ئاسایی و بێ دوو دڵی تووشی کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە، سەروەرییەکە لەوەدایە نەوەی نوێ بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا زاڵ ببێت، بچێتە نەبەردەوە و بە حەماسەوە رووبەڕووی کاردانەوەکانی دەسەڵات ببێتەوە. ئەم نەوەیە دەبێت لەوەش ئاگادار بێت دەسەڵات بە خێر و لە رای خوا لەسەر سینیەک خواستەکانی پێشکەش ناکات، دەبێ بە زەبر و هەڵویستی خەباتکارانە لەژێر چنگی دەریبهێنێت. خەلیفەی ئەمەویی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان) دەیووت (هەر کەسێک بە من بڵێت لە خوا بترسە سەری دەپەڕێنم)، سەرکردایەتی کورد سوێندی بە یەزدان خواردووە سەری ئەوە بپەڕێنێ پێی دەڵێت، لاچۆ قۆناغی تۆ کۆتایی هات، تۆ ناتوانی کوڕی ئەم قۆناغ و سەردەمە بیت، تۆ زۆر لەوە گەوجتری لە پێویستییە هاوچەرخەکانی هاووڵاتیان تێبگەین جا نەخاسمە هەوڵی دابینکردن و هێنانە دی بدەیت.

دەسەڵاتی سیاسیی و ئیداریی لە کوردستان وەک هەر دەسەڵاتێکی تر دەبێ گوشار بخرێتە سەری، گوشار بە هەر رێگەیەک کە دەتوانێت لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بێت و لە سنووری دیموکراسی دەرنەچێت. ناڕەزایەتی خوێندکارانی پەروەردەی بنەڕەتی سەرەتایەکی ئێجگار باشە و پێویستە بوعدێکی زیاتر بگرێتەوە و بکرێتە دەسپێکی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا. یەکێک لەو فاکتۆرانەی یارمەتی ئەوە دەدات ئەم مانگرتنەی خوێندکاران ببێتە سەرەتا ئەوەیە، ئێمە لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەنگی ناڕەزایەتیمان بخەینە پاڵ دەنگی ناڕەزایی ئەوان و پاڵپشتییان بکەین لە هێنانە دی ئامانج و خواستەکانیان، تا ئەوەی

ئەم ئەلگۆیەک وەک نموونەیەک دەستی پێوە بگیرێت و ئەزمونەکانی وەک وانەیەک لە بزووتنەوەی نارەزایەتی چین و توێژەکاندا کەڵکی هەبێت، ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە ئەگەر بە واژۆ و راوەستانیشە لە تەک ئەو خوێندکارانەدا پشکداریی مانگرتن بین و کۆمەک بە خواستە رەواکانیان بکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دیکتاتۆرانە و داسەپێنراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆ.

*ئەم وتارە لەبنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بە ناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٢)ی رۆژنامەی (ئالا) لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/١ بڵاوبووەتەوە.

# گەنجان و پابەندبوون بە یاساوە

لەم یەک دوو شەوەدا تەماشای پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیم دەکرد، تەوەری پرۆگرام تەرخان کرابوو بۆ هۆشیاریی یاسایی لای گەنجان. ئامانجی ئامادەکاری پرۆگرام و کەناڵەکە ئەوە بوو ئەو گۆشەنیگایە قووڵ بکەنەوە: گەنجانی کوردستان پابەند نین بە یاساوە و هەر کاتێک بۆیان بلوێت یاخی دەبن و سەرپێچی لە یاساکانی وڵات دەکەن!!. یاسا بە پێی لێکدانەوە و توێژینەوەی دکتۆر (مونیر ئەلوەتەری) لە کتێبەکەیدا (قانوون) کە چاپی دووەمی لە ساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە رێکخستنە، سەرباری سەلماندنی ئەوەی ریشەی زاراوەی قانوون عەرەبی نییە، دەنووسێت: قانوون لە بنەڕەتدا لە وشەی (kanon)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، ماناکەشی بنەما یان رێکخستنە، هەر لەوێشەوە وشەی کانوونی فەڕەنسی وەرگیراوە کە لە سەردەمی مەسیحییەتدا بەو بڕیارانە دەوترا لەلایەن کۆمەڵەی کڵێساکانەوە دەردەچوون. بەم پێیە بێت قانوون واتە رێکخستن، رێکخستنی کۆمەڵگە و هاووڵاتیان و کاروبارەکانی ژیان لە رێگەی سیستمێکی عەقڵانی و ئازادانەوە، بەڵام نوکتەکە لەوێوە دەست پێدەکات لە کۆمەڵگایەکی بێسەروبەر و هەمەجی وەک کوردستاندا، تەلەفزیۆنێکی کوردیی باری سەرنجی لە یاساشکێنی گەنجاندا کۆ دەکاتەوە!، بەبێ ئەوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستیی ئەنجام دابێت، بەبێ ئەوەی ئامار و داتایەکی لە بەردەستدا بێت گەنجان بە چ رێژەیەک و کام یاسا دەشکێنن؟.

گەنجانی ئەم وڵاتە نە کاربەدەستی باڵان و نە بزنسمان و نە باندی مافیایی، نە زیندانییەکانی کوردستان جمەیان دێت لە گەنج!!، ئیدی تەوەرێکی ئاوها چۆن سەرنج رادەکێشێت؟. یاساشکێنە گەورەکان گەنجان نین، یاساشکێنە هەرە ترسناکەکان

هەرزەکاران نین، ئەوانەن تا دوێنێ بازرگانییان بە چارەنووسی گەلی□کەوە دەکرد و ئەمڕۆ بەبێ گوێدانە هیچ یاسا و هاجس و ڕێگرییەکی ویژدانی ژێرخانی ئابووری وڵات دادەڕمێنن و سیستمی کارگێڕیی دەشێوێنن و کولتووری سیاسیی لە بازنەی نەتەوایەتییەوە دەگوازنەوە بۆ خولگەکانی حزب، بە فەردە دۆلار گەندەڵیی دەکەن و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک داهاتی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان برابەش لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن. ئەوە دەسەڵاتدارە پیر و پەککەوتەکانی کوردستانن، هیچ یاسایەک نییە لەسەروویانەوە، شاخەکانیشیان داگیر کردووە، جۆگەکانیان تاپۆ کردووە، ئاسمانیان داوە بەکرێ، ئۆکسجین و هەواشمان پێ دەفرۆشنەوە، دەریاچەکانیش دەخەنە مەزاتەوە. ئەوە وەزیر و گزیر و ئەو شتانەن بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەک هەبێت لێیان بپرسێتەوە و هەقی هەبێت بەسەریانەوە، زەوی بە گوریس دابەش دەکەن بەسەر کەسوکاریاندا، بە تەنکەر سووتەمەنی و نەوت بۆ خزمانیان دەنێرن و بە دەفتەر دۆلار دەکەنە پۆیلانەی ئاهەنگ.

ئەوە گەنجەکان نین (زۆربەیان کرێ پاسیان پێ نییە چجای ئەوەی ئۆتۆمبێل)، تا لە ئۆتۆمبێلە جام ڕەشەکانیان دابەزن و پۆلیسی هاتووچۆ بدەنە بەر شەق و زللە. گەنجەکانی کوردستان کام یاسا بشکێنن؟ مەگەر لەبەر قەرەباڵغی شەقامەکانی شار درەنگ بگەنە فەرمانگە و شوێنی کارەکانیان، مەگەر لەبەر غەمەکانی ژیان پێنج خولەک درەنگتر بچنە محازەرەکانی زانکۆوە، تێناگەم داخۆ گەنجەکانی کورد چییان بەدەستەوەیە و لە کام پانتایدا یاساشکێنی بکەن؟ ئەم تاوانبار کردنەی گەنجان بە یاساشکێنی دیسان لەچوارچێوەی ئەو کەمپینەدایە کە دەسەڵاتی گەندەڵیی لە کوردستان دژ بە گەنجان و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە ئازادەکان ڕایگەیاندووە، ئەو نایەوێت دان بە گەندەڵیی و هەمەجییەتی خۆیدا بنێت، ڕێگەی ناشیرینکردنی وێنای ئەو کەس و لایەنانەی گرتۆتە بەر کە حەقیقەتی دەسەڵات بۆ هەموو لایەک مانیفێست دەکەن، چوونکە ئەگەر بڕیارە لە یاساشکێنەکان بپێچینەوە، بە دڵنیاییەوە گەنجان لەو لیستەدا نین یان هیچ نەبێت لە کۆتایی لیستەکەدان، لێ پاساو ناهێنمەوە بۆ یاساشکێنی، بەڵام ئەو خروقاتانە بچووکانەی هەندێک گەنجان دەیکەن لە بەرامبەر ئەو ئۆقیانووسە گەورەیەی یاساشکێنی بەرپرس و سەرکردەکانی وڵات هەرگیز شایەنی باس و سەرنج نین.

کاکی ئامادەکاری پرۆگرام دەبوو بە پێی ڕیزبەندیی سەیری کرداری

یاساشکێنی بکردایە لە وڵاتدا و لە پێشدا یەخەی بەڕێوەبەر و سەرکردەکانی پارتەکەی خۆی بگرتایە، ئەوجا پلە بە پلە بهاتایەتە خوارەوە. کاتێک باسیش لە یاسا دەکرێت پێویستە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنرێت، کام یاسا؟!. بۆ لە کوردستان شتێک هەیە ناوی سەروەریی یاسا بێت، یان یاسا ئامادەبوویەکی جیددییە؟ بێگومان نەخێر. چون ئەگەر یاسا سەروەر بێت ئەم فەوزایە بۆچی؟. ئەگەر یاسا سەروەربێت ماف هەیە، ئەگەر یاسا سەروەربێت هاووڵاتیبوون هەیە، ئەگەر یاسا سەروەر بێت سەقامگیریی و دڵنیایی سیاسیی و ئابووری بوونی هەیە، ئەگەر یاسا سەروەر بێت داد و یەکسانی بوونی هەیە، ئەگەر یاسا سەروەر بێت ئازادیی هەیە، ئەگەر یاسا سەروەر بێت ژیان بە پێی سیستمێکی تۆکمە و رێک و پێک دەڕوات بەڕێوە. مۆنتسکیۆ دەنوسێت (ئازادیی بریتییە لەوەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت هەر کارێک ئەنجام بدات کە یاسا مۆڵەتی داوە و ئەو شتەش کە یاسا قەدەغەی کردووە و لە بەرژەوەندیی ئەوی نەزانیوە ناچار بە ئەنجامدانی نەکرێت).

بە بڕوای مۆنتسکیۆ ئازادیی بریتییە لە چوارچێوەیەکی یاسایی کە مرۆڤ لە خولگەکانیدا ممارەسەی ژیان و وجودی خۆی دەکات، ئازادیی لە دیدی ئەو فەیلەسوفەدا رووبەرێکی یاساییە بۆ هەر مرۆڤێک چوونکە سنوور و چێوەی ئازادییەکانی ئەوی تیادا دیاریکراوە، بەڵام لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان و لە کوردستان یاسا چەکێکی سیاسییە بە دەستی حاکم و کاربەدەستانەوە بۆ سنووردارکردن و قەدەغەکردنی هەر رەنگێکی دی جیاواز، یاسا وجودێکی مەتاتیی هەیە چۆن لە بەرژەوەندیی سیستمی باڵادەست بوو بەو بارەدا رادەکێشرێت. پێشنیاری من بۆ ئەو کەناڵە (زاگرۆس) ئەوەیە لە پێشدا پێمان بڵێن سەروەریی یاسا هەیە لەم وڵاتەدا یان نا؟. ئەگەر هەیە بە پلەی یەکەم کێن ئەوانەی تێیدەپەڕێنن؟! لەگەڵیدا پەنجە بخەنە سەر ئەوەی یاسا وەک ماددەیەک و برگەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکانی لێهاتووە و ئەرکی بووە بە پارێزگارییکردن لە وجودی ئەوان لە هەڕەمی دەسەڵاتدا. ئەگەر یاسا ئەم شتە بێت، ئایا حەق نییە سەرپێچی لێ بکەین؟ سەرپێچیکردن لە یاسا لەم وڵاتەدا واتە سەرپێچیکردن لە یاساکانی حزب نەک لە یاسایەک مافی هەمووانی وەک یەک مسۆگەر کردووە و پاراستووە.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بەناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٧)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٧ /٤/١٦ بڵاوبووەتەوە.

# گەنجان و ئینتیمای نیشتمانی

تاوانبارکردنی نەوەی نوێ بە دیاریکراویی ئەو نەسلەی لە دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە پەروەردە بووە، لە ئەدەبیاتی سیاسیی و گووتاری میدیایی دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستاندا شتێکی تازە نییە و ماوەی پانزە ساڵ پترە ئەوە دەوترێتەوە: نەوەی نوێ لە قۆناغی ئازادییەکان و لە سەردەمێکدا سەربازیی ناکات و سەربەستە لە مامەڵەکانیدا، ئینتیمای بۆ نەتەوە و وڵاتەکەی نییە و لەگەڵ شاعیری عەرەب (محەمەد ماغوت)دا دەڵێت (ئەوەی دەمبەستێتەوە بەنیشتمانەکەمەوە تەنێ پێڵاوەکانی پێمە). ئەم باڵۆرەیە هەر رۆژەی لە کەناڵێکی سەر بە پارتەکانی کوردستانەوە دەوترێتەوە و دەهۆڵی بۆ دەکوترێت و گەنجانی ئەمڕۆمانی پێ تاوانبار دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەم راگەیاندنە و ئەو عەقڵە سیاسییەی لە پشتییەوەیەتی بۆ تەنێ جارێکیش لە خۆی پرسیبێت، داخۆ هۆکارەکانی لاوازیی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لای گەنجان چین؟!! یان سەرنجی ئەوەی دابێت ئەوە تەنێ گەنجان نین ئینتیمایان بۆ وڵاتەکەیان نەماوە، بەڵکو سەرجەمی مرۆڤی کوردستانی خاڵی بوونەتەوە لە هەستەکانی (نیشتمانپەروەریی) و نەتەوایەتی، ئەم دەسەڵاتە بێ سەوادە رۆژێک لە رۆژان لەو فاکتۆرانەی نەکۆڵێتەوە بوونەتە هۆی ئەم بێ دەربەستییەی مرۆڤی کورد و ئاوەزی بەوە نەشکاوە خۆی سەرچاوەی کێشەکەیە و بە ناڕەوا نەوەی نوێی تۆمەتبار کردووە!.

نووسەری بە توانا (مەریوان وریا قانیع) دەنووسێت (تۆمەتبارکردنی نەوەی نوێ بە لاوازیی هەستی نەتەوەیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مەسەلە نەتەوەییە گەورەکان تۆمەتبارکردنێکی ساختەیە و باز بەسەر سەرجەمی ئەو هۆکارانەدا

دەدات کە وشیاریی و ویژدان و خەیاڵی نەتەوەیی لە کوردستاندا لاواز کردووە و لاواز دەکات). ئەوە نەوەی نوێ نییە لە خۆڕا و بێ هیچ کاریگەرییەکی مەعنەویی دەرک و ئینتیمای نەتەوەیی لاواز بووە و چۆتە ژێر خاڵی سفرەوە، ئەوە کار و کردەوەی چەند ساڵی حکومداریی کورد بووە وای لە تاکەکانی کۆمەڵ کردووە نەک هەر هیچ پەیوەندییەکی رۆحی و مەعنەوییان بە وڵاتەکەیانەوە نەمێنێت، بەڵکو وڵاتەکەیان لێبێتە تەوق و چووبێتە گەردنیانەوە!. کاتێک حزبەکانی کوردستان بە جەدۆلێکی بەرنامەڕێژکراو و وەک یاری تۆپی پێی نێوان یانەکان پێکدا هەڵدەپرژێن و کۆمەڵگە دەئاڵێننە شەڕێکی خوێناوییەوە، مرۆڤی کورد چیتری بۆ نامێنێتەوە جگە لە ورە بەردان و بێ باوەڕییەکی ترسناک لە بەرامبەر هەموو شتەکان لە نێویشیاندا نەتەوە و وڵات. کاتێک بەرپرسەکانی کورد هەر رۆژەی لە مەزادخانەیەکی هەرێمییدا دۆزی کورد هەڕاج دەکەن و دەیفرۆشن و دەبنە بازرگانی خوێنی هاووڵاتیانی کورد، گەنج چی دەسەڵاتە جگە لەوەی هەموو شتێکی لە بەرچاو بکەوێت لە نێویشیاندا نەتەوایەتی و (نیشتمانپەروەریی)!.

کاتێک لەشکرێک لە وەزیر و کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان فایلە رەشەکانیان ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت زۆربەیان لە ژێرەوەڕا دەستیان تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ رژێمی ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵ و گازباران و گوێ و گون بڕین، ئیدی گەنجی کورد چۆن کوردایەتی و ئەو دروشمە زلانەی وەک نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی لە بەرچاو ناکەوێت؟ بەکام ئومێد و شۆڕوشەوقەوە و لە کام قوتابخانەدا فێری وانەکانی نەتەوایەتی و کوردایەتی بن؟ لە قوتابخانەی سەرکردە دەرەبەگەکان کە وەک میر و پاشای ناو ئەفسانەکان دەژین؟ یان لەقوتابخانەی ئەو بەناو تەکنۆکراتانەی بە ناوی خزمەتکردنی بێوچانی (گەلەکەمانەوە) گسکیان لە داروبەری وڵاتەکەمان داوە و پێی بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی بەژن بەرز و هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی لە پایتەختی وڵاتانی رۆژئاوا؟. یان لەقوتابخانەی حزبە قۆڕ و سەقەتەکانمان؟ یان لەو پەیمانگای کادێرانەی بووەتە ئەکادیمیای گەندەڵیی و خوێندرەکانی دکتۆرا لە رەخساندنی فەزای گەندەڵیدا وەردەگرن؟.

پارتی کوردیی و ئەو حکومەتەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە تاوانباری یەکەمە، چوونکە ئەوە خۆیەتی کە سەرچاوەی وشککردنی هەستەکانی خەڵکی

کوردە لە بەرامبەر نەتەوە, ئەوە حکومەتی کوردە وەهای لەو گەنجانە کردووە کە ئامادە بوون بە گژ هەورە تریشقە و ئاسمان و رەهێڵەدا بچنەوە ببنە کۆیلەیەک و سەری رەزامەندیی بۆ هەموو ناهەقییەک کەچ بکەن. تاوانباری سەرەکی و راستەقینە ئەو دەسەڵاتەیە کە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەکوتێت گەنجی ئێستا قەدری ئەم ئازادییە ناگرێت و گەنجێکە پابەندی هیچ نییە و بچووکترین ئینتیمای بۆ نەتەوەکەی نییە, لە کۆتایشدا دەمەوێت بڵێم، ئەی دەسەڵاتە قسە زل و بێ سەروبەرەکەی کوردستان کەمێک وریابە و واز لەو قەوانە سواوە بێنە، بە تەما نەبیت عەیبی کەس هەڵبدەیتەوە ئەگەرنا پارچە قوماشەکەی سەر عەورەتت دەکەوێتە خوارەوە عەیبت دەردەکەوێت و شەرمندە دەبیت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بە ناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٥)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٥ بڵاوبووەتەوە.

# گەنجان و ئینتیمای حزبیی

پارت وەک دەزگایەکی مودێرن کۆرپەی منداڵدانی قۆناغی مۆدێرنێتەیە, یان بە مانایەکی تر بەرهەمێکی راستەوخۆی قۆناغی سەرمایەدارییە, بە بۆچوونی مۆریس دوڕژە (لە رۆژئاوا دروستبوونی پارتەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی گەشەسەندنی دەنگدان و بە گشتیبوونی هەڵبژاردن). روون و ئاشکراشە چەمکی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی رامیاریی پایەیەکی سەرەکی و سترۆکتۆری دیموکراسییە, دیموکراسیەتیش لەگەڵ ئەوەی مێژووی بوون و سەرهەڵدانی وەک چەمک زۆر دێرینە، بەڵام لە بواری کردارییدا بوونی هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی کاپیتالیزم. دروستبوونی پارتەکان لە خۆرئاوا لە درێژەی پرۆسەیەک بووە کە تیایدا پێویستییەکانی ژیانی هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هێناویەتییە پێش, بەڵام سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پارتەکان لە کوردستان لەسەر ئەو بنەما ستاندارە نەبووە و کاردانەوەیەکی نا هۆشیارانە و نا مونسەجیمی ستەمی نەتەوەیی سەر گەلی کورد بووە.

لەلایەکی ترەوە تاوەکو ئێستا (ئەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی لێدەرچێت) نیشتمانی کوردستان بەهۆی داگیرکاریی دەوڵەتانی ناوچەییەوە, بواری ئەوەی نەبووە سەرەتاکانی دیموکراسیەت دەست پێبکات تا پێویستییەکانی دەنگدان و کێبڕکێی هەڵبژاردن پارتی سیاسیی بە جیاوازیی بیروڕا و بۆچوونەوە بەرهەم بهێنێت. لەگەڵ ئەوەی حزبەکانی کوردستان سەر لەبەریان کۆمەڵێک میلیشیا و یاخیبوو بوون لە دژی ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە, ئەم ماوەیەی دوای راپەڕینیش وێنایان نەگۆڕاوە بۆ کۆمەڵێک

دامودەزگای مەدەنی و شارستانی کە ئەرکیان ڕێکخستنی خەڵکانێکی دیاریکراو بێت لە چوارچێوەی گووتارێکی سیاسیی و حزبی هاوبەشدا, بەڵکو کۆمەڵێک دیوەخان و تەکیی فراوانن بۆ بەندایەتیکردنی ئەندامان تیایاندا. مەبەستم لەوەیە پێتان بڵێم پارتی کوردیی, حزبێک نییە لە چەشنی ئەو پارتانەی لە ئەورووپا و ئەمەریکادا هەن, هەر ئەوەیە تەریقەتەکانن و پۆلیش و ماکیاژێکی سەردەمانەیان بۆ کراوە, هەر بۆیە ئەم پارتە دەزگایەک نییە بتوانێت لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیەدا شانبەشان بڕوات لە بەستێنی کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن, بگرە خۆی ڕێگرێکی جیددی ئەو شەپۆلە هاوچەرخەیە لە دنیابینی مۆدێرن بەهۆی شۆڕشی پەیوەندیی گرتن و گلۆبالیزمەوە ئەگەر دەرگاکانیشی لێ دابخرێت لە پەنجەرەکانەوە دێتە ژوورەوە.

ئەم پارتە لەسەر هەمان قەوانی کۆن و بە هەناسەی سێ چوار دەیەی ڕابردوو و بەهەستی قۆناغی بەرەنگاریی و چەکدارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەدا دەکات کە لەۆدێر زەمانەوە مرۆڤەکانی ناوی جێیانهێشتووە و بای بای یەکجاریان لێکردووە, گەنجانی ئەمڕۆمان گرنگترین ئەو توێژەن لە ریفراندۆمێکی نافەرمیدا ئەو مۆدێلە لە پارتەکانیان ڕەت کردۆتەوە و ئامادە نین لە ژێر چەترەکانیاندا خۆیان سازمان بدەن, بەڵکو لە ڕووی دەروونی و عەقڵییەوە لەگەڵیدا ناکۆکن و هەمیشە لێی دەسڵەمێنەوە. تاوانەکە (ئەگەر قەرارە تاوان بێت) هی نەوەی نوێ نییە کە خوێنی نوێ و جۆگەی بیری نوێ نارژێتە گۆمی لیخنی پارتی کوردییەوە, سوچەکە سوچی حزبەکان خۆیان و بیرکردنەوەی سیاسیی و پارادایمی دیسپلین و فۆرمی کاریانە, کە ناکۆکە لەگەڵ سروشت و خەسڵەتی نەوەی نوێ و بواری کارکردنیان پێ نادات, مەگەر لە کاتێکدا نەبێت ئەو گەنجە خۆی لە خەسڵەتی ڕاستەقینەی گەنجانە دابڕنێت و وەک پیر بیر بکاتەوە و بدوێت و ڕەفتار بکات, کاتێک دەڵێین پیر مەبەستمان لەو خەڵکانە نییە کە مووەکانی سەر و ریشیان سپی بووە, بەڵکو مەخسەد لەو جۆرە کەسە نەریت پارێزانەیە بەشێوەیەکی دۆگما خویان بە نەریتەوە گرتووە و بوونەتە پاسەوانی کولتووری کۆن و بەسەرچوو, هەموو کات بە فەرهەنگی سەلەفی و داڕزیو شاگەشکە دەبن.

پارتە کوردییەکان تا نوکە لەوە نەگەیشتوون بۆچی گەنج لە حزبەکانیان

توورەیە و چارەیان ناوێن؟ بۆیەکا لە خۆڕا بەبێ هەڵوێست و ناهۆشیار و گەنجانی بێ ئەزموون تاوانباریان دەکەن, بەڵام بە پێچەوانەوە گەنجی کورد کائینێکی زیندووە نەک دێوێکی نوستوو, تەنیا هێز و پارتێکی نوێی دەوێ وەک خۆی بیجوڵێنێت و بیهێنێتە سەر سکەی راستەقینەی کاری مۆدێرن و مەدەنی. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشم نارەزایەتییە مەدەنییەکانی گەنجانی خوێندکار و خۆپیشاندانەکانی ساڵی پار و ئەو نارەزایەتیانەی لێرە و لەوێ دەیانبینین, وەک نموونە دەهێنمەوە, کە ئەم گەنجە ویستی بۆ کارکردن هەیە و ئامادەیە وزەی خەفەکراوی کارایانە بەکار بهێنێت, بەڵام بە رێگە سواو و تەقلیدییەکان نا, بەڵکو بە رێگەیەکی مەدەنی و شارستانی کە هارمۆنی بێت لەگەڵ جۆری ژیان و واقیعی نوێی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی لە کوردستان.

پارتەکانی کوردستان مەکینەیەکی ژەنگاویی و لە کارکەوتووی کۆنن, هەر لەو شەمەندەفەرانە دەچن بە خەڵووز کاریان دەکرد کە لە سەردەمی داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکانی ئەمرۆماندا بە کەڵکی هیچ نایەن, مەگەر لە مۆزەخانەدا وەک کەلەپوور دابنرێن. کۆتا قسەم, قسەیەکی زۆر قورس و رەقە, لانیکەم ئازایەتیم بۆ دەربڕینی دەگەڕێتەوە بۆ بیغەمیم لە ترسی نان برین, ئەویش ئەوەیە بە دیتنی من پارتەکانی کوردستان (راست و چەپ)یان لە پەراسووی چەپی بەعسەوە وەرگیراون و خوڵقێنراون, بۆیە کاتێک بەعس تەواو دەبێت هەڵبەتە پارتە هاوشێوەکانی (وەک پارتە کوردییەکان) دەبێت وەک شنەبایەک بڕۆن و واقیع خۆی دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ هێزی نوێ و مۆدێرن کە گەنج داینەمۆ و بزووێنەری بێت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بەناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٦)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی٢-٤- ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# ڤالانتاین و گەنجانی کورد

**راستیی شتەکان ئەوەیە بیڵێیت نەک بیزانیت**

شبلی شەمیل

وەک هەموو رۆژەکانی تری ساڵ گەنجی کورد دەبێت لەمڕۆژەدا هەر ئاه و حەسرەت هەڵبکێشێت، لە بازاڕی رەشی کاردا شیلەی گیانی بچۆڕێتەوە، لە بەردەم پرسگەی پیاوێکی میریدا چاوەڕێی چوونە ژوورەوە بێت، لە پەنا سوچی دەرگایەکدا پاسەوان بێت، ئەو هەر لە بناغەوە نازانێت ڤالانتاین چییە، چوونکە ڤالانتاین سەر بە کولتوور و ترادیسیۆنی کۆمەڵگە چەپینەرەکەی ئەو نییە. لە مەملەکەتە پارێزگار و دواکەوتووەکەیدا ئەشق نەک هاوولاتی بەڵکو پەناهەندەیەکیش نییە. گەنجی کورد لە نزیکەوە ئاشنا کراوە بە شمشێری خوێناویی نامووس و گوێزانی تیژی شەرەف، ئەو رۆژانە زۆرتر لە جارێک گوێی لە قیژە و قریشکەی ئەو کچ و ژنانەیە بە چەند لیترێک نەوت دەبنە پارچەیەک خەڵوز، لە نزیکەوە و نێزیکتر لە رەگی گوێ، لالانە و هاواری مرۆڤە بەشخوراوەکان دەبیستێت، ئەو مافی لەززەت وەرگرتن و خۆشی چێژتنی پێ نەبەخشراوە، دەبێت بە دووی دەبەیەک نەوتدا وێڵ بێت، وەک تانجی بەدووی تەنکەرە بەنزین و تراکتۆرە غازدا را بکات، ئەو تەنیا کاتژمێرێکیشی نەماوە بۆ خۆی، نا،نا ئازیزم کاتژمێرێکی چی؟ بۆچی خولەکێکی بۆ شادیی بۆ ماوەتەوە؟.

گەنجی کورد چی لە ڤالانتاین بکات؟ بە ئەو چی ئەم رۆژە رۆژی ماچباران و لە ئامێزگرتنە؟ ئاخر چارەنووسی ئەو لە شوێنێکە ولاتی ڤالانتاین نییە، ئاوایی

چەقۆکێش و چەکبەدەستانە، دۆزەخی ئەشق و هەست گۆڕینەوەیە، نیشتمانی ڕەسەنی ژنکوژانە، بستێک زەوی تێدا نەماوەتەوە لیکی شەرەفی پێدا نەڕژابێت، ئەشق لێرە لەم جەنگەڵستانە دیلی هەمیشەیی نێو قەفەسە، کۆترێکی باڵشکاوە، بازێکی سرکە و تا ئێستا کەس دەستەمۆی نەکردووە. ئەشق لەم کاولستانەدا زۆر لە مرۆڤ کوشتن ناشرینترە، لەگەڵ ژەهر و TNT و مادده بێهۆشکەرەکاندا لە لیستێکدا دانراون، ئەوەی هەوڵی ڕاهاتن بدات لەسەر مادده و دەرمانی ئەشق بەپێی ئەحکامی دارستان و لە دادگای کولتووری کۆنەپەرستانە بە حزوری جیددی عەشیرەت و مەلای فەتواچی ڕەجم دەکرێت و لە بۆتەی کولتووری ژەنگگرتوو فڕێ دەدرێتە دەرەوە. ئەشق چی دەکات لەو ئاواییەی گەورەترین زیندان و کابووسە بۆ جوانی و بۆ ژنان و بۆ هەموو ئەو گەنجانەی لە باوەش و لەسەر ڕانی نەرمی مەعشووقدا چاوەکانیان دەچێتە خەو یان پێکەنین و قاقایان بەرز دەبێتەوە دەگاتە بن عەرشی بەرزی خواوەند؟.

گەنجی کورد چۆن و لەکوێ یادی ڤالانتاین بکاتەوە؟ لێرە گەندەڵیی ڕەزا سووک و جوانییە و ئەشق قێزەون و نابووت، نامووسپەرستی خێر و چاکەیە، ئەشق خراپە و ئەوپەڕی بەدکاریی، ژنکوشتن سەربەرزیی و ئابڕووە و ئەشقیش حەیای تکاو، خیانەتکردن و وڵات فرۆشتن تەواوێ شانازییە و ئەشق شەرمەزاریی و سەرشۆڕیی، مەلا فەتواچییەکان و خاوەن دیوەخانەکان دەست بەسینەوە دەگیرێت بۆیان و گوڵاوپڕژێن و گوڵباران دەکرێن! ئاشقانیش خانەبەدەر و گوللەباران، دزە گەورەکان دەبنە نوێنەر و دەمڕاست ئاشقانیش بۆ سزای سەنگەسار!. گەنجی کورد یادی کام ڤالانتاین بکاتەوە؟ لە سایەی کێ و بە پشتیوانی کێی تر باوەش بە دڵدارەکەیدا بکات؟ ئەم کاولستانە وڵاتی مەلا و عەشیرەت و دەستووری ژنکوژییە، کوا جێگەی ئەشقی تێدا دەبێتەوە؟ لەبری یەک دانە دیسکۆ سێ سەد مزگەوت تەنیا لە شارێکدا دروستکراون، لەبری پارکێکی جوان و ئازاد سێ سەد بارەگای حزبی کراونەتەوە، لەبری یەک دانە کافتریا و قاوەخانەی گەنجانە دەرگای پەنجا تەکیە و خانەقا و دیوەخان خراونەتە سەرپشت! لەبری کردنەوەی ژوانگەیەکی دوور لە سانسۆر و سێبەری چەقۆی نامووس و دابونەریتی کۆن و سوونەتی دەیان بنکەی هۆزەکان لە پێشوازیی سەنگەسار و ئەتککردنی ژنان و ژیاندا لەسەر پێ

حازر و ئامادە راوەستاون.

گەنجانی کورد لە رۆژی ڤالانتاین لەگەڵ کێدا ئەم یادە بکاتەوە؟ چەپکە گوڵی خۆشەویستی بدەنە دەستی کێ؟ عەشیرەت یان سەرکردەی درۆزن یان سیاسیی هەلپەرست؟ لەگەڵ کێ پیاسەی ناو باخچە بکەن؟ ئاخر ئەگەر خۆشەویستی لە وڵاتێکدا ببێتە خەباتی نهێنی ژێرزەمینی ئیدی چ مەخسەدێک هەیە لەودیو یادکردنەوەی ڤالانتاین؟ گەنجانی کورد نە قەشە ڤالانتاین و نە مەلا ڤالانتاینیان هەیە، گەنجانی کورد نە دیسکۆ و ژوانگەیان هەیە، نە بەبێ ترس و لەرزی دابونەریت دەتوانن ماچێکی گوڵمی ئاڵ بکەن، بۆ ئەوان ڤالانتاین نەک جەژن نییە بەڵکو کارەساتێکە و بەری دڵیان دەگرێت، وڵاتێک تەنیا تەپۆڵکەیەکی هەبێت وەک سەکۆی کوڕان و کچان (گردە مژە) جەنگەڵە و کۆنەپەرستی و دابونەریتی خێڵ بڕشتی لەبەر بڕیوە و لە گێژاوی ناڕەحەتیدا مەلە دەکات، ناهەقم مەگرن بڵێم ڤالانتاین بۆ گەنجانی کورد نییە، ناهەقم مەگرن بڵێم کورد و رۆژی خۆشەویستی کوجا مەرحەبا!! ناهەقم مەگرن بڵێم ڤالانتاین درۆیە، درۆیە لە وڵاتێکدا هەروەک (ئەحمەدی شاملۆ) دەڵێت: دێن بۆن بە رۆحتەوە دەکەن نەکا رۆژێک وتبێتت خۆشم دەوێی. کەواتە گەنجانی خۆشەویستی کوردستان لە رۆژی ڤالانتایندا نەگبەتیتان باش.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بە ناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٣)ی رۆژنامەی (ئاڵا)لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/١٥ بڵاوبووەتەوە.

# نەوەی دوای راپەڕین.. نەوەی بەدبەختییەکان

چوار رۆژی تر (٢٠٠٧/٣/٥) شانزە ساڵی رەبەق و بێ زیاد و کەم تێدەپەڕێت بەسەر یەکەمین بڵێسەی ئاگری بەتینی راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شارۆچکەی رانیەوە. وا چاوەڕوان دەکرا لەم رۆژە بە دواوە بەدبەختی و نەهامەتییەکانی مرۆڤی کورد لەم بەشە داگیرکراوە خێر لە خۆنەدیوەدا بە گەنج و پیر و منداڵ و ژن و پیاوەوە کۆتایی پێبێت و سەردەمێکی پڕپڕ لە کامەرانی و ئازادیی و ژیان دەست پێبکات. وا چاوەڕوان دەکرا دێوەزمەی جەنگی نەبڕاوەی خوێناویی و کارەسات وماڵوێرانییەکان یەخەی مرۆڤی لە ستەم داڕزاوی کورد بەر بدەن، دەرگا و دەروازەیەک بکرێتەوە تاوەکو ئەم مرۆڤە کۆیلەکراوەی ژێر چەپۆکی رەشی داگیرکەر بتوانێت ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی وەک هەر مرۆڤێکی تر ژیانێکی نۆرماڵ و دوور لە سانسۆرکردن و مەترسییەکان بباتە سەر. ئەم ئاواتانە نەهاتنە دی و هەروەک خەونێک مانەوە، بەڵکو ئەوەی لە ژێر چنگی دەستەڵاتی خۆماڵیدا روویدا لە شەڕی ناوخۆ و گرانی و بێ خزمەتی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سانسۆرکردنی ئازادییەکان هیچی کەمتر نەبوو لە هەموو ئەو سیناریۆ تاریک و رەشانەی لە سەردەمی دەستەڵاتی بەعسدا بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا هێنران.

گەنجی دوای راپەڕین نەیتوانی لەو دنیایەی لە پێشتردا لە خەون و فەنتازییەکانیدا بیری لێکردبووەوە، ئاهێکی تژ لە شادیی هەڵبکێشیت، بگرە لە چەندین لاوە گرفتار بوو بە دەیان کێشەی لابەلا و ناماقووڵەوە کە ژیانی کردە سوتماک و کۆیزوخاڵ. ئەم نەوەیە لە کۆڵ جەنگی کاولکارانەی ئێراق- ئێران بووەوە بۆ

شەڕی هەمەرۆژەی حزبەکانی کورد، لە فیراری و خۆشاردنەوەی ژێرزەمین و کونە تەیارە قوتاری بوو بۆ خۆشاردنەوەی سەر سنووری قاچاغەکانی ڕێی هات و نەهاتی هەندەران، ئەو لە کۆچ بۆ شاخ و گوندەکان رزگاری بوو، بەڵام هەموو خەون و ئاواتەکانی لە ڕێگە بەمین چێنراوەکانی سەفەر و شەوە نوتەکەکانی قەراغ دەریای ئیجە ون کرد، ئەم نەوە گەنجە نەک سەرچاوەی ژیانی روون نەبوو، بەڵکو سەرتاپای بوونی لە ئازار و ناخۆشیی و خەمۆکیی هەڵکێشرا، ئەو لە ئاوی نەگبەتی و ژان چەشتندا تەعمید کرا. لە رووی ئابوورییشەوە ئەم نەوەیە جیلێکی گیرفان خاڵی و بێکار و سەرگەردان بوو، هەلی کارکردن لە بەردەمیدا گەلەک ئاستەم و پڕ لە ئاستەنگ بوو، هەندەران لەبارترین و شیاوترین جێگەی کار بوو، بۆیە ئەم گەنجە وەک ریشۆڵە گەرمیان و کوێستانی دەکرد، ئەمڕۆ لە ئێران کارگەر بوو بە شیلەی گیانی چەند تومەنێکی پەیدا دەکرد بۆ سبەی لە وڵاتە کاولەکەیدا دەیدا بە ئارد و شەکر و رۆن.

ئەم نەوەیە غەرقی بێئومێدیی و رەشبینییەکی ترسناک بووەوە، هیچ شتێک لەلای ئەو بەهای نەمابوو، هەنگوین لە دەمیدا تاڵ بوو، نیشتمانەکەی لێ ببووە زیندانێکی گەورە و زۆر ناڕەحەت، ژیانی لێببووە مۆتەکە و لە گەردنی نەدەبووەوە، تڕوهاتی بە هەموو پیرۆزییەکان دەهات. لە قەناعەتێکدا بوو هەروەک بیرمەندی وجودیی (ئالبێر کامۆ) بە دەنگێکی بڵند بڵێت (جووتێک پێڵاو لە شکسپیر بە کەڵکترە و پارچە پەنیرێکیش لە پۆشکین باشترە!!). ئاخر هەموو کتێب و مەعریفەی دنیا بەو چی؟ ئەو کە نانی نەبێت بیخوات کوا دەتوانێت ئاگای لەوە بێت چی لە جیهانی دەوروبەریدا روودەدات؟، ئەو کە هەموو ژیانی بریتی بووبێت لە راکردن بە دوای پاروە نانێکدا، ئیدی لەکوێ دەتوانێت بەشێکی زۆر لە ژیانی تەرخان بکات بۆ خوێندن؟. هەر بۆیەکا زۆربەی زۆری گەنجانی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وازیان لە خوێندن هێنا و روویان کردە قوتابخانەکانی ژیان تاوەکو فێرببن نان چۆن پەیدا دەکرێت و چۆن لە قوڕگی شێردا دەردەهێنرێت؟ ئەوانەی لە کاتی راپەڕیندا گەنج بوون و هەتا ئەوانەشی هەنووکە لە تەمەنی گەنجیدان، لە ژێر سێبەری حکومەتە شەق و شڕەکەی کورددا هیچ خۆشی و چاکەیەکیان دروێنە نەکرد، لە گێژاو و مەعمەعەی دوو حزبەکەدا بوونەتە قەلەندەرێکی ئێجگار گوناه

کە هەر شایەنی بەزەیی پیاهاتنەوە و دڵ پێسووتانن.

گەر کەمێک بە وردیی بڕوانین ئەو منداڵەی لە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا (١٩٩١/٣/٥) لە دایکبووە، ئێستا کوڕ یان کچێکی هەرزەکارە و لە هەڕەتی لاویدایە، سەرنجەکە لێرەدایە ئەم گەنجە کە نە ملازم موحسین و ئەسوەد و مفەوەز شەماڵ دەناسێت، نە تەوارییەکان مۆرەیان لێکردووە، نە ئەمنە سوورەکە دەناسێت، نە دەزانێت حەتین و مونەزەمە چییە، نە دەزانێت مەجلیسی قیادەی سەورە چییە، نە لە چینی یادەوەرییدا مەنعەتەجەول تۆمار کراوە، نە شەق و زللەی ڕەفیق حزبی و پۆلیسی بەعسی خواردووە، ئایا چۆن چۆنی دەژی؟ ئایا بوونەوەرێکە لەگەڵ شادیدا هاوڕێ بێت؟ ئایا خەیاڵەکانی بۆ ژیان هاتوونەتە دی؟ ئایا حەز و خۆزگەکانی جێبەجێکراوە؟ ئایا و ئایا و سەدان ئایای تر.

ئەم گەنجەش نەگبەتی بەرینەداوە، شەو تابەیانی کارەبای نییە، لە قوتابخانە و زانکۆ بێماناترین و سەقەتترین میتۆدی خوێندن دەخوێنێت، ئەگەر سبەینێ بووە زاوا بۆ دەستکەوتنی خانوویەکی کرێ هەر شێت دەبێت، هەر لە ئێستاوە پاشەڕۆژ و نەهامەتییەکانی ناوی زراوی بردووە، ئەم نەوەیە هەیەتی و نیەتی پارکێکی تەنراوە بە پۆلیس و ڕەقیبی تووڕە و نەریتپارێز، نەوەیەکە نەهامەتییەکانی هیچی کەمتر نییە لە نەهامەتی هەموو ئەوانەی بەعس هاڕیبوونی و دەستەڵاتی کوردیی کردبوونی بە پەنگی زەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم نەوەیە هۆشیار و یاخی بێت و بەربەستەکان تێکبشکێنێت، زۆر لەوە بوێر و چاوکراوەتر بێت وەک دەستەڵاتی سیاسیی دەرکی دەکات، نابێت ملکەچ بێت و شانبەشانی مێگەل ڕێ تەی بکات، نابێت دەستەوەستان دابنیشێ، نابێت خەواڵو و ترسنۆک بێت، نووسەری کۆچکردووی یۆگسلافی دانیلۆکیش (١٩٣٥-١٩٨٩) وەک ئەوەی ڕووی دەمی لەم نەوەی بێت دەڵێت (لە چارەنووسی خۆت ڕازی مەبە تەنیا گێلەکان ڕازین). نەوەی نوێ بۆ ئەوەی بە گێلێتی خۆی ڕاژە بەهێشتنەوەی نەهامەتییەکانی ژیانی مرۆڤی کورد نەکات لەپێش هەر شتێکدا دەبێت ناڕازی بێت و ڕێگە نەدات دەستەمۆ بکرێت.

*ئەم وتارە لە بنەڕەتدا گۆشەیەکی بەردەوام بووە بە ناوی (ورتە ورت) لە ژمارە (١٤)ی ڕۆژنامەی (ئاڵا) لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١ بڵاوبووەتەوە.




# بەشی شەشەم

## پێشمەرگە

# سایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دێرین
# توندوتیژیی وەک نموونە

خوێندنەوە و شیتەڵکاریی دەروونناسیی پێشمەرگەی دێرین بابەتێکی وردو ئاڵۆز و دژوارەر و پێویستی بە لیکۆڵینەوەی زانستیی چڕوپڕ و هەمەلایەنە و مێژوویی هەیە، بەڵام ئەم چەند دێڕە هەوڵێکی سادە و بەراییە لەو بوارەدا و کردنەوەی دەروازەیەکیشە بۆ قسە و باسی زیاتر و خوێندنەوە و شرۆڤەکاریی جیددیتر و ئەکادیمی. ئەم کورتە نووسینە تەقەلایەکی بچووکە بۆ راڤە و شیکاریی لایەنێک لەلایەنەکانی دەروونناسی پێشمەرگەی دێرین یان چاکترە بڵێم سەرەتای کارێکە بۆچوونە ناوەوە و شرۆڤەکردنی لایەنێکی هەرە گرنگی دەروونناسی پێشمەرگەی دێرین ئەویش پرسی توندوتیژییە وەک بەشێک لە سایکۆلۆژیای پێشمەرگەی دێرین. کەمتر هەوڵدەدەم بەدووی ئەو هۆکارانەدا بڕۆم کە خولقێنەری توندوتیژییە لە کۆمەڵگەی کوردستان چون ئەم باسە پێشینەیەکی زۆری دەوێ و لە سنووری وتارێک دەردەچێت و هۆکارەکانیش ورد و ئاڵۆزن. هەروەک توینبی دەڵێت «ئەو هۆکارەی هەوڵدەدەین دیاری بکەین شتێکی سادە نییە، بەڵکو ئاڵۆز و دارڕژاوە». بەڵکو هەوڵمداوە بەدووی رەگوریشەی توندوتیژییدا بچم لە ژیانی پێشمەرگەی دێریندا.

بەر لەوەش بەپێی لێکدانەوەی قوتابخانەی دەروونشیکاریی مرۆڤ بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە یاخۆ دەیەوێ خۆی لەگەڵ هەبووەکانی تری چوار دەوریدا رابهێنێ و بگونجێنێت. ئەرستۆتالیس لەم بارەیەوە دەڵێت «مرۆڤ

زیندەوەرێکە هەر لە منداڵییەوە حەز لە لاساییکردنەوە دەکات، دەیەوێت چاوی بەهەر شتێک کەوت یان گوێی لێ بوو لاسایی بکاتەوە». پێشمەرگەی دێرین هەوڵیداوە لەگەڵ بارودۆخی خەباتدا کە توندوتیژیی بەسەریدا زاڵبووە خۆی بگونجێنێت، بۆیە حاڵەتێکی نۆرماڵ و سروشتییە توندوتیژیی بەشێکی گرنگی بیرکردنەوە و رەفتاری داگیرکردووە، ئەمەش پێویستییەکی قۆناغ بووە لە پێناو بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی. کەسایەتی پێشمەرگە هەڵهێنجراوی بارودۆخێکی سەختی خەبات و شۆڕشی چەکدارانەیە، سەرباری ئەوەش بەردەوام ژیانی لە جەنگ و پێکدادان و ژێر سایەی روحمی گوللەدا بووە و لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مەرگ و خوێن و هاواردا پەیدا کردووە، ئەوجا بیهێنەرە پێش چاوی خۆت مرۆڤێک ساڵانێکی زۆر تەنیا بە چیا و کۆسارەوە بووبێت، دوور لە هەموو شارستانی و ژیانێکی هاوچەرخ، داخۆ کەسێتی ئەم بوونەوەرە چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێت؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە دابڕاو نییە لە کارتێکردنەکانی دەرەوەی خۆی لە ژینگە و سروشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، هەرواش کەسایەتییەکەی رەنگدانەوەی هەمان بارودۆخە.

زانای دەروونناسی (مێشێل بۆتۆر) لەم لایەنەوە بۆچوونێکی جوانی هەیە و دەڵێت «کەسایەتی هیچ بوونێکی نییە تەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نەبێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و شتەکاندا». هەروەها بە پێی تیۆری دەروونشیکاریی و دەرەنجامە تاقیگەییەکانی (پاڤلۆڤ) راهێنان گەورەترین کارکردی لەسەر سایکۆلۆژیای نەک مرۆڤ بەڵکو گشت بوونەوەران و گیانلەبەرانی تر هەیە، چیرۆکی سەگەکەی پاڤلۆڤ لە ئاستی گەلێریدا بەناوبانگە هەر کاتێک زەنگی بۆ لێداوە لیک بە دەمیدا هاتۆتە خوارەوە چوونکە چاوەڕوانی پلە گۆشتەکە بووە. هەر بۆیە پێشمەرگەی دێرین لە قۆناغی خەباتی شاخ و رزگاریی نیشتمانیدا لە رێی پەروەردەی سیاسیی و کەناڵەکانی تەبلیغات و ئەدەبیاتی حزبیی و پێشمەرگانەوە لەسەر توندوتیژیی و هەڵمەتبردن و بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوون راهێنراوە، ئەمەش بۆتە بەشێکی جیا نەبووەوە لە سایکۆلۆژییەت و رەفتارەکانی. پێش ئەوەی بەسەرماندا تێپەڕێت هەوڵدەدەم ئەوە ئاشکرا بکەم ئەو توندوتیژییەی سەردەمی خەباتی چیا هەرگیز نەگەیشتۆتە ئاستی تیرۆر و رەشەکوژیی و درندەیی، ئەم گەواهییە بۆ مێژوو دەدەم هەموو ئەو توندوتیژییانەی ئەوێ رۆژێ پێشمەرگە پیادەی کردووە لە چوارچێوەی زەبروزەنگی شۆرشگێڕانە و جەنگی پارتیزانیدا

بوون، واتە کردار نەبووە بەڵکو پەرچەکردار بووە تا داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکرێن بۆ سەلماندنی بوون و مافەکانی کورد و بەرقەرارکردنی ئاسایش لە وڵاتدا، هەروەک چۆن کاتی خۆی (ماوتسی تۆنگ) وتی «بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت دەبێت بجەنگین، ئێمە لە پێناوی ئاشتیدا دەجەنگین».

بەهەر حاڵ لە کاتێکدا لە بارودۆخی ئەمڕۆی رزگاریی و قۆناغی دەسەڵاتی کورد خۆی، کەسایەتی پێشمەرگەی دێرین پەراوێز و پشتگوێ دەخرێت، دەشێ ئەم هۆیە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبێت لە تەقاندنەوەی ئارامیی پێشمەرگەی دێرین بە شێوەیەکی توندوتیژانە، چون با لە یادمان نەچێت ئەو تەنیا دەتوانێت بە میکانیزمی توندوتیژانە گوزارشت لە خۆی بکات و داواکانی بەرز بکاتەوە هەروەک وتیشم لە سەردەمی شۆڕشدا لەسەر ئەوە راهێنراوە لە رێی ئەم میکانیزمەوە خواستەکانی بەدەستبهێنێت. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئەوێ رۆژێ لە شاخ بەڵێنی بەهەشتێکی پڕ لە کامەرانی پێدراوە و بە سۆسیالیزم و یەکسانی و دادپەروەریی فریودراوە، ئێستا کاتێک ژیانی لە ژێر هێڵی هەژارییەوە راگیراوە حەتمەن قبوڵی ناکات و کاردانەوەی دەبێت، پێموایە زۆر واردە کاردانەوەکەی توندوتیژانە و زەبروزەنگ ئامێز بێت. بۆ وێنە پێشمەرگەی دێرین هەندێک لە هاوەڵا و هاوڕێ دێرینەکانی خۆی دەبینێت، وێنەی هەژاریی و نەداریی دوێنێیانی لەبەرچاوە و ئەمڕۆش لە پۆشاکی پادشا و بەرگی ئیمپراتۆر لەسەر عەرش و ناو کۆشکی ئەفسووناویدا دەیانبینێت، تووشی تەناقوزات دەبێت لەگەڵ خۆی و کاریگەریی نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژییەتی دادەنێت کە دیسان ئەمەش وروژێنەری هەستی خەفەکراوییەتی، ئەو هەستەی بە گووتارە ئاگرینەکانی شاخ و ئەدەبیاتی قۆناغی بەرگریی ئاخنراوە بە توندوتیژیی و رۆحی سەرکێش و تۆڵەسەنەندنەوە و بەرەنگاربوونەوە.

تیۆدۆر دۆبانقیلا دەڵێت «لاوازیی هەندێک، ورگی هەندێکی تر دروستدەکات». پێشمەرگەی دێرین قبوڵی ناکات بە لاوازبوونی جەماوەر و خۆی، لەسەر حیسابی رەنج و مەینەتی و حەسرەت هەڵکێشانی ئەو هەندێکی تر شاهانە و قەڵەوانە بژین، بێگومان کاردانەوەی بەرامبەر بەم حاڵەتە هەیە. هەنووکەش کە قۆناغی ئازادیی و حوکمی دەسەڵاتی خۆماڵییە دەبێت هەوڵبدرێت بۆ باشترکردنی ژیانی پێشمەرگەی دێرین بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە و دامەزراو، دەبێت حکومەت و دامودەزگای پەیوەندیدار بە دەنگ داوا و موعاناتیانەوە بچێت بەتایبەت هەندێکیان

ئەندامانی جەستەی خۆیان لە دەستداوە یان ئەوەندە ماندوون شتێک لە کەمئەندام گەڕاونەتەوە!. بەم ڕێگا و شێوازە دەتواندرێت کاریگەریی جیددی دابنرێت لەسەر سایکۆلۆژییەتیان و دەبێتە هۆی دامرکانەوەی بڵێسەی قینی پەنگخواردوویان کە مەترەحە لە ساتێک لە ساتەکاندا بەوپەڕی توندوتیژییەوە بتەقێتەوە. باسی ئەوە ناکەم پێشمەرگەی دێرین دیسان شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردیی و ئەزموونی ئەمڕۆ بەرپا دەکات، وا بزانم کەم کەس هێندەی ئەوان قوربانیان بۆ هێنانەدی ڕۆژێکی وا دابێت و بۆ پاراستنیشی وەک ئەوان دڵسۆز و بە پەرۆش بن، بەڵام ئەمەش ئەگەرێکی نزیک و بەهێزە پێشمەرگەی دێرین نەتوانێت بەرگەی ئەم هەموو نادادپەروەریی و بێ مافییەی خۆی و خەڵک بگرێت و ڕەنگبێ بە ناچاریی هەڵوێست وەربگرێت.

ئەم حاڵەتە و ئەو فەرامۆشکردنەی پێشمەرگەی دێرین پڕ مەترسییە، هەروەک ئۆرتیگا دەڵێت پێویستە هەموو زەنگەکانی مەترسی لێبدەین. خودئەڤینی و سەرسامبوون بە خۆی پێشەرگەی دێرین بە جۆرێکە لە لوتکەدایە، هەوڵدان بۆ تێکشاندنی ئەم دەروونە و بچووک و نزمکردنەوەی کەسێتییەکی بۆ ئاستی ڕاکردن بە دوای موچەی خانەنشینی و پرسگەی وەزارەتەکاندا، ڕۆڵی خراپ لەسەر سایکۆلۆژییەتییان دادەنێت و لەوانەیە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو پلە و پایە باڵا مەعنەوییەی پێشووی خۆی، چالاکی و جووڵە نیشان بدات تاوەکو وەک ئەو قارەمانە نموونەییە بمێنێتەوە کە لە قۆناغی باڵابوونی شۆڕشدا لێی دەڕوانرا، بەڵام ئەم جارە لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا. ئەوی ماوەتەوە لە کۆتاییدا بیڵێم ئەوەیە ڕووی دەمم لە دەسەڵاتی کوردیی دەکەم و دەڵێم پێشمەرگەی دێرین تا نهۆ ئارامگرتووە بووە، بەڵام وتەکەی (جۆن داریدن)تان لەبیر نەچێت: وریای خۆت بە لە شۆڕشی پیاوی ئارامگرتوو.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (مادێنە) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٨ بڵاوبووەتەوە. ئەو ڕۆژنامەیەش گرنگی دەدا بە پرسی پێشمەرگە و ئەرشیفکردنی ژیانی پێشمەرگایەتی.

# پێشمەرگەی دێرین و رەمەکی سێکس–sex

**هەرچەندە حەزی مارەسەی سێکسی بە شێوازێکی سروشتی رێگەی لێبگیرێت، هێزی دەروونی کە پەیوەندیی بەم حەزەوە هەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ**

فرۆید

رەمەکی سێکس هەستیارترین رەمەکی لکاوە بە کەسێتی مرۆڤەوە، چون هەر لە یەکەم چرکەی لە دایکبوونەوە ئەم رەمەکە ئەکتیڤ دەبێت و گەشە و نەشونما دەکات لەگەڵ مرۆڤدا. پێشان پێیانوابوو رەمەکی سێکس لە ساتەوەختی هەرزەکارییدا وردە وردە سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەنجامی شیکردنەوەی زانستیی و تاقیگەیی پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە، زاناکانی بواری فیسۆلۆجیی و بایۆلۆژیی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن ئەم غەریزەیە لەگەڵ لە دایکبوونی هەر مرۆڤێکدا ئەویش لە دایک دەبێت، لە گرنگترین ئەو زانا و پسپۆڕانەی ئەم بیرو رایەیان هەیە هەردوو زانای دەروونناسی (سیگمۆند فرۆید و ولیەم رایش)ن.

فرۆید، پێیوایە (ژیانی سێکس لە قۆناغی هەرزەکارییەوە دەست پێناکات، بەڵکو هەر لە کاتی لە دایکبوونەوە چەکەرە دەکات و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەشە دەکات). لەوەتی مرۆڤیش هەیە لە هیچ وێستگەیەکی مێژووییدا سێکس و مارەسەی ئەم حەز و چێژە لێی جیانەبووەتەوە جا هەر لە کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆمەڵی بەرایی و پریمیتیڤەوە بیگرە هەتا دەگاتە دنیای گەشەکردووی تەکنۆلۆژیی ئەمڕۆمان. لەبەرئەوە سێکس بە هیچ کلۆجێک لە سایکۆلۆژیا و جەستەی مرۆڤ

جودا نابێتەوە، بەڵکو بەردەوام مرۆڤ لە هەوڵدابووە بۆ تێرکردنی ئەم ڕەمەکە و خۆ بەتاڵکردنەوە لە گووشار و پاڵنەری توندی لە کاتی چەپاندنیدا. دیسان زۆربەی زاناکانی پسپۆر لە بواری سایکۆلۆژیا و سێکسزانیی دووپاتی دەکەنەوە: سێکس لە نێو هەر هەموو غەریزەکانی تردا کاریگەرترینیان و هەستیارترینیانە و بە قووڵیی مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەرییەکانییەوە، لەم بارەوە (فرۆید) دەنووسێت (ڕەمەکی سێکس بەهێزترین و مەترسیدارترین ڕەمەکی تاکە لە ئەوی کەسایەتیدا).

گومانیش لەسەر ئەوە نییە مرۆڤ بێ بڕانەوە بە دوای تێرکردنی ئەم غەریزەیەدا عەودالە و هەمیشە بە دوای ڕێگاکانی بەتاڵکردنەوەیدا گەڕاوە بە چەندین شێواز، ڕەنگە هاوسەرگیریی دیوێک لە دیوەکانی ئەو داهێنانانە بێت لەو ڕووەوە. ئەگەر بمانەوێ بچینە ناو خودی باسەکەوە و لە بابەتی سێکس لای پێشمەرگەی دێرین بدوێین، پێش هەر شتێک لەوە دڵنیاین پێشمەرگە وەک مرۆڤ خودانی غەریزەی سێکسە و وەک هەر مرۆڤێکی تریش هەوڵیداوە ئەم ڕەمەکە تێر بکات وەک مافێکی سروشتی خۆی، بەڵام ئاخۆ لە ڕۆژانی خەباتی سەختی شاخ و دوور لە هاوسەر و دەزگیران و ئافرەت پێشمەرگە چۆن چۆنی وەڵامی ئەم ڕەمەکەی خۆی داوەتەوە؟ ئایا چەپاندن بەرەو لادانی سێکسی بردووە؟ ئایا بۆتە کەسێکی هۆمۆسێکسواڵ؟ ئایا سێکسی لەگەڵ ئاژەڵان ئەنجام داوە؟ یان لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت ئافرەتێکی دەستخستووە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکس؟ ئایا تەنیا بە دەست خۆی بەتاڵ کردۆتەوە؟ یان بەردەوام لە خۆ چەپاندن و سەرکوتکردنی ئەو ڕەمەکە هەراشەدا بووە؟ لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە دێرینەکان سەڵت و گەنجی زگوردی بوون و هاوسەریان نەبووە, بێ شک دووچاری چەپاندنی سێکس بوونەتەوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبیستراوە پێشمەرگە بۆ خاڵیکردنەوەی ئەم غەریزەیە پەنا بباتە بەر ئیغتیسابی ئافرەتان، ئەگەر بە وردیی سەیری پانۆرامای ساڵ و ڕۆژەکانی بزووتنەوەی چەکداریی گەلی کورد بکەین، ڕەنگە بە تاک و تەرا بەر حاڵەتی ئیغتیساب بکەوین و لە ئاستی ریزپەڕدا بوونی هەیە. پێشمەرگەی دێرین خودانی مۆراڵێکی شۆڕشگێڕیی و ئەخلاقیاتێکی بەرز بووە، هەرگیزیش پرنسیپەکانی شۆڕش ڕێی نەداوە بە هیچ پێشمەرگەیەک تا ئافرەتێک بە تۆبزی زەوت بکات.

بۆ وێنە لە نێوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کاتێک جورنالیستێکی بیانیی پرسیار لە هەندێک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات: ئایا چۆن کاری سێکسیی دەکەن؟ لە وەڵامدا پێشمەرگەکان دەڵێن ئێمە سێکس ناکەین!. رۆژنامەنووسەکە دەست بۆ گوندێکی نزیک رادەکێشێ و دەڵێت لەوێ ژن هەیە بۆ سێکسیان لەگەڵ ناکەن؟!. لە وەڵامدا پێی دەڵێن: ئەوانە خوشکی ئێمەن، یاساکانی سروشت رێنادەن لەگەڵ خوشکی خۆتدا ئەو کارە بکەیت. رۆژنامەنووسەکە زۆر جەختیان لێدەکات ئایا لەناو خۆیاندا یان لەگەڵ ئاژەڵدا یان بە رێگەیەکی تر سێکس ئەنجام نادەن؟ پێشمەرگەکان دڵنیای دەکەنەوە ئەوان تەنیا سەرگەرمی خەبات و بەرخودانن بۆ کوردستان و هیچی تر. دواجار رۆژنامەنووسەکە بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: یان ئەم قسانەتان هیچی راست نین یان ئەوەتا ئێوە فریشتەن و مرۆڤ نین!. لە راستیدا ئەو پێشمەرگانە فریشتە نەبوون، بەڵام لەوەشدا راستگۆ بوون چون ئەوان تەنیا سەرقاڵی خەبات بوون و کەمتر قەرەی سێکس کەوتوون. لەبەرئەوە بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگەی دێرین تەنیا لە ئاستی ریزپەردا نەبێ هەوڵی نەداوە بە تۆبزیی یان ئازادانە لەگەڵ ئافرەتێک کە هاوسەری نییە کرداری سێکسی بکات. تەنانەت کولتووری کوردەواریی و دابونەریتی گوندنشینان و خەڵکی رەشۆکی ئەودەمە کولتوورێکی بێ ئەندازە داخراو و چەپێنەر بووە، بە رادەیەک تەنانەت قبوڵی پەیوەندیی خۆشەویستیان نەکردووە, ئەوەتا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵانی حەفتاکان و لە سەرەتای شۆڕشدا ناچارە قارەمانترین پێشمەرگەی خۆی لەسەر داخوازیی عەشیرەت و بۆ شووشتنەوەی ئابڕوو لە گوندی قامیشەڵان لەسەر خۆشەویستی بکوژێت، کە دواتر شاعیری بە توانا (شێرکۆ بێکەس) لە شیعرێکیدا بە ناوی (قامیشەڵان) باسی ئەم کردەوەیە دەکات و هاوکات مەحکومی کوشتنی ئەو پێشمەرگەیە دەکات!! شێرکۆ هەر لەو شیعرەدا یەکێتی بە دارکونکەرە وەسف دەکات.

فوکۆ، کاتی خۆی وتی (ژیاری ئێمە هونەری ئیرۆتیکای تێدا نییە) ئەو باسی ژیاری خۆرئاوا دەکات، سەرەڕای ئەو هەموو کرانەوە و تێکشکاندنەی چەقبەستوویی کولتوور و پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی رەوشت و سێکس هێشتا پێیوایە ژیارێکە ئیرۆتیکا تێیدا غائیبە، ئەوجا بیهێنە بەرچاوی خۆت گوندێکی دوورە

دەست لە دامێنی شاخێکدا نە کارەبای بۆ چووە و نە شەقامی قیرتاوی دیوە و نە ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێک خۆی کردووە بەماڵەکانیاندا، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیرۆس و خۆشەویستی دەکەن؟ لەوەش بگەڕێ دەبێت هەستیان چەند رقئامێز و ئاگراویی بێت لە کاتێکدا کەسێک ببینن لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کچ یان خوشک یان کەسێکی نزیکیاندا ممارەسەی سێکس دەکات؟ پێشمەرگەی دێرین ئەوکات لەگەڵ ئەم کولتوورە ڕووبەڕوو بوو بۆیە چەند خوازیاری سێکس بوایە و پێویستی پێی هەبایە نەیدەتوانی لە سایەی ئەو کولتوورەدا مامارەسەی بکات.

هەرواش هیچ کاتێک پێشمەرگەی دێرین بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم چەپاندنە ڕووی نەکردۆتە لادانی سێکسی، بۆیە دەبینین سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵ و ئیغتیساب و سێکس لەگەڵ منداڵان و لادانی تر تاکوتەرا نەبێت لای پێشمەرگەی دێرین بوونی نەبووە، هەر ئەمەشە سیحری ئەوەی وای لەو ڕۆژنامەنووسە بیانییە کرد پێشمەرگە بە شێکی سەرتر لە مرۆڤ ناوزەد بکات. تەنانەت چەند کەسانێکی دیاریکراو و زۆر کەم نەبن زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە دێرینەکان خۆیان پاراستووە لە هۆمۆسێکسوالێتی، بەڵکو بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگا ئەم خووە جۆرێکە لە نەنگی و داڕمانی ڕەوشت و بەهای کۆمەڵایەتی، کە دواجار کەسی خاوەن خوو دەکاتە کەسێکی فاشیل و بێ متمانە و بێ ئۆتۆریتە لە کۆمەڵدا، وەلێ هۆمۆسێکسوالێتی کردەیەکی ترسناک و خەتەر نییە تاکو بەو جۆرە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت.

تەنانەت ئەو جۆرە لادانانە و ناچارکردنی خەڵکان بۆ ئەنجامدانی کرداری سێکسیی لە دادگاکانی شۆڕشدا سزای لەسەربوو، چەندین نموونەم لەلایە چۆن دادگاکانی شۆڕش یان فەرماندەییەکانی ئەوکات سزای ئەو پێشمەرگانەیان داوە پێشێلی ئەم پرنسیپانەیان کردووە. پێشمەرگەی دێرین هەوڵی خۆپاراستنی داوە و نەیوستووە جڵەو بۆ غەریزە بێ کۆتاییەکانی شل بکات و سەرەنجام ببێتە هۆی (لەکەدار)بوون و ڕووشاندنی پایەی کەسێتی خۆی. فرۆید دەڵێت (دوو جۆر پاڵنەری ناوەکی لە سیستمی دەروونی مرۆڤدا کاریگەرن، ئەوانیش پاڵنەری حەزەر و پاڵنەری چێژن, هەر کاتێک مرۆڤ جڵەوی شل کرد بۆ ئارەزووەکانی بەبێ ئەوەی حەزەر بکات ئەوە زوو بە زوو سزاکەی وەردەگرێتەوە). پێشمەرگەی

دێرین لە ترسی سزا وەرگرتنەوە، یەکەمجار سزای مەعنەویی و ئەوجا سزای ماددیی و جەستەیی هەمیشە حەزەری لە سێکسکردن کردۆتەوە و جڵەوگیر بووە یان با بڵێین خۆی لغاو کردووە و نەیهێشتووە بە بەرەڵڵاکردن و دەرگا لەسەر پشتنانی رەمەکی سێکس ببێتە کەسێتییەک کە رووبەڕووی (شوورەیی) بێتەوە، چوونکە هیچ نەبووبێت کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆی بە باشی ناسیوە.

رایش هەمان بڕوای (فرۆید)ی لەسەر ئەم بابەتە هەیە و ئەویش لە بابەتێکدا دەنووسێت (کەسایەتی مرۆڤ لە قۆناغی ئۆدیبۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان خواستی سێکسی شاراوە و بە واقیعی نەکردنی ئەو خواستە کەسایەتی دروست دەبێت، لەو قۆناغەدا –من- بێهێزە، ئەو-من-ەش بۆ خۆپاراستنی لە سزاکانی دەورووبەر هەوڵدەدات خۆی بگونجێنێت). من بە تەواویی و دەقیقی مەبەستم لەو دەربڕینەی (رایش)ە، دروستبوونی وێنای قارەمان بۆ پێشمەرگە بەشێکی بۆ ئەو خۆگونجاندن و خۆپاراستنە سێکسییە دەگەڕێتەوە, تەنانەت لە بیرمە جاران لە پەیڕەو و پرۆگرامی نێوخۆیی حزبەکاندا دەنووسرا پێویستە ئەندامی حزب دەست و دەم و داوێن پاک بێت!!! دیسان ئەوە بۆ پێشمەرگە هەمان شت بوو بەڵکو هەندێک سەخت و قورستر بوو. پێشمەرگەی دێرین بەردەوام خۆی چەپاندووە، تاکە رایەڵ و کەناڵێک توانیبێتی خۆی پێ خاڵی بکاتەوە بریتی بووە لە دەستپەڕ (عادە سری) ئەمیش کردەیەکی زۆر نهێنی و پەنهانە و کەسانی تر ناتوانن دەرکی پێبکەن، دەنا پێشمەرگەی دێرین لە هەموو روویەکەوە خۆی گرتووە و بە ناچاریی دوور کەوتۆتەوە لە سێکس.

بە بڕوای زۆربەی زانایانی دەروونی چەپاندنی سێکس و غەریزە هەوێنی لە دایکبوونی شارستانی و ژیارە. فرۆید دەنووسێت (هەموو شارستانییەک لەسەر کاری زۆرەملێ و نکۆڵیکردن لە غەریزەکان دادەمەزرێت). فرۆید چاکی پێکاوە، تۆ بڕوانە هەڕەمەکانی میسر، شورە و دیواربەندی چین و قەڵا قایمەکان، شۆڕشە خوێناوییەکان و هەزاران شار و پەرستگا و کەنیسە و مزگەوت و خەزنەی زێڕ و زیو لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە غەریزە و کاری بە زۆر و ناچارکردنی کەسانی دی دامەزراون. شۆڕشی کوردیی و بەرهەمێکی کەم و بچووک کە ئەمڕۆ هەیەتی بەر مەبنای چەپاندن و زۆر لە خۆکردنی ئەو کاتەی پێشمەرگەیە. وەلێ غەریزەی

سێکس پێویستییەکی گرنگ و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی شادیی مرۆڤەکانە، بەڵام ئەو ڕۆژانە پێشمەرگە ناچار ببوو چاوپۆشی لێبکات و خۆی لە لەززەت و خۆشییەکانی ببوێرێت. رایش دەڵێت (هەموو بەختەوەرییەکانی ژیان لە بەختەوەرییەکانی سێکسەوە سەرچاوە دەگرێ) کەچی ئەو ڕۆژانە بەختەوەریی پێشمەرگە تێرکردنی سێکس نەبوو، بەڵکو خۆی لە تۆمارکردنی داستان و نەبەردییە پڕ سەروەرییەکاندا دەبینییەوە، لوتکەی شادییەکانی خۆی لە گورزوەشاندن لە دوژمن و رزگارکردنی کوردستان و بەرپاکردنی ئازادیی و دامەزراندنی ژیاندا کۆکردبووەوە.

پێویستە لەم دەرفەتەدا ئەوەش بوترێت بەشێکی هەرە زۆری ئەو چەپاندنەی پێشمەرگە بە بەرنامە و خۆویستانە نەبووە بەڵکو لە ژێر کاریگەریی و ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی بووە و جۆرێک بووە لە خۆ قووتارکردن لە حەرام، حەرامێک لە کۆمەڵگەی سوننەتی ئێمەدا راستەوخۆ بەستراوە بە جەستەی مرۆڤ و نێوان هەردوو رانییەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەک بووە لیپاولیپ لە حەرام و دەستووری قەدەغە، پێشمەرگە ناچار بووە خۆی سنووردار بکات و هێڵی سووری حەرام نەبەزێنێت، چوونکە حەرام یەکەمین شت بووە لەگەڵ هەبوونی مرۆڤدا سەری دەرهێناوە و چەکەرەی کردووە. فۆنت لە کتێبەکەیدا (سایکۆلۆژیای میللەت) دەنووسێت (حەرام دەستوورێکی نەنووسراوی کۆنتر لە مرۆڤایەتی دەنوێنێت، وەک دیارە بەشێوەیەکی گشتیی حەرام لە خواوەندەکان کۆنترە و لە بنەڕەتدا بۆ کاتی پێش هەموو ئاینەکان دەگەڕێتەوە). دواجار ماوەتەوە بڵێم ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە لە کوردستاندا بەرهەمی دوێنێی پڕ لە چەرمەسەریی و خۆگوشین و ئازار و مەینەتی پێشمەرگە و تێکڕای خەڵکی کورد بووە. پێشمەرگەی دێرین بۆوەی خەباتەکەی لە وێستگەی سەرکەوتن دابنێت تەنانەت نکۆڵی لە غەریزەکانی کرد، بگرە ئەو ڕۆژانە و نەهامەتییەکانی و خۆچەپاندنەکانی هەرگیز ناتواندرێت قەرەبوو بکرێتەوە، هەر لەبەرئەوەشە ئەوانەی وا دەزانن ئەو لیبرالیزمە سێکسیی و فرەژنی و بەرەڵڵاییە جنسییەی لای بەرپرسەکان هەیە نیشانەیەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕۆژانە، بێگومان بەهەڵەدا چوون، لەبەرئەوەی:

یەکەم: بەرپرسەکان ئەوکاتیش لە رووی ممارەسەی سێکسەوە کێشەیان نەبووە، هیچ نەبووبێت هاوسەرەکانیان لەگەڵ بووە.

دووەم: سێکس و پیاوێتی نیشاندان لای بەرپرسەکان جۆرێکە لە ممارەسەی دەسەڵات نەک قەرەبوو، ئەگەر ئەمە وا بوایە دەبوو هەر پێشمەرگەیەکی دێرین دە ژن و دە عەشیقەی هەبوایە و ئێستا لەبەر ئەوان ژن دەستی کەسی تر نەدەکەوت و پرۆسەی هاوسەر بوون بۆ خەڵکانی دی ئاسان نەدەبوو. دەسەڵات لەم رۆژهەڵاتەدا لەسەر قانوونی دارستان رێکخراوە, شێر لە دارستاندا زگی برسی و غەریزەکانی لە رێی هێزەوە تێر دەکات, بەرپرس و سەرکردە رۆژهەڵاتییەکان لە نێویشیاندا ئەوانەی کورد هەروا.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەی (مادێنە) لە رۆژی ٢٠٠٧/١/١٠ بڵاوبووەتەوە.

# پێشمەرگەی دێرین و قۆناغی نوێ

**هەر کەسێک تەنیا کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی**

هیگل

کاتێک باس لە قۆناغی نوێ دەکەین مەبەستمان لە قۆناغی دوای راپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)ە، کە دوای ئەم مێژووە ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی بەسەر ئەرک و رۆڵی پێشمەرگەدا هاتووە. ئەگەر لە قۆناغی بەرگریی و رزگاریی گەلی کوردستان ئەرکی پێشمەرگە بریتی بووبێت لە چەک هەڵگرتن و رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لە بەرامبەر دوژمن، بێگومان لە قۆناغی ئازادیی دوای راپەڕین ئەرکی پێشمەرگە دەگۆڕێت بە پارێزەری ئەو ئازادییە و تاکێکی خزمەتگوزار. ناکرێت پێشمەرگەی دێرین بە هەمان بیرکردنەوەی قۆناغی خەباتی چەکدارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەشدا بکات، لەبەرئەوەی دوو قۆناغن جیاوازیی ریشەیی و قووڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە و کەمترین پەیوەندیی و وێکچوون لەنێوانیاندا هەیە. ئەگەر ئەوکات شۆڕشی کورد دژی حکومەتی ناوەندیی و دەستەڵاتی بەڕێوەبەریی بووبێت چ لە خودی کوردستان چ لە عێراقدا، ئێستا ئەم شۆڕشە خۆی حکومەتە لە کوردستان و بەشێکیشە لە دەستەڵاتی بڕیاردان لە عێراقدا. ئەگەر ئەوکات پێشمەرگە و شۆڕشی کورد لە چیاکان بەرەنگاریی هێزێکی پڕ چەکوچۆڵی رژێمێکی هار و دڕندەی دەکرد، ئەمڕۆ لە شارە و بووەتە دەستەڵاتێکی هەڵبژێردراو، پێویستە وەک خۆی بە هەناسەی حکومەت و دەستەڵاتەوە ئەرکی سەرشانی راپەڕێنێت. بە هەموو جۆرێک و لە دەیان گۆشەنیگا و رووەوە قۆناغی هەنووکە جیاوازە لە قۆناغی داگیرکراویی

ئەم بەشەی کوردستان، هەڵبەتە لەگەڵ گۆڕان و وەرچەرخانی قۆناغدا ئەرک و ڕۆڵەکانیش دەگۆڕێن، ناکرێت کەسێک لە دوو قۆناغی جیاوازدا تەنیا یەک جۆرە ئەرک و ڕۆڵی هەبێت، ئەمە مومکین نییە.

کەواتە ڕۆڵی نوێی پێشمەرگەی دێرین چییە؟ ڕۆڵی پێشمەرگەی دێرین لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی خەباتگێڕانەیە، بەڵام بە دیوە مەدەنییەکەیدا، لە کورتترین و پوختترین دەربڕینێدا ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەی دێرین ئەوەیە تێکۆشانی مەدەنیانە و ئاشتیخوازانە بکات بۆ بەرینکردنەوەی مەودای ئازادیی و خزمەتگوزاریی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری. من ئەم تێکۆشانە بە درێژکراوەی هەمان خەباتی شاخ دەزانم و لە رووی بەها و گرنگییەوە لە شانی یەکتردا دەیانبینم، بەڵکو ئەمەیان قۆناغێکی زۆر باڵاتر و پێگەیشتووترە لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا. ئەم قۆناغە وا لە پێشمەرگەی دێرین دەخوازێت دەستبەرداری خولیای خۆی و ئەو نەرگسیەتە قووڵە بێت تووشی هاتووە و لە بژاردنی سەروەریی و شانازییەکانی دوێنێ بێتە دەرێ و لە جەرگەی واقیعی ئەمڕۆدا بێت و بە کردەوە بیسەلمێنێت دەتوانێت لە واقیع و قۆناغی دوای ڕاپەڕینیشدا وچان بە ئەرکەکانی بدات، بەو پێیەی لەگەڵ بارودۆخ و ژیانی ئەم قۆناغەدا ئاوێتە بووە، ئەرکی پێشمەرگەی دێرین لەوە تێپەڕی کردووە پاسەوانی یانژی فەرماندەی بارەگا و بەرپرسێکی سیاسیی یان سەربازیی بێت، بەڵکو ئەرکی ئەو ئەوەیە زێرەڤانی مافی خەڵک بێت و لە سەنگەری داوا و خواستەکانی جەماوەردا ڕابوەستێت و یەخەی دەستەڵاتدارانی لەسەر ڕابوەشێنێت.

ئیدی پێویستە و کاتی ئەوەیە پێشمەرگە دێرینەکان کەتافییەکانی بەریان دابکەنن لەگەڵیدا چەمک و زاراوەی شۆڕش بخەنە سەبەتەیەکی خاشاکەوە، چوونکە چیتر ئێمە شۆڕش نین!! لە کاتێکدا تۆ سەرۆک کۆماری عێراقیت، سەرۆکی هەرێمت هەیە، ئیدی شۆڕش چ مانایەکی هەیە؟ ناکرێت بە چەشنی بەعس و لەسەر هەمان بیرکردنەوەی سەدام حسێن ڕۆژانە و هەر دە خولەک جارێک وشە و زاراوەی شۆڕش بە گوێی خەڵکیدا بچرپ□نین و بیکەینە نان و ئاویان، ئێمە چیتر شۆڕش نین، بەڵکو دەستەڵاتێکی کارگێڕیین، هەر بۆیە ئێمە وەک هاووڵاتیان داوا و خواستەکانمان لە بەرپرسانی کورد وەک دەستەڵات و حکومەتە نەک شۆڕش.

ئیدی کاتی ئەوەیە پێشمەرگەی دێرین بە میکانیزمی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانە جوڵەی بەهێز لە خۆی نیشان بدات تاکو گۆڕانکاریی بەرچاو لە ئازادیی و ماف و خزمەتگوزارییدا رووبدات و بەرجەستە بکرێت، ئاخر ناکرێت پێشمەرگەی دێرین بە وەهمی (دوێنێ)وە سەیری ئەمڕۆ و سبەینێ بکات، یان لە گۆشەیەکی پەراوێزەوە لە بەردەم خۆیەوە پرتە و بۆڵەی بێت، بەڵکو دەبێت داینەمۆی جوڵەی سیاسیی و سەرمەشقی بزووتنەوەی مەدەنیانە بێت لە کوردستاندا.

فەیلەسووف و هزرمەندی فەڕەنسی (میشێل فوکۆ) دەڵێت (من راڤەی ئەوەم کردووە گۆڕان پەیوەندیی بە جوڵەی رامیارییەوە هەیە). بۆ ئەوەی ئەم دۆخەی ئێستا تێپەڕێت و گۆڕان لەسەر بەرینترین ئاست و مەودا رووبدات دەبێت جەماوەری کورد لە پێشیانەوە پێشمەرگەی دێرین و دەستەبژێری رۆشنبیر و خوێندەوار جوڵەی سیاسیی لە خۆیان نیشان بدەن، ئیرادەیان هەبێت بۆ هەنگاوی نوێ و تێپەڕاندنی واقیع رووەو باشتر و چاکتر و ئازادتر. پێشمەرگەی دێرین نابێت دەست و پێ سپی بێت لە ئاست ئەو هەموو ناڕەواییەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، نابێت بێدەنگ بێت لە بەرامبەر ئەو رێژە زۆر و ترسناکەی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراسییەت، ناکرێت خۆی غافڵ بکات لە بەرامبەر ئەو هەموو بەفیڕۆبردنەی سامانی وڵات و ئەو هەموو بەرپرسە فایلدارە و ئەو لەشکرە لە سیاسیی بازرگان بە خوێنی ئابووری وڵاتەوە. لە راستیدا کاتێک گەندەڵیی و نالێپرسراویی و نادادپەروەریی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەگاتە لوتکە و رادەیەکی سەرسوڕهێنەر و خەیاڵیی بەرئەنجامی ئەوە نییە دەستەڵات زۆر بەهێز و بە قودرەتە، بەڵکو بەشێکی هەرە سەرەکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە نەیارانی ناعەدالەتی و خەڵک خۆیان بێدەنگ و زۆریش لاوازن.

رۆمەن رۆلان دەڵێت (من ئەمەم زۆر جاران وتووە خراپتر لە هەموو خراپەکان کە جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت بێ دەستەڵاتی چاکەخوازانە نەک دەستەڵاتی خراپەکاران). ئەوەی ئەم دۆخەی لە کوردستان خوڵقاندووە بێ هێزیی و بێ دەستەڵاتی جەمسەر و باڵی چاکەکار و ریفۆرمخوازە، نەک ئەستووریی و بەهێزیی باڵی گەندەڵ و خراپەکار. پێشمەرگەی دێرین لەسەریەتی کۆمەک بکات بە ئاقاری بەهێزکردنی رەوتی چاکسازییخواز و مەدەنی و دیموکراتیخوازی کۆمەڵگەی

کوردستان و هەماهەنگ بێت لەگەڵ کار و پڕۆژەکانیان، هەروا پێویستە چۆن لە خەباتی شاخدا پێشڕەو و سەرمەشقی جەماوەرێکی زۆری خەڵک بووە ئێستاش هەر بە هەمان ڕۆحییەتەوە هەوڵ بدات و کار بکات تا پێشەنگی ئەو جەماوەرە بە مێگەلکراوە بێت تەنانەت زمانیان نییە بۆ داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانیان. دەکرێت بڵێم پێشمەرگەی دێرین دەبێت زمانحاڵی ئەو خەڵکانە بێت بەهەر هۆیەک بووە ناتوانن گوزارشت لە ئازار و نەهامەتییەکانیان بکەن، قاچی ئەوانە بێت لەبەر هەر ڕێگرییەک بووە ناتوانن هەنگاو بنێن بۆ سەندنی مافەکانیان، دەستی هەموو ئەوانە بێت لەبەر هەر هۆکارێک بووە ناتوانن لافیتەیەک بەرز بکەنەوە یان یەخەی حاکمان بگرن و ڕایانوەشێنن تاکو لە خەوی بێئاگایی لە بارودۆخەکە بێدارییان بکەنەوە.

پێشمەرگەی دێرین ئەگەر ئەرکێکی لەسەرشان بێت یان ئەگەر قەرارە لەم بارودۆخەدا ڕۆڵێک بگێڕێت پێویستە بەرهەڵستیی دەسەڵات بکات نەک بۆ ئەوەی بیرۆخێنێت بەڵکو بۆ ئەوەی چاکی بکات و بیهێنێتەوە سەر ئەو هێڵە ڕاستەی دەبێت هەیبێت. پێشمەرگەی دێرین دەبێت واز لەو خەیاڵە بهێنێت هەر بەرهەڵستییکردن و بەرەنگارییەکی دەسەڵات کۆمەکە بە دوژمنانی کورد و سەرئەنجام ئەم حکومەتە (ساوا)یەی پێ لاواز دەبێت، بەڵکو پێویستە بەو شعورەوە کار بکات لازمە شۆڕشەکەی دوێنێی ماف و ئازادیی و ژیان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات ئەگینا هەرگیز دەمی خۆی ناگرێت و وەدەنگ دێت لەسەر مافی بەشخوراوان، ناڕەزایەتی دەردەبڕێت لە ئاست تاڵییەکانی ژیانی هاووڵاتیان و بەرهەڵستیی دەکات لەبەرامبەر هەر چەوتی و نابەجێییەکی ورد و درشتی دەسەڵات. دەبوایە تاوەکو ئێستا چەندان ڕێپێوان و کەمپینی پێشمەرگەی دێرینمان بدیبایە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژی دەسەڵات و حکومەت، کەچی بەداخەوە تاوەکو ئێستا بێدەنگن و جاروبار لێرەولەوێ لە سوچی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا سکاڵانامە یان نامەیەکی کراوە بۆ بەرپرسێک یان لایەنێکی بەرپرسیار دەنێرن و هیچی تر.

مایکڵ هاردت- ئەنتوان نیگری دەڵێن (زۆر لە زاناکانی سیاسەت دەڵێن مەسەلەکە لەوەدا نییە بۆچی خەڵک بەرهەڵستیی دەکەن؟ بەڵکو لەوەدایە بۆچی بەرهەڵستیی ناکەن؟). ئاخر ئەگەر سبەینێ پێشمەرگە دێرینەکان ناڕەزایی دەربڕن،

پرسیار ناکەین بۆچی نارەزایەتی دەردەبڕن؟ چون هەموو دەزانین چەندە بێبەش و مافخوراون، چەندە دڵگرانن بەم بارودۆخە، بەڵکو هەنووکە پرسیار دەکەین ئاخۆ لەبەرچی و بۆچی پێشمەرگە دێرینەکان نارەزایەتی دەرنابڕن و هیچ بەرهەڵستییەک ناکەن؟ ئەگەر هەر ئەمڕۆ چی پێشمەرگەی دێرین هەیە بەر دەرگای وەزارەت و فەرمانگەکان بگرن و خۆپیشاندان ساز بدەن، هەموو ئەوەمان لەلا ئاشکرایە وەزارەتەکان بە جۆرێک گەندەڵ و کەمتەرخەمن، تەنیا پێویستە لە دژیان ڕێپێوان سازبکرێت، بۆیە لامان سەیر نییە. بەڵام ئەگەر پێشمەرگەی دێرین و دواتر کۆی خەڵک ئەم کارەیان نەکرد، پرسیارەکە لەلامان دەوروژێت و دەپرسین ئاخۆ لەبەر کام هۆ و بەهانە بەرهەڵستیی ناکەن و تاکەی خۆیان دەخۆنەوە و بەرگە دەگرن؟. پێشمەرگەی دێرین لەسەریەتی لە پەنا نارەزایەتی و داخوازییەکانی خەڵکدا بوەستێت لە بەرامبەر دەسەڵات، هەروەک چۆن لەسەریەتی رچە و یەکەمین بێدەنگیی بشکێنێت و کەلەپچەی کەرِیی رابماڵێت. خەڵکی ئەم وڵاتە تەواو بێزار و بێ هیوابوون لە بەرپرس و دەسەڵات و پادشا نوێیەکان، تەنانەت گەنجەکان ئەم وڵاتە وەک (گەراج) یان فڕۆکەخانەیەک سەیر دەکەن تا لێوەی بڕۆن بۆ تاراوگە، ژیان زەحمەتییەکی قورسە و هەزار و یەک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی سەریان دەرهێناوە، هەموو چاوەڕێی فریادڕەس و دەسەڵاتێکی راستەقینەن، لەبەرئەوە پێشمەرگەی دێرین نابێت کەمتەرخەم بێت بەرامبەر بە ژیانی جەماوەری گەل و دەبێت لەگەڵیاندا کار بکات بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتێک کە ڕێز لە مافەکان و ئازادیی هاووڵاتییەکانی بگرێت.

(د.ناجی تکریتی) لە وتارێکیدا زۆر باش نوسیوویەتی (خەڵکی لە قسەی رووت بێزار و نائومێدبوون، پێویستیان بە رزگارکەرێکە لەو مەینەتییە رزگاریان بکات، ئەمەش تەنیا هەر بە قسە و وادەی بێ کردەوە فریویان نەدات، لە چاوەڕوانیی سەرکردەیەکن قسە و کردەوەی وەک یەک بێ). پێویستە پێشمەرگەی دێرین هاوکار و یارمەتیدەری خەڵک بێت و لەگەڵیاندا بێت بۆ راستکردنەوەی دەسەڵاتداران و جێگیرکردنی سەرکردە و دەسەڵاتێک بەشێوەیەکی راستەقینە نوێنەرایەتیان بکات. بە کورتی رۆڵی پێشمەرگەی دێرین لەم قۆناغە بریتییە لە داکۆکیکردن لە مافی خۆی و خەڵک، گۆڕانێتی لە پێشمەرگە و سەربازەوە بۆ تاکێکی ئەکتیڤی

مەدەنی و هەردەم لە بەرامبەر دەستەڵاتدا بوەستێت بۆ زیاتر چەسپاندنی مافەکانی خودی خۆی و هاووڵاتیان، دواجاریش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراسی. رۆشنبیری عەرەب (حسێن دەروێش) دەنووسێت (لە مێژوودا چیرۆکی فەرماندەیەکی رۆمانی هەیە کە بە سەرکەوتوویی لە جەنگێک دێتەوە و بە سەربەرزییەوە لە شەقامەکانی شارەکەیدا پیاسە دەکات، خەڵک لە دەوری جەم دەبن و هوتاف بە ناوی دەدەن و سەرکەوتنەکانی نەمر دەکەن. هەر هەمان مێژوو دەڵێت لە پشت ئەو فەرماندەیەوە سەربازێکی بازوو و مەچەک ئەستوور رێی دەکرد، ئەرکی ئەو سەربازە تەنیا پاراستنی فەرماندەکەی نەبوو لە ناپاکیی و پیلانگێڕیی، بەڵکو ئەوە بوو هەموو کات بە گوێی فەرماندەکەی بچرپاندبایە: لە یادت بێت تۆ مرۆڤیت، لە یادت بێت تۆ مرۆڤیت). ئەرکی پێشمەرگەی دێرینیش ئەوەیە هەمیشە بە گوێی دەستەڵات و سەرکردەکانی کورددا بچرپێنێت لە یادتان بێت، ئەو خەڵکەتان لە یاد بێت، بەڵێن و وادە و پەیمانە زلەکانی خۆتان لە یاد بێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٤)ی رۆژنامەی (مادێنە) لە رۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٩ بڵاوبووەتەوە.

# پێشمەرگەی دێرین و نائومێدیی و نامۆبوون

نائومێدیی و نامۆبوون بەشێکی جیانەکراوەی دەروونی مرۆڤە, لەگەڵ مرۆڤدا نامۆبوون گەشەی کردووە و بە بەردەوامی وەک سێبەرێک لە تەکییەوە رۆشتووە. لە رووی شیکردنەوەی دەروونییەوە زاناکان و قوتابخانەکانی دەروونشیکاریی کۆکن لەسەر ئەوەی نامۆبوون لە قووڵایی ناخی هەموو مرۆڤێکدا چێنراوە و هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیانیدا تووشی شۆک و نائومێدیی نەبێت. هەرچەندە رێژە و ئاستی ئەم نامۆبوونە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت بە هەمان شێوە هۆکارەکان رۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لە زیاتر نامۆکردنی مرۆڤدا. پێشمەرگەی دێرین ئالی و سوپەرمان نەبووە و نییە بەڵکو مرۆڤێکی تەواو ئاساییە و بەدەر نییە لەگرێ و ئاڵۆزییە دەروونییە هاوبەشەکانی مرۆڤ, ئەویش وەک هەموو کەسانی تر ژیانی دابەشبووە بەسەر لەحزەی گەشبینی و کامەرانی و لەحزەی نائومێدیی و نامۆبوون. رەنگە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت و دیاریکراو پێشمەرگەی دێرین زیاتر تووشی نائومێدیی و تەنانەت تێکشکان ببێتەوە. گرنگترین فاکتۆر لەم راستایەدا بریتییە لە وردوخاشکردن و بەسەرابکردنی خەونەکانی, ئەو خەونانەی لە قۆناغی خەباتی شاخدا هەزارەها جار بەڵێنی بەدیهاتنیان پێدەدا, لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارودۆخە نەخواستراوترە پڕ گەندەڵیی و نادادپەروەرییەی دوای راپەرین یەکێکی تربووە لە فاکتۆرە هەرە بەهێزەکانی نامۆبوون ئەمە نەک هەر بۆ پێشمەرگەی دێرین بەڵکو بۆسەرجەم هاووڵاتیانی کورد. هەنووکە دەبینین وەهمەکانی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم و مافی چارەی خۆنووسین تەبەخوریان کرد و وەک هەڵم بە ئاسمانی

بێدەنگیدا چوون.

ئەوەتا کوردستان دوای هەڵەبجە و ئەنفال و کارەساتە سامناکەکانی لەسەر دەستی بیرۆکەی پانعەرەبیزم جارێکی تر دەلکێنرێتەوە بە عێراقی بێ هیوایی و نەهامەتییەوە. نەتەوایەتی و کوردایەتی بووە بە کۆمپانیا و دوکانداریی و کاڵایەکی بە نرخ و گرانبەهای بازاڕی سەفقات, هەنووکە بەرهەمهێنەرانی دوێنێی گووتاری نەتەوایەتی بازرگانی هەرە گەورەی ئەمڕۆی وڵات و بزنسمان و خاوەن کۆمپانیای زەبەلاح و سەروەت و سامانی خەیاڵیی و نەبڕاوەن.. دروشمەکانی وەک مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس و ئازادیی بیروباوەڕ و دیموکراسی لە بازاڕی کوردیدا ئێکسپایەر بوون و فڕێدراونەتە تەنەکە خۆڵەکانی شارەوانییەوە. سۆسیالیزم و (وتە زێڕینەکانی) ماوتسی تۆنگ و کولتووری چێ گیڤارا وەک بەرگێکی کۆن و دڕاو لەبەری حزبەکان داکەنرا. درێژترین رووباری خوێنی پێشمەرگە و شەهیدان تێکەڵ بە مەی و شامپانیا و کۆنیاکی بەرپرسە چاوشۆڕەکان بووە و بۆیان بۆتە جۆگەی کەوسەر و شەرابی فیردەوس. هەنسک و حەسرەتی هەژاران و ماڵوێرانانی رێگای رزگاریی بۆتە خۆشترین نوکتە بۆ دەسەڵاتداران و ئەو ئەو بەرپرسە نمەک بە حەرامانەی تا دوێنێ لە شاخ تەنیا بە دۆی مەشکەی گوند تینوویتیان دەشکا. ئیتر مرۆڤی کورد چۆن تووشی نامۆبوون نابێت؟. ئەی پێشمەرگەی دێرین چۆن لە هەمووومان زێدەتر و زەقتر بەم دەردە بیمار نابێت و تاکو سەر مۆخ هەست بە ئازار و ئێش ناکات؟.

نووسەری ناسراوی عەرەب (حسێن دەروێش) لە یەکێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی (البیان)دا باس لەو نامۆبوونە دەکات لای نەوەی شۆڕشگێری عەرەبی و دەنووسێت (ئەو نەوەیەی کە نەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو بوون بە وەهمی نەتەوایەتی و نیشتمانی گەورەی نەمرەوە ژیان, لە دوای ئەو وەهمانەشەوە وەهمی سەروەتیشی هاتە سەر, هەر ئەم نەوەیە ئێستا بە چاوی خۆی دەبینێت خەونەکانی چییان بەسەرهات و لە کۆتایدا گەیشتۆتە چ رۆژێکی کوشندە ئەمڕۆکە دەیبینین). پێشمەرگەی دێرین وەک نەوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو (سەدەی بیست) دوای بێ هۆشکردنی بە تلیاک و وەهمی نیشتمانپەروەریی و کوردستانێکی سەربەخۆ و پڕاوپڕ لە ئازادیی و ماف, ئەمڕۆ دەبینێت خەونەکانی

یەک لە دوای یەک هەرەس دەهێنن و ئەو جادووەی لە شاخ لێیکراوە یەک بە یەک پووچەڵ دەبنەوە و ماهییەت و سروشتی راستەقینەیان بەدەر دەکەوێت. ئەمڕۆکە بە چاوی خۆی دەبینێت خەونەکانی چییان لێ بەسەر هاتووە و رۆژگاری کورد گەیشتووەبە چ چارە رەشییەک!, ماف و ئازادیی گەورەترین و تاڵترین درۆ بوو لەگەڵیدا کراوە. دوای ئەم هەموو بەتاڵکردنەوە و لە باربردنەی خەون و ئاواتەکانی دوێنێی، پێشمەرگەی دێرین هیچ رێگایەکی تری لەبەردەم نییە یان بەرپەرچدانەوە یان خۆخواردنەوە و ئازاری ویژدان و نامۆبوون. دەبینین تا ئەمڕۆ پێشمەرگەی دێرین رێگاچارەی دووەمی هەڵبژاردووە, رێگەچارەی خۆخواردنەوە و ئازاری رۆح و ویژدان.

پێشمەرگەی دێرین ئەوێ رۆژێ لە خەباتی سەخت و دژواری قۆناغی شاخدا, خەونی بە وڵاتێکەوە دەبینی هاووڵاتیان لە ئەرک و ماف و ئازادییەکاندا یەکسان بن, رێز لە مرۆڤبوون بگیرێت پێش هەر شتێک, بە چەکی شۆڕش و نەبەردیی و هەڵمەتی سەربازییانە چاوی لە پاشەڕۆژێکی رووناک و ئارام و ئاسایی بڕیبوو. هەموو نارەحەتییەکانی شاخ و هەوراز و نشێوەکانی رێگای هەوڵ و خەباتی قبوڵ بوو تاسبەینێ دادپەروەریی چێ بێت و یاسا سەروەر بێت و مافی هەموو کەسێک پارێزراوبێت, نەک وەک ئەمڕۆ پارە دەسەڵاتدار بێت, ئاخر کاتێک پارە دەبێتە خودا، مرۆڤ دەبێتە بەندەی پارە و دەبێت وەک کۆیلەیەک پارە بپەرستێت، ئیتر ئەمەش سەرەتای هەموو خراپەکارییەکانە. برتۆڵد برێخت، دەڵێت: (لە کۆمەڵگەیەک پارە تیایدا فەرمانڕەوایە و بەدەستهێنانی پارە جگە لە رێی ناپەسەندەوە مەیسەر نییە, چاکەکاریی دەبێتە درۆ). پێشمەرگەی دێرینیش چاوی هەیە و ئەوە دەبینێ (سەربەستی رابەرایەتی گەل ناکات) بەڵکو پارە تاکە والی و فەرمانڕەوایە، ئەو بیروباوەڕ و پرنسیپانەشی لە شاخ دیعایەیان بۆ دەکرا تووڕ دراونەتە زبڵدانی مێژووەوە و بە کلاسیک هەژمار دەکرێن, ئیتر بڕوای بە هیچ چاکەکارییەکی حزب و سەرکردایەتییەکەی نامێنێت, ئاسانیش نییە دوای ئەو هەموو نارەحەتی و قوربانیدانە بە ژیانی خۆ هەروا بە بڕیارێک دەستبەرداری حزبەکەی ببێت، ئاخر ئەمە قورسترین بڕیارە و سەرسەختترین دەروونی گەرەکە, مرۆڤ ناتوانێت بە دەستی خۆی کۆرپە یان کورە جگەرگۆشەکەی زیندەبەچاڵ بکات! لەگەڵ ئەوەشدا

پێی شادمان بێت. سەختییەکە لێرەدایە پێشمەرگەی دێرین لەنێوان دوڕیان و دوو ڕێگادا تووشی شۆک و ئازار بووە:

یەکەم: دەستبەردان لە حزب و کاروانی دووورودرێژی خەبات, ئەمەش کارێکی ئەستەم و پڕ لە ناڕەحەتییە و چۆڵکردنی مەیدانیشە بۆ گەندەڵکاران.

دووەم: قبوڵکردنی ناعەدالەتی و ئەو قەیرانە خنکێنەر و کوشندەیەی کۆمەڵگەی کوردی تیایدا دەژی لەگەڵ چاوپۆشین و دیزە بەدەرخۆنەکردنی دزی و گەندەڵیی دەسەڵات و پاساو هێنانەوە بۆ نەبوونی ئازادیی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بێ مافییەکانی جەماوەری خەڵک.

ئەمەشیان دوورە لە سروشتی راستەقینە و واقیعی پێشمەرگەی دێرینەوە، چوونکە ئەو کەسێک بووە لە سەردەمی پێشووتر قبوڵی ئەمانەی نەکردووە بۆیە شاخ و خەباتی هەڵبژاردووە، بۆیە ئەگەر ئێستا پێی رازی و قایل بێت کەواتە خەبات و بەرخودانی چەندان ساڵی لەسەر چیاکان چ مانایەک دەبەخشێت؟ سەروەرییەکانی دوێنێ قابیلی ئەوەن بە هەڵەکانی ئەمڕۆ لەناوچن وەک ئەوەی بەرپرسەکان کردیان. بارودۆخی کوردستان لە کەناری هەڵدێر و رۆخی تیاچوونە، چوونکە مرۆڤی کورد لە هەموو روویەکەوە تێکدەشکێنرێت و هەناسەی سافی دوکەڵاویی دەکرێت, هەژاریی وەک پەتایەکی کوشندە پەرە دەسێنێت, ژمارەی هەژاران و بێدەرامەتان لە ئاستێکی ئاسایی دەرچووە, لەولاوە چەندان کەس و بەرپرس بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبنە سەرمایەدار و ملیۆنێر بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت پرسیاریان لێبکات ئەمەیان بە چی؟. د.ناجی تکریتی، لە وتارێکدا بە ناوی (نامەیەک بۆ کاربەدەستی وڵات) دەنووسێت (دەبێت هەمیشە ئەوە بزانیت هەرچەندە ژمارەی ملیۆنێران زۆرتربێت ژمارەی هەژاران و نەداران دوو هێندە دەبێتەوە). پێویستە کاربەدەستانی وڵات بزانن هەژارانی ئەم نیشتمانە خەمناکە سەد بەرابەر و هەزار بەرابەری ئەو ملیۆنێرە بێ بەزەییانە دەبن کە بەوێنەی گرووپەکانی مافیا دەستیان بەسەر بازاڕ و ئابووری و بژێویی هەژاراندا گرتووە. خەڵک لەم نادادپەروەریی و جیاوازییە قووڵە چینایەتیە بێزار و رق ئەستوورە بە قەدەر ئەوەش تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی و رەشبینی بووە, پێشمەرگەی دێرین بە پلەیەکی زیاتر لە خەڵکانی تر دووچاری ئەم حاڵەتە بووە، چون ئەو لە

سەرێکەوە خۆی بە تاوانبار دەزانێت کە ئەمە بەرهەمی خەباتەکەیەتی، لە سەرێکی ترەوە ناڕازی و بێزارە چوونکە خوازیاری ئەم رۆژە نەبووە و هیچ کات لە نیازیدا نەبووە بۆ کوردستانی گەندەڵیی و راوڕووت خەبات بکات، ئەگەرنا نەیدەکرد.

پێشمەرگەی دێرین دەیویست مرۆڤی کورد کوردستان لە ئەولەویەتی کاردا بنیات بنرێتەوە, ئەوی رژێمی بەعس سووتاندی سەوز بکرێتەوە, ئەوی داگیرکەرانی کوردستان کاولیان کرد بە رازاوەترین شێوە دروست بکرێتەوە, ئەوی بەعس تاریک و لێڵی کرد لەسەر دەستی کورد سپی و روون بکرێتەوە. هەروەک (حسێن دەروێش) دەڵێت (بەر لەوەی بیر لە بنیاتنانەوەی نیشتمان بکەینەوە پێویستە بیر لە بنیاتنانی مرۆڤەکان بکەینەوە, هیچ مرۆڤێکیش ناتوانێت بنیاتنەر بێت ئەگەر بێتو ئازاد نەبێت, ئازادیش وشەیەکی ترسناکە لە نیشتمانێکدا کە کراوە بە زیندانێکی گەورە). پێشمەرگەی دێرین کاری بۆ ئەوە کردووە وڵات نەبێتە ئەو زیندانە گەورەی حسێن دەروێش باسی دەکات، بۆیە هەموو ناڕەحەتی و تاڵییەکانی دوێنێی لا شیرین بووە, بۆیە نوستن لەسەر تاشە بەردی شاخی بەلاوە دۆشەکی لۆکە و حەریر بووە, بۆیە چەکی سەرشانی لەهەموو شت لا پیرۆزتر بووە. ساتێک ئێستا دەبینێت ئاوەدانکردنەوەی چی؟ بنیاتنانەوەی چی؟ خەباتی چی؟ کورد و کوردستانی چی؟ کولتووری بەرگریی چی؟ نەتەوایەتی و گەلی چی؟ مرۆڤ و مافەکانی چی؟ چی و چی... هەر هەمووی بوون بە درۆیەکی گەورە و جێگەی گاڵتە و شۆخی پێکردن, ئیدی وەرە مرۆڤێک بەو هەموو دەرد و ئازارەی زۆرەی شاخەوە بتوانێ بەرگەی ئەمە بگرێت!. لەبەرئەوە پێشمەرگەی دێرین ناتوانێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە بسازێت، چوونکە رۆحە سەرکەشەکەی رێی پێنادات, مادام وایە نائومێدیی و نامۆبوون لە هەموو لایەکەوە قانگی دەدات و داگیری دەکات. بۆ نەگبەتی ئەو کۆمەڵگەیەشی پێشمەرگەی دێرینی تیا دەژی تووشی هەمان شۆک و پەتا هاتووە ئیدی چۆن دەتوانێت باری سەرشانی سوک بکات و موراعاتی بکات, کۆڵن ولسن وتەنی (ئەگەر ژیارێک رۆحی نەخۆش بێت تاک بە هەمان نەخۆشییەوە دەتلێتەوە).

کە کۆمەڵگەی کوردی خۆی نەخۆش بێت و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی سیاسیی یەکەم کەس بێت بەم ڤایرۆسە تووش بووبێت، چۆن خەڵک بە گشتیی

و پێشمەرگەی دێرین بە تایبەتی دووچاری نەخۆشی و گرێی دەروونی نابن؟ بۆ پێشمەرگە حاڵەتەکە زۆر جیاوازتر و قورستریشە، چوونکە ئەو لە هەموو کەس زیاتر خۆی بە خاوەنی ئەم خاک و وڵاتە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەش ئازار و نائومێدیی پێشمەرگەی دێرین لەوانیتر زیاترە و هەستێکی قووڵ و مەزنتری لە خەڵکە ئاساییەکە هەیە, ئەو دوێنێ بە گیانی خۆیشی ئامادەبوو داکۆکی لە وڵاتەکەی بکات ئەمڕۆ چۆن دەتوانێت دیل و ملکەچ بێت؟ پێشمەرگەی دێرین وەک مرۆڤی مەزن، بە پێچەوانەی پیاوە گرگنە دەربارییەکان خەمی لە هەموو کەس زیاترە، ئازاری لە من و تۆ بەسوێترە و ویژدانی زووتر دەڕوشێت و بریندار دەبێت. شاتوبریان، دەڵێت (سەرت سووڕ نەمێنێت لە ژیاندا ئەرک و ئازارمان لە کەسانی دیکە زۆرترە, چوونکە کەسانی مەزن و بەهرەدار ئێش و ئازاری لە کەسانی بێ جورم و بچووک زۆرترە). لای منیش سەیرو جێی واق وڕمان نییە وەختێک دەبینم زمانی پێشمەرگە پڕ گلەییترین زمانە و ویژدانی پڕ ناسۆرترین ویژدانە و رۆحی بریندارترین رۆحە و جەستەی شەکەتترین جەستەیە. بێزاریی و نائومێدیی پێشمەرگەی دێرین تەنانەت تا ئەو سنوورە رۆشتووە لە بەرامبەر ژیاندا تەواو دڕدۆنگن و ئیرەیی بە مەرگ و گۆڕ دەبەن, بۆ خۆم لە کەسێکی زۆر نزیکم کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووە بیستووە: وتوویەتی حەزم دەکرد لەگەڵ فڵان کەس لە فڵانە داستان شەهید بوومایە و ئەم رۆژە رەشە و ئەو شکست و هەرەسە گەورەیەی بیروباوەڕ و حزبەکەم نەدیبا. واتە هەرەسی پەشیمانبوونەوە لە بەڵێن و وادە و خەونەکانی قۆناغی شاخ.

تەنانەت هەندێکیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی وەک (لامارتین) بڵێن (گیانم خەمناکە وەک مردن, ئیرەیی بە گڵکۆ دەبەم, ئای بۆ ئەو خەوە قووڵە درێژە). زۆر جار لە بەرپرسە باڵادەستەکانی دەبیستم دەڵێن پێشمەرگەی دێرین بۆ نارازییە؟ ئەوە نییە زەویمان پێداون و مووچەی خانەنشینیان هەیە!!. بێگومان هەیە لەسەر جۆری رێژەی بەهرەمەندبوون لەم ئیمتیازاتانە نارازییە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە پێشمەرگەی دێرین تەنیا شینی خۆی ناکات, ئەو دەیەوێ هەموو خەڵکی سوودمەند بن, ئەوی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی گەلەکەی هەڵدەبژێرێ. سارتەر وتی (ئەوی بۆ خۆمی هەڵدەبژێرم واتە بۆ گشت مرۆڤی هەڵدەبژێرم).

پێشمەرگەی دێرین بە هەستێکی سارتەرییانەوە داوا دەکات و هیچ شتێکی تەنیا بۆ خۆی نییە. پێشمەرگەی دێرین هەرگیز نایەوێت خۆی پۆشتە و پەرداخ و خەڵک رووت و رەجاڵ بێت، ئەو گەرەکییەتی یەکسانی بە بێ من و تۆ و هیچ پێودانگێکی تر بەرجەستە بکرێت. (س- ش) و (ل- ع) وەک یەک بن لە تەرازووی یاسا و ئەرک و مافەکاندا. خەون و خەباتی پێشمەرگەی دێرین بۆ وەرگرتنی پارچەیەک زەوی نەبووە، ئەو کە چیاو دۆڵ و خەرەند و تاڤگە و جۆگە و ئەشکەوت و رەز و باخ و کانی و زنەی ئەم وڵاتە بە موڵکی خۆی دەزانێت چ پێویستی بەو پاداشتە هەیە تاپۆیەکی رزیوی بدەنە دەست و بڵێن فەرموو ئەو پارچە زەوییە لە بری هەموو خەباتەکەت. پێشمەرگەی دێرین خۆی بە (مۆسۆلینی) نازانێت تا بڵێت (ئەوەی پۆڵای هەیە نانی هەیە)!. ئەو دەیەوێ پۆڵادار و بێ پۆڵا, چەکدار و بێ چەک هەموو نان و ئازادییان بەر لە هەر شتێک هەبێت و هەلی ژیانیان بۆ برەخسێنرێت و کامەرانی و شادییان بۆ مسۆگەر بکرێت. بەڵام لە واقیعی حاڵدا نە پێشمەرگەی دێرین و نە خەڵک بە گشتیی سوودمەند نەبوون، لەوە پتریش بوونەتە هەوێن و سووتەمەنی رێگای دەسەڵاتدارانی کورد بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی.

مرۆڤ لە نێوان یاخیبوون و نائومێدییدا یەکێکیانی بۆ دەمێنێتەوە, لە واقیعی گۆڕاوی دنیای نوێدا یاخیبوون قورس و ناڕەحەتترە بۆیە نائومێدیی بە ئاسانی یەخەی خەڵک دەگرێت, خەستترین نائومێدیی و نامۆبوونێکیش دەبێتە میوانی دڵی پێشمەرگەی دێرین. لە خۆڕا نییە دەبینین هەندێکیان بەرگە ناگرن و بەبێ هیوایەوە رێگای تاراوگە دەگرنەبەر یان بەشێکی هەرە زۆریان بەهۆی ئەلکهول و مەی خواردنەوە خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە و هەوڵی خۆ قووتارکردن دەدەن لە دەست ئەو واقیعە تفت و تاڵ و نائومێدکەرە, بگرە هەندێکیان ماددەی سڕکەر و بێهۆشکەر و ئارامبەخش بەکاردەهێنن بۆ راگرتنی هاوسەنگی خۆیان تاکو ئەوە هیچ نەبێ لە ئاکامدا شێت نەبن. ولیەم فاش دەڵێت (ئەو کەسەی خەمی هەیە شەرابیشی هەیە). فاش دەڵێی ئەم قسەیەم تەنیا بۆ پێشمەرگە دێرینەکانی کورد کردووە، چونکە پێشمەرگەی دێرین زۆربەیان هیچیان نییە جگە لە غەم و شەراب.

بەهەرحاڵ دوای راپەڕین لەبری ئەوەی پێشمەرگەی دێرین قەرەبووی رۆژانی ناهەمواری بۆ بکرێتەوە, لە جیاتی ئەوەی خەونەکانی بکرێتە واقیع و ئاوات و

ئومێدەکانی بەدیبهێنرێت کەچی هەنووکە فەرامۆشکراوە و تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی کراوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کۆڵبدات, ڕەنگبێ وازهێنان و بەرەڵلاکردنی جڵەوی ئەسپەشێی دەسەلات کارەساتی لەوە زیاتر بنێتەوە, حەقوایە پێشمەرگەی دێرین جووڵە لە خۆی نیشان بدات، ڕاستە تووشی شکست بووە، بەڵام شکست بە مانای کۆڵدان نایەت, هەمەنگوای، دەڵێت (ڕەنگە مرۆڤ تێکبشکێت، بەڵام هەرگیز کۆڵنادات). ئێمە چاوەڕوانییمان هەیە لە پێشمەرگەی دێرین هەرچەندە دەزانین لە ناخی هەریەکێکیاندا گریانێکی بە کوڵ هەیە و لە رووخساری کاتی پێکەنینیاندا فرمێسکێک خۆی حەشارداوە, ڕەنگە هەر بەو جۆرە بێت (نازم حیکمەت) لەم چەند دێڕە شیعرەدا وەسفی دەکات:

**مرۆڤ چۆن ئەتوانێ بگری و ناخی دڵی پێی نەزانێ**
**مرۆڤ چۆن ئەتوانێ شەرم داینەگرێت و**
**وەکو لێزمەی باران بگری**
**وا ڕاهاتووی, وەکو پەیکەرێکی بەردین دائەنیشی و**
**ناخت ئەگری و رووخساریشت پێئەکەنێ**
**ئای کوڕم چەند گرانە**
**گەیشتن بەو قۆناغە گریانەی وەکو**
**گریانی قووڵی دایکانە**

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی (مادێنە) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/١٥ بڵاوبووەتەوە.

# پێشمەرگەی دێرین لە جەنگاوەرەوە بۆ خانەنشین

هیگڵ راستی کرد وەختێک وتی هەریەک لە ئێمە تەنێ کوڕی سەردەمەکەی خۆمانین و لەوە بترازێت ناتوانین کوڕی دوو سەردەمی لێک جودا بین، هەرچەندە کەسانێک هەبوون ویستوویانە کوڕی زۆرێک لە سەردەمەکان بن، بەڵام بۆیان نەچووەتە سەر، دروست بە پێچەوانەوە بوونەتە گاڵتەجاڕی نەوەیەک کە هەرگیز ناتوانێت لە ویست و خەونەکانی ئەو تێبگات، نەوەیەک سەرلەبەری رابردوو بە هەڵگرانی گووتار و دروشمەکانییەوە رەت دەکاتەوە و دەیەوێت بیانخاتە پەراوێزەوە. پێشمەرگە ئەگەر لە قۆناغی رزگاریی نیشتیمانیی و خەباتی دژواری ژێردەستەییدا مۆمی گەشی ئومێد بووبێت ئێستا کە قۆناغی پاش شۆڕش و چنینەوەی دەستکەوتەکانی قوربانیدانی پێشانە، رۆڵی بەسەرچووە وەک قارەمان یان وەک ئەو کەسێتییە بە هەیبەتەی لە ئەندێشەی نەوەی پێش ئازادیی وێنەی بۆ کێشرابوو، لە زۆر بۆنە و جێگەی دیکەشدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە سەردەمی بزۆز و پڕ لە ئاڵوگۆڕ و گەشەسەندووی دوای توانەوەی بەستەڵەکی جەنگی سارد سەردەمێکە ئاوس نییە بە قارەمان و کاریزمای رۆحیی بەڵکو کۆمەڵگەی تەکنۆلۆژیی هاوچەرخ هەموو چەمکەکانی شۆڕش و سەرکردەی کاریزمیی و قارەمانی رادەستی مۆزەخانە کردووە و کردوونی بە کەلەپوور.

تەواوبوونی سەردەمی پێشمەرگە بە مانای ئەوە دێت رۆڵی کلاسیکی پێشمەرگە کە مەیدانەکەی جەنگی پارتیزانیی و نەبەردیی سەربازیی بوو کۆتایی پێهاتووە، چوونکە بارودۆخی ئەو قۆناغەی جەنگ و خەباتی شاخە و شاخی فەرز

کردبوو ئەویش کۆتایی پێهاتووە و مێژوو دەرگای لەسەر قۆناغێکی تر خستۆتە سەر پشت کە قۆناغی دەستەڵاتی خۆماڵییە، بەڵام هێشتا پێشمەرگە دەتوانێت بە مۆدیلێکی تازە و هاوچەرخ کار بکات، کارکردنێک تەبا بێت لەگەڵ رۆحی سەردەم و وێنەدانەوەی هەلومەرجی بابەتی و هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمرۆ بێت. سەرەکیترین پرسیار لێرەدا قووت ببێتەوە پرسیاری شێوازی نوێی کارکردنی ئەو ژمارە کەسەیە لەژێر ناونیشانی پێشمەرگەی دێریندا دەیانناسینەوە، وا دەردەکەوێت هەموو بەوە قایل کرابین ئەو دەستە خەڵکە بنێردرێنەوە بۆ ماڵەکانیان و بە مووچەی خانەنشینی رێزیان لێبنرێت، کەچی لەبنەڕەتدا بەشی دووەمی کاری پێشمەرگە بە کۆتا نەهاتووە، ئەویش دروستکردنی کۆمەڵگەیە وێڕای ئەوەی ستەمی نەتەوەیی لەسەر نییە، لە رووی ئابووری و ژیانی تاکەتاکی هاووڵاتییەکانیشییەوە کۆمەڵگەیەکی رەفاه و خۆشگوزەران و کەم کێشەیە.

مەهامی یەکەم هەر لەگەڵ یەکەم بڵێسەی راپەڕینەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا دەستەبەر بوو، هەرچی دووەم ئامانجیشە بە درێژایی شانزە ساڵی رەبەقی دەستەڵاتی کوردیی و پانزە ساڵی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک بەدینەهاتووە بگرە بە بەراوورد بە رابردوو لە پاشەکشەدایە یان لە شوێنی خۆی فەرتەناش لێدەدات و ناڕواتە پێشەوە بەو ئاقارەی شۆڕش لە شاخ بیری لێدەکردەوە یان بە زمانێکی تر بەو فۆرمەی خەڵکیان لێ تێگەیاندبوو. ئەم بار و زرووفەی هەیە پێویستی ئەکتیڤبوونی سەرجەم مرۆڤی کورد دەکاتە پێویستییەکی ژیانی، لە نێوانیاندا پێشمەرگەی دێرین بێ رۆڵ نییە و دەتوانێت جێگە پەنجەی بدات لەسەر بارودۆخەکە یان بە دیوێکی تردا لەتوانایدا هەیە نەخشی هەبێت لە باشترکردنی ئەو دۆخە نەخوازراوەی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە کە نەوەی دوای راپەڕین یان نەوەی قۆناغی ئازادیی نائومێد کردووە بە جۆرێک گومان لە رابردوو بکات، گومان لە رەنج و قوربانیدانی هەزاران کەس بکات کە هەموو خەون و زەحمەتێکیان بۆ هێنانەدی کوردستانێکی ئازاد و دوور لە ژێردەستیی بووە.

ئەرکی پێشمەرگەی دێرینە خەباتەکەی بگۆڕێت بۆ خەباتێکی مەدەنی ئاشتیخوازانەی هاوچەرخ تا وەک گروپی فشار و بەشێک لە بزووتنەوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قورسایی هەبێت لەسەر ئاڕاستەی کار و هەنگاوەکانی حکومەت و لە بەرژەوەندیی گشتیی داکۆکیان لێبکات، ئەگەر قۆناغی پێشمەرگایەتی ماتریاڵەکانی خەبات بریتی بووبن لە چەک و تەقەمەنی و باروت و سەنگەر و

حەماسەت و ورە بەرزیی، ماتریاڵەکانی ئەم خەباتەی بریتین لە پێنووس و رۆژنامە و رێپێوان و نمایش و میتینگی جەماوەریی و ورووژاندنی رای گشتیی و واژۆ کۆکردنەوە و میکانیزمەکانی تری کاری مەدەنی کە هەنووکە لە دنیای شارستانی و پێشکەوتوودا بەکاردەهێنرێت وەک چەکێکی کارا و بەهێز. پێشمەرگەی دێرین نابێت وەک خانەنشین لە خۆی بڕوانێت هەروەک چۆن پێویستە واز لەو خولیا و بیرە ژەنگاوییە بێنێت کە خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانە، دەبێت وەک کەسێک لە دێریندا چۆن بە هەڵبژاردنی رێی پێشمەرگایەتی هەڵوێستی هەبووە و بە گوڕ و تینەوە کاری بۆ دۆزێک کردووە بە هەمان حەماس و گەرم و گوڕییەوە بەشدار بێت لە نەخشاندنی کۆمەڵگەیەک ئازادیی بنەماکانی بێت و بەرز راگرتنی ژیانی مرۆڤەکانیش ئامانجی بێت.

ئەم قۆناغ و هەلومەرجە ئەم کارە لە پێشمەرگەی دێرین دەخوازێت نەک سەرقاڵییەکانی بە خوێندنەوەی حکایەتەکانی دوێنێ کە هیچ مانایەکیان بۆ ئەمڕۆ تێدا نەماوە، نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگەی دێرین خانەنشینکردنی هەڵوێست و چالاکیش بگرێتەوە نابێت خانەنشینکردنی پێشمەرگە مانای خستنە لاوە و پەراوێزخستن بگرێتە خۆی بەڵکو تەنێ وەک رێز و داهاتێک تەماشای بکرێت کە بۆ ژیانی وی پێویستە. لەم کاتەدا چیرۆکێکم بیر دەکەوێتەوە، داپیرەم هەرچەندە زۆر پیر ببوو زوو زوو پێی دەوتین ئەگەر تەواویش لە پەل و پۆ بکەوم هێشتا هەر متمانەم بە خۆمە هەندێک کاری خۆم راپەڕێنم، هەر هیچ نەبێت تاقمی ددانەکانم پێ دەشۆردرێت! ئیدی بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەیووت پیریی و هەزار عەیب، بەخوا دە سەعات بە پێ رۆشتووم و دواییش دوو چین هەڵپەڕیووم!!. جا ئەگەر پێشمەرگەی دێرین وزەی جارانیشی نەمابێت و نەتوانێت بەهەمان گوڕ و تینەوە کاربکات، بەڵام هەر چاوەڕێی جوڵە و هەڵوێستی لێدەکرێت ئەگەرچی ئەو جوڵە و کارە وەک ئەوەی دایە گەورەی من بچووکیش بێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٥)ی رۆژنامەی (دێرین) لە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/١ بڵاوبووەتەوە.


قوتووی عەتار